# شانۆی سوێدی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# شانۆی سوێدی

## هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی
## لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ

**دانا ڕەئووف**



ناوی کتێب: شانۆی سوێدی- هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ
نووسینی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٩٤
دەرهێنانی هونەری ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتی لە هەولێر ژمارە (٧٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکی

بەرلەوەی لە نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردوودا لە تاراوگە و لە وڵاتی سوێد بگیرسێمەوە، شتێکی ئەوتۆم سەبارەت بەشانۆی سویدی نەدەزانی. ئاگۆست ستریند بێری بەشێکی گرنگی وانەکانمان بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و ناوی ئینگمار بێریمانیشمان وەک ڕیژیسۆرێکی گەورەی شانۆ و سینەمایی بیستبوو. لەوە زیاتر هیچ شتێکمان سەبارەت بەمێژوو، بزووتنەوە و ڕەوتی شانۆی سوێدی نەدەزانی. بەڵام بەپێچەوانەوە زانیارییەکی باشمان سەبارەت بەمێژوو و بزووتنەوەی شانۆی جیهانی هەبوو. سەرچاوەیەکی زۆر لەسەر شانۆی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی........هتد بەزمانی عەرەبی هەبوون. تەنانەت باس و لێکۆڵینەوە و کتێبی چاپکراویش دەربارەی شانۆی کۆنی ڕۆژهەڵاتیش لە ژاپۆن و هیندستان هەبوون.

کە لە سوێدیش گیرسامەوە، هەر لە سەرەتاوە لە نزیکەوە چاودێری بزووتنەوەی ڕەوتی شانۆیی وڵاتەکەم کردووە. بەردەوام سەردانی هەموو شانۆکانم کردووە، چ شانۆکانی سەر بەدەوڵەت و چ گرۆ سەربەستەکانی کۆڵان و شەقامەکانی ستۆکهۆڵم و بەو شێوەیەش ئاشنایەتییەکی تەواوم لەگەڵ شانۆی سوێدیدا پەیداکردووە.

دوای ئەوەش وردە وردە کەوتمە نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی شانۆیی و هەوڵم دا بەشێکی چالاکییەکانی سوێد و شانۆکانی بەخوێنەری کورد بناسێنم.

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شانۆی سوێدیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٥٠٠، بەڵام ئەم شانۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە سەردەمی گوستاڤی سێیەمدا، وەک هونەرێکی سەربەخۆ و گرنگ شوێنی شیاوی خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کولتووری سوێددا دەدۆزێتەوە. ئەم مێژووەش بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپادا: گرێک، ئیتالیا، ئینگلیستان، فەڕەنسا، ئەڵمانیا،........هتد زۆر نوێیە. بەڵام ئێستا ئەم شانۆیە زنجیرەیەکی گرنگی



ڕەوتی شانۆی جیهانییە، ڕەنگ و پێناسی تایبەتی خۆی هەیە و بەهیچ شێوەیەک لە شانۆکانی وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا کەمتر نییە.

ئەم کتێبەی بەردەستانیش بەرئەنجامی ئەو بەدوادا چوونە چڕە بەردەوامەی ئەم چەند ساڵەی خۆمە لەگەڵ شانۆکانی سوێددا. کتێبەکە هەڵسەنگاندن و پێناسەیەکی ورد و دەوڵەمەندی دوێنێ و ئەمڕۆی بزووتنەوە و ڕەوتی شانۆی سوێدییە.

بەشێکی زۆری ئەم باسانە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەدا بڵاوکراونەتەوە. هیوادارم کۆکردنەوە و دەستکاریکردن و بڵاوکردنەوەیان لە کتێبێکی سەربەخۆدا وێنەیەکی گشتی و سەراپاگیر سەبارەت بەشانۆی سوێدی پێشکەش بەخوێنەر و هونەرمەندانی کوردستان بکات.

دانا ڕەئووف
١٨ / ١٠ / ٢٠٠٥
ستۆکهۆڵم

# بەشی یەکەم

ڕەوتی شانۆی سوێدی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

مێژوو و ترادیشونی شانۆی سوێدی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەماکانی شانۆیەکی سیکۆلۆژی و تەوژمەکانی ڕێبازی ڕیالیزم بنیات نراوە. شانۆ شانۆی وشەیە و وشەش بەهاو گرنگییەکی تایبەتی لە پرۆسە شانۆییەکاندا هەیە. بێگومان ئەم مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری بابەتی هەمە لایەن، بەڵام گرنگترین ئەو هۆکارانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتوور و دابونەریتە شانۆییە دەوڵەمەندەی هەردوو شانۆنامەنووسی جیهانی کە هێنریک ئیبسن ١٨٢٨ - ١٩٠٦ و ئاگۆست ستریندبێری ١٨٤٩ - ١٩١٢ خوڵقاندوویانە. ئەم کولتووره شانۆییە سەرەتایەکی پتەوی بۆ بزوتنەوەی شانۆی سوێدی دروست کردووە و بۆتە ویستگەیەکی گرنگ و بەردەوامییەکی هەمیشەیی. بەدرێژایی مێژوو چەندین نەوەی تری شانۆنامەنووس و ڕێژیسۆر، ئەو شوێن پێیەیان هەڵگرتووە و لە بزووتنەوەیەکی بێنەسرەودا برەویان بەو جموجوڵە شارستانییە مرۆڤایەتییە داوە.

گەر لە نزیکەوە بڕوانینە گرنگترین ناوەکانی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی، ئەوا بەبێ شک هونەرمەندانی وەک(ئینگمار بێرمیان)و دواتریش نووسەری شانۆیی (لاش نۆرین) نموونەیەکی بەرزی ئەو بەرەو پێشەوە چوونەن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە (ئۆلۆف مۆلاندەر، ئالف شوێباری و ئینگمار بێرمیان) وەک سێ ڕێژیسۆری گەورەی شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم، ڕۆڵێکی گەورەیان لە نوێکردنەوە و دروستکردنی شانۆیەکی مۆدێرنی سوێدیدا گێڕاوە.



## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

جموجوڵی هونەری و لە ساڵەکانی ١٥٠٠کاندا و بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی لە سەردەمی شا (گۆستاڤ ڤاسا)دا دەردەکەوێت. بۆ نموونە هونەری مۆسیقا و گۆرانی دەبێتە دیاردەیەکی کات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن لە کۆشکە شاهانەییەکانی گۆستاڤ ڤاسادا. بەڵام هونەری شانۆ هیچ ئاسەوارێکی ئەوتۆی نابێت تا لە ساڵی ١٥٩٢ بۆ یەکەمجار گرۆیەکی شانۆیی لە وڵاتی ئینگلیستانەوە سەردانی سوێدیان کردووە و لە کۆشکەکانی پادشادا نەمایشەکانیان پێشکەش کردووە. لە ساڵی ١٥٥٩ دا گۆستاڤ ڤاسای پادشا سەردانی ستۆکهۆڵم دەکات. ئەو سەردانە دەبێتە سەرەتای ڕووداوێکی هونەریش. خودی پێشوازییەکە دەبێتە نەمایشێکی مۆسیقی، کۆراڵ لیبۆک ئاسا.

لە ساڵەکانی ١٦٠٠کاندا وڵاتی سوێد دەبێتە وڵاتێکی گەورە و خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێز لە هەموو دەوروبەرەکەدا. هەر لەم سەردەمەدا هونەر و کلتووریش بەهایەکی تایبەتی پێ دەبەخشرێت و گوڕێکی تر بەر هونەرە جۆر بەجۆرەکان دەکەوێت. نەمایشی بالێت ئاسا دروست دەبێت: کە شانۆیەکی مۆسیقی، سەما و دیالۆژی ئاسایی پێکەوە کۆدەکاتەوە. هۆکارەکانی ئەم دەرکەوتنەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی (کریستینا)ی شاژن کە بایەخێکی زۆری بەخشیبوو بەکولتوور، سوودی لە خانووبەرە و ترادیشۆنی شانۆکانی ئەوکاتەی ئیتاڵیا و فەرەنسا وەرگرتبوو. (کریستینا) یەکەم شاژنی سوێدە کە لەو سەردەمەدا میوانداری گرۆی شانۆیی لە دەرەوەی وڵاتەوە کردووە، تا نەمایشە شانۆییەکانیان لە کۆشکە شاهانەکان و ئەو شانۆیانەشی کە دروستی کردبوون، پێشکەش بکەن.

لە ساڵی ١٦٥٢شدا یەکەم گرۆی ئیتاڵی سەردانی سوێدیان کردووە. ئەم گرۆ میوانانە زیاتر نەمایشەکانیان بەزمانەکانی ئیتاڵی، ئەڵمانی یاخود ئینگلیزی بووە و شانۆش بۆ یەکەم جار بەزمانی سوێدی لە سەردەمی گۆستاڤی سێیەمدا پێشکەش دەکرێت.

گۆستاڤی سێیەم بۆ یەکەم جار شانۆیەکی نەتەوایەتی و پادشایەتی لە وڵاتی سوێددا دادەمەزرێنێت. بەڵام بەر لە دەسەڵاتی (گۆستاڤی سێیەم) و بەتایبەتیش شەڕە سی ساڵییەکەی ئەوروپا ١٦١٨ - ١٦٤١ و دوای دەسەڵاتی (گۆستاڤ ئەدۆڵفی دووەم) سوێد پەیوەندییەکی چڕ و ڕاستەوخۆی بەئەوروپاوە دەبێت. ستۆکهۆڵم وەک شارێکی نێو نەتەوەیی گرنگ و ناوەندێکی هەمە لایەن ئاماژەی بۆ دەکرێت. سوێد مەڵبەندی دەسەڵاتی

ئەوروپا دەبێت، لەم قۆناغەدا بەردەوام گرۆی شانۆیی کۆمیدی ئەڵمانی، ئینگلیزی، هۆڵەندی و ئیتاڵی سەردانی ستۆکهۆڵمیان کردووە و نەمایشەکانیان، جگە لە کۆشکە شاهانەیەکاندا، لە شوێنە گشتییەکانیشدا پێشکەش کردووە. هەر لەم قۆناغەشدا بۆ یەکەم جار شانۆی درۆتنینگهۆڵم بنیات دەنرێت. ئەم شانۆیەش تاکە کۆنترین شانۆیە لە جیهاندا کە تاکو ئێستا چۆن دروست کراوە، وەک خۆی پارێزراوە. ئەم شانۆیە شاژنی سوێد خاتوو (لۆڤیسا ئۆلریکا) بڕیاری بنیاتنان و دروستکردنی داوە. بۆ ئەم مەبەستەش هونەرمەندی ئەندازیار (کارڵ فرێدریک ئادڵسرەنتز) نەخشەکانی ئەم خانووبەرەیە وەک شانۆیەکی بارۆک دەکێشێ. شانۆی درۆتنینگهۆڵم لە ساڵی ١٧٦٦دا بەتەواوەتی تەواو دەبێت.

## گوستاڤی سێیەم و شانۆیەکی پادشایەتی

شا گۆستاڤی سێیەم دامەزرێنەری یەکەم تەقەلا گرنگەکانی شانۆی سوێدییە. ئەم پادشایە خۆی ئارەزوویەکی ئێجگار زۆری بەشانۆوە دەبێت و خۆشەویستییەکی بێ پایانی بۆ هونەری نواندن دەربڕیوە. گۆستاڤی سێیەم بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی ١٨ی مانگی یەکی ساڵی ١٧٧٣دا خانووبەرەیەکی تایبەت بەئۆپێرا لە ستۆکهۆڵم دەکاتەوە. هەر خۆشی دەست دەکات بەنووسینی پیەسی شانۆیی بەزمانی سوێدی و لەسەر شانۆکانیش پێشکەش دەکرێت. هەروەها گۆستاڤی سێیەم لە ساڵی ١٧٨٨دا شانۆی پادشایەتی (دراماتن) وەک شانۆیەکی نەتەوایەتی دادەمەزرێنێت. گۆستاڤی سێیەم ژیانی شاهانەی خۆی لەسەر



شای شانۆ، گوستاڤی سێیەم



شانۆ دەست پێ دەکات و هەر لەسەر شانۆش کۆتایی پێدەهێنرێت. گۆستاڤی سێیەم لە ساڵی ١٧٧١دا لە پاریس و لە کاتی نەمایشێکی شانۆییدا هەواڵی مەرگی باوکی (ئەدۆڵف فرێدریک) وەردەگرێت و هەر لەوێشدا خۆشی دەکرێتە پادشا و تاجی پادشایەتی لەسەر دەنرێ. لە ڕۆژی ١٦ی مانگی سێی ساڵی ١٧٩٢دا بۆ دواجار لە ژیانیدا سەردانی شانۆ دەکات. گۆستاڤی سێیەم لەو شەوەدا لە ئۆپێرای پادشایەتی و لە ئامادەبوونی ئاهەنگێکی دەمامک پۆشیندا (ئاهەنگی خۆشاردنەوە لە ژێر دەمامکی جۆراو جۆردا) دەکوژرێت.

گۆستاڤی سێیەم کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ژیانی ڕۆشنبیری و دامەزراندن و دروستکردنی شانۆی سوێدییەوە هەبووە. ئەم پادشایە هەر خۆی بەڕێوەبەری ئۆپێرا و شانۆی پادشایەتی بووە لە ستۆکهۆڵم. ئەم پادشایە ڕاستەوخۆ شانۆنامەکانی بۆ ئەم شانۆیانەش نووسیوە و ئاگاداری سەرپەرشتی هەموو کار و وردەکارییەکی ئیشوکارەکانی شانۆکان بووە. بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی گۆستاڤی سێیەمدا دەبێتە شانۆیەکی نەتەوایەتی، هەر بەبڕیاری ئەم پادشایەش شانۆی سوێدی هەموو نەمایشەکانی بەزمانی سوێدی پێشکەش دەکات و ئەکتەرەکانیش هەر هەموویان سوێدی بن.

## بەرەو شانۆیەکی هونەری

گۆستاڤی سێیەم بنەمایەکی پتەو بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی نەتەوایەتی سوێدی دادەڕێژێ، بەشێوەیەک کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ بەسەر نەوەکانی دوای خۆی و ئایندەی ڕەوتی شانۆی سوێدییەوە بەجێ دەهێڵێ. ئەم کاریگەرییەش لە ساڵەکانی ١٨٤٠ بەدواوە ڕەوتێکی تر لە خۆ دەگرێت. شانۆی سوێدی لەم قۆناغەدا زیاتر بەرەو شانۆیەکی هونەری هەنگاوەکانی هەڵدەهێنێ، بۆ نموونە شانۆی پادشایەتی گۆڕێکی بەهێز و جیاواز لە خۆ دەگرێت و گرنگییەکی تەواوەتی دەدات بەنووسینی دراما و شانۆنامەی خۆماڵی سوێدی.

لە ساڵی ١٨٤٦دا یەکەم شانۆنامەی سوێدی پێشکەش دەکرێت، ئەمەش دەبێتە ڕووداوێکی هونەری گرنگ و بەبەها بۆ ئەو قۆناغە نوێیەی شانۆ.

لەم سەردەمەدا شانۆنامەکان زیاتر لە مێژووی شاکانی سوێد و ڕووداوی تری مێژوویییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم نەمایشە مێژووییانەش چ لە لای نووسەران خۆیان یاخود جەماوەر و سیاسەتمەدارانی ئەو کاتە، ڕەواج و بەهایەکی زۆریان هەبووە. هەروەها هەر لەم قۆناغەشدا شانۆی پادشایەتی گرنگی بەشانۆنامەکانی شەکسپیر و بەتایبەتیش

(هاملێت) داوه. هاملێت بۆ یەکەم جار وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی سوێدی و لە ساڵانی ١٨٢٠، ١٨٣٢، ١٨٥٣دا نمایش دەکرێت.

هونەری شانۆی فەڕەنسی و زمانی فەڕەنسی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر شانۆی سوێدییەوە دەبێت. قوتابخانە هونەرییەکانی شانۆ، هونەری نواندن و تەنانەت زۆربەی زاراوە هونەرییەکانی فەرهەنگی هونەری شانۆ لە زمانی فەڕەنسییەوە دێتە زمانی سوێدییەوە. گرۆ شانۆییەکان، سەما و گۆرانییەکانی فەڕەنسا دەبنە بەشێکی گرنگی ژیانی پڕ لە بەزم و ئاهەنگی نێو کۆشکە پادشایەتییەکانی سوێد. زمانی فەڕەنسی دەبێتە زمانی ڕۆشنبیر، دەرەبەگ و پیاوە گەورەکانی دەوڵەت.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە لە ساڵەکانی ١٨٨٠ کاندا کۆمەڵێ شانۆنامەنووسی ئافرەتیش دەردەکەون. ئەم خانمە نووسەرانە دەتوانن شانۆنامەی تەواوەتی بنووسن و هەندێکیشیان لەسەر شانۆ گرنگەکانی ئەو کاتەی سوێد نمایش بکرێت. بەڵام دەرکەوتنی نووسەرێکی گەورەی وەک ئاگوست ستریندبێری بەتەواوەتی ڕۆڵی ئەو ئافرەتانە ناهێڵێ. هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ستریندبێری و بڵاوبوونەوەی شانۆنامەکانی، ئەو ئافرەتە شانۆنامەنووسانەش دەکەونە پەراوێزەوە.

## گڕی من مەزنترین ئاگرە لە سوێددا

ئاگوست ستریند بێری و هێنریک ئێبسن لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٨٠٠دا ڕۆڵێکی گرنگیان لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا بینیوە. کاریگەری پیەسە شانۆییەکانی ئەم دوو نووسەرە، سنووری باکوری ئەوروپا دەبەزێنێت و زۆر بەئاسانی هەموو ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکاش دەگرێتەوە.

شانۆی ئەمەریکی لە سەرەتای هەزارەی ڕابردوودا، لە ژێر کاریگەری ئەم تەوژمە بەهێزەی ستریندبێری/ ئیبسن دا گەشە دەکات. هەر لەم ڕوانگەیەوە شانۆنامە ڕیالیزم و دەربڕین ئاساکانی ستریند بێری دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو گەشە کردنەی شانۆی ئەمەریکی.

شانۆی سویدیش لە ساڵانی ١٨٠٠ە کاندا هەر لەسەر دەستی ستریند بێریدا پێ دەنێتە قۆناغێکی گرنگەوە. سەرەتاکانی بزووتنەوەی شانۆیەکی ڕاستەقینە، هاوچەرخ و هەمەلایەن دەبێتە سەرەتای چەرخێکی تازە و گرنگی شانۆیی. لەم ڕووەوە بابەتی شانۆنامەکان و چۆنیەتی نووسین و تەکنیکی پیەسی شانۆنامەکانی ستریند بێری، دەبێتە



سەرەتایەکی پتەوی دامەزراندنی پرۆژەی شانۆی سوێدی.

ستریند بێری لە شانۆنامەکانیدا هەوڵی داوە باسی ئەو مرۆڤانە بکات کە لەگەڵ ژیاندا لەگەڵ یەکتری و تەنانەت لەگەڵ خوداشدا نەگونجاون. باسی ئافرەت و کێشەکانی، ئافرەت و پەیوەندییەکانی بەجیهانی پیاوەوە دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە کە شانۆنامەکانی کێشە و ململانێیەکی گرانی دەروونی و فیزیکی لە خۆدەگرێت. ئەم نووسەرە بلیمەتە لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا شانۆنامەیەکی گرنگی مێژووی (میستەر ئۆلۆڤ) دەنووسێت. ئەم شانۆنامەیش سترۆکتۆرێکی بەهێز و ناوەڕۆکێکی چڕ لە خۆ دەگرێت. تەکنیکی پیەسەکەش لە کۆمەڵێ دیمەنی کورت و ساکار پێکهاتووە.



ئاگوست ستریندبێری ١٨٤٩ – ١٩١٢، سەرەتایەکی گرنگی شانۆی سوێدی

کەسایەتی سەرەکی شانۆنامەکەش قەشەیەکی گەنجە و دەیەوێت بەبیروڕا ڕادیکاڵەکانی گۆڕانکاری سەرتاسەری لە کۆمەڵگای سویدیدا دروست بکات. دوای ئەوە ستریندبێری کۆمەڵێ شانۆنامەی تری وەک (خاتوو ژولیا) و (باوک) و (سەمای مەرگ) دەنووسێت.

ئەم پیەسانەش بەشێوازێکی قووڵی سایکۆلۆژی نووسراون و بنەمایەکی پتەوی سەرهەڵدانی شانۆی سروشتی و ڕیالزمی ئەوروپییە. هەروەها ستریند بێری بەشانۆ نامە دەربڕینییەکانیشی (خەونە یاری، بەرەو دیمەشق و سۆناتای تارمایی) شۆڕشێکی گەورە لە بواری شانۆیەکی شیعر ئامێز و جیاوازدا بەرپا دەکات. ستریند بێری ئارەزوویەکی گەورە و حەزێکی ئاگراوی بۆ شانۆ دەبێت. لە سەرەتای ژیانیدا هەوڵێکی زۆر دەدات ببێتە ئەکتەر، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بەبێ ئەنجام دەمێنەوە و هەرگیز ناتوانێ جێگای خۆی وەک (ئەکتەر) بکاتەوە. لە بری ئەوە حەزی گەورەی خۆی لە نووسینی شانۆنامەکانیدا فەراهەم دەکات.

## شانۆی ئینتیم

ستریند بێری لە هەموو ژیانیدا خەونی بەدامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆیەوە دەبینی و ئەم خەونەش لە کۆتاییەکانی ژیانیدا دێتە دی. ستریند بێری و بەهاوکاری (ئاوگوست ڤالک) لە نێوان سالآنی ١٩٠٧ - ١٩١٠دا شانۆی (ئینتیم) لە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆلمدا دادەمەزرێنێ. ئەم شانۆیەش تایبەت دەبێ بەپێشکەشکردنی پیەسەکانی ستریند بێری خۆی. شانۆکەش لە ژێر کاریگەری شانۆ بچووکە ئەزموونگەرییەکانی ئەو کاتەی ئەوروپا. بەتایبەتیش: شانۆی ژووری ئەلمانی و لە ژێر دەستی ڕیژیسۆر (ماکس ڕاینهات) ١٨٧٣ - ١٩٤٣ و شانۆی سەربەستی فەڕەنسی و لە ژێر دەستی ڕیژیسۆر (ئەندریە ئەنتوان) ١٨٥٦ - ١٩٤٣ لە دایک دەبێت. ستریند بێری کۆمەڵێ پیەسی بەبەهای خۆی و لە ژێر ناونیشانی (گەمەی ژوور) بۆ ئەم شانۆیە دەنووسێت. گرنگترین ئەو پیەسانەش (زریان، زەوی سووتاو، سۆناتای تارمایی و سەقاقوش)ن.

ڕەوتی ئەم شانۆیە، زیاتر فۆڕمیکی ئەزموونگەری لە خۆگرتووە و لەگەڵ ئەوەشدا کە تەنها سێ ساڵ بەردەوام دەبێت. بەها و گرنگییەکی تایبەتی لە بزووتنەوە و مێژووی شانۆی سوێدیدا لە خۆ دەگرێت. ستریند بێری خۆی وەک نووسەر، ڕیژیسۆر و بەڕێوەبەری ئەم شانۆیە، شان بەشانی ئاوگۆست ڤالک کاری کردووە بۆ بەرجەستەکردنی پرۆژەکانی ئەو شانۆیە. شانۆی ئینتیم لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنیدا، بیست و چوار شانۆنامە لە شانۆنامەکانی ستریند بێری نەمایش دەکات.

## شانۆیەکی نەتەوایەتی گەڕۆک

هەر لە سالآنی ١٨٠٠ەکانەوە بزوتنەوەیەکی گەورەی شانۆیەکی گەڕۆک لە ولآتی سوێدا دروست بووە. لەو دەمەدا شانۆ دەبێتە کایەکی جەماوەری و پارتە سیاسییەکانیش بایەخێکی زۆر مەزن بەم کایە جەماوەرییە دەدەن. بۆیە لە کۆتایی سالآنی ١٨٠٠ و سەرەتای ١٩٠٠ەکاندا کۆمەڵێ خانووبەرەی ڕازاوە و کۆشکی شانۆیی لە زوربەی شار و شارۆچکەکانی سوێددا دروست دەکرێت.

بەرەو پێشەوە چوون و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاش لەم بوارەدا ڕۆڵی ئاشکرای خۆی بینیوە. بۆ نموونە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، هەل و مەرجەکانی گەشت و ئامرازەکانی گواستنەوەی خەڵکی گۆڕانکاری گەورەیان بەسەر داهاتووە و ئەم



گۆڕانکارییانەش کاریگەرییەکی لەبەر چاویان بەسەر شانۆ گەڕۆکەکانەوە هەبووە. سوێدیش وەک ولآتێکی پێشەسازی گەورە و دەوڵەمەند، زۆر خێرا پەرە دەسێنێ. ئەم پەرەسەندنەش هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای سوێدی دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە لە سەرەتای سالآنی ١٩٠٠ەکانەوە، شانۆکانی شاری ستۆکهۆلم بەشێوەیەکی ئاسانتر و بەربلآوتر چالاکی و بزووتنەوە شانۆییەکەیان بەسەر زۆربەی شار و شارۆچکەکانی تری ولآتدا بلآوکردۆتەوە. ئەم مەسەلەیەش دەبێتە جێگای گفتوگۆ و قسە لەسەرکردنی سیاسەتمەدارانی ئەو کاتەی سوێد و تەنانەت زۆربەی دانیشتنەکانی پارلەمان بۆ باسی جموجۆڵ و چالاکییە شانۆییەکان و گیروگرفتەکانیان تەرخان دەکرێ.

لەبەر ئەنجامی گفتوگۆیەکی پارلەمان، سانديکای شانۆکاران و کۆمەڵەی ئەکتەراندا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا شانۆیەکی دەوڵەت بۆ نمایشی گرۆ گەڕۆکەکان بەناوی (ریکس تیاتر) Riksteaternەوە، واتە شانۆی دەوڵەتەوە دادەمەزرێت. پەیامی ئەم شانۆیەش، وەک دەزگایەکی گرنگی دەوڵەت، بلآوکردنەوەی بزووتنەوەیەکی چڕی شانۆیی دەبێت بەناو هەموو ولآتی سوێدا. ستۆکهۆلم دەبێتە بنکەی بەرهەمهێنان و ئامادەکردنی ئەم شانۆیە بۆ ناردنی نەمایشە شانۆییەکان بەهەموو شار و شارۆچکەکانی سەرانسەری سوێددا. ئەم شانۆیە ئێستا وەک لایەنێکی چالاک و گرنگی ڕەوتی شانۆی سوێدی بەردەوامە و سالآنە سەدەها نەمایشی هەڵبژاردە و لە ڕوانگەی نەخشەیەکی وردی گەڕۆکدا، نەمایشەکانیان لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا پێشکەش دەکەن.

ریکس تیاتەر بریتییە لە چەند لقێکی تایبەت، لەوانە: دراما، شانۆی میوان (نەمایشی گرۆ میوانەکان) سەما و بالێت، لاوان، شانۆی مندالآن و گرۆیەکی تایبەتیش بەنێوی (شانۆی بێدەنگ). ئەم شانۆیەیان تایبەتە بەکەڕ و لالآن و ئەکتەرەکانیشی هەموو کەڕ و لاڵن و زمانی جەستە و ئاماژە ئامرازێکی گرنگی بەرجەستەکردنی نەمایشەکانیانە.

## شانۆی پادشایەتی

شانۆی پادشایەتی (دراماتن) کۆنترین شانۆی سویدییە و یەکەم نەمایشیان لە ساڵی ١٧٨٨دا پێشکەش کردووە. ئەم شانۆیە، وەک لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، پێناسە و زمانێکی "سوێدی" دەبەخشێتە گەلی سوێد، پێداگرتنی شا (گۆستاڤی سێیەم)یش لەسەر نەمایشکردنی شانۆنامەکان بەزمانی سوێدی، دراما و شانۆیەکی سوێدی سەربەخۆ دەبەخشێتە ئەم ولآتە.



رووکاری دەرەوەی شانۆی پادشایەتی لە ساڵەکانی ١٨٠٠ەکاندا

لە سەرەتاوە دارایی ئەم شانۆیە لە خەزێنەی تایبەتی پادشاوە دابین کراوە.

دوای ئەوە پارلەمان ئەم ئەرکە ئەگرێتە ئەستۆی خۆی. لەم ڕوانگەیەشەوە شانۆیەکی درامی و پادشایەتی ماناکەی خۆی وەردەگرێت، شانۆیەکی پابەند بە گەلی سوێدییەوە، دەوڵەتیش لە بەرزترین ئاستەکانیدا، دابینی پێداویستییەکانی دەکات.

(گۆستاڤی سێیەم) کە بە(پادشای شانۆ) ئاماژەی بۆ کراوە، گەرەکی بووە پێناسەیەکی مۆدێرنی نەتەوایەتی ببەخشێتە سوێد، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها شانۆی پادشایەتی و ئۆپێرای پادشایەتی دانامەزرێنێ، بەڵکو ئەکادیمیای مۆسیقا و ئەکادیمیای سوێدیش دادەمەزرێنێ.

لە شانۆی پادشایەتیدا هەمیشە ئەکتەر و هونەری نواندن لە چەق و سەنتەری ئەم شانۆیەدا بووە. ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیە و لە سەردەمە جیاوازەکاندا کاروانی ئەم شانۆیە بەرەو پێشەوە دەبەن و هەر ئەوانیش لە بیری جەماوەردا ماونەتەوە. بەڵام لە دوای ساڵەکانی ١٩٠٠ەکانەوە هونەری ڕێژیش وەک هونەرێکی بە بەهای سەربەخۆ دەردەکەوێت. هەر چەندە دەرکەوتنی ڕێژیسۆر و هونەری ڕێژی هەمان بەها و هێزی هەندێ لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تری ئەو سەردەمەی نابێت. بۆ نموونە کەسێکی وەک ستانیسلاڤسکی، مایر هۆڵد، گۆردن گریگ، ئاپیا یان ماکس راینهارت لە وڵاتی سوێد



دەرناکەوێت، مێژووی یەکەم نمایشی ڕێژیسێر کراویش، لە دیدێکی مۆدێرنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٠ . لەم ساڵەدا (ئێمیل گراند نیسۆن) بەشی یەکەمی شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)ی ستریند بێری پێشکەش دەکات. ئەم بەرهەمەش دەبێتە سەرەتای پرۆژەیەکی گرنگ لە ڕەوتی شانۆی پادشایەتی و مێژووی شانۆی سوێدیشدا.

## ڕێژیسۆرەکانی شانۆی پادشایەتی "دراماتن"

سەرەتا ڕاستەقینەییەکانی شانۆیەکی هاوچەرخ و دەسەڵاتی ڕێژی لە پێکهاتەکانی نەمایشێکی شانۆییدا، بەتایبەتیش لە شانۆی پادشایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی بیست و سەرەتای سییەکانی هەزارەی ڕابردوو. لە بیستەکاندا ڕێژیسۆرێکی گەورەی ئەڵمانی وەک (ماکس ڕاینهات) بەگەشتی هونەری دێتە سوێد، دواجاریش شانۆی پادشایەتی میوانداری ئەم ڕێژیسۆرە دەکات و شانۆنامەی (خەونەیاری) ستریند بێری لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکات. بێگومان ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت. لەم نێوەند و ئاڵوگۆڕییە هونەرییەدا ڕێژیسۆرێکی بەتوانای وەک (ئۆلۆڤ مۆلاندەر) ١٨٩٢ – ١٩٦٦ دەردەکەوێت. ئەم ڕێژسۆرە لە ساڵی ١٩٣٥ بەدواوە شێوازێکی تایبەت بەخۆی دەدۆزێتەوە بۆ ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی پیەسەکانی ستریند بێری. ئەم هونەرمەندە لە هەمان ساڵدا و بەنەمایشکردنی شانۆنامەی (خەونە یاری) سەرکەوتنێکی گەورە بۆ شانۆی پادشایەتی بەدەست دەهێنێ. هەر لێرەشەوە شانۆی سویدی، ترادیشونێکی تایبەت بەخۆی بۆ خوێندنەوەی پیەسەکانی ستریند بێری بنیات دەنێت. ئۆلۆڤ مۆلاندەر لە ساڵی ١٩٦٥دا و بەپێشکەش کردنی هەر سێیینەکەی (بەرەو دیمەشق)ی ستریند بێری، کۆتایی بەتەمەنی چل ساڵی چڕی پرۆژە بەردەوامەکانی خۆی دەهێنێت.

ئۆلۆڤ مۆلاندەر بەهایەکی گەورە دەبەخشێتە چەمکەکانی ڕێبازی ڕیالیزم لە بەرجەستەکردن و دیدەکانی شانۆی ستریند بێریدا. لەم ڕووەوە ئەم ڕێژیسۆرە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ڕێژیسۆرەکانی سەردەمی خۆی و نەوەکانی دواتریشەوە هەیە لە پێشکەش کردن و خوێندنەوەکانیدا سەبارەت بەپیەسەکانی ستریند بێری.

هەروەها شان بەشانی ئۆلۆڤ مۆلاندەر و لە ساڵانی سی و چلەکاندا، ڕێژیسۆرێکی تر لە شانۆی پادشایەتی دەردەکەوێ. ئەم ڕێژیسۆرەش (ئەڵف شێوباری)یە کە دەبێتە ئەڵتەرناتیڤێکی جیاواز لە پاڵ ئۆلۆڤ مۆلاندەردا. ئەڵف شێوباری لە پاڵ شێوازە تەقلیدی و شانۆ ترادیشون ئامێزەکاندا، شێواز و فۆرمێکی ئەزموونگەری دەستەبەر

دەکات و لە نوێکردنەوەی شانۆی سویدیدا هەنگاوی گەورە دەنێ. دواتر ئینگمار بێرمان سێیینەی ئەو هەرەمە بەرزەی دەسەڵاتی ڕیژی دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپک.

ئەڵف شێوباری ۱۹۰۳ – ۱۹۸۰ ئەکتەر و ڕیژیسۆری شانۆ و سینەما بووە. لە سەرەتادا و لە نێوان ساڵانی ۱۹۲۵ – ۱۹۲۹دا وەک ئەکتەر لە دراماتن کاری کردووە. لە ساڵانی ۱۹۳۰کانیش بەدواوە دەبێتە یەکێک لە ڕیژیسۆرەکانی شانۆی پادشایەتی. ئەڵف شێوباری لە تەوژمەکانی شانۆی دەربڕینی جیهانییەوە دەست پێدەکات و لەم ڕێگایەشەوە ئاگاداربیەکی تەواوەتی هەبووە بەسەر ڕێباز و تەوژمەکانی شانۆی ئەوروپییەوە و لە نزیکەوە سوودی لێ وەرگرتوون. پیەسەکانی شەکسپیر بۆ ئەڵف شێوباری دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ خوڵقاندن و بەرجەستەکردنی نەمایشە وێنەییە ئەزموونگەرییەکانی. تا ئێستا ئەم ڕیژیسۆرە دادەنرێت بەیەکێک لە گرنگترین ئەو هونەرمەندانەی کە لە دیدێکی بەرز و ئاستێکی هونەری باڵادا شانۆنامەکانی شەکسپیری خوێندۆتەوە. هەر ئەم ڕیژیسۆرە لە ساڵەکانی ۱۹٦۰دا بۆ یەکەم جار (برێشت) بەشانۆنامەی (شڤایک لە جەنگی جیهانی دووەمدا) بەشانۆی سویدی ئەناسێنێ.

ئەڵف شێوباری تەرازوویەکی هاوسەنگ لە نمایشکردنی برێشتدا دەدۆزێتەوە. شانۆیەکی ڕامیاری و داستانی برێشت، بەهەموو شێوازە تەکنیکییەکانیەوە، بەرجەستەی دیدی ئێستاتیکی و بیرکردنەوەیەکی جیاوازی شانۆ دەکات.

ئەڵف شێوباری لە بواری سینەماشدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و فیلمەکانی سیمایەکی تایبەت لە خۆ دەگرن. هەندێ لە فیلمەکانی و بەتایبەتی (تەنها یەک دایک) ۱۹٤۹ و (خاتوو ژۆلیا) ۱۹٥۱بوونەتە شاکاری کلاسیکی لە سینەمای سویدیدا. هونەری ڕیژی و دروستکردنی فیلمەکانی، هەر وەک پرۆژە شانۆییەکانی، لە هەستێکی وێنەیی، ڕیتم و ڕاڤەکردنێکی قووڵی سایکۆلۆژییەوە بۆ کارەکتەرەکانی دەردەکەوێت. ئەڵف شێوباری و لە ساڵی ۱۹۸۰ بەکارەساتی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی دەکات.

(ئینگمار بێرمان) ۱۹۱۸ یەکێکە لە ڕیژیسۆرە شانۆیی و سینەماییە گەورەکانی سوێد و لەسەر ئاستی جیهانیش دادەنرێت بەیەکێک لە ڕیژیسۆرە گەورەکانی هەزارەی ڕابردوو. ئەم هونەرمەندە سەرەتای تەقەلا هونەرییەکانی لە شانۆی قوتابیان و شانۆی منداڵانەوە دەست پێدەکات. لە ساڵی ۱۹٤٤دا و لە تەمەنی ۲٦ ساڵیدا دەبێتە بەڕێوەبەر و بەرپرسیاری شانۆی شار لە شاری هێلسینگبۆری .





دیمەنێک لە شانۆنامەی (خەونەیاری)
ستریندبێری، ڕێژی ئۆڵف مۆلاندەر، ۱۹۳٥

ئینگمار بێرمان بەوپەڕی سەلیقەوە و لە ماوەی سەدەیەکدا شانۆنامە کلاسیکییەکانی ستریند بێری، مۆلییر، شەکسپیر و هێنریک ئیبسن تازە دەکاتەوە. بێرمان دواتر دەبێتە بەڕێوەبەری شانۆی شاری یۆتۆبۆری لە نێوان ساڵانی ۱۹٤٦ – ۱۹٥۰، شانۆی شار لە مالیمۆ ۱۹٥۲–۱۹٥۸ و شانۆی پادشایەتی (دراماتن) لە ستۆکهۆڵم ۱۹٦۳ – ۱۹٦٦ دواتر وەک ڕیژیسۆر لە دراماتن تا ساڵی ۲۰۰۳ دەمێنێتەوە. لەم ماوەیەدا زیاتر لە سەد و پەنجا شانۆنامەی پێشکەش کردووە. نەمایشەکانیشی ڕۆڵێکی گەورە و تایبەتییان گێڕاوە لە بنیاتنان و بەرەو پێشەوە چوونی شانۆیەکی مۆدێرنی سویدی.

ئەم سێ ڕیژیسۆرە لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵدا کاریگەرییەکی تەواویان بەسەر هێڵی بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەی شانۆی پادشایەتییەوە هەبووە. بەو شێوەیەش کاریگەرییەکی گەورە و لەبەر چاویشیان بەسەر شانۆی سویدییەوە دەبێت.



ئینگمار بێریمان لەکاتی مەشقی یەکێک لە نمایشەکانی لە شانۆی پادشایەتی

## گرۆ سەربەستەکان

لە شەستەکانی هەزارەی ڕابردوودا، بزووتنەوەی شانۆی سوێدی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت. گرۆ شانۆییە سەربەستەکانی دەرەوەی شانۆکانی سەر بەدەوڵەت، بەشێوەیەکی گەورە و لەبەر چاو پەرەدەسێنێ. گۆڕانکاری، تازە بوونەوە و دیدی جیاواز هەموو بوارەکانی هونەری شانۆ لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا دەگرێتەوە. دینامیکییەتی ئەم گرۆ سەربەستانە گوڕێکی بەتینیش دەبەخشنە شانۆکانی دەوڵەت. هەر لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا، دەوڵەت لە زوربەی شارەکانی سوێددا، وەک کاردانەوەیەکی ئەو جموجۆڵە بەتینەی شانۆ، شانۆی شاری سەر بەشارەوانییەکان دەکاتەوە. هەر لەم ماوەیەدا ستۆکهۆڵم وەک یەکێک لە چڕترین پایتەختە شانۆییەکانی جیهان ئاماژەی بۆ دەکرێت.

سەرەتاکانی ئەم چالاکییە هونەرییش لە کۆمەڵێ تیپی شانۆیی بچووک و شانۆی قوتابییانەوە دەست پێدەکات. لە هەمان کاتدا ئەم بزووتنەوەیە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بەرەو پێشەوە چوونی ڕەوتی شانۆی سوێدیدا. ڕێپەرتواری ئەم شانۆ بچووکانەش زیاتر فۆرمێکی نوێ و ئەزموونگەرییان لە خۆ گرتووە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم گرووپانە،



بەتایبەتی لە شەستەکاندا، شوێن پێی بزووتنەوەی شانۆ ڕامیارییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوایان هەڵگرتووە. هەروەها گرنگترین تەوژمەکانی شانۆی ئەوروپی ئەو کاتە: شانۆی زیندووی ئەمەریکا و شانۆی هەژاری گرۆتۆڤسکی سەردانی سویدیان کردووە و کاریگەرییەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە. بەڵام ئەم شاڵاوە بەهێزەی شانۆ، دواتر لە ساڵانی ١٩٩٤ بەدواوە، تووشی قەیران و نەهامەتییەکی دارایی گەورە هاتووە و ئەو میکانیزمە بەهێزە شانۆییە بەرەو نەمان چووە. مەوداکانی هونەری شانۆش بەتەواوەتی تەسک بۆتەوە.

## شانۆی شار

شانۆی (شار) کە سەر بەشارەوانییەکانە، لە زوربەی شارە گەورەکانی سوێددا هەیە، بۆ نموونە مالیمۆ، هێلسنگبۆری، ئیومیۆ، یۆتۆبۆری، بۆرۆس، یاڤلێ و ستۆکهۆڵم. گەورەیی و بەربڵاوی چالاکی و ڕەوتی ئەم شانۆی شارەوانییانەش لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێت. هەروەها زەمەنی دامەزراندنیشیان جیاوازە و هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٨٠٠ەکان، هەندێکی تریشیان بۆ شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو، هەروەک شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم.

یەکێک لە ئامانجەکانی شانۆی شاری ستۆکهۆڵمیش، دابینکردنی جموجۆڵێکی شانۆییە وەک پێداویستییەکی ڕۆژانەی هەموو دانیشتووانی ئەم شارە. ئەم شانۆیە لە ساڵی ١٩٥٦دا دامەزراوە، بەڵام یەکەم سەرەتای چالاکییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠.

لەناو خودی شانۆی شاریشدا کۆمەڵێ شانۆی تر هەیە، یان شانۆی شار کۆمەڵێ شانۆ دەگرێتە خۆ: شانۆیەکی گەورە، ئونگە کلارا. شانۆی کلارا، شانۆیەکی بچووک، شانۆی شۆربا و شانۆی لووتی درێژ (کە تایبەتە بەمنداڵان) و شانۆی بووکە شووشە.

ئەم شانۆیانەش هەریەکە و پرۆگرام، ڕێپەرتوار و جۆری هەڵبژاردنی پیەسەکان و جۆریەتی بینەرانی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە شانۆ گەورەکە زیاتر ڕوو دەکاتە بینەرێکی فراوان و هەمەجۆر، بەڵام شانۆکانی تر زیاتر نەمایشی ئەزموونگەری لە خۆ دەگرێت و ڕوو دەکاتە بینەرێکی تایبەتمەندیش.

هەروەها شانۆی شار (شانۆی باخچە)شیان هەیە. ئەم شانۆیە شانۆیەکی میللییە و ڕوودەکاتە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. شانۆی باخچە لە سەرەتای هاوینەوە دەست

بەچالاکییەکانی دەکات. دوای ئەوەی لە هاویندا دەرگای شانۆکان دادەخرێت، شانۆی باخچە و لە هەموو باخچە گەورە و ڕازاوەکانی ستۆکهۆڵمدا شانۆنامەکانیان بەخۆڕایی بۆ جەماوەر پێشکەش دەکەن.

## کاریگەرییەکان و شانۆیەکی ڕامیاری

چالاکییە شانۆییەکانی ئەو گرۆ سەربەستانە گفتوگۆیەکی زۆر لەناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دەخولقێنن. ئەو بیروڕا جیاوازانەش دەبنە هۆی دروستکردنی شانۆیەکی سیاسی، پرسیارەکانی ئەو شانۆ سیاسییەش پابەند بووە بەواقیعی ژیانی ڕۆژانە و گیروگرفتەکانییەوە.

گرۆ و دەزگاکانی دەوڵەتیش دەرگاکانیان بۆ ئەم تەوژمە جیاوازانە دەکەنەوە.

لە هەمان کاتدا تەوژمەکانی شانۆی ڕۆژئاواش ئامادەبوونێکی ڕاستەوخۆیان دەبێت. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٧دا و لە ژێر کاریگەرییەکانی پیتەر برۆکدا[١]، لە ستۆکهۆڵم نمایشێکی گەورە بەناوی (ئەوان)ەوە سەبارەت بەجەنگی ڤێتنام پێشکەش کراوە. ئەم بارودۆخەش لەبار دەبێت بۆ هاتنە کایەی کۆمەڵێ گرووپی شانۆیی تر. نمایشەکانیان وەک لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کردووە، ڕاستەوخۆ پابەند دەبێت بەگرفت و ڕووداوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی ئەو کاتەی سوێدەوە. سەندیکا جیاوازەکانی کرێکاران و فیدراسیۆنەکان دەبنە بەشێکی گرنگی ئەم نمایشانە و پاڵپشتی گەورەی خۆیان بۆ نمایش و چالاکییەکانیان دەردەبڕن. لەم ڕووەوە شانۆکان ڕۆڵێکی گرنگی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییان دەبێ و پاڵپشتێکی ڕاستەوخۆی جەماوەریش مسۆگەر دەکەن. شانۆیەکی ڕامیاری بەردەوامی وەردەگرێت و هەمیشە دەبەسرێتەوە بەمەسەلە گرنگەکانی ژیانەوە. لە ساڵی ١٩٧٧دا و سی ساڵ درای پرۆژەی (ئەوان) سەبارەت بەجەنگی ڤێتنام، پرۆژەی (شانۆی ڕەشماڵ) دەبێتە پرۆسێسێکی بەرفراوان و هەموو شار و شارۆچکەکانی سوێد دەگرێتەوە. شانۆی ڕەشماڵ مێژووی بزووتنەوەی چینی کرێکارانی سوێد، بەرجەستەی نمایشێکی هەمەلایەن دەکات.

گرنگترین گرۆ شانۆییەکانی کۆتایی شەستەکان و قۆناغی حەفتاکانیش بریتییە لە: شانۆی ئەرورە، شانۆی گیرفان، شانۆی دەمانچە. ئەمە جگە لە شانۆی منداڵان و شانۆی بووکە شووشە.



شانۆی (ئەرورە) بنەماکانی شانۆیەکی ئەزموونگەریی و کاری هەرەوەزی دەبنە دوو توخمی کار و پرۆژەکانیان. بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی ئەم گرۆیە هونەرمەندی بەڕەچەڵەک پۆڵەندی (هیلدا هێلویگ) Hilde Hellwig دەبێت. ئەم کیژە هونەرمەندە میتۆدەکانی شانۆی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەکاتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی جیاواز و ئەزموونگەری. لەم شانۆیەدا / تاک / وەک / تاک / مامەڵەی لەگەڵکراوە. هەروەها تاک لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا، دەسەڵات و فەلسەفەی ئەو ڕۆژگارەوە گفتوگۆی لەگەڵ کراوە. ئەم شانۆیە لە دوای ساڵانی ١٩٩٤ بەدواوە بەتەواوەتی چالاکییەکانی دەوەستێت و دەرگای شانۆکەشیان بۆ یەکجاری دادەخرێت.

یەکەم سەرەتاکانی شانۆیەکی جیاواز و ئەزموونگەری، لە مێژووی شانۆی سوێدیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٤ و شانۆی (دەمانچە). ئەم گرۆ شانۆییە شێوازەکانی شانۆی منداڵ، شانۆی ئەپسورد و ئاهەنگ ئامێزیان لە یەکەیەکی جیاوازدا کۆکردۆتەوە. یەکێک لە گرنگترین ئامەنجەکانیان ئەوە بووە کە بەتەواوەتی و تا ئاستێکی بەرز لە هەموو جۆرەکانی شانۆی ترادیشیۆنی و تەقلیدی دوور بکەونەوە.

شانۆی دەمانچە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەتێکستی خۆماڵی سوێدی بەستووە. ئەندامانی گروپەکە پێکەوە بەشێوەیەکی هەرەوەزی پیەسەکانیان نووسیوە، بەڵام دوای قۆناغێکی چڕی ئەزموونگەری بەتەواوەتی ڕوو دەکەنە پیەسەکانی نووسەری ئیتاڵی (داریۆفۆ) و دامەزراندنی شانۆیەکی میللی و نزیک لە جەماوەر.

لە ساڵی ١٩٦٧دا شانۆیەکی گرنگی تر بەناوی شانۆی گیرفان Fickteaternەوە لە ستۆکهۆڵم دەردەکەوێت. (سۆزانە ئۆستن) دامەزرێنەر و ڕیژیسۆری ئەم گرووپە دەبێت. وشەی گیرفانیش مانای بچووکیی شانۆکەی گەیاندووە، لە پاڵ ئەوەشدا کە گرووپەکە لە هەموو شوێنێکدا بوونیان هەبووە.

شێوازێکی گاڵتەئامێز و ڕەخنەیی تەکنیک و جۆری کارکردنی ئەم گرووپە بووە. سۆزانە ئۆستن بۆ دیدی پرۆژە شانۆییەکانی گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوەکانی کۆمیدیای دیلارتی، دراماتۆرگی پیەس و جیهانی داریۆڤۆ، وێنە شیعرییەکانی مایکۆڤسکی و بنەماکانی شانۆی ڕۆژهەڵات. ئەم شانۆیە زۆر زوو سنوورەکانی هەموو سووچ و قوژبنەکانی شاری ستۆکهۆڵم دەبەزێنێ: بەخۆڕایی نمایشەکانیان لە قوتابخانەکان، سەر شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکاندا پێشکەش دەکەن، نمایشە شانۆییە جۆرا و جۆرەکانیان دەبێتە هاوکێشەی پرۆسەیەکی بەردەوام و لەو پرۆسەیەدا شێواز و فۆرمێکی تایبەت بەخۆیان بەرەو پێشەوە

دەبەن. بنەما سەرەکییەکانی شێوازەکەشیان فۆرمێکی ساکار بووە، لەو فۆرمەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بەبینەرانەوە، جوولآنەوەیەکی فراوانی سەما ئامێز، هونەری پانتۆمایم و مۆسیقا لایەنە بەهێزەکانی پێکهێناوە. بابەت و دیالۆژی نەمایشەکانیشیان لە بینەرە گەنجەکانیانەوە وەرگرتووە و زۆر جار لەگەڵ پۆلی قوتابخانەکاندا و وەک کارێکی هەرەوەزی بەئەنجامیان گەیاندووە. هەر لەم ڕووەوە ئەم شانۆ گیرفانییە زۆر لە نزیکەوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرەکانیدا کاری کردووە.



سۆزانە ئۆستن لە شانۆی گیرفانەوە شانۆی منداڵان دەگەیێنێتە ئاستی ترۆپک.
وێنەی: Lesley Leslie - Spinks

شانۆی گیرفان لە نێوان سالآنی ١٩٧١ – ١٩٧٢دا چالاکییەکانی دەوەستێ و ئەندامەکانی بلاوەبنەوە. بەڵام سۆزان ئۆستن لە بری شانۆی گیرفان و لە ساڵی ١٩٧٥دا شانۆی ئونگە کلارا Unga Klara لە ناو شانۆی شاردا لە ستۆکهۆڵم دادەمەزرێنێت. دامەزراندنی ئەم گرۆ سەربەستەش لە ناو جەستەی شانۆیەکی گەورەی وەک شانۆی شاردا، دەروازەیەکی گرنگ بەڕووی شانۆی گەنج و شانۆی منداڵاندا دەکاتەوە.

سۆزانە ئۆستن دەبێتە بەڕێوەبەری هونەری و ڕیژیسۆری یەکەمی ئەم شانۆیە و تا ئێستاش نەمایشەکانیان دادەنرێت بەیەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی شانۆی سوێدی. ئەم گرۆیە ناوبانگێکی جیهانیشیان بەدەست هێناوە و لە زوربەی وڵاتانی جیهاندا نەمایشەکانیان بەرز نرخێنراوە. نەمایشەکانی ئەم گرۆیە و بەرێگایەکی زانستی و پەروەردەیی زیاتر باسی چۆنیەتی (بینین)ی منداڵ دەکات. ئەم مەسەلەیەش لە هەموو ڕوویەکەوە لە لای منداڵ و لە لای ئێمەش وەک مرۆڤی گەورە دەگرێتەوە.



بابەتی پیەسەکانی ئەم گرووپە شانۆییە ئەو باسانە دەگرێتە خۆ کە بۆ گەنج و منداڵ زۆر گرنگن، بۆ نموونە: گاڵتە پێکردن و سەرکوتنەوەی منداڵان لە لایەن منداڵان خۆیانەوە، بەد مەستی لە لایەن ئەندامەکانی خێزانەوە، تەڵاق، جیابوونەوە و دابڕانی دایک و باوک، گرفتەکانی خەڵکی بیانی و ئاڵۆزی پەیوەندییە سێکسییەکان.

سۆزانە ئۆستن زۆرجار ئەوە دووپات دەکاتەوە کە نەمایشە شانۆییەکان لە ڕوانگەی زەمینەیەکی لە بار خۆ ئامادەکردنێکی زۆرەوە دێتە ئەنجام. لێکۆڵینەوەکانیشیان بوارەکانی مێژوو، کۆمەڵگا، سایکۆلۆژی و ئاکار دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە شانۆکارێکی بەردەوامی لێکۆڵینەوە ئاسایە. هەر بۆ ئەم مەبەستە نەمایشەکانیان لە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەیەکی بەردەوامدایە، بینەرانیش لایەنێکی گرنگی ئەو تاقیکردنەوانەن و پرۆسەیەکی دوو لایەنەی لە یەکتر فێربوون و کاری هەرەوەزی دەخوڵقێنن.

یەکێک لە میتۆدە گرنگەکانی ئەم شانۆیە گۆڕینەوەی ڕۆڵەکانە: ئەکتەرە گەورەکان وەک گەمەیەکی پڕ لە بەها ڕۆڵی منداڵان دەبینن، ژن ڕۆڵی پیاو دەبینێ و پیاو دەبێتە ژن. هەندێ جار داپیرەی سەر سپی منداڵێکە و منداڵیش جیهانێکی بێ سنووری گەمەکانە.

### قۆناغی هەشتاکان و بەردەوامییەکی کاریگەر

هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوو قۆناغێکی زێڕینی ڕەوتی شانۆی سوێدییە. لە ساڵەکانی ١٩٨٠بەدواوە، شانۆ پێ دەنێتە قۆناغێکی دەوڵەمەندی چڕ و بزووتنەوەیەکی بەهێزەوە. لەم ساڵانەدا شانۆ لە چەقی هەموو ڕووداوە کولتوورییەکانی شاری ستۆکهۆڵمدا بووە.

چەندین شانۆی سەربەست لە هەموو سووچ و قوژبنەکانی ئەم شارەدا بڵاوبۆتەوە. ئەم گرووپانەش تەواوکەری یەکتری و لە هەمان کاتدا جیاواز و لە ململانێیەکی هونەریدا بوون. ڕەخنەگرە شانۆییەکان و تێکرای ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بایەخێکی ئێجگار گەورە بەم شالاوە چڕە شانۆییە دەدەن. بینەران وەک هوروژمی دەریا ڕژاونەتە ئەم شانۆیانەوە. پرشکی ئەم ڕەوتە هەر زۆر زوو هەموو بزووتنەوەی شانۆی سوێدی دەگرێتەوە و کاریگەرییەکانی ئەو نمایشانە، ئەو گرووپ و ڕیژیسۆرانە بەنێو شارەکانی سوێددا بڵاو دەبێتەوە. هەروەها زۆربەی ئەو گرووپانە ناوبانگێکی نێو نەتەوەییش لەسەر ئاستەکانی ئەوروپا بەدەست دەهێنن.

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠دا و لە ناوچەی (شێپسهۆڵەن) کە دەکەوێتە ناوچەیەکی ڕازاوەی ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵمەوە، کارگەیەکی کۆنی دروستکردنی تۆپ و

تەقـەمەنی بەجـێـهـێـڵـراو دەبێـتـە بنکەیەکی ئەزمـوونگەری بۆ کـۆمـەڵێ گـرۆی شـانۆی سەربەست.

شانۆی (گالیاسن) دەبێتە یەکێک لە گرنگترین ئەو دەنگانە، لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە شانۆی گالیاسن و بەتەنها دەست دەگرێت بەسەر ئەم خانووبەرەیەدا و دەبێتە بنکەی ئەو تیپە شانۆییە. هونەرمەند (ریکارد گینتەر) وەک بەڕێوەبەری هونەری و ڕیژیسۆری ئەم تیپە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە مێژووی ئەم شانۆیەدا.

شانۆی گالیاسن لە سەرەتاوە پشت دەکاتە هەموو جۆرە شانۆ ترادیشیونی و باوەکانی ڕەوتی شانۆی سوێدی. گالیاسن دەبێتە ناوەندێکی گرنگی شانۆیەکی ئەزموونگەری، فۆرمێکی وێنەیی و شانۆیەکی فیزیکی و توندوتیژی ئەنتۆنین ئارتۆ دوو سەرچاوەی گرنگی دیدی پرۆژە و بەرهەمەکانی شانۆی گالیاسن و ریکارد گینتەری ڕیژیسۆر دەبن.

گرۆتۆفسکی لە شەستەکاندا، هەر لەم شانۆیەدا، یەکێک لە تەقەلا قووڵ و گرانەکانی شانۆ هەژارەکەی لەستۆکهۆڵم پێشکەش دەکات. شانۆی گالیاس تا ئێستا بەردەوامە لە چالاکییەکانی و دادەنرێت بەیەکێک لە گرنگترین شانۆ نەفەس درێژەکانی ستۆکهۆڵم.

شانۆی (ئۆریۆن) شان بەشانی شانۆی گالیاسن لە هەشتاکاندا شانۆی سوێدی دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپک. لە ساڵی ١٩٨٣دا ڕیژیسۆر (لاش ریبودەلڤسۆن) شانۆی ئۆریۆن دادەمەزرێنێ و هەر خێرا خانووبەرەیەکی کۆنی کارگەیەکی گەورەی چۆڵکراویش لە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵمدا دەدۆزێتەوە.

ئەو کارگەیە دەبێتە مەڵبەندی ئەو تیپە و بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان کۆمەڵێ شانۆنامەی گرنگی تیا پێشکەش دەکرێت. نەمایشەکانی ئەم تیپە مۆرێکی ئەزموونگەری و شانۆیەکی وێنەیی و فیزیکی لە خۆدەگرێت. بینەران و ڕەخنەگرە شانۆییەکان کار و پرۆژەکانی ئەم تیپە زۆر بەرز دەنرخێنن. شانۆی ئۆریۆن بەلایەنێکی گرنگ و جیاوازی جووڵانەوەی شانۆ و بەشێکی گرنگی ژیانی کولتووری شاری ستۆکهۆڵم دادەنرێت. چالاکییەکانی ئەم تیپە تا ئێستا بەردەوامە و کارەکانیان بەهەمان شێوە لەسەر ئاستێکی بەرزی هونەریدا پێشکەش دەکرێت.



## شانۆی برونسگاتانی چوار

هونەرمەند (ئالان ئێدواڵ) ١٩٢٤ - ١٩٩٧ Allan Edwall کەسایەتییەکی شانۆیی دیاری ڕەوتی شانۆی سوێدی بوو. ئەم هونەرمەندە شانۆیەکی بچووکی تایبەت بەخۆی هەبوو بەناوی (شانۆی برونسگاتانی چوار). شانۆکەش لە خودی شەقامی برونسگاتانی ژمارە چواردایە و دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵمەوە.

ئالان ئێدواڵ نووسەر، ئەکتەر، ڕیژیسۆر و بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە دەبێت و هەر خۆی بەتەنیا پیەسەکانی دەنووسی، یاخود ڕاستەوخۆ لە شانۆی کلاسیکییەوە و لە دیدێکی نوێوە ئامادەی کردوون. هەر خۆیشی بەتەنها و لەو شانۆ زۆر بچووکەدا، ڕۆڵی هەموو کارەکتەرەکانی دەبینی و کاری ڕێژی و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سینۆگرافیا و کەلوپەل و رووناکی دەبرد بەڕێوە. زۆرجار ئەم هونەرمەندە کۆمەڵێ دەمامکی جۆراوجۆری بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی کارەکتەرە جیاوازەکانی.

شێوازەکانی کارکردن و هونەری نواندن لە لای ئەم هونەرمەندە تەواو بەپێچەوانەی تیپە ئەزموونگەرییەکانی تری ئەو قۆناغەی شانۆ دەبن لە ستۆکهۆڵم. بۆ نموونە مێتۆدەکانی قوتابخانەی ستانیسلاڤسکی بۆ هونەری نواندن بنەمایەکی پتەوی پرۆژە و کارە هونەرییەکانی ئالان ئێدواڵ بوون:

هەست و سۆزێک کاردانەوەیەکی دەرەکی هەیە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەبیرەوەرییەکانی ژیانی ڕابردوومانەوە. کردارە دەرەکییەکانیش دەبنە هۆی ڕەنگدانەوەی جووڵانەوە



ئالان و ئێدواڵ و شانۆی برونسگاتانی چوار
وێنەی: Mattias Edwall

ناوەکییەکان و وورووژاندنی یادگار و وێنەکان. ئەم هونەرمەندە لە بنەما سایکۆلۆژییەکانی شانۆوە کاری کردووە و سترکتۆرێکی واقیعیش دەکاتە بنەمایەکی گرنگ بۆ خوێندنەوەی ڕۆڵەکانی و هەمیشە دووپاتی ئەوەشی کردۆتەوە کە ئەکتەر و هونەرمەندی شانۆیی پێویستە بۆ قاڵبوونەوەی هەڵوێستە و حاڵەتەکان، هەر پێنج هەستەکەی بەکاربێنێت. شانۆنامە کلاسیکییەکانی گرێک، کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانی نووسەری بەناوبانگی ڕووسی (دۆستۆیڤسکی) و هەروەها (کافکا) بەشێکن لە پرۆژە دیار و زیندووەکانی ئەم هونەرمەندە.

ئالان ئێدواڵ لە ساڵی ١٩٨٦دا ئەو شانۆ ژوورە بچووکەی خۆی دادەمەزرێنێ. دیارە مەبەستەکانی ئەم هونەرمەندە لەو ژوورە بچووکەدا ئەوە بووە تا لە بنەماکانی شانۆیەکی ساکار بکۆڵێتەوە. ئەم شانۆیەش بەڕای ئەم هونەرمەندە ژوورێک، ئەکتەر، تێکست و بینەران توخمە گرنگەکانی پێکدەهێنێ.

## قەیرانی ئابووریی و نوشوستیی شانۆ

لە سەرەتای نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردووەوە، باری ئابووری وڵاتی سوێدیش وەک زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا، تووشی قەیرانێکی گران بووە. بێگومان ئەو قەیرانە ئابوورییەش ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی خراپی بەسەر ڕەوتی شانۆی سوێدییەوە دەبێت. زۆر تیپی بچووک و گرووپی سەربەستی شانۆیی دەرگاکانیان دادەخرێن.

شانۆکانی دەوڵەتیش دارایی و ئاستە ئابوورییەکانیان بەرەو دژواری دەچێت. بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ گرووپیش، بەکولەمەرگی بەردەوام دەبێت و چالاکییەکانیان سنوورەکانی وڵاتی سوێدیش دەبەزێنێ. لە نێو گرووپی هەشتاکاندا شانۆی گالیاسن و شانۆی ئۆریۆن تا ئێستا هەر بەردەوامن. هەروەها هەندێ گرۆی تریش دادەمەزرێ و هەندێکیان تا ئێستا بەردەوامن، لەوانە شانۆی (گیلیۆتین)، شانۆی (ترۆبناڵ) و هەندێکیش بەتەواوەتی دەرگاکانیان دادەخرێت، لەوانە شانۆی پلازا، گرووپی(٩٨).

شانۆی ترۆبناڵ ڕێچکەیەکی رامیاری و ئایدۆلۆژییەتێکی چەپڕەویان هەیە و بەرهەمەکانیشیان ڕەنگدانەوەیەکی ئەو ئایدۆلۆژییەتەیە. شانۆی گیلیۆتین لە ساڵی ١٩٨٩دا و لە ژێر زەمینێکی بچووکی پەنجا کورسیدا دادەمەزرێت. ئەم شانۆیە هەر لە سەرەتاوە گرنگی بەنووسەرانی نوێی شانۆ داوە و لەسەر ئاستی هونەریش میتۆدەکانی شانۆیەکی ساکار و ئەزموونگەری پەیڕەو دەکات.



لە ساڵی ٢٠٠١دا بارەگای شانۆکەیان دەگوێزنەوە بۆ شانۆی (دەمانچە)، دوای ئەوەی شانۆی دەمانچە بەرگەی قەیرانە ئابوورییەکە ناگرێت و بەتەواوەتی چالاکییەکانیان دەوەستێنن.

شانۆی گیلیۆتین لە لایەن ڕیژیسۆر (کییە بێرگلوند)ەوە دامەزراوە و تا ئێستاش تاکە ڕیژیسۆر و بەڕێوەبەری هونەری ئەم شانۆیەیە و توانیویەتی تۆڕێکی پەیوەندی گرنگیش لەگەڵ کۆمەڵێ وڵات و شانۆی تری ئەوروپی، لەوانە فینلاند، هۆڵاند و بولگاریا دروست بکات.

## شانۆی منداڵان

لە شەستەکاندا شانۆی منداڵیش هەروەک تیپ و گرۆ شانۆییە سەربەستەکان، بەگوڕ و تینێکی ترەوە دەردەکەوێتەوە. شانۆکانی سەر بەدەوڵەت بەشی تایبەت بەشانۆی منداڵان دەکەنەوە و گرۆ و تیپە شانۆییەکانی تریش چالاکی تایبەتی و هەروەها تیپی تایبەتیش بەمنداڵ دروست دەبێت. لەم قۆناغەدا هونەرمەندە شانۆییەکان شانۆ بۆ منداڵ و سەبارەت بەمنداڵ پێشکەش دەکەن. شانۆ بەشێوەیەکی بڵاو هەموو قوتابخانەکان دەگرێتەوە.

شانۆی دەوڵەت (ریکس) وەک شانۆیەکی گەڕۆکی نەتەوەیی، گرنگییەکی تەواو بەشانۆی منداڵ دەدات. هەر لە ڕێگای شانۆی ڕیکسەوە، شانۆیەکی گەڕۆکی منداڵان دروست دەبێت. پەیامی ئەم شانۆ گەڕۆکەش، وەک ستراتیژیەتی شانۆی ڕیکس ئەوەیە کە بەنەمایشە شانۆییەکانیان ڕوو بکەنە هەموو ئەو شار و شارۆچکانەی دەرەوەی شارە گەورەکان کە شانۆیان تیا نییە، تا هەموو گەنج و منداڵێک هەلێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندیکردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ شانۆدا بۆ بخوڵقێنێ. منداڵ تەنها پرۆژەیەکی (بەتەمەن بوون و گەورەبوون)ی مرۆڤ نییە، منداڵ بەشێکی گرنگی کۆمەڵە و پێویستە هەموو پێداویستییەکانی، وەک هەر مرۆڤێکی گەورە بۆ دابین بکرێت.

ڕێپێرتواری شانۆکانیش گۆڕانکارییەکی گەورە بەخۆوە دەگرێت. نەمایشەکانی شانۆی منداڵان چیتر سەرگوزەشتەی شازادە و چیرۆکە خەیاڵاوییەکان لە خۆ ناگرێت، بەڵکو شانۆی منداڵان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ژیانی منداڵان و گەنجەکان دەبێتەوە و ژیانی ڕۆژانەیان دەبێتە بابەتێکی گرنگی شانۆنامەکانیان. بۆ نموونە گیروگرفتەکانیان، پەیوەندییەکانیان بەدایک و باوکەوە، بەمامۆستا و قوتابییەکانی هاوڕێیانەوە دەبێتە توخمێکی گرنگی شانۆی منداڵان.

## شانۆی بووکەشووشە

شانۆی بووکە شووشە ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕەوتی شانۆی سوێدیدا هەیە و مێژووی دامەزراندنی یەکەم تیپی شانۆی بووکە شووشەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٨ . ئەم شانۆیەش هەر لە سەرەتاوە فۆرم و شێوازێکی تایبەتی بەخۆی پێکهێناوە. بۆ نموونە ئەکتەری شانۆیی، شان بەشانی بووکە شووشەی گەورە، یاخود بچووک لە یەک نەمایشدا و وەک یەکەیەکی هونەری یەکیان گرتۆتەوە.

هەندێ لە نمایشە بووکە شووشەییەکانی (تیپی بووکە شووشە) ناوبانگی جیهانیشیان بەدەست هێناوە. یەکێک لە گرنگترین نەمایشەکانی هەزارەی ڕابردووشیان، شانۆنامەی (ئوبوی پادشا)یە کە لە ساڵی ١٩٦٤دا لە ستۆکهۆڵم نەمایش کراوە. لەم نەمایشەدا یەکێک لە ئەکتەرە هەرە باشەکانی سوێد (ئالان ئێدواڵ) بەتەنها لەگەڵ کۆمەڵێ بووکە شووشەدا هەموو ڕۆڵەکان دەبینێت. هونەرمەندەکانی ئەم گرۆیە و لە ڕوانگەی بارستە و جۆراوجۆریەتی بووکە شووشەکانیانەوە، توانیویانە فۆرمێکی جیاواز و تایبەت بەخۆیان بەرەو پێشەوە بەرن. بۆ سەلماندنی دید و بۆچوونەکانیان لەو پرۆسە هونەرییەدا، زیاتر گەڕاونەتەوە سەر پیەسە کلاسیکییەکانی شانۆی جیهانی و دراما مۆسیقییە بەناوبانگەکان. بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە هاوکاری ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کۆمپۆسیتۆر و ئاوازدانەرەکانا کردووە و هەمیشە دانانی مۆسیقاکان تایبەت بووە بەکارەکان و بەهاو گرنگییەکی تایبەتمەندیان هەبووە.

## پیەس و درامای سوێدی

گەشەکردنی شانۆی شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو، کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و گەشبینانەی بەسەر شانۆنامە نووسەکانیشەوە دەبێت. هەر لەم قۆناغەدا شانۆکانی سوێد، بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوو دەکەنە پیەسە شانۆییە خۆماڵییەکانی خۆیان. بابەتی شانۆنامەکانیش زیاتر پشتی بەڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانی ڕۆژانە بەستووە. بۆ نموونە شانۆیەکی ڕامیاری وەک لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە دروست دەبێت، ئەم شانۆیەش بەهایەکی گرنگ لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگا و ژیانی خەڵکی و گیروگرفتەکانی ساندیکاکاندا دەدۆزێتەوە. ئەم شێوازەش نزیکە لە شانۆی تۆماری ئەڵمانییەوە، بەتایبەتیش لە لای ڕابەرانی شانۆی ڕامیاری (ئارڤین بسکاتۆر) و (برتۆڵد برێشت).



نووسەرانی وەک: (پێیر ئۆڵۆڤ ئێنکویست، پیتەر ڤایس و لاش ڤۆشێل) دەبنە دەربڕی شانۆیەکی ڕامیاری و هەروەها دەبنە بەشێکیش لەو نووسەرانەی کە ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری شانۆی داستانی برێشدا پیەسە شانۆییەکانیان نووسیوە. لە لایەکی دیکەشەوە (لاش نۆرێن) و (کریستینا لگن)، کە زیاتر دوو نووسەری لیریکی ئەو دەمەن (شەستەکان)، بەشانۆنامەکانیان گوزارشت لە مرۆڤ و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

بێ گومان هەر لەم قۆناغەشدا شانۆی مندالآن گەشە دەکات، پیەسەکانی (ستاڤان یۆتە، باربرۆ سمێد و مارگرێتە گەرپە) نموونەیەکی بەرزی ئەو تەوژمەن.

(لاش ڤۆشێل) لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٨ یەکێکە لە گرنگترین دەنگە شانۆییەکانی قۆناغی شەستەکانی ڕەوتی شانۆی سوێدی. ئەم نووسەرە لەبەر زۆری و جۆراوجۆریەتی پیەسە شانۆییەکانی زۆر زەحمەتە بخرێتە هیچ خانەیەکی دیاریکراوەوە.

لاش ڤۆشێل هەروەک شەکسپیر، جیهان بەشانۆیەکی گەورە و فراوان دادەنێت و هەموو مرۆڤایەتیش لەو شانۆ زەبەلاحەدا دەورەکانی خۆیان دەبینن. لەم شانۆیەشدا فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر هەموو یەکێک لە ئێمەوە هەیە بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکانمان. ئەم نووسەرە شانۆی ڕیالیزم و بنەما سایکۆلۆژییەکان بۆ ڕاڤەکردنی ڕۆڵەکان بەشانۆیەکی ساختە ناوزەد دەکات. گەر بمانەوێ شتێکی جیاواز، لە دیدی ئەم نووسەرەدا دابهێنین، ئەوا پێویستە لە بنەمایەکی شانۆییەوە، بەشانۆکردنی ڕووداوەکان و دوور لە بنەما ڕیالیزمییەکانەوە، بڕوانینە شانۆ و ڕۆڵی شانۆ.

لاش ڤۆشێڵ بەشانۆنامەکانی (پیاسەی ڕۆژانی یەک شەممان) ١٩٦٣، (کیژی مۆنتریاڵ) ١٩٦٧ ، کۆمەڵێ پیەسی تر شانۆی سوێدی نوێ دەکاتەوە.

لە زۆربەی شانۆنامەکانیشیدا بۆ نموونە کارەکتەری (لیبۆک) هەیە، وەک پارسەنگێکی گرنگی تەرازووە ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان بەکارهێناوە. بەڵام هیچ نووسەرێک لە شانۆی سوێدیدا هێندەی (لاش نۆرێن) لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٤ برەو بەڕەوتی شانۆی سوێدی نادات. زۆربەی ڕەخنەگرەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە لاش نۆرێن بەردەوامییەکی سروشتیی (سترێند بێری)یە. بێگومان وڵاتی سوێد ترادیشونێکی دێرینی لە بواری شانۆدا هەیە، ستریند بێری سەرەتای ئەو کاروانە دەست پێدەکات و لەم قۆناغەشدا بە(لاش نۆرێن) کۆتایی هاتووە.

(ئینگمار بێریمان)یش زنجیرەیەکی گرنگی ئەم کاروانەیە. ئەم سێ نووسەرە هەرسێکیان لە ڕوانگەیەکی قووڵی شانۆیەکی ڕیالیزمی سایکۆلۆژییەوە مامەڵەیان لەگەڵ چین و

خێزانە بۆرژوازییەکانی سوێد کردووە. مەسەلەکانی بوون، دڵەڕاوکێ، بەدمەستی، سێکس و سێکسەناسازی، دەسەڵات، باوک سالاری و پەیوەندییەکانی باوک و دایک بەمنداڵەکانیانەوە، پەژارە و مەسەلەکانی ژن و مێردایەتی بابەت و پێودانگە گرنگەکانی پیەسەکانیان بووە.

لاش نۆرێن زمانێکی شیعری بەرز و وێنەی ساکاری کاریگەر و فۆرمێکی زیاتر لیریک ئاسا دەبەخشێتە پیەسەکانی. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەم نووسەرە. لاش نۆرێن لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا، بەشیعر و لیریک دەست پێدەکات، ئەو مۆرکە شیعرییە ئێستا بەڕوونی لە بەرهەمە دراماییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها (ستاڤان یۆتە)ش لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٤، وەک نووسەرێکی شانۆیی ڕۆڵێکی ئاشکرای هەیە. ئەم نووسەرە، جگە لە نووسینی پیەسی شانۆیی، ئەکتەرێکی ناسراویشە. زۆر جار هەر خۆی بەکاری ڕیژی و نواندنی پیەسەکانی هەڵدەستێ. هەوڵەکانی سەرەتای ئەم نووسەرە لە حەفتاکان و لە ڕوانگەی شانۆی منداڵانەوە، شانۆی سەربەست و تیپەکانی دەرەوەی شارە گەورەکانەوە دەست پێدەکات.

پیەسە شانۆییەکانی ستاڤان یۆتە، ئێستا لە زۆربەی شانۆ گەورەکانی شارەکانی سوێددا پێشکەش دەکرێت. ستاڤان یۆتە گرنگییەکی زۆری داوە بەشانۆی منداڵ و ئەزموونی نووسینیشی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بوارە. ئەم نووسەرە زۆر جار ڕاستەوخۆ بۆ گرووپ و تیپە شانۆییەکان پیەسەکانی نووسیوە. دنیای منداڵان لە پیەسەکانیدا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و ئەو دنیایەشی لە دیدی منداڵ خۆیەوە بەرجەستە کردووە.

هەندێ لە پیەسەکانی ئەم نووسەرە بۆتە شاکاری کلاسیکی و لە زۆربەی وەرزە شانۆییەکاندا دووبارە پێشکەش دەکرێنەوە. زۆر جار پیەسەکانی، جگە لە دنیای منداڵ، لە زنجیرەیەکی سێیینەییدا، باس لە کۆمەڵگا و بنەماکانی خێزان و یادەوەرییەکانی دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٣شدا تێکڕای پیەسەکانی ستافان یۆتە و لە بەرگێکی قەشەنگدا بڵاودەکرێنەوە.

پەراوێز

(١) پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٦٦دا و لەسەرشانۆی دویک لە لەندەن شانۆنامە بەناوبانگەکەی (ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) دژی جەنگی ڤێتنام پێشکەش دەکات.

# بەشی دووەم

شانۆیەکی پادشایەتی

وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، مێژووی شانۆیەکی نەتەوایەتی سوێدی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی شانۆی پادشایەتی و شا گۆستاڤی سێیەم. ئەم شانۆیەش لایەنێکی گرنگی ڕەوتی شانۆی سوێدییە و تا ئێستاش بەردەوامە. شانۆی پادشایەتی لەم ڕەوتە مێژووییەدا بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و گۆڕانکارییەکانیش هەموو لایەنەکانی ئەم شانۆیەی گرتۆتەوە. ئەمە جگە لەوەی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر تێکڕای ڕەوتی شانۆی سوێدییەوە هەبووە و هەیە. بێگومان هەر سەردەمەش مۆرک و شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە لە ڕووی: هەڵبژاردنی شانۆنامەکان، شێوازی کارکردن و ئەو هونەرمەندانەش کە کاریان کردووە. بەم شێوەیەش چالاکییەکانی شانۆی پادشایەتی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی سەردەمەکان بووە.

لەم بەشەشدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەک لە نەمایشەکانی دوا ساڵانی هەزارەی ڕابردوو، سەرەتاکانی ئەم هەزارەیە و هەندێ لە تیپ و گرووپە میوانەکانی دەرەوەی وڵاتی سوێدیش بۆ شانۆی پادشایەتی بهێنینەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێ لە چالاکییەکانی شانۆی درۆتنینگهۆڵم و ئۆپێرای پادشایەتیش بەسەر دەکەینەوە. ئۆپێرا و هونەری ئۆپێراش لقێکی گرنگی ئەم نەخشە کولتوورییە نەتەوایەتییەی شانۆی سوێدە و دوو کۆشکی شاهانەی ڕازاوەشیان بۆ بنیاتنراوە: ئۆپێرای پادشایەتی شانۆی درۆتنینگهۆڵم.



## بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە

شانۆیی: بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە Se dig om i verde

نووسینی: جۆن ئۆزبۆرن John Osborne

ڕیژی: کریستیان تومنێر Christian Tomner

سینۆگرافیا: سێنورێن برونیۆێس Soren Brunes

شانۆی: دراماتن Dramaten, Malarsalen

شانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە......!)[1] هاوارێکی تووڕە، ڕاچڵەکینێکی توند و هەنگاوێکی نوێ بوو لە پەنجاکانی شانۆی ئینگلیزدا.

(جۆن ئۆزبۆرن) ١٩٢١ – ١٩٩٤ بەو پیەسە شانۆییە نەک تەنها شانۆی ئینگلیزی، بەڵکو تێکڕا شانۆی ئەوروپی ڕاچڵەکاند. هەر لە پەنجاکانی هەزارەی ڕابردوودا، ڕەخنەگرەکان، بەبێ گومان ئاماژەی ئەوەیان کرد کە شانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە دواوە بدەرەوە) یەکێکە لە باشترین پیەسە گەنجەکانی شانۆی ئینگلیزی. جۆن ئۆزبۆرن لە دیدێکی جیاوازەوە، لە ڕوانگەی زمانێکی ڕاستەوخۆ و ساکاری ژیانی ڕۆژانەوە، دەرگایەکی نوێی بەڕووی هەموو گیروگرفت و ڕەوتی شانۆی ئینگلیزیدا کردەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەڕووی ئەو نەوە نوێیەی کە گەرەکی بوو لە ڕێگای نووسینی پیەسی شانۆییەوە، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شانۆ و کۆمەڵگای ئینگلیزیدا بەرپا بکات. بەوەش نەوەیەکی نوێ، چینێکی جیاوازی نوێی درامانووس و هەروەها تەکنیکێکی نوێی نووسینیش دەرکەوت.

جۆن ئۆزبۆرن سەرەتای هەنگاوەکان بوو، دوای ئەو هارۆڵد پینتەر، ئارنۆڵد ڤێسکێر و چەندەها نووسەری تر برەویان بەو شۆڕشە دراماتیکە نوێیە دا.

بەو چەشنە جۆن ئۆزبۆرن جێگایەکی تایبەتی لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزیدا بەدەست هێنا. ڕەخنەگرەکان ئەو بزووتنەوەیەی جۆن ئۆزبۆرنیان ناو نا (ڕیالیزمی دەست شۆر) Diskbanksrealismen لەو ڕووەوەی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگای تیا بەرجەستە بووبوو.

گرنگی ڕەوت و هاوارە تووڕەکەی ئۆزبۆرن لەوەدا بوو کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە زمانی حاڵ و دەربڕی نەوەیەکی نوێی تووڕە و لە هەمان کاتدا سەرگەردانی ناو هۆکارەکانی

دوای جــەنگی جــیــهــانی دووەم. نەوەیەکی بێــدەرەتان کــە لە نێــوان واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیاردا ســەری لێــشــێــوا بوو: بێکاری، کاریگەرییەکانی جەنگ، وەستانی هەموو جۆرە گەشەکردنێکی کۆمەڵگا و دروستبوونی هێز و چەکی گەورەی ئەتۆمی جیهانیش، ترسێکی گەورەی دروست کــردبوو. بەکــورتی لەو بار و دۆخەدا، شانۆنامەکە بووە هاوارێکی تووڕە و ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای بێــزاری، نوشــوســتی و هەرەسی نەوەیەکی گومبووی دوای جەنگ.



وێنەیەک لە دیمەنی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە!)
وێنەی: Roger Stenberg

(بــەتــووڕەیــی ئــاوڕێــک لــە دواوە بدەرەوە) بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ٨ی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٥٦دا لەسەر شــانۆی (ڕۆیاڵ کــۆرت)(٢) Royal Court لە لەندەن نەمــایش دەکــرێت. سـەرەتا ڕەخنەگـرە شـانۆییـیـەکـان پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکەن. بەڵام تەنها دوای یەک هەفتە، نەڕەی ئەو شانۆگەرییە، ئەو گەنجە تووڕەیە هەموو کۆمەڵگای ئینگلیزی دەگرێتەوە. جۆن ئۆزبۆرن دەبێتە نووسەرێکی ناسراوی نەک تەنها شانۆی ئینگلیزی، بەڵکو تێکڕای شانۆی ئەوروپی. ئەم نووسەرە ئەو کاتە تەمەنی تەنها ٢٦ ساڵ بوو. بەم شێوەیەش دەنگی لاوێکی ئاسایی بووە دیاردەیەکی مێژوویی لە هەموو شانۆی ئینگلیزیدا.

نووسەر و ڕەخنەگری شانۆی ئینگلیزی کێنێت تینان Kenneth Tynan سەبارەت بەپیەسەکە لە یەکێک لە گۆشەکانی ڕۆژنامەکەیدا دەڵێت: (جیمی(٣) لە دوای هاملێتەوە کارەکتەرێکی تەواوەتی و بێ کەم و کوڕی و هەڵەیە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، هەموو شتێک لەو کارەکتەرەدا هەیە.) وتارەکانی تینان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە بەناوبانگکردن و



بەجیهانیکردنی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە)، تینان لە کۆتایی یەکێک لە وتارەکانیدا سەبارەت بەجۆن ئۆزبۆرن و شانۆنامەی ئاماژەپێکراو دەڵێت: ( من لەو باوەڕەدا نیم بتوانم کەسێکم خۆش بوویت کە نەیەوێت ئەم نمایشە ببینێ. ئەمە باشترین پیەسی گەنجی ئەم سەدەیە). جۆن ئۆزبۆرن بەر لە نووسینی ئەو پیەسە، ماوەیەکی زۆری ژیانی لەگەڵ گرۆ شانۆییە گەڕۆکەکاندا بەسەر بردبوو. دیکۆری ڕەنگ کردووە، بەرهەمهێنەور و هەندێ جاریش وەک ئەکتەر و نووسەری هاریکاری کردووە. (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە) Look back inanger یەکەم پیەسی درێژ و تەواوەتی جۆن ئۆزبۆرن دەبێت.

جۆن ئۆزبۆرن هەر زوو هەست بەوە دەکات کە ئەم پیەسە لە بەرهەم و نووسینەکانی تری ناچێت. یەکەم گرفتیشی ئەوە دەبێت کە چۆن بتوانێ ئەکتەرێک بدۆزێتەوە ڕۆڵی (جیمی پۆرتەر) ببینێ، بەبێ ئەوەی هەستی بینەران بەلای ڕابکێشێ.

بەو چەشنە جۆن ئۆزبۆرن دوای نەمایشکردنی شانۆنامەکەی و لە شەستەکاندا بووە یەکێک لە شانۆنامە نووسە هەرە دیارەکانی ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی ئینگلیزی. دوای (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە) کۆمەڵێ پیەسی تر دەنووسێ، لەوانە Luther ئەم پیەسەش سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و لە ئەنجامیشدا دەبێتە فیلم. لە ساڵی ١٩٦٥یشدا بۆ یەکێک لەو فیلمە سینەماییەنەی نووسیبووی خەڵاتی ئۆسکار وەردەگرێت. جۆن ئۆزبۆرن زیاتر لە نووسین و بڵاوکردنەوەدا بەردەوام دەبێت، بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی شەست و حەفتاکاندا بەرهەمێکی زۆر بڵاودەکاتەوە. هەروەها دواتر هەموو ساڵێک پیەسێکی شانۆیی تازەی پێشکەش دەکات.

جۆن ئۆزبۆرن دواتر لە ساڵی ١٩٨١دا بەشی یەکەم لە یاداشتەکانی بڵاودەکاتەوە (A better class of person). لەو یاداشتانەدا بەئاشکرا ئاماژە بەڕۆڵی ڕاستەوخۆی دایکی لە ژیانیدا دەکات: ( دایکم هیچ هەست و سۆزێکی بۆ من نەبووە. دایکم ئافرەتێکی زۆر سارد و سەرقاڵ بوو بەژیانی خۆیەوە.) هەروەها هەر لەو یاداشتانەدا لە لایەکی دیکەوە هێرش دەکاتە سەر دایکی و بەوە تاوانباری دەکات کە دایکێکی باش نەبووە و ئەوی بەشێوەیەکی باش، وەک دایکێکی جگەر سۆز پەروەردە نەکردووە. جۆن ئۆزبۆرن تەمەنی تەنها دە ساڵ دەبێت کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، بەمردنی باوکیشی بۆشاییەکی گەورە لە ژیانی ئەو لاوەدا بەجێ دەهێڵێ. بۆشاییەک و هەست و سۆزێک کە هەرگیز لای هیچ کەسی تر نایدۆزێتەوە. دە ساڵ دواتر بەشی دووەمی یاداشتەکانی -Al

most agentleman بڵاودەکاتەوە. بەشێکی زۆری ئەم یاداشتانە بۆ بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ئافرەت و ژنەکانی تەرخان دەکات. ئەو ئافرەتانەی هاتوونەتە ژیانییەوە بەسارد و سڕ، زۆر بێ هەست و هۆش، دوور لە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەوە تاوانبار دەکات. هەروەها لە بەشی دووەمدا و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پانتاییەکی تەواو بۆ بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ژنی دووەمیدا تەرخان دەکات. ژنی دووەمی جۆن ئۆزبۆرن لە ساڵی ۱۹۹۰دا کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت. جۆن ئۆزبۆرن دوای تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر کارەساتی مەرگی ژنی دووەمیدا و لە ساڵی ۱۹۹٤دا کۆچی دوایی دەکات.

## بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە باسی چی دەکات؟

ئەم نووسەرە بەهەموو شێوەیەک دژی هەموو جۆرە دابەشکردن، بوونە ئەندام و گرووپکارییەک بووە. ئەو تەنها مەبەستی ئەوە بووە نوشوستی نەوەکەی خۆی و دەردەکانی کۆمەڵ دەربخات.

کێشە و ناتەبایی ژن و مێردێک بۆتە بەشێکی گرنگی دەربڕینەکانی:

جیاوازی بیروڕا، بۆچوونەکانی ژیان و دەوروبەر، جیاوازی چینایەتی و پەیوەندییە سێکسییەکان شانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە) پێک دەهێنێ. کارەکتەرکان لەم شانۆنامەیەدا بزوێنەرێکی سەرەکی ڕووداوەکانن، نەک ڕووداوەکان بزوێنەری کارەکتەرەکان بێت. کارەکتەرەکان (کاسایەتییەکان) لە چەقی ڕووداوەکاندان و پێناسەی مێژوو، نەوەیەک و ڕابردوویەکی نەگۆڕی بۆگەن دەکەن. (جیمی) گەنجێکی شۆڕشگێر بوو. توانی پێناسەی ڕۆحی ڕۆژگارەکەی خۆی بکات. بەو شێوەیە جیمی توانی ببێتە سمبولێک بۆ (گەنجە تووڕەکان). گەنجە تووڕەکانیش بەزۆری پێکهاتبوو لە چینە کرێکارەکەی کۆمەڵگای ئینگلیزی. ئەو گەنجە تووڕانە بەڕووی جیاوازییە گەورە چینایەتییەکاندا هەڵشاخان و دەنگی خۆیان لە نەڕەی تووڕەی (جیمی)دا دۆزییەوە.

لە ساڵەکانی ۱۹۹۰دا شانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە) بەباشترین پیەسی شانۆیی هەزارەی ڕابردوو هەڵدەبژێردرێت. (کریستیان تۆمنەر) Christian Tom-ner ڕیژیسۆری ئەم شانۆنامەیە لە دراماتن، لە پرۆگرامی شانۆییەکەدا دەڵێت:" من پرۆژەکەم بەئامادەکردنێکی پیەسەکە دەست پێکردووە. بەر لە هەموو شتێک زۆر شتم لابردووە. بەتایبەتی ئەو شتانەی لە ڕۆژنامەکانی ساڵی ۱۹۵٦ی بەریتانیادا جێگای گرنگی پێدابوون، ئەو ڕوونکردنەوانەی کاریگەرییەکی خێرا و خورپە ئاسایان هەبووە.



بەڵام ئەو شتانە بۆ بینەرێکی سویدی ساڵی ۲۰۰۱ هیچ گرنگیان نابێت. یەکێک لە کارەکتەرەکان بەتەواوەتی وەلانراوە(٤)، لە بری ئەوە ژیانی چوار مرۆڤی گەنج و پەیوەندییە خودییە زۆر تایبەتییەکان دەخرێتە ڕوو. من و گرووپەکە سەرەتا کۆمەڵێ پرسیاری بنەڕەتیمان خستە ڕوو، بۆ نموونە بۆچی (کلیف) لەگەڵ (جیمی و ئالیسن) دەژی؟ هەرچەندە ئەو دووانە ژن و مێردی یەکترین. بۆچی ئالیسن چاوبازی لەگەڵ کلیف دەکات؟ بۆچی ئالیسن دەستە خوشکەکەی (هێلێنا) پەلکێشی ناو خێزانەکەیان، دواتریش جیمی مێردی دەکات؟ ئێمە هەموومان لە بڕوایەکی تەواوداین کە ئەو چوار مرۆڤە گەنجە لە پەیوەندییەکانیانا بەیەکترییەوە، لەو ژیانەی لەبەردەمیاندایە، لە دڵە ڕاوکێکانیاندا، هەمان هەست و سۆز، هەمان ترس و ئەو پرسیارانەیان هەیە کە تا ئێستاش زۆر لە ئێمە هەمانە. ئەوان گەیشتوونەتە بەر ئەنجام و خاڵێک، ژیانی هەرزەکاری بەسەر چووە و مرۆڤ لە ژیانی ئایندە و چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو ژیانە ورد دەبێتەوە: (مرۆڤ دەبێت منداڵ دروست بکات، ئەوەش وەک مەسەلەیەکی گرنگی ژیان چی دەگەیەنێ؟ چ خەونێک لە خەونەکانم دەبێت وەلاوەنێم و لە بیر خۆمی بەرمەوە؟ ئایا من خۆم ژیانی خۆم دەستنیشان دەکەم؟ بە چ شێوەیەک دەتوانین ئەو هەستە بەدەست بهێنین... ئەو هەستەی کە من خۆم ئایندەی خۆم دەخوڵقێنم.)

## بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە...! نەمایشێکی سەما ئامێز

بەها و گرنگی کارەکتەری (جیمی پۆرتەر) لەوەدا نەبووە تەنها ببێتە زمانحاڵی وەچەیەک، بەڵکو لە پاڵ ئەو ڕۆڵە گرنگە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەشدا، فۆرمێکی نوێی پیەسی شانۆیی خوڵقاند. شوقەیەکی یەک ژووری بووە مەیدانێکی فراوان، کۆمەڵێ گفتوگۆی گرنگ سەبارەت بەخۆشەویستی، جیاوازی چینایەتی، سێکس و منداڵ لەبارچوون. (گەنجە تووڕەکان) وەک تەوژمێکی کۆمەڵایەتی بووە چەمکێکی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەیەکی ڕامیاری پەنجا و شەستەکانی ئینگلیستان. گۆڕەپانەکەش تەنها ڕووبەرێکی تەسکی باڵەخانەیەکی یەک ژوورییە. لەو ڕووبەرە تەسکەدا هەموو جیاوازییە چینایەتییەکان وەک هەرەس، بێ ئومێدی، تەوژمێکی ڕامیاری نەگونجاو، پەیوەندی ژن و مێردایەتی، ئایندە، سێکس و هەموو ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگای تێدا جێگا بۆتەوە. ژوورەکەی (جیمی) دەبێتە ئاوێنەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕیالیزمی ئەو کۆمەڵگایە و دەنگێکی ڕەسەنی گەنجە تووڕەکانیش. (کریستیان تۆمنەر) لە دیدێکی زیرەکانەی ڕیژییەوە ئەو

پیەسەی کردۆتە وزەیەکی بەهێزی تووڕە. لەو وزەیەدا شانۆیەکی فیزیکی، گەمەیەکی کۆمیدی بزۆز، شێوازێکی گاڵتە ئامێز، ڕوونکردنەوەی یان بەرجەستەکردنی هەڵوێستە سێکسییەکان، بەئاشکرا و لە فۆرمێکی شانۆیی باڵادا بەرجەستە دەکات. هەرچەندە شانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) هێز و وزەی پەنجاکانی تیا ماوە. بەڵام فۆرم و تەکنیکی شانۆییەکە هەندێ کۆن بووە و ڕۆژگاری بەسەر چووە. کارەکتەرەکان چوونەتە تەمەنەوە، بەڵام توانای ڕیژیسۆرێکی وەک (کریستیان تۆمنەر) ئەو پیەسە، ئەو فۆرم و کارەکتەرانە دەکاتە نەمایشێکی تر، نەمایشێکی سەما ئامێزی بەرز. لەو نمایشەدا، سەما، کۆمیدیا، تراژیدی و دەروونێکی تووڕەی هەڵەشە دەبێتە توخم و وزەیەکی بەهێز.

(زەمەن و شوێن) وەک هاوکێشەیەکی جیاواز لەم نمایشەدا دەبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو، لە هەمان کاتیشدا سمبولێکی ڕامیاری / کۆمەڵایەتی. لەو سمبولەدا کەسایەتییەکان دەبنە وێنەیەکی هەستپێکراوی ئاشکرا، وێنەیەک بەئاسانی دەبێتە ئاسۆگەی دەربڕینێکی گران. لەو دەربڕینەشدا ئازارەکانی جیمی پۆرتەر، دەروونە هەڵچووەکەی، هاوارە بێزارکەرەکەی و هەڵسوکەوتە ئاژەڵییەکەی دەبێتە وێنەیەکی فیزیکی، شانۆیەکی وێنەیی و ئاستێکی بەرزی نواندنێکی قووڵی سەمائامێز.

## شوێن/ سینۆگرافیا

هەمیشە خولّقاندنی سینۆگرافیا و بەکارهێنانەکانی مەودایەکی گرنگن بۆ ڕوونکردنەوە و خوێندنەوەی نەمایشێکی شانۆیی. بیرۆکەی دروستکردنی سینۆ گرافیاش لەم نمایشەدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەخوێندنەوەی ڕیژیسۆرەوە.

ڕیژیسۆر و سینۆگراف لەسەر هەمان هێڵ و بیرۆکە بۆچوون و هزری خۆیان لە هاوکێشەیەکی ئێستاتیکیدا بەرجەستە دەکەن. لەم ڕوانگەیەشەوە بەرجەستەکردنی سینۆگرافیای نەمایشی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە)، پێکداچوونێکی یەکگرتووی تێڕوانینەکانی ڕیژیسۆر و سینۆگراف پێکدەهێنێ. سینۆگراف ژوورێکی خولّقاندووە، پانتاییەک بۆتە گۆڕەپانێکی گرنگی بەرجەستەکردنی ئەو کێشە دژوارانە.

هونەرمەند (سێورێن برونیۆێس) بینەرانی بەبەرزاییەکەوە، لە دوو لاوە، خزاندۆتە نیو پانتاییەکی تەسکەوە. کورسی دانیشتنەکان هەندێ ناڕەحەتە و جوگرافیای هۆڵەکەشی پێچەوانە کردۆتەوە. پانتاییەکی گەلێ فروانیش (هۆڵ و لە پشتەوە و لە ڕاڕەوێکی



پێکەوە) بۆتە خودی سەکۆی شانۆکە. بینەران لە پشتەوە و لە ڕاڕەوێکی تەسکەوە بەڕێ دەکەون بۆ جێگاکانیان. لە سەرەتادا دیوارێکی بەرزیش بەڕووی بینەراندا هەڵچنراوە.

لەگەڵ دەسپێکردنی نەمایشەکەدا دیوارە بەرزەکەی نێوان بینەران و تەختەی شانۆ، زۆر خێرا و لە چاوتروکانێکدا دادەڕمێ و دەبێتە بەشێک لە ڕووبەری شانۆکە. سینۆگرافیا دەبێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ئەزەلی. لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا کێشەکان دەبنە سەما و سەماش دەبێتە ئامرازێکی گرنگی دەربڕین. مێزی ئوتوو، ژووری نووستن، کورسییە قووڵەکانی دانیشتن و پەنجەرە و پانتەییەکی تری بەرزی گوێسەبانە ئاسا. هەندێ جار ئالیسن، وەک نوێنەری چینە بەرزەکەی کۆمەڵ، لەو دیوی پەنجەرەی گوێسەبانەکەوە دەبێتە وێنەیەکی تەڵخی بەر باران.

ئامادەکردنەکەی کریستیان تۆمنەریش، بەبێ ئەوەی پیەسەکە بشێوێنێ، هەندێ لە چەمکە گرنگەکانی (پەنجاکانی) پیەسەکەی هێدی کردۆتەوە. ئەو هێدی کردنەوەیە بۆتە هۆی بنیاتنانەوەیەکی تری سەرلە نوێی سترکتۆری پیەسەکە. پیەسەکە دەبێتە نمایشێکی جووڵەی جەستە و دەربڕینێکی فیزیکی پێودانگە گرنگەکانی پێک دەهێنێ.

## خەون بەپایزەوە

## ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان لە ڕوانگەی مەرگەوە

پیەسی: خەون بەپایزەوە Drom om hosten

نووسینی: یۆن فۆسێ Jon Fosse

ڕیژی: ستێڤان لارسۆن Stefan Larsson

شانۆی: دراماتن Dramaten. Malarsalen



دیمەنێک لە شانۆنامەی (خەون بەپاییزەوە)
وێنەی: Roger Stenberg



### سەرەتا

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا نووسەرێکی گەنجی نەرویژی زەمینەیەکی لەبار و فراوانی بەخشیوەتە پانتاییەکانی شانۆی جیهانی. لەم جیهانە نوێیەدا هەناسەیەکی جیاوازی بێکێتی، چارەنووسی ئادەمیزاد و پرسیارەکانی تری بوون، نەبوون و چەمکەکانی (مەرگ) دەبێتە هاوکێشەی پرۆسەیەکی نوێی شانۆیی.

(یۆن فۆسێ) Jon Fosse ئەم گەنجە شاعیرە لە باکووری ئەورووپاوە، لە وڵاتی نەرویژی ئەسکەندەناڤیاوە، برەو بەپەیامە شانۆییەکەی(هێنریک ئیبسن)[٥] ١٨٢٨-١٩٠٦ دەدات.

ئەمڕۆ پیەسە شانۆییەکانی یۆن فۆسێ لەسەر زۆربەی شانۆکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا پێشکەش دەکرێت. تەنها ساڵی دوو هەزار و یەک لە سی شانۆی جۆراوجۆری شار و پایتەختە ئەورووپاییەکاندا نەمایش کراوە.

ئەڵمانیا وەک مەڵبەندێکی هەمیشەیی و گرنگی شانۆی ئەورووپی، بەر لە وڵاتانی تری ئەورووپا، درک بەگرنگی ئەو هەناسە نوێیە، ئەو تەکنیکە جیاواز و دیدە شانۆییەی یۆن فۆسێ دەکات. شانۆ گرنگەکانی بەرلین، بۆن، هانۆڤەر و زۆربەی شارە گەورەکانی تری ئەڵمانیا بەپەرۆشەوە بەپیر یۆن فۆسێ وە دەچن.

گرووپە ئەزموونگەرییەکانی ئەڵمانیا، بەر لە هەموو شانۆکانی تر لە پێشبڕکێی پێشکەشکردنی ئەو جیهانە نوێیەدا دەبن. هەر لەم ڕووەوە بەدرێژایی ساڵانی دوو هەزار و یەک و دوو هەزار و دوو، زۆربەی پیەسەکانی یۆن فۆسێ لە سەرانسەری ئەڵمانیادا پێشکەش کراون. بەمەش ناوبانگی ئەم شانۆ نووسە گەنجە، لە دەروازەی شانۆکانی ئەڵمانیاوە، شان بەشانی (هێنریک ئیبسن) هەموو سنوورەکان دەبەزێنێ.

### چەردەیەکی کورت لە ژیانی یۆن فۆسێ

یۆن فۆسێ لە ساڵی ١٩٥٩ لە (هێگستوند) لە وڵاتی نەرویژ لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٨٣دا یەکەم بەرهەمی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەرهەمەکانی شیعر، لیریک، ڕۆمان و شانۆنامە دەگرێتە خۆ. یۆن فۆسێ دادەنرێت بەیەکێک لە گرنگترین دەنگەکانی ئەمڕۆی ئەدەبی نەرویژی. تا ئێستا چل بەرهەمی چاپکراوی لە (ڕۆمان، کورتە چیرۆک، دیوانی شیعر، کتێبی منداڵان، وتاری ڕەخنەیی و شانۆنامە)ی بڵاوکردۆتەوە. بەرهەمەکانیشی وەرگێڕدراوەتە سەر بیست و چوار زمانی جیهانی.

لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ بەرهەمە شانۆییەکانی یۆن فۆسێ بەها و گرنگییەکی بێ هاوتای پێدراوە. تا ئێستا چەندین سیمیناری تایبەتی سەبارەت بەئەدەب، شانۆ، تەکنیک و زمانی شانۆیی بۆ پرۆژەکانی یۆن فۆسێ سازدراوە. لەم سیمینارانەدا جیهان و پیەسە شانۆییەکانی وەک وەرچەرخانێکی گرنگ ئاماژەی بۆ کراوە.

ئەم نووسەرە گەنجە تا ئێستا چەندین پاداشتی ئەدەبی گرنگی وەرگرتووە، لەوانە پاداشتی ئیبسن، پاداشتی شانۆ نووسانی باکوری ئەوروپا، پاداشتی کولتووری ئەسکەندەناڤیا و زۆر پاداشتی تریش.

## لە گومانەوە بۆ باوەڕ

یۆن فۆسێ لە سەرەتای هەشتاکانی هەزارەی ڕابردووەوە دەستی کردووە بەنووسینی شیعر و لیریک. شانۆ هێندە جیهانێکی سەرنج ڕاکێش نەبووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو شانۆ لە لای ئەم نووسەرە بریتی بووە لە کردەیەکی بێ هوودە و حەزێکی بێ هیوا. ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانیشە ئەوەیە کە هونەری (نواندن) لە لای یۆن فۆسێ هونەرێک بووە کە جێگای هیچ بڕوایەک نەبووە، هونەری نواندن زیاتر وەک کردەیەکی لاسایی ئامێز تەماشاکراوە. بەم شێوەیەش ( هونەری شانۆ و نواندن) هیچ بەها و سەربەخۆییەکی تایبەتی لە لای یۆن فۆسێ نەبووە. هەر لەم دەروازەیەوە ئەکتەریش شایانی ئەو بڕوایە نەبووە تا بتوانێت لەسەر شانۆ ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێ. بەڵام ئەم تێڕوانینە هەڵە و گومانە گەورەیە سەبارەت بەڕۆڵی شانۆ و هونەری نواندن بەرێکەوت گۆڕانکاری بەسەردا دێت. شانۆ دەبێتە گرنگترین پرۆژەکانی و لەم بوارەدا دەبێتە خاوەنی داهێنانی گەورە. یۆن فۆسێ سەبارەت بەئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی لە جیهانی شانۆدا دەڵێت: (هەمیشە هەوڵم داوە بەنووسینەکانم بژێوی ژیانم دابین بکەم. بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکاندا هیچ داراییەکی ئەوتۆم نەبوو پێی بژیم، لەم کاتەدا داوام لێ کرا بەچەند هەزار کرۆنێک هەندێ تێکستی کورت بۆ شانۆیەک بنووسم. ئەمەش یەکەم جارم بوو دەیالۆگێک بۆ کارەکتەرێک بنووسم. ئەم ئەزموونە تەنانەت بۆ خۆشم بووە جێگای سەرسوڕمان و جیهانێکی تری بۆ من، وەک نووسەرێک کردەوە، لەم ڕێگایەشەوە توانیم ڕووبەڕووی ئەو شتانە ببمەوە کە لەوەوبەر بەدوایاندا دەگەڕام.)[٦]

شانۆی نەرویژیش هەر زوو لەسەر هەموو ئاستەکان هەست بەگرنگی ئەم تەقەلایە دەکەن و بەپیر ئەم ئەزموونە نوێیەوە دەچن. پشتگیری لێ دەکەن، هانی دەدەن و پیەسەکانی



پێشکەش دەکەن. دوای ئەوە خێرا، ئەو هەنگاوە پەرە دەسێنێ و پیەسەکانی (یۆن فۆسێ)ش لە دەرەوەی سنووری وڵاتی نەرویژ پێشکەش دەکرێت. بەو شێوەیە هەوڵێکی سەرەتایی دەبێتە وێستگەیەکی گرنگی دامەزراندن. دامەزراندنی شێوازێکی نوێ، تەکنیکی جیاواز و سەرەتایەکی تر بۆ بەرجەستکراو لەسەر شانۆ.

بەم شێوەیە ئەم نووسەرە لە شانۆ نزیک دەبێتەوە و وزە و هێزێکی گەورەشی پێ دەبەخشی. لەم ڕووەوە یۆن فۆسێ سەبارەت بەنەمایشێکی سەرکەوتوو دەڵێت:( لە هەندێ بریسکەی چڕی چاوتروکانێکدا، شتێک لە نەمایشەکەدا بەشێوەیەکی نادیار ڕوو دەدات. شتێک هەست و سۆزێکی چڕی ئەو ساتە وەختە کۆی دەکاتەوە و هەموو جەستە و گیانم پڕ دەکات. ئا لەو کاتەدا فریشتەیەک بەسەر شانۆکەدا تێپەڕ دەبێت. فریشتەکە وەک بوونێکی گەورە و هێزێکی نادیار، بەخێراییەکی سەیر نزیک دەبێتەوە. هەر بەو شێوە نادیارەش و بەخێرایی بەنێو تێکست، ئەکتەرەکان و شانۆکەدا تێدەپەڕێت، بەهەمان شێوەی نادیاریش ون دەبێت. هەموو شتێک لە چاوتروکانێکدا کۆتایی پێدێت.)[٧]

## چەمکەکانی شانۆی یۆن فۆسێ

باسکردن لە شانۆی یۆن فۆسێ نزیکبوونەوە و باسکردنیشە لە پرسیارە گرنگەکانی بوون و نەبوون ، ژیان و مەرگ. باسکردنە لە نزیکبوونەوەی جیهانێکی تر، جیهانێک لە پشت جیهانە بینراوە تەبا و ئاشکراکەی ژیانی ڕۆژانەمانەوە.

چەمکەکانی (کات) لەم جیهانەدا لە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا پێکدادەچێت و یەکەیەکی تری فەلسەفی، هونەری و جیاوازمان بۆ دەخولقێنێ. ئەم پێکداچوونەی چەمکەکانی کاتیش بونیادی بەشێکی زۆری پیەسەکانی یۆن فۆسێ پێکدەهێنێ. لەم پێکداچوونەدا مرۆڤ بەر لە هەموو شتێک ڕووبەڕووی خۆی، مەرگ و ژیان دەبێتەوە. (مەرگ) وەک دینامۆیەکی گرنگی بەگەڕخستنی ژیان، دەبێتە یەکەیەکی گرنگ و بە بەهای میتۆدەکانی ئەم نووسەرە. ئاستە جیاواز و پێکداچووەکانی کاتیش بەرجەستەی بەشێکی گەورەی چەمکەکانی مەرگ و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بەرجەستە دەکات. دوا بەرهەمی شانۆیی یۆن فۆسێ گەڕانەوە و پێداگرتنێکی ڕاستەوخۆی چەمکەکانی مەرگە. شانۆنامەی (شێوازەکانی مەرگ)[٨] بەگەڕانی ژنێکی بەتەمەن بەدوای مێردەکەی پێشوویدا دەست پێدەکات. ئەم ئافرەتە دەیەوێت هەواڵی خۆکوشتنی کچەکەیان بەمێردە کۆنەکەی ڕابگەیەنێت.

پیەسەکە باسی کچێک دەکات کە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. باسی دایک و باوکی ئەو کچە دەکات کە ناتوانن بڕوا بکەن کە کچەکەیان بەیەکجاری ماڵئاوایی لێ کردوون. (کات)یش مەسەلەیەکی گرنگی بابەتی پیەسەکەیە. کچە مردووەکە خۆی هەڵدەقورتێنێتە ژیانی زیندووەکانەوە. هەروەها  دایک و باوکە گەنجەکە لەگەڵ دایک و باوکە بەتەمەنەکە. کات دەڕوات لە کاتێکدا ئێمە تەماشای نەمایشەکە دەکەین. دایک و باوکەکە بەبێ دەنگ دانیشتوون، ڕووداوەکانی ژیانیان لەو ڕۆژەوەی کچەکەیان لە دایک دەبێت، تا ڕۆژی جیابوونەوەیان بەرەو پێشەوە دەچێت. هەروەها لە نیوەندی ئەم ڕووداوانەشدا (تەنهایی) کچەکەیانمان بۆ ئاشکرا دەبێت. کچەکەیان لە بازنەیەکی تەنهادا دەسووڕێتەوە و توانای هیچ پەیوەندییەکی نییە. پیەسەکە بەرجەستەی ژیانی گەنجییەتی ئەو ژن و مێردە دەکات. لە پڕ هەردووکیان پیرن و بەتەنیشت یەکترییەوە دانیشتوون: یەکێکیان قسە دەکات، ئەویتریان گوێ دەگرێت. بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕووداوەکانی بەر لە دەستپێکردنی نەمایشەکە و دوای نەمایشەکەش ڕوو دەدەن. ئێستە و ڕابردوو، وەک دوو کاتی جیاواز دەبێتە وێنەیەکی تر و هەست و سۆز و پەیوەندییەکانمان بۆ سەقامگیر دەکات. لەم جیهانەدا (مرۆڤ) وەک بوونەوەرێکی زیندوو، لە هەمان کاتیشدا کارەکتەرە مردووەکانیش دەبێتە پاسار و دەکەوێتە چەقی ڕووداوەکانەوە. کارەکتەرە (مردووەکان) هێندەی زیندووەکان ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە. ڕووداوەکانیش (لەم دنیا و لەو دنیاش) دەبنە بنەمایەکی گرنگی پیەسەکە و خەونەکانی، ئازارەکانی، ئەندێشەکانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بەشێوازێکی ساکار و زمانێکی پاراوی تایبەتمەند بەرجەستە دەبێت.

یۆن فۆسێ کارەکتەرەکانی بەتەواوەتی لە هەموو کێشە و چەمکە سیکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە باوەکان ڕزگار کردووە. ڕووداوەکانی پیەسەکانی تێهەڵکێشی ئەو هەڵوێستانەیە کە کارەکتەرەکانی تێدا دەژی لە (ئێستە و لێرەدا). ئێستە لە ڕوانگەیەکی بینراوی ئەو چرکە ساتەدا. لە پیەسە شانۆییەکانی ئەم نووسەرەدا حاڵەتێکی بریسکە ئاسا تێدەپەڕێ، ئەم حاڵەتەش وەک هەڵوێستەیەکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی، نزیک دەبێتەوە لە هەستێکی قووڵی ئایینی. ئەم هەستکردنەش هەستکردنێکی قووڵی ناوەکییە بە بوون و هاتنە ئارای شتێکی تایبەتەوە.


پیەسەکانی یۆن فۆسێ ڕووبەڕووی هەستێکی جیاواز، شتێکی پیرۆز و خواوەندیمان دەکاتەوە.



## مەرگ و تەنهایی

هەمیشە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بۆ کراوە. پێکەوە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سیما گرنگەکانی بوونی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێ. پچڕان و نەمانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش مرۆڤ ڕووبەڕووی تەنهایی و دابڕانێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. بەڵام بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێکی گەورەی دنیا و بەتایبەتیش ڕۆژئاوا، لە ماوەی هەزارەی ڕابردوودا، گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەسەردا هاتووە. بێگومان شۆڕشی پیشەسازی و هەر دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و زۆر فاکتەری تر ڕۆڵێکی گەورەیان لەو گۆڕانکارییانەدا هەبووە. نامۆبوون و تەنهایی دەبێتە ڕواڵەتێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای ئەوروپی، لەم هاوکێشەدا مەرگیش دەبێتە لایەنێکی ترسناک و ئامادەی ئەو سێکوچکە گرانەی ژیان.

کەواتە ئەم سەردەمە سەردەمی تەنهاییە، دید و بۆچوونەکانی ئەم چرکە ساتەی مرۆڤی ڕۆژئاواش سەبارەت بەتەنهاییەکی ڕەها، وەک ئاماژەمان بۆ کردووە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی مەرگ.



دیمەنێک لە شانۆنامەی (خەون بەپاییزەوە)
وێنەی: Roger Stenberg

یۆن فۆسێ لە شانۆنامەی (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت)[٩] بەشێوازێکی شیعری بەرز، باس لەو ترسە، ترسی مەرگ و تەنهایی دەکات. کوڕ و کچێکی گەنج توانای هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانیان لە دەست داوە. تووشی بارێکی دەروونی گران بوون، لە کۆمەڵگا و هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان هەڵدێن. دەچنە دوورگەیەکی دووری چۆڵەوە، تا بەتەنها و دوور لە هەموو پەیوەندییەکان بژین. بەڵام ترسێکی گەورە، لەوەی کەسێک پەیدا بێت و جیهانە تەنهاکەیان تێکبدات، هەموو ئارامییەکەی تێکداون.

کوڕەکە:
کەس لێرە نییە
هیچ کەسێک پەیدا نابێت تا بێتە ئێرە
کچەکە:
من ئەزانم کەسێک
هەر پەیدا دەبێت
کوڕەکە:
نە ء
کچەکە:
هەرگیز ئەوان وازمان لێناهێنن
پێکەوە بین
کوڕەکە:
ئێستە
وابیرمەکەرەوە
کچەکە:
بەڵام یەکێک هەر دێت.
شانۆنامەی " کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت"

مەرگ لەم هاوکێشەیەدا ڕاستییەکی ئاشکرا و باوەڕپێکراوی ترسناکە و هەمیشە ژیانی مرۆڤ دەخاتە ژێر مەترسییەوە. مەرگ فەلسەفەیەکی خودییە و لە لای یۆن فۆسێ دەبێتە بنەمایەکی گرنگی ئاوڕدانەوە و هەڵوێستە وەرگرتنێکی ڕاستەوخۆ لە ژیاندا. مەرگ دەبێتە یەکێک لە ئامرازە گرنگ و وزە بەخشەکانی گەردوون و سیما سەرەکییەکانی پرۆسێسێکی دژوار. یۆن فۆسێ دەڵێت: (مەرگ مەسەلەیەکی زۆر



کۆنکرێتە و لە هەموو ئەو شتنای کە من دەیاننووسم بوونی هەیە.) بەڵام تەنها مەرگ سترکتورە سەرەکی، فیکریی و دەروونییەکە پێکناهێنێ، چونکە مەرگ و تەنهایی بەبێ خۆشەویستی ناگەنە ئاستەکانی ترۆپک. لە پاڵ مەرگدا، یۆن فۆسێ پەیوەندییەکانی خۆشەویستی نێوان مرۆڤ، بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر، دەکاتە تەواوکەری حاڵەت و هەڵوێستە جیاوازەکان. بەم پێکداچوونەش وێنەیەکی گشتگر پێکدێت و دیمەنەکان پێکدادەچن و یەکتری تەواو دەکەن. بەستنەوەی ئەم دوو مەسەلەیەش (مەرگ و تەنهایی بەرامبەر بەخۆشەویستی) پرۆسەیەکی بەهێز و هاوکێشەیەکی گەورە لە ئەدەب، شانۆ و فەلسەفەی یۆن فۆسێدا پێکدەهێنێ. ئەم توخمانەش بەشێوەیەکی سەرکەوتوو و چاوەڕواننەکراو، دەبنە کۆمەڵێ وێنەی ساکار، کاریگەر و ئامادە لە پیەسە شانۆییەکانیدا.

یۆن فۆسێ هەمیشە ئاماژەی ئەوە دەکات کە (ئێمە بەتەنها دەمرین) بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەی ئەوەش دەکات کە گرنگی پیەسەکانی لەوەدایە کە کارەکتەرەکانی زۆر باش ئەم ڕاستییە دەزانن. هەر لەبەر ئەوەشە لە تەقەلایەکی گەورەدان بۆ ئەوەی لەو تەنهایی و دابڕانە ڕزگاریان بێت و ژیانێکی تر دروست بکەن.

یۆن فۆسێ لەم بارەیەوە دەڵێت: (شێوازی نووسینی من ئەوەیە کە هەمیشە تەرازووی نێوان تراژیدی و کۆمیدی ڕابگرم. لە پرۆژەیەکی باشیشدا هەندێ چرکە ساتی وا هەیە زۆر غەمگینە و هەندێ چرکە ساتی تر پڕ بەدڵ پێدەکەنم. ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کە ئەو چرکە ساتانە لە شەوێکەوە بۆ شەوێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. هەروەها دەتوانن شوێنەکانیشیان لەگەڵ یەکتری بگۆڕنەوە، ئەوەی کە دوێنێ دڵتەزێن و غەمگین بووە، ئەمڕۆ ببێتە کۆمیدی.)[١٠] لەم تەکنیکەدا هەڵوێستە و حاڵەتەکان، لە چاوترووکانێکدا، زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی، ڕۆژانە و ڕاستەوخۆ دەگۆڕێن و دیمەنەکان لە ئاستێکی قووڵ و نەبینراوی ژیانی ڕۆژانە نزیکمان دەخەنەوە. یۆن فۆسێ بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی تەنهایی و چەمکی مەرگ زمانێکی زۆر تایبەتمەند بەخۆی بەکاردەهێنێ. لەم ڕووەوە سترکتوری پیەسەکانی لە وشەی کورت، سادە و هەندێ جار هەژار پێکهاتووە.

زمانە سادەکەی، ڕستە کورتەکانی و بێدەنگییەکی ترسناک پێودانگە درامییەکە و جووڵەی پەیوەندییەکان بەرجەستە دەکات. لە پشت ئەو وشە هەژار و دەستەواژە کورتانەشەوە و لە ژێر ڕواڵەتی ژیانێکی ساکاری ڕۆژانەدا، هێدی هێدی درامایەکی گەورە پەرە دەسێنێ.

## تەکنیکی نووسینی شانۆیی لە لای یۆن فۆسێ

یۆن فۆسێ لە نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردووەوە دەستی کردووە بەنووسینی پیەسی شانۆیی. سیما و شێوازی کارەکتەرە شانۆییەکان، شوێن و زمانێکی تایبەتی دەبێتە ئامرازە تایبەتمەند و هونەرییەکانی ئەم نووسەرە.

کاریگەری و گرنگی ئەو تەکنیکە، (وەک فۆرمێکی نوێی شانۆیی) دەبێتە هۆکاریکی ڕاستەوخۆی بڵاوبوونەوەیەکی خێرای پرۆژە و بەرهەمە شانۆییەکانی یۆن فۆسێ.

پیەس و تێکستەکانی زیاتر لە ئەدەبێکی لیریکی دەچن، وەک لە شانۆیی. لەم ڕووەوە ئەم نووسەرە زیاتر هونەرمەندێکی وشە سازە، داهێنەری وشەیە وشەش فۆرم و مانایەکی تر لە خۆ دەگرێت. یۆن فۆسێ دابڕانێکی گەورە لە نێوان خۆی و شانۆیی بەر لە خۆی دروست دەکات. ئەم دابڕانەش بەوەرچەرخانێکی گرنگی نوێی شانۆی هاوچەرخی ئەورووپی دادەنرێت. بونیادی تێکستەکانی لەسەر هونەری دووبارە بوونەوە، وشەی کورت و تەواونەکردنی ڕستەکان پێکهاتووە. ئەمەش بۆتە یەکێک لە سیما گرنگەکانی ئەو تەکنیکە تایبەتمەندەی یۆن فۆسێ. لەم جیهانەدا لە یەک کاتدا پانتاییەکی خەونە ئامێز، ڕیالیزم و وتارێکی پڕ لە نهێنی کۆ دەبێتەوە. کارەکتەرەکان خەڵکی ئاساین و هیچ پەیوەندییەکی بەمەسەلە چینایەتییەکانەوە نییە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هێندە ئاساین دەبنە کەسانی نائاسایی. زۆر جار ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی ڕیالیزمی، بۆ نموونە ژوورێکی ئاسایی دانیشتندا ڕوودەدەن.

بەڵام کارەکتەر، هەڵوێستە و حاڵەتەکان گوزارشتێکی قووڵی ناوەوەی مرۆڤ دەکات. لەم بارەدا پەیوەندییەکان و گیانێکی پڕ لە نهێنی، ئەو ژوورە ئاساییە دەکاتە پانتاییەکی جیاواز و تەلیسماوی. بەم شێوەیە کارەکتەرەکان لە ناوەندی ژیانێکی ناوەکی دەوڵەمەندا کار دەکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان و نەمانی پەیوەندییەکان و خولْقاندنی کۆمەڵێ کەسایەتی تەنها. تەنهایی دەبێتە دیاردەیەکی دەروونی و خۆ خواردنەوە و ڕۆچوونە خوارەوە بەناوەوەی خۆیاندا.

بەکارهێنانی زمانێکی ساکار، ڕووت و هەندێ جاریش زۆر هەژار لە لایەن (یۆن فۆسێ)وە دادەنرێ، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بەیەکێک لە ئامرازە زۆر گرنگەکانی نزیکبوونەوە لە مەسەلە گەوهەرییەکانی بوون و نەبوونەوە. مردن لەم دووڕیانە ساکارەدا ئاماژەی بوونێکی ئاشکرای ژیانە. هەموو پیەسێکیش بەشێکی بچووکە لە



جیهان. ستركتوری ئەم تەکنیکە لە بێدەنگییەوە دەست پێدەکات، ڕستەی کورت و زمانێکی هەژار، وەک پرۆسێسێکی گرنگی ئەو پرۆژانە، بەشێکی تەواوکەری ئەو بێدەنگییەیە. پشوو، یان پشوویەکی درێژی بێدەنگ لە نێوان دیمەن و دیالۆژی کارەکتەرەکاندا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی دروست دەکات. ئەو پەیوەندییەش دەبێتە بەشێکی گرنگی جووڵانەوەی کارەکتەرەکان لە کۆمەڵێ ڕووداوی پێکداچوودا. دیالۆژی نێوان کارەکتەرەکان گەوهەری حاڵەتە دەروونییەکان، بەرەو پێشەوەچوونی پێودانگە دراماتیکییەکە و خودی گوتارە شانۆییەکان دیاری دەکات. لەم ڕووەوە دیالۆژەکان بەشێوازە تەقلیدییەکە نابێتە هێزی پاڵپێوەنەری ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، وەک لە لای (هێنریک ئیبسن) پەیڕەوی کراوە. بەڵکو لە لای یۆن فۆسێ هەموو ڕووداوەکان بەر لە دەست پێکردنی شانۆنامەکە ڕوویان داوە. هینری (بێدەنگی)یش دەبێتە تەواوکەرێکی گرنگی ئەو پرۆسێسە.

یۆن فۆسێ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ( لە پشووەکاندا، لە بێدەنگیدا شتە گرنگ و سەرەکییەکان دەوترێن. هێزێکی دینامیکی لە نێوان وشە و کارەکتەرەکاندا هەیە. من توانیومە لە شانۆدا بۆشاییەکان، پشووەکان و ئەو شتانەی لەگەڵ تێکستەکاندا ڕوو دەدەن، بەکاربهێنم.)[١١] ئەو هێزە دینامیکییەی یۆن فۆسێ ئاماژەی بۆ دەکات، هێزی بێدەنگییە، ئەو بێدەنگییە ئەفسوونییەی وشە و کارەکتەرەکان لە پانتاییەکاندا دەکاتە چرکە ساتێکی دەوڵەمەندی پڕ لە جووڵە و ڕووداو.

هەر لەم ڕووەوە ستركتوری تێکستە شانۆییەکانی یۆن فۆسێ لەسەر تەکنیکێکی تایبەتمەندی هونەری دووبارە بوونەوە، ڕستە پێبڕین و دروستکردنی پشوو بنیات نراوە. لە نێوان ڕستە و دیالۆژە کورتەکاندا "پشوویەکی کورت" پشوو" و" پشوویەکی درێژ" هەر وەک پیەسەکانی سامۆئیل بێکێت[١٢] ١٩٠٦ – ١٩٨٩، هارولد پێنتەر[١٣] ١٩٣٠ و لاش نۆرێن[١٤] ١٩٤٤ کەرەسەیەکی گرنگن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو تەکنیکە. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە، بەتایبەتی لە ڕووی کاریگەری تەکنیکە قووڵە بێدەنگەکەی بێکێتەوە، ئەوەیە کە یۆن فۆسێ توانیویەتی شتێکی تازە و تایبەتمەند بەخۆی بخوڵقێنێ.

یۆن فۆسێ لە پرسیارێکی ڕۆژنامەنووسیدا سەبارەت بەکاریگەری سامۆئیل بێکێت دەڵێت: (لێکچوون هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازییەکی گەورەش بەدی دەکرێت.

بێکێت کۆمەڵێ وێنە دەنووسێت، بەڵام من پەیوەندییەکان، هەست و سۆز، ئەتمۆسفار دەنووسم.)[١٥]

پیسەکانی یۆن فۆسێ کۆمەڵێ شوێنی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانی دەدۆزێتەوە. شوێنی ڕەها و نەبینراو، بۆ نموونە دنیای مردووەکان، گۆڕستان و پانتاییە دیارینەکراوەکان. بەرجەستەکردنی شتەکانیش لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە ئەکتەرەکان، لەو گەردوونە نادیارەدا، دەتوانن لەگەڵ یەکتری بدوێن. لە پشت ئەو هەژاری وشە و بەکارهێنانە تایبەتمەندەی زمانیشەوە، جیهانێکی چڕی ئاماژە ئامێز و ژیانێکی دەوڵەمەندی خاوەن ئەزموون خۆی حەشارداوە.

ئەو کەسایەتییە کەمدووانە هەموو شتێک دەزانن، زۆر لەوە زیاتر کە قسە دەکەن، ئەوەش وا دەکات ئەو پاڵەوانانە نەتوانن زیاتر بدوێن، چونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە زۆر دەزانن. هەر لەم ڕووەوە کارەکتەرەکان زۆر ئاساین، بەشێوەیەک لەو پرۆسەیەدا دەبنە کەسانێکی نائاسایی.

هەروەها یۆن فۆسێ لەم پرۆسە بەردەوامەیدا ئاماژە و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی ئەکتەرەکانی بەوردی دیاری دەکات، هیچ جووڵە و ئاماژەیەک ناداتە دەست ڕێکەوت.

کوڕەکە:

ئا، تەنها ئێمە پێکەوەین

کچەکە:

من و تۆ

کوڕەکە:

من و تۆ

کوڕەکە هەڵدەسێتە سەر پێ، بەرەو ڕووی پەنجەرەی چێشتخانەکە دەچێت، کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە و بەرامبەر کێڵگەیە، سەیری دەرەوە دەکات، بەهەموو لایەکدا دەڕوانێت.

کچەکە:

هیچ دەبینیت

کوڕەکە:



نەخێر

(ڕوو دەکاتە کچەکە)

من لەو بڕوایەدا نیم

(قسەکە بەخۆی دەبڕێت)

کچەکە:

چییە

کوڕەکە:

نا هیچ نییە

شانۆنامەی (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت)

یۆن فۆسێ توانیویەتی لە پاڵ ئەو جیهانە نادیار و چڕ و گرانەدا، بریسکەیەکی تایبەتی بەدی بکات. (کە تۆ بتوانی هەست بکەی بەئامادەبوونی........ شتێک، ئەمەش لە بنەڕەتدا ئامانجی شانۆ بووە، بەشێوازێکی ریتواڵی پەیوەندی بکەی بە شتێکی خواوەندییەوە)[١٦]

یادکردنەوەیەک، بیرەوەرییەک هەست پێدەکرێت، بەمەش هەڵوێستەیەکی زۆر جیاواز لەو جیهانە نائامادەیەدا بەرجەستە دەکات. مرۆڤ و ڕووداوەکان لە ڕووتبوونەوەیەکی ڕەهادا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە.

## خەون بەپایزەوە

(خەون بەپایزەوە) یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی یۆن فۆسێ و ڕاستەوخۆ پرسیارەکانی بوون و نەبوون، مەرگ و ژیان دەورووژێنێ. خەون بەپایزەوە گەشتێکی ساکار، ڕاستەوخۆ و قووڵی مرۆڤە بەنێو تونێڵە ئەزەلییەکاندا. گەردوونێکی تایبەت بەخۆی دەخوڵقێنێ و مرۆڤیش لەو گەردوونەدا لە بزاڤێکی بازنەیی بەردەوامی دەورانی ژیاندایە.

بینەر لەم نەمایشەدا یۆن فۆسێ واتەنی: (هەست بەئامادەبوونی........ شتێک، پەیوەندی بەشتێکی خواوەندییەوە) دەکات و ڕووبەڕووی کۆمەڵێ هەست و سۆزی تایبەتی دەبێتەوە بەرامبەر بەبوونی خۆی، ژیان و مەرگ. لەم پرۆسێسەدا مرۆڤ لە نێوان مەرگ و ژیاندا لە کێشەیەکی ئەبەدیدایە، مەرگ بەهەموو ماناکانیەوە دەبێتە حاڵەتێکی هەستپێکراو، بینراو و چەمکێکی زیندوو. بەهەمان شێوە ژیانیش، بەهەموو لایەنە

ئاشکرا و شاراوەکانیەوە، دەبێتە زەنگێکی تایبەت بەخود و هەستپێکراو، بینراوو چەمکێکی زیندوو. نەک هەر ئەوە بەڵکو مەرگ و ژیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدان. لە گفتوگۆیەکی فکری و مرۆڤایەتیدان. بەچەشنێ کە هەموو وێستگەکانی ژیان، هێدی هێدی لە پەراوێزی مەرگدا هەڵوێستە وەردەگرن.

## خەون بەپایزەوە باسی چی دەکات؟

ژنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە سەردەمی منالّی تیا ژیاوە، لە گۆڕستانێکدا پیاسە دەکات و لە پڕ پیاوێک دەبینێ. ئەم پیاوە و ژنە یەکتر دەناسن. بەڵام نازانرێت گەر لە ڕابردوودا پەیوەندییەکی خۆشەویستی، یان ژن و مێردایەتییان هەبوو بێ. پیاوەکە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو دەیەوێت وەک پیاوێکی بەئەمەک و داوێن پاک ڕەفتار بکات. ژنەکەش لەو چرکەساتەدا بەفرۆکەیەک گەیشتۆتەوە ئەو ناوچەیە. بەڵام نازانرێت کە ئەو ئافرەتە بۆ ئەوە هاتووە تا بەشداری لە ناشتن و پرسەی باوکی - دایکی، واتە (باپیری) پیاوەکەدا بکات.

دوای ئەوە دایک و باوکی پیاوەکەش دێنە گۆڕستانەکە. کە پیەسەکە دەگاتە کۆتاییەکەی سێ نەوە: پیاوەکە، کۆرپەی پیاوەکە و باوکی پیاوەکە بەتەواوەتی ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن.

کارەکتەرەکان هەر هەموویان: پیاو، ژن، دایک و باوک وەک ئەوە وایە مردبن و لەو گۆڕستانەدا نێژرابن و بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکی دایکی کوڕەکەوە کۆ دەبنەوە بۆ پێشوازی تەرمی کەسێکی نوێ. لەم کۆبوونەوەیەدا باسی ڕابردوو، پەیوەندییەکانیان و ژیانی خۆیان دەکەن. ئەمەش زۆر بەکورتی ڕووداوەکانی پیەسی(خەون بەپایزەوە)یە. پایزیش دەبێتە سمبوڵی تەنهایی، عەشق، دابڕان، خەم و پەژارە.

## مەرگ و ژیان لە خەون بەپایزەوە

یۆن فۆسێ لە خەون بەپایزەوە بەشێوازێکی ساکار و ڕاستەوخۆ لە مەرگ و ژیان، وەک دوو جەمسەری تەواوکەری یەکتری نزیک دەبێتەوە. لەم هاوکێشەیەدا (بوون) وەک مەودایەکی گرنگی "ژیان / مەرگ" دەبێتە چەقی ورووژاندنی پرسیارە ئەزەلییەکان. بەڵام یۆن فۆسێ لە تەقەلای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرانانەدا نییە، هێندەی گەرەکیەتی ڕاستی و گەوهەری ئەو گیروگرفتانەمان بۆ بەرجەستە بکات. بەرجەستەی ئەو گیروگرفتانەش خۆی



لە مەوداکانی مەرگ، ژیانێکی نادیار و پڕ لە نهێنیدا دەبینێتەوە. نەمایشەکەش زۆر بەوردی و بەشێوازێکی فەنتازی و مۆسیقی، شوێن پێی وشە، سیناریۆ و دیدەکانی یۆن فۆسێ دەکەوێت و ژیانێکی ڕۆژانە لەگەڵ دیدێکی میتافیزیکیدا تێکەڵاو دەبێت. کە ڕووناکی هۆڵەکە دەکوژێیرێتەوە، هێدی هێدی بینەران لەگەڵ ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا، دەبنە بەشێک لە ژیانی ئەکتەرەکان، دیالۆژ و ئاماژەکانی جەستە، بیرەوەری، نارەحەتی و هەست و هۆشمان دەوروژێنێ.

چرکە ساتەکانی ئەم نمایشە/ پیەسە، بێدەنگییەکەی، وشە پچڕپچڕەکانی و بوونی ئەکتەرەکان فۆرمێکی ئاشکرا و مانایەکی ڕوون دەبەخشنە هەندێ لە پرسیار و چرکەساتە نهێنییەکان.

لەم فۆرمە ساکارەدا هەموو شتێک ڕوودەدات، لە هەمان کاتدا هیچ شتێکیش ڕوونادات. هەموو شتێک خواستراوە و ئێمە لەم دونیایەدا خاوەنی هیچ شتێک نین، دواجاریش هەموو شتێک لە دوای خۆمان بەجێ دەهێڵین.

ژن:
سەر لە نوێ ئەوە تۆی لەوێدا
لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەدا
لەگەڵ ئەو هەموو مردنەدا
"پشوو"
پیاو:
(سەیری ژنەکە دەکات)
من زۆر بەپەرۆشەوە بیرم دەکردی
ژن:
(سەیری پیاوەکە دەکات)
منیش
زۆر بەپەرۆشەوە بیرم نیت
"پشوو"
پیاو:
من زۆرم بیر دەکردی
لە کاتێکدا کە تۆ لێرە نیت

هەست دەکەم تۆ لێرەدای

من هەست دەکەم تۆ لێرەی

هەر وەک ئەوەی لە ناو جەستەمدا بیت

لە ناو مندا

بەشێوەیەک لە شێوەکان

شانۆنامەی "خەون بەپایزەوە"

وشەکان چی دەشارنەوە، بەتایبەتی سەبارەت بەو شتانەی کە ناوترێت، بەڵام لە ژێر هەموو ئەمانەدا پرسیارەکانی بوون خۆی حەشارداوە. ژیان لەم هزرە هونەری، فەلسەفییەدا وەک ئاسمانێکی پڕ لە هەور وایە، بەر لەوەی بەتەواوەتی تاریک دابێت. سیمایەکی غەمگین، هەندێ جار دڵتەزێن ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان دەگرێتەوە. بەڵام ئەو سیما غەمگینە بێ خەندە و بزەی ساتی پڕ لە خۆشیش نییە. بەڵکە گرنگی ئەم پیەسە لەوەدایە، وەک هەموو دیاردەیەکی ژیان، لەسەر هەموو ئاستەکان، تێکەڵێکە لە خۆشی و ناخۆشی، لە ساتە دڵتەزێن و هەڵوێستە پڕ لە خەندەکان. لەو گێژاوەدا گەلێ پرسیاری ساکاری مرۆڤایەتی دێتە ئاراوە: ئێمەی مرۆڤ ئاسوودەیی لە کوێ بدۆزینەوە؟ گەر دۆزیشمانەوە کێ دڵنەوایی کێ دەکات؟! خوا و مەرگ لەم چۆڵەوانییەدا چۆن چۆنی ڕووبەڕووی یەکتری و دواجاریش ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە. کارەکتەری (باوک) بەهێمنی ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، خۆ بەدەستەوەدانی مەرگیش لە لای ئەم کارەکتەرە ڕاستییەکی ڕەها و مرۆڤایەتییە. شوێنی بەیەک گەیشتنی کارەکتەرەکانیش، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد گۆڕستانێکە. گۆڕستان دەبێتە سمبولێکی ئاشکرای دوا ویستگەکانی ژیان و خۆبەدەستەوەدانی مەرگ.

دایک:

ئەو ڕۆیشت

و منیش هەرگیز جارێکی تر چاوم پێیناکەوێتەوە

من دەزانم

باوک:

(تەماشای کاتژمێرەکەی دەکات)

پێویستە ئێمە بەم زووانە بڕۆین



کاتی ئەوە هاتووە

پێویستە بڕۆین

دایک:

(وەستاوە و سەیری ئەو شوێنە دەکات کە کوڕەکەی لێوە چۆتە دەرەوە، قۆڵی باوک بەردەدات)

بڕۆ بەدوای ئەواندا

پێیان بڵێ کە بگەڕێنەوە

پێویستە ئەوان لە کاتی ناشتنەکەدا لەگەڵمدا بن

تۆ دەتوانی تێبگەی

(باوک دەڕوانێتە بەرپێی خۆی)

دە بڕۆ

خێراکە

تۆ هیچ تێناگەی

باوک:

هێمن بە

ئەوان دێن

بەشداری ناشتنەکەش دەکەن

ئەگینا بۆچی هاتوون بۆ ئێرە

شانۆنامەی " خەون بەپایزەوە"

ئەم نەمایشە لە لایەکی دیکەشەوە وێنەیەکی ئاشکرای (بێلانەیی) مرۆڤ دەکێشێت. ئەمەش سەر لەنوێ دووپاتکردنەوەی حاڵەتێکی ئامادە، هەڵوێستێکی ئاشکرا و هەڵچوونی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی بەرامبەر بەحەقیقەتی مەرگ پیشان دەدا. کارەکتەری دایک هەست بەترسێکی گەورە دەکات، لەبەر ئەوەی کات زۆر بەخێرایی لای ئەو تێدەپەڕێت.

تێپەڕبوونی کاتیش جگە لە نزیک بوونەوەی مەرگ هیچ شتێکی تری نییە. کارەکتەری پیاوەکەش لە نێوان (دایک و باوک) و دەوروبەرەکەیدا، هەست بەگوناهێکی گەورە

دەکات. هەمیشە بێ ئارامە و لەو بڕوایەدایە شوێن دایک و باوکی نەکەوتووە. دایک گەرەکیەتی کوڕەکەی ڕابگرێت لە کاتێکدا دەبینێت بەرەو مەترسی مەرگ دەڕوات. مەرگ هەمیشە بوونێکی ڕاستەوخۆی هەیە. بەڵام لەم گێژاوی مەرگەدا، کارەکتەری ژنەکە ئالۆش و حەزی ئێرۆتیکی خۆی ناشارێتەوە. لەبەر ئەنجامدا لەگەڵ پیاوەکە لە ژووری میوانخایەکدا یەکتری دەبیننەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئالۆش و حەزە سێکسییە.

ئەوەی لەم پیەس/ نەمایشەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە هیچ ماڵێک (وەک شوێن) بوونی بۆ نییە، بەڵکو کەسایەتییەکان زیاتر دەربڕی حاڵەتێکی گەورەی ونبوونێکی هەتا هەتایی مرۆڤایەتین. گۆڕستانەکەش لە پاڵ هەموو سمبول و ئاماژەکانی تردا دەبێتە پانتاییەک بۆ خۆ دزینەوە لە چەمک و مەترسی مەرگ و ژیانێکی تر. ژیانێکی تەنها، بێدەرەتان و بێلانە. لەم سمبولانەشدا چاوەڕوانی، دابڕان، نا ئارامی و بڕوانەبوون دەبێتە گەوهەری شتەکان.

ژن:
تۆ زۆر جار ڕێگات دەکەویتە ئێرە
پیاو:
زۆر جار نا
ئەوەی ڕاستی بێت زۆر کەم
بەڵام ڕێدەکەویت
ژن:
دوور لەم ناوە
ئەژیت
پیاو:
تۆزێک
بەڵام زۆر دوور نا
"پشوو"
بەرێکەوت ڕێگەت کەوتۆتە ئێرە
یا گەرەکت بوو بێیە ئێرە



ژن:
نا من دەڕۆیشتم
تا گەیشتمە ئێرە
پیاو
ئم
"پشوویەکی کورت"
منیش هەمان شتم
بەسەر هات
شانۆنامەی "خەون بەپایزەوە"

بەم شێوەیە هونەری نواندنیش لەم گەمەی مەرگەدا دەبێتە ئامرازێکی گرنگی مەسەلەکانی بوون و نەبوون. بێدەنگییەکی ترسناکیش پەیوەندییەکانی نێوان کەسایەتییەکان دیاری دەکات. ئەو کەسایەتییە گشتییانەش لە کارەکتەری پیاو، ژن، دایک و باوکدا کۆدەبنەوە، ئەمەش وا دەکات هەموو یەکێک لە ئێمە بەئاسانی خۆی لەو کارەکتەرانەدا بدۆزێتەوە، زۆر زیاتر لەوەی، گەر ئەو کارەکتەرانە پێناس و مێژوویەکی دیاریکراویان هەبوایە. لەم پرۆسەیەدا هەندێ جار پیاوەکە، وەک وەچەیەکی دایک و باوکەکە، لە یەکەیەکی هاوبەش، تۆنێکی هاوبەش و ڕیتمێکی هاوبەشدا سەر لەنوێ یەک دەگرێتەوە.

لەم گەمەیەدا بێدەنگیی و پشووی کارەکتەرەکان، تەنها نابێتە ئاماژەیەکی ساکاری گۆڕینەوەی دیالۆژەکانیان، بەڵکو ئەو بێدەنگییانە زەمینەیەکی ترسناکی جیهانێکی تەنهایی بەرجەستە دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە دووبارەبوونەوە و بێدەنگی نێوان پشووەکان هەناسەیەکی مۆسیقی قووڵ دەبەخشنە خودی ستركتورە شانۆییەکە. ئەمە جگە لەوەی ئەو جیهانە بێدەنگە ناوەڕۆکێکی گەورەی وا لە خۆ دەگرێت کە هیچ زمانێکی تر ناتوانێت پڕی بکاتەوە[١٧]. بەم شێوەیە یۆن فۆسێ زمانێکی تری جیاوازی خوڵقاندووە، ئەو زمانەش لە دەرەوەی خودی بازنەکانی زماندا، بەشێوەیەکی جیاوازتر کار دەکات. ئەکتەر لە شانۆی یۆن فۆسێدا پێویستی بەخۆ ماندووکردنێکی زۆرە. پێش هەموو شتێک پێویستە ئەکتەر هەمیشە پەیوەندییەکی بەهێزی بەناوەوەی خۆی و بەجەستەی خۆیەوە هەبێت. ئەکتەری یۆن فۆسێ پێویستە هەمیشە پرسیاری ئەوە بکات: (بۆچی)؟ لە بری

پرسیاری (چۆن) ؟ لەم دەروازەیەشەوە بەرگری، ترس، تەنهایی، و بنیاتنانی ژیانێکی ناوەکی گرنگترین ئەو پرسیارانەن.

(خەون بەپایزەوە) لە ڕوانگەی ئەو زمانە جیاواز و ساکارەوە، فەلسەفەی چرکەساتەکانی بوون و نەبوونی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو مرۆڤیش ڕووبەڕووی حەقیقەتێکی گەورەی مەرگی خۆی دەکاتەوە.

## خەون بەپایزەوە لە نێوان پیەس و نەمایشدا

(خەون بەپایزەوە) یەکێکە لە دوا پیەسە شانۆییەکانی یۆن فۆسێ. بەمەش ئەم نووسەرە قۆناغێکی نوێی نووسینی شانۆیی دەست پێدەکات. دید و زاراوەکانی هونەری شانۆ لەم پیەسەدا دەبێتە کەرەسەیەکی دەوڵەمەندی پراکتیکی، لەم قۆناغەدا دەروازەیەکی فراوان و دنیا دیدەیەکی ناتەبا و ئەفسوونی بەڕووی شانۆدا دەکرێتەوە.

یۆن فۆسێ سەرلەنوێ هەموو بنەما تەقلیدییەکان دەڕووخێنێ و "ژوورێکی جیاوازی خەونە ئامێز بۆ شانۆ دەکاتەوە". کات دەبێتە توخمێکی بزۆز و ئەمڕۆ و دوێنێ لە پرۆسەیەکی هاوبەشدا کۆدەکاتەوە. هەروەها لەم ژوورە پڕ لە خەونەدا هەموو شتەکان، بەڕوونی لە نێو تێکستەکەدا، بەشێوەیەکی ساکار ڕوودەدات و دەبینرێت.

کارەکتەرەکانیش دەبنە تەواوکەری ئەو خەونە چڕەی ژوورە جیاوازەکە. لەو خەونەدا بیرەوەری، ئەندێشە و بیرکردنەوەکانمان لە ئاستە جیاوازەکانی زەمەندا سەقامگیر دەبێت. ڕیتم، مۆسیقای ناوەوە و هەموو ئاڕاستە جیاوازەکانی پەیوەندییەکان لە لێک نزیک بوونەوە و پێکداچوونێکی ڕاستەوخۆ و چڕدان. یۆن فۆسێ لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژە بەگەشتی نووسینەکانی بەم شێوەیە دەکات:( نووسین وەک ئەوە وایە گەشتێکی دوور بکەیت، خۆت فڕێ بدەیتە ناوەند و جیهانێکی نەناسراوەوە، گەر ئەو گەشتە سەرکەوتوو بێت، ئەوە بێگومان بەبەرئەنجامێکی باشەوە بۆ ژیانە ئاساییەکەی خۆت دەگەڕێتەوە.) بێگومان ئەو بەر ئەنجامەش پرۆسێسێکە شتە دیار و تەباکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات.

هەروەها لەم فۆرمە تازەیەدا هەناسە و مۆسیقایەکی ناوەکی دەبێتە فۆرم و لایەنێکی گرنگی ئەو بێدەنگییە سامناکەی کە یۆن فۆسێ خوڵقاندوویەتی. گیانێکی مۆسیقی، چێژێکی مۆسیقی، سترکتۆرێکی مۆسیقی و ڕیالیزمێکی ئەفسوونی و شیعریی (خەون بەپایزەوە) دەکاتە ئاوازێکی غەمگینی نزیکتر لە مرۆڤەوە. یۆن فۆسێ لە هەمان



چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت:(بەر لەوەی ببمە نووسەر زۆر خەریکی مۆسیقا بووم، ئێستەکە دەنووسم هەوڵ دەدەم حەز و چێژی مۆسیقاکە سەرلەنوێ لەو شتانەدا زیندوو بکەمەوە کە دەیاننووسم.) مۆسیقا وەک ئاوازێکی غەمگین لە ناوەوەی تێکستەکانەوە، ژیانێکی تر دەبەخشێتە کارەکتەرەکانی. لە مۆسیقاوە ژیانی کارەکتەرەکانی، سترکتۆری ڕووداوەکانی، زمانە ساکارەکەی و بێدەنگییە ئەفسوونییەکەی نێوان وشە و ڕستەکان بەهایەکی تر لە خۆدەگرێت.

گۆڕستانێک دەبێتە شوێنی ڕووداوەکانی (خەون بەپایزەوە). ئەم شوێنەش هاوکێشەیەکی گونجاوی ئەو پرۆسێسە فەلسەفییەی (یۆن فۆسێ)یە سەبارەت بەچەمکەکانی مەرگ و ژیان. تەنها لە ڕێگای مەرگەوە سەرچاوەکانی بوونی خۆی سەقامگیر دەکات. بەمەش پلانەکانی گەردوون لە دوو هێڵی هاوتەریبدا، مەرگ/ ژیاندا پێکەوە بەرجەستە دەبن.

## چەمکی شوێن لە نیوان بوون و نەبووندا

شوێن وەک ڕاستییەکی ڕەها، لە دوو ئاراستەی جیاوازدا، سیمای شتەکان دیاری دەکات. پانتایی جووڵانەوە و پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی لە لایەک و دارِشتەیەکی نەبینراو و پانتاییەکی فەلسەفیش لە لایەکی دیکەوە.

ئەم دوو چەمکەی شوێن بینراو/ نەبینراو، چۆن لە پرۆسەیەکی شانۆییدا بەرجەستە دەبن؟ هاوکێشەی ئەو توخمە پراکتیکی، فکرییانە چۆن چۆنی لە ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵوێستە وەرگرتنی بنەما تیئۆری و هونەرییەکاندا سەقامگیر دەبن؟ ئەم پرسیارە گرنگانەش دیدی ڕێژی، سینۆگرافیا فەلسەفەی هەموو نمایشێکی شانۆیی دیاری دەکات. لەم بەشەی ئەم نووسینەدا هەوڵی ئەوە دەدەین بنەما فیکری و پراکتیزە کراوەکانی نەمایشی (خەون بەپایزەوە) ڕوون بکەینەوە.

## سینۆگرافیا

پانتاییەکی تەسکی نیوە بازنەیی بەزیخ داپۆشراوە دەبێتە دیدێکی ئامادەکراوی ئەو شوێنەی لاشەی مردووەکانی تیا دەشاردرێتەوە. سێ دەرگای زۆر باریکی ڕەش، نادیار بەدیوارەکانی ئەم گۆڕستانەوەیە. ئەم سینۆگرافیایە وێنەی شوێنێکی نادیار لە نێوان سنوورەکانی بوون و نەبووندا دەکات. ژیان لە چەقی ڕووداوەکانەوە بۆ پەراوێزی هەتا

هەتایی/مەرگ/ دەڕوات. بڵاوبوونەوەی هەندێ خاچی سپیش هێندەی تر دووپاتی دووڕیانەکانی مەرگ دەکاتەوە و هەستێکی تەنهایی و ترسمان لە لا دروست دەکات.

## مەرگ و زەمەنێکی جیوەیی

لەم نمایشەی دراماتندا، شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم، مەرگ هەر وەک ناوەڕۆک و پرسیارە گرنگەکانی پیەسەکە، دەبێتە توخمێکی گرنگی دیدی ڕیژیش[18]. بینەران لە دەروازەیەکی باریکەوە، لە پشتەوەی شانۆکەوە، دێنە ژوورەوە. دەروازەکەش ڕاڕەوێکی باریکی تەسکە و لەسەر دیوارە سپییەکانی، هەروەک گۆڕستان: ناو و ڕۆژی لە دایکبوونی و مردنی خەڵکانێکی بەسەرەوەیە. بینەران لە ڕیتواڵێکی بێدەنگی ناشتنی تەرمێکدا بەشدار دەبن. لەم بارودۆخەدا، لەم سەرەتا پڕ لە نهێنییەدا کارەکتەری (باوک) لە یەکێک لەو دەرگا نەبینراوە باریکەکانەوە لە پڕ و بەشێوەیەکی کتوپڕ دێتە دەرەوە. ڕووبەڕووی بینەران ڕادەوەستێ و بەهێمنی دەدوێت.

باوک:

بیربکەرەوە گەر ئێمە تا هەتایە بژین

ئەوە چ مانایەکی هەیە

(سەری دەلەقێنێ)

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک خەفەت بۆ مەرگ دەخۆن

وەک ئەوەی مەرگ گەورەترین کارەسات بێت

بەڵام ئەوە چۆن دەبێت

گەر مردن بوونی

نەبێت.

شانۆنامەی " خەون بەپایزەوە"

ئەم مۆنۆلۆژە سەرەتایەکی پڕ لە بیرکردنەوە و ڕامان سەبارەت بەمەسەلەکانی مەرگ و ژیان واڵا دەکاتەوە. لەم دوو ڕێیانەدا یەکێک لە پرسیارە گرنگەکان ئەوەیە: خۆشەویستی، وەک سۆزێکی گرنگی مرۆڤایەتی، چۆن بتوانێت یاریدەی مرۆڤ بدات و لە ژیاندا ڕاپبگرێت. هەروەها ئەم سەرەتا فەلسەفییە ئاماژەی ئەوەش دەکات کە ژیان زریانێکی بەردەوامی گۆڕانکارییەکانە، مرۆڤ لە گەڕانێکی بەردەوامدایە، سەرەتا لە ناوەوەی



خۆیدا، دواتر لە ماڵەکانەوە، دێهاتەکانەوە، شارەکانەوە و بەمەش پێکداچوونێکی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات. ئاستە جیاوازەکانی ژیان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لەبەر ئەنجامیشدا هەر مرۆڤ خۆی شاهیدی مەرگی خۆیەتی.

لە کۆتایی نمایشەکەشدا هەر کارەکتەری (باوک) بەمۆنۆلۆژێکی تری ئەندێشە ئامێز کۆتایی بەگەمەکە دەهێنێ. دوا چرکە ساتەکانی ژیانی کارەکتەرەکانیش کۆتاییان پێهاتووە. ئەو ژیانەی بەهەموو ماناکانییەوە ئاوێزانی مەرگ بووە. ئەو دوو مۆنۆلۆژەش سەرەتا / کۆتایی، ڕیژیسۆری نمایشەکە ستێڤان لارشۆن Stefan Larsson لە پیەسی (دوای پاش نیوەڕۆ)ی یۆن فۆسێوە هێناویەتی[19]. مەنەلۆژەکان لەگەڵ پیەسەکە و ئەم کارەکتەرەدا دەگونجێ و پێناسێکی دوا وتەکانیشی دەبێتە دوا چرکەکانی ماڵئاوایی بەژوور سەری کەسێکی تازە نێژراوەوە.

ماڵئاوایی دوا ساتەکانی ژیانە بۆ ئەو کەسانەی تازە مردوون، بۆ خودی مەرگ خۆی، بۆ ژیان و تەنانەت بۆ سروشتیش. ئەم ساتانە لە شێوازێکی ساکار، ڕاستەوخۆ و ڕووتکراوەدا سەقامگیر دەبن. لەم چرکەساتانەدا هەستێکی غەمگین و ئەندێشە ئاسا تێکڕای نمایشەکە دەگرێتەوە.

کۆمەڵێ زەمەنی جیاواز، ئەمڕۆ، دوێنێ و ئایندە لە فۆرمێکی ساکار، چڕ و هەندێ جار گراندا کۆدەکاتەوە. هەندێ جار چەندین ڕووداو لە یەک کاتدا و لەسەر چەندین ئاستی جیاواز ڕوو دەدات. لە پڕ ساڵ تێپەڕیوە، ئەوەی ئێستە باسی لێ دەکرا دەبێتە یادگار، لە چاوتروکانێکدا ژیانێک لە سەرابدا بزر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئاستەکان و تێکڕای ڕووداوەکان لە یەکەیەکی یەکگرتوودا، لە ئێستەدا دەکەونە ڕوو.

## گەمەیەکی شانۆیی

گەمەیەکی شانۆیی، گەمەیەکی خەونئامێزە و دەبێتە میتۆدێکی هونەری بۆ ڕیژیسۆر و بۆ ئەکتەرەکانیش. لەم گەمەیەدا هەندێ جار ئەکتەر، هەندێ جاریش ڕیژیسۆر توخمێکی سەرەکی چەقی وێنەکانە.

ئەکتەرەکان لە نێوان ئەو شتانەی دەوترێت و ئەوانەشی ناوترێت گەمە دەکەن. پەنا دەبەنە بەر ئاستە قووڵەکانی وشە، ئاستە قووڵەکانی بێدەنگیی و بەو شێوەیەش ڕووبەڕووی تارماییەکانی مەرگ دەبنەوە. گەمە لەگەڵ ڕابردووی خۆیان، ژیان و تەنانەت مەرگیشیان دەکەن. کەرەستە بەکارهێنراوەکان زۆر دیارکراون. شانۆیەکی بۆش و بابەتێکی

گرانی وەک (مەرگ) دەبێتە جەستەیەکی ڕووتی گەمەی ئەکتەرەکان. کورسییەکی درێژی کۆن، کۆمەڵێ خاچی سپی و دەنگی زیخی ژێر پێیان ڕیتم و مۆسیقای نەمایشەکە پێکدەهێنێ.

ڕیژیسۆری نەمایشەکە لە دارشتەی کۆمەڵێ وێنەی ساکارەوە، هەڵوێستەیەکی غەمبار و ئەتمۆسفارێکی پڕ لە نهێنییەوە، هێڵەکانی شانۆنامەکە دیاری دەکات.

یەکێک لە دیمەنە جوانەکان لە پڕ تەنها کارەکتەرە ژنەکان: دایک، ژن و ژنی پیاوەکە بەتەنها لەسەر شانۆکە دەمێننەوە. لەم کاتەدا پیاوەکە مردووە و بەمەش پیەسەکە بەرجەستەی ساتەکانی مەرگ دەکات. لەم دیمەنەدا ڕیژیسۆر ئەم سێ ئافرەتەی لە جووڵەیەکی بازنەیی، دواتر هێڵێکی ڕاست و لە ئەنجامیشدا لە پانتاییيەکی سێ کوچکەییدا سەقامگیر دەکات. جووڵە بازنەییەکە ئاماژەی خولی گەردوون، دیالیکتێتی ژیان، بەردەوامی پرۆسەی لە دایکبوون و مردن دەکات. هێڵە ڕاستەکەش، لەگەڵ وێنە سێ کوچکەییەکەدا ژیان و مەرگ، وەک هاوکێشەیەکی هاوبەش کۆدەکاتەوە و دواتر ڕووبەڕووی یەکتریان دەکاتەوە. لەم گێژاوەی مەرگ و ژیانەشدا چەمکەکانی سێکس و بوون و نەبوون بەنێو گۆڕەکاندا ڕێ دەکات و ئاوێزانی پرۆسەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەبێت و بەها گەوهەرییەکانی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت.

پیاو:

چەند زیاتر قسە لەسەر ئەوە بکەیت

لەسەر سێکس

یا

چەند زیاتر قسە لەسەر ئەوە بکەیت

لەسەر بوون

هێندە ئەو شتانەی قسەیان لەسەر دەکەین ون دەبن

و لە کۆتاییدا

تەنها ئەوەی دەمێنێتەوە قسەیە.

شانۆنامەی "خەون بەپایزەوە"

یۆن فۆسێ لە (خەون بەپایزەوە) ستریند بێری، ئیبسن و بێکێت کۆدەکاتەوە، زەمەن و



پانتاییيە تەقلیدییەکان تێکدەشکێنێ و فۆرمێکی بێدەنگ و جووڵانەوەیەکی ناوەکی، وەک سیمایێکی غەمگین دەبەخشێتە چەمکەکانی مەرگ، بوون و ژیان.

بەم شێوەیە (یۆن فۆسێ) مێژوویەکی نوێ، مەودا و بوارێکی نوێ دەبەخشێتە شانۆی ئەسکەندەناڤی و هاوچەرخی جیهانیش. بەمەش پەیامەکەی هێنریک ئێبسن و ئاگۆست ستریند بێری بەردەوامی پێ دەبەخشرێت.

## خێزان لە دەنگە

## نوێیەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا

شانۆنامەی: منداڵە سارد و سڕەکە Det kalla barnet
نووسینی: ماریۆس ڤۆن ماینبۆری Marius Von Mayenburg
وەرگێڕانی: ئۆلف پێتەر هەڵبێری Ulf peter Hallberg
ڕیژی: ستاڤان ڤاڵدەمێر هۆڵم Staffan Valdemar Holm
شانۆی پادشایەتی "دراماتن" Dramaten - Lilla scenen

لەم بیست ساڵەی دواییدا کۆمەڵێ نووسەری سەرکەوتوو لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا دەرکەوتوون. پیەسە شانۆییەکانیان زۆر بەقووڵی بەرجەستەی ئازارەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەمان بۆ دەکات. دابڕان، تەنهایی، نامۆبوون، توندوتیژی، سێکس و سێکسەناسازی، ژیانی خێزان، پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو، خۆشەویستی و مەرگ هەندێ لەو مەسەلە گرنگانەن.

زۆرجار زمان و دیدێکی هاوبەش ئەم نووسەرانە پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە هەیە و زۆربەیان لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا یەکتری تەواو دەکەن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشیان بەیەکترییەوە هەیە. ئەم نووسەرانە پیەسەکانیان لەسەر زۆربەی شانۆکانی وڵاتانی سکەندەناڤیا، ئینگلستان، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا پێشکەش دەکرێن. بەڵام تا ئێستا زۆر بەدەگمەن نووسین و پرۆژە شانۆییەکانی ئەم نەوە نوێیەمان بەخوێنەران و شانۆکارانی کورد ناساندووە. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم یەکێک لە گرنگترین دەنگە نوێیەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانیتان لە ئەڵمانیاوە پێشکەش بکەین.

### دەنگی گەنجێکی جیاواز

(ماریۆس ڤۆن ماینبۆری)[20] لە ماوەی چەند ساڵێکی کورتدا بۆتە ناوێکی دیار و گرنگی شانۆی ئەڵمانی و شانۆ گرنگەکانی وڵاتانی ئەوروپا. مێژووی شانۆی هاوچەرخی جیهانی دەروازەیەکی گرنگی ئاوڕلێدانەوە و سوود لێوەرگرتنە بۆ ئەم گەنجە نووسەرە. هەر



لەم ڕووەوە کولتووری شانۆی ئەوروپی بنەما و زەمینەیەکی لەباری دەستپێکردن و بەردەوامی پرۆسە شانۆییەکەیەتی.

نووسەری سویدی (ئاگۆست ستریند بێری) دەروازەی ئەو سەرەتایەیە و بەهایەکی گرنگی هەیە. ئاگۆست ستریند بێری بۆ ماریۆس ڤۆن ماینبۆری یەکێکە لە نووسەرە مۆدێرنە گەورەکانی بواری شانۆ و هەر ستریند بێریشە کە توانیویەتی کۆمەڵێ دەرگای گرنگ بەڕووی هونەری شانۆدا بکاتەوە.

(منداڵە سارد و سڕەکە) دوا شانۆنامەیەتی و ئەمڕۆ لەسەر شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێت[21]. هەروەها هەر لە ماوەی ئەم ساڵدا (منداڵە سارد و سڕەکە) جگە لە ئەڵمانیا و سوید لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ و کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارکیش نەمایش دەکرێت.

### خێزان چەقی ڕووداوەکانە

خێزان شانەیەکی گرنگ و مەسەلەیەکی هەمە لایەن و بنەمایەکی پتەوی بۆچوون و پرۆسە بەردەوامەکەی ئەم نووسەرە گەنجەیە. گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان، پەیوەندییەکانی دایک و باوک بەمنداڵەکانیانەوە، پەروەردەکردنی منداڵ، خێزان وەک ناوەندێکی شارستانی و مەڵبەندێکی سەرکوتکردنیش دیاردەیەکی ئاشکرای شانۆنامەکانێتی. بەڵام خێزان لەم پرۆسەیەدا، تەنها مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو مەوداکانی زۆر فراوانە و زیاتر قووڵ دەبێتەوە و تەنانەت چەمکەکانی زیندەوەرزانیش دەگرێتەوە.


(چارەنووسی ئێمەش، وەک مرۆڤ لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە دایک بووین، گرنگ نییە لە چ کۆمەڵگایەکدا و بە چ شێوەیەک دەژین.) لەم ڕووەوە پیەسەکانی ئەم نووسەرە بەنێو گیروگرفتە خێزانییەکاندا ڕۆچووەتە خوارەوە و زۆربەی جاریش بەئاگر و خوێن کۆتاییان دێت. هێزێکی توندوتیژی ئاگراوی بنەمای پەیوەندییەکانی ناو خێزان بەرجەستە دەکات. خێزان دەبێتە دارستانێکی چڕ و بەشێوەیەکی دڕندانە، دڵڕەقانە، پەیوەندی و ڕووبەڕووبوونەکان کۆتاییان دێت. لەم ڕووەوە "ماریۆس ڤۆن ماینبۆری" بەم شێوەیە ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات: (توندوتیژی بەلای منەوە جێگای سەرنجە، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ من نهێنییەکی گەورەیە. هەر ئەم پرسیارەشە من ئەورووژێنێ، تەنانەت وەک بینەرێکی شانۆییش. من دەمەوێت بزانم مرۆڤ چ زیندەوەرێکە. هەروەها لەو بڕوایەشدام کە توند وتیژی گەورەترین گرفتی مرۆڤە. زۆرباش لەوە دەگەم بۆچی مرۆڤ

دەبێـتـە کـەسـێکی خێـرخـواز. بۆچی دایک و بـاوک منداڵەکـانیـان خۆش دەوێت، بۆچی منداڵیش دایک و باوکی خۆی خۆش دەوێت. بەڵام هەرگیز لە توندوتیژی ناگەم و نازانم بۆچی مـرۆڤ مـرۆڤ لەناو دەبات. هەروەها توندوتیـژی خـاڵی کـۆتایی لێک گـەیشتن و گفتوگۆیە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم مەسەلەیە بۆ من لە شانۆدا دەبێتە جێگای سەرنج. لە شانۆدا لە مەسەلەکە زیاتر نزیکدەبمەوە و دیالۆگ و ناکۆکییەکان دەنووسم. لە کاتێکدا مرۆڤ چیتر ناتوانێ بدوێت و چارەسەری ناکۆکییەکانی بۆ ناکرێت، ئەوا لە توندوتیژی نزیک دەبێتەوە.)[٢٢] ئەم مەسەلەیەش لە بواری شانۆدا بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو سەرەتاکانی مێژووی شانۆی گریکی، شەکسپیر و تەنانەت بەشێکی زۆری شانۆی هاوچەرخی جیهانی لە مەسەلەکانی خێزانییان کۆڵیوەتەوە. خوێن ڕژان و لاپەڕە تاریکەکانی پەیوەندییەکانی خێزان و توندوتیژی نەوە جیاوازەکان، بەردەوامییەکی ئەو پرۆسێسەیە. بەلای "ماریۆس ڤۆن ماینبۆری"یەوە (خێزان) لە کۆمەڵگادا جێگایەکی بێ یاسا و ترسناکە. هەر لەم شوێنانەشدا هەندێ لە لایەن و نهێنییەکانی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت کە لە هیچ شوێنێکی تردا ناتوانین بیانبینین.

## سیمای ئاگرین

چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەم نووسەرە گەنجە بەشانۆنامەی (سیمای ئاگرین)[٢٣] زۆر بەخێرایی هەموو سنوورەکان دەبڕێ و ناوبانگی لە هەموو ئەورووپادا بڵاودەبێتەوە. سیمای ئاگرین (وەک کۆمیدیایەکی ڕەش) لە دەروازەی کۆمەڵێ دیمەنی یەک بەدوای یەکدا تاریکترین شانەکانی خێزان و نزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات. خێزان لەم پیەسەدا ناوەندێکی ڕاستەوخۆیە و بۆ هەموو شتێکی نائاسایی، سەرکێش، ڕق و چۆکدادان. هەر لەم ڕووەوە خێزان دەروازەیەکی گرنگ و جێگایەکی هەڵچوو، دژوار و بزۆزە بۆ گەمە شانۆییەکەش. هێزێکی گەورەی ڕق و هەست بەناڕەحەتی حاڵەتێکی ناتەبای پڕ لە کێشە لە ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا دروست دەکات. خێزان دەبێتە سمبولێکی دڕندە بێ ڕاڤەکردنی هێزە شەڕخوازەکانی ناوەوەی مرۆڤ. (سیمای ئاگرین)یش لەم هاوکێشەیەدا دۆزەخێکی سەرڕووی زەمینە. (ماریۆس ڤۆن ماینبۆری) بەم شێوەیە ئاماژە بەم مەسەلە گرنگە دەکات: (خێزان شوێنێکە کە کەمترین یاساکانی کۆمەڵگای تیا ڕەچاو دەکرێت. شوێنێکە زۆر زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێت، هەر لەبەرئەوەشە، بەبڕوای من، کە خراپترین شوێنەکانی شارستانییەتە. لە دەرەوە جێگایەک هەیە مرۆڤ





دیمەنێک لە شانۆنامەی (منداڵە سارد و سڕەکە)
وێنەی: Sören Vilks

دەتوانێت ڕووی تێ بکات، گەر بەشێوەیەکی نادروست مامەڵەت لەگەڵ بکرێت. من دەتوانم بچم بۆ لای پۆلیس و دادگا، ئەمەش شارستانیەتە)[٢٤].

زمان لە سیمای ئاگریندا، وەک هەموو پیەسەکانی تری ئەم نووسەرە، چەمکێکی ساکار و تازەی نووسینی شانۆنامەیە. زمانە درامییەکەی (ماریۆس ڤۆن ماینبۆری) قووڵبوونەوە و ڕاڤەکردنێکی ڕیشاڵە گرنگەکانی دەنگە. زۆر بەوردی ڕاڤەی پیشەی کارەکتەرەکانی دەکات. یاخود لە ڕێگای کردنەوەی دەرگایەکی واڵاوە بۆ کەسایەتییەکانی تاکو بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا چی لە دڵیاندایە دەیدرکێنن. هەندێ جار "ماریۆس ڤۆن ماینبۆری" بەشێوازێکی وەستایانە واز لە کارەکتەرەکانی دەهێنێ تا خۆیان لە مەسەلەکان بدزنەوە. بەمەش ڕوویەکی تری کارەکتەرەکانیان ئاشکرا دەبێت. بەلای ئەم نووسەرەوە زۆر گرنگە بینەران بەشێکی گرنگی هاوکێشە شانۆییەکە بن و بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا بکەن. بێگومان ئەم گەڕانەش زیاتر تێڕامانە بەدوای شتە شاراوەکاندا. چی ڕاستە و کامەیان هەڵەیە، خەون یاخود واقیعی ڕۆژانە.

لەم چوارچێوە پڕ لە ڕووداوانەدا زۆرجار چەندین ڕووداو بەشێوەیەکی هاوتەریبی ڕێدەکەن، هەروەها بازی خێرا لە نێوان کات و شوێنیشدا چەمکێکی بەردەوامی تەکنیکی پیەسەکانە. شوێنەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەزەمەنەوە نییە و هەندێ جار زەمەن و شوێنیش بوونیان نامێنێ و دەبنە سمبولێکی ئاڵۆز. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەوەی پیشان دەدرێت / ئێستە/ یە و بەرجەستەیەکی بەرئەنجامەکانی ئەو ڕووداوانەیە کە نزیکە لێمانەوە.

## منداڵە سارد و سڕەکە

"ماریۆس ڤۆنماینبۆری" سەرلەنوێ لە شانۆنامەی (منداڵە سارد و سڕەکە)دا دەگەڕێتەوە سەر گیروگرفت و مەسەلە گەوهەرییەکانی خێزان. بەڵام لەم بەرهەمەیدا بەشێوەیەکی گشتگر زیاتر قووڵ دەبێتەوە و کارەکتەرەکانی بەتەواوەتی ڕووت دەکاتەوە و خێزانیش دەبێتە کێڵگەیەکی پڕ لە ئاماژە و سمبول. کەسایەتییەکانی (منداڵە سارد و سڕەکە) بەڕێکەوت لە قاوەخانەی (پۆلیگەم) کۆدەبنەوە: دایک، باوک، و هەردوو کچە گەورەکەشیان، پیاوێک، ژن و مێردێکی گەنج و منداڵەکەیان کە هەمیشە لەرزی لێهاتووە و سەرمایەتی، هەروەها هاوڕێیەکی ئەم خێزانە گەنجە کە تازە وازی لە خۆشەویستەکەی هێناوە. ڕووداوەکان لە (دروستکردنەوەی پەیوەندی بەئافرەتێکی ترەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چاوەڕواننەکراو، هەڵوێستەی نالەبار، کۆمیدیایەکی ڕەشی دڵتەزێن و جیاوازدا) کۆدەبێتەوە. کارەکتەرەکان سەرلەنوێ لە بەگژداچوون، پێکدادان، زەماوەند و پرسەدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە.

لەم شانۆنامەیەدا هەموو کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر شانۆن. کات و شوێن بەتەواوەتی تێکشکێنراون، ڕووداوەکان لە پێکداچوونێکی بەردەوامدان و هەموو کارەکتەرێکیش بۆچوونیکی تایبەت و جیاوازی سەبارەت بەڕووداوەکان هەیە. هەروەها بینەرانیش بەردەوام هەموو ئەم کارەکتەرانە لەسەر شانۆ دەبینن.

لەم گێژاوی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕووداوە یەک لە دوای یەکەدا، چیرۆکێک بەئاشکرا دەردەکەوێت: پیاوێک یارمەتی ئافرەتێک دەدات لە گرفتێکی ئاڵۆزی خێزانی ڕزگاری بێت. لە یەکێک لە دیالۆژەکاندا ئەو پیاوە ڕزگارکەرە دەڵێت: (من کابرایەکی بەزەبروزەنگ نیم، بەڵام هەندێ هەڵوێستەی وا هەیە کە مرۆڤ ناچار دەکات پەنا بەرێتە بەر توندوتیژی.) ئەم ئافرەتە دوای ڕزگاربوونی لەو گرفتە ئاڵۆز و کارەساتە، هێندە لەم پیاوە نزیک دەبێتەوە تا لە ئەنجامدا دەبێتە هاوسەری، بەڵام هەر زوو پەی بەوە دەبات کە ئەم پیاوەش سەرلەنوێ کارەسات و گرفتێکی گەورەترە بۆ ئەو، هەروەک خێزانەکەی لەوەوبەری خۆی.

ئەمەش سەرلەنوێ بازنەیەکی دووبارەبوونەوەی کێشە و گیروگرفتەکانە، لەبەر ئەنجامدا ئەم ئافرەتە ناچار دەبێت خۆی لەم پیاوەش ڕزگار بکات. ماریۆس ڤۆن ماینبۆری سەبارەت بەچۆنیەتی نووسینی ئەم پیەسە دەڵێت: (یەکەم جار لە ئۆستراليا بیرم لەم چیرۆکە



کردەوە. یەکەم جاریشم بوو بچمە ئەم وڵاتەوە. دوای بیست و چوار کاژێر بەرلەوەی بگەینە ئۆستراليا لە (سێنگاپورە) لامان دا. هۆڵی فڕۆکەخانەکە لە باخچەیەک، یان ژوورێکی دانیشتن دەچوو. زۆر بەپاکی ڕاگیرابوو، زەوی و دیوار و پەنجەرەکان دەبریسکانەوە. گەرما بەتینەکەی دەرەوە لەو ژوورەدا بەرگری بۆ نەدەکرا. لەوێوە بەرێکەوتین بۆ دوورگەیەکی زۆر بچووک لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی ئوستراليا. لەو دوورگەیە لە پڕ لە کەناری یەکێک لە ڕووبارەکاندا بیرم لەو چیرۆکانە دەکردەوە کە بەمنداڵی دەمگێڕانەوە.

من هەمیشە لەگەڵ برا بچووکەکەمدا شانۆی بووکەشووشەمان پێشکەش دەکرد. نەمایشەکانمان لە ڕۆژی لە دایکبوون و ڕۆژانی جەژنی سەری ساڵدا پێشکەش دەکرد، لە گوێ ڕووبارەکە بیرم لەوە دەکردەوە کە هەمیشە چیرۆکەکانمان باسی ڕزگارکردنی کەسێکی دەکرد. هەمیشە کەسێک لە بارێکی گرانی خەتەرناکدا خۆی دەبینێتەوە و کەسێکی تر دێت ڕزگاری دەکات. کۆمەڵێ دز و پیاوخراپ شازادەیەک دەفڕێنن، دوای ئەوە شاسوارێک پەیدا دەبێت و شازادەکە ڕزگار دەکات. چەند ئێمە دەچووینە تەمەنەوە و گەورە دەبووین، هێندەش چیرۆکەکانمان ئاڵۆزتر دەبوو. دوا نەمایشی شانۆی بووکەشووشەییەکەمان باسی وەستایەکی (پیزا) دروستکردنی دەکرد کە پیاوخراپێک زیاتر حەزی دەکرد ئەو (وەستایە) بخوا لە بری پیزاکە. بەڵام چیرۆکەکانی ئێمە هەمیشە کۆتاییەکی دڵخۆشانەی هەبوو، بۆ نموونە زەماوەند کۆتاییەکی لۆژیکی زۆربەی ئەو نەمایشانەمان بوو. ئا لەو کاتەدا کە لەو کەناری ڕووبارە و لەوسەری گوێ زەویدا بەتەنها دانیشتبووم بیرم لەوە کردەوە کە هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئەو شاسوارانەی پەریزادەکان ڕزگار دەکەن، خۆیان کارەساتێکی خراپتر نەبن لەو کارەساتانەی کە شاسوارەکە پەریزادەکانی لێ ڕزگار دەکات. ئەم مەسەلەیە منی جووڵان. ئەمەش مەسەلەیەکە کە دەمەوێت لەسەری بنووسم.)[٢٥] لە شانۆنامەی منداڵە سارد و سڕەکەدا "ماریۆس ڤۆن ماینبۆری" تەکنیکێکی جیاواز لە پیەسەکانی تری بەکاردەهێنێ. بۆ نموونە لە دیمەنە مۆنۆلۆژەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. بەڵام خودی یادگارەکانی کەسایەتییەکان لە تەقەلای گەڕانەوەدا نین بۆ ڕابردوو، بەڵکو بیرەوەرییەکان وەک کۆمەڵێ یادگاری هەستپێکراو دەبێتە جێگای سەر لەنوێ زیندووبوونەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو. سەرلەنوێ ڕابردووش دەبێتە ڕووداوێکی ئامادە و بزۆز لە ئێستەدا. نووسەر خۆی ئەم تەکنیکەی ناوناوە (دراماتۆرگی بیرەوەرییەکان). ئەوەی لەم تەکنیکەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە: ڕابردوو، ئێستە و ئایندە لە جوڵانەوەیەکی بەردەوامی دیالیکتیدایە. ڕابردوو لە ڕووداوەکانی ئێستەدا کار دەکات،

یادگارەکانیش کۆمەڵێ بیرەوەری زیندوو پێکدەهێنێ. ئەو بیرەوەرییانەش وەک کردارێکی بزۆز دەبێتە زەمینەیەکی لەباری دروستکردنی کۆمەڵێ پەیوەندی لە ئێستە و لە ئایندەشدا. ئەم تەکنیکە هەرچەندە نزیکە لە تەوژمی ڕۆمان نووسە نوێخوازەکانی ئەدەبی فەرەنسی، لێک نزیکبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی تەکنیکی سینەماشە. دیمەنەکان بەسەربەستییەکی تەواوەتی لە نێوان شوێن و کاتدا گەمە دەکەن. ئەمڕۆ و دوێنێ لە یەکەیەکی هونەری یەکگرتوودا دەکاتە هاوکێشەیەکی هەمەلایەن و کەسایەتییەکان گەورە دەبن، منداڵ دەبنەوە و هەمیشە لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی بەردەوامدا دەبن.

## گەمەیەکی توندوتیژ

ئەمە یەکەمجارە شانۆی نەتەوایەتی لە ستۆکهۆڵم (شانۆی پادشایەتی) شانۆنامەیەکی ئەم نووسەرە گەنجە پێشکەش بکات. شانۆی پادشایەتی دوای چاودێرییەکی ورد و ئاگادارییەکی تەواوەتی بزووتنەوەی شانۆ لە ئەوروپا وەدەرکەوتنی پەیام و دەنگی ئەم نووسەرە گەنجە، دەرگاکانی شانۆکەی بۆ ئەم ڕەنگە بەهایەی ئەمڕۆی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپی دەکاتەوە.(٢٦)

شانۆنامەی منداڵە سارد و سڕەکە درێژەپێدانێکی تراژیدیای خێزانە لە دیدێکی قووڵی زیندەوەرزانییەوە و لەم ڕووەوە هەموو سنوورە کۆمەڵایەتییەکان دەبەزێنێ. هەستە ئاژەڵییەکان دەبنە سیمایەکی ترسناک و دڕندەی خێزان، قاوەخانەی (پۆلیگەم) دەبێتە پلاتفۆرمێکی ئەو گەمەیە و کارەکتەر و ڕووداوەکان لەو شوێنەدا یەکتری تەواو دەکەن و هەر لەوێشدا هێڵە توندوتیژ و بێ بەزەییەکانی کەسایەتییەکان لە نێو شانەکانی خێزاندا بەرجەستە دەبن. ئەو کارەکتەرانە بەڕێکەوت، هەروەک سەرە ڕێگایەک، لەو قاوەخانەیەدا کۆدەبنەوە و ڕووداوەکان بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان دەبات. دیمەنەکان لە شێوەی کۆمەڵێ تابلۆی زۆر کورتدا تێدەپەڕێت، شتێک لە دوای خۆیانەوە بەجێدەهێڵن، بۆشاییەک، یان تارماییەکی ترسناک. بینەرانیش لە دوای هەر تابلۆیەک هەست بەسەرسوڕمان و ناڕەحەتییەکی ئاشکرا دەکەن. دیمەنەکان زۆر کورتن، لەگەڵ ئەوەشدا لە بارێکی چڕی ئەو پەیوەندییانەدا: دایک بەکچەکەیەوە، برا بەخوشکەکەیەوە، باوک بەکچەکەیەوە، ژن بەمێرد و مێرد بەکوڕەکەیەوە پرۆسێسێکی تەمومژاوی، یەکەی کات و شوێن دیاری دەکەن. لە ناو ئەو کارەکتەرانەشدا (پیاوێکی تەنها) قوت دەبێتەوە و گەرەکیەتی ڕاوە ئافرەت بکات. بەبێ سڵەمینەوە دەچێتە تەوالێتی ئافرەتان و بەوپەڕی



خۆشحاڵییەوە گوێ لە خووشەی میزی ئافرەتەکان دەگرێت. ئەم مشتەرییە لە دەرەوەی سنووری ئەو خێزانەدایە کە لەو قاوەخانەیەدا کۆبوونەتەوە، بەڵام پاش ماوەیەک دەتوانێ یەکێک لە (کچەکانی) ئەو خێزانە لە خشتە ببات و بەلای خۆیدا ڕایکێشێت.

سینۆگرافیای نەمایشەکەش لە بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا ڕووبەری قاوەخانەکەیە، بەڵام لە بەشی دووەمدا وێنەی پشت مێزی باڕمەندەکەیە. لە بری هەشت کارەکتەریش شانزە کارەکتەر بەردەوام لەسەر شانۆکەن. ڕیژیسۆری نەمایشەکە لە گەمەیەکی زۆر بەسەلیقە و دیدێکی شانۆیی فراوانەوە ئەو هەشت کەسایەتەی کردۆتە شانزە. هەموو کارەکتەرێک کۆپیەکی لە شێوەی بووکەشووشە و بەبارستەی خودی ئەکتەرەکە هەیە. هەندێ جار کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی بووکە شووشەیەک، یان ڕووبەڕووی خودی خۆیان دەبنەوە. هەندێ جار ئەم دابەشکردنە حاڵەتێکی کۆمیدی دروست دەکات، لە کاتێکدا پیاوەکە لەسەر مێزەکە دانیشتووە و قسە لەگەڵ ژنەکەی دەکات، کەچی لەولاوە هەمان ئەو پیاوە و بەهەمان جلوبەرگەوە دەبینین خۆی داوە بەسەر مێزی باڕەکەدا و پشتی لە بینەران کردووە. ئەم دابەشکردنە لێکچووەش دووپاتکردنەوەیەکی ونبوونی هەموو جۆرە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانە. هەروەها پێشێلکردنی خودی مرۆڤە وەک ئیندیڤیدێک، هەموومان لە بوونیادێکی لێکچووی دەستکردا بەندکراوین و مەوداکانی جووڵە، پەیوەندی و سنوورەکانی سەربەستیمان زۆر دیاری کراوە. پێناسەی کەسایەتی خۆمان لێ زەوت کراوە و هەموو یەکێک لە ئێمە بینەرێکی بێ جووڵە و خەو لێکەوتووی ڕووداوەکانی ژیانی خۆمان و دەوروبەرەکەمانین. کۆپیکردنی کارەکتەرەکان و بەم شێوازە کردەییە یەکێکە لە خاڵە گرنگ و بەبەهاکانی نەمایشەکە و دیدی ڕیژی یەکالای پرۆسە شانۆییەکە کردۆتەوە. بەمەش پیەسەکە و چۆنیەتی نەمایشەکە (وەک پرۆسەیەکی هونەری و کردەیی) لە دوو هێڵی تەریبیدا درێژ دەبنەوە و یەکتری تەواو دەکەن.

## چیرۆکی جوولەکەیەکی چاوچنۆک

شانۆنامەی: بازرگانی ڤینیسیا Kopmannen i Venedig

نووسینی: ولیەم شەکسپیر Willam Shakespeare

وەرگێڕانی: لاش هیولدین Lars Hulden

ڕیژی و کۆریۆگرافی: ماتس ئێک Mats Ek

شانۆی پادشایەتی "دراماتن" لە ستۆکهۆڵم Dramaten

(بازرگانی ڤینیسیا ) یەکێکە لە شانۆنامە کۆمیدییەکانی شەکسپیر و مەسەلەی پارە، بازرگانیی، خۆشەویستیی و دژایەتیکردن لە هەمبەر ڕەگەزی جوولەکە دەخاتە ڕوو. شەکسپیر بەشێوازێکی زۆرجوان توانیویەتی لەم شانۆنامەیەدا هەموو خاڵە جیاواز و دژ بەیەکەکان کۆدەکاتەوە و ئاستەکانی کۆمەڵگا، بەهەموو شێوەکانییەوە بەرز و نزم، پیر و گەنج، هەژار و دەوڵەمەند کۆبکاتەوە. هەروەها هەمووشیان بەهەمان شێوە گرنگیی خۆیان هەیە.

شەکسپیر لە ساڵەکانی ١٥٩٦ - ١٥٩٧دا شانۆنامەی بازرگانی ڤینیسیای نووسیوە. دوو ساڵ لەوەوبەر، واتە لە ساڵی (١٥٩٤)دا، (کریستۆڤەر مارلۆ) شانۆنامەی (جوولەکەی ماڵتا )ی نووسی بوو. هەموو ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوانی شانۆ دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە شەکسپیر، ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەو شانۆنامەیەی کریستۆڤەر مارلۆی بەسەرەوە بووە.

### ناوەڕۆکی شانۆنامەکە

بازرگانی ڤینیسیا باس لە دەسەڵاتی پارە دەکات، بەڵام عەشقیش ناوەندێکی گرنگی ئەو دەسەڵاتەیە. لەوانەیە ناوەڕۆکی پیەسەکە بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگا و ژیانی مۆدێرنی ئەورووپی و گلۆباڵیزم شتیکی نوێ نەبێ، بەڵام مەسەلە ڕاسیستەکان و دژایەتیی کردنی جوولەکە ناوەندێکی گرنگە و دەکرێ بەدید و شێوازی جیاواز بخوێنرێتەوە و بخرێتە ڕوو. جوولەکەیەک کچەکەی و سەروەت و سامانەکەی لە دەست دەدات. لە هەمان کاتدا دوو ڕوویی کۆمەڵگای ئەورووپی و ڕەگەزی مەسیحییەکانیش دەخاتە ڕوو. کارەکتەری (باسانیۆ) دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بووە دڵی (پۆرتیا )ی شۆخ و شەنگ بەلای خۆیدا






دیمەنێک لە شانۆنامەی (بازرگانی ڤینیسیا)

راکێشێ. پۆرتیاش ئافرەتێکی گەنج و دەوڵەمەندە و بەمیراتی سەروەتێکی زۆری بۆ ماوەتەوە. باسانیۆ بەیارمەتی (ئەنتۆنیۆ)ی هاوڕێی، پارە بە سوو[٢٧] قەرز دەکات تا خەونەکانی لەگەڵ پۆرتیای شۆخدا بێنێتە دی. بەڵام ئەنتۆنیۆ خۆشی ناچار دەبێت پارە بە سوو لە شایلۆکی دوژمنە گەورەکەی قەرز بکات. شایلۆکیش بەشێوەیەکی گاڵتە و گەپ، بۆ دڵنیای گەڕانەوەی پارەکەی بەڵگەنامەیەک لەگەڵ ئەنتۆنیۆدا مۆر دەکات. لەو بەڵگەنامەیەدا شایلۆک دەنووسێت گەر ئەنتۆنیۆ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا پارەکە نەگێڕێتەوە، ئەوا شایلۆک بەدەستی خۆی کیلۆیەک گۆشت لە سینگی ئەنتۆنیۆ هەڵدەکەنێ. بێ گومان ئەنتۆنیۆش وەک شایلۆک بازرگانە و هەردووکیان پێکەوە بەدوو ئاڕاستەی جیاواز کاری بازرگانیی دەکەن. ئەم گەمەی بەڵگەنامەیە دواتر دەبێتە ڕقێکی ئەستوور لە لای شایلۆک و لە دادگا داوای مافی خۆی دەکات. هەروەها لە لایەکی دیکەوە پیەسەکە بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوە سەرەکییەکاندا بەرجەستەی دوو کارەکتەری ئافرەتی تری سەرەکی شانۆنامەکە دەکات:( پۆرتیا و یەسیکا). پۆرتیا بەپێی ئامۆژگارییەکانی باوکی لە تەقەلای دۆزینەوەی مێردێکدایە و ئەم دیمەنانەش چەمکێکی کۆمیدیی و پڕ لە خەندە لە خۆ دەگرن. بەهەمان شێوە (یەسیکا)ی کچی شایلۆک بارێکی جیاواز و هەڵوێستەیەکی دژواری شانۆنامەکەیە. یەسیکا پشت دەکاتە باوکی، لە ماڵەوە هەڵدێ و دەشبێتە مەسیحی.

ئەمەش بەگژاچوونەوەیەکی بەهێزی یەسیکایە بەرامبەر بەشایلۆکی باوکی. دەتوانین بڵێین کارەکتەری یەسیکا لە هەموو کارەکتەرەکانی تر بەرامبەر بەشایلۆک توندوتیژتر و دڵڕەقترە. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر ساکار: شایلۆک باوکی یەسیکایە و ئەو دژایەتیکردنەی کچەکەشی کۆمەڵێ هیما و ئاماژەی تر لە خۆدەگرێ. یەسیکا بۆ خۆی بەدوای پێناسەیەکی تردا دەگەڕێت. کێشەی ئەم کیژە کێشەیەکی قووڵی دەروونی، ڕەگەز، ئایین، خۆناسین و لەسەرروو هەموو ئەمانەشەوە کێشەی خۆشەویستیشە.

یەسیکا کەسێکی مەسیحی هەڵدەبژێرێ، هەر بۆ ئەو کەسەش، بۆ خۆشەویستەکەی لە جوولەکەوە دەبێتە مەسیحی. هەموو ئەمانە لە پاڵ کێشە گەورەکەدا: شایلۆک و ئەنتۆنیۆ بنەما سەرەکییەکانی بازرگانی ڤێنیسیا پێکدێنێ. قێز لێبوونەوە، قین و دژایەتیی کردنی شایلۆکی جوولەکە و ئەنتۆنیۆی مەسیحیی تەواوکەری یەکتر و یەکەیەکی گرنگی نمایشەکەیە. ئەم مەسەلەیەش بۆتە دینامیکێکی گرنگی ڕیتم و پێکداچوونێکی سەیری سەما و شانۆ لە نمایشەکەدا.



## کێشەی دژایەتیکردنی جوولەکە

مێژووی دژایەتیکردنی ڕەگەزی جوولەکە زۆر دێرینە و لە هەموو سەردەم و سەدەیەکەدا جوولەکە کەوتووەتە بەر شاڵاوی هێرش و سووکایەتی پێکردن. هەموو سەردەمێکیش شێوازی تایبەتی خۆی لە دژایەتیکردنی ڕەگەزی جوولەکەدا هەبووە و هەیە. بێگومان ئەو دژایەتییە، لە سەردەمی دەسەڵاتی هیتلەر و نازییەکانی ئەڵمانیادا، دەگاتە ئاستی ترۆپک. جوولەکە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بەر شاڵاوێکی گەورەی قەلاچۆکردن دێن و تا ئێستاش کاریگەرییەکانی بەسەر ژیانی ڕامیاری، دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەورووپا و گەلی جوولەکەوە هەیە.

جوولەکە هەمیشە وەک کەسێکی نامۆ، چاوچنۆک، پارە پەرست ئاماژەی بۆ کراوە. جوولەکە هەمیشە لە بەرەیەکی تەنهادا بووە و وەک ئەوانی تر، وەک گەلێکی جیاواز، ئاینێکی جیاواز و تەنها پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە. پارە و جوولەکە هەمیشە هاوکێشەیەکی گرنگی پێکەوە بەستراو بووە لە مەسەلە بازرگانی و کۆمەڵگا دەرەبەگییەکانی باشوور و ناوەندە گرینگەکانی ئەورووپادا.

بەهەمان شێوە لە سەردەمی شەکسپیردا، بەتایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی شاژن (ئێلیزابێس)دا جوولەکە زۆر بەتوندی تەنگی پێ هەڵچنراوە. شاژنی ئینگلیستان بەتاوانی جۆراوجۆر جوولەکەی لە سێدارە داوە. هەروەها لە چاخەکانی ناوەڕاستیشدا، هەر لە ئینگلیستان جوولەکەکانیان دەرکردووە و ڕاویان ناون.

شایلۆکیش لە سەردەمی شەکسپیردا وەک گەمەیەکی کۆمیدی نمایش کراوە. (بازرگانی ڤینیسیا) وەک کۆمیدیا نووسراوە و هەروەک کۆمیدیاش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و پێشکەش دەکرێ. ئەمەش بۆچوونێکی دژوارە و هەمیشە بۆتە خاڵی جیاوازی و هۆی ناڕەحەتی. ئەوەی لەسەر شانۆ لە شایلۆک ڕوودەدات، لە بری ئەوەی ببێتە جێگای ناڕەحەتیی و هەڵوێست وەرگرتن، دەبێتە پێکەنین و گاڵتە پێکردن.

لە (بازرگانی ڤینیسیا)دا جوولەکە و مەسیحییەکان پێکەوە خەریکی کاری بازرگانیین. لەم شارەدا خەڵکیی بەهای هاوڕێکانیان بەپارە و ئاڵتوون دەپێون. هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستەکان سەبارەت بەپارە و خۆشەویستیی، قازانج و زەرەر و بەهاکانی، هاوڕێیەتی دەخرێتە ڕوو. هەر لەم دەروازەیەشەوە شانۆنامەکە بۆچوون و دیدی جوولەکە و مەسیحییەکان بەرجەستە دەکات، بەتایبەتیش سەبارەت بەوەی کە شایلۆکی جوولەکە و

ئەوانی تر، مەسیحییەکان چۆن قازانج، سوو خواردن، مافی پارە پەیداکردن و پرسیارە ئاکارییەکانی خۆ دەوڵەمەندکردن و کەڵەکەکردنی سەرمایە.

بۆچی شایلۆک ڕق و دژایەتی ئەنتۆنیۆی بازرگان کە کەسایەتییەکی مەسیحییە، دەکات؟ بێگومان مەسەلەکە زۆر ئاشکرایە، شایلۆک دەڵێ:"من ڕقم لەو دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی مەسیحییە، زیاتریش لەبەر ئەوەی کە ئەو بەخۆڕایی پارە بەقەرز دەدا و ئەمەش بەشێوەیەکی گشتیی کار دەکاتە سەر ئاستی سوو. ئەنتۆنیۆ ڕقی لە ئێمەیە، بەمن دەڵێت سووخۆر، ئێمەش نەتەوەیەکی پیرۆزین."

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پیەسەکە باسی سەرمایەداریی و مافی گەشەکردنی سەرمایەدار و سەرمایەکانیان دەکا. شەکسپیر بەشێوەیەکی بەرز ئەم هاوکێشەیە لە ڕێگای دوو جەمسەری دژ بەیەک و جیاوازەوە دەخاتە ڕوو: ئەنتۆنیۆ و شایلۆک، بازرگان و سووخۆر. ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ بازرگان وەک کەسێکی پاک و سووخۆریش وەک پەڵەیەکی ناشیرین و کارێکی نامرۆڤانە. هەمیشە سووخۆر و پارە کۆکردنەوەش، بەهەموو ڕێگا نامرۆڤایەتییەکانیەوە بەجوولەکەوە بەستراوەتەوە.

## بازرگانی ڤێنیسیا و جوولەکە

ئەم شانۆنامەیەی شەکسپیر لە هەموو سەردەمێکدا پێشکەش کراوە. بەڵام هەمیشە خوێندنەوەکانی بازرگانی ڤینیسیا دیدی جۆراوجۆر و هەڵکۆڵینی فیکریی، ئاکاریی و ڕامیاریی جیاوازی لە خۆگرتووە. بۆ نموونە لە سەدەی ڕابردوودا و بەتایبەتیی لە ساڵانی سییەکاندا کە دەسەڵاتی نازییەکان گەیشتە ترۆپک، شانۆنامەی بازرگانی ڤینیسیاش زۆر ڕەواجی دەبێ. بازرگانی ڤینیسیا لە نیوان ساڵانی ١٩٣٣ - ١٩٣٩دا پەنجا جار لە ئەڵمانیا نمایشکراوە.

لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم تا ئێستا شەش جار بازرگانی ڤینیسیا نمایش کراوە: ساڵانی ١٩١٩، ١٩٢٣، ١٩٤٤، ١٩٦٢، ١٩٦٧ و ٢٠٠٤ . لە زوربەی نمایشەکانی ئەم شانۆنامەیەدا کەسایەتی شایلۆک کراوەتە کارەکتەرێکی کاریکاتێریی بێویژدانی سووخۆر. هەر لە ڕێگای ئەم کارەکتەرەشەوە، بەهەموو شێوەیەک هێرش کراوەتە سەر ڕەگەزی جوولەکە.

شایلۆک لە شانۆنامەی بازرگانی ڤینسیادا دووپاتی ئەم مەسەلەیە دەکاتەوە و دەڵێت:" جوولەکە چاوی نییە؟ جوولەکە دەستی نییە، بەشەکانی جەستەی، پێوەری مرۆڤێکی



ئاسایی، هەستەکانی........؟ بەهەمان خۆراک ناژی، بەهەمان چەک بریندار نابێ، تووشی هەمان نەخۆشیی نابێ، بەهەمان دەرمان وەک هەر مەسیحییەکی تر چارەسەر ناکرێت، هەروەک هەموو مەسیحییەک هەست بەگەرمای هاوین و سەرمای زستان ناکات؟ ئێمە خوێنمان لێ نایەت گەر بریندارمان بکەن؟ پێناکەنین گەر ئێوە ختوکەمان بدەن؟ ئێمە نامرین گەر ئێوە دەرمانخواردمان کەن؟ تۆڵە ناکەینەوە گەر ئێوە مافەکانمان پێشێڵ کەن"؟

هونەرمەند (ماتس ئێک) کە ئەم شانۆنامەیەی خستۆتە سەر شانۆ، زۆر بەوردیی بیری لەو مەسەلانە کردۆتەوە. ئەم هونەرمەندە لە یەکێک لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەکاندا سەبارەت بەم نومایشە، لە ستۆکهۆڵم ڕایگەیاند:" پیەسەکە بەرجەستەیەکی ئاشکرای دژایەتیکردنی جوولەکە – ئەنتی سمیتیزم – Antisemitism لە خۆ دەگرێت کە بەداخەوە تاکو ئێستا بەهەمان شێوە ئەو دژایەتیکردن و رق لێبوونەوەیە هەر بەردەوامە. بارودۆخی ئافرەتیش خاڵێکی گرنگە: دەسەڵاتی پارە و عەشقێکی پێویست و نرخی شتەکان بەئاشکرا بەرجەستە دەبن. ئەوانەی باسی لێبوردن و لێبوردەیی دەکەن، هەوڵی بەئەنجام گەیاندنی نادەن. بێگومان هەست و سۆزە پێویستەکانی تۆڵە سەندنەوەش باس دەکرێت."

## ماتس ئێک و شانۆی کلاسیکی

ماتس ئێک لە ساڵی ١٩٩٦دا (جوولەکەیماڵتا)ی لە نەمایشێکی سەما ئامێزی پۆست مۆدانیزمی قەشەنگدا، لەسەر شانۆی ئۆریۆن لە ستۆکهۆڵم، پێشکەش کردووە. لە شانۆنامەی جوولەکەی ماڵتاشدا، پیسکەیی جوولەکە بەئاشکرا دەردەکەوێ. بەڵام جیاوازی جوولەکەی ماڵتا و بازرگانی ڤینیسیا لەوەدایە کە کریستۆڤەر مارلۆ زۆر توندوتیژتر و لە مەودایەکی فراوانترەوە چارەسەری کێشەکانی ڕەگەزی جوولەکە دەکات.

ماتس ئێک لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا جگە لە نەمایشە سەما گەورەکانی، لە دیدێکی پۆست مۆدانیزم[٢٨]ەوە چارەسەری کۆمەڵێک شانۆنامەی کلاسیکی کردووە. (دۆن جوان)ی مۆلییر، (ئەندرۆماک)ی راسین، (جوولەکەی ماڵتا)ی کریستۆڤەر مارلۆ، (ژان دارک)ی ژان ئانوی و ئەمڕۆش (بازرگانی ڤینیسیا)ی شەکسپیر.

ماتس ئێک زۆر سەرکەوتووانە، سەما لە وشەدا دەچنێ، سەما دەخاتە نێو پانتاییەکانی شانۆوە و تێهەڵکێشی بنەما و سترکتۆرە لیریکییە، ئەدەبییە، شانۆیییەکەی دەکات. سەما و شانۆ، لە یەکەیەکی جیاواز و لە هەمانکاتدا، یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە.

ئەم ڕێژیسۆرە بەسەلیقەیە، ئەم کۆریۆگراڤە جیهانییە وا لە ئەکتەرەکانی دەکات سەما بەوشە و بەجەستە و لەگەڵ پانتاییەکاندا بکەن. سەما و تێکست مافورێکی ڕەنگاوڕەنگ، دیدێکی فراوانی مۆدیرن دەخولقێنن. ماتس ئێک لە چارەسەرە هونەرییەکەی بازرگانی ڤینیسادا، عەشقی سەما دەخزێنیتە نێو جیهانی پارە و دەسەڵاتی باوک سالارییەوە. ئەم هونەرمەندە ئاماژەی ئەوە دەکات کە ئەو تێکستێک دەخوێنێتەوە بەسەما دەیبینێ و هەر بەسەماش دەیخوێنێتەوە.

## وەرگێڕانێکی نوێ

ئەم هونەرمەندە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر شاکارێکی کلاسیکدا، وەرگێڕانێکی نوێی تایبەت بەخۆی و تێڕوانینێکی نوێش لە دایک دەبێ. وەرگێڕانێکی سەرلەنوێی ئەو شاکارانە، سەرەتای ئەو پرۆژانە دەسنیشان دەکات. ئەو وەرگێڕە نوێیەش هەر لە سەرەتاوە هاوکار و هاوبەشی پرۆسەیەکە. وەرگێڕ تەنها وەرگێڕ نییە، بەڵکو هاوکێشەیەکی گرنگی ئەزموونە سێ کوچکەییەکە پێکدەهێنێ: وەرگێڕ = نووسەر، ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکان. شانۆنامەی (بازرگانی ڤینیسیا) بەتایبەتی بۆ ئەم نەمایشە سەرلەنوێ و لە بەرگێکی نوێدا وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی سوێدی. وەرگێڕانە نوێیەکە جگە لە بەستنەوەیەکی فیکری و ئێستاتیکی بەدیدی ڕێژیسۆرەوە، هاریکارییەکی ڕاستەوخۆی ئەکتەرەکانیشە.

وەرگێڕانەکە زۆر ساکار و ئاسانە، زمانێکی نزیکە لە زمانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە و زۆر ڕاستەوخۆشە. زۆر وشە و دەستەواژەی نوێ و هاوچەرخ بەکارهێنراوە کە لە سەردەمی شەکسپیردا نەبووە. بۆ نموونە شایلۆک وشەی (ڕەگەز) و زۆر وشەی گاڵتە ئامێزی تری نوێ بەکاردەهێنێ کە بەهیچ شێوەیەک ئەو وشە و دەستەواژانە لە سەردەمی شەکسپیردا نەبوون. ئەمەش زۆر بەئاسانی پیەسەکە دەبەستێتەوە بەمەسەلە ڕەگەزپەرستییەکان و دژایەتیکردنی جوولەکە و قەڵاچۆکردنیان. بێگومان ئەم بەستنەوەیەش چەمک و شێوازێکی نوێش دەبەخشێتە ئەو مەسەلانە.

## شایلۆکێکی ئافرەت

کارەکتەری شایلۆک بەرجەستەی کابرایەکی سووخۆر و پیسکەی جوولەکەیە، ئەم کارەکتەرە بۆتە سمبولێکی ڕاستەوخۆ لە ئەدەب و شانۆی جیهانیدا. بەڵام ماتس ئێک هاوکێشەکەی بەتەواوەتی هەڵگێڕاوەتەوە و لە بڕی ئەوە، کارەکتەری شایلۆکی بەخشیوەتە



ئەکتەرێکی ئافرەت. هونەرمەند (مالین ئێک) کە خوشکی ماتس ئێکە و هەردووکیان بەسکێک لە دایک بوون، ڕۆڵی شایلۆک دەبینێ. ئەمەش دووپاتکردنەوەیەکی تری جیاوازی دید و بۆچوونەکانی ئەم هونەرمەندەیە. دەنگی ئەم ئافرەتە، قەوارەی جەستەی، شان و ملە ڕۆچووەکەی لە ناو پاڵتۆیەک و شەپقەیەکی تایبەتی ڕەشدا، ئەمانە هەموویان وێنەیەکی ئەو مرۆڤە پڕ لە ژان و تووڕەیەمان بۆ بەرجەستە دەکەن. توانای ئەم ئافرەتە شایلۆکە دەبێتە وزەیەکی بەهێزی نەمایشەکە: لە نێو ئەو هەموو سەما، گۆرانی، نواندن و سینۆگرافیا گەورەیەدا، بەئاسانی و ڕاستەوخۆ دەبریسکێتەوە. مالین ئێک پیاو نییە، جولەکەش نییە، بەڵکو خودی شایلۆکە بەهەموو ماناکانییەوە. ئەکتەر نییە، سەما زانیش نییە، بەڵکو ئەکتەرێکی بەسەلیقەی سەمازانە و شایلۆک دەکاتە مرۆڤێکی بەرجەستەکراو کە بەهەموو شێوەیەک: جەستە، دەم و چاو، وشە و هەموو شتەکانی تر گوزارشت لەو بارە دەروونی و هەستەگرانە دەکات.

ماتس ئێک ئاماژەی ئەوە دەکات کە شەکسپیر هەرگیز بەشێوەیەکی پراکتیکی و لە واقیعەدا هیچ جولەکەیەکی نەبینیوە، هەرگیز گەشتی دەرەوەی لەندەنیشی نەکردووە، هەروەها هەرگیز شاری ڤینیسیای ئیتاڵیاشی نەبینیوە. هەرچەندە پیەسەکە دادەنرێت بەزادەی خەیاڵی شەکسپیر خۆی، بەڵام زۆر زیرەکانە بەستراوەتەوە بەمەسەلە ئایدۆلۆژییەکان، ئاژاوە و دژایەتی کردنە هەنووکەییەکانەوە. بەڵام گۆڕینی کارەکتەری شایلۆک، وەک هێمایەکی دژوار و ناشیرین بۆ جوولەکە و ڕەنگدانەوەی ئازارەکانیان، بۆ ئافرەتێک، دەبێتە هاوکێشەیەکی دوو فاقی هێما ئامێز. لێرەدا شایلۆکیکی ئافرەت ئاماژەشە بۆ مێژووی چەوساندنەوەی ئافرەت. هێڵێکی تەریبی ئەندێشە و پڕ لە ناهەمواری جوولەکە/ ئافرەتە.

## ماتس ئێک و بازرگانی ڤینیسیا

ئەم هونەرمەندە بۆ هەڵکۆڵین و خوێندنەوەی ئەم شاکارە، تەقەلای داوە لە بۆچوون و دیدە هونەرییەکەیدا چ وەک کۆریۆگراف، سەما و شانۆ بەیەکەوە ببەستێتەوە و لەم دەروازەیەشەوە دووپاتی بەهاکانی مرۆڤی تاک و هەلومەرجەکانی دەوروبەرەکەی بکەن. ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی تاک لە نێوان خێزان و هەروەها جیهاندا دەبێتە تەوژمێکی گەورەی ئەو دینامیکییەتە بەردەوامەی نەمایشەکە.

بەکارهێنانی سەماش لە شانۆدا دەگەڕێتەوە بۆ گەوهەر و سەرەتاکانی شانۆ، شانۆ لە

ئامێزی سەمادا لە دایک بووە و لە خودی سەماشەوە سەرچاوەی وەرگرتووە و بەرەو پێش چووە و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. ئەکتەرەکان سەما دەکەن و سەمازانەکانیش دەبنە ئەکتەر، ڕۆڵەکانیان دەگۆڕنەوە، کارەکتەرەکان ئاڵوگۆڕ پێدەکەن و مەودایەکی قووڵ و گەورەی پێدەبەخشن.

پێکەوە بەستنەوە و بەکارهێنانی جەستەیەکی سەمازانیش دید و ستراتیژێکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێ. بۆ نموونە سەمازان لەسەر شانۆ، بەپێچەوانەی ئەکتەرەوە، لە تەقەلای ئەوەدایە کە هەرچی جووڵە و هەڵسوکەوتێکی ئاسایی ڕۆژانە هەیە، هەرچی گوزارشتێکی دیالیستیی هەیە لە جەستەدا نەیهێڵێ و جەستەیەکی ئەبستراک و ئیستاتیکی جیاواز بکاتە ئامرازێکی گرنگ بۆ گەیاندنی هەست و سۆز و ئاماژە جیاوازەکانی مرۆڤ. بێگومان ئەکتەر ناتوانێ بەهەمان شێوە جەستەی بەکاربێنێ. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە و جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە ماتس ئێک وەک ڕیژیسۆر و کۆریۆگراف پارسەنگێکی گەورە لە نێوان نواندن و سەما، ئەکتەر و سەمازانەکاندا دەدۆزێتەوە.

ماتس ئێک لە نەمایشی بازرگانی ڤینیسیادا، جگە لە شانۆ و سەما، هونەری ئەکرۆپاتیک، مۆسیقا، سێرک، شانۆی سێبەر، شیعر، مۆسیقای ترادیشونی جوولەکە، توندوتیژی، کۆمیدی و تراژیدی تێکەڵاو دەکات و بەکاریان دێنێ.

ڕۆڵی سەمازانەکانیش وەک جەمسەرێکی پێکەوە بەستراوی نێوان سنوورەکانی خۆشی و ناخۆشی، بەختیاری دڵتەنگی و دیمەنەکان بەخودی سەما پێکەوە دەبەستێتەوە. بۆ نموونە لە سەمایەکی خەمناکی خامۆشدا، هەندێ جار خۆیان و هەندێ جاریش بەبەشداری ئەکتەرە بەسەمازان بووەکان، نەخشە دیاریکراوەکان تێکدەدەن و هەڵیدەوەشێننەوە و وێنە و نەخشەیەکی تر بەسەما دروست دەکەن.

ماتس ئێک لە دیدی خوێندنەوە تایبەتەکەیەوە هەوڵی داوە زیاد لە چەند کەسێک بکاتە پاڵەوان و ڕۆڵی سەرەکییان بداتێ. بۆ نموونە تیشکێکی گەورە دەخاتە سەر ئافرەت: ڕۆڵی ئافرەت لە نەمایشەکەدا زیاتر گرنگی پێدراوە، پۆرتیا دەبێتە کارەکتەرێکی سەرەکی و لە چەقی ڕووداوەکاندایە، هونەرمەند (ستینا ئێکبلاد) ئەم ڕۆڵە دەبینێ، ئەم ئەکتەرەش تەمەنی لەسەروو پەنجا ساڵەوەیە، بەڵام لە پیەسەکەدا ئەم کارەکتەرە ئافرەتێکی زۆر گەنجە. یەسیکای کچی شایلۆک دەبێتە خاڵێکی گرنگی گۆڕانکارییەکان، هەروەها ڕەگەز و ئاین و بۆچوونە جیاوازەکان لە دیمەنی نێوان یەسیکای بەڕەگەز



جوولەکەی کچی شایلۆک و لۆرێنزۆی مەسیحییەدا بەرجەستە دەبێت. کوڕە مەسیحییەکە بەئاسماندا دەفڕێ و کچە جوولەکەش بەلەشێکی سووکەوە، وەکو پەپوولە لەسەر زەوی دەخولێتەوە و دەفڕێ، بەرز دەبێتەوە و لە هەوادا یەک دەگرنەوە و دەچنە ئامێزی یەکترییەوە.

مالین ئێکیش لە ڕۆڵی شایلۆکدا، ئاستێکی قووڵ دەدۆزیتەوە، بەتایبەتی بۆ گوزارشتکردن لە چەمکەکانی تۆڵەسەندنەوە، ڕق لێبوونەوە و بەرهەڵستیکردن. هەموو ئەم شتانە دەبیتە زمانێکی جەستەیی و هیمایەکی ئاشکرا و لە دەم و چاو و جەستەیدا ڕەنگ دەداتەوە.

شایلۆک وینەیەکی تری هەیە، کارەکتەرێکی تر، بەچەشنی خۆی، وەک سێبەر و دووانەیەک، بەرجەستەی هەڵوێستە و بارە دەروونییە ناوەکییەکانی دەکات. لەهەمان کاتدا بەردەستەکەی شایلۆک (پیاو)ە و لە شێوازێکی لیبۆک ئاسادا، گۆڕەپانێکی سێرک و کۆمیدیایەکی پڕ لە گاڵتەوگەپ دەکاتە سیمایەکی گرنگی نەمایشەکە. کارەکتەری باوکی بەردەستەکەی شایلۆک، کابرایەکی کوێرە و بەچاویلکەیەکی ڕەشەوە دیمەنێکی ڕەش و لە هەمان کاتدا کۆمیدی و بێکت ئاسا: سیمای کارەکتەرەکانی بێکێت و هونەری کۆمیدی پێکەوە کۆدەکاتەوە. دیمەنی دادگاییکردنی ئەنتۆنیۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی شایلۆک ترۆپکی نەمایشەکەیە. لە سەردەمی شەکسپیردا ئەم دیمەنە باسی جیاوازی و بەراوردکارییەکی ڕاستەوخۆ بووە لە نێوان شایلۆکیکی چاوچنۆکی توندوتیژی بێویژدان و ئەنتۆنیۆی مەسیحی دەروون پاک و بەویژداندا. بەڵام ئەم دیمەنە لە نەمایشە پۆستکۆڵۆنیالییەکەی ماتس ئێکدا دەبێتە نەمایشێکی سەما ئامێز و لە هەمانکاتدا تراژیدی - کۆمیدی و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە دوو ڕوویی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا، دامودەزگاکانی کڵێسا و چەمکی مەسیحییەت دەکات.

شایلۆک لە دیمەنی خۆئامادەکردنی دادگاکەدا بەچەقۆکەی دەستی سەما دەکات، چەقۆکەی تیژدەکاتەوە بۆ هەڵکۆڵینی سنگی ئەنتۆنیۆ. سەماکەی شایلۆک دەبێتە سەمایەکی تووڕە و لە هەمان کاتدا دۆڕاو. لەم دیمەنەدا کۆمیدیا و تراژیدی تێکەڵاوی سەمایەکی گرۆتیسک ئاسا دەبێت.

# سینۆگرافیا

سینۆگرافیای نەمایشەکە بەشێکی گرنگی لە سەما، جووڵە، مۆسیقا و نواندنی ئەکتەرەکان. بەشەکانی سینۆگرافیا و بارستە جیاوازەکان، دەبنە تەواوکەری یەکتری، هەندێ جار بەشێوازێکی ئەفسووناوی پێکدادەچن. سینۆگرافیا لەم دەروازەیەوە لە سێ ژوور پێکهاتووە، ژوورەکانیش: گەورە، ناونجی و بچووکی (زەرد، ڕەش و خۆڵەمێشی) هەمیشە بزۆزن. ئەم ژوورانە دەخولێنەوە، ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ، هەڵدەواسرێن، هەڵدەگێردرێنەوە و فۆرمی جیاواز لە خۆ دەگرن. هەموو شتەکان لە سنوور و چواردەور و ناوەوەی ئەم ژوورانەدا: شەپۆلی سەما، جووڵەی ئەکتەرەکان، تێکست و وشە ڕوودەدەن و دەبنە ڕەنگێکی یەکگرتوو.

لە یەکێک لە دیمەنەکاندا ئەم ژوورانە تراژیدیاکەی شایلۆکمان بۆ بەرجەستە دەکات. دوای ئەوەی کچەکەی ڕادەکات و هاوڕێ مەسیحییەکانی گسک لە ماڵەکەی دەدەن، ژوورە ڕەشەکەی شایلۆک بەبۆشی لەسەر لا دەکەوێت، یان کە هەموو شتێک لە دەست دەدات، بەهەڵاوگێڕیی بەئاسماندا هەڵدەواسرێت.

ئەوەی لەم نەمایشەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە هەموو دیمەنێک دەبێتە شانۆنامەیەکی سەربەخۆ، لە هەموو دیمەنێکیشدا سەما و شانۆ دەبنە بەشێکی گرنگی مۆسیقا. دیمەنەکان لەم ڕووەوە سەربەخۆیییەکی تەواوی هونەرییان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەشێکی گرنگی دینامکییەتی نەمایشەکە پێکدەهێنن.



# پلاتۆنۆڤ و سەرەتاکانی شانۆی چێخەف

شانۆنامەی: پلاتۆنۆڤ Platonov

نووسینی: ئەنتوان چێخەف Anton Tjechov

ڕیژی: کارل دونێر Karl Duner

شانۆی: شانۆی پادشایەتی Dramaten

ناوبانگی چێخەف ١٨٦٠ – ١٩٠٤ وەک شانۆنامە نووسێکی جیهانی و چیرۆک نووسێکی بەسەلیقە هەموو سنوور و سەردەمەکانی تێپەڕاندووە. ناوی چێخەف یەکێکە لە ناوە هەرە پرشنگدارەکانی مێژووی ئەدەب و شانۆی جیهانی. بەڵام ئەم نووسەرە بلیمەتە بەرلەوەی ببێتە ئەو چێخەفە گەورەیە، وەک زۆربەی بلیمەتەکانی دنیای ئدەب و هونەر بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. چێخەفێکی هەرزەکاری کەم ئەزموون هەمان چێخەفی دوا ڕۆژەکانی ژیانی بێت.

شانۆنامەکانی چێخەف: باڵندەی دەریا، لالۆ ڤانیا، سێ خوشک و باخی گێلاس نموونەیەکی بەرزی شانۆی هاوچەرخی جیهانییە. ئەم پیەسانە ساڵانە و لەسەر هەموو شانۆکانی جیهان پێشکەش دەکرێن. بەڵام چێخەف لە پاڵ ئەم شانۆنامانەدا شانۆنامەیەکی تریشی هەیە کە زۆر کەم لەسەر شانۆکان پێشکەشکراوە. شانۆنامەی (پلاتۆنۆڤ) یەکەم تەقەلاکانی ئەم نووسەرە مەزنەبە. پلاتۆنۆڤ چل ساڵ دوای کۆچی دوایی چێخەف لە نێو نامە، دەستنووس، دیکۆمێنت و کەلوپەلە بەجێماوەکانیدا دۆزراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٢٣شدا بۆ یەکەمجار بەناوی (بێ ناونیشان) لە چاپ دراوە و بڵاوکراوەتەوە. لە کاتی دۆزینەوەی ئەم دەستنووسەدا، لاپەڕەی یەکەم و ناوی شانۆنامەکەی پێوە نەبووە، بۆیە وەک شانۆنامەیەکی بێ ناو بڵاویان کردۆتەوە. بەڵام بەپێی هەندێ لە نامەکانی چێخەف ناوی (بێ باوکەکان)یشیان لێ ناوە. دواتر پیەسەکە بە(پلاتۆنۆڤ) کە کارەکتەری یەکەمی شانۆنامەکەیە ناوزەد دەکرێت.

چێخەف لە تەمەنی حەڤدە یان هەژدە ساڵیدا ئەم پیەسەی نووسیوە. بەڵام چ لەو سەردەمە و چ دواتریش، تەنانەت دوای بەناوبانگ بوونی چێخەفیش، پلاتۆنۆڤ، بەهیچ شێوەیەک بواری پێشکەشکردنی بۆ نارەخسێ. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەپەراوێز بوونی (پلاتۆنۆڤ) دەگەڕێتەوە بۆ دوور و درێژی شانۆنامەکە. بۆ نموونە

پلاتۆنۆڤ سێ ئەوەندە و نیو لە شانۆنامەی (لالۆ ڤانیا) درێژترە. هەروەها لەشکریکی گەورە لە کارەکتەر و کەسایەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت. بەڵام ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شانۆنامەکانی تری چێخەف (باڵندەی دەریا، لالۆ ڤانیا، سێ خوشکەکە و باخی گێلاس) لە خۆ دەگرێت: خۆشەویستییەکی بێ هیوا، نائومێدی، ئافرەتی بەدبەخت، دەست و پێوەندی پیر و پەککەوتە، خاوەن موڵکی قەرزار، باخی ئامادەکراو بۆ فرۆشتن، پزیشک، مامۆستا و کارەکتەرە خەو بینەرەکان و هیوای گەشتکردن و دوورکەوتنەوە، لەم پیەسەدا کۆبوونەتەوە.

دۆزینەوەی ئەم پیەسە مانایەکی گرنگی بۆ لێکۆڵەرەوانی ئەدەب و شانۆی جیهانی هەیە، پلاتۆنۆڤ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی هێڵی گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی دراما و شانۆی چێخەفمان بۆ دیاریدەکات. هەروەها دۆزینەوەی ئەم شانۆنامەیە دەروازەیەکی تر بەرووی شانۆی چێخەفدا دەکاتەوە. دوورودرێژی پیەسەکەش دەرگای ئامادەکردنێکی سەربەستی بەرووی زۆر نووسەر، ڕیژیسۆر و وەرگێڕدا کردۆتەوە. گەر پیەسەکە بەبێ کورتکردنەوە و دەستکاریکردن نەمایش بکرێت حەوت تا هەشت کاتژمێر دەخایەنێت.

## چیرۆکی پلاتۆنۆڤ

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ڕوودەدات. کارەکتەری (ئانا) یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان. ئەم کارەکتەرە خاوەنی کێڵگەیەکی گەورە و ڕازاوەیە و لە ڕۆژێکی گەرمی سەرەتاکانی هاویندا داوەتی کۆمەڵێ کەسی کردووە. ئەم خانمە ژنی ئەفسەرێکی گەورە بووە و ئیستە دوای مردنی مێردەکەی بەبێوەژنی دەژی. باری دارایی (ئانا) زۆرباش نییە و بەقەرز و قوڵە دەژی و هەندێ لە خاوەن قەرزەکانیش لە نێو میوانەکاندان. یەکێک لە میوانەکانی ئەو ئاهەنگە (پلاتۆنۆڤ)ی مامۆستای گوندەکەیە و مێردی (ساسیا)شە. لەم ئاهەنگەدا پلاتۆنۆڤ هەوڵ دەدات هەموو ئافرەتەکان، بەژنەکەی خۆشیەوە، لە خشتە ببات. ئانا، سۆڤیا و ساسیا پلاتۆنۆڤن، پلاتۆنۆڤ خۆشی دۆن ژوانە و هەر ئافرەتێک بەلایدا تێپەڕێ دەبێتە عاشقی. گەنج یان پیر، کچ یان ژن، جوان یان ناشیرین، گرنگ نییە. پلاتۆنۆڤ دەیەوێت هەموو کچ و ژنانی ناوچەکە بکاتە موڵکی خۆی.



## ئامادەکردنی پلاتۆنۆڤ

بۆ ئەوەی ئەم پیەسە بخرێتە سەر شانۆ پێویستە سەرلەنوێ ئامادە بکرێتەوە. ئەم مەسەلەیەش هەروا ئاسان نییە، کێ دەتوانێ چێخەف ئامادە بکات. لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم ڕیژیسۆری پلاتۆنۆڤ (کارل دونێر) و دراماتۆرگ و نووسەری ناسراو (ماگینوس فلۆرین) بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە لە تەقەلای ئامادەکردن و کورتکردنەوەی ئەم پیەسەدا بوون. لە پرۆسەیەکی چڕی گفتوگۆ و کارکردنێکی بەردەوامدا گەیشتوونەتە بەرئەنجامێکی سەرکەوتوو. ئەم دوانە لە بری ئەوەی پیەسەکە کورت بکەنەوە، زۆر بەوریایی و بەسەلیقە و شارەزاییەکی پسپۆڕانەوە دیالۆژەکانیان چڕ کردۆتەوە. بەو شێوەیە ڕۆڵە لاوەکییەکانیش لە پیەسەکەدا ماونەتەوە و بەشداریان کردووە لە بەرەوپێشەوەچوونی ڕووداوەکانی نەمایشەکەدا. پلاتۆنۆڤ لە "دراماتن" لە بزاڤ و جووڵەیەکی بەردەوامدایە و وزەیەکی گەورە و بێ سنووریش لە خۆدەگرێت. ڕووداوەکان لە دەروازەی کۆمەڵێ دیمەنی چڕی خێرادا، جموجوڵێکی پڕ بەها و گەورەی خوڵقاندووە. کارەکتەرەکانیش لە پێشبڕکێیەکی هەمیشەییدان بۆ ئەوەی سەرنجی بینەران بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

شانۆییەکە چەمکێکی ئەزموونگەری لە خۆ دەگرێت، پیەس و نەمایشەکە لە پانتاییەکی وێنەیدا پێکدادەچن و یەکتری تەواو دەکەن. پیەسەکە بنەما سەرەکییەکانی، هێڵە گشتییەکەی ڕووداو و کارەکتەرەکانی خۆی پاراستووە. بەهەمان شێوە نەمایشەکەش لە پانتاییەکی پڕ لە فەنتازیا و خوڵقاندنی وێنەی شانۆیی نەسرەوتدا، جوڵانەوەیەکی بازنەییان دروست کردووە. بۆ نموونە سینۆگرافیای نەمایشەکە و لەو پانتاییە بەرین و گەورەیەی شانۆی پادشایەتییدا، کۆمەڵێ گردی هەڵتۆقیوی جۆراوجۆری دروست کردووە گردەکانیش بەشێوەیەکی جۆراوجۆر بڵاوبوونەتەوە. لاڕێگایەکی باریکیش بەنێو ئەم گردانەدا درێژبۆتەوە و هەموو دیواری قووڵایی شانۆکەش پانتاییەکی بێ سنووری ئاسۆگەیەکی ڕوونی بەرجەستەکراوە.

## ئاهەنگی خۆشاردنەوە

کارەکتەرەکان وەک بەشداری ئاهەنگێکی خۆشاردنەوە بکەن، جلوبەرگی جیاواز و سەیریان لەبەردایە. ئەو جلوبەرگانەش بۆتە خەون و سەمبولێکی پێناسە و حەز و هیواکانی کەسایەتییەکان. دیدی ڕیژیسۆری شانۆنامەکە و بۆ خوێندنەوە جیاوازە ئەزموونگەرییەکەی، چۆنییەتی جلوبەرگەکانی دەستنیشان کردووە. هەڵبژاردن و ئامادەکردنی ئەو جلوبەرگە جیاوازانەش، مۆرکێکی تری پڕ لە گەمە و تێڕوانینێکی دوو فاقی بەخشیوەتە نمایشەکە. بۆ نموونە جلوبەرگی ورچێک بەخشراوە بەکەسایەتییەکی بێ هێز، ترسنۆک و دەستەوستان. پلاتۆنۆڤ بەرگی هیندییە سوورەکانی پۆشیوە، ئەمەش ئاماژەیەکەک بۆ حەز و ئاواتی ئەم کەسایەتییە بۆ سەربەستییەکی ڕەها. جلوبەرگی کاپتنێکی دەریاوان بۆ ئافرەتێکی تازە شوو کردووی ڕاڕا و عاشقی دەریا. (ئانا) خۆی جلوبەرگێکی ڕەشی قەشەی پۆشیوە و دەست و پێوەندەکانیشی بوونەتە دوو کەسایەتی چینی. جلوبەرگی بەندیخانە و عەرەبێک بەتوڕبووش و چێشت لێنەرێکیش بەجلوبەرگی سپییەوە، بەشێکی تری میوانەکانە.

پلاتۆنۆڤ چەمکەکانی فەلسەفەی خودی و پێناسەی کەسایەتییەکی ڕەها سیماکانی دیاری دەکات. بەڵام لەم نمایشەدا هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە. بۆ نموونە ڕیژیسۆری نمایشەکە خەونی کارەکتەرە ئافرەتەکان دووپات دەکاتەوە، ئەو ئافرەتانەی خەون بەمۆسکۆ و عەشقەوە دەبینن.

## لیبۆک لە حەوتەم ڤیستیڤاڵی شانۆی ئەوروپادا

ئەمساڵ شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم (دراماتن) لە ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بۆ ١٠ی نۆڤێمبەر و بەبۆنەی (ستۆکهۆڵم پایتەختی کولتووری ئەوروپا) میوانداری حەوتەم ڤیستیڤاڵی شانۆیی وڵاتانی ئەوروپای یەکگرتووی کرد. بەدرێژایی سێ هەفتە هونەرمەند و ڕیژیسۆرەکانی هەموو وڵاتانی ئەوروپا، کار و پرۆژە هونەرییەکانیان، لە داڕشتەی ڤیسیڤاڵێکی ڕەنگاوڕەنگی شانۆییدا کردە دیاری بۆ شاریستۆکهۆڵم.

ئەم ڤیستیڤاڵە شانۆییە (Union des Theatres de I Europe U.T.) ساڵی ١٩٩٠ بەدەستپێشکەری ڕیژیسۆری گەورەی ئیتاڵی گیۆرگۆ شترێلەر Strehlers Giorgio دامەزراوە. ئامانج لە گێڕانی ئەم ڤیستیڤاڵەش ئاڵوگۆڕی دید و بیروباوەڕی جیاوازی



یەکترە سەبارەت بەهونەری شانۆ. ساڵی ١٩٩٢ یەکەم خولی ئەم ڤیسیڤاڵە بووە، لەوەو بەدوا هەر ساڵەی لە یەکێک لە پایتەختەکانی ئەوروپای یەکگرتوودا ساز دەکرێت.

ئەمساڵ بەوڵاتی سوێدەوە دوانزە وڵات بەشدار بووە. لەو سێ هەفتەیەدا سیانزە شانۆگەری جۆراوجۆر نمایش کرا.

وەک ڕێزلێنانێک ڤیستیڤاڵەکە بەدوا پرۆژەی هونەرمەندی تازە کۆچکردووی ئیتاڵی (گیۆرگیۆ شترێلەر) کرایەوە.

شانۆی Piccolo Teatro لە میلانۆ بەشانۆیی لیبوک Arlecchino "ئارلینکو"یکارلۆ گۆردینی بەشداری ڤیستیڤاڵەکەی کرد.

ئەم شانۆییەش یەکێکە لە شارەکانی کۆمیدیای دیلارتی و بەهایەکی هونەری و مێژوویی گرنگ و تایبەت لە خۆ دەگرێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هاوکێشەیەکی گرنگی تیئۆر و پراکتیکی دید و بۆچوونە جیاوازەکانە سەبارەت بەکۆمیدیای دیلارتی، هەروەها کاریگەری ئەو ڕێبازە هونەرییەش بەسەر ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپییەوە.

لەبەر ئەوە وامان بەباش زانی کە ئەو نمایشە لە ڤیستیڤاڵەکەدا هەڵبژێرین و تیشکی سەرنجی بخەینە سەر.

## ئیتالیا و کۆمیدیای دیلارتی

شانۆ لە سەردەمی ئیتالیای ڕێنیسانسدا، وەک هەموو بوارەکانی تری ژیان و بوارە جۆراوجۆرەکانی زانیاری و کولتوور، گۆڕانکاری گرنگ و گەورەی بەسەر داهات. یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی بەرەو پێشەوەچوون و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان، دروستکردن و بنیاتنانی خانووبەرەی کۆشک ئاسای گەورە بووە بۆ شانۆکان. لەو بوارەدا چەندین ئەندازیاری بلیمەت وەدەرکەوتووە، ئەو ئەندازیارانە بەوپەڕی سەلیقەوە شانۆی گەورە و کۆشک ئاسایان بنیات ناوە.

بێ گومان ئەو کۆشک و تەلارە شانۆییانە تەنها بۆ کات بردنە سەری میر و دەسەڵاتدا و پیاوە گەورەکان بووە و هەموو کەسێک نەیتوانیوە سەردانی ئەو شانۆیانە بکات. تا لە ساڵەکانی ١٥٠٠ی سەردەمی ڕێنیسانسدا جۆرە شانۆیەکی تر دێتە ئاراوە کە زیاتر لەنێو خەڵکە گشتییەکەوە سەری هەڵداوە. ئەم شانۆیەش وەک ئاڵتەر ناتیڤێک بۆ شانۆ کۆشک ئاساکان دەردەکەوێت. ئەم شانۆیە شێوازێک بووە، زیاتر سیمایەکی جەماوەری لە خۆ

گرتووه. یان بەواتایەکی ڕاستتر " شانۆی گەل" بووە. ئەو فۆڕمە نوێیەش بەکۆمیدیای دیلارتی Commedia Dellarte دەناسرێت. کۆمیدیای دیلارتی لە کۆڵان و گۆڕەپانە گشتییەکاندا، بەبێ دیکۆر و پێکهێنەرەکانی تری نەمایشی شانۆیی پێشکەش کراوە. گرۆ شانۆییەکانی کۆمیدیای دیلارتی " گەڕۆک" بوون و بەشێوەیەکی بەردەوام گەڕاون و لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئیتاڵیادا نەمایشەکانیان پێشکەش کردووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو فۆرم و شێوازە نوێیەی شانۆ زۆر بەخێرایی بەنێو هەموو شار و گوند و گۆڕەپان و شەقامەکانی ئیتالیادا بڵاوبێتەوە. دواتر دەبێتە دیاردەیەکی ئاشکرا و هەموو وڵاتانی ئەوروپای ڕێنیسانسیش دەگرێتەوە. Angelo Beolco لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٢ – ١٥٤٢ لە ئیتالیا ژیاوە، دەتوانرێت بەدیارترین دامەزرێنەری کۆمیدیای دیلارتی دەستنیشان بکرێت.

کۆمیدیای دیلارتی مانای (پیشەی شانۆ) دەگرێتەوە. واتە ئەو کەسانەی کە خۆیان بەتەواوەتی بۆ شانۆ تەرخان کردووە و شانۆ بۆتە پیشەی سەرەکی ژیان و گوزەرانیان. هەروەها ئەم هونەرە بەکۆمیدیای دەمامکیش ناسراوە Commedia Maschere. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی ئەکتەرەکانی کۆمیدیای دیلارتی دەمامک دەپۆشن.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی داڕشتە و ستركتووری ئەم شانۆیەش مەسەلەی هونەری (ڕاگوزەری)یە، بەشێوەیەکی گشتی میدیای دیلارتی پشت بەهێز و توانای ڕاگوزەری ئەکتەر دەبەستێت. ستركتوری نەمایشەکە لە ڕوانگەی بابەتێکەوە دادەڕێژێت کە ئەکتەرەکان هەر لە سەرەتاوە لەسەری ڕێک دەکەون. دواتر لەو دەروازەیەوە بەشێوازێکی ڕاگوزەری بەهرەمەند پرۆسەکە دەخوڵقێنن.

بەشێوەیەک لە شێوەکان، تەکنیک و فۆرمی کۆمیدیای دیلارتی بەسەر شێواز و تیئۆر و دیدی زۆر لە کەڵە شانۆکارانی جیهاندا دیارە. کاریگەری کۆمیدیای دیلارتی لە لای برێشت، چێخەف و تەنانەت شەکسپیر و پیراندیللوشدا دەبینریت.

شانۆی ڕاگوزەری وەک بنەمایەکی گرنگی کۆمیدیای دیلارتی تا ئەمڕۆش بەردەوامە و ڕەوت و کاریگەری خۆی هەیە.



## ئارليكينو

گیۆرگیۆ شترێلەر لە ساڵی ١٩٤٧دا شانۆی Piccolo Teatroی لە میلانۆ دامەزراندووە. یەکەم نۆبەرەی ئەو تیپەش شانۆنامەی " ئارلیکینو" واتە / لێبوک/ دەبێت لە نووسینی کارلۆ گۆلدۆنی ١٧٠٧ – ١٧٩٣ و کارلۆ گۆلدۆنیش شانۆییەکەی لە کۆمیدیای دیلارتیەوە داڕشتووە، خۆیشی یەکێکە لە نووسەر و نوێخوازە گرنگەکانی ڕەوتی کۆمیدیای دیلارتی لە ١٧٠٠ەکانی ئیتالیادا.

یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییەکانی کارلۆ گۆلدۆنی ئەوە بوو کە کۆمیدیای دیلارتی بخاتە چوارچێوەیەکی ئەدەبی و هونەرییەوە. پیەسەکانی تەقەلایەکە بۆ بەرجەستەکردنی درامایەکی بەرجەستەکراو لە دڕاشتەیەکی دیالۆگ ئاسادا. هەروەها گۆلدۆنی تەقەلایەکی زۆری داوە بۆ دوورخستنەوەی بەکارهێنانی " دەمامک" لە کۆمیدیای دیلارتیدا. لەو ڕووەوە وتوویەتی: ڕۆحێک لە ژێر دەمامکێکدا وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش وایە. شانۆیی " دوانەی ڤێنێدێک" یەکێکە لەو تەقەلایانەی گۆلدۆنی کە دەمامکی تیا بەکارناهێنرێت، بەڵکو هەموو کارەکتەرەکان بەسیما و دەموچاوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە وەدەردەکەون.

( گیۆرگیۆ شترێلەر) لە چلەکانی ئەم سەدەیەوە، لە پاڵ ئەزموون و پرۆژەکانی تریدا، ڕووبەرێکی بەرینی بۆ ڕاڤە و نمایشکردنی (کارلۆ گۆلدۆنی) تەرخان کردبوو. لەم ڕووەوە کاریگەری هەڵکۆڵین و داڕشتە قووڵ و بەردەوامەکانی بەسەر ڕەوتی شانۆی ئەوروپییەوە دیارە.

ئەم هونەرمەندە شانۆنامەی " ئارلینکو"ی کردۆتە میتۆدی ئەو پرۆسیسە بەردەوامە دووروردرێژە هونەرییە. لەم ڕووەوە (گیۆرگیۆ شترێلەر) بۆ بەئەنجام گەیاندن و بەرجەستەکردنی دیدی نوێ و نوێکردنەوەی کۆمیدیای دیلارتی، شەش جار بەشەش دید و بۆچوونی جیاوازەوە، لە ماوەی نیو سەدەدا شانۆنامەی ئارلیکینوی نەمایش کردووە.

لە هەریەک لەو نەمایشانەدا وەک هونەرمەندێکی داهینەری گەورە خوێندنەوەی نوێ و دیدی نوێخوازی بۆ کارلۆ گۆلدۆنی و کۆمیدیای دیلارتی هەبووە. (گیۆرگیۆ شترێلەر) لە ساڵی ١٩٢١ لە دایک بووە و سەر بەو کولتووره دەوڵەمەندەی ئیتالیا و کۆمیدیای دیلارتیە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧دا، دوا پرۆژە و تەقەلاکانی خۆی سەبارەت بەشانۆنامەی ئارلیکینو بەئەنجام دەگەیەنێ، لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا کۆچی دوایی دەکات.

بەمردنی (گیۆرگیۆ شترێلەر) دوا وێستگەکانی ئەو پرۆژەیە لە پانتاییەکانی کۆمیدیای دیلارتیدا بەرجەستە دەبێت.

( گیۆرگیۆ شترێلەر) لەم دوا ئەزموونەیدا تەقەلای ئەوەی دابوو بگەڕێتەوە بۆ سەر رەگەز و بنەما سەرەکییەکانی کۆمیدیای دیلارتی. بۆ ئەو مەبەستەش، شانۆکەی هەروەک پشتی عەرەبانە گەڕۆکەکانی سەدەی ڕێنسانس لە هەموو جۆرە سینۆگرافیا و پێداویستییەکانی تری نەمایشی شانۆیی پاک کردبووەوە. پانتاییەکی بۆش دارشتەی ئەو ستركتورە هونەریەی خولّقاندبوو.

ئەکتەر و جل و بەرگە ساکاری ڕووناکی و مۆسیقا، گرنگترین پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ئەو هاوکێشە هونەرییە بوون.

## هاوکێشەی ئەکتەر لەو پرۆسەیەدا

هونەرمەند (فێرۆکیۆ سۆلۆری) دادەنرێت بەفاکتەر و لایەنێکی گرنگی بەرجەستەکردنی ئەو هاوکێشە گرنگەی دید و دارشتەکانی (گیۆرگیۆ شترێلەر)ی ڕیژیسۆر. فێرۆکیۆ سۆلۆری بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۱۹٤٧دا ڕۆڵی ئارلیکینۆ یاری دەکات. دوای ئەوە ئەو ڕۆڵە دەبێتە بەشێکی گرنگی ژیان و خودی خۆی چ وەک مرۆڤ و چ وەک ئەکتەر بۆ ئەم شانۆنامەیە تەرخان دەکات. ئەم هونەرمەندە ٣٦ ساڵ لە تەمەنی دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو پرۆسە هونەرییە. ئارلینکۆ، واتە لێبوک " مهرج" وەک ڕۆڵە سەرەکییەکە، لە بنەڕەتدا سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریت و تەقەلاکانی کۆمیدیای دیلارتی لە ١٥٠٠ ساڵەکانی ئیتالیای ڕێنسانسدا. بەڵام لە لای ئەو دوو هونەرمەندە هەر جارەی لە فۆرم و شێوازێکی سەربەخۆ و جیاوازدا بەرجەستە بووە.

فێرۆکیۆ سۆلۆری لە چاوپێکەوتنیکی ڕۆژنامەنووسیدا لە ستۆکهۆڵم ئەوە دووپات دەکاتەوە کە گیۆرگیۆ شتریلەر هەرگیز بەتەواوەتی و لە دڵەوە بەپرۆژەکانی قایل نەبووە. بەڵکو هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە ڕێگای نوێ بدۆزێتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێی ئەو پیەسە و بەرجەستەکردنی کۆمیدیای دیلارتی. ئەمەش حاڵەتیکی ئاسایی هونەرمەندی گەورەیە. گەڕان و پشکنین بەدووی دیدی نوێ، دۆزینەوەی ڕێگای جیاواز و چارەسەری هاوچەرخاندا تاکە ڕێگای هونەرمەندی ڕاستەقینەیە.

گیۆرگیۆ شتریلەر و فێرۆکیۆ سۆلۆری دادەنرین بەدوو هونەرمەندی گەورە و نوێخوازی



ئەمڕۆی کۆمیدیای دیلارتی لە ئەوروپادا. هەر ئەوان بەردەوامییان بەخشییە فۆرم و چەمکێکی هاوچەرخی کۆمیدیای دیلارتی. ئەمڕۆ ئەو نەمایشە وەک دوا وێستگەی ئەو پرۆسیسە، بەبێ ئامادەبوونی ئەو مامۆستا مەزنە بەشداری حەوتەم ڤیستیڤاڵی شانۆی ئەوروپای یەکگرتوو دەکات. شانۆی Piccolo Teatroش بەونبوونی ڕابەر و دامەزرێنەرەکەی بۆشاییەکی هونەری و پڕ لە هەست و سۆزی تێ کەوتووە.

سەرچاوەکان


1- Teaterhistoria. Carl-Gustav Pettersson, Theres Natur Och Kultur. Orebro 1995 Smids,

2- Tvillingarna Fran Venedig Av Carlo Goldoni. Dramaten. Lilla Scenen

پرۆگرامی شانۆگەرییەکە


(٣) Svenska Dagbladet، ١٦ / ١٠ / ١٩٩٨ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سوێدییە.

# ئۆپێرایەکی پادشایەتی

## ئۆپێرای لۆهێنگرین لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا

ئۆپێرای: لۆهێنگرین Lohengrin

نووسین و ئاوازی: ریشارد ڤاگنەر Richard Wagner

ریژی: گوێتز فریدریش Gotz Friedrich

سینۆگرافی: ئەندریاس راینهات Andreas Reinhardt

بەشداران: یۆستە ڤینباری Gosta Winberge، گونیل بووهمان Gunnell Bohman

ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆلم: Kungliga Operan Stockholm

### سەرەتایەک

ریشارد ڤاگنەرە ١٨١٣ - ١٨٨٣ بەر لە هەموو شتێک وەک هونەرمەندێکی بەرزی مۆسیقی ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئەو تێکستانەی ڤاگنەر بۆ ئۆپێراکانی نووسیوە، دید و بۆچوونە تایبەتمەندەکانی بۆ هونەری ئۆپێرا[٢٩] جێگایەکی بەرزیشی لە بواری شانۆ و مێژووی درامای جیهانیدا کردۆتەوە. بەر لە ڤاکنەر، مۆسیقا لە هونەری ئۆپێرادا تاکە ئامانجی پرۆژە ئۆپێرالییەکان بووە، بەڵام لە لای ڤاگنەر گەوهەرە درامییەکە، دەبێتە خاڵێکی گرنگی ئەو سترکتورە هونەرییە. لەم ڕووەوە ڤاگنەر دەستبەرداری شیعر و شانۆ نابێت لە پێناوی مۆسیقادا. هەرچەندە هونەری مۆسیقا وزەیەکی گەورەی ژیانی ئەو هونەرمەندەیە. بەڵکو ڤاگنەر تەقەلای ئەوەی داوە لەو سێ توخمە: واتە (مۆسیقا، شانۆ و شیعر) پرۆژەیەکی هونەری گشتکر بەرجەستە بکات.

لەو پرۆژەیەدا هەر خۆی شیعرەکانی بنووسێت، تۆن و ئاوازەکان دابنێ و کاری ریژی و لایەنە هونەرییەکانی تری پرۆژەکەش ئامادە بکات. لەم ڕوانگەیەوە ریشارد ڤاگنەر هونەری ئۆپێرا بەو نموونە بەرزە، بەو خەونە وەنەوشەیە و بەو پرۆژە خوداوەندییەوە دەبینێت، چونکە تەنها لە هونەری ئۆپێرادا مۆسیقا، شیعر و دراما پێکەوە کۆدەبێتەوە.

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی بەرزی ئاستی پرۆژەکانی ڤاگنەر لەوەدایە، ئەم هونەرمەندە توانیویەتی لە پاڵ نووسینی مۆسیقایەکی پڕ لە هەست و هۆشی مرۆڤایەتیدا، توانایەکی گەورەی شانۆییش، یان نووسینی پیەسی شانۆییش کۆبکاتەوە. ئەوەی زۆر گرنگە لەم



کۆکردنەوەیەدا، پێداچوونیکی بەرزی (تۆن، مۆسیقا، دراما، وشەیە) لە یەکەیەکی لۆژیکی و بنەمایەکی ئێستاتیکی و هونەریدا.

ریشارد ڤاگنەر دادەنرێت بەیەکێک لە بناغەدانەرە گرنگەکانی هونەر و ئەدەبی ڕۆمانتیکی لە ئەڵمانیادا. هەموو ئەو ئەفسانە و داستانە کۆنانەی لە ئەڵمانیا لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا سەرلەنوێ بووژابوونەوە، بووبوونە سەرچاوەیەکی گرنگی پرۆژەکانی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڤاگنەر توانی ئەو میتۆلۆژیا و ئەفسانە کۆنانە لە بنەمایەکی فەلسەفی و دیدێکی نوێدا بەرجەستە بکات کە لەگەڵ ڕەوتی هونەری و چێژی ئەو دەمەی بینەراندا بگونجێت.

ئۆپێراکانی ڤاگنەر تا ئەمڕۆش بەردەوام لەسەر گرنگترین شانۆکانی جیهان نمایش دەکرێن. مۆسیقا، فەلسەفە و تێکستەکانی بەردەوامییەکی ئەزەلی و مەزنی کولتوور و هونەری هاوچەرخی جیهانییە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو توخمێکی گرنگی دیدی مرۆڤایەتیش لە خۆ دەگرێت.

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی لە نمایشی ئۆپێرای (لۆهێنگرین) بدوێین. ئۆپێرای لۆهێنگرینیش یەکێکە لە دوا زنجیرەی بەرهەمە ئۆپێرالییە گرنگەکانی قۆناخی ڕۆمانتیک لە پرۆژەکانی ریشارد ڤاگنەردا.



دیمەنێک لە ئۆپێرای لۆهێنگرین
وێنەی: Enar Merkel Rydberg



## ریشارد ڤاگنەر و ئۆپێرای لۆهێنگرین

ڤاگنەر لە نێوان ساڵەکانی ١٨٣٩ – ١٨٤٢دا لە پاریس بۆ یەکەمجار بیری لە نووسین و ئامادەکردنی ئۆپێرای (لۆهێنگرین) کردۆتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش بەردەوام سەردانی کتێبخانەکانی پاریسی کردووە. لەبەر ئەنجامی خوێندنەوە و پشکنینێکی بەردەوامدا، کۆمەڵێ بیرۆکەی نوێی لە لا دروست دەبێت. ڤاگنەر لەم رۆژگارانەدا چیرۆکی سەدەکانی ناوەڕاست زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ، بەتایبەتیش ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی کە لە (شا ئارتور و ئەسپ سوارەکانی) دەدوێت[٣٠]. ئەو چیرۆکانەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نزیکە لە چیرۆکە پیرۆزەکانی (گراڵ، پارسیڤاڵ و لۆهێنگرینی کوڕی). لۆهێنگرین دواجار دەبێتە یەکێک لە پەیامبەر و ئەسپسوارەکانی (گراڵ). ڤاگنەر جگە لەو چیرۆکە کۆنانەی چاخەکانی ناوەڕاست، چیرۆک و میتۆلۆژیای ئەڵمانیش دەخوێنێتەوە. بەتایبەتیش شیعری کلاسیکی ١٢٠٠ەکان. لەم ڕووەوە شیعری پارزیڤاڵ Parzivaldی شاعیری کلاسیکی ئەڵمانی (ڤۆلغرام ڤۆن ئێشنباش) Wolfram Von Eschenbach دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی نووسینی پیەسە ئۆپێرالییەکانی. شیعری پارزیڤاڵیش بەسەرهاتێکی چڕ و درێژە و چەندین لق و چیرۆکی تر لە خۆدەگرێت، لە ناو ئەو چیرۆکانەدا بەسەرهاتەکانی (تانهۆیسەر) Tannhauser و (لۆهێنگرین) Lohengrin بەتایبەتی سەرنجی ڤاگنەر ڕادەکێشێ.

ڤاگنەر لە ساڵی ١٨٤٥دا دەست دەکات بەنووسین و ئامادەکردنی ئۆپێرای لۆهێنگرین، هاوتەریب لەگەڵ ئەو کارەیدا، پرۆژەی ئۆپێرای (گۆرانیبێژە لێهاتووەکانی نیورنباری) Mastersanarana I Nurnberg دادەڕێژێ.

ڤاگنەر لە ١٧ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٨٤٥دا یەکەم دەستنووسی ئۆپێرای لۆهێنگرین بۆ هەندێ لە هاوڕێکانی دەخوێنێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٨٤٨دا، دوای ئەوەی هەموو ئاواز و دابەشکردنە مۆسیقییەکەی تەواو دەبێت، پیەسەکەش بەتەواوەتی فۆرم و شێوازی کۆتایی لە خۆ دەگرێت. پرۆسەی نووسین و ئاوازدانان و دابەشکردنی ئۆپێرای لۆهێنگرین یەک ساڵ دەخایەنێ. ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە ڤاگنەر لە دواوە، واتە لە کۆتاییەکەیەوە دەستی کردووە بەنووسینی ئۆپێراکە. سەرەتا بەشی سێهەمی لە ١ی مانگی پێنچی ساڵی ١٨٤٧دا نووسیوە، دوای ئەوە بەشی دووەم، ناوەند و دواجاریش بەشی یەکەمی نووسیوە.

ئۆپێرای لۆهێنگرین بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٥٠دا نەمایش دەکرێت. ڤاگنەر خۆی

ناتوانێ ئامادەی ئەو نەمایشە بێت، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا بەهۆی بیروڕای ڕامیاری و هەڵوێستی توند و تیژییەوە، لە ئەڵمانیا هەڵدێ، لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی ئەڵمان وەک پەناهەندە دەژی. نەک هەر ئەو نەمایشە، بەڵکو ڤاگنەر ناتوانێ لە ساڵی ١٨٥٣شدا نەمایشێکی تری ئۆپێرای لۆهێنگرین کە بەسەرکەوتنێکی گەورە لە ڤیسبادن Wiesbaden نەمایش دەکرێت ببینێ. ڤاگنەر خۆی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٦١دا ئۆپێرای لۆهێنگرین لە شاری ڤێنا ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ دەبینێ. بەڵام لەم ساڵەدا ئۆپێرای لۆهێنگرین ناوبانگی هەموو سنوورەکانی ئەوروپای بڕیبوو. بۆ یەکەم جار ئۆپێرای لۆهێنگرین لە ساڵی ١٨٦٨دا بەشێوەیەکی گشتگر و تەواوەتی لە شاری میونشن لە ئەڵمانیا نەمایش دەکرێت. ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ توانای ڕێژیسۆر Hans Von Bu-low وەک هاوڕێیەکی نزیک و پسپۆڕێکی تایبەتمەندی جیهان و ئۆپێرای ریشارد ڤاگنەر. ئەم هونەرمەندە بۆ بەئەنجام گەیاندن و بەرهەمهێنانی ئەو پڕۆژەیە پەنای بردۆتە بەر خولقاندنی وێنە و بۆچوونەکانی ڤاگنەر لە بەرجەستەکردنی پانتایی بنەمای ئۆپێراکەدا. بەمەش نزیک بۆتەوە لە نەژاد و وێنەیەکی گشتگری هونەری لە دید و هزری ڤاگنەردا بۆ خولقاندنی ئۆپێرای لۆهێنگرین.

لە ساڵی ١٨٧١دا لۆهێنگرین لە ئیتاڵیا، مەڵبەند و پایتەختی هونەری ئۆپێرا لە جیهاندا نەمایش دەکرێت. نەمایشکردنی لۆهێنگرین لە ئیتاڵیا دەسەڵاتی هونەری ئۆپێرای لۆهێنگرین لە بایرۆیت، Bayreuth یانزە ساڵ دوای مەرگی ڤاگنەر نەمایش دەکرێت.

لە ساڵەکانی ١٩٠٠دا ئۆپێرای لۆهێنگرین یەکێک بووە لەو ئۆپێرایانەی زۆرترین جار لە جیهاندا نەمایش کراوە. ڤاگنەر خۆی ئاماژەی بەوە کردووە کە بە(ئۆپێرای لۆهێنگرین جیهانە ئۆپێرالییە کۆنەکە کۆتایی هاتووە) و هونەری ئۆپێرا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێترەوە.

دواتر زۆر لە نووسەرە ئۆپێرالییە گەورەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئۆپێرای لۆهێنگرین زنجیرەیەکی گرنگە لە گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی هونەری ئۆپێرا لە جیهاندا، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەو ئۆپێرایە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی کاریگەری بۆ جیهانی ئۆپێرا. هەروەها زۆر لە سەرچاوەکانی ئاماژەی ئەوە دەکەن کە بەرهەمە ئۆپێرالییە گەورە و گرنگەکانی ریشارد ڤاگنەریش لە ئۆپێرای (لۆهێنگرین)ەوە سەرچاوەی وەرگرتووە.



## ڕووداوەکانی ئۆپێرای لۆهێنگرین

ئۆپێرای لۆهێنگرین باسی ڕووداوەکانی ساڵانی ٩٠٠ەکانی ئەڵمانیا دەکات، بەتایبەتیش ناوچەی براباند Brabant کە دووچاری ئاژاوە و جەنگێکی ناوخۆ هاتبوو. شا هێنریش بەسەربازەکانیەوە دەچێتە ئەو ناوچەیە تا سنوورێک بۆ ئەو شەڕ و ئاژاوەیە دابنێت. لە هەمان کاتدا بەرگرییەکی یەکگرتووی پتەو دژ بەهەنگاریا داببن بکات[٣١].

لەم ئاژاوەیەدا (ئێلسە Elsa) کە کچی یەکێک لەو میرانەی دەسەڵاتی لەو ناوچەیەدا هەبووە، تاوانبار کراوە بەکۆمەڵێ تاوانی ناڕەوا، لەوانە بەکوشتنی براکانی، شا هێنریش بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕووداوانە فەرمانی پێکهێنانی دادگایەک دەدات. بەڵام کەس نایەوێ لە پێناوی ئێلسەدا لەگەڵ جەنگاوەرێکی وەک (تێلامێند)دا بجەنگێ. ئێلسە لە خوا دەپاڕێتەوە کە ئەو سوارە ئەفسانەییەی بۆ بنێرێت کە لە خەونەکانیدا دیویەتی، تا بەرگری لێ بکات. خەونەکەی ئێلسە دێتە دی. سوارێکی بەجەرگ، لەسەر ڕووی کەشتییەک وەستاوە و باڵندەیەکی دەریاش بەدەنووکەکانی کەشتییەکەی ڕادەکێشێت. ئەم پاڵەوانە ئامادەیە بەرگری لە ئێلسە بکات، بەڵام بەمەرجێک (نابێت بەهیچ شێوەیەک پرسیار لە نەژاد و ناوی ئەو سوارە بکات).

ئێلسە پەیمانی ئەوە دەدات هەرگیز ئەو پرسیارانە نەکات و ئامادەشە ببێتە بووک و خێزانی ئەو پاڵەوانە نەناسراوە. ئەو پاڵەوانە خێرا تێلامێند دەبەزێنێ، بەڵام نایکوژێت و هەلێکی تری لە ژیاندا پێدەبەخشێ. دوای ئەوە زەماوەندی ئێلسە و پاڵەوانەکە ساز دەکرێت. هەردووکیان پەیمانی خۆشەویستی بۆ یەکتری دووپات دەکەنەوە و پێکەوە دەڕواننە دوا ڕۆژ و ئایندەیەکی بەختیار. دوای ئەوەی تێلامیند کۆڵ نادات، گەرەکیەتی بەهەر شێوەیەک بووە پارچەیەک لە لەشی (نینۆک، تاڵی قژ یان هەر شتێکی تری) ئەو سوارە نەناسراوە بدزێت، تا بتوانێت هێزە ئەفسوونییەکەی بەتاڵ بکاتەوە. لە دیمەنێکی تردا تێلامێند لەگەڵ چوار جەنگاوەری تردا پەلاماری ئێلسە و جەنگاوەرە نەناسراوەکە دەدەن. بەڵام ئەو سوارە نەناسراوە، لە چاوتروکانێکدا تێلامیند دەبەزێنێ، ئەمجارەیان لە دەستی دەرناچێت و دەستبەجێ هەر لەوێدا دەیکوژێ.

ئافرەتێکی جادووگەر دەچێتە بن کلێشەی ئێلسەوە بۆ ئەوەی سوارە نەناسراوەکە ناو و بنەماڵەی خۆی ئاشکرا بکات. ئێلسە بەر لەوەی بەتەواوەتی ببنە هاوسەری یەکتری، زۆر لە مێردە تازە نەناسراوەکەی دەکات تا نەژاد و ناوی ڕاستەقینە خۆی ئاشکرا بکات.

بەئامادەبوونی پادشا و لەبەر چاوی جەماوەرێکی زۆردا، بەر لەوەی بچنە کلێساوە ئێلسە پرسیارە یاساغکراوەکەی دووبارە دەکاتەوە. ئێلسە بڕوا بەجادووگەرەکە دەکات (ئەو سوارە نەناسراوە کەسێکی جادووگەر و ئەفسوونی بێت.) لەبەر ئەوە زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت ناوی خۆشەویستەکەی بزانێت، ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەری ژیانی. بەڵام سوارە نەناسراوەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە گەر ئەو نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا بکات، دەبێت یەکسەر لەو ناوە ون بێت، بەڵام ئێلسە سوورە لەسەر داواکارییەکەی. لە ئەنجامدا سوارە ئەفسوونییەکە ناچار دەبێت ناوی خۆی و بنەماڵەکەی ئاشکرا بکات: سوارە نەناسراوەکە لۆهێنگرین کوڕی (پارسیڤاڵ)ە و پەیامبەری (گراڵ)ی پیرۆزیشە. لۆهێنگرین ئەو ناوچەیە بەجێ دەهێڵێ و ئێلسەش دووچاری ژان و ئازارێکی گرانی پڕ لە پەشیمانی دەبێت و لەبەر ئەنجامیشدا بەتەنها سەر دەنێتەوە و گیانی دەسپێرێت و دەمرێت.

## نەمایشەکە

یۆستە ڤینباری Gosta Winbergh یەکێکە لە گەورەترین هونەرمەندە ئۆپێرالییەکانی جیهان، لە چارەکە سەدەیەکدا لەگەڵ هونەری ئۆپێرا و گۆرانی ئۆپێرالیدا ژیاوە. لە مۆزارتەوە بۆ ڤاگنەر گەشتێکی گرانی هونەر و داهێنانی ئەم هونەرمەندە سوێدییە. لە (پارسیڤاڵ)[٣٢]ەوە بۆ (لۆهێنگرین) تەنها ئاماژەیەکە بۆ سوارچاکی ئەم هونەرمەندە لە جیهانی ڤاگنەردا. شەش ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمجار ئەم هونەرمەندەم لە بەرگی پارسیڤاڵدا بینی، چ وەک ئەکتەر، چ وەک گۆرانی بێژی ئۆپێرالی کارەکتەری پارسیڤاڵی کردبووە تروسکەیەکی پیرۆز. لە ماوەی شەش کاژێردا بەردەوام لەسەر شانۆ بەبێ ماندووبوون چریکەی پارسیڤاڵی کردبووە ئاوازێکی خواوەندی بۆ کۆشکە مەزن و ڕەنگینەکەی ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم. ئەوە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی من بوو لەگەڵ جیهانی ئۆپێرای ڤاگنەر و ئەم هونەرمەندە گەورەیەدا. (یۆستە ڤینباری) سەرلەنوێ، وەک سوارێکی بەجەرگی ئەفسوونی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆکەی ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم.

ئاستی چریکەی دەنگی ئەم هونەرمەندە (تێنور)ە Tenor ئەمەش بەرزترین ئاستەکانی چریکەی دەنگی هونەرمەندێکی (پیاو)ی ئۆپێرالییە[٣٣].

ڕەخنەگرە سوێدییەکان دەڵێن: (هەموو شتێک دەبێتە گوێ کە ڤینباری تۆنەکانی وەردەگرێت). ڕیژیسۆری بەناوبانگی ئەڵمانی گوێتز فریدریش[٣٤] Gotz Friedrich بۆ



یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٩دا ئەم ئۆپێرای لە ستۆکهۆڵم پێشکەشکردووە. ئەمڕۆ وەک ڕێزلێنانێک لەم هونەرمەندە تازە کۆچ کردووە[٣٥]، سەرلەنوێ نەمایشەکە لە ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٨٩وە بۆ ساڵی ٢٠٠١ نزیکەی ١٢ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام ئاستی هونەری، دیدێکی قووڵی وێنەیی، هزرێکی فراوانی ڤاگنەری و قورگی هونەرمەندێکی گەورەی وەک (ڤینباری) سیمایەکی گەلێ تایبەتمەند و ئەفراندن دەبەخشێتە نەمایشەکە. کە لۆهێنگرین بۆ یەکەمجار لە قووڵایی شانۆکەوە، لە نیو تەمومژێکی چڕدا. بەجلە سپییە سەرسوڕهێنەرەکانییەوە، وەک شۆڕە سوارێک وەدەردەکەوێت، سرووتێکی ئەفسوونی، جادوو ئاسای سەدەکانی ناوەڕاست وێنەیەکی بەهێزی ستروکتوری ئۆپێراکەیە. کە تۆنەکانی (ڤینباری)ش بەپانتایی شانۆکەدا بڵاودەبێتەوە، دەسەڵاتێکی گەورەی هونەری بڕیاردەرە. تۆنەکانی دەنگی زۆر بەخێرایی تێکەڵ بەمۆسیقاکە و مۆسیقاکەش دەبێتە شەپۆلێکی بێ ئامانی دەریاچەیەکی گەورە، هەموو بەشدارانیش دەبنە کەشتیوانی ئەو کەشتییە گەورەیەی سەما، دەنگ، ئاواز، مۆسیقاکەی تیا بەرجەستەکراوە. کارەکتەری لۆهێنگرین وەک ئادەمیزادی ئەستێرەیەکی تر، مرۆڤێکی ئەفسانەیی، پاڵەوانێکی ئەندێشە ئاسا دێتە پێش چاو.

دوا دیمەنی نەمایشەکەش، دوای ئەوەی لۆهێنگرین ناچار دەبێت نهێنییەکانی ئاشکرا بکات، ڤینباری / لۆهێنگرین وەک پریشکێک لە چاو ون دەبێت. لەگەڵ شەپۆلی دەریاکان دەبێت بەیەک و بەرەونەبوون، یان ئۆقیانووسێکی نادیار دەڕوات، لە سەربازەکانیش بەولاوە هیچیتر لەسەر شانۆ نابینرێت. ئاوازی تۆنەکانیش زەنگێکی هەتاهەتایی لێدەدەن. لەو زەنگە خەمگینەدا (ئێلسە) وەک جەستەیەکی بێ گیان بەرەو مەرگ دەچێت. مەرگ لێرەدا سمبولێکی ئاشکرا و بەهێزی (نەبوون – عدم)ە.

سەرچاوەکان

پرۆگرامی ئۆپێراکە

1- Lohengrin, Opera Av Richard Wagnar

2- Opera - Handbok Av Peter Gammond. Oversattning: Eivor Och Lennart Tholen, Wezata Forlag, 1982

3- Svenska Dagbladet, Kultur, 11 Januari, 2001

4- Dagens Nyheter, Kultur, 5 Januari, 2001

5- Teaterkunskap, Av Carl-Gustav Pettersson, Natur Och Kulter, 1982

## ئۆپێرای یولیوس سێسەر لەسەر شانۆی درۆتنینگهۆڵم

ئۆپێرای: یولیوس سیسەر Julius Cesar


نووسینی: گیۆرگ فریدریش هیندل George Friedrich Handel

لێبرێتۆ: نیکۆلا هایم Nicola Haym

ریژی: داڤید ڕادۆک David Radok

کۆریۆگراف: هۆکان مایەر Hakan Mayer

لەسەر شانۆی درۆتنینگهۆڵم Drottningholm Teatern



دیمەنێک لە ئۆپێرای یولیوس سێسەر
وێنەی: Bo Ljungblom

(ئۆپێرای پادشایەتی) و (ئۆپێرای گەل) لە ستۆکهۆڵم لە وەرزی هاویندا چالاکییەکانیان دەوەستێنین، بەڵام لە بری ئەم دوو ئۆپێرا گرنگە، ساڵانە لەم وەرزەدا ڤیستیڤاڵێکی گرنگی ئۆپێراڵی[٣٦] لە کۆشکی لە شانۆی درۆتنینگهۆڵم لە یەکێک لە ڕازاوەترین باخچە شاهانییەکانی ستۆکهۆڵمدا دەکرێتەوە.



یەکێک لە پرۆژە ئۆپێرالییە گەورەکانی ڤیستیڤاڵی هاوینەی ئەمساڵی شانۆی درۆتنینگهۆڵم بەشاکارێکی درامی کۆمپۆسیتۆری گەورە (گیۆرگ فریدریش هێندل[٣٧] ١٦٨٥ - ١٧٥٩ کرایەوە.

ئۆپێرای (یولیوس سێسەر)[٣٨]ی سەدەی (بارۆک)[٣٩] بووە یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە هونەرییەکانی هاوینی کۆشک و شانۆ دێرینە بارۆکییە مەزنەکەی (درۆتنینگهۆڵم)[٤٠].

بەسەرهاتەکانی ئۆپێرای یولیوس سێسەر لە میسر ڕوو دەدەن و ئاوێتەیەکی ڕاستەوخۆی ڕووداوە ڕامیارییەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی (ڕۆم) و (میسر)ە، لە ساڵی ٥٠ی بەر لە دایکبوونی مەسیحدا.

هیندل ئەم ئۆپێرایەی لە ساڵی ١٧٢٤دا لە لەندەن نووسیوە. یولیوس سێسەر دادەنرێت بەیەکێک لە دیارترین و بەربڵاوترین و خۆشەویسترین شاکارە مۆسیقییەکانی هیندل. ئەمەش بەڕای زۆربەی مێژوونووس و ڕەخنەگرە مۆسیقییە جیهانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازە جیاواز و تایبەتەی (هێندل) لە نووسینی ئۆپراکەدا. بۆ نموونە مۆسیقایەکی ئێجگار بەچێژ و مەزن، ئاوازێکی بەرزی گۆرانی ئۆپێرالی تاک[٤١] و زەمینەیەکی مێژوویی دەوڵەمەند. هێندل وەک بلیمەتێکی گەورە توانیویەتی مۆسیقاکەی لە چوارچێوەی ئەو ڕووداوە و سنوورە مێژووییە دیاریکراوەدا خۆشەویستی، ئارەزوو، ژان و ئازار، حەزی سێکس و ئیرەیی کۆبکاتەوە.

هێندل لەم ئۆپێرایەدا بەرجەستەی دوو ڕووداوی مێژوویی دەکات. هەروەها بابەتێکی خۆشەویستی، ئاوێتەی کۆمەڵێ هێڵی ڕامیاری ئاڵۆز دەبێت. پەیوەندی خۆشەویستی و ئارەزوودا پێکدا دەچن.

هێندل چیرۆکێکی تایبەتی خۆی سەبارەت بەهەردوو کارەکتەری کلیۆپاترا و یولیوس سێسەر دەنووسێت. جۆرێکی تایبەتی لە ئۆپێرا، یان سەرگوزشتەیەکی ئۆپێرالی. لەم سەرگوزشتەیەدا گۆرانی خۆشەویستی لە ئاستێکی بەرزدا

ڕووبەڕووی جەنگ، کوشتن، تۆڵەسەندنەوە و دڵشکاندن دەبێتەوە. لەم نمایشەدا دوو هونەرمەندی گەورەی ئەمریکی هەر دوو ڕۆڵە سەرەکییەکەی ئەم ئۆپێرایە بەرجەستە دەکەن: Lawrence Zazzo لە ڕۆڵی یولیوس سێسەر Claycomb Laura لە ڕۆڵی کلیۆپاترا.

هەر لەم ئۆپێرا تایبەتییەدا هونەری شانۆ گەمەیەکی هونەری و دەروازەیەکی گرنگ بۆ گەشەکردنی دیدێکی نوێ لە شانۆی جیهانیدا دەخولقێنێت. بۆ نموونە تەکنیکی (شانۆ لەناو شانۆدا) بۆ یەکەمجار لەم ئۆپێرایەدا وەک ئامرازێکی هونەریی باڵای گشتگر بەکارهاتووە. گەمەیەکی خۆشەویستی لە نێوان کلیۆپاترا و یولیوس سێسەردا نمایشێکی نهێنی پڕ لە ئاوازی ناو خودی ئۆپێراکە پێکدەهێنێ. بەمەش ئۆپێراکە گەمەیەکی شانۆیی بەرجەستەکراو ئامادە دەکات.

## ڕووداوەکانی ئۆپێرای یولیوس سێسەر

سەرەتای پەردەی یەکەمی ئوپێراکە وڵاتی میسرە لە ساڵی (٥٠)ی بەر لە دایکبوونی مەسیحدا. سێسەر بەسەرکەوتوویی لە جەنگ گەڕاوەتەوە و توانیویەتی زۆر ئازایانە بەسەر (پۆمپیۆس)دا سەربکەوێت. لە ئاهەنگگێڕانی سەرکەوتنی ئەو جەنگەدا، (ئەشیلا) کە سەرکردەیەکی سوپای میسرییەکانە، دەگاتە کۆشک و دیاری و ڕاسپاردەیەکی (تۆلۆمیۆس) پێشکەش بەسێسەر دەکات. دیارییەکە دەبێتە ڕووداوێکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو، تۆلۆمیۆس کەللەسەری براوی پۆمیۆس بەدیاری بۆ سێسەر دەنێرێت.

سێسەر بەم دیارییە زۆر توورە و ناڕەحەت دەبێت، پەیمانی ئەوەش دەدات کە سزای تۆلۆمیۆس بدات. (کۆرنێلیا) شیوەنێکی گەرم بۆ مێردەکەی دەکات و (سێستۆ)ی کوڕیشی سوێند دەخوات تۆڵەی مەرگی باوکی بکاتەوە.

کلیۆپاترا کە خوشکی تۆلۆمیۆسە لە کۆشکی شاهانەی میسردا، بەهۆی یەکێک لە دەستوپێوەندە نزیکەکانییەوە (نیرلێنۆ)بەوە دەزانێت کە پۆمپیۆس بەبڕیاری تۆلۆمیۆسی برای کوژراوە. ئەم خوشک و برایە پێکەوە، واتە کلیۆپاترا و تۆلۆمیۆس، فەرمانڕەوای میسرن. کلیۆپاترا هەوڵ دەدات دڵی سێسەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەمەش جێگا بەبراکەی لێژ بکات و بەتەنها ببێتە فەرمانڕەوای هەموو میسر.

ئەشیلا هەر زوو هەموو پلانەکان بۆ تۆلۆمیۆس ئاشکرا دەکات. ئامادەیی خۆشی دەردەبڕێت کە سێسەریش بکوژێت، بەو مەرجەی تۆلۆمیۆس کۆرنیلیای پێ ببەخشێت، بەو شێوەیەش تۆلۆمیۆس بەتەنها دەبێتە پادشای میسر.

کلیۆپاترا بۆ ئەوەی لە یولیوس سێسەر نزیک بێتەوە، خۆی لە بەرگی ئافرەتێکی گەلێ



قەشەنگی دەوڵەمەندا دەگۆڕێت و بەبەهانەی ئەوەوەی کە تۆلۆمیۆس سەروەت و سامانەکەی تاڵان کردووە، دەچێتە لای سێسەر. هەر لە سەرەتاوە سێسەر بەتەواوەتی گیرۆدەی ئەو جوانییە دەبێت. سێسەر بڕیار دەدات بچێت بۆ کۆشکی تۆلۆمیۆس، تا لە نزیکەوە لە ڕووداوەکان بگات و لە هەمان کاتیشدا ئەو کۆشکە بەرز و ڕازاوەیە ببینێت. لەوێ لە پڕ کۆرنێلیا و سێستۆ دەردەکەون و بەڕووی تۆلۆمیۆسدا دەتەقێتەوە و پلانەکانی سێسەریش تێک دەدەن. پاسەوانەکانی تۆلۆمیۆس سێستۆ لە بەندیخانە توند دەکەن، بەبڕیاری تۆلۆمیۆسیش کۆرنێلیاش دەکەنە بەردەست و باخەوانی کۆشک. ئەشیلا شەیدای کۆرنێلیایە و بەهەموو شێوەیەک دەیەوێت لێی نزیک ببێتەوە، بەڵام کۆرنێلیا بەهیچ شێوەیەک وەڵامی ناداتەوە. ئەشیلا بەم ڕووداوە زۆر خەمبار دەبێت، دایک و کوڕەکەی بەجێ دەهێڵێ و نوقمی چارەنووس و پەژارەی دەردی دڵی خۆی دەبێت.

لە بەشی دووەمی ئۆپێراکەدا کلیۆپاترا، لە بەرگە ساختەکەیدا (ئافرەتە دەوڵەمەندەکە) سەمایەکی پڕ لە ئارەزوو و سێکس ئامێز بۆ سێسەر دەکات. لە هەمانکاتدا یەکێک لە پەیامبەرەکانی سێسەر دێت و ئاگاداری دەکاتەوە کە گروپێک خەریکی نەخشەی لە ناوبردنی ئەون.

کلیۆپاترا خۆی بۆ سێسەر ئاشکرا دەکات و بڕیاریشی دەداتێ بەزەبری هێز ڕووبەڕووی ئەو گروپە ببێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی بەوردی لە هەڵوێستەکە دەکۆڵێتەوە. لەبەر ئەوە کلیۆپاترا وای بەباش دەزانێت کە سێسەر ڕابکات و بۆ ماوەیەک خۆی بشارێتەوە. بەڵام لەشکری تۆلۆمیۆس بەتەواوەتی لەشکرەکەی کلیۆپاترا دەشکێنن و کلیۆپاتراش بەدیل دەگرن. سێسەر لەسەر ڕۆخی ڕووباری (نیل)ەوە سەرلەنوێ سەربازەکانی کۆدەکاتەوە تا کلیۆپاترا و کۆرنێلیا ڕزگار بکات. سێسەر هێرش دەکاتە سەر کۆشک و پاسەوانەکانی تۆلۆمیۆس ڕاودەنێت. تۆلۆمیۆس لەدوا چرکەکانی پەلەقاژێیدا دەیەوێت هێرش بکاتە سەر ناموسی کۆرنێلیا. بەڵام کۆرنێلیا دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. تا لە پڕ سێستۆی کوڕی دەگاتە کۆشک و ئازایانە ڕووبەڕووی تۆلۆمیۆس دەبێتەوە و دەیکوژێت. کلیۆپاترا و سێسەریش زەماوەندی خۆشەویستی و ئازادی لە ژێر ئاڵای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا دەگێڕن.

## شێوازەکانی بەرجەستە لە سەردەمی هێندلدا

لە ساڵەکانی ١٦٠٠ - ١٧٠٠ەکاندا ئەکتەر و گۆرانیبێژە ئۆپێرالییەکان شێوازێکی زۆر تایبەتیان بەزمانی جەستە بەکارهێناوە. ئەمڕۆ ئەو زمانە جەستەییە بە(پۆزی بارۆک) دەناسرێت. ئەکتەرەکان بەیارمەتی بەکارهێنانی ئەو شێوازی جەستەیە، تەنها جووڵەی خۆیان لە ڕێگای دەست، قۆڵ و جووڵەی دەربڕین ئاسای چاوەوە نیشان داوە، بەڵکو هەموو جەستە و تەنانەت چۆنیەتی وەستان و ڕۆیشتن، بەرجەستەی ئەو هەست و سۆزانەی کردووە کە دەربڕێکی ڕاستەوخۆی ناوەڕۆکی تێکست و مۆسیقاکە بووە.

هەر بەیارمەتی ئەو جۆرە جووڵە و هەڵسوکەوتە بەرجەستەییە بارۆکییە، واتە (پۆز) توانیویانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆش لە بینەران بکەن. لەبەر ئەوە و لەسەر شانۆ ئەو جووڵە بەرجەستەیە هەڵوێستی ئەکتەرەکانیشی بەرامبەر بینەران لە لایەک و ئەکتەرەکانی تری سەر شانۆی لەگەڵ یەکتریدا لە لایەکی دیکەوە دیاری کردووە.

ئەمەش چەمکێکی جووڵە و بەرجەستەی شانۆییە کە لە دیدی ئەمڕۆی هونەری شانۆ و ئۆپێرادا زیاتر بەهونەری ڕیژی ناودەبرێت. بەڵام دەبێت ئاماژەی ئەوەش بکەین کە ئەمجۆرە زۆر تایبەتەی تەکنیکی شانۆ شتێک نەبووە گۆرانیبێژەکان، یان ئەکتەرەکانی سەردەمی بارۆک دایانهێنابێت، بەڵکو یەکێک بووە لە میراتە گرنگەکانی (ریتۆریک) واتا (هونەری وتار خوێندنەوە)ی سەردەمی گریکەکان.

هەروەها هەر لەم ڕوانگەیەشەوە وێنە و پەیکەرەکانی سەردەمی گریک مانایەکی گەورە و سەرچاوەیەکی مەزن بووە بۆ ئەکتەر و گۆرانیبێژەکانی سەردەمی بارۆک. لە ڕێگای ئەو وێنە و پەیکەرە داتاشراوانەدا، هەڵوێستە و پۆزی جیاواز و دیاریکراویان دۆزیوەتەوە. بەتایبەتی گرنگی دۆزینەوە و فێربوونی چۆنییەتی (وەستان) لە شێواز و پۆزی جیاواز جیاوازدا. لە ڕێگای ئەم وێنە و پەیکەرانەوە، ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان گەیشتوونەتە ئەو بەرئەنجامەی کە وەستان، هەڵویستە و بارە جیاوازەکانی لەش هێڵی تەریبی لە خۆ نەگرێت. بارۆکییەکان وەک هەموو جۆرە توخمێکی تری دەربڕین، توانیویانە ئەو وێنە و پەیکەرانە بەشێوەیەک بەکاربهێنن کە بگونجێت لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا، واتا توانیویانە تێهەڵکێشی توخم و سەرچاوەکانی سەردەمی بارۆک بکەن.

خاڵێکی تری گرنگی بارۆکییەکان گرنگیدانێکی بێ پایان بووە بەهونەری وتار خوێندنەوە (ریتۆریک)، لەم ڕێگایەوە هەوڵیان داوە ڕێساکانی هونەری وتار خوێندنەوە



بگوێزنەوە و تێکەڵاوی بکەن لە چۆنیەتی گۆرانی ئۆپێرالی و هونەری نواندندا.

بۆ ئەوەی وتارێکی (پۆز) ئاساش ئامادەبکرێت، دەبێت بەوردی تێکست و مۆسیقاکە شی بکرێتەوە، ئەمەش پرۆسەیەکی وردی بەکردەییکردنی گۆرانییە ئۆپێرالیەکان بەخشیوە. بەمەش خوێندنەوەی کۆمپۆسیتۆرەکەش (نووسەرە مۆسیقییەکە) سەبارەت بەتێکست و هەڵویستە درامییەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا و قووڵ شی کراوەتەوە. بۆ نموونە یەکێک لە دیارترین گۆرانییە خودییەکانی هێندل Arians لە بەشی سێیەمی ئۆپێرای یولیوس سێسەردا گۆرانی کارەکتەری کلیۆپاترایە. لە بەشی یەکەمی ئەم گۆرانییە ئۆپێرالییەدا کلیۆپاترا بۆ ئەو چارەنووسە توندوتیژەی خۆی دەگری، بەڵام لە بەشی دووەمی هەمان گۆرانیدا کلیۆپاترا هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوە دەکاتەوە. کلیۆپاترا ئاماژەی ئەوە دەکات کە دوای مەرگی دەگەڕێتەوە و لە ژیانی دوژمنەکانیدا دەبێتە جنۆکە. هەروەها لەم گۆرانییەدا کلیۆپاترا بەدوودڵی و ئاوازێکی غەمگین تەنهایی خۆی دووپات دەکاتەوە. کۆرنێلیا و سێستۆ ناتوانن یارمەتی بدەن، سێسەری خۆشەویستیش بەبڕوای ئەو مردووە. ئەم گۆرانییە ئۆپێرالییەی کلیۆپاترا شێوازێکی وتارئامێز لە خۆدەگرێت، بەمەش هێندل توانیویەتی چەمکی هونەری ڕیتۆریکی گریکییەکان لە گۆرانییەکی بەرزی ئۆپێرالیدا بگونجێنێت.

ئەم مۆسیقا تێکەڵەش، توانیویەتی هارمۆنی و هێڵە میلۆدییەکان پێکەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی تێکستەکاندا بگونجێنێ. ئەمەش دەروازەیەکە بۆ خوڵقاندنی ئەو پۆزە فیزیکییە بەرجەستەکراوانەی ئۆپێراکە. پۆزەکانیش وەک شێوازێکی دەربڕین زنجیرەیەکی تایبەتی یەک بەدوای یەک پێک دەهێنێت: یەکەم دەبێت هزر، یاخود هەست و هۆش لە ڕێگای چاوەکانەوە دەربکەوێت، دوای ئەوە پۆزەکان ئامادەی دەست پێ کردن بکرێن، دوابەدوای ئەو پۆزە جۆراوجۆرانە وشە - ئاواز دێت. پۆزە تەواوەکانیش لە وشە ئاوازدارەکاندا بەرجەستە دەبێت.

لەبەرئەوەی بینەران تەماشای ڕووداوەکانی ئۆپێراکەیان کردووە، دەبێت کلیۆپاترا بەبەکارهێنانێکی ورد و ئاشکرای هێزی دەربڕینی سیما، بەرلەوەی دەست بکات بەگۆرانییەکان ئەوە پیشان بدات کە ئەو لەو ساتەوەختەدا هەست بە چی دەکات. یەکەم (ئەکۆرد)[٤٢]یش هێمنە. کلیۆپاترا بەچاوەکانی پیشانی دەدات، یان بەمانایەکی تر بەسیمایەکی دەوڵەمەندی دەربڕین ئاسا، بیر لە چی دەکاتەوە. بەقووڵی هەناسە هەڵدەمژێت و دەستەکانی بەرزدەکاتەوە، وەک خۆئامادەکردنێک بۆ وەرگرتنی پۆزی یەکەم.

## یۆلیوس سیسەر لە لای هێندل

ناوی یۆلیۆس سیسەر مێژوویەکی دێرینە لەنێو زمانەکانی ڕۆژئاوادا دەژی. زۆرجار ئەو ناوە بۆتە سمبولّی دەسەلاّت و سەرلەنوێ لە بەرگ و زەمەنێکی تردا ژیاوەتەوە. مێژووش دەبێتە دەروازەیەکی ڕاستەوخۆی زمان و وشەش لەو دەروازەیەدا دەبێتە مێژوویەکی ئاشکرای ئەو گەلانە. مێژوو سەرچاوەیەکی گرنگی کولتووری بارۆکییەکان بووە. هەر لەم ڕووەوە دیمەن و چیرۆکە بارۆکییە ئۆپێرالییەکان زیاتر لە ڕووداوی مێژوویی خۆیانەوە وەرگیراوە. بەلاّم مێژوو لەو پرۆژە ئۆپێرالییەکان زیاتر لە ڕووداوی مێژوویی خۆیانەوە وەرگیراوە. بەلاّم مێژوو لەو پرۆژە ئۆپێرالیانەدا سەرلەنوێ بەسەربەستی نووسراوەتەوە. هێندل بەر لە ئۆپێرای یولیوس سیسەر ئۆپێرایەکی تری نووسیوە بەناوی (فلاڤیۆ) فلاڤیۆش پادشای ناوچەی لۆمبەردیێت[٤٣] بوو لە نێوان سالاّنی ٦٨٨ - ٧٠٠ . هەروەها لە دوای یولیوس سیسەریش سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر بابەتە مێژووییەکان و ئۆپێرایەکی تر سەبارەت بەتەیموورلەنگ دەنووسێت.

ئینگلستان زیاتر لە ولاّتانی تری ئەورووپا لە نزیکەوە ئاگاداری یولیوس سیسەر بوون. یولیوس سیسەر چەندین جار لە ئینگلیستاندا دەبێتە نموونەیەکی ئەفسووناوی. کارلّی شەشەم وەک مۆدێلێک دووبارەی چۆنیەتی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لە ئینگلستاندا پەیڕەو کردووە. هەر لەم سالاّنەدا و لە ژێر حوکمڕانی شاکارلّی شەشەم هیندل ئۆپێرای یولیوس سیسەری لە لەندەن نووسیوە.

لە لایەکی دیکەشەوە شانۆنامەکەی شەکسپیر بەهەمان ناوەوە گرنگترین و بەهێزترین وێنەی کارەکتەری سیسەری لەسەر شانۆ بۆ بەرجەستە کردووین. بەلاّم لە سەردەمی هێندلدا شەکسپیر لە دەرەوەی ئینگلستان زۆر نەناسراوە. دراما مێژوویەکەی شەکسپیر سەرچاوەکانی هێندل نەبووە بۆ ئۆپێراکەی. شەکسپیر زیاتر لە پیەسەکەیدا چارەسەری مەسەلە ڕامیارییەکانی ڕۆما و مەرگی سیسەر دەکات. بەلّکو سەرچاوە و کاریگەری لێبرێتوی ئۆپێرایەکی تر بووە لە نووسینی (گیاکۆمۆ فرانسیسکۆ بووسانی). ئەم ئۆپێرایە سەبارەت بەدەسەلاّت و کارەکتەری سیسەر بووە و لە ١٧ی مانگی دوانزەی سالّی ١٦٧٦دا لە ڤێنێدیک پێشکەشکراوە. ئەم بەرهەمە لە سالّەکانی ١٦٨٠کاندا لە زۆر لاوە پێشکەشکراوە. ئۆپێراکەی هێندل، مەبەست لێبرێتۆ، واتا چیرۆکی ئۆپێراکە، لە نووسینی (نۆکۆلا هایم) بووە، هێندل لەگەلّ نیکۆلاهایم پێکەوە لە ئەکادیمیای پادشایەتی



مۆسیقا لە لەندەن Royal Academy Of Music کاریان کردووە.

کاری نیکۆلاهایم لەو ئەکادیمیا مۆسیقییەدا ئەوە بووە کە هەولّ بدات ئۆپێرای ئیتالی لە لەندەن بلاّودەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی وەک ڕیژیسۆریش کاری کردووە و هەر ئەویش زۆربەی لێبرێتۆی تێکستە ئۆپێرالیەکانی بۆ هێندل ئامادە کردووە. یولیوس سیسەری نیکۆلاهایم بەشێوازێکی جوان داڕێژراوە، خالّە سەرەکییەکانی ڕووداوەکە زۆر بەڕوونی و شێوازێکی ئاشکرا بەرجەستە دەکات. زۆربەی ڕەخنەگر و مێژوونووسە مۆسیقییەکان ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە سیسەری نیکۆلا هایم لە زۆر ڕووەوە بەرز و بەپێزترە لە ئۆپێراکەی گیامۆکۆ.

نیکۆلا هایم بایەخی داوە بەداڕشتنی چیرۆکی عەشقی نێوان سیسەر و کلیۆپاترا، تۆلّە سەندنەوەی سێستۆس لە تۆلۆمیۆی کوژەری باوکی. ئەم دوو توخمەش، خۆشەویستی/ تۆلّە سەندنەوە، دەبێتە هاوکێشەیەکی بەهێزی تیکڕای سترۆکتور و بونیادی ئۆپێراکە.

لە سالّەکانی ١٧٠٠کاندا کۆمپۆسیتۆرەکان هەر لە سەرەتاوە زانیویانە چ گۆرانیبێژێکی ئۆپێرالی گۆرانی ڕۆلّەکان دەلّێت. لەبەر ئەوە چۆنیەتی ئاستی ئاوازەکانیان پابەند کردووە، هێندل بەشی یەکەمی ئۆپرای یولیۆس سیسەری لە هاوینی سالّی ١٧٢٣دا، بەرلەوەی بزانێت چ هونەرمەندێکی ئۆپێرالی ڕۆلّەکان دەبینن، نووسیوە. ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی دواتر هێندل ناچار بێت بەشێکی زۆری مۆسیقاکەی بگۆڕێت، یان سەرلەنوێ بەشێوازێکی تر ئامادەیان بکاتەوە، دوای ئەوەی گۆرانیبێژە ئۆپێرالیەکان دەستنیشان کراون. هێندل جار ناچاربووە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مۆسیقاکەشی بگۆڕێت تا لەگەلّ توانا و ئاستی قورگی گۆرانیبێژە ئۆپێرالییەکاندا بگونجێت. ئەمەش سەرلەنوێ توانای ئەم هونەرمەندە مۆسیقییە بەرزە دووپات دەکاتەوە. نووسینی مۆسیقایەکی بەرز، لە هەمان کاتدا گونجاو لەگەلّ ئاستە جیاوازەکانی قورگ و توانای گۆرانیبێژە ئۆپێرالییەکاندا.

## ئۆپێرا لە نێوان سەما و شانۆدا

نمایشە ئۆپێرالییەکە لەو شانۆ کۆنە بارۆکییەی درۆتنینگهۆلمدا بوو بووە پرۆژەیەکی گەورەی هونەری. لەو پرۆژەیەدا ڕابردوو، یان بەواتایەکی تر مێژوو، نەک هەر تەنیا زیندوو کرابووەوە، بەلّکو بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بەسترابووەوە بەئەمڕۆوە. ئەمڕۆش

بووبووە بەرهەمێکی ڕەسەن و پەیامێکی هونەری گرنگ بۆ ئاینده، بۆ نەمری و هەتا هەتایی هونەری مۆسیقا و شانۆ.

سەما، نواندن و هونەری ئۆپێرا پێکداچوونێکی گرنگی لە دارشتەی هونەری ڕێژیدا بەرجەستە کردبوو. سەما لە ڕێگای گۆریۆگراڤیایەکی بەسەلیقەوە بووبووە ریتمێکی بەهێز لە ڕووداوەکاندا، لە گۆرانییە ئۆپێرالییەکاندا و لە تێکڕای نمایشەکەشدا. هەر لەم ڕووەوە سەما کرابووە بەشێک لە کارەکتەرەکان و هەندێ جار ڕووداوەکان دەبوونە سەمایەکی ئەفسونی و لەو ئەفسونەدا گۆرانیە ئۆپێرالییەکان سەرلەنوێ هاوئاهەنگ دەبوون بەسەمایەکی تر. ئەمەش هەڵویستەیەکی زۆر جیاواز و بەهێزی دیدی ڕیژی و بەرجەستەکردنی ئۆپێراکە بوو.

لە کاتێکدا کارەکتەرەکان بەبێ جووڵە لە ڕوانگەیەکی ڕیتۆریک ئاساوە گۆرانییە ئۆپێرالییەکانیان دەوت، سەمازانەکان بەرجەستەی هەست و هۆشە هەڵچووەکەی ناوەوەی کارەکتەرەکانیان دەکرد. بەمەش نمایشە ئۆپێرالییەکە بوو بووە سەما، یان نمایشیکی شانۆیی شیعرئامێز و وێنەیی. سەمازانەکان بوونێکی بەردەوامیان لەسەر شانۆ هەبوو، لەگەڵ هەموو ڕووداوێکدا ئەوانیش فۆرمی جیاوازیان لە خۆ دەگرت. فۆرمێک کە لەگەڵ خودی دیمەنەکاندا دەگونجا، یان دیمەنەکان دەبوونە وێنەیەکی سەمائامێزی پڕ لە ئاواز و گۆرانی.

ڕیژیسۆر گۆرانییەکانی خستبووە نێو ڕووداوەکانەوە، بەمەش هەموو ئۆپێراکە فۆرمی کۆمەڵێ وێنەی بزۆزی لە خۆ دەگرت، لەو وێنەیەدا هونەری شانۆ پێکهاتەی دید و دارشتە هونەرییەکە بوو. هەموو چرکەیەک لە ئۆپێراکە و لەسەر ئاستیکی قووڵ دەربڕی هەستی مرۆڤایەتی بوو. ڕیژیسۆر ئەو جیهانە قووڵەی ئۆپێراکەی کردبووە گەمەیەکی پڕ لە خەندە. لەو گەمەیەدا هەر هەموو کارەکتەرەکان، سەمازانەکان و ڕووداوەکان لە جووڵەیەکی ئێستاتیکای بەردەوامدا بوون. ئەمەش بارستەیەکی یەکگرتووی لێواولێو لە ژیانی لەسەر شانۆ خولقاندبوو. تەنانەت بەکارهینانی قوڕگ و چۆنیەتی گۆانییەکان لەم ئۆپێرایەدا بەشێک بوو لە گەمە شانۆییەکە. لەو گەمەیەدا گۆرانیەکان تۆنێکی جیاواز و خەندەئامێزیان لە خۆدەگرت.

خاڵێکی تری گرنگی سەرکەوتنی ئەم نمایشە ئۆپێرالییە ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی دیمەنەکانە. بەمەش ریتمی دیمەن و سەماکان بەشێکی گرنگی لە خودی ئەو گۆڕانکارییە



سەمەرە و بێوێنانەدا دەخولقاند. هەروەها لەم پڕۆژەیەدا گرنگیەکی تایبەتیش دراوە بەمەسەلەی جلوبەرگ، ئەم مەسەلەیە مۆرکێکی هونەری لە خۆگرتووە. شێوازەکانی جلوبەرگی ئەکتەرەکان سیمایەکی مێژوویی سەردەمی بارۆک لە خۆناگرێت، بەڵکو تەرزی بڕین و ئامادەکردنی جلوبەرگەکە تەقەلایەکی هونەرییە بۆ مۆدێرنکردنی شێوە جلوبەرگی سەردەمی ١٧٠٠ەکانی ئەوروپا. جوڵەی جەستەی کارەکتەر و سەمازانەکان لەو جلوبەرگە جیاوازەدا جەستەیەکی شیوە پەیکەر ئاسای دروست دەکرد. بەمەش جلوبەرگ دەبیتە تەواوکەرێکی گرنگی مۆدێرنکردن و دیدێکی ئەزمونگەری بۆ خوێندنەوەی نمایشەکە.

مۆسیقا، سەما و سینۆگرافیاش هەندێ جار مۆرکێکی ڕۆژهەڵات ئاسا، یاخود نزیک لە کیشوەرێکی ترەوە لە خۆ دەگرێت. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی ئۆپێراکە لە وڵاتی میسر ڕوودەدەن. ڕیژیسۆری ئۆپێراکە لەگەڵ کۆریۆگراڤی سەمازانەکان بەوردی ڕەچاوی ئەو خاڵەیان کردبوو.

گەمەی شانۆ لەناو شانۆ و چیرۆکی خۆشەویستی سیسەر و کلیۆپاترا توخمێکی گرنگی بایەخپێدان و بەشانۆکردنی ئۆپێراکە بوو. لەو گەمەی شانۆیەدا کارەکتەرەکان، گۆرانیبێژ و سەمازانەکان چیرۆکی عەشق و ژانیان بۆ یەکتری و بۆ بینەران دەگێڕایەوە.

سەرچاوەکان

1- Drottningholms Slottsteatern - Program 2001

2- Opera, Kompositorer, Verk, Uttolkare. Andra Batta. 2000 Forden Svenska Utgavan - Konemann Verlagsgesellschaft mbh, Bokforlaget Replik AB, Viken. Oversattning Fran tyska: Kjell Waltman (for Replik AB).

3- De Stora Tonsattarna, ax Sixten Nordstrom. 1998- Dialogs Forlag

# ئەزموونکاری لە ئۆپێرادا

## چاوەڕوانکاران

## ئۆپێرایەکی یەک پەردەیی بچووکە

مۆسیقای: لارش یۆهان ڤێرلێ Lars Johan Werle

نووسینی: ڤێرنەر ئاسپنستروێم Werner Aspenstrom

ئامادەکردنی تێکستەکە بۆ ئۆپێرا: ئیڤار بێریکڤیست Lwar Bergkwist

کۆریۆگراف: مارۆیۆن ڤییان Marion Vijn

ڕێژیسۆر: لاش ڕیونستێن Lars Runsten

### ئەزموون و ئۆپێرا

ئۆپێرا ئەو جیهانە چڕ و ئەفسووناوییەیە کە چەندین سەدەیە وەک هونەرێکی تایبەتی و گەورە برەوی بەهەنگاوەکانی داوە. چەندین ئاڕاستە و داڕێژراوی سەرسوڕهێنەر و تێکڕای هونەرەکانی تر بنەماکانیان پێک هێناوە. ئەمە بێجگە لە مۆسیقا و تۆن و گۆرانیی ئۆپێرالی کە دەبنە یەکە سەرەکییەکانی پێکهاتەی ئۆپێرا. گەلێک لە کەڵە مۆسیقارە جیهانییەکان کات و ڕووبەرێکی فراوانیان لە پرۆژەکانیان بۆ نووسینی ئۆپێرا تەرخان کردووە. گەنجینەی مۆسیقا و فەرهەنگی کلاسیکی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئۆپێرای مەزنی بۆ پاراستیووین. بەرهەمەکانی ڤاگنەر، شتراوس، پیسێت، ئالبان باری، سترافینسکی و چایکۆڤسکی ساڵانە وەک نەریتێکی کلاسیکی بەهەمان شێوازی جیاواز پێشکەش دەکرێن. ئۆپێرا لە دێر زەمانەوە سنوور و داڕشتەیەکی دیاریکراوی لە خۆ گرتووە و وەک مۆرکێکی تایبەت بنەما کلاسیکییەکانیان پاراستووە. بەشێوەیەک ئەو بنەما کلاسیکیانە شایانی هیچ گۆڕانکارییەک نەبووە.

بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا هونەری ئۆپێرا گۆڕانکاریی گەورە و جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە و تەوژم و شێوازەکانی ڕیژی و هونەری شانۆی هاوچەرخیش پانتاییەکانی جیهانی ئۆپێراشیان گرتۆتەوە.

ڕیژی و دیدی ڕیژیسۆر و بنەماکانی داڕشتەی سینۆگرافی و ڕووناکی و شێوەکاری مۆرکێکی ئەزموونکاری و مۆدێرنی بەخشیوە بەپرۆژە ئۆپێرا نوێیەکان. بەمەش لە چەمک



و سنوورە کلاسیکییەکەی ڕزگاری بووە و زیاتر لە ڕووبەرێکی تر و پانتاییەکی ئەزموونکار و جیاوازدا بەرجەستە بووە. تەقەلاکانی ریژیسۆری گەورەی جیهانیش (پیتەر بروک) لەم بوارەدا لەبەر چاوە. بەتایبەتیش لە هەشتەکانی هەزارەی ڕابردوودا لە نمایشی ئۆپێرای (تراژیدیای کارمن) گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری و بنەڕەتی لە جیهانی ئۆپێرادا بەرپاکرد. نوێکاریی لە جیهانی ئۆپێرادا تەنها شێوازە و پراکتیزەکردنی ئەو پرۆژانەی نەگرتۆتەوە. بەڵکو ئەمڕۆ چەندان نووسەری نوێ لە نێوەندی هونەری ئۆپێرای جیهانیدا وەدەرکەوتوون. بێگومان ئەو نووسەرانە بیر و ناوەڕۆکی نوێ و تازەیان نووسیوە و کردوویانەتە یەکەم بنەماکانی پرۆژە ئۆپێرالییەکانیان. ئەمەش کارێکی زۆر نوێ و ئەزموونکارانە لە جیهانی ئۆپێرادا و چەندان نووسەر و ڕیژیسۆری جیهانی، ڕۆژانە لەسەر شانۆکانی ئەوروپا ئەزموونەکانیان نمایش دەکەن و بەردەوام بیری نوێ و شێوازی نوێ دەبێتە بوارێکی فراوان بۆ بەرجەستەکردن و ئاراستەی بنیادی ئۆپێرا نوێیەکان.

### چاوەڕوانکاران Väntarna

چاوەڕوانکاران ئۆپێرایەکی یەک پەردەیی کورتە و هەنگاوێکی گرنگە لە جیهانی نوێی ئۆپێرادا. پاڵەوانەکانی بریتین لە چەند یارییەکی منداڵان، وەک بووکە شووشەیەکی نوێ و خاوێن (نیشانەی دەوڵەمەندیی). لەگەڵ ورچێک، تیمساحێک، کەروێشکێک و تووتییەک. ئەم کۆمەڵە یارییە لە ژوورەکەی (کاترینا) بڵاوبوونەتەوە. بەڵام کەسایەتی کاترینا خۆی بوونی نییە و نابینرێ، لەوانەیە گەورە بووبێت و ئیدی تر نەگەڕێتەوە بۆ لایان. بەڵام ئەم یارییانەی نەمابێت و فڕێی دابن و جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ لایان. بەڵام ئەم یاریانەی ژوورەکەی کاترینا لە ململانێیەکی بەردەوامدان، مام ورچ دەڵێت کاترینا دەگەڕێتەوە و تەنیا یاری لەگەڵ من دەکات. بووکە شووشەکان دەگرین و دەڵێن نەخێر ئەو ئێمەی خۆشتر دەوێت و دەگەڕێتەوە لای ئێمە و بەو شێوەیە و لەناو خۆیدا و بەدەم ئەو چاوەڕوانییەوە یاری دەکەن، گۆرانی دەڵێن، وێنە دەکێشن و سەما دەکەن. هەندێ جاریش لەگەڵ یەکتریدا شەڕ دەکەن ، بەڵام هەموو ساتێک لە ترسی ئەوەدان کە کاترینا نەگەڕێتەوە بۆ لایان.

نووسەری تێکستەکە، ڤێرنەر ئاسپنستروێم Werner Aspenstrom سەبارەت بەبارودۆخی نووسینی تێکستەکەی و وتوویەتی: ڕۆژێک بەڕێکەوت سەیری ژووری منداڵەکانم دەکرد، بینیم چەندین گورگ و مشک و پشیلەی یاریکردن لە ژوورەکەدا



دیمەنێک لە نەمایشی ئۆپێرای (چاوەڕوانکاران)

بڵاوبوونەتەوە، لەوە دەچوو منداڵەکانم دوای یاری پێکردن ئەوشتانەی خۆیان کۆنەکردبێتەوە و هەروا بەو شێوەیە جێیان هێشتبێت. لە گورگ و مشک و پشیلەکانیان ورد بوومەوە. هەندێکیان کۆن بووبوون و هەندێکیان چاوەکانیان دەرهاتبوو. دوای ئەوەی هەندێ لە یارییەکانیان ورد بوومەوە، ئەوەم بەبیردا هات کە هەندێ لە منداڵەکانم گەورەبوونە و پێویستییان بەو شتانە نەماوە. ڤێرنەر ئاسپنستروێم لێرەوە بیری نووسینی تێکستەکەی لەلا دروست دەبێت.

هەروەها نووسەر ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو تێکستەی بۆ ئەو گەورە ساڵانە نووسیوە کە وا هەست دەکەن هێشتا منداڵن، یان بۆ ئەو منداڵانەی کە هەست دەکەن گەورەبوون.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەو پرۆژەیە وەک کارێکی ئۆپێرالی و بەشێوازێکی مۆدێرن پێویستی بەتەقەلا و ماندووبوونێکی زۆر کردووە. بەتایبەتی وەک ئەزموونێکی ئۆپێرالی نوێ گرووپی کارەکە هەوڵیان داوە لە هەموو سنوور و پانتاییە دیار و کلاسیکییەکانی جیهانی ئۆپێرادا دووربکەونەوە. ئەمەش ناچاری کردوون کە شێوە و شێوازێکی نوێ بدۆزنەوە و



بەئاراستەیەکی نوێ کاربکەن و پانتاییەکانی شانۆ لە جیهانێکی فانتازیای تایبەتدا دابڕێژنەوە.

وەک لە نووسراوی پێشکەشکردنی پرۆگرامی ئۆپێراکەدا هاتووە، سەرەتا ئەکتەرەکان لە بوونیادی پانتاییە دیاریکراوەکاندا گۆرانییان وتووە و هەوڵیان داوە بزاوتی گونجاو بدۆزنەوە، گەمە بکەن و پانتایی و مەوداکان پڕبکەنەوە. ڕێژیسۆریش هەوڵیداوە بزاوتن و پەیوەندییەکانیان لەسەر هەموو ئاستەکان ڕێک بخات و لە دیدی تایبەتی خۆیەوە بەرجەستەیان بکات.

هەر بەو شێوەیەش لارش یۆهان ڤێرلێ Lars Johan Werle کە مۆسیقای کارەکەی نووسیوە بەردەوام ئامادەی مەشقی پڕ لە کار و بنیاتنان و داڕمان و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەکتەرەکان و ڕێژیسۆر بووە. لە ڕوانگەی کاری ڕاگوزاری و تەقەلای بەردەوامی ئەکتەرەکان و دیدی ڕێژیسۆرەوە، ئەویش مۆسیقاکەی نووسیوە. هەروەها هەوڵی داوە کە کارە مۆسیقاکەی نووسیوە. هەروەها هەوڵی داوە کە کارە مۆسیقییەکەی لەسەر ئاستی مێلۆدی بنووسێت تا لەگەڵ توانا و ئاستی گەرووی هەموو ئەکتەرەکاندا بگونجێت. لەم ڕووەوە لارش یۆهان ڤێرلێ وتوویەتی: گەروو بەشێکە لە لەش و گیان. تەقەلای نووسەرە مۆسیقییەکە لە نێوەندی کارەکەوە ئاراستەی هەموو تۆن و ئاواز و هارمۆنییەکی ئاستە مۆسیقییەکانی کردبوو. لەبەر ئەوە پرۆژەکە زۆر یەکانگیر و گونجاوە بەرجەستە بووبوو، بەتایبەتی لەگەڵ تێکستەکە و دیدی ڕێژیسۆر و جووڵەی پڕ لە دەربڕین و گێڕانەوەی ئەکتەرەکان یەکیانگرتۆتەوە. هەر بەو شێوەیە توانیبووی هارمۆنییەکی نوێ بدۆزێتەوە. ئەمەش وای کردبوو کە هەموو توانا شێوەکارییەکان ڕێک بخات و جۆرە چێژێکی زۆر تایبەتی بەئۆپێراکە ببەخشێ.

هۆڵ و بیناسازی و جێگای دانیشتن لە ئۆپێراکاندا بەدرێژایی مێژوو جێگای تێڕوانین و گرنگی پێدانێکی بێ سنووری کارمەندانی شانۆ و پادشا و دەستەڵاتداران بووە. هەر بەو شێوەیەش بینەر و جەماوەر بەپێی دابەشکردنی چینەکانی کۆمەڵ و ئاستی دەسەڵات و باری ئابووری لە هۆڵە گەورەکانی ئۆپێرادا دابەش دەبوون. بەڵام تەقەلا و پرۆژە نوێخوازەکانی ئەمڕۆی هونەری ئۆپێرا لەسەر ئەم ئاستەش گۆڕاکاریی بەسەردا هاتووە و هۆڵە گەورە و جوانە دێرینەکانی ئۆپێرا وەلاوە نراوە و هیچ سنوور و پێودانگێک نەماوە بۆ لە قاڵبدان و دیاریکردنی سنووری هۆڵەکان و جۆری دانیشتن. لەم پرۆژەیەدا ئەو

(یاری)یانە لە هۆڵێکی گەورە، لە هەمان کاتیشدا بچووک و ئینتیمدا بڵاوبوونەتەوە. بینەرانیش وەک بەشێک لەو پانتاییە بەشێوەی نیوەبازنەیەکی گەورە دانیشتبوون و لە گەمەی ئەو یارییانە ورد بوونەوە. هەروەها جێگای هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی بینەرانیش بەنێوەندی پانتایی نمایشەکەدا دیاری کرابوو. ئەمەش هەوڵ و تەقەلایەکی نوێ و ئەزموونکارانەیە لە جیهانی ئۆپێرادا و وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ڕووی شێوازە کۆن و کلاسیکییەکانی ئۆپێرادا.

پەڕاوێز:

(١) شێرزاد حەسەن لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەم شانۆگەرییەی ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە قەوارەی کتێبێکی گەورەدا بڵاوی کردۆتەوە.

(٢) شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە ساڵی ١٨٨٨دا و لەسەر شوێنەواری شانۆیەکی تر دامەزرێنراوە. هۆڵی دانیشتنەکەی تەنها ٤٣٩ کورسی لە خۆ دەگرێت. ئەم شانۆیە لە ساڵی ١٩٤٠دا دەکەوێتە بەر یەکێک لە شاڵاوە ئاسمانییەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئەڵمانیای نازی و بەتەواوەتی وێران دەبێت.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شانۆی ئینگلیزیدا، لە شانۆی ڕۆیاڵ کۆرتدا و لە نێوان ساڵانی ١٩٠٧ – ١٩٤٠دا یەکەم ڕیپۆرتواری شانۆیی بەمانا هاوچەرخەکەی پێشکەش کراوە.

شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە ماوەیەکی مێژوویی درێژدا بەشێکی زۆری پیەسە شانۆییەکانی نووسەرە درامییەکانی شانۆی ئینگلیزی پێشکەش کردووە. بەڵام ئەم شانۆیە بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێتە (شانۆیەک) بۆ نمایشکردنی پیەسە شانۆییەکانی (بەردنارد شۆ). شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە ساڵەکانی پەنجاکانی هەزارەی ڕابردووەوە زیاتر شێوازێکی شانۆیی، هونەری و پێشکەوتووی دانپیانراو دەخولقێنێ. بەمەش شانۆکە گوڕ و تینێکی تر لەخۆ دەگرێت و دەبێتە ناوەندێکی گرنگی پەنجا و شەستەکانی ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی ئینگلیزی.

(٣) مەبەست لە کارەکتەری (جیمی پۆرتەر)ی شانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە)یە.

(٤) هونەرمەند (کریستیان تۆمنێر) کەسایەتی کۆلۆنێل ڕێدفێرن، باوکی ئالیسنی، بەتەواوەتی لە نمایشەکەدا وەلاناوە.

(٥) هێنریک ئیبسن: شانۆنامە نووسێکی نەرویژیە. دادەنرێت بەیەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی درامای هاوچەرخی جیهانی. هێنریک ئێبسن لە نێوان ساڵانی ١٨٤٤ – ١٨٦٠دا لە دەرمانخانەیەکدا کاری کردووە، بەو هیوایەی لەدوا ڕۆژدا ببێتە پزیشک. هەر لە نێوان ساڵانی ١٨٥١ – ١٨٥٧دا لە شانۆی نەرویژی لە شاری Bergen کار دەکات. لەم قۆناغەدا پێنج شانۆنامەی تەقلیدی ڕۆمانسی دەنووسێت. لە ساڵی ١٨٥٧دا دەبێتە بەڕێوەبەری شانۆی نەرویژی لە کریستینا (ئۆسلۆ)ی پایتەخت. ئەم قۆناغەی دادەنرێت بەقۆناغێکی گرنگی ژیانی ئیبسن. لەم ماوەیەدا، وەک بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهانی شانۆ، گرفتە پراکتیکییەکان و تەکنیکی بەرجەستەکردنی



شانۆدا دەکات. کاریگەری و گرنگی ئەم قۆناغانە دواتر بەڕوونی لە پرۆژە شانۆیەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەم قۆناغەدا هەندێ لە شانۆنامە مێژووییەکانی دەنووسێت، لە هەمان کاتدا ئاوڕێکی ڕاستەوخۆ گرفتەکانی خێزان و ژن و مێردایەتی دەداتەوە. دوای داخستنی ئەم شانۆیە، هێنریک ئیبسن وڵاتی نەرویژ بەجێ دەهێڵێ. سەرەتا ڕوودەکاتە شاری ڕۆم لە ئیتاڵیا، دوای ئەوە دەچێتە ئەڵمانیا. لەم ماوەی دوورە وڵاتیەدا ١٨٦٤ – ١٨٩١ گرنگترین بەرهەمە شانۆییەکانی دەنووسێت. بەرهەمە شانۆییەکانی بابەتی مێژوویی، دواتر ڕیالیزم و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. ڕیالیزمی سایکۆلۆژی ئیبسن دادەنرێت بەشۆڕشێکی ڕاستەوخۆ و گرنگ لە مێژووی دراما و شانۆی ئەوروپیدا. هەروەها پیەسەکانی قۆناغی دوایشی سیمایەکی سمبولی لە خۆ دەگرێت. هێنریک ئیبسن لە هەر سێ شێوازەکەی نووسینی شانۆییدا: مێژوویی، ڕیالیزمی سایکۆلۆژی و سمبولیدا هەنگاوێکی گەورەی ناوە و شانۆی هاوچەرخی ئەوروپی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرز. هێنریک ئیبسن لە ساڵی ١٨٩١دا، دوای بیست و حەوت ساڵ لە ژیانی تاراوگە دەگەڕێتەوە بۆ نەرویژ.

6- Betty Skawonius, Det Viktigaste Sags Ipauserna, Dagens Nyheter, Kultur 26/11/ 2000

(٧) پرۆگرامی شانۆیی (خەون بەپایزەوە) دراماتن، شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم ٢٠٠٢ .

(٨) دوا بەرهەمی شانۆیی (یۆن فۆسێ)یە و بەزمانی نەرویژی و لە لایەن شانۆی نەتەوایەتی ئۆسسلۆ وە لە ستۆکهۆڵم لە نێوان ڕۆژانی ٢٤ – ٢٥ی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٢دا لە شانۆی پادشایەتی پێشکەشکرا.

(٩) (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت) یەکێکە لەو پیەسانەی یۆن فۆسێ کە ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری (سامۆیل بێکێت) و شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وە نووسراوە، بەڵام بەئاراستەیەکی پێچەوانەوە. لە لای فۆسێ و لە پیەسی (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت) لە بڕی چاوەڕوانی، کارەکتەرەکان لە ترسی ئەوەدان کە کەسێک لەوانەیە پەیدابێت و ژیانیان لێتێک بدات.

10- Maria Lind - Garreau, Att Skriva Fram En Tystnad, Hufvdstadsbladet,

(١١) هەمان سەرچاوە ژمارە (٦).

(١٢) ساموئێل بێکێت دادەنرێت بەیەکێک لە دەنگە هەرە گرنگەکانی ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی. لە ساڵی ١٩٠٦دا لە (دبلن) لە دایک بووە، بەڵام دواتر لە فەرەنسا نیشتەجێ دەبێت و هەر بەفرەنسیش دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٤٩دا شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وە دەنووسێت. ئەو شانۆنامەیە دواتر دەبێتە پەیامێکی گرنگی شانۆی ئەبسورد و شانۆی جیهانی. لە ساڵی ١٩٦٩دا پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت.

(١٣) هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٣٠دا لە خێزانێکی جوولەکە لە وڵاتی ئینگلستان لە دایک بووە. ئەم نووسەرە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە وتاری جۆراوجۆری لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەیاندا بڵاو دەکاتەوە. هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٥٠دا بۆ یەکەمجار و لە یەکێک لە گرنگترین گۆڤارە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەدا دوو پارچە لە شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە. ئەم نووسەرە نەوەی سەر

بەچینی کرێکاران و تەوژمی ڕیالیزمی نوێی شانۆی ئینگلیزییە.

هارۆڵد پینتەر لە شانۆنامەکانیدا باس لەو بێتوانایییە دەکات کە لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤایەتیدایە، لە باری ئاڵۆزی هاوسەرێتی، یان هاورێ و هاوکارەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٦٠دا شانۆنامەی (پاسەوان) دەنووسێت. پاسەوان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و هارۆڵد پینتەریش دەبێتە یەکێک لە گرنگترین نووسەرەکانی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی.

(١٤) لاش نۆرێن لە ساڵی ١٩٤٤دا لە دوای ستریندبێرییەوە بەیەکێک لە گرنگترین شانۆ نووسە سوێدییەکان دادەنرێت. لە سەرەتادا شیعری نووسیوە، دواتر هەر بەو زمانە شیعرییە لیریکییەی شانۆنامە دەنووسێ.

لاش نۆرێن لە پیەسەکانیدا بەرجەستەیەکی وردی دنیای ناوەوەی مرۆڤ دەکات. ژان و پەژارە لەوانەیە سیمایەکی سەرەکی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە بێت. لەم ڕوانگەیەوە ژیان لە پانتاییەکی ڕەشدا دەبێتە زیندە خەونێکی بێ ئارام. (سێکس و سێکسەناسازی) وەک دوو جەمسەری دژ بەیەک بارێکی دڕندە ئاسای لە لای پاڵەوانەکانی دروست کردووە. هەروەها کێشەکانی خێزان، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی دایک و باوک پانتاییەکی فراوانی پیەسەکانی ئەم نووسەرە پێکدەهێنێ. زۆربەی پیەسەکانی لاش نۆرێن وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە گرنگەکانی جیهان و لەسەر شانۆ گرنگەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و نەرویژ پێشکەش دەکرێن.

(١٥) هەمان سەرچاوە ژمارە (١٠).

(١٦) هەمان سەرچاوە پێشوو ژمارە (٦).

(١٧) ڕیژیسۆر کورت و درێژی پشوو و بێدەنگییەکان لە نمایشەکاندا دیاری دەکات. ئەمەش بێ گومان لە ڕیژیسۆرێکی تر دەگۆڕێت. بۆ نموونە کە پیەسی (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت) لە ئۆسلۆ پێشکەش کراوە، نەمایشەکە تەنها پەنجا دەقیقەی خایاندووە، هەمان پیەس (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت) کە لە پاریس پێشکەش کراوە، زیاد لە دوو کاژێری خایاندووە.

(١٨) شانۆنامەی (خەون بەپایزەوە) بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی نەتەوەیی ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ لە ساڵی ١٩٩٩دا نەمایش کراوە. دوای ئەوە لەسەر شانۆ گرنگەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا پێشکەش کراوەتەوە.

(١٩) یۆن فۆسێ پیەسی (دوای پاش نیوەڕۆ)ی بەتایبەتی بۆ قوتابیانی پەیمانگای هونەری نواندن لە ستۆکهۆڵم نووسیوە. پیەسەکە لە نواندنی قوتابیانی دوا قۆناغی پەیمانگای هونەری نواندن و لە ڕیژی هونەرمەند (ستێڤان لارشۆن) و لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٠دا پێشکەش کراوە.

(٢٠) ماریۆس ڤۆن ماینبۆری (Marius Von Mayenburg) لە ساڵی ١٩٧٢ لە دایک بووە و لە شاری میونشن گەورە بووە. دوای خوێندن، سەرلەنوێ بەقووڵی ڕێزمانی ئەڵمانی دەخوێنێ و دواتر دەبێتە پسپۆڕ لە بواری ئەدەبی سەرزارەکی لە چاخەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەدا. لە تەمەنی بیست ساڵیدا لە شاری میونشنەوە دەگوێزێتەوە بۆ بەرلین تا هونەری نووسینی پیەسی شانۆیی بخوێنێ. لەم بوارەدا هەلێکی گرنگی بۆ هەڵدەکەوێت و لە ساڵی ١٩٩٩ەوە دەبێتە هاوکارێکی ڕاستەوخۆی ڕیژیسۆری



ناسراوی ئەڵمانیا ئیۆستەر مەییەر Thomas Ostermeier لە شانۆی Schaubuhne/ .Amlehniner Platz

ئەم نووسەرە پیەسە شانۆییەکانی شانۆنووسی ئینگلیزی سارا کێنی Sarah kande زۆر کاری تێ دەکات و هەر لە ژێر ئەم کاریگەرییەشدا شانۆنامەکانی سارا کێنی وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی. ماریۆس ڤۆن ماینبۆری بەشانۆنامەی (سیمای ئاگرین) ناوبانگ دەردەکات و ئێستە شانۆنامەکانی لەسەر شانۆ گەورەکانی ئینگلستان، ئیتاڵیا، یۆنان، پۆڵۆنیا، بولگاریا، فەرەنسا، ئێسپانیا، نەرویژ، دانیمارک و سوێد پێشکەش دەکرێت.

(٢١) (مندالە سارد و سڕەکە) بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا لە مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٢دا و لەسەر شانۆی Schaubuhne Am Lehniner Platzپێشکەش کراوە.

(22) Betty Skawonius ,Valdsamheter i Familjens Skote, Dagen Nyheter, Kultur, 12 November, 2003

(٢٣) شانۆنامەی (سیمای ئاگرین) بۆ یەکەم جار لە مانگی دووی ساڵی ٢٠٠٢دا لەسەر شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم پێشکەشکراوە.

(٢٤) هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢ .

(٢٥) پرۆگرامی شانۆییەکە: شانۆی پادشایەتی، دراماتن، لە ستۆکهۆڵم.

(٢٦) ئەم نمایشەی شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم (مندالە سارد و سڕەکە) هەڵبژێردراوە بۆ بەشداریکردنی چوارەم ڤیستیڤاڵی شانۆیی (شانۆنامە نووسە گەنجەکان) کە لەسەر شانۆکانی شانۆی Schaubuhne Am Lehiner Platz لە شاری بەرلین پێشکەش دەکرێت.

(٢٧) سووخۆر وشەیەکی زۆر نێگەتیف و خراپە، بەو کەسانە دەوترێت سووخۆر کە پارە بەقازانجێکی ئێجگار زۆر بەقەرز دەدەن.

(٢٨) پۆست مۆدانیزم لە بواری شانۆدا ناوەڕۆکی شتەکان یاخود دەقەکان، ئاستی نەمایشەکان دیاری ناکات، بەڵکو خودی نەمایشەکان گەمەی پرۆسەکە دەخاتە گەڕ. پیەسە شانۆییەکان لە پرۆسە پۆست مۆدانیزمەکاندا هەڵدەوەشێنرێ و سەرلەنوێ لە بونیادی نەمایشەکاندا بنیاتدەنرێتەوە، گێڕانەوەی چیرۆکەکە زەمەنێکی خەونامێز لە خۆدەگرێ. ئەوەی پۆست مۆدانیزمەکان باسی دەکەن، سەرەتاکەی بەشێوەیەک لە شێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ بیرو بۆچوونەکانی ئارتۆ و دواتریش گرۆتۆڤسکی، ئەو دیدە جیاوازە شانۆییانە، ئەمڕۆ لە پرۆسەی بەرەوپێشەوە چوونی زەمەندا گەیشتوونەتە قۆناغەکانی پۆست مۆدێرنیزم.

(٢٩) ئۆپێرا جۆرێکە لە گۆرانی و بەیارمەتی ئۆرکیسترایەکی گەورە پێشکەش دەکرێت. ئەم هونەرە لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزە و سەرەتاکانی سەدەی شانزەدا لە شاری فلۆرەنسای ئیتالیا، وەک تەقەلایەک بۆ بوژاندنەوەی درامای گرێکی سەریهەڵداوە. لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ەکاندا ئۆپێرا و گۆرانی ئۆپێرا زیاتر شێوازە کلاسیکییەکەی لە خۆدەگرێت.

دوای ئەوە ئۆپێرا لە فەرەنسا و ئەڵمانیا پەرە دەسێنێت. ئۆپێرا و بابەتە ئۆپێراییەکان لە سەرەتاوە

سیمایەکی تراژیدییان هەبووە و هەر لەو ئەتمۆسفێرە تراژیدییەشدا ئۆپێراکان پێشکەش کراون. بەڵام دواتر هەر لە ئیتالیا و لە ساڵەکانی ١٧٠٠ەکاندا جۆرە ئۆپێرایەکی کۆمیدی دروست دەبێت، دواجار ئەو ئۆپێرایە بە(بێوفە) Buffa ناسراوە. ئەم شێوازەی ئۆپێراش لە ڕووی وێنەکردنی کارەکتەرە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە، لە ئۆپێراکانی تر جیادەکرایەوە، هەروەها ناوەڕۆکەکانیشی زیاتر بابەتی دڵداری لە خۆدەگرن.

لە فەرەنسا لە هەمان قۆناغی مێژووییدا ئۆپێرایەکی کۆمیدی Opera - Comique سەرهەڵدەدا. مۆزارت ١٧٥٦ – ١٧٩١ ئەو ئۆپێرا کۆمیدییە بەرەو پێشەوە دەبات و لە ئاستێکی بەرزدا فۆرم و بنەما سەرەکییەکانی دیاریدەکات.

لە ساڵانی ١٨٠٠ەکان بەدواوە ئۆپێرای ڕۆمانسی و مێژوویی لە شێوازەکانی گەورە و فراواندا وە دەردەکەوێت. دواتر ئۆپێرا لەسەر دەستی ڕیچارد ڤاگنەردا ١٨١٣ – ١٨٨٣ گەلێک گۆڕانکاری گرنگی بەسەردا دێت، لەوانە مەسەلەی بەها و گرنگییەتی دراما و بەرجەستەکردنی هونەرێکی گشتگر. لە لای ڤاگنەر ئۆپێرا نییە، بەڵکو هونەرێکی تێکەڵاو و سەراپاگیرە. ڤاگنەر ئەو شێوازەی ناونا (هونەری ئایندە).

هونەری ئایندەش وێنەیەکی چڕ و تێکەڵاوی نموونەییبە بۆ هونەر و هەموو توخمە شانۆییەکانی تیا کۆدەبێتەوە. هونەری ئۆپێرا لە لای ڤاگنەر زیاتر بووە درامای وشە و ئاواز. لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی بەسەر هونەری ئۆپێرادا هاتووە، بەڵام ئۆپێرا تا ئێستا شێوازە کلاسیکییەکەی خۆی هەر پاراستووە. لەو فۆرم و شێوازەدا (گۆڕانی ئۆپێرا) یەکێکە لە توخمە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەو هونەرە، تێکڕای لایەن و بوارەکانی تری بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ئۆپێرالی لە خزمەتی ئەو لایەنەدان، واتە (گۆڕانی ئۆپێرایی).

گەنجینەی مۆسیقا و فەرهەنگی کلاسیکی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئۆپێرای مەزنی بۆ پاراستووین. بەرهەمەکانی مۆزارت، ڤاگنەر، شتراوس، پیسێت، ئالبان باری، ستراڤینسکی، چایکۆڤسکی......هتد، ساڵانە وەک نەرێت و کلتوورێکی بەرزی کلاسیکی لەسەر هەموو شانۆ جیهانییەکان نەمایشدەکرێن.

(٣٠) کۆمەڵێ چیرۆکی ئەفسانەیی چاخەکانی ناوەڕاستە، لەو چیرۆکانەدا (شا ئارتور و ئەسپسوارەکانی دەوری مێزە خڕەکە) بەشێوەیەکی پاڵەوان نەخشێنراون. ئەم داستانە زۆر گەورە و چڕە، چەندین چیرۆک و بەسەرهاتی جیاواز لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە هەریەک لەو پاڵەوانانە: پارسیڤاڵ، مێرلین، لۆهێنگرین یان تریستان بەسەرهاتی خۆی هەیە. ئەم داستانە دادەنرێت بەیەکێک لە گرنگترین کولتووری دەوڵەمەندەکانی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا.

(٣١) سەرچاوەکانی ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکرێت لە ڕووی مێژووییەوە مامەڵە لەگەڵ لۆهێنگرین بکرێت، چونکە ڤاگنەر هەمیشە ڕووداوە مێژووییەکانی تێکەڵ بەداستان و ئەفسانە کۆنەکان کردووە، یاخود کردوونییەتە ئاوێنەیەکی ئەو ڕۆژگارە و لەدیدێکی تری نوێوە خوێندنییەتەوە.

(٣٢) (پارسیڤاڵ) یەکێکە لە دوا پرۆژە چڕ و قووڵ و گرنگە ئۆپێرالییەکانی ڤاگنەر. ئەم ئۆپێرایە



ناوەڕۆک و سیمایەکی دینی لە خۆدەگرێت و پرۆژەکەش لە سێ بەش پێک هاتووە. ڤاگنەر بۆ نووسینی ئەم ئۆپێرایە گەڕاوەتەوە بۆ سەر داستان و چیرۆکە پیرۆزەکانی (گراڵ). پارسیڤاڵ بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٨٢ دا لە بایرۆت نمایش کراوە.

(٣٣) جۆرەکانی دەنگی گۆرانیبێژێکی ئۆپێرالی (پیاو) بەم جۆرە دابەش دەبێت: Tenor (تینور) بەرزترین ئاست، Baryton (باریتۆن) ناوەند و Bas (باس) نزم. بەڵام لە لای گۆرانیبێژێکی ئۆپێرالی (ژن) دابەشکردنەکە بەم شێوەیە: Sopran (سۆپران) بەرزترین ئاست، Mezzosopran (میزۆ سۆپران) ناوەند و Alt (ئاڵت) نزم.

(٣٤) گوێتز فریدریش لە ناوچەی نایمبۆرگ Naumburg لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی شانۆ لە زانکۆی Weimar لە ئۆپێرای Komische Oper لە بەرلینی ڕۆژهەڵات وەک دراماتۆرگ و یاریدەدەری ڕیژیسۆر دەست بەکار دەکات. ئەو کاتە ئەو هونەرمەندە تەمەنی تەنها ٢٣ ساڵ دەبێت. دوای ئەوە دەبێتە هاوکار و هاوڕێیەکی نزیکی ڕیژیسۆر و بەڕێوەبەری ئۆپێرای ناوبراو. لە ساڵی ١٩٦٨ەوە دەبێتە ڕیژیسۆری پلەیەک. ئەم هونەرمەندە لە ئۆپێرای Komische لە بەرلینی ڕۆژهەڵات ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێ تا لە زۆربەی شانۆکانی جیهاندا وەک ڕیژیسۆری میوان کار بکات. لە ساڵی ١٩٧٢ەوە دەست لە کاری ئەو ئۆپێرایە دەکێشێتەوە و لەبری ئەوە یەک ساڵ لە ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم کاردەکات، لە ماوەی ئەو ساڵەدا چەندین پرۆژەی ئۆپێرالی لە ستۆکهۆڵم و شانۆی درۆتنینگهۆڵم دەخوڵقێنێ. دوای ئەوە دەبێتە ڕیژیسۆری پلەیەکی ئۆپێرا لە شاری هامبۆرگ و بەڕێوەبەی بەرهەمهێنانی ئۆپێرای Covent Garden لە لەندەن.

ئەم هونەرمەندە پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ شاری ستۆکهۆڵم دروست دەکات، چەندین جار بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم و کۆمەڵێ پرۆژەی گرنگی ئۆپێرالی پێشکەش دەکات، لەوانە لۆهێنگرین ١٩٨٩، خەونە یاری ١٩٩٢، پارسیڤاڵ ١٩٩٥، لێدەرلاین ١٩٩٦ و ڤۆیتزێک ساڵی ٢٠٠٠ . ئەم هونەرمەندە لە سوێد لە ڕووی ڕێزلێنانەوە مەدالیای فەخری پادشایەتی پێبەخشراوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٣ وە لە ئۆپێرای پادشایەتی ستۆکهۆڵم دەبێتە یەکەم ڕیژیسۆری میوان. گۆیتز فریدریش لە شانۆ تایبەتەکەی ڤاگنەریش لە بایرۆت چەندین پرۆژەی شاکاری پێشکەش کردووە. لەوانە پارسیڤاڵ و لۆهێنگرین. ئەمە جگە لەوەی چەندین فیلم و پرۆژەی بۆ تەلەفزیۆنی سوێدی و ئەڵمانی تۆمار کردووە. لە ساڵی ١٩٨١ەوە دەبێتە بەڕێوەبەری ئۆپێرای Deuts-che Oper Berlin لە شاری بەرلین، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەبێتە بەڕێوەبەریTheater Des Westensیش. ئەم هونەرمەندە لە ١٢ی مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە.

(٣٥) ئۆپێرای لۆهێنگرین یەکەم پرۆژەی ئەم هونەرمەندە نییە کە ڕاستەوخۆ بینیبێتم، بەڵکو ساڵی ١٩٩٥ لە نەمایشێکی هەشت کاژێردا ئۆپێرای پارسیڤاڵم دی، دوای ئەوە ساڵی ١٩٩٦ شاکارەکەی (ستریندبێری) خەونە یاری کە ئەم هونەرمەندە کردبوویە پرۆژەیەکی ئۆپێرالی پڕ لە خەونی فەنتازی ئامێز، تانهۆیسەر لە ساڵی ١٩٩٨، دواجار ئۆپێرای ڤۆیتزێکم لە ساڵی ٢٠٠٠دا بینیوە.

(٣٦) ڤیستیڤاڵی ئۆپێرای هاوینی ساڵی ٢٠٠١ی کۆشکی شانۆی درۆتنینگهۆڵم ئەم بەرهەمە

ئۆپێرالیای دەگرتە خۆ. ئۆپێرای سەمیرەمیس، لە نووسینی (گلوک)، مێدیا، لە نووسینی (رۆدۆڵف)، یۆلیۆس سێسەر لە نووسینی (هێندل)، کۆسی ڤان توتە لە نووسینی (مۆزارت).

(٣٧) گیۆرگ فریدریش هێندل لە ٢٣ی مانگی دووی ساڵی ١٦٨٥دا لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. هێندل لە سەرەتاوە ئامێرەکانی ئۆرگێڵ، سیمبالۆ، ڤیۆلین و ئۆبۆی خوێندووە. لە ساڵی ١٧٠٢ەوە وەک هونەرمەندێکی مۆسیقی لە هەرێمی ناوچەی هالێ Halle کاری کردووە. دواتر دەچێتە شاری هامبۆرگ و لەوێ وەک مامۆستا و مۆسیقاژەن لەسەر ئامێرەکانی ڤیۆلیست و سیمبالیست لە ئۆرکێسترای هامبۆرگ کاریکردووە. ساڵی ١٧٠٦ هامبۆرگیش بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە ئیتالیا. هێندل تا ساڵی ١٧١٠ لە ئیتالیا دەمێنێتەوە، هەر لە ئیتالیاش هەندێ لە ئۆپێراکانی پێشکەش دەکرێت. لە ئیتالیا جگە لە کۆمپۆسیتۆر، وەک ئۆرگانیست و سێمبالیستیش کاری کردووە. هێندل لە ساڵی ١٧١١دا دەبێتە مامۆستای مۆسیقا لە یەکێک کڵێسا گرنگەکانی شاری هانۆڤەر، بەهۆی ئەم کارەیەوە زیاتر بواری ئەوەی بۆ دەڕخسێ کە کۆمەڵێ گەشتی گرنگ بکات، یەکێک لەو گەشتانەی لە هەمان ساڵدا بۆ لەندەن دەبیت. دوای ماوەیەکی کورت لەو گەشتەی و لە ساڵی ١٧١٢دا لە هانۆڤەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ لەندەن و تا دەمریت لەوێ دەمینیتەوە. تا ساڵی ١٧٣٠ بەشێوەیەکی بەردەوام مۆسیقا بۆ ئۆپێرای ئیتالی لە لەندەن دەنووسێت. لە ساڵی ١٧١٩ بەدواوە دەبێتە سەرکردەی مۆسیقا و بەرپرسیارێکی گرنگی ئەکادیمیای پادشایەتی مۆسیقا لە لەندەن. لە ساڵی ١٧٣٩دا لە ڕوانگەی چیرۆکەکانی ئینجیلەوە کۆمەڵێ پرۆژەی مۆسیک، درامای گەورە بۆ گۆرانیبێژ، کۆرس، کۆراڵ و ئۆکێسترای بەئینگلیزی نووسیوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەک کۆمپۆسیتۆرێکی گەورەی نەتەوایەتی ئینگلیزی ڕێزی لێبگیرێ.

(٣٨) ئۆپێرای یولیوس سێسەر بۆ یەکەم جار لە لەندەن لە ٢٠ی مانگی دووی ساڵی ١٧٢٤دا و لەسەر شانۆی Kings Theatre نمایش کراوە.

(٣٩) بارۆک Baroken تەوژمێکی تایبەتە لە شێوازە جیاوازەکانی ئەدەب و هونەردا. لە ساڵەکانی ١٦٠٠ەکاندا لە ئیتالیا سەری هەڵداوە. تابلۆی وێنەکێشانی سەردەمی بارۆک زۆر گەورە و گشتگرن و فۆرمێکی دەوڵەمەند لە خۆدەگرن. وێنەکێشەکان تەکنیکی ڕووناکی و هێزی سێبەریان لە تابلۆکانیاندا بەکارهێناوە، بەو مەبەستەی مەودای تابلۆکانیان جووڵە و کاریگەرییەکی قووڵ لە خۆبگرن. لە بواری مۆسیقادا لەگەڵ دەرکەوتنی ئۆپێرا لە دەوروبەر ساڵەکانی ١٦٠٠دا دەرکەوتووە. ئۆپێرا و مۆسیقای بارۆک لەسەر دەستی (هێندل و باخ)دا دەگاتە ئاستی ترۆپک.

(٤٠) شانۆی درۆتنینگهۆڵم تاکە کۆنترین شانۆیە لە جیهاندا کە تاکو ئێستا چۆن دروست کراوە، وەک خۆی پارێزراوە و ماوەتەوە. ئەم شانۆیە شاژنی سوێد خاتوو (لۆڤیسا ئۆلریکا) بڕیاری بنیاتنان و دروستکردنی داوە. بۆ ئەم مەبەستەش هونەرمەندی ئەندازیار (کارڵ فرێدریک ئادڵسرەنتز) نەخشەکانی ئەم خانووبەرەیە وەک شانۆیەکی بارۆک دەکیشێ. دواتر شانۆی درۆتنینگهۆڵم لە ساڵی ١٧٦٦دا بەتەواوەتی تەواو دەبێت. ئەم کۆشکە شانۆییە بەکەرەسەیەکی زۆر ساکار دروست کراوە. بەهۆی ئامێریکی تایبەتمەندەوە، کە بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە، دیکۆر و تابلۆکان



گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەو گۆرانکارییانەش گەمەیەکی بێهاوتای شانۆییە، ئەفسونیکە لە هیچ شانۆیەکی تری جیهانیدا وێنەی نییە. تابلۆکان، وێنە و دیکۆرەکان بەبەرچاوی بینەرانەوە، لە چاوترووکانێکدا، هەروەک سیحر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بۆ نموونە هۆڵی کۆشکێکی شاهانە دەبێتە دەریاچەیەکی گەورە، باخچەیەک دەبێتە گۆڕەپانی جەنگ و خانووبەرەیەکیش دەبێتە شاخ و داخێکی چڕ...... و بەو شێوەیە.

ئەم شانۆیە بیست مەتر قووڵە، ئەمەش تا ئێستا یەکێکە لە قوڵترین پانتایی شانۆکانی سوێد. ئەم شانۆ دێرینە تا ئێستا ئەو شێواز و کاریگەرییە هونەرییە کۆنانەی ساڵەکانی ١٧٠٠ەکانی خۆی وەک شەپۆلی دەریا، ڕەشەبا، هەورە تریشقە، ئامێری بەکارهێنانی ڕووناکی و زۆر شتی تری وەک خۆی ماوە و لە کاتی نمایشە ئۆپێرالییەکاندا، بەپێی پێویست بەکاردەهێنرێت.

کاتی زێڕینی ئەم شانۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٧٧٧، لەم ساڵانەدا شا گۆستاڤی سێیەم بەتەواوەتی شانۆکە دەخاتە ژێر سەرپەرشتی و رکێفی خۆیەوە. شا گۆستاڤی سێیەم ڕێپورتوارێکی ساڵانەی هەمەڕەنگی گرنگ بۆ ئەم کۆشکە شاهانەیە دادەنێت. بۆ نموونە نمایشی ئۆپێرای گرۆ میوانە بیانیەکان دەبێتە بەشێکی گرنگی پرۆگرامەکە. هەروەها ئۆپێرای گۆستاڤیانس، ئۆپێرای کۆمێدی، درامای کلاسیکی فەرەنسی و بالێتی پانتۆمیم ئاساش دەبنە بەشێکی گرنگی ڕێپورتواری ساڵانەی ئەم شانۆیە.

دوای کۆچی شا گۆستاڤی سێیەم لە ساڵی ١٧٩٢دا تێکڕا شانۆ و بزووتنەوەی شانۆی سوێدیش بەتەواوەتی دەپووکێتەوە. لەم قۆناغە بەدواوە شانۆی درۆتنینگهۆڵمیش کەم تا زۆر لە بیردەچێتەوە. تا لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا ئەم شانۆ شاهانەیە، بەرێکەوت لە لایەن و لێکۆڵەرەوەیەکی ئەدەب و شانۆوە بەناوی ئاگنێ بەیەر ( Agne Baijer) ەوە سەرلەنوێ دەدۆزرێتەوە. هەر لەژێر سەرپەشتی ئاگنێ بەیەردا شانۆی درۆتنینگهۆڵم زیندوو دەکرێتەوە.

لە ١٩ی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٢٢دا بۆ یەکەم جار پەردەی شانۆکە دەکرێتەوە، چالاکییەکانی ئەم شانۆیە لە سەرەتادا زۆر لاواز و کەم بوون، بەڵام وردە وردە سەرلەنوێ گەشە دەکاتەوە. لەم سەردەمەدا و لە هاوینی هەموو ساڵێکدا ڤیستیڤاڵێکی ئۆپێراڵی تیا پێشکەش دەکرێت. هەر بۆ نموونە هایدن، هێندل و مۆزارت بەشێکن لە ڕێپوتورای ساڵانەی ڤیستیڤاڵی ئۆپێرای درۆتنینگهۆڵم. ئەمە جگە لە نمایشەکانی گرۆ میوانەکان لە ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم و ئەو گرۆ میوانانەشی کە لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێ دەکەن.

(٤١) ئاوازی گۆرانی ئۆپێرالی تاک Arians بەو گۆرانیبێژە ئۆپێرالییانە دەوترێت کە بەتەنها گۆرانییەکی درێژی دەربڕین ئاسا لە ئۆپێرایەکدا دەڵێن. ئەمەش شێوازێکی تایبەتە بەئۆپێرای باروک، بەتایبەتیش لە لای هێندل.

(٤٢) ئەکۆرد Ackord زاراوەیەکی مۆسیقییە و بریتییە لە مۆسیقایەک کە چەند تۆنێک پێکەوە کۆدەکاتەوە، یان چەند تۆنێکی مۆسیقی پێکەوە ئەکۆردێک پێک دەهێنێت.

(٤٣) هەرێمێکە لە ئیتالیایە و دەکەوێتە ناوچەی میلانۆوە.

# بەشی سێیەم

شانۆی شار

سەرەتای دامەزراندن و چالاکییەکانی شانۆی شار لە ستۆکهۆلم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی پەنجا و سەرەتای شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو. ئەم شانۆیەش دادەنرێت بەلایەنێکی گرنگی ڕەوتی شانۆی سویدی.

شانۆی شاریش، وەک دەزگایەکی هونەری گەورە، لە زۆربەی شارە گەورەکانی سویدا هەیە. بەڵام توانا و چالاکییەکانی شانۆی شاری ستۆکهۆلم زۆر چڕ و بەربلاوە. خودی شانۆکەش، وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ کردبوو، شەش شانۆی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت: شانۆیەکی گەورە، شانۆیەکی بچووک، شانۆی کلارا، شانۆی کلارای نەوجەوانان، شانۆی شۆربا، شانۆی لووتی درێژ (منداڵان) و شانۆی باخچە.

ڕێپێرتواری شانۆی شار، شانۆنامە کلاسیکی و نوێیەکانی شانۆنامەنووسە سویدییەکان، شانۆی کلاسیکی جیهانی، شانۆی مۆدێرنی ئەورووپی و جیهانی لەخۆدەگرێت.

هەروەها ئەم شانۆیە میوانداری هەندێ لە گرۆ شانۆییە گەورەکانی دنیا و ڕیژیسۆرە بەتواناکانی جیهانیش دەکات.

لەم بەشەشدا هەندێ نموونە لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی شانۆی شار و گرۆ میوانەکانی دەرەوەی وڵاتی سویدیش دەهێنینەوە.



## (دایکە ئازاکە و منداڵەکانی)ی و جەنگێکی خوێناوی

شانۆنامەی: دایکە ئازاکە و منداڵەکانی Mor Kurage Och Hennes Barn

نووسینی: برتۆڵد برێشت Bertolt Brecht

وەرگێڕانی: لاش بیۆرمان Lars Bjurman

ڕیژی: یان هۆکانسۆن Jan Hakanson

منداڵ، نەخۆش و پیر و پەککەوتەکان، دوای کاولبوونی شار و خانووبەرەکانیان خۆیان دەخزانە حەشارگە و ژێر زەمینەکانەوە. هیچ کەسێک نەی دەزانی ئەوەی کە دەچووە دەرەوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە. ئەوەی دەچووە دەرەوەش نەی دەزانی کە گەڕایەوە حەشارگە و ژێر زەمینەکان، خێزان و هاوڕێکانیان لە ژیاندا ماون. جەنگ هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە و لە هەموو شوێنێکە.

برێشت شانۆنامەی (دایکە ئازاکە و منداڵەکانی) لە تاراوگە و لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا دەنووسێت[1]. پیەسەکەش باسی جەنگ دەکات، بەڵام جەنگە سی ساڵییە خوێناوییە درێژخایەنەکەی ئەوروپا. هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا لە نێوان ساڵەکانی ١٦١٨ – ١٦٤٨دا لە جەنگێکی خوێناویدا دەبێت[2].

ئەو جەنگە ئەوروپییە بەناوی ئاینەوە هەڵدەگیرسێ. کاسۆلیک و پرۆتستانت، وڵاتی سویدیش لەو جەنگەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. پادشای سوید (گۆستاف ئەدۆڵفی دووەم) بەهاریکاری فەرەنسا، سەرکردایەتی لەشکری پروتستانتەکانی دژی کاسۆلیکەکان کردووە. ئاین فاکتەرێکی گرنگی جەنگەکە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جەنگە جەنگی پارە، زەوی و دەسەڵات بووە. هاریکاری فەرەنسا، وەک دەسەڵاتێکی گەورە، لەگەڵ وڵاتی سویدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو جەنگە جەنگی دەسەڵات و زەوی و پارە بوو، نەک جەنگی مەزهەب و بیروباوەڕی دینی، وەک بانگەشەی بۆ دەکرا. چونکە سویدییەکان پرۆتستانت و فەرەنسییەکانیش کاتۆلیک بوون.

ئەڵمانیا لەو سەردەمەدا، واتە لە ساڵەکانی ١٦١٨دا بریتی بووە لە سی و یەک هەرێمی بچووک. ئەو سی و یەک هەرێمەش نیوەی پرۆتستانت و نیوەکەی تریشی کاتۆلیک بووە، واتە بەشێکی ئەڵمانیا دژی بەشەکەی تری جەنگاوە. لەبەر ئەوە جەنگە بۆ ئەڵمانیا لە هەموو بەشەکانی تری ئەوروپا زیاتر کارەساتیکی گەورە و خوێناوی بووە.



دایکە ئازاکە و منداڵەکانی
وێنەی: Lesley Leslie - Spinks



دایکە ئازا بەعەرەبانەیەکی دەستییەوە بەنێو هەموو سنوورەکانی ئەوروپایەکی پارچە پارچەکراوی خوێناویدا دەگەڕێت. گوێی لە دەنگی تەقەی بەرەکانی جەنگە و بەر لە ڕەوینەوەی دووکەڵ و تەپووتۆزی تەقینەوەی تۆپەکانیش، ئاڵای سەر عەرەبانەکەی دەگۆڕێت و پیرۆزبایی و پشتگیری خۆی بۆ لایەنی براوە دەردەبڕێت.

دایکە ئازا لەم هاوکێشەیەدا دەبێتە سمبوڵی بەرەی جەنگ لە نێوان دوو کولتووری جیاوازدا: کۆمەڵگایەکی ژیاری و مەدەنی لە لایەک و بەسەربازی بوون و کۆمەڵگایەکی پڕ لە چەک و تەقەمەنیش لە لایەکی ترەوە. دایکە ئازا خۆشی زۆر بەوریایی و هۆشیارییەکی گەورەوە بەشداری هەردوو کۆمەڵگاکە دەکات.

شانۆنامەی (دایکە ئازا و منداڵەکانی) یەکێکە لە پیەسە گرنگەکانی برێشت[٣]. لەم پیەسەدا برێشت بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕەگەز و بنەما گەوهەریەکانی شانۆی داستانی بەرەو پێشەوە دەبات.

بیرۆکەی شانۆی (داستانی)، وەک دیدێکی هونەری و ئایدۆلۆژیایەکی شانۆیی، لە دایکە ئازا و منداڵەکانیدا، بنەمایەکی هونەری و داڕشتەیەکی تیۆری لە خۆدەگرێت. برێشت دوا جار لە پیەسەکانی تریدا بیرۆکە و دیدی شانۆی داستانی دەگەیەنێتە ترۆپک. بەتایبەتیش لە شانۆنامەکانی (پۆنتێللا و ماتی) و (بنەما و دەرەکی)دا، ئەو پرۆسیسە هونەرییە، فەلسەفییە شێوازە پراکتیکی و تەواوەتیەکانی لە خۆدەگرێت[٤].

دایکە ئازا بەجەنگ دەژی، هەر بەو جەنگەش پارە و بژێوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی پەیدا دەکات. هەر بەو شێوەیە ئەم کارەکتەرە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، دەبێتە بەشێکی گرنگ لە چەک و تەقەمەنی و ئاگری بەردەوامی جەنگەکە. بەڵام لە هەمان کاتدا، عەرەبانەکەشی بەنێو دەشت و دۆڵە سووتاوەکانی ئەوروپا و بەرەکانی جەنگدا دەخولێتەوە، ئەمەش دەبێتە سمبوڵی ژیانە مەدەنییەکەی دەرەوەی بەرەکانی جەنگ. جەنگ بازرگانیکردنە بەخوێنی مرۆڤ و سەرمایەی وڵاتانەوە. جەنگ ئامرازێکی بۆگەن و قێزەرەوەی چارەسەرکردنی، یان چارەسەرنەکردنی گیروگرفت و کێشەکانە. بێگومان بازرگانەکانی جەنگ هەمیشە هەوڵی بەردەوام بوونی جەنگ دەدەن لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا. شانۆنامەی (دایکە ئازا و منداڵەکانی) باسی ئەوە دەکات کە چۆن جەنگ و سەرمایەداری دەست لەناو دەستدا هاوکارن. کارەکتەری (دایکە ئازا) لەم دەفرەدا، دەبێتە نموونەیەکی ئەو جەنگە خوێناوییە و بەجیرەجیڕی عەرەبانەکەی دەستییەوە،

بەنێو سەنگەرەکانی جەنگدا تێدەپەڕێت و کەلوپەل، خواردەمەنی، شەراب و جگەرە بەسەرباز و ئەفسەرەکانی هەردوو بەرەی جەنگ دەفرۆشێت. دایکە ئازا ئاواتە خوازە جەنگەکە هەتا دەکرێت درێژخایەن بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا گەرەکیەتی ئاگرەکە لە (منداڵەکانی) خۆی بەدوور بێت. بەبڕوای دایکە ئازا، دوو کوڕەکەی ئەو بەکەڵکی سەربازی نایەن. (پێویست ناکات منداڵەکانی بەشێک بن لەو جەنگە، منداڵی خەڵکی تر زۆرن!!) بەڵام ئاگری جەنگ زۆر لە ئاواتەکانی دایکە ئازا توندوتیژ و دڵ ڕەقترە. هەر سێ کۆرپەکەی ئەویش: دوو کوڕەکەی و تەنانەت (کاتەرینا)ی کەڕولاڵی کچیشی دەبێتە سووتەمەنی ئەو جەنگە. بەڵام دایکە ئازا کۆڵ نادات و بەعەرەبانەکەیەوە هەر دەخولێتەوە و دەخولێتەوە. کۆتایی نەمایشەکەش دووپاتی ئەو خولانەوە بێ مانایەی دایکە ئازا دەکاتەوە. لە کاتێکدا بەتەنهایی عەرەبانە شڕە بەتاڵەکەی ڕادەکێشێت، دەنگی تەقینەوەی (تۆپەکان)یش لە ئاسۆ نادیارەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئەوروپادا، وەک ئاماژەیەکی بەردەوامی جەنگ دەزرنگێتەوە.

سترکتوری کەسایەتی دایکە ئازا، کارەکتەرێکی  زۆر ئاڵۆز و دوو فاقە. لەلایەکەوە ئافرەتێکی شەڕخوازە، گەرەکیەتی شەڕەکە هەر بەردەوام بێت، لە پێناوی بازرگانی و بەردەوامی ژیانی خۆیدا. لەلایەکی دیکەشەوە دایکێکی ئاسایی و پڕ لە هەست و سۆزە. دایکێکە بەمانای وشەی دایکایەتی و گەرەکیەتی منداڵەکانی بپارێزێت و لە بەرەکانی جەنگیش دووریان بخاتەوە. عەرەبانەکەشی سمبولێکی ئەو ژیانە پڕ لە دژایەتییەی خۆیەتی. سەرلەنوێ عەرەبانەکە لێرەدا دەبێتە دوو سمبولی جیاواز: یەکەم، وەک بنەمایەکی بازرگانی، عەرەبانەکە سەرچاوە و ئامرازێکی گرنگی ئەو بازرگانییەیە. دووەم، لە ڕووی ئەو خولانەوە بەردەوامە بێ مانایەی ژیانیەوە لە دەروازەی بازنەیەکی بەتاڵدا.

شتێکی ئاشکرایە کە دایکە ئازا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە دژوارانەوە کە دەروون و مێشکی بەو شێوازە نابەجێیانە شێواندووە. هەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەشە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە هەڵگیرسانی ئەو جەنگە.

(یان هۆکانسۆن)ی ڕیژیسۆر بۆ بەرجەستەکردنی ئەم نەمایشە، کارەکتەری برێشت خۆی دەکاتە حیکایەتخوان. برێشت بەچاویلکە و جگەرەکەی دەستی و پاڵتۆ چەرمە ڕەشەکەی بەرییەوە، دێتە سەر شانۆ. ئەم کارەکتەرە ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان بۆ بینەران دەگێڕێتەوە، هەندێ جار دوای گێڕانەوەی ڕووداوێک، زۆر زیرەکانە، تێهەڵکێشی دیمەنەکانی داهاتوو دەبێت.



گۆرانییەکانی نەمایشەکەش بەرجەستەی تێکڕای پرۆسێسە هونەرییەکە بووبوو. گۆرانییەکان هەندێ جار دەبوونە توخمی نامۆبوون و دابڕانێکی گەورەیان لەگەڵ بینەران و ڕووداوەکانی نەمایشەکەدا دروست دەکرد. بەڵام ئەکتەرەکان گۆرانییەکانیان بۆ بینەران نەدەوت، بەڵکو گۆرانییەکان بەشێک بوون لە ڕووداوەکان و پێکهێنەرەکانی تری نەمایشەکە. هونەرمەند لێنا گرانهاگن Lena Granhagen ڕۆڵی دایکە ئازای یاری دەکرد. ئەم هونەرمەندە یەکێکە لە ئەکتەرە زۆر بەتواناکانی سوێد و خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەند و بەپێزە.

## باخچەکەی چێخەف و شانۆیەکی سەمائامێز

شانۆیی: باخچەی چێخەف Tjechovtradgarden

لە شانۆنامەکانی: ئەنتوان چێخەف Anton Tjechov

ڕێژی و کۆریۆگرافی: بیرگیتا ئێگەربلاد Birgitta Egerbladh

شانۆی کلاسیکی بۆتە بنەمایەکی گرنگی تاقیکردنەوە و دامەزراندنی شێواز و فۆرمی نوێ و جیاواز. درامای گریکی، شەکسپیر، مۆلییر، چێخەف، ئیبسن، ستریندبێری و......هتد بەردەوام لەسەر شانۆکانی جیهان پێشکەش دەکرێن. شانۆنامەکانیان دەبێتە شانۆیی وێنەیی، شیعرئامێز، مۆسیقی، سەما و شانۆی سەمائامێز، ڕووداو و کارەکتەرەکانیان بوونەتە بەشێکی گرنگی ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

بەبەردەوامی کارەسات و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی ئەمڕۆمان لە پیەسەکانی شانۆی کلاسیکدا ڕەنگ دەداتەوە.

بەر لە سەد ساڵ لەمەوبەر چێخەف کۆچی دوایی کردووە و تا ئێستاش شانۆنامەکانی زمان حاڵی مرۆڤایەتییە و هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی کۆدەکاتەوە.

کە بۆ یەکەم جار ئەو شانۆنامانە لە ڕووسیا و لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ، لە فۆرمی شانۆیەکی ڕیالیزمی و بنەماکانی شیکردنەوەی دەروونیدا پێشکەش کران، شۆڕشێکی گەورەی هونەری بوون و دەروازەیەکی جیاواز بوون کە بەڕووی شانۆدا کرانەوە. بەڵام تا ئێستاش ئەو شانۆنامانەی چێخەف بنەما و دەروازەیەکی گرنگی ئەزموون و تاقیکردنەوە جیاوازەکانی شانۆن.

چێخەف نووسەرێکی مۆدێرنە و توانیویەتی زۆر بەسەلیقەوە بەرجەستەی مرۆڤی بێ خواوەند، تاک و تەنها و بێ ئایدۆلۆژیا بکات. لەم ڕووەوە چێخەف هەمیشە دەروازەیەکی واڵا بووە بۆ زۆربەی ڕێژیسۆرەکانی جیهان: لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، لە ئەفریقاوە بۆ ئاسیا و لە ئاسیاوە بۆ ئەمەریکا.

ئەمڕۆ شانۆی شاری ستۆکهۆڵم لە پرۆژەیەکی بێ وێنەدا هەموو شانۆنامەکانی چێخەف لە ڕوانگەی شانۆیەکی سەمائامێزەوە کۆدەکاتەوە.





باخچەی چێخەف و شانۆیەکی سەمائامێز

وێنەی: Bengt Wanselius

## باخچەی چێخەف

ڕێژیسۆر و کۆریۆگرافی سویدی بیرگیتا ئێگەر بلاد شانۆنامەکانی چێخەف:

ئیڤانۆف، باڵندەی دەریا، لالۆ ڤانیا، سێ خوشک و باخی گێلاس لە نمایشێکی سەمائامێزدا کۆدەکاتەوە. خودی پیەسەکان بنەما و سەرەتایەکی ڕاستەوخۆی ئەو نمایشە سەمائامێزەن.

لەم پرۆژەیەدا تێکستەکانی چێخەف مانا و مەودایەکی تر لە خۆدەگرن. شانۆنامەکان پێکەوە هەڵدەکشێن، گەورە دەبن، پێکدا دەچن و بەهێزی سەما و شانۆ، شانۆ و سەما دەبنە ئەفسوون.

چێخەف زانیارییەکی وردی سەبارەت بەهەڵسوکەوتی ژیانی مرۆڤ هەبووە. زانیویەتی چۆن جەستەمان بەکاردەهێنین، چۆن کاردانەوەمان بۆ دەوروبەر و شتەکان دەبێت، تەنانەت زانیویەتی چۆن هەناسەش دەدەین.

بیرگیتا ئێگەربلاد لە یەکێک لە کۆنفراسە ڕۆژنامەنووسییەکاندا دەڵێت:

که چێخەفم خوێندەوە تووشی حاڵەتێکی تایبەتی بووم، لەرزم لێ هات و هەستم کرد که لە ناخی دەروونمەوە عاشقم، ئەمەش دە ساڵ لەمەوبەر بوو، لەو ڕۆژەوە من خەونم بەم پرۆژیەوە دیوە. دەکرێت دنیایەک لە مرۆڤایەتی، لە وێنەو دیدی چێخەف لە پشت وشە دەوڵەمەندەکانییەوە بدۆزینەوە.

لەم ڕووەوە بیرگیتا ئێگەربلاد گەڕاوەتەوە سەر ڕێنماییەکانی چێخەف خۆی. چێخەف زۆر دەوڵەمەندانە هەموو وردەکارییەکانی لە هەڵسوکەوت، هەناسەدان، ڕووبەڕووبوونەوە بێدەنگەکان، چۆنیەتی بەرێکەوتن لەسەر شانۆ و تەنانەت دەرگا کردنەوەکانیشی دەستنیشان کردووە. بۆ نموونە چێخەف لە نێوان وشە و دێڕ و دیالۆگەکانیدا چۆنیەتی هەڵسوکەوت و جووڵەی کارەکتەرەکانی دیاری دەکات: دەست دەبات بۆ ناوچەوانی، دەست دەگەڕێنێتەوە، دەستەکانی دەلەرزێ، هەموو لەشی لە تەوقی سەرییەوە تا پەنجەی پێی دەلەرزێ، دەبێت بەسەهۆڵی سارد...هتد. ئەم وشانەش بۆ ڕیژیسۆر و کۆریۆگرافێکی وەک خاتوو بیرگیتا ئێگەردبلاد بۆتە چاوگەیەکی گرنگی سەماکەی. ئەو ڕستانە کۆمەڵێ وێنەی بەهێزن کە بەشێوەیەک لە شێوەکان گوزارشتی جەستەییە و سەماش لەو دەربڕینە مرۆڤایەتییەدا دروست بووە.

باخچەی چێخەف نەمایشێکی جوانی پڕ لە شەپۆل و هەستی مرۆڤایەتییە، لە هەر لایەکەوە بڕوانینە سەر تەختەی شانۆ پیر بوون، هیوا، عەشق و خەونەکان دەبینین.

بیرگیتا ئێگەردبلاد هەست و سۆز و جووڵانەوەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستێکی بەرز. چێخەف دەکاتە جووڵەیەکی فیزیکی ڕاستەوخۆ، لەهەمان کاتدا دووپاتی ڕاستی هەڵوێستە و ناوەڕۆک و پشتەوەی وشەکانمان بۆ دەکاتەوە و کرۆک و چەمکی کۆمیدیای چێخەفمان بۆ بەرجەستە دەکات. چێخەف هەمیشە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەو کۆمیدی نووسیوە نەک تراژیدی. ئەم مەسەلەیەش خاڵێکی گرنگی ناکۆکییەکانی نێوان چێخەف و ستانیسلاڤیسکی بووە.

## سەرەتا و تاقیگەیەکی هونەری

بیرگیتا ئێگەردبلاد سەرەتای پرۆژەکەی بەتاقیگەیەکی هونەری و هەڵکۆڵین بەدنیای چێخەفدا دەست پێدەکات. بۆ ئەم مەبەستە جگە لە خۆی، دراماتۆرگێک و حەوت سەمازان و سیانزە ئەکتەر کۆدەکاتەوە. هەموویان پێکەوە لەو لابورە هونەرییەدا بەشێوەیەکی تیئۆری و پراکتیک کاریان لەسەر شانۆنامەکانی چێخەف کردووە. بۆ نموونە



میتۆدەکانی شانۆی ڕاگوزاری، لێکۆڵینەوە و بەدواگەڕانێکی تر و جیاوازی تێکستەکانی چێخەف بۆتە سەرەتایەکی گرنگی کارەکەیان. لەم قۆناغەدا خودی تێکستی شانۆنامەکانیان بەکارنەهێناوە، هێندەی گەڕاونەتەوە بۆ سەر بابەت و مەسەلە سەرەکییە چێخەفییەکان: حەز، بێ هیوایی، خۆشەویستییەکی بێ ئامانج و نائومێدی.

لەم پرۆژەیەدا هەموو شتێک لە خودی بەشدارانی نەمایشەکەوە دەست پێ دەکات، (ئەکتەر، یان سەمازان) لە ئەزموونی ژیانی تایبەتی و هونەری خۆیانەوە پرۆسەکە دەخەنە گەڕ. هەموو بەشدارێک خۆی دیالۆژ، دیمەن یان بەشێک لە پیەسەکانی چێخەف هەڵدەبژێرێ کە زۆر نزیکە لە خۆیەوە و هەر خۆشی بەرپرسیارە لە بەرجەستەکردن و لێکۆڵینەوەی.

مەشقەکانی جەستە، هونەری پانتۆمایم و ڕاگوزاری گروپەکە لە چێخەف و لە خۆشیان نزیک دەکاتەوە.

قۆناغی دووەمیش زیاتر کارەکانی ئەو تاقیگەیە فۆرمێکی گشتی و ناوەندێکی هونەری لە خۆدەگرێت. لەم قۆناغەدا بیرگیتا ئێگەربلاد و بەیارمەتی دراماتۆرگێک بەشی بچووک بچووکی لە هەموو پیەسەکانی چێخەفەوە هەڵبژاردووە. دواتر ئەو بەشە بچووکانە و لە پرۆسەیەکی کردەیی و تیئۆریدا پێکەوە بەستراونەتەوە. بەم شێوەیەش ئەو بەشە بچووکانە بنەمایەکی گرنگی بۆ پرۆژەکە و دیدی ڕیژی دروستکردووە. سەمازان و ئەکتەرەکانیش پیەسەکانی چێخەف بەجەستە دەخوێننەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو تێکستەکان لەنێو جەستەدا دەژی و دەچێتە نێو هەموو خانەکانی جەستە و ئەندامەکانی لەشیانەوە.

خۆشەویستی چێخەف بۆ مرۆڤ ئاستێکی جیاوازی هەبووە، لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چیخەف خۆی پزیشک بووە. ئەو بەشێوازێکی زۆر جیاواز و تایبەتی مرۆڤی دیوە، لە جەستەیان وردبۆتەوە و لە دەربڕینەکانی دەموچاو و هەست و سۆزیانی کۆڵیوەتەوە.

چێخەف زۆر شتی لە نێوان دێڕەکانیدا بەجێ هێشتووە، بیرگیتا ئێگەر بلادیش زۆر زیرەکانە توانیویەتی جیهانی نێوان دێڕەکانی بدۆزێتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەسەما پڕی بکاتەوە.

## منەکان و ئاراستەیەکی جیاواز

چێخەف لەم نەمایشە سەمائامێزەدا ڕێچکە و ئاراستەیەکی تری وەرگرتووە. زەمینە و دەروازەی کارەکە کارەکتەرەکان نییە، بەڵکو خودی (من)ەکانە. لەم باخچەیەدا شێوەیەک لە (چێخەف – من) خوڵقاوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم من – انەش، پیەسەکانی چێخەفیان بەتەنیشت یەکەوە داناوە، کردوویانن بەدووکەرتەوە، تێکیان شکاندووە و (من)ەکانیان دەرهێناوە. لەم ئاراستەیەدا (من) لە چەقی ڕووداوەکاندایە، من – وەک مرۆڤ چۆن تێکستەکانی چێخەف کارم تێدەکات، چۆن ئەم کاریگەرییەش لە ڕێگای جەستەوە بەرجەستە دەکرێت؟ چۆن بتوانین وەک خودێک، بەخۆشی و ناخۆشیەکانیەوە، بچینە نێو تێکستەکان و بەسەرهاتەکانی چێخەفەوە.

دیمەنی یەکەم پێناسەیەکی ڕاستەوخۆی هەموو کارەکتەرەکانی چێخەفە، دیمەنی دووەم هەر هەموو گروپەکە دەبێتە کارەکتەرەکانی باخی گێلاس. دوای ئەوە شانۆنامەی (سێ خوشک). لێرەدا هەر سێ خوشکەکە پیر بوون و تا ئێستاش چاوەڕوانن، هەریەکەیان بەتەنها لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەیاندا وەستاون و خەون بەمۆسکۆوە دەبینن. دوای ئەوە دیمەنەکە یەکسەر دەگۆڕدرێت بۆ سێ خوشکی گەنج، زەمەن دەگەڕێتەوە و دەستە خوشکە گەنجەکە (ئۆلگا، ماسییە و ئیرینا) بەسەما گوزارشت لە خەون و هیواکانیان دەکەن. ئەم سێ خوشکە بەدەم سەماوە دێنە پێشەوە و دەچنە دواوە، لە هەمان کاتدا هەموو کارەکتەرەکانی تری چێخەف لە دوایانەوە، یاخود لە بەردەمییانەوە ڕادەبوورن و لە ماوەیەکی کورتدا، بەرجەستەیەکی خێرای هەموو شانۆنامەکانی چێخەف دەکەن.

لە دیمەنێکی تردا هەموو ئافرەتە کلۆڵەکانی چێخەف کۆدەکاتەوە: ئەوانەی خەون بەمۆسکۆوە دەبینن، ئەوانەی خەون بەعەشقەوە دەبینن، ئەوانەی خەون بەپایزەوە دەبینن، ئەوانەی خەون بەسامانەوە دەبینن، ئەوانەی خەون بەناوبانگەوە دەبینن...... هتد، دوای ئەوە یەکسەر کارەکتەری پیاوە بێ ئومێدەکان کۆدەکاتەوە. بیرگیتا ئێگەردبلاد لەم کۆریۆگرافیایەدا ڕێگایەکی نوێ و بابەتێکی نوێ لەسەر ڕێگا کۆن و لەنێو بابەتە کۆنەکاندا دەدۆزێتەوە. دیدی تازە و خەونی تازە لەنێو دید و خەونەکانی چێخەفدا بەوجەستە دەکات. پیەس و کارەکتەرەکانی چێخەف دەبنە جیهانێکی تازە دۆزراوە و خودی چەمکی شانۆی سەمائامێزیش، فۆرمێکی دانسقەی زۆر تایبەت لەخۆدەگرێت.

کوستانتینی باڵندەی دەریا، چۆتە تەمەنەوە و ڕیشی بستێک درێژە، لەم دیمەنەدا دوو



ئەکتەری بەتوانا سەما بەکارەکتەرەکان دەکەن، دە نیناش لە دە سووچی جیاوازی شانۆکەوە دێنە دەرەوە، سەما و نواندن تێکەڵاو دەکەن، بەجەستە دەگرین، بەجەستە پێدەکەنن و هەر بەجەستەش گوزارشت لە نائومێدی دڵدارەکان دەکەن. هەندێک جار هەموو گروپەکە پێکەوە لە دەوری سەماوەر و پیاڵەی چا خواردنەوە کۆدەبنەوە و گۆرانییەکی خەمبار دەڵێن و ڕووداوەکانی هەر چوار شانۆگەرییەکەش تێکەڵاو دەکەن. لەم دیمەنەدا کارەکتەرەکان و کونستانتین ڕووبەڕووی سێ خوشکەکە دەبێتەوە، سێ خوشکەکەش ڕووبەڕووی نینا...... هتد. کۆتایی دیمەنەکەش دەبێتە خەون و هەموو کارەکتەرەکان لەپڕ لە تاریکیدا ون دەبن.

## ئەکتەر یان سەمازان

لەم پرۆژەیەدا کۆمەڵێ سەمازان و ئەکتەری سەر بەنەوەی جیاواز، پیر و گەنج کۆبوونەتەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا فۆرمێک لە دایک بووە، زۆر زەحمەتە بزانرێت کێ سەمازان و کێ ئەکتەرە. ئەکتەرەکان هەروەها سەمازانەکانیش زۆر بەقووڵی ڕۆچوونەتە خوارەوە بەنێو جیهانی کەسایەتییەکاندا. کارەکتەری خەمبار، نەگبەت، بێ هیوا، عاشق، گاڵتەجار و کارەکتەرە خەوبینەرەکان، سەرلەنوێ و بەشێوازێکی جیاواز گیان دەکرێت بەبەریاندا. نواندن و سەما تێکەڵ بەیەکتری دەکرێن، ئەکتەرەکان پێکەوە لەگەڵ سەمازانەکان سەمای چاوەڕوانی و گەشتی مۆسکۆ دەکەن.

هەموو گروپەکە لە نمایشێکی هونەری یەکگرتوودا، هەمان شت دەکەن: ئەکتەر و سەمازانەکان پێکەوە، سەمازانەکان دەدوێن، لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر ئەکتەرەکانەوە هەیە.

ئەکتەر و سەمازانەکان، لە چرکە ساتی جیاوازدا، پێکەوە یاخود بەجیا، سنوورەکانی خۆیان دەبەزێنن و بەشێوەیەکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ جەست، دەنگ و سیمایان دەکەن.

سەما بەچەندین شێواز ڕووبەڕووی وشە دەبێتەوە، لێرەدا سەرگوزشتەی کارەکتەرەکان لە ڕێگای جەستە و لە ئاستی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت، جەستە دەدوێت و وشەش سەما دەکات. جەستە گوزارشت لە هەست و سۆزی نێو تێکستەکان دەکات، بەم شێوەیەش وشەکان لەلای ئەکتەرەکان مانایەکی تازە لە خۆدەگرن.

لەم ڕووەوە نۆزدە ئەکتەر و سەمازان بەبەردەوامی لە بارێکی گۆڕانکاری و پێکداچوونێکی هەمیشەییدان.

## ڕیالیزم و شانۆیەکی فیزیکی

ستانیسلاڤیسکی لە هەزارەی ڕابردوودا بەشێوازێکی واقیعیانە و بەهۆی بنەماکانی شیکردنەوەی دەروونییەوە پیەسەکانی چێخەفی دەخوێندەوە. هەر لەم دەروازەیەشەوە برەوی بەڕێبازەکەی دا و پەروەردەکردنی ئەکتەریش بووە بەشێکی گرنگی ئەو پرۆسێسە.

ئەمڕۆ دوای زیاتر لە سەد ساڵ بیرگیتا ئێگەربلاد بەهەمان شێوەی ستانیسلاڤسکی کاردەکات. بەڵام بەرئەنجامەکانیان بەدوو ئاراستەی تەواو جیاواز پێچەوانەوە بەرجەستە دەبێت. ستانیسلاڤسکی بۆ بەرجەستەکردنی نەمایشە گرنگ و بەناوبانگە واقیعییە سروشتییەکانی لە هەستێکی ناوەکی قووڵی ئەکتەرەکانەوە بۆ ڕۆڵەکانیان کاریکردووە. ستانیسلاڤسکی بەشێوەیەکی تراژیدی شانۆنامەکانی چێخەفی دەخوێندەوە، ئەمەش پێچەوانەی شێوازی نووسین و دیدی چێخەف بووە. لای بیرگیتا ئێگەربلادیش بەهەمان شێوە (هەستێکی ناوەکی قووڵی ئەکتەرەکان سەرەتایەکی گرنگە)، بەڵام هەستە ناوەکییە قووڵەکانی ئەکتەرەکانی ئەم کۆریۆگرافە کاردانەوەیەکی فیزیکی و خوێندنەوەیەکی سەمائامێز لە خۆدەگرێت. هەروەها بیرگیتا ئێگەربلاد شانە گەوهەرییەکانی چەمکی کۆمیدیا چێخەفییەکەشی دۆزیوەتەوە.

## ڕیژی یان کۆریۆگرافی

بیرگیتا ئێگەربلاد ڕیژی و کۆریۆگرافی، سەما و نواندن تێکەڵاو دەکات و بنەمایەکی ئێستاتیکی و تێڕوانینێکی پۆست مۆدانیزمی دەکاتە زەمینەی شانۆیەکی سەمائامێز. هەر لەم ڕووەوە زۆر زیرەکانە پیەسەکانی چێخەف بەتەنیشت یەکەوە دادەنێت و ئاڵوگۆڕ بەکارەکتەر و ڕووداوەکان دەکات، کارەکتەرەکان وەک خۆیان، یان بەپیریی و هەندێک جار وەک منداڵ بەرجەستە دەکات.

دیالۆژە جیاوازەکانی شانۆنامەکان تێکەڵاو بووە و بەم شێوەیەش چەمکی زەمەن و کات و شوێنی تێکشکاندووە.

کارەکتەرەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا دەردەکەون، ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە و سەرلەنوێ ون دەبنەوە. گرنگی ئەم تێکەڵاوبوونەش ئەوەیە کە ئەم ڕیژیسۆرە توانیویەتی بەشێوەیەکی جیاواز و لە پرۆسەیەکی نوێدا کارەکتەرەکان بەتەنیشت یەکترییەوە و ڕیزبکاتەوە. دیالۆژەکان، ڕستە پچڕ پچڕ و وشە جیاوازەکان، زۆر خێرا و لە



چاوترووکانێکدا بەرجەستەی کارەکتەرێک، یاخود هەڵوێستێکی تایبەتی چێخەف، بەشێوەیەکی زۆر جیاواز و نوێ دەکات. هونەری ڕیژی بەهەموو ماناکانی ئەم وشەیە هەموو پێکهێنەرە باوەکانی شانۆی هەڵوەشاندۆتەوە: ڕیالیزم و بنەما لۆژیکییەکان سەرلەنوێ لە دیدێکی پۆست مۆدانیزمەوە بنیاتنراوەتەوە.

لە سەرەتادا هەموو گروپەکە ، وەک سێبەرێکی ڕەش لە قووڵایی تەختەی شانۆکەوە دەردەکەون و لە پانتایی سینۆگرافیایەکی ڕووناکدا بڵاودەبنەوە.

سەمازان و ئەکتەرەکان دەبنە ئێسکوپڕووسکی چێخەف و لەژێر زەمینی شانۆیەکەوە، جنۆکە ئاسا دێنە دەرەوە، گیان دەکەن بە بەری گشت کارەکتەرەکانی چێخەفدا، ئەو کارەکتەرانەی سەد ساڵە لە نێوان جانتا، جلوبەرگ و ئێکسواری شانۆکاندا گیریان خواردووە.

## سینۆگرافیا و مۆسیقا

هەموو سینۆگرافیای نەمایشەکە بریتییە لە هەندێ کورسی و مێزی قەبارە جیاواز و بەسەر پانتاییە فراوانەکەی شانۆکەدا بڵاوبۆتەوە. پەردەیەکی سپی گەورە، لە ناوەڕاستی قووڵایی شانۆکەشدا، جار بەجار دەکرێتەوە، دەبێتە ڕۆخی ڕووبارێک، یاخود کردنەوەیەکی جیاوازی تێکەڵاوبوون و گۆڕانکاری دیمەن، ئەکتەر و سەمازانەکان. هەندێ لقەداری وشکی بێ گەڵاش بەسەر پێچکەوە بەپێوە وەستاون و لە کاتی پێویستدا دەگوێزرێتەوە، سەما دەکەن و دەبنە سمبولی خۆشەویستییە بێ هیواکان، ئافرەتە بەدبەختەکان، نائومێدی ژیان و ونبوونی بەختەوەری.

مۆسیقا ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی هەیە. بە بەردەوامی تێکەڵاوی ڕووداوەکان دەبێت، هەندێ جار ئەکتەرەکان یان سەمازانەکان خۆیان بەئامێری جیاواز مۆسیقا دەژەنن. ئاوازی کەمانچەیەک تێکەڵاوی فرمێسکی دڵدارێکی بێ هیوا و بێ ئەنجام دەبێت، یان ئۆکۆردیۆنێک بەتۆن و ئاوازی مۆسیقایەکی میللی سروتێکی ئاهەنگ ئاسا دەڕەخسێنێ.

بیرگیتا ئێگەربلاد هەر ڕیژیسۆر و کۆریۆگراف نییە، بەڵکو کۆمپۆسیتۆرێکی بەسەلیقەشە و زۆربەی زۆری مۆسیقاکەشی لە کاتی مەشق و پرۆڤەی ڕۆژانەدا نووسیوە. ئەم هونەرمەندە زۆر سەرکەوتوانە مۆسیقاکەی خۆی تێکەڵاوی مۆسیقای کلاسیکی، مۆسیقای میللی ڕووسی، تانگۆ و مۆسیقای مۆدێرنیش کردووە.

## چێخەف سەد ساڵ لەمەوبەر

چێخەف بەر لە سەد ساڵ لەمەوبەر بەنەخۆشی سیل مردووە. هەروەها سەد ساڵ لەمەوبەریش بۆ دواجار باخی گێلاسەکەی بەتەور بڕدرایەوە. باخی گێلاس دوا شانۆنامەی چێخەف بوو، بیرگیتا ئێگەربلادیش لە باخی گێلاس و بڕینەوە و فرۆشتنی کێڵگەکەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ باڵندەی دەریا. لە کۆتاییدا کۆستانتینێکی گەنج بەباڵندە مردووەکەی دەستییەوە دێتە ژوورەوە و بەسەمایەکی هەڵچوو گوزارشت لە مەرگ دەکات. کوستانتین دەڵێت: ئەمڕۆ ئەم باڵندەی دەریایەم کوشت و بەم زووانەش، بەچەشنی ئەم باڵندەیە خۆشم دەکوژم. دوای ئەوە نۆ (نینا)، بە نۆ تەمەنی جیاوازەوە، لەگەڵ نۆ کوستانتین و بە نۆ تەمەنی جیاوازەوە، سەمایەکی و هێمن و پڕ لە خەم و پەژارە دەکەن. دوای سەماکەش وەک گوزارشتێکی تەنهایی ئەو دوو کارەکتەرە (کوستانیتین و نینا) هێدی هێدی و هەر هەژدە ئەکتەر و سەمازانەکان، بەتەنهایی و لە شوێنی جیاوازەوە دەچنە دەرەوە. تەنها یەک (نینا) و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە، دواجار شانۆکە چۆڵ دەکات. بەهەموو دڵنیاییەکەوە دەتوانین بڵێین کە لە نەمایشی (باخچەی چێخەف)دا جیهانێکی تر، زەوییەکی تر و شانۆیەکی جیاواز دەدۆزینەوە.



## ئاڵا ڕەشەکان

شانۆیی: ئاڵا ڕەشەکان Svarta Fanor

نووسینی: ئاوگست ستریندبێری August Strindberg

ئامادەکردنی: تۆماس مارتین Tomas Martin

سینۆگرافی: شەشتین لاوبی Kerstin Laube

ڕیژی: فرانک کاسترۆف Frank Castorof

نمایشی (ئاڵا ڕەشەکان) یەکێکە لە چالاکییە گرنگەکانی ڕێپۆرتواری ئەم وەرزەی شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم و دادەنرێت بەپڕۆژەیەکی گرنگ و لەبەرچاو. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند سەرنجێک لە ڕووی بایەخ و بەهای ئەو پرۆژەیە بخەینە ڕوو، بەڵام لە سەرەتادا چەردەیەکی کورت لە ژیانی ستریندبێری باس دەکەین.

### چەردەیەکی کورت سەبارەت بەژیانی ستریندبێری

ئاوگست ستریندبێری ١٨٤٩ - ١٩١٢ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا ناوبانگی سنووری ئەوروپای بڕیوە و وەک نووسەرێکی گەورە لە هەموو جیهاندا ناسراوە.

باوکی ستریندبێری لە چینێکی بۆرژوازی بووە و دایکی وەک کەنیزە کاری لە لای باوکی کردووە و بەر لەوەی مارەی بکات سێ منداڵی لێی بووە. ستریندبێری هەمیشە لەگەڵ باوکی ناکۆک بووە. لە نامە و نووسینەکانیشیدا وەک مرۆڤێکی توندوتیژ و سارد ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها هەمیشە بەرهەڵستی بیروباوەڕەکانی کردووە. ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی خێزانەکەیان کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە سەر دەروونی ستریندبێری. لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا باوکی نابووت بووە و دایکیشی کۆچی دوایی کردووە.

ستریندبێری بەهەمان شێوە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و جۆراوجۆری لەگەڵ دنیای ئافرەتاندا هەبووە. سێ جار ژنی هێناوە، بەڵام لەگەڵ هیچ کام لەو ژنانەی تا سەر بەردەوام نەبووە. بەشێکی گەورە لە بەرهەمە شانۆییەکانی، ڕۆمان و نووسینە جۆراوجۆرەکانی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ژیانی تایبەتی خۆیەتی.

لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا زیاتر لە دەرەوەی سوێد ژیاوە، بەتایبەتی لە سویسرا و

فەرەنسا. هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٨٩٢ – ١٨٩٦دا لە بەرلین و پاریس لە بارودۆخێکی زۆری دژواری ئابووریی و دەروونیدا ژیاوە.

لە نێوان ساڵانی ١٨٧٤ – ١٨٨٢دا لە کتێبخانەی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم کاری کردووە. لە ساڵی ١٨٩٩وە بەتەواوەتی لە ستۆکهۆڵم جێگیربووە. لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا لە شەقامی درۆتنینگ گاتانی ژمارە هەشتا و پێنج ٨٥ Drottninggatan ژیاوە و ئێستە ئەو ماڵە بۆتە مۆزەخانە و زۆربەی کتێب و کەلوپەلە تایبەتییەکانی تیا پارێزراوە.

ستریندبێری ڕۆمانی (ژوورە سوورەکە) Roda Rummetی لە ساڵی ١٨٩٧دا بڵاوکردۆتەوە. ژوورە سوورەکە لە مێژووی ئەدەبی سوێدیدا دادەنرێت بەیەکەم ڕۆمانی سەر بەڕێبازی ناتورالیزم. ستریندبێری خۆی دانی بەوەدا ناوە کە یەکێکە لە نووسەرەکانی سەرەتای دروستبوونی ڕێبازی ناتورالیزم، هەروەها لە بواری شانۆشدا هەوڵی داوە لە ڕێگای هەردوو شانۆنامەی (خاتوو ژولیا و باوک)ەوە گوزارشت لەو ڕێبازە بکات.

## شانۆی ستریندبێری

ستریندبێری یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی جیهانا کە بەچەندین شێوە و شێواز و تەکنیکی نوێ، ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی بەپێز و دەوڵەمەند کردووە.

شانۆنامەی (باوک) ١٨٨٧ و (خاتوو ژولیا) ١٨٨٨ دوو پیەسی گرنگ و لەبەرچاوبوون بۆ پراکتیزە کردنی ڕێبازی ناتورالیزم. شوێن پێهەڵگرانی بزووتنەوەی ناتورالیزم لە ئەوروپادا بڕوایان وابوو ستریندبێری ئەو سەرکردە نوێیەیە کە گەیشت. هەروەها خۆشی سەبارەت بەشانۆنامەی (باوک) لە نامەیەکیدا دەڵێ: شانۆگەری باوک بەرجەستەیەکی درامای سەردەمە، مۆرکێکی زۆر نامۆ لە خۆدەگرێت. نامۆیە لەبەر ئەوەی ململانێ لە نێوان گیاندایە نەک پاڵەوانان. لەبەر ئەوەی جەنگی بیروباوەڕە نەک خەنجەر. ئەدیبەکانی فەرەنسا تا ئێستا دەگەڕێن بۆ شێوازێکی ڕاست، بەڵام من دۆزیمەوە. ستریندبێری گرنگییەکی زۆری داوە بەچڕکردنەوەی ململانێ و کێشە جیاوازەکان، چڕکردنەوەی ئەو ململانێیەی کە لە خودی پاڵەوانەکانیدایە. هەروەها «خود» وەک بونیادێکی بەرفراوان داڕشتەی هەموو کێشە جیاوازەکانە.

دارمان و ئاڵۆزی دەروونیش یەکێکە لە ڕێگاکانی چوونە نێو دراما و شانۆی



ستریندبێرییەوە. بەڵام ئەو کێشمەکێشە تەنها کێشەیەکی خودی تایبەت نییە بەستریندبێری. بلیمەتی ئەم نووسەرەش لەوەدایە کە توانیویەتی ئەو بارە دەروونییە ئاڵۆزە لە بونیادی ململانێیەکی دژواری دوو فاقدا بەرجەستە بکات و کێشەکەش بکاتە هاوکێشەیەکی دوو سەری ناجۆر بەیەک، وەک دوو بیروڕای دژ و جیاواز.

ستریندبێری لە زەمینەیەکی دەوڵەمەندی شانۆییەوە، وەک ئەزمونکارێکی لێزان شێوازەکانی تری شانۆی داهێناوە، بەتایبەت لە شانۆنامەکانی گەمەی (ژوور): زریان، زەوی سووتاو، سۆناتای تارمیایی، ساقاقوش و دەسکێشی ڕەش کە بۆ شانۆ تایبەتەکەی خۆی Intima Teatern لە ستۆکهۆڵم نووسیونی. هەروەها شانۆییە گوزارشت ئامێزەکانی Expreessionism سێینەی بەرەو دیمەشق ١٨٩٨، خەونە یاری ١٩٠٢ .

ڕیژیسۆرێکی بەناوبانگی وەک ئینگمار بێرگمان Ingmar Bergman کە تا ئێستا چوار جار شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) Spoksonaten بۆ شانۆ دەرهێناوە، دەڵێت: سۆناتای تارمایی یەکەم شانۆگەری بێهوودەییە و مەزنترین شانۆنامەیە بەزمانی سوێدی.

بەرەو دیمەشق Till Damaskus دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی شانۆی گوزارشت ئامێزە و لەم شانۆنامەیەدا کەسایەتییەک دابەش دەکات بۆ چەندین کەسایەتی تر، کەسایەتییەکانی تریش هەریەکەیان لایەنێک لە لایەنەکانی کەسایەتییە سەرەکییەکە دەردەخەن. هەموو وێنە و ڕووداوەکان لە ڕوانگەی دیدی کەسایەتییە سەرەکییەکەوە کە کەسێکی (نەناسراوە) دەبینرێت.

ئەو کەسایەتییە (نەناسراوە)ش ستریندبێری خۆیەتی. ڕەخنەگرەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە (بەرەو دیمەشق) زیاتر لە هەموو پیەسەکانی تری ستریندبێری بەرجەستەیەکی ڕاستەوخۆی ژیانی خۆیەتی، ئەمە جگە لە شانۆ مێژووییەکانی کە بەهایەکی تایبەتی لە خۆدەگرن.

ستریندبێری چۆن لە ڕوانگەی شانۆییە ڕیالیزم و ناتورالیزمەکانیدا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر تێکڕای ڕەوتی شانۆی جیهانیدا هەیە، بەهەمان شێوەش شانۆییە گوزارشت ئامێزەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە بەرەوپێشچوونی بزاڤی گوزارشت ئامێزانە و چۆنیەتی، یاخود ئەفراندنی شێوازێکی نوێ لە ڕووی نووسین و بەرجەستەکردنی لە درامای ئەوروپی و جیهانیدا.

## ئاڵا ڕەشەکان

ستریندبێری ڕۆمانی ئاڵا ڕەشەکانی لە پایزی ١٩٠٤دا نووسیوە و هەمان ساڵ دەینێرێت بۆ دەزگای Gebers بۆ بڵاوکردنەوە. دەزگای چاپەمەنی ناوبراو هەر پاش ماوەیەکی کورت ڕۆمانەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ستریندبێری و بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەدەن. دوای ئەوە ستریندبێری بەردەوام لە ڕێگای چەندین دامودەزگای بڵاوکردنەوەی ترەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی دەدات. بەڵام هیچ دەزگایەک ئەو ڕۆمانە بڵاوناکاتەوە، هەروەها هەوڵەکانی ستریندبێری لەگەڵ دەزگاکانی دەرەوەی وڵاتی سوێدیش بێ سوود دەبێت. دوای سێ ساڵ دەزگاکانی Borjesson و Bjorck قایل دەبن و ڕۆمانەکەی لە کۆتایی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٠٧دا بۆ بڵاودەکەنەوە. بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی توند ستریندبێری وەک نووسەرێکی گەورە و ناسراو بریندار دەکات. (ئاڵا ڕەشەکان) دەکەوێتە بەر شاڵاوێکی بێبەزەییانەی ڕەخنەگر و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی سوێد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ستریندبێری لە ڕۆمانی ئاڵا ڕەشەکاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرشی کردۆتە سەر هەندێ لە سەرنووسەری ڕۆژنامەکان و کەسایەتی دیار و ناسراوی تری ئەو سەردەمە، جگە لە ئافرەتان کە سەرلەنوێ لەم ڕۆمانەدا بەناوبردنیان ڕاستەوخۆ هێرشیان کراوەتە سەر. دواجار ستریندبێری ناچار دەبێت ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەڕۆمانەکەی بنووسێت، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیە تا ستریندبێری خۆی لە ژیاندا بووە بڵاونەکراوەتەوە.

## ئاڵا ڕەشەکان وەک شانۆ

ئەمڕۆ دوای ٩٠ ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆمانەدا، یەکێک لە ڕیژیسۆرە هەرە دیارەکانی ئەوروپا (فرانک کاستروف) Frank Castrofی ئەڵمانی لە دیدێکی پڕ لە وروژان و فانتازیاوە ئەو ڕۆمانە وەک پرۆژەیەکی هونەری و ئێستاتیکی بەرز پێشکەش دەکات. نمایشەکە پرۆژەیەکە هونەر تیایدا باڵادەستە و ڕووکارێکی تری ئاڵا ڕەشەکان وەدەردەخات. بۆ یەکەم جار پاڵەوانەکان گیانیان بەبەردا دەکرێتەوە و پەردە لە ڕووی ڕواڵەتەکانی نەوەد ساڵی ڕابردووی کۆمەڵگای سوێد هەڵدەماڵن.

شانۆیەکە کۆمەڵێ پرسیار و گفتوگۆی لە نێوەندی ژیانی ڕۆشنبیری و هونەری ئەمڕۆی سوێددا خوڵقاندووە. زۆربەی ڕۆژنامەکان وەک پرۆژەیەکی کولتووری تایبەتمەند بەسەریان



کردەوە. شانۆیەکە وەک ڕۆمان و دواجاریش وەک کارێکی شانۆیی لە ڕووی گرنگی و پێویستی پێشکەشکردنیەوە بۆ ئەمڕۆ جێگەی گفتوگۆکردن بوو.

## فرانک کاستروف

فرانک کاستروف بۆ یەکەم جار لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٤دا لەگەڵ گرووپە تایبەتمەندەکەی خۆی شانۆی (بوکی دەریا) Frun Fran Havetی (هێنریک ئیبسن)ی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کرد. شانۆییەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نرخێندرا و هەموو ڕۆژنامەکانی سوێد وەک کارێکی جیددی ئاماژەیان بۆ کرد. هەروەها ڕۆژی دوایی هەر لە شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم فرانک کاستروف و گروپەکەی لە سیمینارێکی تایبەتیدا لەگەڵ هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسەکاندا ڕووبەڕوو بوونەوە.

فرانک کاستروف خەڵکی بەرلینە و دامەزرێنەر و بەرپرسیاری گروی Lksbuhne - Vo Berlinerە. ئەم گروپە شانۆییە ئێستە لەسەر ئاستی ئەڵمانیا و ئەوروپای ڕۆژئاوا وەک یەکێک لە گرۆ شانۆییە مۆدێرنە دیارەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت. یەکێک لە پلانەکانی ئەم گروپە ئەوەیە کە کارە شانۆییەکانیان لە دەرەوەی ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەوروپا پێشکەش بکەن.

فرانک کاستروف دەڵێت: زیاتر تووڕەبوون و قوڵبوونەوە، شڵەژان و هەڵچوون و سەرلەنوێ تووڕەبوون لە شانۆدا، لەوانەیە ببێتە هۆی گواستنەوەی ڕێگایەک بۆ شتی نوێ، بۆ پانتاییەکی تر تا بەشێوەیەکی زۆر قووڵ هەست بە شتەکان بکەین. بەشێوەیەک هەست نەکەین لەوەوبەر هەستمان بەو شتانە کردووە.

## ژوور/ جێگا

سینۆگرافیای ئەم نمایشە شێوازێکی ناتەبای لە خۆگرتبوو. ژوورێکی گەورە لە دیدێکی ناریالیزمانەوە بنیات نراوە. ژوورێکی شێوە قۆقزی، وەک ئەوەی لەو پانتاییە ڕەشەدا ئاماژەیەک بێت بۆ گەردوون و گۆی زەوی. لە قووڵایی لای چەپیشەوە، بە بەرزاییەکەوە پەنجەرەیەکی گەورە لەسەر ڕووی دەریا هەیە. سنووری ژوورەکە لە نێوان ژیانی واقیعییانە و دیدێکی سوریالیزمییانەدا درێژ دەبێتەوە. بێ گومان دیدە سوریالیزمییەکە تەقەلایەکە بۆ دروستکردنی هاوکێشەیەک تا داڕشتەی شتێکی تایبەتی بونیاد بنێت. خاڵە سەرەکییەکانی ئەو داڕشتەیەش مرۆڤ و مەرجەکانە، مەرجەکانی ژیان و پرسیارە

سەرەکییەکان لەسەر هەموو ئاستەکان. بەرجەستەکردنی ئەو پانتاییییە بێ سنوورە فراوانەش دەبێت لە ڕووی دیدێکی ناریالیزمانەوە پراکتیزە بکرێت. نەک بەیارمەتی شتە ئاشکرا و دیارەکانی ژیان و دەوروبەر لە پۆشاکێکی ڕیالیزمیدا.

لە لای چەپەوە سیسەمێکی درێژی شێوە فارگۆنی شەمەندەفەر، وەک ئاماژەیەکی ئەپستمی دێتە ژوورەوە تا نێوەڕاستی شانۆکە درێژدەبێتەوە. لە لای ڕاستیشەوە لە دەروازەی دوو دەرگاوە بارستەیەکی شێوە نائەندازەیی، وەک شەپۆلێکی گەورەی ئاو دەڕژێتە ژوورەکەوە. دوو زناک " علامە" لە چوونە نێویەکدیەکی نامۆدان، لە تێکچڕژانی ئەو دوو شێوازە ئەبستراکتەدا هاوکێشەیەکی فرەپلان پێکهاتوو دەبینرێت. بەهەمان شێوە جوولە و بزاڤی ئەکتەرەکان لەسەر ئاست و لە پانتاییەکی جوداتردا بەرجەستە دەبوون.

هەموو بزاڤ و جوولەیەکی ئەکتەرەکان لەگەڵ ئەفسوونی ئەو دوو بارستە شێوە جیاوازەدا، وەک لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، گۆڕانکاری بەردەوام و کتوپڕیان بەسەردا دەهات. دەنگ و مۆسیقاش تەواوکەری ئەو هاوکێشە ناتەبایە بوون کە تێکڕا پێکەوە لە ڕوانگەی گوتارێکی سیمیائی چڕدا ئاراستە دەبوون.

پەنجەرە گەورەکە بەزۆر شێوازی تەکنیکی جیاواز دەبووە دەروازەیەکی فراوان، کەناری دەریا، کتوپڕ جەستەی ئەکتەرێک دەردەکەوێت، دەڕوات، لە چاو ون دەبێت. یان جەستەیەکی تر لە بەشی ناوەوەی شانۆکەوە - ژوورە گەورەکە - لە لێواری پەنجەرەکەوە بەودیوا دەکەوتە خوارەوە و شڵپە و پریشکی ئاو هەموو پانتاییەکەی دەگرتەوە.

هەندێ جار هەموو ڕووی شووشەی پەنجەرەکە بەڕۆژنامە دەگیرا. ئەو دەروازەیە لە دیدی ڕێژیسۆرەوە بووبووە خاڵێک، وێستگەیەک بۆ بەیەک گەیشتن و لە هەمان کاتدا لە یەک دابڕانیش. تیشکێک، ڕوودانی هەندێ شتی کتوپڕ، لەگەڵ هەر کردنەوەیەکی پەنجەرەکەدا، یاخود گوێزانەوەی ڕووداوەکان بۆ ئەو پانتاییییە بەرزە، هەموو شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات.

هەر لەو پەنجەرەیەوە کارەکتەرێک وەک ئەوەی لە پانتایی بەرینی ئاسماندا بفڕێت لە چاو ون دەبوو؟!

/ شوێن/ بەشێوەیەکی دیاریکراو ئاراستە و سومبولەکانی دەکردە کۆمەڵێ زناک. ڕێژیسۆر هەندێ جار دەموچاوی کارەکتەرەکانی دەگۆڕی، لە بری ئەوە کەللەسەرێکی گەورەی ئاسکە کێوییەک دەبووە ئاماژەیەکی ئەپستمی . بەمەش بارێکی ناتەبای



دەخولقاند و ڕووداوەکان دەچوونە ئاستێکی ترەوە و ئەو بەیەکداچوونە شێوازێکی تری لە خۆدەگرت.

## نواندن

گومان لەوەدا نییە کە لە سنووری دیدێکی سوریالیزمی و لە نێوەندی دارشتەیەکی ناتەبای دوور لە ڕیالیزمەوە نمایشی ئالآ ڕەشەکان بەرجەستە ببوو، بەهەمان شێوەش نواندن لە ئاستێکی نائاساییدا دەسووڕایەوە. هەڵچوون و تووڕەبوون، وەک دوو توخمی چارەسەرکردن لە لای فرانک کاسترۆف ببووە ڕواڵەتێک بۆ خۆ ناساندن. بارە هێمنەکان و قووڵبوونەوە سیمایەکی جیاوازی لە خۆگرتبوو. شڵەژان و هەڵچوون " ئامرازێک بوو بۆ گواستنەوە و گەیاندنی دنیابینی ڕێژیسۆر. هەر لە ڕوانگەی ئەم دیدەوە پانتاییییەکی میتۆلۆژیش خولقابوو، جوولەی ئەکتەرەکان هەندێ جار دەبوونە سەما و شێواز و فۆرمێکی گرۆتێسکیان لە خۆ دەگرت.

# پاسەوان و
# وەرزێکی شانۆی ئینگلیزی لە ستۆکهۆڵم

شانۆیی: پاسەوان Fastighetsskotaren

نووسینی: هارۆڵد پینتەر Harold Pinter

ڕیژی: تۆمی بێرگرێن Tommy Berggren

سینۆگرافیا: ئاکێ نۆرڤاڵ Akke Nordwall

شانۆی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٥٦دا و بەشانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە)ی (جۆن ئۆزبۆرن) گەلێ گۆڕانکاری گرنگی بەخۆوە دیوە. یەکێک لەو گۆڕانکاریانەش ئەو کاریگەرییە بەبەربڵاوە بوو کە بەسەر نەوەیەکی نوێی شانۆنامەنووسەکانەوە هەیبوو. ئەدەبی شانۆی ئینگلیزی دوای (جۆن ئۆزبۆرن) هەرگیز ئەو ڕەوت و شێوازەی جارانی لە خۆنەگرتەوە.

ئەو نووسەرانەی دوای جۆن ئۆزبۆرن وە دەرکەوتن، هەندێکیان ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر ئەو



دیمەنێک لە شانۆنامەی (پاسەوان)
وێنەی: Lesley Leslie - Spinks



کاریگەرییەوە بۆ هەندێکی تریش جۆن ئۆزبۆرن بووە هۆی کردنەوەی ڕێگایەکی نوێ و برەودان بەو شێوازە. بۆ نموونە (ئارنۆڵد ڤێکسێر) لە شانۆنامەکانیدا زیاتر ڕێبازێکی ڕامیاری گرتەبەر، ئارنۆڵد ڤێکسێر بووە دەنگێکی ڕاستەوخۆی شانۆیەکی ڕامیاری. لەو شانۆیەدا ئارنۆڵد گەرەکی بوو داخوازییەکانی چینە کرێکارەکەی بەریتانیا لەمەڕ گۆڕانکاری بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە بخاتە ڕوو. لە هەمان کاتدا ئارنۆڵد ڤێکسێر زۆر گرنگ بوو بەلایەوە کە چینە کرێکارەکەش گرنگییەکی تەواوەتی بدەن بەئەدەب و کولتوور لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.

بەڵام هیچ شانۆنامەنووسێک هێندەی (هارۆڵد پینتەر) لە دوای جۆن ئۆزبۆرنەوە بەها و گرنگی نەبوو، هارۆڵد پینتەر گۆڕانکارییەکی گرنگ، نوێکارییەکی جیاواز و شانۆیەکی هاوچەرخی فروانی خوڵقاند. شانۆیەک مرۆڤ دەبێتە توخم و تەوەرەیەکی گرنگی ڕووداوەکان. شانۆی هارۆڵد پینتەر بووە گەردوونێکی گشتگری مرۆڤایەتی، لەو گەردوونەدا مرۆڤ، تەنها مرۆڤ و دەروونێکی تەنها لە دەوروبەرێکی پڕ لە کێشەی دژواردا دەبێتە چەقی ڕووداوەکان.

کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر بە بەردەوام لە چاوەڕوانی ئەوە دان کە بدوێن، یان بەواتایەکی تر ڕێگەیان پێ بدرێت تا بدوێن، کە دەشدوێن بەهیچ شێوەیەک، ڕووناکاتە بینەران، زۆرجار کەم یان زۆر بەنێو دەروونی خۆیاندا ڕۆدەچنە خوارەوە، دابڕوان و هیچ پەیوەندییەکیان بەدەوروبەرەکەی خۆیانەوە نییە. لە هەمان کاتدا (ئەو کارەکتەرە تەنهایانە) هێند ورد، ڕاستەوخۆ و قوڵ بەستراونەتەوە بەژیانی ڕۆژانەوە، بینەران هەر وەک کۆمەڵێ کەسایەتی ڕاستەقینەی ژیانی واقیعی دەیانبینن.

هارۆڵد پینتەر بەشێوازێکی بەرزی (نەبینراو) کەسایەتی و ڕووداوەکان دیاری دەکات و دەیبەستێتەوە بەئاستە جیاوازەکانی واقیعەوە. هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٣٠دا لە خێزانێکی جوولەکە لە وڵاتی ئینگلیستان لە دایک بووە. لە سەرەتادا پینتەر لاوێکی شەرمنی بێدەگ بووە. بەڵام لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دەبێتە گەنجێکی کراوەی وا کە حەزی بەگفتوگۆ کردنە. هەروەها لەم قۆناغەی ژیانیدا دەست دەکات بەیاری تۆپی پێ و وتاری جۆراوجۆریش لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەیاندا بڵاودەکاتەوە. وەک خۆی لە هەندێ لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات، ئەو گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و هاندانی مامۆستای ئەدەب و کولتووری ئینگلیزی.

ئەو مامۆستایە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ڕەوتی ژیان و پاشە ڕۆژی هارۆڵد پینتەر. هەر ئەو مامۆستایەش بەهرەی شانۆ و نووسین لەو لاوەدا دەدۆزێتەوە و بەردەوام هانی دەدات.

هارۆڵد پینتەر وەک ئەکتەر لە زۆربەی چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکەیاندا بەشداری دەکات، هەر لەو قۆناغەی ژیانیدا ڕۆڵی (ماکبێس) لە شانۆگەری ناوبراودا یاری دەکات. ئەو ڕۆڵە و لەو شانۆگەریەی شەکسپیردا گوڕێکی خێرا، بوونێکی بەهێز و وزەیەکی گەورە دەبەخشێتە چالاکیەکانی هارۆڵد پینتەری لاو.

هارۆلد پینتەر لە ساڵی ١٩٥٠دا بۆ یەکەم جار بەرهەمێکی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە. پینتەر لەو ڕۆژگارەدا و لە یەکێک لە گرنگترین گۆڤارە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەدا Poetry London دوو پارچە لە شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە. ساڵی ١٩٥١ بۆ یەکەم جار وەک ئەکتەرێکی دانپیانراو لە دەرەوەی سنووری قوتابخانەکاندا دەردەکەوێت. دوای ئەوە لە ئێزگەی ئینگلستان، لەگەڵ تیپ و گرۆ گەڕۆکەکان و زۆربەی شانۆکانی لەندەندا وەک ئەکتەرێکی بەهرەمەند بەشداری دەکات.

هارۆڵد پینتەر نەوەی سەر بەچینی کرێکاران و تەوژمی ڕیالیزمی نوێی شانۆی ئینگلیزییە. بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا پابەندی دەوروبەر و ئاو و هەوایەکی واقیعی شیعرئامێزە. بەڵام بەرهەم و پرۆژە شانۆییەکانی نەخزێنرابووە هیچ خانەیەکەوە، تا لە ساڵی ١٩٦١دا توێژەرەوە و ڕەخنەگری ئینگلیزی (مارتن ئیلسین) لە کتێبەکەیدا سەبارەت بەشانۆی ئەپسورد The Theatre of The Absurd ڕیالیزمی هارۆلد پینتەر ئاوێتەی تەوژم و سیمایەکی ئەبسورد دەکات. (ڕیالیزمێکی ئەبسورد ئامێز)، ئەو ئاوێتە بوونەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ: گرفت و هەڵوێستەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئەو ژیانەی وردە وردە دەچێتە ئاستێکی وەهاوە کە ستەمە وێنەیەکی ئاشکرا و ڕوون لە خۆبگرێت.

هارۆڵد پینتەر لە شانۆنامەکانیدا باس لەو بێتواناییە دەکات کە لە پەیوەندییەکانی نێوانماندایە، لەو بارە ئاڵۆزەی هاوسەرێتی، یان هاوڕێ و هاوکارەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. لەو بارە پڕ لە ڕواڵەتەی کە حەز و ئارەزووەکانمان بەرەو بنەمایەکی نادیار و لەرزۆک دەبات. بێگومان مرۆڤیش لەو گێژاوەدا زۆر زەحمەتە بگاتە هیوا و ئاواتەکانی.

هارۆڵد پینتەر دیالۆژی شانۆییەکانی، کۆمەڵێ بیرۆکە و دیدی گرنگ لە خۆدەگرن، بەڵام هەندێ جار ئەو دید و بیرۆکانە لە پشت وشەکانیەوە خۆی دەشارێتەوە و بەئاسانی خۆیان



نادەن بەدەستەوە. یان لە پڕ هەندێ هەڵوێستەی پڕ لە نهێنی و گران دەبێتە بوونێکی واقیعی، ئاشکرا و هەستپێکراوی نێوانمان. دیالۆژ و کارەکتەرەکان ڕاستی و واقیعین، بەڵام کاریگەری بەر ئەنجام و کۆتاییەکانی دەبێتە شتێکی ئەبستراک، نادیار و شیعرێکی پێکداچوو.

هەروەها هارۆڵد پینتەر دەسەڵاتێکی گەورەی لە بەکارهێنانی جۆرە هەمە چەشنەکانی دیالێکت و فۆنەتیکە جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزیدا هەیە. وشەی بازاڕی و سەرزاری خەڵکی و فۆنەتیکە جیاوازەکان لە یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە. لەبەرئەوە کە کارەکتەرێک لە شانۆییەکانی هارۆڵد پینتەردا بەدیالێکت و فۆنەتیکێکی جیاواز دەدوێت، لە هەمان کاتدا چیرۆکێکی تایبەت بەو ناوچەی بەکارهێنانی فۆنەتیکە و بەو کارەکتەرەش بەرجەستە دەکات.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٥٦دا شانۆنامەی (ژوور) The Room دەنووسێت. ئەمەش شانۆگەرییەکی یەک پەردەییە و هەر زوو لە زۆربەی شانۆکانی لەندەندا نەمایش دەکرێت. ئەو شانۆگەرییە پێشوازییەکی باشی لێ دەکرێت و بۆ یەکەم جار هارۆڵد پینتەر وەک شانۆنامەنووسێک ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ - ١٩٥٩دا شانۆنامەی The Birthday Party دەنووسێت. ئەو شانۆنامەیە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێ. بەڵام هارۆڵد پینتەر کۆڵ نادات و هەر بەردەوام دەبێت، تا لە ساڵی ١٩٦٠دا شانۆنامەی (پاسەوان) The Caretaker دەنووسێت. پاسەوان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و هارۆڵد پینتەریش دەبێتە یەکێک لە گرنگترین نووسەرەکانی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی.

پاسەوان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠دا لەسەر شانۆی The Arts Theatre لە لەندەن نەمایش دەکرێت. دوای ئەوە هەر زوو وەردەگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، لەسەر زۆربەی شانۆ گرنگەکانی ئەوروپا نەمایش دەکرێت و دەبێتە وێستگەیەکی گرنگ لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا.

لە ساڵی ١٩٦٠دا شانۆنامەی (پاسەوان) دادەنرێت بەباشترین پیەسی شانۆیی ئەو ساڵە، هەروەها ڕەخنەگرانی لەندەنیش تێکڕا شانۆنامەی (پاسەوان) دادەنێن بەیەکێک لە باشترین پیەسە شانۆییەکانی سەد ساڵەی ڕابردوو.

هارۆڵد پینتەر، جیاواز لە هەموو شانۆنامەنووسەکانی ئەو سەردەمە، تەکنیکێکی زۆر

جیاواز و دانسقەی داهیناوە، لەو تەکنیکەدا بەئاشکرا جیاوازیەکانی زمان و بەکارهێنانی وشەکانی دیاری دەکات. ئەوەی جێگای سەرنجە لەو دیاریکردنەی زمان و وشەکاندا: پشوو، بێدەنگی و شێوازی دەنگەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بۆ بەدیهێنانی ریتم کە کاریگەریەکی تایبەتی لە خۆدەگرێت.

بۆ نموونە هارۆڵد پینتەر "پشوویەکی کورت"، "پشوویەکی بچووک" ، "پشوو"، "پشوویەکی درێژ" و " بێدەنگی" وەک تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی لە زۆربەی پیەسەکانیدا بەکاردەهێنێ. لەو تەکنیکەدا دیالۆژەکان ریتم و فۆرمێکی جیاواز لە خۆ دەگرێت. ریتمێک ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چۆنیەتی نواندنەکە و سەمایەکی ماوەکی، بێ دەنگ لە جەستەی کارەکتەرەکاندا دەخولقێنێ.

## پاسەوان/ نەمایش و بەرجەستەکردن

زۆر بەهێمنی، لەژێر ڕووناکییەکی تاریکدا و لە ریتمێکی تایبەتیدا کارەکتەرەکان دەردەکەون، لە چاو ون دەبن، پێکدا دەچن و پەیوەندییەکی جیاواز نێوان خۆیاندا دەخولقێنن.

سێ کارەکتەر: میک، ئاستۆن، داڤەیس، میک و ئاستۆن بران، ئاستۆن وەک مرۆڤێکی بەبەزەیی بۆ ماوەیەک داڵدەی داڤەیس دەدات. میک بەنهێنی و بەتاریکی دێت و دەڕوات. داڤەیس ها نە دەدات، تا گەمەیەکی دەسەڵات دەورووژێنێ و سێ کوچکەیەکی دژواری پەیوەندییەکان دەخولقێنێ. ژوورێکی تاریک، سیخناخ بەکەلوپەلی کۆن، بارودۆخێکی گرژ و دڵگران سەرەتای سترکتوری پیسەکە/ نەمایشەکە دەخولقێنێ.

کێشەکانی مرۆڤ، دەوروبەر، بوون، مانەوە و دەسەڵات دەبێتە بنەما سەرەکییەکانی نەمایش و پەیوەندی کارەکتەرەکان. ژوورە سیخناخەکەش.

وەک شوێن، دەبێتە سمبولێکی ئاشکرای ئەرشیفێکی دێرینی مرۆڤ. مرۆڤ لەو ژوورەدا، لەگەڵ ڕابردووی، پێداویستییەکانی، ئێستە و پەیوەندییەکانی دەژی. نەک هەر ئەوە بەڵکو لەو دەروازەیەدا گەشە دەکات، پەرە دەسێنێ و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. هەر لەو سێ کوچکەی پەیوەندییەدا، گۆڕانکارییەکان دەبێتە سیمایەکی سەرەکی بونیادی وتارە هونەرییەکە.

دیدی ڕیژی وەک پرۆسەیەکی خوێندنەوە، گەرەکیەتی گۆڕانکاری، لە دەستدانی



بیروباوەڕ، هزر و فەلسەفەی ژیان بکاتە کەرەسەیەکی ئاشکرا. لەو کەرەسە بەرجەستەکراوەدا هەموو بەها گرنگەکان دەبنە پرۆسەیەکی بێ مانا و هەرزان بەها. بێ گومان مرۆڤ (کارەکتەرەکان) لەو پرۆسەیەدا لە ناوەندی ڕووداوەکاندان. توخمە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ: هێمنی، شەڕانگێزی، سۆزداری و گێرەشێوێن دەبنە نەژاد و بنەما گرنگەکانی پەیوەندییەکان. لە نێو ئەو ڕووداوە پێکداچوانەدا، دەبێت یەکێک لەو سێ کەسە ژوورەکە بەجێ بهێڵێ. بێگومان ئەو کەسەش دەبێت (داڤەیەس) بێت. لەم خاڵەوە گەمەی دەسەڵات، لۆژیک و ئاکار دەبێتە تەوەرێکی گرنگی نەمایشەکە. لەو تەوەرەیەدا داڤەیس هەموو جۆرە ئامرازێک لە پێناوی مانەوەدا بەکاردەهێنێ.

نەمایشەکە ئاهەنگێکی، وانەیەکی گرنگی هونەری نواندنە، سێ ئەکتەری بەتوانای شانۆی سوێدی و ڕیژیسۆرێکی بەسەلیقە، هونەرێکی گەورەی نواندن بەرجەستە دەکەن. هونەرمەند (ئینگڤار هێردڤاڵ) لە ڕۆڵی داڤەیسدا، زۆر سەرکەوتووانە لە نێوان هەڵوێستە جیاوازەکانی ڕۆڵەکەیدا گەمەی مشک و پشیلە دەکات. لە تەوەرەوە بۆ کەنار، لە کەنارەوە بۆ تەوەر پیاسە دەکات. لە مرۆڤێکی بەستەزمانی بێدەرەتانەوە، دەبێتە ئاژەڵێکی درندە، لە ئاژەڵێکی درندەوە دەبێتە کەسێکی بێ توانا، بێ هیوای تاک و تەنها.

دیدی ڕیژی ریتم و ڕواڵەتێکی شانۆی (بێکێت)ی بەخشیوەتە نەمایشەکە. هەناسەیەکی ڕەش و (بێکێت)یەتی نەمایشەکەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەناسە، ریتمە، هزر و تەکنیکە بێکێتەی لە پیەسەکەدا هەیە. هارۆڵد پینتەر بەشێوازێکی تایبەتمەند ئەپسورد، تەکنیک و جیهانی بێکێت، لە سترکتورێکی ریالیزمیدا ئاوێتەی شانۆنامەی پاسەوان دەکات. ئەم توخمە ئەپسوردەش هێز و وزەیەکی تایبەتی بەنەمایشەکە بەخشیوە، نەمایشەکەش لە دارشتەی وێنەیەکی چڕ و هۆشیارەوە بەرجەستە دەبێت. هەموو جووڵە و هەڵوێستەیەک بەوپەڕی وریایەوە، لێزانینەوە بەرێوە براوە. تاریکی شانۆکە، یان بەواتایەکی تر ئەو ڕووناکیە کزەی شانۆکەی پێ ڕووناک دەکرێتەوە، دەبێتە لایەنێکی گرنگی بەپراکتیزەکردنی نەمایشەکە. ئەو ڕووناکیە (تاریکە) دەبێتە سمبولێکی گرنگی ئەو ژوورە تەسکە سیخناخە. گەمەی دەسەڵات لەو پانتاییەدا دەبێتە تارماییەکی هەست پێکراو، هانی کەسایەتیەکان دەدات.

گەمەی دەسەڵات لە بۆتەیەکی ئاشکرادا تەسک دەبێتەوە، کارەکتەرەکان لەو ڕووبەرە

تەسکەدا  لە پێناوی بوون و مانەوەدا گەرەکیانە بەسەر یەکتریدا هەڵ بگەڕێن. هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئەو ژوورە دەبێتە بەندیخانە و ئاینە جۆراوجۆرەکانیش دەکاتە شاهیدێکی ئەو گەمە ترسناکە. پەیکەرێکی (بودا) لەو جیهانە شێواوەدا دەبێتە سمبولێکی بێ دەسەڵات و وردوخاش دەبێت. ئاینیش بەشێکە لەو ئەرشیفە کەڵکە کراوەی  کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە.

نەمایشەکە دەگاتە دوا وێستگەکانی کۆتایی، بەڵام ژوورەکە هەر بەتاریکی دەمێنێتەوە، کارەکتەرەکان بێ دەنگن و گەمەکەش هەر بەردەوامە.



## ئوبوی پادشا لە ستۆکهۆڵم


شانۆنامەی: ئوبوی پادشا Kung Ubu

نووسینی: ئەلفرێد گاری Alfred Jarry

ریژی: یوهان هێلت Johan Huldt

ئوبوی پادشا شانۆنامەیەکی گرنگە لە مێژووی شانۆی جیهانیدا، هەروەها دادەنرێت بەسەرەتایەکی گرنگی تەوژمەکانی شانۆی ئەپسورد. ئوبوی پادشا لە نووسینی نووسەری فەرەنسی ئەلفرێد گاری ١٨٧٣ – ١٩٠٧ە. هەر چەندە زۆر کەم، یاخود دەکرێت بڵێین بەدەگمەن ئەم پیەسە لەسەر شانۆکان پێشکەش دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخێکی گرنگی لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا بەدەست هێناوە.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی منیش لەگەڵ ئەم نووسەرەدا، لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا بوو، لە کاتێکدا خەریکی نووسینی کتێبەکەم بووم سەبارەت بەئەنتۆنین ئارتۆ ١٨٩٦ – ١٩٤٨ و شانۆی توندوتیژی. بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٨دا شانۆنامەی



ئوبوی پادشا لە ستۆکهۆڵم
وێنەی: Lesley Leslie - Spinks

ئوبوی پادشام بەزمانی ئیتالی لە ستۆکهۆڵم دی. گرۆپەکی میوانی شانۆی ئیتالی ئەم شانۆنامەیەیان لە بەرگێکی قەشەنگ و نەمایشێکی شانۆیی سەرکەوتوودا پێشکەش کرد.

" ئوبوی پادشا" ئەم ساڵ لە وەرزی چالاکییەکانی شانۆی شاردا، وەک نەمایشێکی مۆزیک ئامێز پێشکەش کرا. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم ژیانی ئەلفرێد گاری، شانۆنامەی ئوبوی پادشا، کاریگەرییەکانی ئەم پیەسە بەبزووتنەوەی شانۆی هاوچەرخی و نەمایشەکەی شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم بخەمە ژێر تیشکی باس و لێکۆڵینەوەوە.

## چەردەیەک لە ژیانی ئەلفرێد گاری

ئەلفرێد گاری لە ساڵی ١٨٧٣دا لە شارۆچکەی (لاڤال)ی سەر بەهەرێمی شارۆچکەی (مایین) لە دایک بووە. حەزی نووسین و خوێندنەوە، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە دیاردەیەکی ئاشکرا دەبێت. زۆربەی ئەو نووسینانەی لەبەر دەستدایە سەبارەت بەبیۆگرافیای ژیان و بەرهەمەکانی ئەلفرێد گاری ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٨٨٥ وە دەستی کردووە بەنووسین. لەم قۆناغە سەرەتاییەدا، وەک هەزەکارێکی تەمەن دوانزە ساڵ، کۆمەڵێ شیعر، پەخشان و شانۆنامەی گاڵتەئامێزی نووسیوە.

خولیای نووسین ڕێگا لە خوێندن ناگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەلفرێد گاری، بەردەوام لە قۆناغەکانی خوێندندا بەپلەی یەکەم و دووەم، زۆر بەخێرایی دەچێتە پێشەوە. هەروەها هەر لەم قۆناغەدا کۆمەڵێ پاداشتی گرنگی ئەو کاتەی قوتابخانەکان وەردەگرێت. ئەلفرێد گاری لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەچێتە قوتابخانەی (ڕین). ئەم قوتابخانەیەش وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیان و دەروون و ئایندەی نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم مێرد منداڵە نامۆیەدا دروست دەکات. لەم قوتابخانەیەدا زۆر لە نزیکەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و قووڵ لە ئەدەبی گریکی و لاتینی نزیک دەبێتەوە. هەروەها هەر لەم قوتابخانەیەدا کارەکتەری (ئوبو) دەدۆزێتەوە.

ئەو کارەکتەرەش مامۆستای وانەی زیندەوەرزانی دەبێت. مامۆستا (هیبیر) بەر لە ئەلفرێد گاری جێگای گاڵتەوگەپی چەندین نەوەی تری خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیە دەبێت. ئەم مامۆستایە کابرایەکی گێل و نەزان بووە، بەهیچ شێوەیەک دەسەڵاتی بەسەر قوتابییەکانیدا نەشکاوە. لە ڕووی شێوە و سیماوە مرۆڤێکی ئێجگار قەڵەو بووە، هەمیشە ئارەقی دەرداوە و بەشێوەیەکی پێکەنیناوی قسەی کردووە، هەڵسوکەوتی ناجۆری بۆتە جێگای پێکەنینی ئەلفرێد گاری و گشت قوتابییەکانی تر. مامۆستا "هیبیر" لەو



قوتابخانەیەدا، دەبێتە جۆرە ئەفسانەیەکی زیندوو، قوتابییەکان شیعر، پەخشان و شانۆنامەی گاڵتەئامێزیان لەسەر نووسیوە. هەر لەم دەروازەیەشەوە ئەم کارەکتەرە دەبێتە سمبولێکی زیندووی کارەکتەری ئوبو لەو زنجیرە شانۆنامەدا کە ئەلفرێد گاری سەبارەت بەئوبو دەیان نووسێت.

فەلسەفە بوارێکی گرنگ بووە لە ژیانی ئەلفرێد گاریدا، هەمیشە وەک سەرچاوەیەکی گرنگ گەڕاوەتەوە سەر فەلسەفە و سوودی لێ وەرگرتووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٦دا دەچێتە بەشی فەلسەفە و لەسەر دەستی مامۆستا (بوردن)دا فەلسەفەی (نیچە) ڕاستەوخۆ بەزمانی ئەڵمانی دەخوێنێ. بیروڕا فەلسەفییەکانی نیچە جێگای سەرنج و گرنگ پێدانی زۆری ئەلفرێد گاری دەبێت. لەم ڕێگایەوە خۆشی فێری زمانی ئەڵمانی دەکات. ئەوەی جێگای ئاماژەیە، لەو سەردەمەدا، بەرهەم و نووسینە فەلسەفییەکانی نیچە وەرنەگێڕدرابوونە سەر زمانی فەرەنسی.

یەکێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەلفرێد گاری بۆ یەکەم جار لە ١٩ی مانگی شەشی ساڵی ١٨٩٣دا بڵاودەکرێتەوە. دواجار هەمان شیعر لە پێشبڕکێیەکی ئەدەبیشدا پاداشتی یەکەم وەردەگرێت. ئەلفرێد گاری هێدی هێدی تێکەڵاوی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەی ئەو کاتەی پاریس دەبێت، بەشداری کۆڕ و کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکان دەکات. لەم قۆناغەدا دەبێتە هاوڕێیەکی نزیکی (مالارمێی) و زنجیرە وتارێک بۆ ڕۆژنامەی (هونەری سەربەست) دەنووسێت.

لە هەمان کاتدا لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار، " کۆگان" لە یەک خانوودا دەژی، ئەم لێکنزیکبوونەوەیەش لەگەڵ گۆگان کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی دەبێت و کۆمەڵێ وتار سەبارەت بەمەرگ، هونەر و ئاژاوە بڵاودەکاتەوە.

ڕۆژنامەکانا ئامادەیی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی شانۆنامەکانیشی دەردەبڕن، لەم ڕووەوە بۆ یەکەم جار یەکێک لە پیەسە کۆمیدییەکانی بەزنجیرە بڵاودەکاتەوە. ئەلفرێد گاری هەر لەم ماوەیەدا شوقەیەکی دوو ژووری بەکرێ دەگرێ و شانۆنامەی (ئوبوی پادشا) بەشێوەی شانۆی بووکەشووشە بۆ هاوڕێکانی پێشکەش دەکات. گاری بڕوایەکی تەواوەتی بەشانۆنامەی ئوبوی پادشا دەبێت، بەردەوام بۆ چوونەکانی بۆ خەڵکی و هاوڕێکانی ڕووندەکاتەوە، هەروەها کۆمەڵێ وتاریش سەبارەت بەچۆنیەتی نەمایشکردنی ئەم شانۆنامەیە دەنووسێت.

له ساڵی ١٨٩٦دا بۆ هەمان مەبەست نامەیەک بۆ شانۆی Lunge- Pose Theatre Del Oeuvre دەنێرێت. ئەلفرێد گاری لەم نامەیەدا دیدی خۆی سەبارەت بەچۆنیەتی ڕێژی، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەکتەر، دارشتنی سینۆگرافیا و نەمایشکردنی شانۆنامەی "ئوبوی پادشا" ڕوون دەکاتەوە.

دوای مشتومڕێکی زۆر شانۆی ناوبراو لەسەر شانۆی Theatre Nouveau لە ساڵی ١٨٩٦دا شانۆنامەی ئوبوی پادشا پێشکەش دەکەن.

شانۆی فەرەنسی بەدرێژایی زیاد لە بیست ساڵ تووشی نەهامەتێکی گەورە دەبێت. نەمایشە شانۆییەکانی ئەو ڕۆژانە، زیاتر مۆرکێکی پێکەنیناوی، ساکارییەکی درۆزنانە، ڕواڵەتێکی بازرگانی، جێگایەکی کات بردنەسەری هەرزان و ونبوونێکی تەواوەتی بەها هونەری و شانۆییەکان لە خۆدەگرێت. بەڵام ئەو شانۆ سست و لاوازە بەنەمایشی ئوبوی پادشا تووشی ڕاچڵەکین و خورپەیەکی بەهێز دەبێت و گۆمە مەنگەکەی شانۆی فەرەنسی پێ دەشڵەقێنێ. نەمایشەکە تووشی شاڵاوێکی توندوتیژی ڕەخنەگرەکان دەبێت و ئەو ڕووداوە هونەرییە وەک کارەساتێکی گەورە و جەنگێکی هونەری دۆڕاو ئاماژەی بۆ دەکرێت. بەڵام جەماوەر بەپێچەوانەی ڕەخنەگر و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەکەنە بینینی شانۆنامەکە.

ئەلفرێد گاری ئەو شاڵاوە توندوتیژە بێبەزەییە کاری تێ ناکات و بەهیچ شێوەیەک کۆڵ نادات. بەڵکو ڕووبەڕووی ئەو شاڵاوانە دەبێتەوە و لە کۆڕ و کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکاندا بەرگری لە شانۆنامەکەی دەکات و دواجاریش وتارێکی بەرگری بەناونیشانی (مەسەلەکانی شانۆ) بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ١٨٩٨دا سەرلەنوێ شانۆنامەی ئوبوی پادشا، وەک نەمایشێکی شانۆی بووکەشووشە لەسەر شانۆیەکی قەراقۆز پێشکەش دەکرێتەوە.

## ئوبوی پادشا و بنەماکانی شانۆی ئەپسورد

هەرچەندە شانۆنامەی (ئوبوی پادشا) وەک لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆ کرد، لە چەند جارێک زیاتر بەولاوە نەمایش نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریەکی گەورەی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە و دادەنرێت بە بنەما و سەرەتایەکی گرنگ و ڕاستەوخۆی تەوژمەکانی شانۆی ئەپسورد، پێشرەو و ڕێبازەکانی شانۆیەکی نوێ و هاوچەرخ.



زۆربەی ڕەخنەگر و تیئۆرستەکانی بواری شانۆ و ئەدەبی جیهانی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە (ئەلفرێد گاری) دامەزرێنەری شانۆی پێشڕەوە. ئەو شانۆیەی لە پەنجاکانی هەزارەی ڕابردوودا، بەناوی شانۆی بێهوودەوە، لەسەر دەستی بێکێت و یۆنسکۆدا سەری هەڵداوە، بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆی ئوبوی پادشای ئەلفرێد گارییە. هەروەها قۆناغی دووەمیش کە لەچلەکاندا زیاتر لە فۆرمێکی فەلسەفیدا لە لای سارتەر و کامۆ دەردەکەوت، دادەنرێت بە بەردەوامییەکی تری بیری و ئیستاتیکی ئەو سەرەتایەی ئەلفرێد گاری. جیاوازییەکانی نێوان ئەم سێ قۆناغەش (ئەلفرێد گاری، فەلسەفەی سارتەر و کامۆ و شانۆی ئەبسورد لە لای بیکێت و یۆنسکۆ) دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم، نەبوونی زەمینەیەکی لەبار لە هەزار و هەشت سەدەکاندا بۆ بڵاوبوونەوەی دیدەکانی ئەلفرێد گاری وەک تەوژمێکی هونەری سەربەخۆ. دووەم، لە چلەکاندا دڵەڕاوکێ و مەسەلە بێهودەییەکانی مرۆڤ لە تێزی فەلسەفی و شاکاری ئەدەبی تەقلیدیدا بەرجەستە بوو. سێیەم، بەڵام قۆناغی پەنجاکان نهێنی میتۆد و توخمە هونەرییە ناتەباکانی ئوبوی پادشا، تەکنینک، زمان، شێواز و فۆرمێکی ناتەبایان بەخشییە شانۆی ئەپسورد و هاوچەرخی جیهانی.

ئەلفرێد گاری خۆی لەو زەمەنەدا، هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە لە ڕوانگەی پیەسەکانی ئوبوی پادشاوە، فەلسەفەیەکی دیاریکراوی هەبێت و بیکاتە جۆرە ڕێپورتوارێکی تایبەت بەخۆی. بەڵکو بەرهەمە شانۆییەکانی زیاتر مۆرکێکی سادە و خۆڕسکیان لە خۆگرتووە، هەروەک گەمەی منداڵان لە جیهانێکی بەرفراوانی بێ ئاگاییدا سوڕاوەتەوە. ئەلفرێد گاری بەرامبەر بەم مەسەلەیە هۆشمەند بووە و یاخیبوونیش لە ژیاندا سەرچاوەی هەموو مەسەلەکانی لە خۆگرتووە.

لەم ڕووەوە ئەلفرێد گاری لە ژیانیدا، وەک لە بەرهەمە شانۆییەکانیدا، مرۆڤێکی یاخی بووە و بەتەواوەتی هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و سیما تەباکانی کۆمەڵگا و سەردەمی وەلاوە ناوە، هەروەها هەوڵی داوە بارێکی ناتەبای جیاوازو نامۆ بۆ خۆی بخولقێنێ.

هەر لەم ڕووەوە ئەلفرێد گاری ئوبوی پادشا دەکاتە ئامرازێک بۆ دەربڕین و خستنە ڕووی شۆڕشێکی دوو فاق دژی کۆمەڵگا و شێوازە هونەرییە باو و پەیڕەوکراوەکان. شانۆنامەی ئوبوی پادشا دەبێتە سەرەتای کارتێکردن و لە دایکبوونی دواتری بێکێت، یۆنسکۆ و ئەدامۆڤ، ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بۆ ناوەڕۆک و تەکنیکی ئوبوی پادشا لە ڕووی زلکردنی شێوازە نامۆکان، ساکاری لە دەسنیشانکردن و

ڕەخنەیەکی گاڵتەئامێزی کۆمەڵگا. ئوبو وێنەیەکی کاریکاتێری ناشیرین و پێکەنیناوی بۆرژوازییەکی خۆپەرستە.

بەڵام سنووری دارشتەکانی ئەم کارەکتەرە تەنها لەو ڕەخنە کۆمەڵایەتییە توندوتیژەدا ناگیرسێتەوە. بەڵکو ئوبو هەوڵی ئاشکرا و بەرجەستەکردنی وێنەیەکی ترسناکی سروشتە ئاژەڵییە دڕندەییەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەکات. ئوبو دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست، پادشا دەکوژێت و لە بری ئەو خۆی دەکاتە پادشای پۆڵەندا و بەبێ هیچ جیاوازی کردنێک دەکەوێتە کوشتن، تاڵانکردن و ئازاردانی خەڵکی. ئوبو دەیەوێت ماڵ و سامانی وڵاتەکە بۆ خۆی کۆبکاتەوە. بەڵام لە بەرەئەنجامدا لە وڵات دەردەکەوێت و لەگەڵ ژنەکەی ڕادەکەن بۆ فەرەنسا.

بەم شێوەیە ئوبو وێنەی کارەکتەرێکی توندوتیژ، دڵ ڕەق و بەهێزمان پێشکەش دەکات. مەبەستی ئەلفرێد گاری لە گەوهەری شانۆنامەکەدا، ڕووتکردنەوە و داماڵینی دەمامکەکان بووە لە ڕووی ئەندێشە، تەنیایی، سیما پڕ لە درۆکانی کۆمەڵگا و بێ ماناییی ئەو بەهایانەشی کە هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤی پێوە بەستراوە. لەم ڕووەوە وشە لە لای ئەلفرێد گاری ئامرازێکی بێ گیان و بەدەر نەبووە لە ناواخنی تێکستەکانیدا.

## ئوبوی پادشا و هونەری شانۆ

شانۆنامەی ئوبوی پادشا تەقەلایەکی شۆڕشگێڕانەی گرنگە بۆ گەڕانەوە و دۆزینەوەیەکی سەرلەنوێی گەوهەر و یاسا بنەڕەتییەکانی هونەری شانۆ. ئەم تەقەلایەش بەهەنگاوێکی گرنگ و دەروازە سەرەتاییەکانی شانۆ دادەنرێت، شانۆش لە دوای ئوبوی پادشاوە، هەرگیز نەگەڕاوەتەوە دۆخی جارانی خۆی.

لە بنەماکانی شانۆنامەی ئوبوی پادشاوە سەرچاوە و ئامرازە واقیعییەکانی شانۆ وەلاوە دەنرێت و ئاسۆگەیەکی جیاواز بەڕووی هەموو شێوازە ئازاد و سەربەستەکانی شانۆدا دەکرێتەوە. هونەرەکانی قەرەقۆز، شانۆی بووکەشووشە و بنەما دێرینەکانی شانۆی ئینگلیزی هەندێ لەو توخم و ئامرازە هونەرییانەی دنیای شانۆی ئەلفرێد گارییە.

ئەلفرێد گاری بۆ یەکەم جار جگە لەو ئامرازە شانۆییانە، کۆمەڵێ تەکنیکی نوێی تر، بۆ ئەو سەردەمە، بەرجەستەی ڕووداوە و بونیادە دراماییەکەی ئەو زنجیرە شانۆییە دەکات کە بەشانۆنامەکانی ئوبوی پادشا ناسراوە. یەکێک لە گرنگترین ئەو تەکنیکانەش جۆرێک لە بێزارکردن و تووڕەکردنی بینەران بووە. ئوبوی پادشا بینەران ڕووبەڕووی کۆمەڵێ خورپەی



یەک لە دوای یەک دەکاتەوە. ئەم تووڕەبوونەش بینەران دەخاتە بارێکی وەهاوە، ڕاستەوخۆ قێزیان لە ناوەڕۆک و کارەکتەری سەرەکی شانۆییەکە بێتەوە.

ئەنتۆنین ئارتۆ یەکەم کەسە، دوای زیاتر لە سی ساڵ، پەردە لەسەر ڕووی بەها شانۆیی، فەلسەفی و هونەرییەکانی ئوبوی پادشادا هەڵدە ماڵێ. ئارتۆ ئەلفرێد گاری و ئوبوی پادشا، سەرلەنوێ، لە ناوەندێکی فراوانترەوە بەشانۆی فەرەنسی و جیهانی دەناسێنێ.

ئەنتۆنین ئارتۆ لە ساڵی ١٩٢٦دا و بەیارمەتی ڕۆژێی ڤێتراک و ڕوبیرا ڕۆن، شانۆی ئەلفرێد گاری Theatre Alfred Jarry دادەمەزرێنێ. تەمەنی ئەم شانۆیە درێژخایەن نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ نەمایشی گرنگ پێشکەش دەکەن، لەوانە: سکی سووتاو، نهێنییەکانی خۆشەویستی، لە نووسینی ڕۆژێی ڤێتراک ١٩٢٧ خەونە یاری، لە نووسینی ستریندبێری ١٩٢٨، ڤیکتۆر، یاخود منداڵەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، لە نووسینی ڕۆژێی ڤێتراک ,١٩٢٩

ئەنتۆنین ئارتۆ بەشێوەیەکی تەواوەتی فەلسەفەی ئەلفرێد گاری دەخوێنێتەوە. لە چەمکە کردەییەکانی دەکات. لۆژیکە بەهێزەکەی ئوبو شی دەکاتەوە و دەیکاتە کۆمەڵێک زاراوەی کردەیی شانۆ توندوتیژەکەی.

هەروەها بزووتنەوەی سوریالییەکان ئوبوی پادشا دادەنێن بەسەرچاوەیەکی گرنگ و دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی نەست. سوریالییەکان لەو چەمکەی نەستدا فەلسەفەی نیچە و زانستی دەروونناسی لە لای فرۆید، دەکەنە دەروازەیەکی گرنگی ڕاڤە و بۆچوونەکانیان سەبارەت بەخوێندنەوەی شانۆنامەی ئوبوی پادشا. ئەندریە بریتۆن ١٨٩٦ – ١٩٦٦ ئاماژەی ئەوە دەکات کە هێزە نادیارەکان، نەست و هەستە خەفەکراوەکان، هاوکێشە گرنگەکانی ئەو پرۆسێسە پێکدەهێنێ.

یۆژین یۆنسکۆ ١٩١٢ – ١٩٩٤ بەچاوێکی پڕ لە بایەخەوە دەڕوانێتە شانۆنامەی ئوبوی پادشا و دیدی سوریالیستەکانیش دووپات دەکاتەوە.

لەم ڕێگایەوە ئوبوی پادشا دەبێتە شۆڕشێک دژی هەموو جۆرە توخم و بنەما واقیعییەکانی شانۆ: واقیعیەت واقیعێکی ڕاستەقینە لە خۆناگرێت، بەڵکو مەوداکانی ئەو واقیعییە بەتەواوەتی کورت دەکاتەوە، وێنەکانی، تووخمەکانی و هاوکێشە ئێستاتیکییەکانی دەشێوێنێ. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەگرێتەوە بۆ لەبەر چاو نەگرتنی ڕاستی و هەست و سۆزەکانی مرۆڤایەتی: خۆشەویستی، مەرگ، سەرسوڕمان،

بێ ئارامی و دڵخۆشی بەشێوە قووڵە مرۆڤایەتییەکەی لە لای واقیع خوازەکان جێگای نابێتەوە. هەموو زنجیرە شانۆییەکانی بنەماڵەی ئوبوی پادشا، وا دەردەکەون کە تەنها بیرێکی ساکارە و ئەلفرێد گاری ویستوویەتی لە یەرگێکی فەلسەفی قووڵدا دەریببڕێت. بەڵام مەسەلەکە تەواو بەپێچەوانەیە و بنەمای ئەم دیدە هونەریانە بیر و فەلسەفەیەکی قووڵە و ئەلفرێد گاری لە بەرگی بیرێکی ساکاردا دەریبڕیوە. ئوبوی پادشا تەقەلایەکە بۆ گەڕانەوەی بنەما و توخمە گەوهەییەکانی سەرەتاکانی دروستبوونی شانۆ.

ئەلفرێد گاری ویستوویەتی شانۆ لە سینۆگرافیا، لە ڕیژی و تەنانەت لە ئەکتەریش ڕزگار بکات. ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی ئەلفرێد گاریش لە خودی نووسەرەوە دەست پێ دەکات. لەم ڕووەوە ئەوەی دووپات کردۆتەوە: ئەو کەسەی بۆ شانۆ دەنووسێت، دەبێت هۆشیارییەکی تەواو و گشتگری سەبارەت بەزاراوە و چەمکەکانی هونەری شانۆ هەبێت. هەروەها بەباشی درک بەوە بکات کە بۆ شانۆ دەنووسێت.

بێ گومان هەر بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی ئەلفرێد گارییدایە کە کلاسیکییەکانی شانۆ: کات، شوێن و ڕووداو، هیچ بەها و گرنگییەکیان نامینێ. لە بری ئەوە کارەکتەری تاک جێگای گرنگی پێدانە و دەبێتە ناوەند و چەقی ڕووداوەکان. هەر لە ڕێگای ئەم پاڵەوانەوە بەرجەستە و پێکداچوونی شوێنی جیاواز و وەلاوەنانی چەمکەکانی کات و یەکەی ڕووداو تێک دەشکێنێت. هەروەها ئەلفرێد گاری هێرش دەکاتە سەر هەموو چەمک و جۆرەکانی تری شانۆ، شانۆی فەلسەفی، شانۆی ئاکار و جۆرە شانۆ باوە هەرزانەکانی تری ئەو سەردەمە. شانۆی لە دوای ئوبوی پادشاوە ئامرازێک نییە بۆ بەرگریکردن لە مەسەلەکان، کات بەسەربردن و وتووێژی فەلسەفی و ئاکار، بەڵکو پیشەی شانۆ تەنها وروژاندنی ئەندێشەکانی مرۆڤە، تا لەو ڕێگایەوە خۆیان ڕاڤەی نەمایشە شانۆییەکان بکەن بەو شێوەیەی خۆیان تێ دەگەن.

کاروانی ڕەوتی شانۆنامەی ئوبوی پادشا بەردەوام دەبێت. لە هەموو سەردەم و سەدەیەکدا بە بەرگ و دیدی جیاوازەوە دەردەکەوێتەوە. پیتەر بروک لە شەستەکاندا دەگەڕێتەوە سەر ئەلفرێد گاری و بەچاوێکی پڕ لە بایەخەوە لە کتێبی (پانتایی بۆش)دا باسی دەکات. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٨دا هەموو شانۆنامەکانی ئوبوی پادشا لە یەک نەمایشدا لە لەندەن و شانۆی شاهانەی شەکسپیر پێشکەش دەکات. نەمایشەکە، وەک زۆربەی بەرهەم و پرۆژە شانۆییەکانی تری پیتەر بروک دەبێتە ڕووداوێکی هونەری گرنگ.



## بینای درامی لە شانۆنامەی ئوبوی پادشادا

### ئوبو کێیە؟

ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە لە شاری پۆلۆنیا ڕوو دەدات و چیرۆکی ژیانی ئوبوی سەرکردەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ڕابردووی ئەم سەرکردەیەش ڕابردوویەکی پڕ لە شکۆمەندییە و چەندین پلەی بەرزی لە دەزگا سەربازی و حوکمڕانییەکانی دەوڵەتدا وەرگرتووە. بەڵام ژنەکەی (دایک ئوبو) هانی دەدات کە پادشا بکوژێت و وڵاتەکە بەتەواوەتی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئوبو بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ (بۆردۆر)ی سەرکردەی یەکێک لە تیپەکانی سوپا پیلانێک دادەنێت، پەیمانیشی دەداتێ، وەک پاداشتێک، بیکاتە فەرمانڕەوای (لیتوانیا). پیلانەکە سەردەکەوێت و پادشا و هەموو بنەماڵەکەی دەکوژرێت، بەڵام یەکێک لە کوڕە گەنجەکانی پادشا (بۆگریلا) دەرباز دەبێت.

ئوبو هەر لە دوای ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەچاک و خراپ دەکەوێتە کوشتن و ڕووتکردنەوەی خەڵکی وڵاتەکە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێ سەربازی دز و پیاوکوژ لە خۆی کۆدەکاتەوە. سەرەتا دەکەوێتە کوشتنی دادپەروەران، پیاوچاکان و لێپرسراوانی دارایی وڵات، بەمەش دەست دەگرێت بەسەر مووچە و سامانەکانیاندا. باجێکی زۆر بەسەر هاوڵاتیاندا دەسەپێنێت و هەر خۆشی دەکەوێتە کۆکردنەوەی ئەو باجە. هەروەها لە بری ئەوەی پاداشتی (بۆردۆر) بداتەوە، دوای پیلانی کودەتاکە، دەیگرێت و لە بەندیخانەی توند دەکات. بەڵام (بۆردۆر)هەڵدێت و خۆی دەگەیەنێتە سیزەری روسیا و داوای یارمەتی و لێبوردنی لێ دەکات. سیزەری روسیا بەدەنگ هاوارەکەی بۆردۆرەوە دێت و بەسوپایەکی گەورە هێرش دەکاتە سەر پۆلۆنیا و داگیری دەکات. ئوبو هەڵدێت، بوگریلای کوڕی پادشا دەگەڕێتەوە و بەیارمەتی جەماوەر دایکە ئوبو و ئوبوی پادشا لە وڵات دەربەدەر دەکەن. شانۆنامەکە لە ڕووی ڕووداو و هێڵە گشتییەکانی چیرۆکەکەیەوە زۆر نزیکە لە ریتشاردی دووەم، ریتشاردی سێیەم و ماکبس: دراما مێژوویی و تراژیدیا خوێناوییەکانی شەکسپیرەوە.

بەشی یەکەمی شانۆنامەکە پێناسەیەکی تەواوەتی کارەکتەرە سەرەکییەکان دەکات، زانیارییەکی گشتگر دەداتە بینەران. سەبارەت بەوەی پیلانێک لە ئارادایە. هەموو شتێک لەم بەشەدا، لە ڕوانگەی بینایەکی درامی ساکار و ئاسانەوە دەخرێتە ڕوو.

بەشی یەکەم دەبێتە دەروازەیەکی زیاتر نزیک لە بنەماکانی شانۆی کلاسیکەوە:

پێشاندان و خستنە ڕوویەکی چڕ و ڕاستەوخۆی گەوهەری بابەتە سەرەکییەکە، بەبێ هیچ جۆرە مەنەلۆژ و گێڕانەوەیەکی درێژ. ئەمە جگە لەوەی هەر لەم بەشەدا، بینەران ڕووبەڕووی هێڵە دژوارەکانی گەمە و ململانێیەکی دەروونی دەبنەوە. دایکە ئوبو ئارەزوو و حەزی دەسەڵاتی مێردەکەی بەکاردەهێنێ بۆ نیازەکانی خۆیان. هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئامرازەکانی گەمەکە بەدەست ئەوەوەیە و هەر ئەویشە دەبێتە بزوێنەرێکی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان. لە هەمان کاتدا بینەران ڕاستی نیازەکانی ئوبوشیان، سەبارەت بەژنەکەی بۆ دەردەکەوێت. ئوبو دوای دەسەڵات گرتنە دەست، دەیەوێت لە دەسەڵاتی ژنەکەی ڕزگاری ببێت.

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی بینا ناوەکییەکەی پیەسەکەیە و ئەلفرێد گاری گەرەکیەتی، بەبێ هیچ گوێدانێک بەگرانی جێبەجێکردنی چۆنیەتی سینۆگرافیای دیمەنەکان، ژیانی ڕۆژانەی پاڵەوانەکەمان، لە هەموو ڕووداوەکانی ژیانیدا بۆ بەرجەستە بکات. بەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەموو ڕێساکانی کات و شوێن دەچێتە دەرەوە. بەڵام بینا دەرەکی و بنەما هونەرییەکە لە دەروازەی کۆمەڵێ تووخمی مادی و ئامرازی ساکاری دەربڕین ئاساوە بەرجەستە دەبێت. یەکێک لەو ئامرازە گرنگانەش سینۆگرافیا و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی دیمەنەکانی ئەم پیەسەیە لە کاتی نەمایشکردندا. سەبارەت بەسینۆگرافیا، زۆر گرنگە ڕێژیسۆر بەهەر شێوازێکی هونەری و فیکری کار دەکات، سینۆگرافیایەک بەکاربهێنێ کە نەمایشەکە بەرجەستەی بارودۆخێکی ئەفسانەیی بکات. ئەمەش بنەمایەکی گرنگە بۆ وەلاوەنانی کات و شوێنێکی دیاریکراو. هاوکێشەی سینۆگرافیا و پرۆسەی بەکارهێنانی ئامرازە کردەییەکانیش دەبێت لە بارێکی بزۆزی پڕ لە جووڵە و گۆڕانکارییەدا بێت، تا ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ ببەخشێتە بینەران بەگۆڕانیکی بەردەوامی شوێنەکان، بەمەش پرۆژەکە مۆرکێکی داستانی لە خۆدەگرێت.

/ دەنگ/ توخمێکی تری ئەو بونیادە دەرەکییەی شانۆنامەیەکە. هەرچەندە ئەلفرێد گاری ئاماژە بەچۆنیەتی بەکارهینانی دەنگێکی تایبەت ناکات، بەڵام لە خودی ڕووداوەکاندا، لە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی دیمەنەکاندا، لە ڕەفتاری کارەکتەرەکاندا و بارودۆخی گشتی نەمایشەکەدا هەوڵی بەکارهینانی هەندێ ئامێری دانسقەی وای داوە کە دەنگیکی ناتەبا، جیاواز و نامۆ لە خۆبگرێت.

ئەم کاریگەرییە جیاواز و ناتەبایانەش لەگەڵ سیما و چۆنیەتی جلوبەرگی کارەکتەرەکاندا یەک دەگرێتەوە. ئەلفرێد گاری خۆی بەوردی چۆنیەتی جلوبەرگەکانی



شانۆنامەکەی دیاری کردووە. بۆ نموونە کارەکتەری (بورگریلا) جلوبەرگی منداڵان دەپۆشێ، بەڵام کارەکتەری (بوردور) بەرگێکی سووری بریقەداری تەسک لە بەردەکات کە بەتەواوەتی بەجەستەیەوە نووساوە. (بوردور) جگە لەو جلە سوورانە پاڵتۆیەکی ئێجگار گەورە و شمشێرێکی قورس و گەورەشی بەدەستەوەیە. بەڵام جلوبەرگی دایکە ئوبو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا دەگونجێت کە لە دوو توێی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا بەسەریا دێت: لە سەرەتادا جلوبەرگێکی بازرگان و دوای ئەوە دەرگاوانی لەبەردایە، بەڵام لە دیمەنی خواندا بەرگەکانی شێوازێکی قێزلێکەرەوە لە خۆدەگریت. دایکە ئوبو لە دیمەنی شەشەمی بەشی دووەمەوە پاڵتۆیەکی گەورەی فەروی پادشایانە لەبەر دەکات. بەڵام ئوبو بەدرێژایی شانۆنامەکە هەمان جلوبەرگی لەبەردایە، لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری ورد لە هەندێ دیمەندا. جلوبەرگەکانی ئوبوش بریتییە لە: کراسیکی فشی درێژی مەیلە و قاوەیی، دارێکی باریک کە هەمیشە بەدەستیەوەیە، لەگەڵ شەپقەیەکی خڕی ئێجگار گەورە. بەڵام لە دوای کوشتنی پادشاوە لە بری ئەو شەپقە گەورەیە تاجی پادشایەتی لەسەر دەکات.

ئەلفرێد گاری ئەم سیما دیارینەکراوانەی جلوبەرگی کارەکتەرکانی زۆر بەلاوە گرنگ بووە. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردن و خولقاندنی مۆرکیکی جیهانی و دوورکەوتنەوە لە هەموو بنەما و ئاماژەی سنوورە ناوخۆییەکان و مێژوویەکی دیاریکراوەوە.

## ئوبوی پادشا لە ستۆکهۆڵم

شانۆی شار ئوبوی پادشا پێ بەپێی جەنگ و ڕووداوەکانی جیهان ئامادە دەکەن. جەنگ بۆ هونەرمەندانی ستۆکهۆڵم دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و دەروازەیەکی واڵای بەستنەوە و تێهەڵکێشکردنی چەمکەکانی ئەم شانۆنامەیە بەپلان و ڕۆژ ژمێرەکانی جەنگەوە. بۆ ئەم مەبەستەش مەیدانەکانی جەنگ، بۆچوونە ڕامیارییەکانی سەردەم، ناڕەزایی دەربڕین، هەڵویستە وەرگرتن و بنەما فکرییەکان دەبنە دەروازەی گفتوگۆیەکی هونەری و ڕامیاری. بێگومان جەنگی عێراق و ئەمەریکاش، وەک تازەترین ڕووداوە جیهانییەکانی ئەمڕۆ، بنەمایەکی گرنگی ئەو ئامادەکردنەیە، گرنگی و زیندوویی پیەسەکەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای بەستنەوەی شانۆنامەکە بەڕووداوەکانی ئەمڕۆوە.

ئامادەکردنەکە فۆرمی مۆزیک دراما (شانۆیەکی مۆسیقی) لە خۆدەگرێت، مۆسیقا و گۆرانی وەک دوو ئامرازی گرنگ، یەکەیەکی بەهاداری کۆمیدی پێک دەدهێنێ.

ئەکتەرەکان بەشێوازێکی گاڵتەئامێز و گەمە، ڕەخنە لە دیکتاتۆر و شەڕخوازەکان دەگرن. هەروەها فۆرمەکەش خاڵێکی بزۆزی دەربڕین ئاسا و شێوازێکی نامۆش دەخوڵقێنێ.

مۆسیقا بەرجەستەی هەمەوو دەنگە پێویستەکان دەکات: ئاژێر، مارشی سەربازی، دەنگی تەقینەوە، دەنگە بێزارکەرەکان، تۆنی پێکەنیناوی، سروودی نەتەوایەتی و خوڵقاندنی ئامرازە کاریگەرییەکانی تری جەنگ.

ئۆرکستراکە لە لای چەپی پێشەوەی شانۆکەوە و لەبەرچاوی بینەران دانیشتوون، بەمەش بوونەتە بەشێکی گرنگی نمایشەکە و بوونیکی بەردەوامیان هەیە. هەروەها هەندێ جار بەشداری ڕووداوەکانیش دەکەن، جلوبەرگێکی ساکار، یان کڵاوێک دەکەنە سەریان و دێنە دیمەنەکانەوە. بەم شێوەیە دەبنە سەرباز، گوندنشین، ئەسپ سوار و هاوڵاتی ئاسایی. لەم نمایشە مۆسیقییەدا، ئوبو بزوێنەر و کارەکتەرەکان هەڵدەسوڕێنێ و خۆشی دەبێتە ناوەندێکی گرنگی بونیادە گشتگرەکەی نمایشەکە. ئوبو بەزمانی جەستەی هاوکێشەیەکی هاوتای دروستکردن و خوڵقاندنی دیمەنەکانە، لە دیمەنەکانیشدا بەچەشنی لیبوکێکی بەتوانای گورجوگۆڵ پەیوەندییەکان لە جووڵەیەکی خێرادا پێک دەهێنێ. ئوبو لیبوکێکە دەتهێنێتە پێکەنین و لە هەمان کاتدا گریانیش. بەڵام هیچ مەترسییەک دروست ناکات و وەک منداڵێکی گرگن و ڕۆح سووک دێتە پێش چاو. لە ڕاستیدا ئوبوی پادشا، لە دیدی ئەلفرێد گارییەوە، لیبوکێکی دڕندەیە و دەیەوێت هەمەوو جیهان بگوڕێت. هەروەها وەک منداڵ وڕک دەگرێت و گەر داواکانی نەهێنرێتە دی ئەوە دەکەوێتە هاوار هاوار.

سینۆگرافیای نمایشەکە لە سەرەتاوە کەلاوەیەکی گەورە دەخوڵقێنێت. بەرمیلە کۆن، سەلاجەی شکاو، تەنەکەی خۆڵ، عەرەبانەی شکاو و تایەی دڕاوی گەورە گەورەی ئۆتۆمبیل، کەرەسەیەکی بەکارهێنراو و ئامرازی دەربڕینی ڕووداوەکانە. بێگومان ئەو ئامراز و کەرەسانەی ئاماژەمان بۆ کرد، لە کاتی پێویستدا و بەپێی نەخشە و چۆنیەتی بەکارهێنان، بەشێکی گرنگی دەربڕینی دیمەنەکان و بەرجەستەیەکی ڕاستەوخۆی دیدی ڕیژی و چەمکەکانی زاراوە شانۆییەکە پێک دەهێنێ.

هەروەها بەکارهێنانی کۆمەڵێ بووکەشووشەی سپی لە پەڕۆ دروستکراوی گەورە، بەشێکی گرنگی گەمە شانۆییەکان دەکاتە لایەنێکی کردەیی ئەو هاوکێشەیە. ئەو بووکەشووشە پەڕۆیانە دەبنە سەربازی لەشکرێکی دۆڕاو، گۆڕی بەکۆمەڵ، کوژراوەکانی جەنگ و لە هەمان کاتدا شورای بەرگری ڕژێمەکەی ئوبوی پادشا.



## هاملێت لە نێوان تەمەنی هەرزەکاریی و گەورەبووندا

شانۆنامەی: هاملێت Hamlet

نووسینی: ولیەم شەکسپیر Shakespeare

وەرگێڕانی: بێنگت ئەندەرباری Bengt Anderberg

دراماتۆرگ: نیلس گرێدەبی Nils Greteby

سینۆگرافیا: سێورن برینیۆس Soren Brunes

ئامادەکردن و ڕیژی: ئێتینە گلاسەر Etienne Glaser

شانۆی شار، گرۆی کلارا Unga Klara

هاملێت یەکێکە لەو شاکارە بەرزانەی شەکسپیر کە بەردەوام، لە هەمەوو سەدە و سەردەمێکدا و لەسەر ئاستی جیاوازی دید و بیروبۆچوون دەخرێتە ڕوو. ڕاڤەکردنی کارەکتەری هاملێتیش یەکێکە لە لایەنە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم هاوکێشە دەوڵەمەندە. بێگومان زیندوویێتی کارەکتەرەکە، وەک گیانێکی نەسرەوتی پڕ لە پرسیار، زەمینەیەکی لە باری خوڵقاندووە بۆ بەردەوامیی ئەم تراژیدیایە. وا پێ دەچێت چرکە زەمینەیەکی لە باری خوڵقاندووە بۆ بەردەوامیی ئەم تراژیدیایە. وا پێ دەچێت چرکە زەمەنی هاملێت لەم سەدەیەشدا نەسرەوێت و بەردەوام جیهانبینی شتی نوێ و نهێنی بەدینەکراوی دوو تویی ئەم زەمەنە زیاتر بدۆزێتەوە.

ساڵی پار توانیم لە سێ دید و ڕوانگەی جیاوازەوە شانۆنامەی هاملێت ببینم[٥]. سەرەتا لە شاری لەندەن و لە ژێری هونەرمەندی گەورەی ئینگلیزی (پیتەر هاڵ)، دواتر لە ڤیستیڤاڵی شانۆی نێونەتەوەیی لە شاری (تامەرفۆش)ی وڵاتی فینلاند و لە کۆتاییشدا لە شانۆی شار، گرۆی نەوجەوانانی (کلارا) لە ستۆکهۆڵم. لەم بەشەی کتێبەکەشماندا نمایشەکەی شانۆی (شار) لە ستۆکهۆڵم بەسەر دەکەینەوە.

## هاملێتێکی هەرزەکار

هاملێت گەنجێکی هەرزەکارە و بەهۆی مردنی باوکییەوە تووشی پەژارە و دڵەڕاوکێیەکی گەورە بوو. لەم دوو ڕێیانەدا بەتەنها لە کێشەیەکی ئاڵۆزی باوەڕ و بوون و نەبووندایە. خەمی مەرگی باوکی و بەپەراوێز بوونی خۆشی گرفتێکی قووڵی پێناسە و دەروونیی بۆ

دروست کردووە. هاملێت منداڵێکی هەرزەکارە و بەرەو دنیای گەورە بوون دەچێت، بەڵام هیچ بوارێک بۆ ئەو گەورە بوون و هەڵکشانە نییە و لە بری ئەوە هەموو شتەکان لە بازنەیەکی ناپاکی و پاشقول لێگرتندا دەخولێتەوە. هاملێت گەنجێکی ئاساییە و شایەتی ژیانێکی پڕ لە درۆ و ریایی و حەزی دەسەڵات و پیلان دانانی گەورەکانە، ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە سەرەتایەکی گرنگی ڕاڤە و خوێندنەوەکانی ڕێژیسۆر (ئێتینە گلاسەر[٦١])ە لە ستۆکهۆڵم.

نەمایشەکە گەمەیەکی توندوتیژی کۆمەڵێ مێردمنداڵ لە پانتایی و ڕووبەرێکی فراوان و لە هەمان کاتیشدا دیاریکراو لە خۆدەگرێت. ئەم نمایشەی هاملێت تەنها باسی منداڵ و دایک و باوک ناکات، بەڵکو باسی عەشقێکی گەنج و شەڕانگێزەی گەورەکانیش دەکات. هەروەها مەسەلەکانی دەسەڵات، ئاکار، جەنگ و مردنیش بەشێکی گرنگی خوێندنەوە هونەرییەکەی شانۆنامەکەیە. بەڵام ڕاڤە و پێگەیشتنەکان لە چەقی ناپاکییەکی گەورەدا دەخولێتەوە و هەموو شتەکان لە خودی چەمکەکانی پیلان و ناپاکی ئەوانی ترەوە سەرچاوە دەگرێ.



دیمەنێک لە شانۆنامەی هاملێت
وێنەی: Lesley Leslie - Spinks



ڕێژیسۆر بۆ نزیکبوونەوەی دید و بەرجەستەکردنی بۆچوونە هونەرییەکەی، کەسایەتی هاملێت و شاژنی دایکی دەخاتە چەقی ڕووداوەکانەوە. هاملێت، لایرتس، هۆراشیۆ و ئۆڤیلیا تەمەنیان لە نێوان چواردە و پانزە ساڵیدایە و جلوبەرگەکانیشیان جلوبەرگی منداڵانە. ئەکتەرەکان لە سەرەتادا، وەک گەمەی چاوشارکێ، دوو دوو بینەرانیان دەبردە هۆڵی شانۆکەوە و ناچاریان دەکردن کە لە شوێنی دیاریکراودا دانیشن.

## زەمەنی نەمایشەکە

ڕێژیسۆری شانۆنامەکە (ئێتینە گلاسەر) زەمەنی ڕووداوەکانی گێڕابووەوە بۆ ساڵەکانی سی و پەنجاکانی هەزارەی ڕابردووی وڵاتێکی دیکتاتۆر. پادشا (کلادیێۆس) بەجلوبەرگی سەربازی، دیکتاتۆرێکی مۆدێرنی وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی بەرجەستە دەکرد.

هەر لەم ڕوانگەیەوە کارەکتەری پادشا زیاتر لە کابرایەکی بەدەسەڵاتی سەر بەدەزگا تۆقێنەرەکانی ئاسایش دەچوو. زۆر دڵڕەقانە و هەندێ جار گاڵتە جاڕانە مامەڵەی لەگەڵ ڕۆڵەکەی خۆیدا دەکرد.

پاسەوانەکانی بەردەوام چاودێریان دەکرد، هەندێ جار وەک پۆلیسی نهێنی شوێن پێی هاملێت و کارەکتەرەکانی تر دەکەوتن. شاژنیش وەک ئافرەتێکی بەدمەست و بێ دەسەڵاتی گێل لە پەراوێزی دەسەڵاتی پادشادا دەخولایەوە.

دیاریکردنی ئەو زەمەنە و بەستنەوەی بەدەزگا و سیستەمی وڵاتێکی دیکتاتۆرییەوە، نەمایشەکەی نزیک کردبووەوە لە ڕۆحی سەردەم و لە هەمان کاتدا گەمەیەکی ڕاستەوخۆی جیهانبینی مێردمنداڵانیشەوە.

## سینۆگرافیا و دیدی ڕێژی

سینۆگرافیا لایەنێکی گرنگ و تەواوکەرێکی ڕاستەوخۆی ئەو هاوکێشە هونەرییەیە. بونیادنان و خوڵقاندنی سینۆگرافیا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پراکتیزەکردنی دیدی ڕێژیسۆردا. خودی شانۆکە سەکۆیەکی بەرزی بۆشی بە لم داپۆشراوە و لە کۆی ململانێ و شەڕە مستەکۆڵە دەچێت. بینەران لە سێ لاوە، وەک هۆڵی یاریگایەکی داخراو، بەدەوری شانۆکەدا دانیشتوون. هەروەها دیوارێکی گەورەی ڕەشی لە شووشە دروستکراو لە بەردەم سەکۆی شانۆکەشدا، لە قووڵایی پانتایی هۆڵەکەدا بەرزبۆتەوە.

نەخشەی سینۆگرافیاکە بارێکی ئینتیم و نزیک لە بینەرانی دروست کردبوو، لە هەمان کاتدا شانۆیەکی ئێلیسا بێسی و یەکێک لە ژوورەکانی کۆشکی پادشای دانیمارکیشی خولّقاندبوو.

ئەو پانتاییییە بە لم داپۆشراوە، زۆر بەئاسانی گۆڕانکاری بەسەردا دەهات و بەشێوازێکی ساکار و پراکتیکی بەرجەستەی ڕووداوەکانی دەکرد. هەروەها لە کاتی پێویستدا دیوارە شووشە ڕەشەکەش دەکرایەوە و پانتاییەکی تریشی بۆ بەرجەستەکردن دەبەخشییە دەروازە و پانتایی نمایشەکە و بەو شێوەیەش چەمکەکانی شانۆییەکە سنوورێکی فراوانتری لە خۆدەگرت.

## شانۆی ناو شانۆ و زەمەنێکی جیوەیی

زەمەن لەم نمایشەدا مەوداکانی زەمەنێکی دیاریکراوی نامێنێ، زەمەن و شوێن پێکدادەچن و مەودایەکی ڕەها و زەمەنێکی جیاوازی جیوەیی دەخولّقێنن. هەرچەندە زەمەنی نمایشەکە سی و پەنجاکە، بەڵام هەندێ جار ڕیژبسۆر لە گەمەیەکی بەسەلیقەدا هەموو مەوداکانی زەمەنێکی دیاریکراو تێدەشکێنێ. دیمەنی هاتنی گرۆ شانۆییەکەش نموونەیەکی ئەو زەمەنە جیوەییەیە. کە گروپە شانۆ گەڕۆکەکە دەکاتە کۆشکی پادشا، دیوارە شووشە بەرزەکە دەکرێتەوە و پانتاییەکی تری شانۆیی، کتوپڕ بەرامبەر بەبینەران قوت دەبێتەوە.

لەم دیمەنەدا، ئەکتەرەکان خۆیان، سەرەتا بەنەمایشێکی پانتۆمایم باسی سروشتی دڕندەیی مرۆڤمان بۆ دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی چاخە بەردینەکان. مرۆڤ و ئاژەڵ، ئاژەڵ و مرۆڤ، وەک دوانەیەکی دڕندەیی بەرجەستەی ئەو تابلۆیەمان بۆ دەکەن.

دوای ئەوە لە ڕێگای بنەماکانی شانۆی ڕۆژهەڵاتەوە، بەجلوبەرگێکی ئێجگار ڕازاوە و بەشانۆیەکی وێنەیی بەرز جوانترین دیمەنمان پێشکەش دەکەن. تەکنیک و چەمکە دێرینەکانی شانۆی ڕۆژهەڵات، لە چین، هندستان و ژاپۆن و لە یەکەیەکی هونەری یەکگرتوودا و بەرۆحێکی کۆمیدی بەرجەستەی تیرۆرکردن و لە ناوبردنی پادشای باوکی هاملێتمان بۆ دەکەن.

کارەکتەری (هۆراشیۆ) دەبێتە یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو گروپە گەڕۆکەی کۆشکی پادشا، بەئامێری سەکسیفۆن بەشدارییەکی چالاکی ئەو گەمە شانۆییە دەکات.



دیالۆژەکانی هۆراشیۆ، هەر لە سەرەتاوە بەتەواوەتی وەلانراوە و وەک سێبەر و ڕۆحی هاملێت بەئاوازی سەکسیفۆنەکەی گوزارشت لە ڕووداوەکان دەکات.

دوای ئەم پەردە هەڵماڵینەش لەسەر تاوانەکانی پادشا و لە دیمەنی نوێژکردنەکەیدا، هاملێت لە بری شمشێر، وەک منداڵێکی گرۆزی تووڕە، دەیەوێت بە بەردێکی زل سەری پادشا پان بکاتەوە.

## ئۆڤیلیا و لایەنێکی گرنگی گەمەکە

کارەکتەری ئۆڤیلیا لایەنێکی گرنگی ئەو گەمە دوو فاقییەیە، کەسایەتییەکی سەربەخۆ، دوور لە دەسەڵاتی پۆلۆنیۆسی باوکی و لایەرتی برایەوە ڕەفتار دەکات. هاملێت و ئۆڤیلیا لە چەقی ڕووداوەکاندان و ئۆڤیلیا بەپێچەوانەی هاملێتەوە، بەوپەڕی بڕواوە هەنگاوەکانی دەنا.

ئۆڤیلیا بڕوای بەخودی خۆی و بەعەشقی هاملێتە، هاملێتی خۆش دەوێت و لە گرفتەکانی هاملێت و میکانیزمە دژوارەکەی هاملێت، پادشا و شاژن دەگات. مەرگی ئۆڤیلیاش دەبێتە بەشێکی گرنگی گەمە خوێناوییەکەی حەزی دەسەڵات و پیلانەکانی ئەو کۆمەڵگا بۆگەنە. یەکێک لە جوانترین دیمەنەکانی ئەم شانۆگەرییەش بەرێکردن و ناشتنی تەرمی ئۆڤیلیا بوو. دیمەنەکە بووە ئەفسوون و بەتەکنیکێکی زۆر بەرز، بەتیشک و ڕووناکی و لە ژێر نەرمە بارانێکی غەمگیندا و لە چاوترووکانێکدا بەرجەستە بوو. هۆراشیۆش لە ژێر نمەی باران و بەدیار تەرم و گۆڕەکەی ئۆڤیلیایەوە بەئامێری سەکسیفۆنەکەی غەمناکترین ئاوازی پێشکەش کرد.

## مەرگی هاملێت و کۆتایی گەمەکە

بەمەرگی هاملێت کۆتایی بەهەموو شتەکان دێت، مەرگی هاملێت کۆتایی بازنەکە و پاکبوونەوەی گێتی و بووژانەوەیەکی گێتی و بووژانەوەیەکی سەرلەنوێی ڕووداوەکانە.

ئێتینە گلاسەری ڕیژبسۆریش بەشێوەیەکی کاریگەر کۆتایی بەو گەشتە بازنەییە تراژیدییە هێنابوو. لە دیمەنی کۆتاییدا و لە دوای مردنی هەموو کارەکتەرەکان، هاملێت بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ تەرمەکانی پادشا، شاژن و لایرتس، یەکە یەکە لەسەر سەکۆ بەرزەکەی شانۆکەوە فڕێدایە خوارەوە. خۆشی زۆر بەهێمنی چاکەت و پێڵاو و گۆرەوییەکانی داکەند و لەسەر شانۆکە بەجێی هێشتن و ڕۆیشتە دەرەوە. گیانی، جەستە و

کەسایەتی هاملێت لە جلوبەرگەکانی دێتە دەرەوە و دەڕوات بۆ جیهانێکی تر. جووتێ پێڵاو و جووتێ گۆرەوی لەسەر شانۆکە بەجێ دەمێنێ، ئەوەش تەنها شتێکە کە هاملێت لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. کە (فێتربراس) وەک سەرکردەیەکی سەرکەوتووی سوپای نەرویژ، دوای مردنی هەموو کارەکتەرەکان دێتە ژوورەوە، پاسەوانە تایبەتمەندەکانی پادشا (کلادییۆس) وەک بەردەوامییەک بەو بارودۆخە ترسناکە پۆلیسییە، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، جێگای خۆیان بەدوای ڤێتریاسەوە دەکەنەوە.

## سەرەتا و کۆتایی

سەرەتا دەمامکەکان بەسیمای کارەکتەرەکانەوەیە، پێکەنینێکی ساختە و سیمایەکی درۆزن لە پشت دەمامکەکانەوە خۆیان شاردۆتەوە. لە کۆتاییشدا کە دەمامکەکان دەکەونە خوارەوە، سیما ڕاستەقینەکانیش دەردەکەون.

یەکەم چرکە ساتەکانی سەرەتا و دەستپێکردن، شانۆکە بەلم داپۆشراوە. پانتاییەکی بۆش و هیچ ئاسەوارێکی دیار بەسەر لمەکەوە نییە. پانتاییەکی پاک و بێگەرد، دوای نمایشەکەش ڕووداوەکان جێگای پەنجەی خۆی بەسەر ئەو لمەوە، پانتاییەکانی ئەو شوێنەوە، بەجێ دەهێڵێ. جیهانێکی چۆڵ، بێ دەنگ و سامناک، لە تەنها جێگای پێ، دەست و جەستەی ئەکتەرەکان، بەسەر لمەکەوە هیچی تر نابینرێ.



## شەقامی تیمساحەکان

شانۆی: شەقامی تیمساحەکان The Street Of Crocodiles

ئامادەکردنی لە بەرهەمەکانی: بریۆنۆ شولز Bruno Schulz

ڕیژی: سیمۆن ماک بۆرنی Simon McBurney

ئەمرۆ لە ڕەوتی شانۆی ئینگلیزیدا چەندین گرۆی شانۆیی، لە دید و بۆچوونی جیاوازەوە کاردەکەن. زۆربەی تەوژمە ئەزموونکار، هاوچەرخ و مۆدێرنەکانی شانۆی جیهانیش، بەشێوەیەک لە شێوەکان، لە ئینگلیستانەوە دەردەکەون. ئەو تەوژمە شانۆییە گوڕێکی بەهێزیان بەڕەوتی شانۆی ئینگلیزی بەخشیوە. بێ گومان شانۆی ئینگلیزیش زنجیرەیەکی گرنگی شانۆی هاوچەرخی جیهانییە، لەو ڕوانگەیەوە هەر بەرەو پێشەوە چوونێک، یاخود گۆڕانکاری و هێنانەکایەی دیدێکی نوێ، کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر ڕەوتی شانۆ لە هەموو ئەوروپا و جیهاندا دەبێت.

شانۆی پادشایەتی شەکسپیر لە لەندەن تاکە بواری گرنگی دەروازەکانی ئەو بزووتنەوە بەپێزە شانۆییە نییە. بەڵکو ئەمڕۆ چەندین گرۆی ئەزموونگەر و دیدی جیاوازی تر نەخشەی شانۆی ئینگلیزی لە لەندەن پێکدەهێنن. نەخشەیەکی دەوڵەمەندی ڕەها کە دەکرێت بڵێین ئەمڕۆ ئەو گرۆ جۆراوجۆرانەی بەکۆڵان و شەقامەکانی لەندەندا بڵاوبوونەتەوە، ڕەوتە گشتی و هەمەلایەنەکەی شانۆی ئینگلیزی پێک دەهێنێ.

بۆ نموونە شـــانۆکـــانی Theatre De Complicite, Cheek Jowl, The Wrestling School چەند نموونەیەکن لەو گرۆ زۆر گرنگ و دیارانەی ئەمڕۆ لە نەخشەی شانۆی ئینگلیزیدا.

یەکێک لەو هۆیانەی کە ئەم گرۆ شانۆییانەی گەیاندۆتە ئاستێکی جیهانی، ئەو گەشتە بەردەوامە هونەری و بەپێزە سەرکەوتوانەیە کە بەناو وڵاتە ئەوروپییەکان و جیهاندا دەیکەن. یەکێک لە بنەماکانی دارشتە و پانتایی نەمایشەکانیان هونەری شانۆ و شیعرییەتی ڕووداوە. بەمانایەکی تر دیدێکی ئەزموونگەری، گرنگیدان بەوردەکاری، ئاستێکی قووڵی نواندن و تەکنیکێکی بەرزی هونەری، دەسەڵاتی یەکەمی پڕۆژەکانیانە. لەو ڕوانگەیەشەوە دووپاتکردنەوەیەکی گرنگی ئەو گرۆ هونەرییانەیە بۆ سەربەخۆیی هونەری شانۆ، دامەزراندنی دیدی نوێ و بەدەست هێنانی فۆرمێکی وێنەیی بۆ گوزارشتە

فەلسەفییەکان. لەم نووسینەشدا باسی شانۆی (کۆمپلیستێ) Theatre De Complicite دەکەین. ئەم شانۆیەش دادەنرێت بەیەکێک لە هەرە گرنگترین پرۆژە شانۆییەکانی وڵاتی ئینگلیستان و شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

## کورتە سەرنجێکی مێژوویی

ڕیژیسۆر و دراماتۆرگ و ئەکتەری بەتوانا (سیمۆن ماک بۆرنی) لە ساڵی ١٩٨٣دا شانۆی Theatre De Complicite ی لە لەندەن دامەزراندووە. ئەم شانۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە و بەنمایشکردنی شانۆیی Aminute Too Late کە لە ساڵی ١٩٨٤دا پێشکەشیان کردووە، ناوبانگێکی گرنگیان بەدەست هێناوە.

ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیە سەر بەوڵاتی جیاواز و زیاتر مۆرکێکی نێونەتەوەیی بەخۆوە گرتووە. دروستکردنی پردێکی هاوبەشیش لەگەڵ زۆر لە شانۆکارانی جیهاندا یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی پرۆژەیەک لە دوای یەکەکانی هونەرمەندانی ئەم گرۆ شانۆییە. هەر لەم ڕوانگەیەوە جێگا پەنجە و کاری هاوبەشی هونەرمەندانی وەک (ژان لیکۆک)ی فەرەنسی و (دۆنارتۆ سارتۆری) ئیتالی، لە پاڵ شانۆکارە ئینگلیزییەکاندا، بەسەر کار و پرۆژەکانی ئەم شانۆیەوە دیارە. هونەرمەندەکانی ئەم گروپە لەو حەڤدە ساڵەی تەمەنیاندا بەپرۆژە شانۆیەکانیان گەشتی چل و یەک وڵاتیان کردووە، نمایشەکانیان لە زیاتر لە سەد و هەشتا شار پێشکەش کردووە. چەمکەکانی شانۆیەکی سەراپاگیر یەکێکە لە گرنگترین خاڵەکانی پێناسەی ئەو هونەرمەندانە بۆ شانۆ. لەو شانۆ سەراپاگیرەدا جەستە و دەربڕینێکی بەهێزی فیزیکی، چارەسەری جیاواز و پڕ لە فەنتازیایەکی سوریالیزم ئاسا، لەگەڵ دەربڕینی توانای بەکۆمەڵ و هاوبەشیکردنی ئەکتەر و جەستەیەکی بەهێز و وزە، خاڵە ڕاستەوخۆکانی پرۆژەکانیان پێک دەهێنێ. هەروەها یەکێک ل هۆکارەکانی سەرکەوتن و بەردەوامی ئەم گروپە ئەوەیە کە هەردەم خەریکی پشکنین و مەشقی هونەری و خۆپێگەیاندنێکی بێ وەستانە. بەتایبەتیش لەگەڵ دەستکردنیان بەخۆئامادەکردن بۆ هەر پرۆژەیەکی نوێ، ئەزموون و لابورێکی داهێنان و ئەزموونگەری دەبێتە دەروازەی ئەو سەرەتا مەزنەی کە بەر ئەنجامەکەی دامەزراندنێکی خوڵقاو، لە بەرگی نمایشێکی سەرکەوتوودا سەقامگیر دەکات. تا ئێستا ئەم گرۆیە زیاتر لە بیست و پێنج پرۆژەی گرنگیان بەرهەم هێناوە.



## سەردانەکانی ئەم گرۆیە بۆ سوید

ئەم گرۆ شانۆییە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٥دا بەشانۆیی The Three Lives of Lucie Cabrol سەردانی ستۆکهۆڵمیان کردووە. ئێستە دوای سێ ساڵ بەیەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانیان The Street of Crocodiles (شەقامی تیمساحەکان) دەگەڕێنەوە بۆ ستۆکهۆڵم. (سیمۆن ماک بۆرنی) ڕیژیسۆر و بەرپرسیاری هونەری گروپەکە سەبارەت بەهونەری شانۆ دەڵێت:(ناکرێت شانۆ تەنها هەر شانۆ بێت، دەبێت شانۆ بەشێک بێت لە ژیان. تۆ دەبێت زۆر قووڵ و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خەریکی هەڵکۆڵین و پشکنین بیت، تا سەرچاوە ڕاستەقینەکان دەدۆزیتەوە. هەموو پرۆژەیەکی نوێ وەک داگیرساندنی دەنکە شقارتەیەک وایە. نازانی ئەو دەنکە شقارتەیە چۆن دەسووتێت، ئاگرەکە چۆن بڵاودەبێتەوە، یان لەوانەیە هەر دانەگیرسێت.)

یەکێک لە سەرچاوە و بنەما فەلسەفییە گرنگەکانی ئەم هونەرمەندە خودی ژیان خۆیەتی بەهەموو لق و پۆپەکانییەوە. ژیان لە بۆتەی مەسەلەی ڕامیاری، ئابووری، خۆشەویستی و سێکسدا. ئەمە جگە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری مرۆڤ بەسەر خۆیی و دەوروبەرەکەیەوە. مرۆڤ لە پاڵ ژیاندا لە چەقی ڕووداوەکاندایە و هاوکێشەیەکی تەواوکەری یەکتریشن. بەڵام فۆرم و شێوازی کارکردن، دیدێکی ئەزموونگەری و فەنتازییە، زمانی دەربڕینیش زمانێکی قووڵی جەستە و وێنەیە.

(شەقامی تیمساحەکان) گەشتی ئەم جارەیانە بۆ ستۆکهۆڵم، ڕۆژنامە سەرەکی و ڕەخنە شانۆییەکان وەک ڕووداوێکی هونەری گرنگ ئاماژەیان بەسەردانی ئەم گرۆیە کرد. هەروەها دووپاتی ئەوەشیان کردۆتەوە کە سەردانەکانی ئەم گرۆیە، شانۆ و ئەزموونی شانۆی سویدی تووشی ڕاچڵەکینێکی گەورە دەکات.

شەقامی تیمساحەکان لە هەردوو کتێبی نووسەری پۆڵۆنی (بریۆنۆ شولز)ەوە ئامادەکراوە. یەکەمیان کۆمەڵە چیرۆکی (دووکانەکانی دارچینی) کە لە ساڵی ١٩٣٤ بڵاوکراوەتەوە، دووەمیشیان ڕۆمانی Sanatorium Under Timglasets Tecken کە لە ساڵی ١٩٣٧دا بڵاوکراوەتەوە. واتە هەردوو کتێبەکەی ئەم نووسەرە بەر لە بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووەم بڵاوکراونەتەوە. ئەم دوو بەرهەمە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و ئاستێکی فیکری، هونەری بەرزیان هەیە. نووسەر شێوازێکی زۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە لای هیچ نووسەرێکی تر نابینرێ.

ئەم گروپەش وەک کیشوەرێکی تازە دۆزراوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم نووسەرە کردووە و کردوویانەتە بنەمایەکی سەرەکی لە ئامادەکردن و دامەزراندنی ئەم پڕۆژەیەیاندا، ئەمە جگە لەوەی کە بەم نمایشە سەرکەوتووەیان سەرلەنوێ ئەم نووسەرەیان بەجیهان ناساندۆتەوە.

نەمایشی (شەقامی تیمساحەکان) بۆ یەکەم جار لە شاری لەندەن و لە ساڵی ١٩٩٢دا پێشکەش کراوە. سەرکەوتنی ئو پڕۆژەیە دەبێتە ڕووداوێکی هونەریی و بۆ ماوەیەکی درێژ لێدوان و گفتوگۆیەکی بەربلاو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لەندەندا دەخوڵقێنێ. دوای ئەوە لە زۆربەی شارە گرنگەکانی ئینگلستاندا پێشکەش دەکرێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو گەشتی (شەقامی تیمساحەکان) زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە. ئەمڕۆ دوای حەوت ساڵ بەسەر یەکەم ڕۆژی پێشکەش کردنی ئەو نمایشەدا، بۆ دواجار لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێت.

## زەمەنی دەربڕین

لە لای بریۆنۆ شولّزی نووسەر (زمان) چەقی دەربڕین و ماناکانە، زمان کەرەسەیەکی دەوڵەمەندە و ئامرازێکی ڕاستەوخۆی گەیاندن و ئەفراندنی وێنەکانە. وشە و چەمکی زەمەن دوو سترکتوری فەلسەفین و جیهانێکی گەردوون ئاسای جیاواز دەخوڵقێنن. لەو جیهانەدا واقیع تەنها بازێکە لە بەردەم دەسەڵاتی ئەو تێکستە ئەفسووناوییانەدا. وشە کیانێکی ڕۆحی پڕ لە شیعر لە خۆ دەگرێت. وشە زاراوەیەکی، یان کەرەسەیەکی سەربەخۆ و تایبەتمەندە لە فەرهەنگی ئەم نووسەرەدا و بەپلەی دووەم، یان بەواتایەکی تر (سێبەری واقیع) ونە، بەڵکو واقیع لە سەروو هەموو ئاستەکانییەوە لە لای ئەم نووسەرە دەبێتە سێبەری وشە. لەم ڕوانگەیەوە خوڵقاندنەوەی جیهان لە بەرگێکی تردا دەردەکەوێت و سەرلەنوێ لە ئاستێکی تردا لەناو وشەکانیدا دەبینرێت. زەمەن مانای نامێنێ، لە بری ئەمە زەمەنێکی فەلسەفی بزۆز، ئاسۆیەکی فراوان دەبەخشێتە ڕووداوەکان، هەر بۆیە تێگەیشتن بۆ واقیع و بۆ جیهان مانا و شێوازێکی تر لە خۆ دەگرێت.

شێوازێک مەگەر تەنها لە ناواخنی وشە میتۆلۆژییە بێ سنوورەکانی بریۆنۆ شولّز بەدی بکرێت. ئەوەی جێگای گرنگی پێدانە ئەو گۆڕانکارییە جیاوازەیە کە بەسەر چەمکی وشەدا دێت. وشە لەو پرۆسە وێژەییە مەعریفییە چڕە فەنتازی ئامێزەدا، دەبێتە ئامرازێکی ئەفسووناوی و زۆر خیرا، پەردە لە ڕووی جیهانە نەبینراوەکان هەڵدەماڵێ بۆ جیهانێکی بینراو، بۆ واقیع. ژیانیش لەو واقیعەدا دەبێتە سمبولێکی هەمە لایەنە.



مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بزۆز و زیندوو جێگایەکی گەلێ فراوان لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا لە خۆدەگرێت. بەڵام مرۆڤیش وەک چەمکی بەکارهێنانی وشە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو مرۆڤ لە پاڵ زەمەنی وشەکاندا هاوکێشەیەکی تەواوکەری یەکترین، هەروەها پێکداچوونێکی ئەبەدی جیهانە بینراو و نەبینراوەکەی نووسەر دەستەبەر دەکات.

زۆر لە ڕەخنەگرەکان ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە جیهانی تێکستەکانی بریۆنۆ شولّز، وەک چیرۆک و ئەفسانەکانی (ڕۆژهەڵات) واقیع و فەنتازیای ڕژاندۆتە نێو یەکتری و بەمەش گەردوونێکی ئەفسانەیی تایبەتمەندی خوڵقاندووە.

(دوکانەکانی دارچینی) کە یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکراوەی ئەم نووسەرەیە، سمبولّی ڕۆژانی ڕابردوو و منالّیی خۆی دەنەخشێنێ و بۆنی ئەو ڕۆژگارانەی لێ دێت. ئەو ڕابردووە بەهەموو خالّە ورد و درشتەکانییەوە سەرچاوەیەکی بەپێز و میتۆلۆژیایەکی بێ سنووری نووسەرە. هەر لەو وێستگە پڕ لە خەونەشەوە داستان و میتۆلۆژیایەکی تر دەخوڵقێنێ.

(یزی فیکۆویسکی) کە شاعیر و وەرگێڕێکی پۆلۆنییە، سەبارەت بەبریۆنۆ شولّز دەڵێت: (دەستنیشان کردنی ڕێبازی نووسینی شولّز ئاسان نییە. دەکرێت بەسوریالیزم، سمبۆلیزم، دەربڕین و مۆدێرن ئاماژەی بۆ بکرێت. هەندێ جار لە کافکا دەچێت، هەندێ جاریش لە ڕووی بیرکردنەوەوە لە پرۆست دەچێت.)

هەر زوو ڕەخنەگرە پۆلۆنییەکان وەک دوو شاکاری گرنگ بەرهەمەکانیان هەڵسەنگاندووە، ڕۆمانەکەشی پاداشتی ئەکادیمیای پۆلۆنی پێ دەبەخشرێ.

## بریۆنۆ شولّز کێیە؟

بریۆنۆ شولّز نووسەرێکی بلیمەت و بیر دەوڵەمەندی پۆلۆنییە و لە ڕۆژی دوانزەی مانگی حەوتی ساڵی ١٨٩٢دا لە شارۆچکەی Drohobycz لە خێزانێکی جوولەکە لە دایک بووە. ئەو ناوچەیەی کە تیا لە دایک بووە، ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی نەمسا و مەجەردا بووە. بەڵام دوای سەربەخۆیی پۆلۆنیا لە ساڵی ١٩١٨دا، دەبێتە بەشێک لە وڵاتی پۆلۆن. دوای جەنگی جیهانیی دووەمیش دەبێتە بەشێک لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران. شولّز لە سەرەتادا بۆ ماوەی سێ ساڵ هونەری خانووبەرە و (ئەرکیتێکتور) دەخوێنێت، خۆی فێری هونەری گرافیک و وێنەکێشانیش دەکات، بەو نیازەی کە بەپیشەی هونەری ژیانی خۆی مسۆگەر بکات.

ئەم شاعیرە بەرزە هەرگیز لە سنووری گەڕک و شارەکەی خۆی نەچۆتە دەرەوە. زیاد لە بیست ساڵ وەک مامۆستای هێڵکاری و ئیشی دەست کاری کردووە. سنووری شارۆچکەکەی خۆی بەنامە گۆڕینەوە بڕیووە، بەردەوام نامەی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیر و هەندێ کەسی فەیلەسوفدا گۆڕیوەتەوە.

هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژەی بلیمەتی توانای وێنەکێشان و هونەری گرافیکی ئەم نووسەرە دەکەن، بەڵام لەو بوارەدا بەردەوام نابێت، هەناسەی درێژی نامە گۆڕینەوە بیرۆکەی نووسین و ئەدەبی لە لا دروست دەکات. ساڵی ١٩٢٠یش دادەنرێت بەسەرەتای یەکەم تەقەلاکانی نووسین لە لای ئەم شاعیرە بەرزە.

لە سەرەتادا حەزی نەکردووە بەرهەمەکانی بلاوبکاتەوە، یان پیشانی خەڵکیان بدات، بەڵکو یەکەم جار لە ڕێگای نامە گۆڕینەوەوە یەکێک لە کورتە چیرۆکەکانی بۆ هاوڕێیەکی دەنێرێت.

هەر چەندە ئەم شاعیرە زمانی ئەڵمانی زۆرباش زانیوە. تەنانەت ئەو شارۆچکەیەی کە تیا ژیاوە، زمانی ئەڵمانی زمانی ڕاستەوخۆی خەڵکی و مامەڵەکردن بووە، بەڵام شولز هەمیشە هەر بەزمانی پۆلۆنی بەرهەمەکانی نووسیوە.

بریۆنۆ شولز لە ڕۆژی پێنج شەممەیەکی شوم و ڕەشی ساڵی ١٩٤٢دا دەبێتە قوربانییەکی نازییەکان، ئەم بلیمەتە بێ گوناهە لە یەکێک لە شەقامە گشتییەکاندا و لە هێرشێکی قەلاچۆکردنی جوولەکەکاندا گوللە باران دەکرێت. لە هەمان شەودا و لە ژێر ئاسایشی ئەنگوستەچاوی تاریکیدا، یەکێک لە هاوڕێکانی، ئەو جەستە بێ گیانە دەگوێزێتەوە بۆ گۆڕستانێکی نزیکی جوولەکەکان و بەنهێنی دەیکات بەژێر خاکەوە.

لە دوای مردنی ئەم نووسەرەوە، دستخەتی دوا بەرهەمە بلاونەکراوەکانی کە ڕۆمانێک بوو بەناوی (مەسیح)ەوە، لە لای کەسێکی نەناسراو پارێزرا بوو، بەڵام ئەو دەستنووسە بۆ هەتا هەتایە ون دەبێت. بەڕای خۆشی ڕۆمانی (مەسیح) خۆشەویستترین و باشترین بەرهەمی بووە.

بریۆنۆ شولز لە زوربەی نامەکانیدا، بەخۆشییەوە باسی ڕۆمانی (مەسیح) دەکات و ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە دەیەوێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بلاوی بکاتەوە. بەون بوونی ئەو شاکارەش بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی پۆلۆنی لە سەدەی بیستەمدا لە ناو دەچێت و پارچەیەک لە جەرگی ئەو نووسەرەش ون دەبێ.



هەردوو بەرهەمە چاپکراوەکەی ئەم نووسەرە، لە ساڵی ١٩٥٦ بەدواوە بەشێوەیەکی گشتی دەناسرێت، هەروەها دواتر وەردەگێڕدرێتە سەر زوربەی زمانەکانی جیهان، لەوانەش زمانی سوێدی.

## شەقامی تیمساحەکان

نەمایشی (شەقامی تیمساحەکان) وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی شولزەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. ناونیشانی شانۆیەکەش ناونیشانی یەکێکە لە کورتە چیرۆکەکانی نووسەر، ئەم کورتە چیرۆکەش باس لە شارۆچکەیەکی دووری پۆلۆنیای ساڵەکانی ١٩٢٤ دەکات. لەو شارۆچکەیەدا کارەکتەری Joseph کە نووسەر خۆیەتی، لە ژێر زەبر و زۆرەملێ و ئاوازی دەنگی پۆستاڵی سەربازە نازییەکاندا ناچار دەکرێت کە لە کتێبخانەیەکدا کاربکات. لەو کتێبخانە نازییەدا Joseph هەوڵ دەدا کتێبەکانیان بۆ ئامادە و ڕێکوپێک بکات. ئەم کارەکتەرە لە کاتێکدا کە کتێبێکی دەگمەن و تایبەت لە نێو کتێبەکاندا دەناسێتەوە، هەڵوێستەیەکی بۆ دەکات، دوای ئەوە هێدی هێدی لە ڕوانگەی لاپەڕەکانی ئەو کتێبەوە یاداشتەکانی ڕابردووی دەوروژێت. لێرەوە گەشتێکی پڕ لە سەمەرەی ئەو کارەکتەرە نامۆیە دەست پێ دەکات.

یاداشتەکانی دەبێتە ئامرازی ئەو گەشتە، سەرەتای ژیانی منداڵی و مێردمنداڵی دەبێتە وێستگەی یەکەم، دوای ئەوە ژیانێکی بلیمەت ئاسای دەوڵەمەند و کۆمەڵێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ دەبێتە دیدی شانۆییەکە، تا لە ئاکامدا یەک (گوللە) وەک ژیانی نووسەر خۆی، کۆتایی دێنێت بەدوا وێنە، دوا خەون و دوا هیوا.

لە پانتاییەکانی ئەو سەرگوزەشتەیەدا چەندین کارەکتەری تر دەبینین، لەوانە: دایکی، کەنیزەیەک (ئادێلا)، پوری، خاڵی و هەندێ لە خاوەن دوکان و کۆگاکان. هەروەها نەنکێک و باوکێکی کوتاڵ فرۆش. باوکی کابرایەکی زۆر تایبەتی و نامۆ بووە. شێوازێکی پێغەمبەر ئاسا و فەیلەسوفانەی هەیە و سیمایەکی ئەفسووناوی لە خۆدەگرێ.

بازنەیەکی پڕ لە دەنگ، بەکارهێنانی تەلیسمی ڕەنگەکان: سێبەر، ڕووناکی و جەستەیەکی فیزیکی ئەکتەرەکان تێهەڵکێشی ئەو خانووبەرە دێرینەی تەمەنی لاوێتی Joseph دەکات. ناوەڕۆک و بەسەرهاتی گەشتەکەش زۆر سەربەستانە لە بازنەی یاداشتەکاندا بەرجەستەی وێنە شانۆییەکان دەبێت. بوارەکانی نێوان ئێستە، ڕابردوو، خەون و واقیع زەمینەیەکی پێکداچووی پڕ لە هارمۆنی دەخولقێنێ. هەموو ئەو لایەنە

جیاوازانه لە بارودۆخێکی ترسناکدا خولّقاون کە هەندێک جار وا دەزانین لە جیهانی (کافکا)وە هاتووە.

## مێتودی کارکردن

دیدی ڕێژی و هونەری نواندن لە بنەماکانی ئەو جیهانە ئەپسوردەوە سترکتوری هونەری خۆی بەدەست دەهێنێ. هونەری نواندن، وەک یەکەیەکی سەربەخۆی پرۆسەکە دەبێتە شیعر، دەبێتە داهێنان. ئەکتەرەکان لەو هاوکێشەیەدا لەسەر هەمان ئاستی دراماکە، ئەفسوون دەکەنە واقیع، واقیعیش دەکەنە شیعر. بەرجەستەیەکی گەمەئامێزی ریتم ئاسا و سەما، بیرۆکە و ناواخنی پیەسەکە دەکاتە وێنەی شانۆیی. کۆمەڵێ وێنەی یەک لە دوای یەکی خێرا زەمەنێکی سوریالیزم دەستەبەر دەکات.

هونەری ڕاگوزەری وەک مێتۆدێکی سەرەتاکانی شانۆ، بنەمایەکی گرنگی دیدی هونەری ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکانی ئەم پرۆژەیە. هەروەها شانۆنامەی (شەقامی تیمساحەکان) بەر ئەنجامی پرۆسەیەکی گرنگی ئەو هونەرە ڕاگوزارییەیە لە هەنگاوەکانی پرۆژە و دامەزراندنی بەرهەمەکانی (سیمۆن ماک بۆرنی) ڕێژیسۆردا.

چەمکی هونەری ڕاگوزەریش لە بنەمایەکی هاوچەرخەوە، درێژە پێدانێکی کۆمیدیای دیلارتی سەردەمی ڕێنسانسی ئیتالییە. بێ گومان زمانە شیعرییە ئەفسوونی و جیهانە سوریالیزمەکەی بریۆنۆ شولز زەمینەیەکی لە باری بۆ ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکانی ئەو پرۆژەیە دروست کردووە. بەڵام توانای سیمۆن ماک بۆرنی ڕێژیسۆر وەک هونەرمەندێکی فرە بەهرەی بەتوانا، لە دیدگایەکی ئەفسوونییەوە تێکستەکان دەکاتە خەون، هەندێک جار خەونێکی ترسناک کە بەرەو ڕووی ترسە گەورەکانی واقیعمان دەکاتەوە.

ئەو خەونە ترسناکانە لە دەروازەی ئەو دیوارە ڕەشە زۆر بەرزانەی سینۆگرافیاکەوە بەرجەستە دەکرێت، ئەو دیوارانەی کە هەمیشە وەک بەربەستێک ڕووبەڕووی هیواکان دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە کەرەستە بەکارهێنراوەکانی تری وەک دەیەها کتێب، چەندەها مێز، کورسی و قوماش دەبێتە کەرەسەیەکی دەوڵەمەند لە ناو ڕووداوەکانی نەمایشەکەدا. بۆ نموونە کۆمەڵە کورسییەک زۆر سەرکەوتووانە دەبێتە شەقامێک، پۆلێکی قوتابخانە، شەمەندەفەر، مێزی نان خواردن و دووکانی وردەواڵە فرۆش و...... هتد.

هەموو شتێک لەم کیشوەرە چڕەدا شایانی ئەوەیە ببێتە ڕووداو، ئەکتەرێک بەهێڵێکی تەریبی بەدیوارە بەرزەکەدا، هەروەک بەشەقامێکی ئاسیدا ڕێ بکەوێت، دێتە خوارەوە. لە



هەمان چرکە ساتدا ئەکتەرێکی تر کتوپڕ لە کونی زێرابێکەوە دێتە دەرەوە. یان لە دەربڕینێکی تردا ئەکتەرەکان پێکەوە بەیارمەتی و بە بەکارهێنانێکی زیرەکانەی لاپەڕەی کتێبەکانی دەستیان دەبنە کۆمەڵێ باڵندە و وەک هەڕەشەی مەرگیان لێ کرابێت دەفڕن و هەڵدێن. زۆر جار دەنگی پۆستاڵ و مارشی سەربازی هەناسە لە وێنەکان دەبڕێ، کارەکتەری Joseph دەبێتە وێنەی دەربڕینێکی ناوەوەی خودێکی ئازاردراو. ئەکتەرەکان چەندە گەمەیەکی هاوبەش و هاوئاهەنگ لە ڕوانگەی ڕووداو و وێنە شانۆییەکاندا کۆیان دەکاتەوە، هێندەش تەنیا و خودێکی دوور خراوەن، خەمبار، هەندێ جاریش عاشقن و بریتین لە جەستەیەکی پڕ لە وزە و جووڵە. پارچە خامێکی سپی گەورە لەگەڵ دارمانی هەموو کتێبەکان تێکڕای پانتاییە بەرینەکەی شانۆ دادەپۆشێت، دەنگی فیشەکێک و بێ دەنگییەکی خامۆش، گیانی (بریۆنۆ شولز)یش تێکەڵاوی ئەو خامۆشییە دەبێت و کۆتایی بەهەموو شتێک دێت.

## ماڵی کولتوور

### لێپێچانەوەی بینەران یاخود گەشتی خود

لە پەنجا و شەستەکانی هەزارەی ڕابردوودا تەوژمێکی گەورەی بنیاتنان و نوێکردنەوە شارەکانی وڵاتی سوێد دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە ستۆکهۆڵم زۆربەی خانووبەرە کۆنەکان دەڕووخێنن و لە بری ئەوە کۆشک و تەلاری گەورە و فراوان دروست دەکەن.

هەموو شارەکە بەقۆناخێکی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەدا تێ دەپەڕێ. هەر لەم قۆناغەشدا بیرۆکەی دروستکردنی ناوەندێکی کولتووری و لە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵمدا لە دایک دەبێت. ڕەگ و ڕیشەی ناوەکەش (ماڵی کولتوور)[٧] دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکان. لەو سەردەمەدا چەمکێکی جیاوازی کولتوور دەردەکەوێت. تەوژمە ڕامیارییەکان و بەتایبەتیش چەپەکان پێناسە و دەستەبەری زاراوەیەکی تری کولتوور دەکەن و هەوڵی بەجەماوەرکردنی دەزگا گەورە و گرنگە هونەرییەکان دەدەن. ئەم چەمکەش زیاتر پێکداچوونێکی دەزگایەکی گەورەی کولتووری دەوڵەت و ئەتمۆسفاری سەر شەقام، قاوەخانە، جموجۆڵ و پێکداچوونێکی خەڵکییە. بۆ ئەم مەبەستەش ماڵی کولتوور لە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵمدا دادەمەزرێ. لە ساڵی ١٩٧١یشدا ئەم نێوەندە تەواو دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی تەواوەتی لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ەوە دەرگای چالاکییەکانی

ئەم ناوەندە گەورە کولتوورییە دەکرێتەوە. ناوەندەکەش بریتییە لە کتێبخانە، کتێبخانەی منداڵان، هۆڵی پێشانگا، هۆڵی کۆنفرانس، دوو شانۆ، قاوەخانە و چێشتخانە.

هۆڵە شانۆییەکان گەورەن و دەتوانرێت بەهەموو شێوەیەک بەکاربهێنرێت، یەکێکیان لە نهۆمی خوارەوە و ئەویتریان لە نهۆمی سێیەمدایە. هەندێ جار نمایشی شانۆیی جیاواز و لە یەک کاتدا لە هەردوو هۆڵەکەدا پێشکەش دەکرێت. هەروەها جگە لە شانۆ و سەما ساڵانە جموجۆڵێکی گەورەی ڕۆشنبیری لە هەموو هۆڵ و کون و قوژبنەکانی ئەم خانووبەرە گەورەیەدا بەڕێوەدەچێ. بەڵام ئەم ناوەندە تیپ یان گرۆیەکی هونەریی نییە و خۆیان هیچ نەمایشێکی شانۆیی یان سەما بەرهەم ناهێنن، بەڵکو داوەتی گروپی شانۆ و سەما لە هەموو جیهان و هەروەها لە هەموو شارەکانی سوێدیشەوە دەکەن.

بۆ نموونە بەدرێژایی سی ساڵی تەمەنی ئەم دەزگایە میوانداری هەزارەها گروپی سەما و شانۆی سوێدییان کردووە، زۆربەی گروپە گەورە شانۆییەکانی جیهان، پیتەر برۆک، ئیگینیو باربا و شانۆی ئۆدن، تەوژمە شانۆییەکانی وڵاتی بەلجیکا و فەرەنسا، کۆمپانیاکانی سەمای جیهانی بەرهەم و نمایشەکانیان لەم ماڵە کولتوورییەدا پێشکەش کردووە.

بێ گومان ئێمە ناتوانین باسی هەموو ئەو چالاکییە ئێجگار چڕ و پڕە گەورەیە بکەین، بەڵکو لێرەدا تەنها یەک نموونە لە گرۆ میوانەکانی دەرەوەی وڵاتی سوێد دەهێنینەوە.



## لێپێچانەوەی بینەران یاخود گەشتی خود

شانۆنامەی: لێپێچانەوە Interrogations

نووسین: نواندن و ڕیژی: یوشی ئۆیدە Yoshi Oida

شانۆی: خانووبەرەی کولتووری Kulturhuset, Horsalen

قوتاربوونی گیان، قوتاربوونی خود و گەڕانەوەی خودی مرۆ بۆ سەنتەری پرسیار و وەڵامە بێ کۆتاییەکان. ئەم مەسەلانە کۆمەڵێ پرسیاری گەوهەری و چەقی بەشێکە لە شانە گرنگەکانی ئایینە کۆنە خۆرهەڵاتییەکان. بۆ نموونە ئایینی (بوودیزم)، کە یەکێکە لە دێرینترین پەیامە ڕۆحییەکانی جیهان، زۆر بەقووڵی ئاماژەی ئەم مەسەلانە دەکات.

بەهەمان شێوە پرسیارەکانی خودی مرۆڤیش هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگی بیری فەلسەفی، ئەدەبی و شانۆیی بووە و ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە فەلسەفە و شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا.

هونەرمەندی ژاپۆنی (یوشی ئۆیدە) بۆ چەندین جار، لە پرۆژە و بەرهەمە هونەرییەکانیدا، گەڕاوەتەوە سەر ئەم سەرچاوە ڕۆحییە و سوودی لێ وەرگرتووە بۆ دەوڵەمەندکردن و ڕۆچوونە خوارەوەیەکی قووڵی ئەزموونە هونەرییەکەی.

سەرەتا هونەرییەکانی (یوشی ئۆیدە) لە ژاپۆنەوە و لەگەڵ (یوکیو میشیما) ١٩٢٥ – ١٩٧٠ دەست پێ دەکات و لەگەڵ (پیتەر بروک)یش دەگاتە ئاستی ترۆپک.

یوکیو میشیما ڕۆمانووس، شاعیر، شانۆنامەنووس و ڕیژیسۆری شانۆ و سینەما بووە و کاریگەرییەکی گشتگری لە لای یوشی ئۆیدە بەجێ هێشتووە. ئەم نووسەرە وەک پسپۆڕێکی ڕاستەقینەی شانۆی (نو) کارێکی ڕاستەوخۆی کردۆتە چۆنیەتی هەڵسوکەوت، کاردانەوە و بەکارهێنانی دەنگ و سیمای دەموچاوی.

شانۆنامەی لێپێچانەوەش دوا بەرهەمی ئەم هونەرمەندەیە و لە سەردانێکدا بۆ سوێد و شانۆی ستۆکهۆڵم، بەتەنها ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوە.

پانتاییەکی بۆش، هەندێ ئامێری مۆسیقا لە هەردوو سووچی ئەم سەرو ئەو سەری قووڵایی ئەو پانتاییە بۆشەدا دانراوە. دوو بەردی ڕەشی بچووک و ئامێرێکی مۆسیقی شمشاڵ ئاساش لە ناوەڕاستی شانۆکەدا دەبینرێ. جگە لەم چەند پارچە ئامێرە زیاتر هیچ شتێکی تر نابینی. نەسینۆگرافیا و نەدیاریکردنی دەروازەکانی هاتنە ژوورەوە و چوونە

دەرەوە. تەنها شانۆیەکی بۆش، یان بەواتایەکی تر پانتاییەکی بۆش لە بەردەم بینەراندا ڕاست بۆتەوە.

دیدی پیتەر برۆک و پانتاییە بۆشەکان سیمایەکی گرنگ و ڕاستەوخۆی ئەم شانۆنامەیە. ئەم هونەرمەندە ژاپۆنییە ئەکتەر، ڕیژیسۆر، سەمازان و کۆریۆگرافە و بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ، وەک ئەکتەر لەگەڵ (پیتەر برۆک) کاری کردووە. لە زۆربەی پرۆژە و کارە گەورەکانی پیتەر برۆکدا بەشداری کردووە، بۆ نموونە: کۆنفراسی باڵندەکان، مەهاباهاراتا، ئێک، چیرۆکی ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێی دەبێتە شەپقەیەک، کێ لەوێیە، هاملێت و چەندەها پرۆژەی تر.

سەرەتای ڕەوتی هونەری (یوشی ئۆیدە) لە داب و نەریتی شانۆی (نو)ی ژاپۆنییەوە دەست پێ دەکات. دواتر لەگەڵ یوکیو میشیمادا ئەزموونەکەی لە بواری شانۆی (نو)دا زیاتر چەمکێکی فەلسەفی و ئێستاتیکی لە خۆدەگرێت. شانۆی (نو) سەرەتای ئەو کاروانە دەبێت و ئەو ئەزموونەش دەبێتە دەروازەیەکی دەوڵەمەندی پرۆژە ئەزموونگەرییەکانی لە لایەک و ڕووبەڕووبوونەوەشی لەگەڵ دابونەریتە جیاوازەکەی شانۆی ئەوروپی لە لایەکی دیکەوە. خاڵی گۆڕانکارییەکانیش، لە ژیانی هونەری ئەم هونەرمەندەدا، دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی هەزارەی ڕابردوو. دوای چەندین ساڵ لە کاری بەردەوام و تەقەلای قووڵبوونەوە بەپانتاییەکانی شانۆی (نو) و شانۆی مۆدێرنی ژاپۆنیدا، لە ساڵی ١٩٧٩دا پیتەر بروک دەبینێ. ئەو یەکتربینینە دەبێتە هۆی هاریکاری و بەئەنجام گەیاندنی چەندین پرۆژە و کاروانەکەش تا ئێستا هەر بەردەوامە.

لە شانۆنامەی (لێپێچانەوە)دا (یوشی ئۆیدە) شوێن پێی پیتەر بروک هەڵدەگرێ و بەدوای گەوهەر و فەلسەفە ئێستاتیکییەکەی پانتاییە بۆشەکاندا دەگەڕێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێتەوە بۆ وانە و بنەماکانی ڕێبازی (زن) و جیهانە نهێنی و شاراوەکانی (بوودیزم).

نەمایشەکەش ڕەنگدانەوەیەکی ئێستاتیکی شانۆی (نو)، ڕێبازی (زن) و شێوازە ساکارە قووڵەکەی پیتەر بروکیشە.

(یوشی ئۆیدە) سەبارەت بەنەمایشەکەی دەڵێت: (خاڵی دەست پێکردن و زەمینەی پرۆژەکە، جیهانە نهێنی و شاراوەکانی زن و بوودیزمە. ئەو پرسیار و نهێنییانەی کە هەرگیز وەڵامێکی لۆژیکی و تەواوەتی بۆ نادۆزرێتەوە. هەمیشە پرسیارەکانیش هەمان پرسیارە، بەڵام پرۆسێسە هونەری، فەلسەفی و خودییەکان نوێ و جیاوازە.)



هەر لەم دەروازەیەوە (زن) وەک فەلسەفە و ئایین دەبێتە زەمینەیەکی لەبار و خاڵێکی گرنگی گەڕان و دەست پێکردن. (زن)یش بڕوای بەقوتاربوونی خودە. (هەموو خودێک وەڵامی پرسیارەکانی لە ناوەوەی خۆیدا دەدۆزێتەوە.)

(یوشی ئۆیدە) لە سەرەتای نەمایشەکەیدا ڕوودەکاتە بینەران و دەڵێت: (مانای ژیان چییە؟) بێ گومان هیچ وەڵامێکی ڕاستەوخۆش بۆ ئەم پرسیارە گرانە نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەسەلیقە بینەران دەورووژێنێ و بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێت.

ئەم هونەرمەندە لەو پانتاییە بۆشەدا، لەگەڵ ریتمی مۆسیقایەکی زۆر جیاواز، جەستەیەکی پلاستیکی و هەندێ قامیشی زۆر باریکدا گەمە دەکات، سەمایەکی زۆر بەرزمان، لە پانتاییەکی زۆر تەسک و دیاریکراودا پێشکەش دەکات.

شانۆی لە لای پیتەر برۆک خانووبەرە، ستیل، تێکست و ئەکتەریش نییە، هەروەها شانۆ ئەو گفتوگۆ چڕەش نییە کە لە نێوان خەڵکانی ڕۆشنبیردا دروست دەبێت. بەڵکو شانەکانی شانۆ، گەوهەری شانۆ و فەلسەفەی شانۆ لە لای پیتەر بروک لە وشەی (لە چاو ترووکاندنێکی) پڕ لە ئامادەبووندا کۆدەبێتەوە. چاوترووکانێکی زیندوو، ساتەوەختێکی لێوالێو لە ژیان. لەم چاوترووکانەشدا ڕووبەڕووبەنەوە و پێکەوە گرێدانی ساتە زیندووەکانی ژیان ئامادەگییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت.

(یوشی ئۆیدە) زۆر بەوریایی و بەسەلیقەیەکی گەورە لە چاوترووکانێکدا ئەو (چاوترووکانە) زیندووە لەگەڵ بینەران و لە گەوهەری نەمایشەکەیدا دەخولقێنێ. پرسیاری گرنگ لە بینەران دەکات: مرۆڤ دوای گەیشتنە ترۆپک، چۆن دەگاتە ئاستی ترۆپک ترۆپکەکان، بینەران بەتەواوەتی سەرقاڵی گفتوگۆ و وەڵامدانەوەی وەڵامی جۆربەجۆر دەکات. خۆشی بەزەردەخەنەیەکی سۆزدار و سیمایەکی گەشی مرۆڤایەتییەوە هەولێ دەدا باری سەرنجی هەبێت، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئاشکرا نییە!

ئەم هونەرمەندە بەسەلیقەیە گەمە دەکات: دوو پەنجە، یان بەسیمای دەموچاوی هەموو هەست و هۆشی بینەران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. جیهانە تەلیسماوییەکان دەشکێنێ و بینەران پەلکێشی وەڵامدانەوە و بەشداری نەمایشەکەی دەکات. دواتر بەقامیشە باریکەکانی دەستی و جەستەی نەمایشێکی سەمائامێزمان پێشکەش دەکات.

(یوشی ئۆیدە) لە کۆتاییشدا پانتاییە بۆشەکە بەجێ دەهێڵێ، ئامێرێکی مۆسیقی خڕی هەڵتۆقیوی لە کانزا دروستکراویش، تونێکی مۆسقی نزیک لە ڕیتواڵی بودیزمەکانی لێ بەرز دەبێتەوە و وەک فڕۆکەیەکی سەر لێشێواو لە ئاسماندا دەخولێتەوە.

لە کۆتاییشدا پانتاییەکی بۆش، بێ دەنگییەکی گەورە، ڕووناکییەکی کز، ئاوازێکی تایبەتمەندی هێمن و خولانەوەیەکی بەردەوام.

پەراوێز:

(١) برێشت لە ولاتی سوێد و لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٣٩دا دەست دەکات بەنووسینی شانۆنامەی (دایکە ئازاکە و منداڵەکانی) لە سێی مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ دەستنووسی یەکەمی پیەسەکەی تەواو دەکات.

(٢) بۆ یەکەم جار شانۆنامەی (دایکە ئازاکە و منداڵەکانی) لە ١٩ی مانگی چواری ساڵی١٩٤١ لە ولاتی سویسرا پێشکەش دەکرێت.

(٣) شانۆنامەی (دایکە ئازا و منداڵەکانی) یەکەم نەمایشی شانۆی بەرلینی ئێنسامبلە، دوای تەواوبوونی جەنگ و گەڕانەوەی برێشت بۆ ئەڵمانیا.

(٤) لە ڕۆژی نۆی مانگی چواری ساڵی ١٩٤٠دا سوپای ئەڵمانیای نازی دەچێتە دانیمارک و نەرویژەوە. دوای چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا، هێزەکانی ئاسایشی سوێدی، سەردانی برێشت دەکەن و پێی رادەگەیەنن کە نازییەکان نزیک بوونەتەوە و تۆ دەبێت سوێد بەجێ بهێڵی. برێشت ناچار دەبێت کە لە ١٨ی مانگی چواری ساڵی ١٩٤٠دا بەرەو ولاتی فینلاند بڕوات. لە (هێلسینکی) بەهاریکاری (هێلینا ڤێیگل)ی خێزانی شانۆنامەی (پۆنتێلا و ماتی) تەواو دەکات.

(٥) مەبەست لە ساڵی ١٩٩٥ە.

(٦) هونەرمەند (ئێتینە گلاسەر)ی ڕیژیسۆری ئەم نمایشە، یەکێک بوو لەو دوانزە هونەرمەندە سوێدییەی کە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا سەردانی کوردستانیان کرد.

(٧) ماڵی کولتووری و شانۆی شار هەردووکیان لە یەک خانووبەرەدان. هەرچەندە چالاکی، ئێدارە و چۆنیەتی جموجۆڵی کار و پڕۆژەکانیان جیاوازە. بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییەکی دینامیکی گەورە چالاکییەکانی ئەم دوو دەزگا گرنگە کۆدەکاتەوە.

# بەشی چوارەم

ریکس تیاتر (شانۆی دەوڵەت)

ریکس تیاتر، یان شانۆی دەوڵەت، یەکێکە لە ئەزموونە گرنگەکانی شانۆی گەرۆک. بەڵام وشەی گەرۆک لەم شانۆیەدا، چەمکە دێرینە ڕاگوزارییەکەی خۆی، هەر بۆ نموونە (کۆمیدیای دیلارتی) یان ئەزموونی جیاوازی لەو چەشنە لەخۆ ناگرێت. بەڵکو زیاتر دەزگایەکی گرنگی بەرهەمهێنانی شانۆیە، ڕۆڵی ئەم شانۆ گرنگەش، وەک دەزگایەکی دەوڵەتی ئەوەیە کە هونەری شانۆ دابین بکات بۆ هەموو چین و توێژەکانی گەلی سوید. ئەم دامەزراوە هونەرییە بارەگاکەیان لە شاری ستۆکهۆڵمە. بەڵام پرۆژەکانیان لە هەموو گوند و شار و شارۆچکەکانی وڵاتی سویدا پێشکەش دەکەن. بەتایبەتیش ڕوو دەکەنە ئەو ناوچانەی کە شانۆیان تێدا نییە. ئەم شانۆیە لە سییەکانی هەزارەی ڕابردوودا دامەزراوە و تا ئێستاش بەردەوامە لە پرۆژە و چالاکییەکانیدا.

ئەزموونی ئەم شانۆیە زۆر دانسقەیە و وێنەی نییە لە جیهاندا. ئەم دەزگا هونەرییە گەورەیە کۆمەڵێ شانۆ و لقی جیاواز لە خۆدەگرێت، بۆ نموونە: درامای دەوڵەت، گرۆی سەمای (کولباری بالێتن)، شانۆی بێ دەنگ (تایبەتە بەکەڕ و لاڵەکان)، شانۆی نەوجەوانان، شانۆی منداڵان و شانۆی میوان.

نووسەری شانۆیی و ڕیژیسۆری ناسراوی سویدی (لاش نۆرێن) بەڕێوەبەری هونەری و بەرپرسیاری بەشی درامای دەوڵەتە و شانۆنامەکانیشی بەتایبەتی بۆ ئەم گرۆیە دەنووسێ و



زۆر جار هەر خۆشی کاری ڕیژی و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی تری نمایشەکانی دەگرێتە ئەستۆ. (بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بەم شانۆیە، بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە.)

## هەندێ لە ساتەوەختەکانی واقیع

یان شانۆ وەک ژیان، ژیان وەک شانۆ و خوێندنەوەیەکی جیاوازی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە)

« *هیچ ڕوونادات، کەس نایەت، کەس ناڕوات، ئەمە ترسناکە* » سامۆیل بێکێت

شانۆنامەی: هەندێ لە ساتەوەختەکانی واقیع Stunder Av Verklinghet

نووسینی: یان یۆنسۆن Jan Jonson

نواندن و ڕیژی: یان یۆنسۆن Jan Jonson

١

هێندە نەبوو گەیشتبوومە وڵاتی سوید. هێشتا زمانم نەدەزانی، چاو و پێم نەکرابووەوە. زۆر جار بەتەنها بەشەقامەکاندا پیاسەم دەکرد. لە جامخانەی کۆگاکان ورد دەبوومەوە، دەچوومە باخچەکان و بەدوای دەرگای شانۆکاندا دەگەڕام.

زۆر جار خۆم لە کارەکتەرەکانی « بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە» دەدییەوە. خۆشەویستیم بۆ (ساموێل بێکێت) و بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە ڕاستییەکی ڕەهایە.

« هیچ ڕوونادات، کەس نایەت، کەس ناڕوات، ئەمە ترسناکە» تێکەڵ بەڕۆژە سارد و بەستووەکانی تەنهاییەکەی ئەو ڕۆژانەی ستۆکهۆڵم بوو بووم. هەستم بەنزیکییەکی گەورە دەکرد لە ساموێل بێکێتەوە، بەڕای من بێکێت یەکێکە لەو نووسەرە گەورانەی کە توانیویەتی لە تەنهایی مرۆڤ، لە بێ دەنگی، لە نا ئومێدی، لە هیوا و لە چرکە ساتەکانی ناوەوەی مرۆڤ بگات. هەر ئەویش توانیویەتی بەوپەڕی گەورەیی، قووڵی و ساکارییەوە و لە ڕێگای نووسینەکانییەوە ببێتە دەربڕێکی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی ئەو جیهانە.

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو خانمێکی هونەرمەندم ناسی. بەئاماژە، زمانی جەستە، هەندێ وشەی ئینگلیزی و زمانێکی زۆر تێکشکاوی سویدی قسەمان کرد. هەر بەو زمانە گفتوگۆمان لەسەر ساموێل بێکێت و شاکارەکەی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە) دەکرد.

هەندێ جار مەشقمان لەسەر هەندێ لە دیمەنەکانی گۆدۆ دەکرد[1]. پاش چەند جارێک یەکتر بینینەوە کتێبێکی پێشکەش کردم. نەم دەزانی کتێبەکە بخوێنمەوە، زۆر تامەزرۆش بووم. بەڵام دەمزانی کتێبەکە باسی سامویل بێکێت و شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە دەکات. چەند وێنەی فۆتۆگرافی جوانی دیمەنەکانی گۆدۆ و خودی بێکێتی تیا بوو. بەڵام خانمەکە ئەوەشی تێ گەیاندم کە ئەم کتێبە ڕیژیسۆرێکی سویدی نووسیویەتی و بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە باس لە ئەزموونێکی بێ وێنەی خۆی دەکات.

ڕۆژان ڕۆیشتن و ڕۆژانی تر هاتن. منیش وەک منداڵ لە خەم ڕەخسیم، زمانی سویدیش فێربووم و شارەزای شانۆکانیش بووم. ڕیژیسۆر و نووسەری کتێبەکەشم ناسی. کتێبەکە وەک ئاماژەم بۆ کرد، گێڕانەوەی ئەزموونی ئەو هونەرمەندەیە لەگەڵ سامویل بێکێت و بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە باسی بەندیخانەکانی سوێد و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات.

ئەم هونەرمەندە پیەسی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە)ی بۆ بەندییەکانی ئەو گرتووخانانە و لەگەڵ خودی بەندەکان خۆیاندا پێشکەش کردووە. ئێستە ئەو هونەرمەندە، خۆی بۆتە بەشێک لەو ئەزموونە و لە گەشتی بەردەوامدا بەنێو هەموو شار و شارۆچکەکانی وڵاتی سوێدا، ئەزموونەکەی دەگێڕێتەوە. دوێنێ شەو ئەو نەمایشە تایبەتمەندە، ئەو گێڕانەوە ئەفسوونییە و ئەو شانۆ پیرۆزەم دی.

## ٢

هونەرمەند (یان یۆنسۆن)[2] Jan Jonson لە پانتاییەکی ڕەشی بەتاڵدا، بەتەنها دەرکەوت. پانتاییەکە تەنها دوو وێنە و دوو کورسی تیادا بوو. وێنەیەکی گەورەی سامویل بێکێت و مۆمێک لەم لای شانۆکە. وێنەیەکی گەورەی مرۆڤێکی ڕەش پێست و گوڵێکی سوور لەو لای شانۆکە، کورسییەک لە لای ڕاست و یەکێکیش لە ناوەڕاستدا. یان یۆنسۆن سەرەتا باسی یەکەم ڕوو بەڕووبوونەوەکانی خۆی کرد وەک مێردمنداڵێک لەگەڵ پیەسی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە. ئەم هونەرمەندە لە تەمەنێکی زۆر منداڵیدا لەگەڵ یەکێک لە گرۆ شانۆییە سەربەستەکانی شاری یۆتۆبۆریدا ڕۆڵی (کوڕێکی منداڵکار)ی لە شانۆنامەی ناوبراودا یاری کردووە. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و بۆ ماوەی یەک ساڵ بە بەردەوامی پێشکەش دەکرێتەوە. ئەم مێردمنداڵە لە ماوەی ساڵێکدا هەموو شەوێک دێتە سەر شانۆ و دەڵێت: (جەنابی گۆدۆ



ڕایسپاردووم پێتان بڵێم کە ئەم ئێوارەیە نایەت، بەڵام سبەینێ بەمەعلوومی دێت.)

لەم ڕوانگەیەوە گۆدۆ دەبێتە کەسێکی ئاڵۆودە، ناسراو، لە هەمان کاتیشدا نادیار بۆ ئەو مێردمنداڵە.

دواتر (یان یۆنسۆن) دەبێتە قوتابی پەیمانگای هونەری نواندن لە ستۆکهۆڵم، خوێندن تەواو دەکات و وەک ئەکتەر لە شانۆی پادشایەتی (دراماتن) دەکەوێتە کار. بەڕێکەوت، لەو سەردەمەدا شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) لە شانۆی پادشایەتی پێشکەش دەکرێت و زۆربەی ڕۆژانی مەشق، لە ڕاڕەو و ژووری پرۆڤەکردنەکاندا گوێی لە دیالۆژی پیەسەکە دەبێت.

ڤلادیمیر: پێ خۆشحاڵم بەوەی ئەتبینمەوە. وام زانی بەیەجگاری ڕۆیشتیت.

ئیستراگۆن: منیش

ڤلادیمیر: چ ئاهەنگێ بەبۆنەی ئەم بەیەک شادبوونەوەیە بگێڕین؟ (بیردەکاتەوە) هەستە با لە باوەشت بگرم. (دەست بۆ ئێستراگۆن ڕادەکێشێ)

ئێستراگۆن: (بەتووڕەییەوە) تاوێکی تر، تاوێکی تر (بێ دەنگی)

ڤلادیمیر: (دڵی شکاوە، بەساردییەوە) بۆمان هەیە بزانین جەناب شەوی لە کوێ بردۆتە سەر؟

ئێستراگۆن: لە ناو خەندەقێکدا.

ڤلادیمیر: خەندەقێک! لە کوێ؟

ئێستراگۆن: (بێ ئەوەی هیچ پیشان بدا) لەوێ

ڤلادیمیر: لێیان نەدایت؟

ئێستراگۆن: با. زۆر نا.

ڤلادیمیر: هەر هەمان خەڵک؟

ئێستراگۆن: هەمان خەڵک؟ نازانم

ڤلادیمیر: دەمێکە... بیری لێ دەکەمەوە... ئاخۆ بەبێ من... چیت بەسەر دەهات؟ (بەبنبڕییەوە) لە ئێستادا لە مشتێ ئێسکو پروسک بەولاوە هیچی ترت لێ دەرنەدەچوو، بەهەڵەدا نەچووم.

ئێستراگۆن: (پێکراوە) ئێ جا چییە[3]؟



دیمەنێک لە (بەردەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) بەندیخانەی سان گوینسێن/ کالیفۆرنیا
وێنەی: Beppe Arvidsson



(یان یۆنسۆن) هێدی هێدی نزیک دەبێتەوە لە ڤلادیمیر و ئێستراگۆنەوە. ئەو دیالۆگەش دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو پرۆسەیە: (لێیان نەدایت؟ با. زۆرنا. هەر هەمان خەڵک؟ هەمان خەڵک؟ نازانم.) ئاوێتەی بیرکردنەوەیەکی قووڵی فەلسەفی دەبێت لە مێشکی یان یۆنسۆنی هونەرمەندا. گەڕان بەدوای خوددا، تەنهایی و بچووکی لەبەردەم زەبەلاحیی سروشتدا. ئەمانە و دەیەها پرسیاری تری فەلسەفی و مرۆڤایەتی بووندایە. کارەساتەکانی مرۆڤایەتیش هەر لە پەرەسەندندایە. (یان یۆنسۆن)یش بەردەوام لەسەر مەرزی چارەنووس لە چاوەڕوانیی گۆدۆدایە! مرۆڤیش لەو چاوەڕوانییەدا لە چەقی ڕووداوەکاندایە، ڕووداوەکانیش بریتییە لە تەنها کۆمەڵێ کارەساتی مرۆڤایەتی!!

پاش ئەو نمایشەی گۆدۆ پادشایەتی، یان یۆنسۆن خۆی سەرقاڵی کارێکی مۆنۆدراما دەبێت. شوێن لە پیەسەکەدا چێشتخانەی ئاپارتمانی لاوێکی تەنهایە، کەلوپەلی نەمایشەکەش کورسی و مێزێک، پەرداخێک بیرە و سەلاجەیەکی کۆنی ئینگلیزییە. پیەسەکەش باسی ژیانی گەنجێکی تەنها و نائومێد دەکات. یان یۆنسۆن پیەسەکەی زۆر خۆش دەوێت، سەرکەوتووانە نەمایشەکە پێشکەش دەکات، دواجاریش دەبێتە یەکێک لە پرۆگرامە گرنگەکانی گەشتە هونەرییەکانی (ریکس تیاتر).

لە یەکێک لە شەوەکانی ئەو نمایشەدا، بینەرێک لە ریزی پێشەوە دانیشتووە زۆر بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لە نەمایشەکە و (یان یۆنسۆن) ورد دەبێتەوە. ئەمەش بۆ یان یۆنسۆنی ئەکتەر، لە کاتی خودی نەمایشەکەدا دەبێتە جێگای تێڕامان و بیرکردنەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ چەند چرکە ساتێک ئەو بینەرە دەبێتە هۆی نائارامی بۆ ئەکتەرێکی تەنها لەسەر شانۆیەکی گەورە؟! دوای نەمایشەکە ئەو بینەرە جیاوازە دەچێتە کالوسەکانی پشتەوە و قسە لەگەڵ ئەکتەرەکە (یان یۆنسۆن) دەکات. ئەو بینەرە ڕوو بەڕووی یۆنسۆن دەبێتەوە، پیرۆزبایی لێ دەکات، دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە ئەوەی ئەو پێشکەش کردووە واقیعێکە ئەو هەموو ڕۆژێک تیا دەژی.

بینەر: (زۆر بەقایم لە دەرگا دەدات)

ئەکتەر: چییە؟ چی ڕووی داوە؟

بینەر: بۆم هەیە بێمە ژوورەوە؟

ئەکتەر: چی ڕووی داوە. فەرموو وەرە ژوورەوە.

بینەرەکە دێتە ژوورەوە، ئەکتەرەکە بەبینینی ئەو (بینەرە) تووشی حاڵەتێکی

سەرسوڕمان دەبێت، دەیناسێتەوە و لە یەکتر نزیک دەبنەوە، بینەرەکە دەڕوانێتە ئەو ئەکتەرە ماندووە ئارەقاوییە.

بینەر: بۆم هەیە دانیشم؟

ئەکتەر: بەڵێ، فەرموو.

بینەر: تۆ نەمایشێکی گەورەت پێشکەش کرد. من هەموو  ڕۆژێک ئەو کارەکتەرە دەبینم، دەمەوێت تۆ بێیت بۆ لای من و سەرلەنوێ ئەم نمایشەم بۆ پێشکەش بکەیتەوە. ئەمە شتێکی گەورەیە.

ئەکتەر: ببوورە من ناتوانم، بەڵام ئێوە دەتوانن بێن بۆ شانۆکە و بلیتیشتان بۆ ئامادەکەم.

بینەر: نەخێر، ئێمە ناتوانین، گرنگە تۆ بێیت.

ئەکتەر: بۆچی؟

بینەر: لەبەر ئەوەی ئەوانەی من دەمەوێت ئەم نمایشە شانۆییە ببینن ناتوانن بێنە دەرەوە، بۆیان نییە بێنە دەرەوە!

ئەکتەر: لەبەر چی؟

بینەر: من بەڕێوەبەری بەندیخانەی (کوملە)م. من دەمەوێت بەندەکانم ئەم نمایشە ببینن.

کوملە یەکێکە لە بەندیخانە گەورەکانی سوێد، بەندەکانی ئەم بەندیخانەیەش ئەو تاوانبارانە دەگرێتەخۆ کە بەپێی یاساکانی دەوڵەتی سوێد، تاوانباری گەورە و ترسناکن. هەروەها ئەو بەندانە ماوەی بەندییەکانیان لە چەندین ساڵ تێپەڕیوە.

ئەم مەسەلەیە دەبێتە جێگای سەرنجی (یان یۆنسۆن)، لەبەر ئەوە بڕیار دەدات کەلوپەل و شتەکانی بپێچێتەوە و واز لە کارەکەی لە شانۆی پادشایەتی بهێنێت و بچێت بۆ بەندیخانەی کوملە. لەم ڕێگایەوە، ئەم هونەرمەندە بۆ یەکەم جار ڕووبەڕووی یاسا توندوتیژەکانی بەندیخانە، دیوارە ڕەقەکانی، بەندە بێ هیواکان، یاساوڵە بێ بەزەییەکان و ئەو جیهانە تایبەتە دەبێتەوە. بۆ یەکەم جار سوێد بەچاوێکی تر و لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەبینێت، بۆ یەکەم جار تاوان و سزا لە تەرازووی یاسایەکی نەبینراودا، لە وڵاتێکی دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا دەبینێ. هەروەها ئەم هونەرمەندە وەک کەسێکی تاک نهێنی بونیادی ڕاستی پەیوەندییەکانی زمانێکی جیاوازتری بۆ ئاشکرا دەبێت.



زمانی دەسەڵات، تاوانبار، دەسەڵاتدار و کەسانێکی مەحکووم. لەم پانتایەشدا میتۆدێکی نوێ، زمانێکی جیاواز و هاوکێشەیەکی هونەری نوێ دەبێتە خودی سترکتورە شانۆییەکە. هەموو ئەم شتانە، کاریگەری و کاردانەوەی بەندەکانیش دەبنە خورپەیەکی بەهێز، ڕاچڵەکینێکی توندوتیژ و ڕاستییەکی تاڵ و جیاوازتر بۆ هونەرمەندێکی وەک (یان یانسۆن).

سەرەتا یاساوڵێکی چەتەوڵ بەسەگێکی ڕەشی ترسناک و هارەوە دێت، ڕیتواڵی خۆ ئامادەکردن، پیرۆزیی هونەر، گەورەیی شانۆ و بەهای مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پۆستاڵەکانییەوە. یان یۆنسۆنیش لە ژووری سەرئاوێکی بچووکدا توند دەکات، بەماوەیەکی کەم بەر لە دەست پێکردنی نەمایشەکە دەرگاکەی لێ دەکاتەوە. کە دەرگاکەشی لێ دەکاتەوە دەقیژێنێت بەسەریدا تا هەر ئێستە دەست پێ بکات. بەندەکان دێنە ژوورەوە، نەک تەنها شانۆ یەکێکە لەو شتانەی کە هەرگیز ئەو بەندانە بیریان لێ نەکردۆتەوە؟! بەڵکو بەچاوی سووک و دەموچاوێکی پڕ لە گاڵتەشەوە دەڕواننە ئەکتەر و نەمایشەکە. کۆمەڵێ ئاماژەی گاڵتەئامێز دەبێتە کۆمەڵێ هێمای سیمۆلۆژی و ڕاستەوخۆی نەمایش، ئەکتەر و بەندەکان، لە بونیادێکی ناتەبا و جیاوازتردا پێکەوە کۆدەکاتەوە.

نەمایشەکە بەردەوام دەبێت، هێما سیمۆلۆژیەکانیش هێدی هیدی تێک دەشکێت، لە بری ئەوە نمایشێکی جیاواز، کۆمەڵێ هێمای بێ دەنگ و هەستێکی قووڵی هەست بەتەنهایی کردن لە نێوان نەمایش / بینەراندا دروست دەبێت. لە بری زمانی گاڵتە، زمانێکی هاوبەش، هەستیکی هاوبەش، حەزێکی هاوبەش و دنیایەکی دیکە ئەو کۆمەڵە مرۆڤە پێکەوە کۆدەکاتەوە. تەنانەت یاساوڵە بێ بەزەییەکەش، وەک سەگەکەی چۆک دادەدات و بەدیار نەمایشەکەوە دۆش دادەمێنێ.

یاساوڵەکە داوای لێبووردن لە (یان یانسۆن)ی هونەرمەند دەکات، بەندەکانیش لەو هونەرمەندە کۆدەبنەوە و داوای ئەوەی لێ دەکەن کە جارێکی تر بگەڕێتەوە.

ئەکتەر: سوپاستان دەکەم.

بەند: سوپاس بۆ ئێوە، هیوادارم بتوانی جاریکی تر بگەڕێتەوە.

ئەکتەر: بگەڕێمەوە؟!

بەند: بەڵێ، ئێمە هەموومان دەمانەوێت جارێکی تر بگەڕییتەوە بۆ ئێرە!

ئەکتەر: بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە.

بەند: نەمایشەکەت هاوارێکی تاساو بوو لە جیهانێکی داخراودا.

سنوورەکانی دەسەڵات، پەیوەندییەکان، ڕووداوەکان و هەموو شتە زیندووەکانی تری ژیان و مرۆڤایەتی لە بەندیخانەکەدا دەمرێت. دەسەڵاتیش فۆرم و چەمکێکی تر، جیاوازتر لە خۆدەگرێت. لە بەندیخانەدا بێکێت وتەنی (هیچ ڕوونادات، کەس نایەت، کەس ناڕوات، ئەمە ترسناکە) سنوورەکانی تەناهیش تا سەر ئێسقانە، ژانێکی ترسناکە و هەموو پەیوەندییەکانی تیا دەمرێت. (یان یۆنسۆن) بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ لای بەندەکان، بەڵام لە ڕوانگەی پرۆسەیەکی ترەوە.

ڤلادیمیر: پێ خۆشحاڵم بەوەی دەتبینمەوە. وا مزانی بەیەک جاری ڕۆیشتیت.

ئێستراگۆن: منیش.

ڤلادیمیر: چ ئاهەنگێ بەبۆنەی ئەم بەیەکشادبوونەوەیە بگێڕین؟ (بیر دەکاتەوە) هەستە با لە باوەشت بگرم.

ساموێل بێکێت، بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە، یان یۆنسۆن و شانۆ دێنەوە بۆ بەندیخانە. بەندەکان بەهۆی هونەری شانۆوە، بۆ یەکەم جار هەست بەخۆشەویستی، هاودەمی و بوونی خۆیان دەکەن. ئ ەم هونەرمەندە بیر لەوە دەکاتەوە (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) لە بەندیخانە و لەگەڵ بەندەکان خۆیان پێشکەش بکات. یەکێک لە بەندەکان ژمارەیەکی ئێجگار زۆر سیغار دەپێچێتەوە و لەسەر مێزێک ڕیزیان دەکات. دواتر دەست دەکات بەخوێندنەوەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) و یەکە یەکە سیغارەکانیشی دەکێشێ. دوای خوێندنەوەی پیەسەکە بەسەر هونەرمەندەکەدا دەقیژێنێ و دەڵێت: (ئەمە بێکێت نییە، ئەمە پیەسێکی شانۆیی نییە، ئەمە ژیانی ئێمەیە! من دەمەوێت لەم کارەدا بەشداربم.)

یان یۆنسۆن لە ماوەی شەش مانگدا و لەو بەندیخانەیە و لەگەڵ ئەو بەندانە دەژی، بەشی یەکەمی پیەسەکە پێشکەش دەکەن. پرۆسەی کار و ئەزموونی بەرجەستەکردنیش ئاسان نابێت، بەڵکو بەکۆمەڵێ پرۆسەی گران و توندوتیژدا تێپەڕ دەبێت. دواجار نەمایشەکەش لە نێو دیوارە بەرز و ڕەقەکانی بەندیخانەکەدا پێشکەش دەکرێت. بینەران بریتی دەبێت لە کەس و کاری بەندەکان، هەندێ لە ڕۆژنامەنووسەکان، قوتابیانی پەیمانگاکانی هونەری نواندن لە شارەکانی سوید، هاوڕێ نزیکەکانی هونەرمەند یان یۆنسۆن و کۆمەڵێ هونەرمەندی شانۆیی. بێ گومان یاساوڵ و کارمەندانی بەندیخانە و هەندێ لە دەسەڵاتدارانی بەندیخانەکانی سویدیش ئامادە دەبن.



### ٣

قوتابیانی هونەر، هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسەکان بەچاوێکی ترەوە دەڕواننە نەمایشەکە و هانی (یان یۆنسۆن) دەدەن ئەم ئەزموونە بەرێتە دەرەوەی دیوارەکانی بەندیخانە. نەمایشەکە پەیوەندییەکی نزیک و گەرم لەگەڵ بینەران دروست دەکات. چرکەساتەکانی شانۆ دەبێتە کۆمەڵێ چرکەساتی واقیعی. واقیعی ناوەوەی ئەکتەرە بەندەکان، بیرکردنەوە و هەست و سۆزیان. شانۆ دەبێتە جیهانێکی جیاواز، لەو جیهانەدا سەرلەنوێ ژیانێکی تر لە دایک دەبێت. لە دایکبوونی سەرلەنوێی ئەو ئەکتەرانەش لە دایکبوونی خۆشەویستی، هەستکردن بەخود و بڕوایە.

هەر چۆنێک بێت بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە قایل دەکرێت کە نمایشی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە)ی بەندەکان لە دەرەوەی سنووری دیوارەکانی بەندیخانەوە پێشکەش بکرێت. یەکەم وێستگەش شانۆی (شار) دەبێت لە شاری یۆتۆبۆری. کۆنفراسی ڕۆژنامەگەری، چەندەها وتاری پۆزەتیفی ڕەخنەیی، وێنەی بەندەکان وەک ئەکتەر لەسەر ڕووپەڕی زۆربەی ڕۆژنامە کولتوورییە گرنگەکان و دواتریش نمایشکردنی شانۆییەکی سەرکەوتوو، دەبێتە ڕووداوێکی گرنگی ئەو ساتە وەختە. ئەو شتانە، ئەو ڕووداوانە بۆ ئەو بەندانە دەبێتە پێ داگرتنێکی گرنگ لە دەروازەیەکی فراواندا بۆ ژیانێکی نوێ، بیرەوەرییەکی مەزن، خەون و هەستکردن بەخۆشەویستی.

بەڵام کە سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ بەندیخانە، یاساوڵەکان بەوپەڕی توندوتیژییەوە ڕوو بەڕوویان دەبنەوە، دیاری و یادگارەکانیان لێ دەسەنن و هەموو کەلوپەلە بەنرخەکانیان دەسووتێنن. سەرلەنوێ فڕێ دەدرێنەوە ژوورە سارد و ڕەقەکانی بەندیخانەکەیان و دەرگاکانیان بەتووڕەیی لەسەر دادەخرێتەوە.

ئێستراگۆن: نەبەستراوینەوە؟

ڤلادیمیر: گوێم لێ نییە.

ئێستراگۆن: دەپرسم ئایا نەبەستراوینەتەوە؟

ڤلادیمیر: بەستراو؟

ئێستراگۆن: بەس - تراو؟

ڤلادیمیر: چۆن چۆنی بەستراو؟

ئێستراگۆن: دەست و پێ.

ڤلادیمیر: بەڵام بەکێوە؟ لە لایەن کێوە؟

ئێستراگۆن: بەکابرای لە مەڕ تۆوە.

هەواڵی ئەم نمایشە لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی سوێدەوە دەگاتە ساموێل بێکێت لە فەڕەنسا. بێکێت نامەیەکی برووسکەئاسا دەنێرێت بۆ هونەرمەند (یان یۆنسۆن) و داوای ئەوەش دەکات بێتە پاریس تا چاوی پێ بکەوێت. بێکێت زۆر خۆشحاڵ دەبێت بەم تەقەلایە و هەموو مافێکی نمایشکردنی پیەسەکەش دەبەخشێتە (یان یۆنسۆن)، یان یۆنسۆن دەگەڕێتەوە بەندیخانەکە و بەگیانێکی ترەوە بەردەوامی بەکارەکەی دەدات. لە یەکێک لە ڕۆژانی مەشق و خۆ ئامادەکردنی ئەو پڕۆژە زۆر جیاوازەدا، ئەو بەندەی ڕۆڵی ئێستراگۆن یاری دەکات، تووشی هەڵچوونێکی دەروونی گەورە دێت، بەر لە هەموو کەسێک شاڵاو بۆ یان یۆنسۆن دەهێنێ. یاساوڵەکان فریا دەکەون، دەنیشنە سەری و دارکارییەکی باشی دەکەن، دواتر فڕێی دەدەنە ژوورێکی تەنهاوە. پاش هەفتەیەک یەکتر دەبیننەوە، بەلەشی تێکشکاوەوە دێتەوە ژوورەوە، داوای لێبوردن لە یان یۆنسۆن دەکات.

ڤلادیمیر: سەرلەنوێ تۆ! (ئێستراگۆن دەوەستێ، بەڵام سەر بەرز ناکاتەوە، ڤلادیمیر دەچێ بەلایەوە.) وەرە باوەشم

ئێستراگۆن: دەستم تێوە نەدەی.

(ڤلادیمیر پێش بەشاڵاوەکەی خۆی دەگرێ، دڵگرانە. بێ دەنگی)

ڤلادیمیر: حەز دەکەیت بڕۆم؟ (تاوێک) گۆگۆ! (تاوێ، ڤلادیمیر بەوردی تێی دەڕوانێ) تێیان هەڵدایت؟ (تاوێ) گۆگۆ (ئێستراگۆن هەردەم سەرکز و کڕە) شەوت لە کوێ بردە سەر؟ (بێ دەنگی، ڤلادیمیر دێتە پێشەوە.)

ئێستراگۆن: دەستم لێوە مەدە. هیچم لێ مەپرسە. هیچم پێ مەڵێ. لام بمێنەرەوە.

ڤلادیمیر: بۆچی تا ئێستا تۆم بەجێ هێشتووە؟

ئێستراگۆن: لێم گەڕایت بڕۆم.

پاش ماوەیەک بەندەکانیش لەگەڵ ساموێل بێکێتدا دەکەونە نامە گۆڕینەوە. یان یۆنسۆنیش زیاتر و زیاتر لە ساموێل بێکێت نزیک دەبێتەوە، بەردەوام سەردانی دەکات، بەر ئەنجامی مەشق و نەمایشەکانی پێ ڕادەگەیەنێ. بێکێت دەرگای ماڵەکەی بەتەواوەتی بۆ ئەم هونەرمەندە سوێدییە دەکاتەوە. پرسیارەکانی بوون، بەرپرساریەتی، شانۆ و ڕۆڵی شانۆ تێکەڵ بەکۆمەڵێ گفتوگۆی قووڵی فەلسەفی، مرۆڤایەتی و هونەری دەبێتەوە. ساموێل بێکێت لە یەکێک لەو گفتوگۆیانەدا لە یان یۆنسۆن دەپرسێ: چی وای



لێ کردووی ئا بەم شێوەیە کار لە بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە بکەیت؟ یۆنسۆن لە وەڵامدا دەڵێت: عاشقی ئەفسوونی ئەو بێ دەنگییەم کە لە پیەسەکەدا هەیە.

یان یۆنسۆن لەگەڵ گروپە بەندەکەی بەردەوام دەبێت، لەم سەری سوێدەوە بۆ ئەو سەری، لە شارە گرنگەکانی مالمیۆ، یۆتۆبۆری و ستۆکهۆڵم نەمایشە بەندکراوەکەیان پێشکەش دەکەن. هەموو جارێکیش کە دەگەڕێنەوە دەکەونەوە بەر شاڵاوی سووکایەتی پێکردنی یاساوڵە داخ لە دڵەکان. دوا نەمایش، دوا ماڵئاوایی و دوا خەونی ئازادی، ئەکتەرە بەندەکان هەڵدێن و چیتر ناگەڕێنەوە بۆ بەندیخانەکەیان. هەڵهاتنەکەیان بەڕای یان یۆنسۆن تەقەلایەک دەبێت بۆ گەڕانەوەی کەرامەتی ڕوشاویان. یان یۆنسۆن یەکسەر دەفڕێت بۆ لای ساموێل بێکێت لە پاریس و پێی ڕادەگەیەنێ کە بەندەکان هەڵهاتن. بێکێت بەبیستنی ئەو هەواڵە زۆر پێدەکەنێ، پێکەنینی بێکێت چرکەساتێکی پڕ لە خەندەی مرۆڤێکی گەورەیە. گۆدۆ دەبێتە هۆی دروستکردنەوەیەکی تری ئەو بەندانە و ڕزگارکردنیان. بەندەکان هەڵدێن تا لەگەڵ بێکێت و گۆدۆدا، لە زەمەنێکی تر و ژیانێکی جیاوازتردا یەک بگرنەوە.

یان یۆنسۆن بۆ ماوەی ساڵێک لە بەندیخانەی کوملە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە بەندە کار دەکات. بەر ئەنجامیش نەمایشێکی سەرکەوتوو، لە ڕوانگەی ئەزموونێکی جیاوازەوە پێشکەش بەمرۆڤایەتی و بەڕەوتی شانۆی جیهانی دەکات.

٤

ئێستراگۆن: دەمێکە نووستووم.

ڤلادیمیر: نازانم. (بێدەنگی)

ئێستراگۆن: بۆ کوێ بچین؟

ڤلادیمیر: دوور نا.

ئێستراگۆن: با، با، با لێرە دوور بکەوینەوە.

ڤلادیمیر: ناتوانین.

ئێستراگۆن: بۆچی؟

ڤلادیمیر: دەبێ سبەینێ بێینەوە.

ئێستراگۆن: چی بکەین؟

ڤلادیمیر: چاوەڕێی گۆدۆ بکەین

بەندەکـان ڕا دەکەن، یان یۆنسـۆن دەگەڕێتـەوە بۆ ژیانی ئاسـایی ڕۆژانەی خـۆی، بەڵام پەیوەندییـەکـانی بە (سـاموێل بێکێت)ەوە هەر دەمـێنێـتـەوە. لەو پەیوەندییـەدا (بەدەم چاوەڕوانی گـۆدۆوە) لە شـانۆ و فـەلسـەفـەیەکی بێـهـوودەوە دەبێـتـە دیدێکی فـەلسـەفی و شانۆیەکی واقیعی، واقیعی شـتە نەبینراوەکان، گەوهەری مـەسەلە مرۆڤـایەتییـەکان، دەسەڵات و لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە واقیعێکی توندوتیژی هەستپێکراوی یاساکانی بەندیخانە. دەزگاکانی میدیای سوێدیش گرنگییەکی تەواوەتی دەبەخشنە ئەزموونەکە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەنگوباسی پرۆژەکە دەگاتە زۆربەی وڵاتانی جیهـان. لە گەرمەی ئەم کێشەیەدا (یان یۆنسۆن) نامەیەکی تایبەتی لە بەندیخانەی سان گوینتین San Quen-tin، یەکێک لە سەختترین بەندیخانەکانی کالیفۆرنیای لە ئەمەریکاوە پێ دەگات.

یان یۆنسـۆن جـانتاکـەی دەپێـچێـتـەوە و بەبێ هیچ دوودڵـییـەک بەرەو ئەمـەریکا و ئەو بەندیـخـانە ترسناکـە دەکـەوێتـە ڕێ. بەندیخـانـەکـەش زۆر زەبەلاحـە و نزیـکەی دوو هەزار بەندی تا هەتایی تیا توند کراوە. زۆربەی بەندەکانیش مرۆڤـە ڕەش پێستـەکان، هیندییـە سوورەکان و بێگانەکانی تری سەر بەنەژادە جیاوازەکانی مرۆڤایەتییە.

ئەم هونەرمەندە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو بەندیخانەیە و لە ناو ئەو بەندانەدا دەمێنێتەوە. (بەدەم چاوەڕوانی گـۆدۆوە) دەبێـتـە کـەرەسـەی کـار و ئەزمـوونی پرۆژەیەکی زۆر سـەخت و دەوڵـەمـەند. هەمـوو چرکـەساتەکـانی مـەشق و کـاری ئەو چەند سـاڵەش لە ژێر چاودێرییـەکی توندی ڕاسـتـەوخـۆی یاساوڵە چەکـدارەکـانی بەندیخـانەکەدا بووە. ڕووداوەکـانی ئەو چوار سـاڵە تەنها ڕووداوێکی هونـەری نەبووە، بەڵـکو هەمـوو چرکـەساتەکانی ئەو ڕۆژگـارە پڕبووە لە کـارەسـاتی دڵـتـەزێن، سـاتەوەختی پڕ لە خـەندە و تێکـەڵ بووە بەچارەنووسێکی نادیاری ئەو بەندانەوە.

دوای شـەش مـانگ لە مـەشـقی کـارەکـتـەری (پۆزۆ)، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ئەکـتـەرە (بەندە) ڕەش پێسـتـەی ئەو کەسایەتییـەی یاری کردووە، لە ژوورەکـە چۆتە دەرەوە. (یان یۆنسـۆن) لە چرکـەسـاتیکی پشـوودا، بەرێکەوت لە پەنجـەرەی ژوورەکـەوە دەڕوانێـتـە ئەو مـرۆڤـانە بێ ئارامـە. بەگـۆرەپانی بەندیخـانەکـەدا دەڕوات، سـەرەتا دەچێـتـە باخـچەکـەوە، سێوێک دادەکرمێنێ، دەگەڕێتـەوە گۆرەپانەکە، پیاسـەیەکی هێمن بەناو بەندەکـانی تردا دەکات و دەچیتە ژوورەکەی خۆی و دوای تاوێک خۆی هەڵدەواسێ.

مردنی ئەو ئەندامەی مەشق و پرۆژەی گۆدۆیەکی بەندکراو، دەبێتە خورپەیەکی دڵ تەزێن



بۆ تێکـڕای گـروپەکـە بەگـشـتـی و بـۆ (یان یۆنسـۆن)یش بـەتایبـەتی. بەڵام مـەرگ نـاتوانێ ڕێگا بە بەردەوامی ژیان بگرێت. (گۆدۆ) بێت یان نەیەت، خۆشی و ناخۆشییەکـانی ژیان هەر بەردەوام دەبێت. ئێمەیش تا هەتایە لە چاوەڕوانیدا دەمێنینەوە. گروپەکە کۆڵ نادەن و لە ڕووی وەفادارییەوە بەردەوامی دەبەخشنە ئەزموونەکەیان.

ئێسـتـە ساموێل بێکێت مـردووە، ئەو مرۆڤـانەش لە بەندیخانەکانیاندا مـاونەتەوە، (یان یۆنسـۆن)یش لە سـوێد بووە بە بەشـێـک لە هەر یەکـێـک لەو مـرۆڤـانە. گـێـڕانـەوەی ئەم ئەزموونەش نەمـایشکردنی شـانۆنامـەیەکی زۆر گـەورەیە. شـانۆنامـەیەک لەم چرکـەساتەدا دەژی. ژیانی شـانۆنامەکەش ڕاستـەوخۆ پەیوەندی بەژیانی خـۆیەوە هەیە، تازە هەرگـیـز ئەوە ناتوانێت بەجۆرێکی تر بژی.

ئێسـتراگـۆن: (سەیری درەختەکە دەکات) ئەمە چییە.

ڤلادیمیر: درەختە.

ئێستراگـۆن: دەزانم، چ بابەتە؟

ڤلادیمیر: نازانم، لەوانەیە بی بێ.

ئێسـتـراگـۆن: وەرە سـەیر بکە. (ڤلادیمیـر بۆ لای درەخـتـەکـە کێش دەکا و لەبەر دەمـیـدا جووڵە لە خۆیان دەبڕن. بێدەنگی) ئەی دەڵێی چی خۆمانی پیا هەڵواسین؟

ڤلادیمیر: بەچییەوە؟

ئێستراگـۆن: دوو گەز گوریست پێ نییە؟

ڤلادیمیر: نا

ئێستراگـۆن: کەواتە ناتوانین.

ڤلادیمیر: با بڕۆین.

ئێستراگـۆن: بووەستە، پشت وێنەکەم.

ڤلادیمیر: نابێ، زۆر کورتە.

ئێستراگـۆن: تۆ قاچم ڕاکێشە.

ڤلادیمیر: ئەی کێ قاچی من ڕاکێشێ؟

ئێستراگـۆن: ڕاستە.

## باڵندەی دەریا
## و مەشقی پرۆژەیەک بۆ ژیان

شانۆنامەی: باڵندەی دەریا Masen

نووسینی: ئەنتوان چێخەف Anton Tjechov

وەرگێرانی: لاش نۆرێن، بیۆرن مێلاندەر Lars Noren, Bjorn Melander

ڕیژی: لاش نۆرێن Lars Noren

لەسەر شانۆی: ریکس تیاتر، شانۆی سەمای هاوچەرخ Riksteatern, Moderna Dans Teatern

شانۆی ڕووسی لایەنێکی زۆر گرنگ و دەوڵەمەندی ڕەوتی شانۆیە لە جیهاندا. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە شانۆنووسانی ڕووس کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر بزووتنەوە و گەشەکردنی ئەم هونەرەوە هەیە. ساڵانەش لە سەرانسەری جیهاندا شانۆی ڕووسی بەشێکی گرنگی ڕێپێرتوار و ڕەوتی شانۆ پێک دەهێنێ.

ئەم ساڵ ستۆکهۆڵم لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدا، شانۆی ڕووسی لە ئامێز دەگرێت، بۆ نموونە ڕێپێرتواری پایز و زستانی شانۆی (شار) وەرزێکی چڕی شانۆی ڕووسییە. بەڕێوەبەری هونەری و هونەرمەندانی ئەم شانۆیە، لە ئاوڕدانەوەیەکی گرنگدا، هەڵوێستە لە تەک دوێنێ و ئەمڕۆی ئەم شانۆیەدا دەکەن. ئەنتوان چێخەف، تۆرگنێڤ، مەکسیم گۆرکی، میکائیل بۆلگاکۆڤ، گۆگۆل و شانۆنووسە نوێیەکان دەبنە پرۆگرامی شانۆییەکانی ئەم ڕێپێرتوارە. بێگومان ئەنتوان چێخەف لەم وەرزە ڕووسیەدا بەهایەکی گرنگ و دیاریکراوی هەیە. ڕیژیسۆری بەناوبانگی ئەمەریکی (ڕۆبێرت ویلسۆن)[٤] لە ڕوانگەیەکی پۆست مۆدێرنیزم، ئەزموونگەری و بونیادێکی شیعرییەوە شانۆنامەی (سێ خوشک) نمایش دەکات. لەم نمایشەدا ئەو سێ خوشکە دەبنە کۆمەڵێ وێنەی تەنک، خەونێکی هێمن و دارشتەیەکی ئەندازەئامێز. شیعر لەو دارشتەیەدا دەبێتە دەروازە و بنەمای وێنەکان، وێنەکانیش زمانێکی مەجازی، بونیادێکی فەلسەفی و نمایشێکی جیاوازمان پێشکەش دەکات.

لە لایەکی دیکەشەوە نووسەری گەورەی شانۆی سویدی (لاش نۆرێن)[٥] لە دیدێکی جیاواز و فۆرمێکی ساکار و نمایشێکی هاوچەرخەوە (باڵندەی دەریا)[٦] لەسەر شانۆی



ریکس تیاتر نمایش دەکات. (لاش نۆرێن) لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەهەڵبژاردنی ئەم پیەسە دەڵێت: (دوای نمایشکردنی چەندین پیەسی ڕەش و گران، ئێمە و بینەرانیشمان پێویستمان بە بەختیاری، ڕووناکی و جیهانێکی خۆش بوو. هەموو ئەمانەش لە باڵندەی دەریادا هەیە. ئەمە جگە لەوەی من هەمیشە تامەزرۆی ئەوە بووم لە باڵندەی دەریادا کاربکەم.)

ئەم پیەسە بەزمانێکی ساکار، تەکنیکێکی بەرزی شانۆیی و فەلسەفەیەکی قووڵی ژیان، چیرۆکی یانزە کارەکتەر، لە یەکێک لە گوندە دوورە دەستەکانی ڕووسیادا دەگێڕێتەوە: کۆمەڵێ مرۆڤ لە شارۆچکەیەکی بچووکی قەراغ دەریاچەیەکدا پێکەوە دەژین. ئەرکادینا، خاتوونێکی ئەکتەرە، تریبیلیۆفی کوڕی و دۆست و هاوڕێ و نزیکەکەی تریگۆرینی نووسەر و نینای کیژۆڵە. لە بەشی یەکەمدا نمایشێکی شانۆیی هەرزەکارانە دەبینین کە بەئاژاوە کۆتایی دێت. لە بەشی دووەمدا تریبیلیۆف هەوڵی لە ناوبردنی خۆی دەدات لە ئەنجامی دڵدارییەکی بێ هیوادا. نیناش وەک کیژۆڵەیەکی هەرزەکار، حەز و ئارەزووی خۆی بۆ تریگۆرین دەردەبڕێ.

بەشی سێیەم، خۆ ئامادەکردنی گەشتێکە بەرەو مۆسکۆ. ئەرکادینا، تریگۆرین ناچار دەکات لەگەڵیا بڕوات، تریگۆرینیش لە پشت ئەرکادیناوە لەگەڵ نینا ڕێک دەکەوێت تا لە مۆسکۆ یەکتر ببینن. بەشی چوارەم دوو ساڵ بەسەر ڕووداوەکاندا تێپەڕیوە. وەرزی پایزە، نینا بۆتە ئەکتەرێکی باوەڕپێکراو، بەڵام تریگۆرین وازی لێ هێناوە. تریبیلیۆف بۆتە نووسەر، کاردینا و تریگۆرین پێکەوە ماونەتەوە. دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کورتی نێوان نینا و تریبیلیۆف، نینا بەتەواوەتی ماڵئاوایی لە تریبیلیۆف دەکات، تریبیلیۆفیش بەگوللەیەک کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت.

باڵندەی دەریا لە نێو ئەم ڕووداوانەدا باس لە خۆشەویستی، لە یەک دوورکەوتنەوە، دابڕان و واز لە یەکدی هێنان دەکات. هەروەها زەمەنی ڕووداوەکان بەهیچ کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە. بەڵکو لە نێو ئەو ڕووداوانەدا کۆمەڵێ پرسیاری گەورە و گرنگ دەوروژێنێ: خۆشەویستی، پیربوون و داهێنان.

### کێشەی شانۆ

(باڵندەی دەریا) زۆر مەسەلەی گرنگ لەخۆ دەگرێت[٧]، لەم مەسەلانەدا وەک ئاماژەمان بۆ کرد، پەیوەندییەکانی مرۆڤ، خۆشەویستی و خەون بنەمایەکی گرنگی ئەو پیەسەن.

بەڵام باڵندەی دەریا شانۆنامەیەکی گرنگیشە سەبارەت بەهونەر، لەم مەسەلە هونەرییەشدا، بەتایبەتی هونەری شانۆ، بایەخ و پەیامێکی گرنگی هەیە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو خۆشەویستی و شانۆ پێکەوە دەبنە بنەمایەکی گرنگ بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە بەوپەڕی دڵفراوانی، لە خۆبوردەیی و ساکارییەوە ئەزموونی ژیان و هونەری خۆیان پێشکەش دەکەن.

چێخەف گەرەکیەتی لە باڵندەی دەریادا هونەرێکی نوێی شانۆیی پێشکەش بکات. لەو هونەرەشدا زۆر گرنگە هونەرمەند بوێرانە دید و بۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو. لە هەمان کاتدا گرنگیشە سترکتورێکی  دیار بۆچوونەکانی، هەلوێستە و دیدی ئەو هونەرمەندە بەرجەستە بکات. کارەکتەری تریبیلیۆف دەڵێت:(من زیاتر و زیاتر لەوە دڵنیادەبم مەسەلەکە سەبارەت بەفۆرمی کۆن یان نوێ نییە، هەموو نهێنییەکە لەوەدایە کە بنووسیت، بەبێ ئەوەی بیر لە فۆرم بکەیتەوە، تەنها ئەوەی لە ڕاستیدا دەیزانیت بەسەربەستی ڕێگای بدە لە مێشکتەوە بێتە دەرەوە.) چێخەف وەک مۆدێلێکی هونەری، لە کارەکتەری تریبیلیۆفدا پەیڕەوی تەوژمی سمبولییەکانی فەرەنسا دەکات. خۆشەویستی دەبێتە هەوێنێکی گرنگی بیرۆکەی بەرجەستەکردنی ئەو هونەرە نوێیە. خۆشەویستی هەر وەک لە ژیاندا، لە لای چیخەف دەبێتە تراژیدیایەکی کۆمیدی ئامێز.

تریبیلیۆف و نینا، وەک دوو ئارەزوومەند، حەزێکی گەورەی شانۆ و داهینان لە جەستەیاندایە، شانۆنامەیەکی سەیر پێشکەش دەکەن، بینەرەکانیان، هەندێ لە خەڵکی گوند و ئەرکادینا و تریگۆریش ئامادە دەبن. هێڵی پەیوەندییەکانی ئەو چوار کارەکتەرە جگە لە نووسین، شانۆ و هونەر، هێڵێکی ئێرۆتیکیش کۆیان دەکاتەوە.

لەم نێوەندەدا کارەکتەری نینا تاکە کارەکتەرێکە کە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوە چوونەش هەموو لایەنەکانی ژیانی نینا دەگرێتەوە، بەتایبەتیش ژیانی هونەری و خۆشەویستی.

ئەم چەمکە لە لای (لاش نۆرێن)یش وەک نووسەرێکی درامی بەهایەکی گرنگی هەیە. هەموو کەسایەتییەکان، بەردەوام کەسێکی هەڵەیان خۆش دەوێت. تریبیلیۆف دێتە ژوورەوە و باڵندەیەکی دەریای کوژراوی بەدەستەوەیە، فڕێی دەداتە بەردەمی نینا لە وەڵامدا دەڵێت من هیچ تێ ناگەم، بەڵام کۆنستانیتن بۆی ڕوون دەکاتەوە کە ئەو هەرگیز ناتوانێ بەبێ ئەو بژی. لەم گێژاوەدا باڵندەی دەریا لە لای لاش نۆرێن زیاتر دەبێتە مەسەلەی شانۆ و بەرپرسیاریەتی.



هەر لەم دیدەوە لاش نۆرێن، وەک ڕیژیسۆر، پرۆسەی مەشقی شانۆ دەکاتە فۆرمێکی دەربڕین بۆ بەرجەستەکردنی باڵندەیەکی نوێ لە ئۆقیانوس و دەریاچەیەکی جیاوازتردا. هەموو گروپەکە، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی نەمایشەکە، پێکەوە لەسەر شانۆن. پانتایی شانۆکەش بەپەردەیەکی ڕەش داپۆشراوە و کراسێکی سپی ژنانەش بە بەرزاییەکەوە، لە قووڵایی شانۆکەدا هەڵواسراوە. نینا لە پیەسەکەدا جلی سپی لەبەردایە، بەڵام لە لای لاش نۆرێن زیاتر ڕەش پۆشە و لە بری ئەوە لە ناوەڕاستی شانۆکەدا و بە بەرزایی دیواری ناوەڕاستەوە، بەرامبەر بەبینەران، کراسێکی ژنانەی سپی هەڵواسیوە. چێخەف لەم هاوکێشەیەدا زیاتر کێشەکانی شانۆ چڕدەکاتەوە. کارەکتەری تریبیلیۆف وەک نووسەرێکی گەنجی شانۆیی، دایکیشی وەک ئەکتەرێکی بڕوا پێکراوی تەقلیدی. لەم ڕووەوە کێشەی نێوان شانۆ و فۆرمێکی نوێ، لە ڕوانگەی شێوازە تازەکانی دەربڕینەوە، دەبێتە پرۆسەیەکی بەردەوامی کێشەکانی کۆن و نوێ. دایک و کوڕیش، وەک دوو نەوە دەبنە نوێنەری ئەو ململانێ و کێشە هونەرییە.

## ئەزموونێکی نوێ

لەم پرۆسە نوێیەی ریکس تیاتردا، چێخەف، لاش نۆرێن و ئەکتەرەکان دەبنە بەشێکی گرنگی ئەزموونیکی چڕ. لەو ئەزموونەدا: دوو نووسەر، ڕیژیسۆرێک و کۆمەڵێ ئەکتەری بەهرەدار دەبنە سێ کوچکەیەکی پێکداچوو. لەم هاوکێشەیەشدا " بینەران" دەبنە بەشێکی گرنگ و ئامادەبوو.

بینەران لە نەخشەی پرۆژەکەدا دەبنە میوانی کارگەیەکی هونەری و چاودێرێکی وردی لە دایکبوون و خولْقاندنی پرۆسەیەکی گرنگی شانۆیی.

نەمایشەکە وەک پرۆسەی مەشق و خۆئامادەکردنێکی شانۆیی، لەگەڵ نزیکی و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەراندا، ئامادەگییەکی ڕاستەقینەی ڕاستگۆ، هۆشمەندییەکی گشتگر و هەستێکی بڕواپێکراودا کۆدەکاتەوە. لاش نۆرێن، وەک نووسەرێکی شانۆیی بەتوانا و ڕیژیسۆرێکی بەسەلیقە، نەک تەنها ڕووداوەکانی شانۆنامەکەی گوێزاوەتەوە بۆ ئەمڕۆ، بەڵکو هەر خۆشی، وەک تەقەلایەکی نوێ و بەتێگەیشتنێکی قووڵ و بەهاریکاری (بیۆرن مێلاندەر) پیەسەکەی بەزمانێکی هاوچەرخ و نزیک لە بنەماکانی (هونەری نواندنەوە) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سوێدی.

## مەشقی نەمایشێک

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە هەموو نەمایشەکە لە دیدی هونەری لاش نۆرێندا دەبێتە مەشق و پڕۆڤەی باڵندەی دەریا. هەموو نمایشەکە بریتییە لە خۆئامادەکردنی ئەو نمایشەی لە ئایندەدا پێشکەش دەکرێت. بەمانای خودی نمایشەکە بریتییە لە تەنها پڕۆڤەکردنێک بۆ نمایشێکی ئایندە، نمایشەکە هەر وەک مەشقی نەمایشێک لە ناو نەمایشێکدا. ئەکتەرەکان، کرێکارانی شانۆ و هەموو تەکنیکاران، لەگەڵ بینەران و لە هەمان دەرگا سەرەکییەکەی بینەرانەوە، بەخۆیان و کەلوپەلەکانیانەوە دێنە ژوورەوە. تەکنیکاران لە قووڵایی ناوەڕاستی شانۆکەدا بەرامبەر بەبینەران دانیشتوون بۆ جێ بەجێکردنی ڕووناکی. ئەکتەرەکانیش پیەسەکانیان بەدەستەوەیە و وەک هەر پڕۆڤەکردنێک، ڕۆڵەکانیان دەخوێننەوە.

سەرەتا نەمایشەکە، وەک مەشقێکی ئاسایی بەسەمایەک دەست پێ دەکات. سەماکەش بەرجەستەکردنی ڕۆڵ و کارەکتەرەکانە. ئەکتەرەکان دوای هاتنە ژوورەوەیان، وەک کۆمەڵێ هاوڕێ و مرۆڤی ئاسایی، سڵاو لە یەکتری دەکەن، هەندێ جار لە پەراوێزدا پێکەوە دەدوێن، دوای ئەوە سەمای پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان دەست پێ دەکات. سەماکە ڕیتواڵێکی خەندەئامێز، بارودۆخیکی گەرم و هەستێکی پڕ لە خۆشەویستی دەخولقێنێ. وەک لە لای سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، ڕووداوەکانی نەمایشەکە نزیکەی سەد ساڵێک هێنراوەتە پێشەوە. جلوبەرگی ئەکتەرەکانیش ساکارترین جۆرەکانی جلوبەرگی ئەمڕۆمانە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو زەمەنە نوێیە، لەو مەشقە شانۆیییەدا، هەندێ جار ئەکتەرەکان بەناوە ڕاستەقینەکانی خۆیانەوە هەڵسوکەوت دەکەن. بەڵام ڕۆحی کارەکتەرەکان: تریبیلیۆف، نینا، ماشا و سۆرین بە بەردەوامی لەوێن، بوونیان هەیە و لەگەڵ ئەکتەرەکان و ئێمەی بینەراندا دەژین. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە ڕووی دیدی ڕێژی و بەرجەستەی هونەرییەوە، فۆرمی مەشق و پڕۆڤە شانۆیییەکە تێکەڵاو دەبێت لەگەت مەشقی شانۆیی و هونەری ڕاگوزەری.

لاش نۆرێن، وەک ڕیژیسۆری پڕۆژەکە، باڵندەی دەریا دەکاتە مەشقی ژیان بۆ ئەو نەمایشەی هەرگیز پێشکەش ناکرێت. هەر لەم دەروازەیەوە، نەمایشەکە توانیبووی حاڵەتیکی چڕی نزیک، پڕ لە هەست و سۆز و پێزانین لە نێوان ئەکتەرە بەشدارەکاندا، وەک گروپێکی یەکگرتوو بخولقێنێ. بەو شێوەیەش ئەو حاڵەتە بوو بووە بەشێکی گرنگی



کاریگەری و نزیک بوونەوە لە بینەرانەوە. لاش نۆرێن سەبارەت بەنەمایشەکەی دەڵێت: (ئێمە لە نەمایشەکەماندا، هەوڵ دەدەین، ئەو ڕۆحە زیندووە لە زمانەکەی باڵندەی دەریا و چیخەفدا بەند بکەین و لە هەمان کاتدا تێهەڵکێشی دوو هەزارەی ئەم سەدەیەی بکەین. ئەمە جگە لەوەی کە دەمانەوێت، ئەو زمانە نوێیە بەرجەستەی زمانێکی جەستەیی ئاماژەئامێز بکەین کە لەگەڵ دید و ڕۆحیەتی ئەمڕۆماندا بگونجێ.) بەو شێوەیە نەمایشەکە بەر ئەنجامێکی جیاوازی دوو فاق لە خۆدەگرێت. لەو بەرئەنجامەدا شانۆ و ژیان و شانۆیەکی جیاوازتر هیچترنین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوەتی ڕۆڵەکانیان نین، لێرەو لەوێ هەندێ جار مەشق و پڕۆڤە هونەرییەکەی پڕۆسەی باڵندەی دەریا دەوەستێن، پشوویەک وەردەگرن و لەسەر ئاوازی مۆسیقایەکی زۆر دیار و لە هەڵوێستێکی پڕ لە خەندەدا سەما دەکەن. دوای ئەوە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر (باڵندەی دەریا)، مەشقی ژیان، ژیان و شانۆ لە مەشقێکی هونەریدا دەبێتە نمایشێکی ساکار، بەڵام قووڵ و پڕ لە دەربڕین.

## ململانێی نەوەکان

هیچ پیەسێکی شانۆیی هێندەی باڵندەی دەریا خۆی لە کیشەی نەوە جیاوازەکان نەداوە. ململانێی نەوەکان، لە پاڵ چارەسەرکردن و خستنە ڕوویەکی بابەتییانەی گرنگی گرفتەکانی هونەری شانۆ، لایەنێکی گرنگی شانۆنامەی باڵندەی دەریا پێک دەهێنێ. لەم ڕووەوە کێشەی نێوان دایک و کوڕێک دەبێتە سمبوولێکی ئاشکرای ئەو کێشەیە. کێشەی دایک و کوڕێک دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی کێشەکانی دەسەڵات، نەوە، هونەر و جوانی.

ئەم کێشەیەش بەشێکی گرنگی پڕۆژە شانۆیییەکەی لاش نۆرێنە و لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکی (مەشق)ەوە، وەک بیرۆکەی بنیاتنانی بەرجەستەکردنی نەمایشەکە، کێشەی لێک حاڵی نەبوون لە نیوان ئەکتەرەکاندا دروست دەبێت. زۆر سروشتییانە حاڵەتەکە دەگوێزرێتەوە بۆ هەڵوێستە و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی کوڕێکی غەمگینی شانۆنامەنووس لەگەڵ دایکێکی هونەرمەندی تەقلیدی بێ باکەوە. لەوێشەوە بۆ قەیرانەکانی هونەری شانۆ و دواتریش بەستنەوەیان بەرۆڵی نەوە جیاوازەکانەوە. لەم کێشانەدا لاش نۆرین گەمە بەتێکستەکانی پیەسەکە و بەچەمکەکانی کلێشەسازی و هونەری نواندن دەکات لە شانۆدا.

لەم ڕووەوە ئەزموونەکە دەبێتە پرۆسەیەکی دووفاقی پێکداچوو: گەمەی نووسەرێکی درامی/ ڕیژیسۆرێکی شانۆیی بەتوانا. لاش نۆرین چ وەک درامانووسێکی بەتوانا، چ وەک ڕیژیسۆرێکی بەسەلیقە، دەبێتە یاریزانی یەکەمی ئەو گەمەیە. گەمەش وەک دیدێکی هونەری دەبێتە توخمێکی گرنگی مامەڵەکردن لە تەک کارەکتەرەکان، پیەسەکە و تێکڕای سترکتورە گشتییەکەی ئەو مەشقە هونەرییە.

باڵندەی دەریا لە چەقی ئەم ڕووداوانەدا، نەوە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە، ڕووبەڕوویان دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا لێکیشیان دادەبڕێ.

کەسایەتییەکان کەسێکی تریان خۆش دەوێت و لەم دابڕانەشدا، ئەو کەسانە، هەرگیز بەیەکتری ناگەن، هەموو کەسێک یادی شوینێک دەکات، هەرگیز نایگاتێ. کارەکتەرکان لەگەڵ ئێمە پێ دەکەنن، دەگرین، عاشقی یەکتر دەبن، گۆرانی دەڵێن، لە یەکتری دادەبڕێن، بەختیار و غەمبار دەبن.

لاش نۆرین وەک ڕیژیسۆریکی نووسەر، نووسەرێکی هونەرمەند، لە گۆشەنیگایەکی ترەوە نهێنییەکانی پیەسەکەی دۆزیوەتەوە. دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەش سەرلەنوێ دووپاتکردنەوەیەکی تری ڕاستەوخۆی مەسەلەکانی هونەر و تێڕوانینی نەوەکانە. لەم نێوەندەدا گفتوگۆکردن لەسەر هونەری شانۆ، هونەری نواندن و ئەکتەر، هاوچەرخایەتی، ئەزموونگەری و نوێخوازی لە شانۆدا دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ژیان، لە مامەڵەکردن، حەز و خەون و خولیاکان. هەموو شتێک دەژی. ژیان لەو مەشقەدا جووڵەیەکی، هەناسەیەکی بەردەوامە، جووڵەی دەرەکی و تەنانەت جووڵە و هەڵچوونە ناوەکییەکانیش. لەم ڕووەوە نەمایشەکە باڵندەیەکی خەمگینە، خەون بەژیان و بە بەختەوەرییەوە دەبینێت. ڕیژیسۆریش لەم خەونەدا دەیەوێت لەگەڵ بینەراندا بدوێت، باسی ئەزموونی ژیانیان بۆ بکات، ژیانی ڕۆژانە، کەوتن و هەستانەوە، نەهامەتی، سەرکەوتن و دەرد و ئازار.

## چێخەڤ، لاش نۆرێن و پرۆسەیەکی هاوبەش

ئەنتوان چێخەف هەمیشە جێگایەکی بەرز و شیاوی لە لای لاش نۆرین، وەک نووسەرێکی شانۆیی هەبووە. چیخەف بەکەرەستە وردە شانۆییەکانی، بەکارەکتەرە تەنهاکانی و بەبێ دەنگیەکەی، کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ڕەوتی نووسین و گەشەکردنی هونەری درامای لاش نۆرین کردووە.



هەندێ لە پیەسەکانی لاش نۆرێن ڕاستەوخۆ ئەو کاریگەرییەیان بەسەرەوە دیارە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەشێکی گەورەی پیەسەکانی لە کەش و ئاو و هەوایەکی چێخەفانەدا نووسراون. بەتایبەتی تەکنیکی ئەو هاوکیشە بێ دەنگە، وەستاوە گرانەی کە لە لای چێخەف بۆتە جیهانێکی شانۆیی تایبەتمەند و گەورە، سەرلەنوێ لە لای لاش نۆرین بۆتەوە بەمیتۆدێکی گرنگی سەرچاوە و نووسینی شانۆیی.

ڕەخنەگرە سوێدییەکانی شانۆنامەکانی En Dags Vaerelser, Komedianter, De Borgerlinga Kvartetterna دەخەنە خانەی ئەو شانۆنامەی لاش نۆرێنەوە کە سیمایەکی ڕاستەوخۆی چێخەفیان بەسەرەوەیە. کاریگەریەی چێخەف بۆتە لایەنیکی پۆزەتیڤی گرنگ و لەم پرۆژە نوێیەی لاش نۆریندا ڕەنگی داوەتەوە. لاش نۆرێن وەک ڕیژیسۆرێک بۆ پرۆسەی ڕیژی و بەرهەمهێنانی باڵندەی دەریا، گەڕاوەتەوە سەر پیەسەکانی خۆی و ئەو کارەکتەرانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر کاریگەری چێخەفدا نووسراون. ئەمڕۆ لە پرۆژەیەکی هونەریدا بەشێوەیەکی تر زیندوو بوونەتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لاش نۆرێن ئەو کاریگەرییەی بەشێوەیەکی کردەیی و لە پرۆسەیەکی هونەریدا، بەجیهانە تایبەتییەکەی خۆیەوە بەستۆتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە پەژارە، ئازار و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کارەکتەری تریبیلیۆف لە لای چێخەف، وێنەیەکی تری کارەکتەری (داڤید)ە لە شانۆنامەی (شەوە دایکی ڕۆژە)[٨] لە لای نۆرێن. لاش نۆرێن ئەو کارەکتەرە دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگی پرۆسەی بەژیانکردنی کارەکتەری تریبیلیۆف لە شانۆنامەی باڵندەی دەریادا. تەنانەت (نینا)ش، کە سمبولی ئەو باڵندە پێکراوەیە، پێکدادچوونێکی تری کارەکتەرە ئافرەتەکانی تری پیەسەکانی لاش نۆرێنی نووسەرە.

لەم ڕووەوە نەمایشی باڵندەی دەریا، لەم ئەزموونەدا دەبێتە پەرتووکی پاداشتەکانی لاش نۆرێن و پیاچوونەوەیەکی وردی پیەسەکانی ڕابردووی. گرنگی گەڕانەوەش بۆ ئەم یادەوەرییانە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی لاش نۆرێن، وەک هونەرمەندێکی ڕیژیسۆر لەو هەڵوێستە کتوپڕەی بەبابەت و کارەکتەرەکانی خۆیی و تێهەڵکێشکردنیان بەگەمەی مەشق و پرۆژەی باڵندەی دەریاوە.

لەم ڕوانگەیەوە لاش نۆرێن دەیەوێت لەسەر گرنگی و ڕۆڵی هونەر، هونەرمەند و بەرپرسیاری بدوێت. تریبیلیۆف لە بارێکی دڵەڕاوکێ و دوودڵیدا، لە جیهانێکی تەنها و بێ دەنگدا، دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێ. شانۆنامەکەی بەئامادەبوونی ئەکتەرێکی

ناسراو، (دایکی) پێشکەش بکات. بەڵام دایکی نەک هەر گوێی لێ ناگرێت، بەڵکو بریندازیشی دەکات. تریبیلیۆف لە تەنهاییەکی کوشندەدا دەژی، ئەو ئافرەتەشی ئەو خۆشی دەوێت، وێڵە بەدوای کەسێکی تردا، بەدوای بەهرە و ناو و ناوبانگدا. لاش نۆرێن کارەکتەری (تریگۆرین) ئاوێتەی کەسایەتی خۆی دەکات. دوو نووسەر لە پڕۆسەی نووسین / داهێناندا، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ئەم پڕۆسەیەش، وەک لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد ڕەنگدانەوەیەکی گرنگی پیەسەکانی تری لاش نۆرێنە.

گرنگی ئەم ئەزموونە شانۆییەش، لە پاڵ ئەو بەها هونەری و ئێستاتیکییەدا، ئەو گەشتە ڕاستەوخۆیەیە بەجیهانی پیەسەکانی لاش نۆرێندا. ئەم گەشتەش ئاوێتەی شانۆنامەی (باڵندەی دەریا)، چێخەف، هونەری ڕیژی و شانۆ بۆتەوە، بەمەش نەمایشەکە پێودانگێکی دەوڵەمەند و دیدێکی جیاوازتر لە خۆ دەگرێت. ئەو دیدە جیاوازەش لە ئەزموونی دوو نووسەری گەورە و هونەرمەندێکی بەسەلیقەدا بەرجەستە دەبێت.

پەراوێز:

(١) لە چوارچێوەی دیدێکی جیاوازدا، لە ساڵی ١٩٩٥دا، لەگەڵ ئەو خانمە سوێدییەدا کارم لە شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە) کرد. نەمایشەکە دوای مانگ و نیوێک مەشقی بەردەوام، لە پانتایی هۆڵی ماڵیکی گەورەدا، لە دوورگەیەکی بەرز لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم ئامادەی پێشکەشکردن بوو. بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی ئەو گەمەیە پێشکەش بکەین بەبینەران، لەبەر ئەوەی مافی نمایشکردنی پیەسەکە بەر لە ئێمە فرۆشرابوو بەگروپی تری شانۆیی لە ستۆکهۆڵم و کۆپنهاگن.

(٢) یان یۆنسۆن، ئەکتەر و ڕیژیسۆرێکی ناسراوی سوێدیە. لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا لە بەندیخانەکانی (کوملە) لە سوید، (سان کوینتین) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کاری لە شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) کردووە. بەر ئەنجامی ئەو کارانە نەمایشی (هەندێ لە ساتەکانی واقیع)ی لێ دەخوڵقێ. یان یۆنسۆن ئێستە لەگەڵ گرۆی ریکس دراما لە گەشتێکی بەردەوامدا ڕووبەڕووبوونەوەکانی خۆی سەبارەت بە بەندیخانەکانی کوملە، سان کیونتین و ساموێل بێکیت دەگێڕێتەوە.

هەندێ لە ساتەکانی واقیع نەمایشێکی شانۆیی گێڕانەوە ئامێزی چڕ، پڕ لە هەست و سۆز و مرۆڤایەتییە، یان یۆنسۆن بەشێوازێکی تایبەت، شیعرئامێز، دەوڵەمەند و گشتگرەوە لەم نمایشەدا یادەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بەو دوو بەندیخانە شانۆی خۆی، بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە دەگێڕێتەوە.

(٣) دیمەنەکانی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە) بۆ ئەم باسە لە وەرگێڕانەکەی سمکۆ ناکامەوە وەرگیراوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردیی لە سوید.



(٤) ڕۆبێرت ویلسۆن، ڕیژیسۆر و ئەندازیارێکی ئارکۆلۆژی بەناوبانگی ئەمەریکییە. پڕۆژە هونەرییەکانی سترکتۆرێکی پۆست مۆدێرنیزم و نەفەسێکی قووڵی ئەزموونگەری لە خۆ دەگرێت. لەسەر تێکڕای شانۆکانی ئەوروپا و جیهان کاردەکات. ساڵی ١٩٨٨ لە پڕۆژەیەکی بێ وێنەدا شانۆنامەی (خەونەیاری) ستریندبێری لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکات. جگە لە سوێد، هەندێ لە پڕۆژە ڕەنگینەکانی ئەم ڕیژیسۆرەم لە وڵاتانی تری ئەوروپا بدوێم. بەو هیوایەی لە بابەتێکی سەربەخۆدا بگەڕێمەوە سەر پڕۆژە، میتۆد و دیدی ڕیژی لە لای هونەرمەند ڕۆبێرت ویلسۆن.

(٥) لاش نۆرێن لە ساڵی ١٩٤٤ دا لە دایک بووە. لە دوای ستریندبێرییەوە دادەنرێت بەیەکێک لە گرنگترین شانۆنووسە سوێدییەکان. لە سەرەتادا وەک شاعیر هاتۆتە پێشەوە. دواتر ئەو زمانە شیعرییە لیریکیەی دەگویزێتەوە بۆ دنیای شانۆ.

لاش نۆرێن بەرجەستەیەکی وردی دنیای ناوەوەی مرۆڤ دەکات. ژان و پەژارە لەوانەیە سیمایەکی سەرەکی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە بێت. لەم ڕوانگەیەوە ژیان لە پانتاییەکی ڕەشدا دەبێتە زیندەخەونێکی بێ ئارام. سێکس و سێکسەناسازی وەک دوو جەمسەری دژ بەیەک، بارێکی دڕندەئاسا لە لای پاڵەوانەکانی بەرجەستە دەکات. هەروەها کێشەکانی خێزان، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی دایک و باوک پانتاییەکی فراوانی پیەسەکانی ئەم نووسەرە پێک دەهێنێ.

زۆربەی پیەسەکانی لاش نۆرێن وەرگێڕاونەتە سەر زۆربەی زمانە گرنگەکانی جیهانا و لەسەر شانۆ گرنگەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و نەرویژ پێشکەش دەکرێت. لاش نۆرین لەم چەند ساڵەی دواییشدا وەک ڕیژیسۆرێکی بەتواناش دەرکەوتووە.

(٦) ئەم ئەزموونەی لاش نۆرێن و باڵندەی دەریا، هەر لە دوای نەمایشکردنیەوە لە سوێد بۆتە جێگای سەرنجی ڕەخنەگر، بینەران و شانۆکاران، نەک تەنها لە سوێددا، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا. هەر لەم ڕووەوە بەماوەیەکی کورت، دوای نەمایشکردنی لە سوید، شانۆی نەرویژی لە ئۆسلۆ، شانۆی Theatre Nanterre - Armandiers لە پاریس، شانۆی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا و ڕووسیاش میواندارى ئەم نمایشە دەکەن.

(٧) ئەنتوان چێخەف ١٨٦٠ – ١٩٠٤ شانۆنامەی (باڵندەی دەریا)ی لە ساڵی ١٨٩٦دا نووسیوە. لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا لە شاری سانت پێتەربۆری، لەسەر شانۆی (ئەلێکسەندرا) نەمایش دەکرێت. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێ و دەبێتە کارەساتێکی هونەری. بەڵام بۆ جاری دووەم نەمایش دەکرێتەوە. نەمایشەکەی شانۆی هونەر لە مۆسکۆ دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئەو شانۆیە و بۆ باڵندەی دەریاش.

(٨) شەو دایکی ڕۆژە شانۆنامەیەکی کۆمەڵایەتی لاش نۆرێنە. لەم پیەسەدا پەیوەندییەکانی دایک و کوڕ دەگاتە ئاستی ترۆپک. داڤید هەروەک تریبیلیۆف لە کێشەیەکی گەورەدایە لەگەڵ دایکی. داڤید لە هەڵوێستەیەکی دژواردا چەقۆ لە دایکی هەڵدەگرێت و ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

# بەشی پێنجەم

شانۆیەکی سەربەست

لە سوێد گرۆ سەربەستەکان ئێجگار زۆرن، هەندێ جار ڕەخنەگرە شانۆییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ستۆکهۆڵم دادەنرێت بە چڕترین پایتەختی شانۆیی لە ئەوروپادا. چالاکی شانۆیی ئەم گرۆ سەربەستانەش لە شارێکەوە بۆ شارێک و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕدرێت، ساڵانە چەندین گرۆ لەدایک دەبێت، هەروەها هێندەی تریش دەرگاکانیان دادەخرێت.

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم چالاکییە سەربەستانەش دەگەڕێتەوە بۆشەستەکانی هەزاری ڕابردوو، لە هەشتاکانیشدا دەگاتە ئاستی ترۆپک. (بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە). ئەم شانۆیانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بزووتنەوە و ڕەوتی شانۆی سوێدیدا گێڕاوە و زۆربەی ڕێژیسۆر و ئەکتەرەکانی شانۆی سوێدی، بەشێوەیەک لە شێوەکان، لە ئامێزی ئەم گرۆ سەربەستانەدا لەدایک بوون.

لەم بەشەی ئەم کتێبەشدا باسی هەندێ لەو تیپە گرنگە شانۆییانە دەکەین و نموونەش لە نمایشەکانیان دەهێنینەوە. هەروەها هەوڵیشم داوە جگە لە ستۆکهۆڵم، نموونەی هەندێ لە تیپە شانۆییەکانی شارەکانی تری سوێدیش بهێنمەوە. بەو هیوایەی بتوانم وێنەیەکی زیاتر گشتگر و سەراپاگیری شانۆی سوێدی ببەخشمە هونەرمەند و خوێنەری کورد.



## ئاوازی شالیر لە ئۆرکسترای (ئۆریۆن)دا

شانۆیی: شالیر Kung Lear

نووسینی: شەکسپیر Shakespeare

وەرگێڕانی: یان مارک Jan Mark

سینۆگرافیا: پێتەر هۆڵم Peter Holm

نواندنی: کێڤی هێلم Keve Hjelm

ڕیژی: پیتەر ئۆسکاشۆن Peter Oskarson

کۆردیلیا: هیچ نا، گەورەم!
لیر: هیچ؟
کۆردیلیا: هیچ
لیر: هیچ لە هیچەوە دێت، جارێکی تر قسە بکە.
"شالیر"

لیر پادشایەکە لە زەمەنێکی تاریکی چاخەکانی ناوەڕاستی ئینگلستاندا دەژی. ئەم پادشا دڵڕەقە گەرەکیەتی دەست لە دەسەڵاتی پادشایەتی بکێشێتەوە و وڵاتەکەشی بە سەر هەر سێ کچەکەیدا دابەش بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێت شێوەیەک لە دەسەڵات و ناونیشانی پادشایەتیش بۆ خۆی بهێڵێتەوە و سەد پیاویش لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، واتە دەست لە دەسەڵات کێشانەوەی، خۆشەویستی کچەکانی دەکاتە تەرازووی ئەو دابەشکردنە. ئەم مەسەلەیەش بۆ دوو کچە گەورەکەی زۆر ئاسانە، بەڵام بۆ کچە بچووکە خۆشەویستەکەی (کۆردیلیا) وەڵامێکی گرانە و نازانێ چۆن خۆشەویستی خۆی بۆ لیری پادشا و باوک دەربڕێ.

شانۆنامەی شالیر بە وەسیەتنامەی شەکسپیر دادەنرێت. شەکسپیر لە شالیردا هەموو تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێ بۆ بەرجەستەکردنی تراژیدیایەکی گەورە، لەو تراژیدیایەدا ڕاستی، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت و دەسەڵات، پیربوون و بەساڵاچوون، مرۆڤ و هەموو کەوتنەکانی مرۆڤ لە دیدێکی فەلسەفی و شانۆیی بەرزدا دەنەخشێنێ.

بەڵام شالیر ئەو کیشوەرە دوورە دەستەی تا سەردەمێکی درەنگ نەدۆزیبووەوە و زۆر کەم

بیـر لە دەرهێنانی دەکرایەوە. بێگومـان ئەمـەش دەگـەڕێتـەوە بۆ چڕی و پڕی و گـەورەیی شانۆییەکە و دۆزینەوەی ڕیتواڵێکی تایبەت بە ڕیتم و جیهانی ناوەوە و دەرەوەی، وەک یەکەیەکی گشتگری هونەری.

ئەم نهێنییانە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سەرەتاکانی دەرکەوتنی هونەری ڕیژی، ئەزموونە نوێیەکانی شانۆ و دەرکەوتنی شانۆکارە گەورەکان و بزاڤی شانۆی هاوچەرخی جیهانی ئاشکرابوون. شالیریش کەوتە ژێر تیشکی دیدی نوێخوازانە و پڕ لە بزاڤ و ڕاڤەی جۆراوجۆری ڕیژیسۆرەکانەوە.

پیتەر بروک لە شەستەکان و ئینگمار باریمان لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا شالیر دەکەنە پانتاییەکی گرنگی ئەزموونە شانۆییەکانیان.

دوا وێستگەی بەرجەستەکردن و کردنەوەی کۆدەکانی ئەم دەقە شانۆییەش لەسەر شانۆی ئۆریۆن و لە ڕیژی ڕیژیسۆری ناسراوی سوێدی (کێڤی هێلم). شانۆش لەلای ئەم دوو هونەرمەندە دوو ڕێچکەی جیاوازی هەیە، لەلای کێڤی هێلم شانۆ شانۆی ئەکتەرە، بەڵام لەلای پیتەر ئۆسکارشۆن شانۆ شانۆی ڕیژیسۆرە.[١]

## سەرەتایەکی کتوپڕ

ژووری یەکەم هۆڵێکی بچووکە و تێکڕای بینەران دێن و دەچن و لەگەڵ یەکدی گفتوگۆ دەکەن. لە هەمان کاتدا بەرانبەر بە شانۆیەکی بەرز و گوێسەبانەیەکی بەرزتر بەپێوە ڕادەوەستن.

ئەکتەرەکان دێنە سەر شانۆ، کارەکتەر و بینەران پێکەوە چاوەڕوانی هاتنی (شالیر) دەکەن. بەپێوە وەستانی بینەران بەو شێوە تەسک و چڕە و لە دیمەنی یەکەمدا گەڕانەوەیەکە بۆ بووژاندنەوەی مۆدێلی شانۆکەی سەردەمی شەکسپیر The Globe و شانۆی ئیلیزابیس.

هێدی هێدی، لیر، بە گەورەیی و هێز و مەزنیی شایەکەوە، لە سەرەوەی شانۆکە (گوێسەبانە و نهۆمی سەرەوە) بە تەنها دەردەکەوێت و بەسەر تێکڕای کارەکتەر و بینەراندا دەڕوانێت. کێڤی هێلم خۆی لە تەمەنی (٧٢) ساڵیدایە و بە ڕیشێکی سپی درێژەوە سیمای شایەکی بەزەبروزەنگی هەیە.[٢]

بە پێچەوانەوەی چاوەڕوانی بینەرانەوە، لە بەشی سەرەوە دەردەکەوێت و بەکارهێنانێکی زیرەکانە و پراکتیزەکردنێکی جیاوازی شوێن و ئاڵوگۆڕپێکردن و بنیاتنانێکی جیاوازتر بۆ مەدلوولە دیار و ئاشکراکان نیشان ئەدات.



شەکسپیر هەر لەم دیمەنەوە گشت هێزە دژبەیەکەکان دەخاتە ڕوو، لێرەشەوە هاوکێشە و هێڵە جیاوازەکان، وەک دوو لایەنی ململانێکان بەرەو ڕووی یەکتر دەکاتەوە: کنت و پادشای فەرەنسا، بە دڵنیاییەوە، دەچنە پاڵ کۆردیلیا.

گۆنێریل و ریگان وەک دوو لایەنی بزوێنەری هێزی شەڕ، بێ دەنگی دۆق کورنویل و ئەلبانسکی، دەقۆزنەوە و بەمەش بونیادی گشتی تراژیدیاکە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت. بەشێوەیەکی تەریبی لەگەڵ چیرۆکی لیر، کچەکانی و چارەنووسە تراژیدیاکەی، چیرۆکی (گلۆستەر) و کوڕەکانی (ئیدگار و ئیدمۆند)یش بەرجەستە دەبێت. ئیدمۆند هەموو شتێک دەکات لەپێناوی دەسەڵاتدا: باوکی و براکەی دەکاتە قوربانیس و لە خشتەیان دەبات. هەروەها هەردوو کچەکەی لیر (گۆنێریل و ڕێگان) یش هەڵدەخەڵەتێنێ و لە یەک کاتدا گەمەی خۆشەویستییان لەگەڵدا دەکات. ئیدمۆند هەر لەم دیمەنەی سەرەتادا، بە جلوبەرگێکی مۆدێرنی چەرمی ڕەشەوە، پەردە لە سەر پیلانەکانی هەڵدەماڵێ.

## دابەشکردنی دەوڵەت

هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە دەوڵەت و کۆمەڵگاکەی شالیر بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت. لە دەسەڵاتێکی توندوتیژی سەنتەرەوە، بۆ دەسەڵاتێکی بێ هێز و هەڵوەشاوەی پارچەپارچەکراو. شالیر خۆیشی دەبێتە قوربانییەکی گەورەی ئەو بە پەراوێز بوونە. شالیر کچەکانی و هەموو پیاوانی کۆشکی کۆکردۆتەوە، تا بەئامادەبوونی بینەرانیش، بەپێی ئاستە جیاجیاکانی بنەمای خۆشەویستی کچەکانی، وڵاتەکەی دابەش بکات.

نەخشەی وڵات لەناو بینەرانەوە، لە بنمیچەکەوە و بە یارمەتی دوو پاسەوانی کۆشکی شاهانە، کە لەناو بینەراندا وەستاون، دێتە خوارەوە و شالیر ئاماژەی بەشی هەریەکە لە کچەکانی دەکات . بەڵام ڕەوتی تراژیدیاکە و هەڵوەشاندنەوەی تێکڕای کۆمەڵگاکە لەم دابەشکردنەوە دەست پێ ناکات، هێندەی لە وەڵامە چاوەڕواننەکراو و کتوپڕەکەی (کۆردیلیا) وە بۆ شالیر، دەروازەی بنەماکانی تراژیدیاکە دەورووژێنێت. شالیر، وەک ئاماژەمان بۆ کرد، وڵاتەکەی دەخاتە سەر تەرازووی خۆشەویستی باوکانەی خۆی بۆ کۆردیلیای کچە بچووکی. بەڵام کۆردیلیا بە وشەی (هیچ) وەڵامی باوکی دەداتەوە، (هیچ) لەلای کۆردیلیا بە مانای چەمکە ڕووتە ڕوواڵەتخوازەکە نایەت. کۆردیلیا لەو ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە پرسیارەکەی باوکی، کە ئەو هەست و خۆشەویستییەی لە



دیمەنێک لە شانۆنامەی (شالیر)
وێنەی: Martin Skoog

دەروونیدایە بۆ ئەو، وەک باوک، لە هەموو شتێک گەورەترە و ناچێتە ناو بونیادی هیچ هاوکێشەیەکی واقیعی و شتە ڕواڵەتییەکانەوە. بەڵام لیر لەمە تێ ناگات و هێزی ئەم وەڵامەش لە ئاکامدا گشت دەمامکەکان ئاشکرا دەکات و وڵاتیش بەرەو داڕمان و هەڵوەشان دەبات.

لیر، کۆردیلیای کچی لە هەموو شتێک بێبەری دەکات، وڵاتەکەشی دابەش دەکات بەسەر گۆنێریل و ڕێگاندا. هەموو دەچنە دەرەوە، شالیر، لەدوای لەدەستدانی وڵات و تەختی پادشایەتی، بەتەنها دەمێنێتەوە و چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی دەکات .

هەردوو کچەکەشی دەچنە نهۆمی سەرەوەی شانۆکە، هەروەک سەرەتای دیمەنی یەکەم، لەجێگاکەی شالیردا دەوەستن و سەیری خوارەوە دەکەن. دیمەن و ئاڵوگۆڕکردنێکی بەرز، بەکارهێنانێکی کردەیی و قەشەنگی دیدی ڕیژی، ئاماژەکردنێکی ڕاستەوخۆ بۆ گۆڕینەوەی دەسەڵات و دەستپێکی فەرمانڕەواییەکی نوێ، لێرەوە دەست پێدەکات و وریایی و لێهاتوویی ڕیژیسۆر لە ئاست شانۆنامەکەدا دەسەلمێنێ.



لەدوای بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکە و دوای دابەشکردنی وڵات و دەربەدەرکردن و بێبەشکردنی کۆردیلیا لە هەموو شتێک و کردنە دەرەوەی (کێنت)یش، کێنت دێتە ناو بینەران و ڕێنمایی بینەران دەکات بۆ هۆڵە گەورەکە و جێگا سەرەکەییەکەی نەمایشەکە.

## سینۆگرافیا و پانتاییەکی بۆش

لەگەڵ چوونە ژوورەوەم، تووشی سەرسوڕمان بووم، هۆڵی سینۆگرافیاکە لە گۆڕەپانێکی بەجێماوی دوای جەنگێکی گەورە و خوێناوی دەچێت. خۆدی شانۆکە بریتییە لە گەراجێکی هێجگار گەورە، زەوییەکەی بە گڵ داپۆشراوە و لە قووڵایی ئەملاوئەولای شانۆکەشەوە، پانتاییەکی تر بەدی دەکرێت، لە هەر چوارلاوە باڵاخانە و داڕشتەیەکی وردی بزۆز، لەکات و شوێنی پێویستدا، گۆڕانکاری بەسەردا دێت. سینۆگرافیایەکی ئاشکرا، کە گوزارشت لە یەکە هەمە جۆر و جیاواز و دژبەیەکەکان دەکات. لێرەوە بیرۆکەی داڕمان و کەوتن، گەمەیەکی توندوتیژی خواوەندەکان، وەک شەکسپیر گەرەکیەتی، لە جەستەی نەمایشەکەدا دەردەکەوێت. لیر دوای ئەوەی دەست لە پادشایەتی و دەسەڵات دەکێشێتەوە، سەد کەسێک دەکاتە یاوەر و دەستوپێوەندی تایبەتی خۆی، دواتر لەژێر ستەمی کچەکانیدا دەبنە پەنجا، لە ئاکامیشدا بە تەنها یەک کەس دەمێنێتەوە.

سەرەتای کەوتنی لیر، لێرەوە دەست پێ دەکات، تەنها و بێکەس لەگەڵ لێبووکەکەیدا، شەو لە کەلاوە و کۆڵانەکاندا بە سەر دەبات و دواجاریش بەرەو شێتیی دەچێت. لیر ئەو کاتە خۆی دەبێتە لێبووک و مرۆڤ، هەر لەو کاتەشدا هەست دەکات کە بە چ شێوەیەکی نامرۆڤانە دەسەڵاتی بەکارهێناوە. لیر لە پادشایەکی دڵڕەقەوە، دەبێت بە کەسێکی ئاسائی. بەڵام لەم قۆناغەی ژیانیدا، بیرقووڵ و لە جاران زیاتر دڵفراوانتر دەبێت، تا دەگاتە دواچارەنووس، کە (شێت) بوونیەتی. هەر لێرەوە لیر بۆ یەکەمجار لەژێر سێبەری ڕژێمەکەی خۆیدا هەست بەپەژارەیی مرۆڤ دەکات.

## هێزی سروشت و توانای مرۆڤ

لیری تەنها و پیر و پەککەوتە، بێ دەسەڵات ڕووبەڕووی هێزی سروشت دەبێتەوە. هێزی سروشت هاوکێشەیەکی گرنگی تەرازوو و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، تواناکانی مرۆڤ و نەمانی بەهاکەنە.

دیمەنی(زریان)ەکە لە شانۆنامەی شالیردا، یەکێکە لە دیمەنە هەرە بەرزەکان و هەر ئەم

دیمەنەش لیر زیاتر بەرەو شێتی دەبات. لەم دیمەنەدا لیر تاک و تەنها ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە. ڕیژیسۆری نەمایشەکە بەشێوازێکی ڕەنگین، تەنهایی، دەسەڵاتی سروشت و بێ دەسەڵاتی مرۆڤ ڕووبەڕووی زریانێکی توندوتیژی بێ بەزەیی دەکاتەوە.

توانا و وزەی نواندنی لیرییش، هونەرمەند (کیڤی هێلم) هێندەی تر زەمینەی تراژیدیاکەی واڵا کردووە. لەم دیمەنەدا هەموو هێڵەکان، پانتاییەکان، بارە دژ و دژوارەکان، لە ڕەزمێکی زۆر خێرادا پێکدادەچن. هونەری دەنگ و ڕووناکی ئاستێکی بەرز دەبەخشنە خولْقاندن و بەرجەستەکردنی دیمەنەکە. دەنگێکی ناشازی ترسناک لە قووڵایی بنمیچی هۆڵەکەوە، لە پشتەوەی بینەرانەوە بەرەو ناو ئاسمانی شانۆکە و بەسەر بینەراندا دەڕوات. لە هەمان کاتدا لە قووڵایی ناوەوەی شانۆکەوە و لە ڕاستە باڵاخانەکەوە، کچێک بە جل و بەرگی مۆدێرنەوە هێدی هێدی لەمسەرەوە دەچێت بۆ ئەوسەر و ئاوازێکی غەمگینی نزیک لە ئاوازەکانی مۆسیقای خۆرهەڵاتەوە بە کەمانچەکەی ئەژەنێت.

## لێبووک و شالیر

هاوکێشە و بونیادێکی تری لیری تراژیدیا، کارەکتەری (لێبووک)ە. کارەکتەری لێبووکیش رۆڵێکی گەورە لە زۆربەی تراژیدیاکانی شەکسپیردا دەگێڕێت، بەڵام ڕۆڵی ئەم کارەکتەرە لە شالیردا مەودایەکی فراوانی فیکری و هونەری هەیە و پەیوەندییەکی سەیر و نامۆ (لیر و لێبووک) لە سەر دوو ئاستی جیاواز، لە بۆتەی سۆزێکی گەرمی باوکانە و حاڵەتێکی گرژ و تاڵدا کۆدەکاتەوە. هۆشمەندی لێبووک، حاڵەتی شێتی، نامۆیی و هەڵچوونی ناوەوەی (هاملێت)ە، دەنگی هۆش و ئاوازێکی غەمگینە.

ڕیژیسۆری شالیر (پێتەر ئۆسکاشۆن) ڕۆڵی لێبووکی بە ئەکتەرێکی ئافرەت سپاردووە، بەمەش گۆڕانکاری و سیمایەکی تر و جیاوازی بەخشیوە بە نەمایشەکەی. لێبووکێکی ئافرەت دەبێتە سمبول و هاوکێشەیەکی دوو فاق نەمایشەکەی. لێبووکێکی ئافرەت دەبێتە سمبول و کێشەیەکی دوو فاق بەرامبەر دڵڕەقی و توندوتیژی کچەکانی شالیر. لێبووک زۆر سەرکەوتووانە سەمای خۆی و ئازاری لیر و فرمێسکی تراژیدیاکەیە، لێبووک و لیر پێکەوە و لە ڕوانگەی دوو هێلی تەربییدا نەمایشەکە دەگەیەننە ئاستی ترۆپک.



لەگەڵ دوا چرکەکانی نەمایشەکە و دەرکەوتنی لیر بە جەستە بێ گیان و مردووەکەی کۆردیلیاوە، هەموو ئەکتەرەکانی تر دەچنە پەراوێزەوە و لە مەداری هێزی بەرزی نواندنی لیردا دەخولێنەوە. لیر لەم دوا دیمەنەدا هەوڵ ئەدات بەدوا وشەکانی ژیان ببەخشێتەوە بە کۆردیلیا.

لیر: تەماشای لێوەکانی بکە، سەیری بکە، تەماشا!

لیر هەڵسووڕێنەری نەمایشەکەیە، لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکیدا ڕەزمی نەمایشەکە خێراتر و باشتر دەبێت. هونەرمەند (کیڤی هێلم) لە ڕۆڵی لیردا، وەک ئەکتەرێکی بیست ساڵان، سەمای دەکرد و هێزی نەمایشەکە و دیدی ڕیژی لە مشتی ئەودایە.

لیر: کێ لێرە دەمناسێتەوە؟ ئەمە لیر نییە!

لیر ئە ئاوا دەڕوات؟ ئە ئاوا دەدوێت؟

کێ پێمدەڵێت من کێم؟

لێبووک: سێبەری لیرە.

"شالیر"

## رۆژهەڵاتی خۆر، رۆژئاوای مانگ

## پرۆژەیەكی جیهانیی بۆ شانۆ

### شانۆی رۆژهەڵات

سەدەیەكە شانۆی رۆژهەڵات بە هەموو ئەفسوون و ریتواڵەكانییەوە كاری كردۆتە سەر شانۆی رۆژئاوا. میتۆلۆژیای رۆژهەڵات ، ئەفسوونی شانۆ و داب و نەریتێكی دێرین و دەوڵەمەندی شانۆی رۆژئاوا بووە.

شانۆی رۆژهەڵات یەكێكە لە رەچەڵەكە هەرە دێرینەكانی رۆشنبیری، فەلسەفە، شارستانیەتی جیهانی كۆن. هێمایەكە لە هێماكانی بەردەوامی و فەلسەفی بوون. جۆرێك لە ریتواڵێكی پیرۆزی دینی و جیهانێكی نهێنی و قووڵ و شكۆمەندار لە خۆدەگرێت. جیهانێكی هەستەئامێزی بەرزە، لەو جیهانەدا: هێما، ئاماژە، سەما، مۆسیقا و زمانێكی جەستەیی دەربڕینئامێز، ریشاڵە نهێنییەكانی ئەو ریتواڵە شانۆییانە پێكدەهێنێ. هەر لەسەرەتاوە، لە رۆژهەڵاتەوە بینەر لەو میحرابەوە رووبەڕووی خودی خۆی و نهێنییەكانی سروشت و هێڵەكانی خێر و شەڕ بۆتەوە.

ئەنتوان ئارتۆ لە چلەكانی هەزارەی ڕابردوودا زۆر بە توندی هەموو ستركتوری شانۆی رۆژئاوای بەلاوەنا. شانۆی توندوتیژی ـ وەك بنەما فەلسەفی و تیۆرییەكەی ئارتۆ ـ دەروازەیەكی گرنگە بۆ گەڕانەوەی شانۆی رۆژهەڵات. ئارتۆ دژایەتی شانۆی سایكۆلۆژی و ریالیزمی رۆژئاوا دەكات و شانۆ فیزیكییە نوێیەكەی خۆی بە هاوشانۆیەكی ئەو شانۆیە دادەنێت. بێگومان تەنها ئارتۆ هەستی بەو ئەفسوونە گرنگەی رۆژهەڵات دەكاتە سەرەتایەكی گرنگ بۆ داڕشتنەوەی شانۆ بیۆمیكانیكییەكەی.

دوای ئەو برێشت و تەوژمە نوێیەكانی شانۆی ئەزموونگەری و هاوچەرخی رۆژئاوا، شانۆی رۆژهەڵات دەكەنە بنەما و سەرچاوەیەكی سەرەكی بۆ تیئۆر و دامەزراندنی شانۆیەكی وێنەیی، جەستەیی و ئەفسوون ئاسای ریتواڵی.

برتۆڵد برێشت شانۆی رۆژهەڵات دەكاتە دەروازەیەك بۆ شانۆی داستانی و تەكنیكی/ نامۆبوون/ و هەندێ لە ناوەڕۆكی پیەسەكانی خۆشی. بێ گومان برێشت كاریگەرییەكی زۆری مایرهۆڵدیشی بەسەرەوەیە، بەڵام لەلای برێشت هەموو كاریگەرییەكان لە بنەمایەكی ئایدۆلۆژیدا رەنگ دەدەنەوە. ریژیسۆری پۆلۆنی، گرۆتۆڤسكی و پیتەربروك لەم بوارەدا



تەقەلایەكی ئێجگار مەزنیان داوە. لەلای ئەم دوو ریژیسۆرە شانۆی رۆژهەڵات زیاتر سەرچاوەیەكی بەپێزی دیدگاكانیان لەخۆدەگرێت و لە هەمان كاتدا زەمینەیەكی لەباریش بۆ شانۆیەكی فیزیكی و هونەری ریژی دروست دەكات.

### تەقەلایەكی سوێدی

هونەرمەند (پیتەر ئۆسكارشۆن) Peter Oskarson وەك یەكێك لە ریژیسۆرە خاوەن ئەزموون و ئەزموونكارەكانی سوێد، ماوەیەكی درێژە بە قووڵی شانۆی رۆژهەڵاتی كردۆتە سەرچاوەیەكی گرنگی لێكۆڵینەوە و بەرەوپێشەوەبردنی ئەزموونی هونەری خۆی. تەقەلا و هاریكاریكردن و دامەزراندنی پرۆژەی هاوبەش لایەنێكی گرنگی ئەو گەشتە (دە) ساڵییەی پیتەر ئۆسكارشۆنە. كۆتایی ساڵی پار یەكێكە بەرئەنجامەكانی ئەو پرۆژە نەفەس درێژە بووە هۆی بەیەك گەیشتنێكی سەرسوڕهێنەری چوار دابونەریت و كولتووری جیاواز. چوار كیشوەری جیاوازی شانۆ، چوار بۆچوون و دیداری جیاواز بۆ بەرجەستەكردنی بوون و دەستەبەركردنی هەست و هۆش و شانۆیەكی جیاواز. لە ماوەی تەنها رۆژێكدا دەكرێت گەشتێكی هونەری بەنێو چواركیشوەردا بكەیت، لە روانگەی ئەزموونی هونەری چوار نەمایشی شانۆییەوە: سەرەتا لە (مۆزەنبیك) ەوە دەچینە (هندستان) و دوای ئەوە بەرەو وڵاتی (چین)، لە ئەنجامیشدا ئەو سێ كیشوەرە لەگەڵ رۆژئاوادا، لەگەڵ وڵاتی(سوێد)دا لە نمایشێكی هاوبەشدا یەكدەگرنەوە.

پیتەرئۆسكارشۆن دەڵێت: بۆچوون و تێگەیشتنی شانۆیی ئەم چوار كیشوەرە زۆر جیاوازە، بەڵام هەندێ جار وا هەست دەكرێت هەر چوارتێگەیشتنەكە لە دیدی یەك مرۆڤەوە سەرچاوە وەردەگرێت. ئەم پرۆژەیە هەوڵێكە بۆ بەلاوەنانی هەموو ئەو سنوورانەی لەنێوان تێكست، مۆسیقا و سەمادا هەیە، ئەو سنوورانەی هەرگیز بوونی بۆ نەبووە. شانۆ لە نەژاددا دیاردەیەكی رۆژانە بووە، ئاهەنگ و جەژنی خواوەندەكان بنەما گەوهەرییەكانی ئەو پرۆسە شارستانییە بووە.

تابلۆیەك لە چیرۆكێكی زۆر كۆنی میتۆلۆژیایەكی وڵاتی چین دا ( گەشتێك بەرەو رۆژئاوا) دەبێتە پانتایی بەشی چوارەمی ئەو پرۆژە هاوبەشە، " رۆژهەڵاتی خۆر، رۆژئاوای مانگ".

لەو پرۆسەیەدا مۆسیقا و ئەفسوونی هیندستان و وڵاتی چین دەبێتە هاودەمی ریتم و

سەمای ئەفەریقا و ئاوازی کەمانچە و گۆرانی میللی سوێد. چوار ریژیسۆر لە بنەمای چوار سترکتوری میللی و فەلسەفی و ئێستاتیکی جیاوازەوە لەو گەشتەدا کاردەکەن. (ماکێ)

Make مامۆستای هونەری بینگیو Jingju یان وەک ڕۆژئاواییەکان دەڵێن – ئۆپێرای پەکین – لە "شانگ های " یەوە.

ئەم هونەرمەندە لەگەڵ پێتەر ئۆسکارشۆن ئەزموونێکی درێژیانس هەیە و چەندین ساڵە هاوکارن و هەندێ پرۆژەی هاوبەشیان لە سوێد پێشکەش کردووە، لەوانەش ( خەونی نیوەشەوێکی هاوین و هێنریکی پێنجەم) ی شەکسپیر.

(گۆپلان ڤێنیو) Goplan Venuی هندی و ڕابەری "کیوتییاتام" Kutiyattam لە (کێرالاوە) کە دادەنرێت بە دێرینترین فۆرمەکانی شانۆ لە جیهاندا و دوای ئەوانیش (مانیۆلا سۆیێرۆ) Manuela Soeiro و (هێنینگ مانکێل) Henning Mankell لە شانۆی ئەڤێنیدا لە مۆزەنبیک.

## ستروکتورێکی هاوبەش

پرۆژە و کاری هاوبەشی ئەو چوار ریژیسۆرە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. بۆ نموونە وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، پێتەر ئۆسکارشۆن و (ماکێ) لەمێژە لابورێکی مەشقی ئەزموونگەری بەڕێوەدەبەن. لەو بوارەدا وەک مامۆستا و قوتابی، قوتابی و مامۆستا هاوکارن. (ماکێ) وەک هونەرمەندێکی گەورە لەو لابورەدا هەوڵی ئەوەی داوە لە پەراوێزی ئەو دابونەریت و کولتوورە دێرین و دەوڵەمەندی خوێدا، وەک چاودێرێکی وریا بووەستێت. ئەم وەستان و هەڵوێست وەرگرتنە بۆ (ماکێ) هەنگاوێکی هۆشمەندانە بووە بۆ نزیکبوونەوە و ئاشنابوون بە کولتوور و دابونەریتێکی تری شانۆ. شانۆیەکی زۆر جیاواز لە شانۆکەی خۆی.

پیتەر ئۆسکارشۆنیش بە هەمان شێوە، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی جیاواز لە (ماکێ)، لە مێژوویەکی درێژ و جیهانێکی بێ سنووری شانۆی ڕۆژهەڵات نزیک بۆتەوە. پیتەر ئۆسکارشۆن وڵاتی (چین) لە فەلسەفەیەکی ئێستاتیکی و شانۆیەکی فیزیکیدا، دەکاتە وێستگەیەکی گرنگی ئەو گشتە ڕۆژهەڵاتییە. ئۆسکارشۆن ئاماژەی ڕاستییەکەی گەوهەری گرنگ دەکات، بۆ نموونە ئەمڕۆ ڕۆژئاواییەکان هیچ ئاگادارییی و زانیارییەکیان سەبارەت بە شانۆی کۆنی گریکی، یان شانۆی شەکسپیر لە ئینگلستان، وەک پرۆسەیەکی کردەیی و کولتوورێکی گرنگی ڕۆژئاوا نییە. بەڵام لە هیندستان بە پێچەوانە، چینێکی



بەربڵاوی کۆمەڵ دەزانێت چۆن شانۆچوار سەد ساڵ بەر لە مەسیح لە وڵاتی هندستان نەمایشکراوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی گرنگ و ڕاستەوخۆی شانۆ لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا.

ڕۆڵێک کە کولتوور و دین پێکەوە دەکاتە هاوکێشەیەکی باڵادەستی ڕۆژانەی چینەکانی کۆمەڵ، لەو هاوکێشەیەدا شانۆ پرۆژەیەکی پیرۆزی خەڵکە.

بەلای ئەم چوار رێژیسورەوە ئەو پرۆژەیە لاسای کردنەوە، یاخود هەوڵی تێپەڕاندنی / ئەویتر/نییە. هێندەی پرۆسەیەکە بۆ بینینی /خود/ و هەڵسەنگاندنی تەقەلاکانی/ خود/ لە دیدگایەکی گەلێ جیاوازتردا .

لە یەک فێر بوون لەم پرۆژە ئەزموونگەرییەدا هەوڵێکە بۆ (بەهێزبوونی، بە پێز بوونی ئەزموونەکانی خود). ڕۆژێکی تەواوەتی لەگەڵ شانۆیەکی جیهانیدا گەشتێکی قووڵە بە نێو کات و شوێندا. کات و شوێن لەم گەشتەدا چەمکە تەبا و واقیعییەکانی خۆیان لە دەست دەدەن و هەموو سنوور و شتەکان لە ئاستێکی فەنتاسی ئامێز و ئەفسانەیەکی ئەفسووناویدا بەرجەستە دەبێت. ئەم گشتە ئاڵوگۆڕێکی گەوهەرییە لە نێو چوار کولتوور و دابونەریتی چوار کیشوەری جیاوازی ئەم گێتییەدا. (کات) دەوەستێت و هیچ بەهایەکی فیزیکی نامێنێ.

کات پانتاییەکی فەلسەفییە و گیان، مۆسیقا، جەستە دەبێتە یەکەیەکی ڕیتم ئاسای ئەو پانتاییە.[٣]

## مۆزەنبیک و سەمایەکی ڕەش

ئەفریقا وەک لانەی مرۆڤایەتی بەشێکی گرنگی ئەم پرۆژە نێونەتەوەییەیە. بەڵام ئەفریقاییەکان دەزانن ئەو ڕابردووە دێرینەی ( هیند و چین) هەیانە ئەوان لە دەستیان داوە. کۆلۆنیالیکردنی ئەفریقا لەلایەنی دەسەڵاتی ڕۆژئاواوە زۆر لە بەها گرنگ و دابونەریتە گەوهەرییەکانی ئەو کیشوەرە ڕەشەی لەناو بردووە. مۆزەمبیک لە ساڵی ١٩٧٥دا لەژێر دەسەڵاتی پورتوگالییەکاندا بووە. بە درێژایی چەندین سەدە کولتووری میللی ئەم گەلە لەلایەن دەسەڵاتی پورتوگال و کەنیسەی کاتۆلیکەوە بە ئاگر و ئاسن سەرکوت کراوە . دوای یانزە ساڵ بەسەر سەربەخۆیی مۆزەنبیکدا گروپێکی شانۆیی دروست بووە. ڕووبەری کارەکانیان گەڕانەوەیەکی بەهێزە بۆ دابونەریت و کولتوورێکی

میللی کە چەندها سەدەیە دەسەڵاتی ڕۆژئاوا هەوڵی بەپەراوێز کردن و لە ناوبردنی داوە . ئەم گروپە سوودیان لەو کەرناڤاڵە میللیانە وەرگرتووە کە بەنهێنی لە سەردەمی دەسەڵاتی پورتوگالیەکاندا گێڕاویانە.

سەما زمانێکی دەوڵەمەندی دەربڕینە و ئەفەریقییەکان لە داڕشتە ئەفسوونییەکانی جەستەدا، سەمایان کردۆتە ئامرازێکی دەوڵەمەند . هەر لە دێرینەوە ئەو ئامرازە دەوڵەمەندە میتۆلۆژیایەکی تایبەتی ئەو(کیشوەرە ڕەشەیە)ە شانۆی ( ئەڤێنیدا) Aven-ida بەشێکی گرنگی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی خۆر، ڕۆژئاوای مانگە. (هێنینگ مانکێل) ریژیسۆر و نووسەری گروپی شانۆی "ئەڤێنیدا "، ریتواڵێکی گەورە لە نەمایشێکی بچوکی منداڵاندا دەخولقێنێ. شانۆی منداڵان لەم نەمایشەدا دەبێتە گەمەیەکی ڕاستەوخۆی ئەکتەر و بینەران. خاتوو (لۆکریسیا پاکۆ) Lucrecia Paco دنیایەکی گەورە و مەزن لە نەمایشێکی بچووکی منداڵاندا بەرجەستە دەکات. لەو نمایشە ساکارەوە، لە ڕوانگەی پێودانگێکی بزۆزەوە، کیژە ئەکتەری سەمازان گەمەی کیژۆڵەیەکی بچووکمان پیشان دەدات. سەما ، جەستە و کەرەسەیەکی زۆر ساکار لە ئاستێکی زۆر بەرزدا تێکەڵ بە ڕیتم، دەنگ و زایەڵەیەکی تایبەت دەبێت. سەما دەبێتە وزەیەکی بەهێز و ڕابردوویەکی دێرینی کولتووری و دابونەریتێکی دەوڵەمەند دەکاتە سترکتورێکی بەهێز و نوێ.

لۆکریسیا پاکۆ کیژە ئەکتەرێکی تەنهایە لە سەر شانۆ. بەڵام تەنهایی هەموو پانتاییەکانی شانۆ دەکاتە سنوورێکی بەرین، یاخود چڕ و تەسک، بەشێوەیەک بینەران بواری ئەوەیان نامێنێ بیر لەوە بکەنەوە کە تەنها تاکە ئەکتەرێک لەسەر شانۆیە.

لە دەروازەی ئەو وزە گەورەیەوە فەنتازیا دانیشتوانێکی گەورەی لە دوا نەهاتوو لەسەر شانۆ دەخولقێنێ. هێزی ئەو فەنتازیایە بەشێوەیەکی ڕاستگۆ و ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر هەست و دەروونی ئەو منداڵانەی بۆ تەماشاکردن هاتبوون. ئەو کاریگەریەش بەشێوازێکی ساکاری ڕاستگۆیانەوە هەموو بینەران (منداڵان) وەک گەمەیەکی ڕۆژانەی ئاسایی پەلکێش دەکاتە سەر شانۆ و تێکڕا پێکەوە لەگەڵ ئەکتەری شانۆییەکەدا دەکەونە گەمە و سەماکردن.



## شانۆیەکی خواوەندی

لە باشووری هندستان (گۆپالان ڤێنیو)Gopalan Venu لە ناوچەی (کێڕالا) شانۆیەک بەڕێوەدەبات، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ. شانۆیەک لەنێوەندی چەندین کولتوور و ئاینیی جیاوازدا تواوەتەوە. شانۆی (کیوتییاتام) یەکێکە لە دێرینترین فۆرمەکانی شانۆ کە بە دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە پارێزرابێت. ئەمڕۆ تەنها چەند خێزانێکی دیاریکراو بە نهێنییەکانی ئەم شانۆ ریتواڵییە دەزانێت کە بە سانسکریتی[٤] پێشکەش دەکرێت. هەندێ لە پسپۆڕانی شانۆ دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ئەم نەوەیە دوا نەوەیە گەمەی سانسکریتی نێوان خواوەند و مرۆڤەکان ببینێت.

نەمایشێکی (کیوتییاتام) قوربانی مرۆڤە بۆ خواوەندەکان و لەوانەیە چەندین ڕۆژ بخایەنێت. گۆپالان دەڵێت: " تەنها هەشت دێڕ لەو ئەفسانە کۆنە دینییانە بەسە بۆ شانۆییەکی سێ کاژێری. کیوتییاتام لە بنەڕەتدا شانۆیەکی دینییە، یان بە واتایەکی تر وا پێویست بووە شانۆی هیندی لە نێو خواوەندەکانا نەشوونما بکات. بەر لە نەمایشکردنی هەر شانۆییەک میوە دەکەنە قوربانی، بوخورد دادەگیرسێنن و ئاگر دەکەنەوە. ئەکتەرەکانیش نەمایشەکانیان لە نێو گەمەیەکی ریتواڵی پیرۆزدا بۆ خواوەندەکان پێشکەش دەکەن. ریتواڵێکی دینیی و ئاهەنگی کولتووریی و بنەماکانی هەست و هۆشی کۆمەڵگای هیندی، یەکە گرنگەکانی ئەو نەمایشانە بەرجەستە دەکەن.

زمانی ئاماژە و جەستەی دەربڕینی ئەکتەر ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە. تەنها بەکارهێنانی دەست و پەنجەکان بەسە بۆ گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان. دەست و پەنجەکان کۆمەڵێک کۆد و ئاماژەی گرنگ لەخۆدەگرن و بینەرانیش زۆر بەئاسانیی ئەو کۆد و ئاماژانە دەخوێننەوە.

## ئەفسانەی ئافرەتێکی شەیتان

(کاپیلا) Kapila تەنها کیژە ئەکتەری ئەم سەما خواوەندییەیە. جەستەی ئەم کیژە لەگەڵ دەنگی دەهۆڵێکی گەورەی هەندێ لە کانزاچوو خانە گرنگەکانی نمایشەکە پێکدەهێنن. جیهانی دەربڕینی چاو و جووڵانەوەی پەنجە و مەچەک بە شێوازێکی ئەفسوونی سەرنجی بینەران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. (کاپیلا) ئەفسانەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەر خۆشی ڕۆڵی هەموو کارەکتەرەکانی یاری دەکات.

سەرەتا باسی ئافرەتێکی (شەیتان)مان بۆ دەکات. ئەم ئافرەتە شەڕانگێزە مەمکی چەپی پڕە لە ژەهر و لە ڕێگای شیردانەوە چەندین منداڵ ژەهراوەی دەکات. ئەم ئافرەتە ئاسوودەیییەکی گەورە نیشان دەدا لەگەڵ مردنی هەر منداڵێکدا و ژەهری مەمکیشی هەر لە زۆر بووندایە. تا لە ئەنجامدا (کریشنە)[٥]ی خواوەند لە شێوەی کۆرپەیەکدا دێت. ئافرەتەکە دەستەوەستان دەبێت بەرامبەر جوانیی ئەو منداڵە و لە حەژمەتا لە مەمکی دەستی ڕاستی، شیرێکی پاک دەدات بەو کۆرپە خواوەندییە. بەڵام ئەو کۆرپەیە هەموو شیری لەشی ئافرەتەکە هەڵدەمژێ، تا هێدی هێدی تەڕایی لە لەشیدا نامێنێ.

ئافرەتەکە تووشی ژان و ئازارێکی زۆر دێت. بەڵام ئەو کۆرپەیە (کریشنەی خواوەند) مەمکی بەرنادات تا هەموو جەستە و گیانی بە تەواوەتی هەڵدەمژێت. ئافرەتەکە وەک سمبولێکی شەڕانگێز دەمرێت. بەڵام مەرگ لەم ئەفسانەیەدا کۆتایی ئەو جیهانە نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئافرەتەکە بەسەفەری مەرگێکی سەیر و سەمەرەدا دەڕوات. مەرگ وەک وێستگەیەکی ترسناک کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر دەروونی ئەو جەستە بێ گیانە.

لە بەرەنجامدا هێز و وزەی (کریشنە)ی خواوەند و سروشت و توانای میتۆلۆژیا ئەو ئافرەتە زیندوو دەکاتەوە. ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژیان و سەرزەوی، بەڵام ئەمجارەیان وەک ئافرەتێکی پاک و ئاشتیخواز. گەشتی ئەم ئافرەتە گەشتێکە لە ژیانەوە بۆ مەرگ و لە مەرگەوە بۆ ژیان.

دەسەڵات و هێز و تێگەیشتنی بینەران بنەمایەکی گرنگی خواوەندیین. بینەران لە ڕوانگەی بیر و ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆیانەوە ڕووبەڕووی ئەم نمایشانە دەبنەوە. چیرۆکەکانیش لە ئەفسانە خواوەندییەکانەوە وەردەگیرێت کە بەشێکی بنەڕەتییە لە ژیانی بینەران خۆیان.

## ئۆپێرای پەکین

هونەری شانۆ لە وڵاتی چین بەشێکی تری ئەم شانۆ چوار کیشوەرییەیە. کولتوور و فەلسەفە و هونەری دێرینی وڵاتی چین، لایەنێکی گرنگی ڕەوتی شارستانی و گەشەی مرۆڤایەتین. لەبەر ئەوە ئامادەگی (چین) وەک جەمسەرێکی گرنگ و سەرەکی لەم پرۆژەیەدا بەهایەکی تایبەتی لەخۆدەگرێت. هەموو شتێک کە لەسەر شانۆ لە ئۆپێرای پەکین ڕوودەدات، دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە بە شێوەیەکی قەشەنگ و باڵا ئامادە کرابێت.



هەموو جووڵانەوەیەک دەبێت هەست و هۆش و فەنتازیای بینەران بورووژێنێت.

نەژادی ئەم هونەرمەندە لە سەمای میللی، گۆرانی و بەسەرهاتە کۆنەکانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. لەڕوانگەی سەدەیەکەوە مۆسیقا، گۆرانی، سەما، تەکنیکی جەنگ، ئەکرۆپاتیک، هونەری ئیشی دەست لە فۆرمێکی یەکگرتوودا تواوەتەوە و بەمەش هونەرێکی تری تایبەتمەندی خوڵقاندووە[٦].

لەم هونەرەدا (ییینگیو) واتە ( ئۆپێرای پەکین) هەرگیز ژیان، ڕووداو و جووڵانەوەکان لە ڕوانگەی بنەما ناتۆرالیزم و ریالیزمیەکەیەوە بەرجەستە ناکرێت. هەموو شتێک لە ڕووبەرێکی فانتازیا ئامێز و جیهانی میتۆلۆژیایەکی بێ سنووردا بەرجەستە دەبێت. لەو جیهانە میتۆلۆژییەدا خواوەندەکان، جادووگەر و مرۆڤی ئاسایی شان بە شانی یەکتر دەردەکەون. ڕەنگ بەهایەکی تایبەتی هەیە لە دیاریکردنی جلوبەرگەکانیاندا. ئەو جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگانە لەنێوەندی مۆسیقا، ئەکرۆپاتیک، کۆریۆگرافی، جەنگ و پێکدادان، گۆرانی و دیالۆگدا دیمەنێکی بێ وێنە فەراهەم دەکات.

بەڵام لەو نێوەندە ئەفسوونییەدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زیندوو، ئامادە، ئامرازی هەموو پەیوەندییەکانە، مرۆڤ جەستەیەکی کارامە و بزۆز و درەوشاوەیە.

## عەشقێکی غەدرلێکراو

(وان دانهۆنگ)Wan Danhong ئافرەتێکی عاشقی غەدرلێکراوە. ئەم ئافرەتە دڵشکاوە، لەو دنیاوە دەگەڕێتەوە تا تۆڵەی خۆی لەو پیاوە بێوەفا دڵڕەقە بکا کە دڵی شکاندووە.

(بای تاو) Bai Tao لە ڕوانگەیەکی کۆمیدی و دیدێکی جەستەیی و فیزیک ئاساوە بەرجەستەی عەشقێک دەکات، هیچ سنوورێک بۆ کولتوور، یان کات و شوێنی بۆ دانانرێت. ئەم ئافرەتە عاشقە بریندارە دەتوانێت لە ئاکامدا تۆڵەی خۆی بکاتەوە.(وان دانهۆنگ، بای تاو) دەکاتە شەیتانێکی ڕووڕەش و لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ئەو دنیا.

ئەم بەسەرهاتە لە سەما و گۆرانی و ئەکرۆپاتیکدا دەگێڕدرێتەوە. ئەم کارەش یەکێکە لە نموونە هەرە جوانەکانی ئۆپێرای پەکین.

## دیالۆگی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاوادا

وێستگەی چوارەمی ئەم پرۆژەیە، هەناسەیەکی قووڵی پڕ لە پرسیاری جیاوازە. بەئاهەنگێکی ڕەنگاوڕەنگی چوار کولتوور، چوار جیهان و بیروبۆچوونی هەمە ڕەنگ نەمایشێکی سەمائامێزی ڕیتم و مۆسیقی لەدایک دەبێت.

ئەم نمایشە هاوبەشە (ڕۆژهەڵاتی خۆر، ڕۆژئاوای مانگ) لە ئەفسانە و بەسەرهاتێکی زۆر دێرینی وڵاتی (چین)ەوە (گەشتێک بۆ ڕۆژئاوا)[٧] بونیادنراوە. بەسەرهاتەکەش باسی گەڕان دەکات بەدوای ڕاستییەکانی ناوەوەی خودی خۆمان و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ئەزەلی و میتافیزیکییەکان. هەموو ئەو پرسیار و گەڕانەش لە کتێبە پیرۆزە دێرینەکاندا پارێزراوە. ئەو کتێبانەی کە لە ئەنجامدا تەنها لاپەڕەی سپین؟

مرۆڤ چییە؟ یەکێکە لەو پرسیارانەی دەبێتە زەمینەیەکی لەباری گەشتێکی سمبوڵی بۆ ئەم نمایشە. لە هەمان کاتدا هەوڵێکی جددییە بۆ ڕۆچوونە خوارەوەیەکی قووڵ بەنێو ناوەوەی خودی مرۆڤدا.

## ڕۆژهەڵات هی ڕۆژە و ڕۆژئاواش هی مانگ

(ئیمی ئێندەلی) Jimmy Endeley لە ماوەی چواردە ساڵدا گەشتێکی دوور و درێژ و دەوڵەمەند دەکات. ئەم زانا سۆفییە، لەگەڵ هاوڕێکانی لەو گەشتە درێژخایەنەدا، پێویستە بەر لە هەموو شتێک لە ناوەوەی خۆیانەوە بەدووی وەڵامەکاندا بگەڕێن. دوای ئەوە دۆزینەوەی کتێبە پیرۆزەکان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکی و ئەفسوونییەکانی ئەو گەشتەیان. لەو ڕێگا دوور و درێژەدا ڕووبەڕووی جەنگ، مردن، توندوتیژی و ئێش و ئازارێکی زۆر دەبنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا هاوڕێی بە ئەمەک و چاکیشیان لێ هەڵدەکەوێت کە بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە هاوشانی گەشتەکەیان دەبێت. ئەم گەشتە چواردە ساڵییە، سەفەر بەناو بیابان، سەرما و سۆڵە و سەهۆڵبەندان، پەڕینەوە بەنێو دەریاچە شینەکان و دارستان و چیاکان دەگرێتەوە.

گەشتێک کە چەندین کولتووری هاوبەش و جۆرواجۆر بە یەکتری دەگەیەنێت. ئەم گەشتە کولتوورییە سەرسوڕهێنەرە لە دەروازە و بەکارهێنانی تەکنیکی جەنگ لە ئۆپێرای پەکین، جووڵەی دەست و مەچەک، وزەی دەربڕینێکی بەرزی دەموچاو لە شانۆی هیندی و ریتم و سەمایەکی بێ وێنەی ئەفریقیدا ڕەنگ دەداتەوە.



نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەنگ و ئاوازی کەمانچە و مۆسیقای میللی سوێدی لەگەڵ ئامێرە مۆسیقییە جۆرواجۆرەکانی چین، هیند و ئەفریقا، کەش و دەنگ و گۆرانی، ئەمانە هەموویان ریتمێکی کاریگەر و بزوێنەریان بە بینەران دەبەخشی.

لەکاتێکدا کارەکتەرەکان تێکڕا لە کۆتایی شانۆییەکەدا بە دەمامکەوە دەردەکەون، گەشتەکەی ئەو زانا سۆفییە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئامانجی ئەو میتۆلۆژیایە دەپێکێت. (ئیمی ئێندەلی) سەردانی قووڵایی ژێرزەمین دەکات. ئەمەش سمبوڵ و مانای سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی تاریکدا دەخاتەڕوو. ئەم گەشتەی ژێرزەمین لە فەزای تایبەتمەندی هەریەک لەو کولتوورە جیاوازانەوە دەخرێتە ڕوو.

بۆ نموونە پیتەر ئۆسکارشۆن سوودێکی گەورە لە چەمکە قووڵەکانی کولتووری گەلان وەردەگرێت بۆ بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی جلوبەرگێکی جیاواز و تێکەڵ. بەتایبەتیش لە خوڵقاندنی کارەکتەری (پیاوی فەرو)دا. ئەم کارەکتەرە لەلایەکەوە بەیەکداچوونێکی ئەفسانەی ( وڵاتانی باکووری ئەورووپا ) و لەلایەکی دیکەشەوە مۆرکی ئەفسانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە خۆ دەگرێت. ئەم موتوربەکردنەش دیدێکی قووڵ و وریای ریژیسۆر پیتەر ئۆسکارشۆنی پیشان دەدات و ڕاستەوخۆش کولتووری ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاواوە دەبەستێتەوە.

لەم پرۆژە جیهانییەدا پرسیارە ئەزەلییەکان بەبێ وەڵام دەمێننەوە. بەڵام زەمینەی دیالۆگێکی فەلسەفی، هونەری و ئێستاتیکی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەخوڵقێنێ. کاری هونەریش دۆزینەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نییە، هێندەی ئامانجی ئەم پرۆژەیە و هەموو پرۆژە زیندووەکان، ئەو گەشتە پڕ لە پشکنین و گەڕانەیە بەدووی بەهێزکردنی پێناسەی هونەری خودی خۆدا بونیاد دەنرێت.

ئەم پرۆژیە، هەروەک لە ( پرۆسەیەکی جیهانیی بۆ شانۆ ) مانیفێستی هاوکارانی پرۆژەکەدا تۆمارکراوە، دەستەبەرکردنێکە بۆ تیشک خستنە سەرێکی پڕ لە گەڕانی ئەو نهێنییانەی کە پێودانگە ئێستاتیکی و دیدە هونەرییەکان پێویستیان پێیەتی. ئەم کارەش تەنها بە هاریکاری و گیانی لەخۆبوردن و شارەزایی لە بوارەکانی شانۆدا سەقامگیر دەبێت.

**شانۆی پلازا، گرۆی ٩٨**

- مردنی دێوەرەیەک

- پاریا

## مردنی دێوەرەیەک

### تراژیدیای مرۆڤی ئەم سەردەمە

شانۆیی: مردنی دێوەرەیەک En handelsresandes dod

نووسینی: ئارسەر میللەر Arthur Miller

وەرگێڕانی: سڤێن بارتێل Sven Barthel

سینۆگرافی: سوێرن برونێس Soren Brunes

ڕیژی: تۆشتن فلینک  Thorsten Flinck

شانۆی پلازا، گرۆی 98 Teater Plaza,Grupp 98

### شانۆی پلازا

(پلازا) یەکێکە لە گرۆ سەربەستە چالاکەکانی ستۆکهۆڵم و شانۆیەکی بچووکی ئەزموونگەرییە. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە کۆمەڵێک هونەرمەندی بەتوانای گەنج گرۆیەکی شانۆییان بەنێوی (گرۆی ٩٨)ەوە تیا دامەزراندووە[٨]. لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی دروستبوونی ئەو گرۆیەوە، لە چەندین وەرزی شانۆییدا، کۆمەڵە پرۆژەیەکیان بە شێوازێکی بەرز و لە ئاستێکی سەرکەوتوودا پێشکەش کردووە. هەر لە سەرەتاوە ڕەوتی پرۆژەکانیان چەمکێکی پڕ لە بیر و شێوازێکی ئەزموونگەریی لەخۆگرتووە. چەندە بیری نوێخواز، مۆدێرن و مرۆڤایەتی پانتایی پرۆژەکانیان دەگرێتەوە، هێندەش وەک شێوازی هونەری پەنا دەبەنە بەر ڕاڤەکردنی وێنەیی و دروستکردنی پانتاییەکی ئەزموونگەری بۆ دەستەبەرکردنی هەموو بارە جیاوازەکان و دوورکەوتنەوە لە چارەسەرکردن و وەدووکەوتنی هەموو بۆچوونێکی ڕاستەوخۆ و ریالیزمئامێز. ئەمڕۆ گروپی ٩٨ وەک ڕەنگێکی گرنگی ڕەوتی شانۆی سوێدی ئاماژەی بۆ دەکرێ و لەگەڵ هەر پرۆژەیەکی نوێیاندا گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە ڕۆژنامەکاندا دەورووژێنێ. بۆ نموونە شانۆنامەی (سێ خوشک)ی ئەنتوان چێخەف لە وەرزی ساڵی پاریاندا بە شێوازێکی زۆر ڕەنگین لە پانتاییەکی هونەری بەرزدا، وەک ڕووداوێکی هونەری، پێشوازی لێ کرا. ئەمساڵیش شانۆنامەی ( مردنی دێوەرەیەک)ی ( ئارسەر میللەر)یان پێشکەش کرد.



### ئارسەر میللەر

ئەم نووسەرە ئەمەریکییە لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٥دا لە شاری (نیویۆرک) لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٢٩دا باوکی کە بە کاروباری بازرگانییەوە خەریک بووە، زەرەر و زیانێکی زۆری کردووە. بێ گومان ئەمەش کارێکی زۆری کردۆتە سەر ژیانی ئارسەر میللەر. میللەر لێرەوە ڕەوتی ژیانی بە تەواوی تێکدەچێ و ژیانی لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر سەخت  و دژوار دەبێ. هەر لەبەرئەوە ناچار دەبێ چەندین پیشە و کاری سەخت و جیاواز بکا.

ئارسەر میللەر لەگەڵ خۆ بەخێوکردن و ژیانی کولەمەرگیدا توانیویەتی هەندێ پارە پاشەکەوت بکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە یەکێک لە زانکۆکاندا بخوێنێ. ئەو خەونەشی دێتە دی و دەتوانێ بچێتە زانکۆی میشیگان، Michigan و لەنێوان ساڵانی ١٩٣٤-١٩٣٨دا بخوێنێ، هەر لەو زانکۆیەشەوە بۆ یەکەمجار دەستی کردووە بە نووسینی دراما.

سەرەتای ناوبانگی ئارسەر میللەر وەک نووسەرێکی شانۆیی لە شانۆنامەی (هەموو کوڕەکانم)ی ساڵی ١٩٤٧ەوە دەست پێدەکات. شانۆنامەی ( هەموو کوڕەکانم) سەرەتایەکی گرنگی درامای ئارسەر میللەرەو هەنگاوێکی فراوانیشە لە ڕەوتی شانۆی ئەمریکایی و جیهانیدا. هەر بەم شانۆگەرییەشی بۆ یەکەمجار خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی وەرگرتووە. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٩دا شانۆنامەی (مردنی دێوەرەیەک)ی وەک تراژیدیایەکی مۆدێرن، بۆ شانۆی هاوچەرخی جیهانی نووسیوە. ئەم شانۆنامەیەشی خەڵاتی پۆلیتزەر Pulitzer priceی پێ بەخشراوە[٩].

ئارسەر میللەر لە ساڵی ١٩٥٥دا شانۆنامەی (دیمەنێکی سەر پرد)ی نووسیوە و لە ساڵی ١٩٥٦دا بۆ یەکەمجار لە لەندەن ریژیسۆری جیهانی پیتەر برۆک پێشکەشی کردووە.

میللەر جگە لە شانۆنامە، چەندین ڕۆمانیشی نووسیوە، لەوانە ڕۆمانی De، -mis sanpassade ساڵی ١٩٦٠، دواجار ئەم ڕۆمانەی کراوەتە فیلم و شۆخە کیژی سینەمای ئەمریکایی ( مارلین مۆنرۆ) ڕۆڵی سەرەکی تیادا بینیوە. مارلین مۆنرۆی شۆخ و ئەستێرەی سینەمای ئەمریکایی لەنێوان ساڵانی ١٩٥٦-١٩٦١ دا هاوسەری ئارسەر میللەر خۆی بووە[١٠].

## مردنی دێوەرەیەک

شانۆنامەی (مردنی دێوەرەیەک) ڕەنگدانەوەیەکی هونەری و قووڵی کۆمەڵگای ئەمریکایە. ئارسەر میللەر لەم ڕووەوە وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵگای چینایەتی و سەرمایەداری ئەمریکا ناسراوە. بەڵام ئەو شێوازە بارێکی هونەریی ناڕاستەوخۆ لە خۆدەگرێ و زیاتر بە ڕیالیزمی سایکۆلۆژی ناسراوە. لەم ڕووەشەوە کاریگەریی نووسەری ناسراوی سوێدی ستریندبێری و ئیبسنی نەرویژی و یۆژین ئۆنێلی ئەمریکایی پێوەدیارە. هێڵە درامییەکانی (مردنی دێوەرەیەک) نائاساییە بە یەکێک لە گرنگترین و ئاڵۆزترین بەرهەمە دراماییەکانی ئارسەر میللەر دەژمێردرێ. ریاڵیزمی سایکۆلۆژی، شیکردنەوەی دەروونی و خستنەڕووی ناوەوەی مێشکی مرۆڤێکی تێکشکاو لەلایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئاوێتەکردنی واقیع و جیهانی خەون و ئەندێشە، بەشێکی گرنگ لە هێڵە سەرەکییەکانی ئەم درامایە پێکدەهێنن. هەروەها چەمکەکانی کات و شوێن لەنێوان ڕابردوودا و ئێستەدا و بەشێوەیەکی چڕ تێکەڵاو دەبێت. یەکەکانی کات بە بەردەوامی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئارسەر میللەر لە ساڵی ١٩٤٨دا دەستی کردووە بە نووسینی مردنی دێوەرەیەک، هەر بەتەنیا شەو و ڕۆژێک بەشی یەکەمی شانۆنامەکەی نووسیوە. بەشی دووەمی شەش هەفتەی خایاندووە. دواتر (مردنی دێوەرەیەک) دەخرێتە ریزی باشترین دە پیەسی نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردوو.

" ئێمە لە کۆمەڵگادا دەژین، هەروەها کۆمەڵگاش لەناو ئێمەدا دەژی." لەم دەروازەیەوە ئارسەر میللەر لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز، ریالیزم و سیمبۆڵ، هەست و بیری تێکەڵ کردووە. ڕووداوەکان لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو ئاوێتە دەبن و بە چەند ئاراستەیەکی زەمەنیی چڕ و جیاواز هێڵەکانی چیرۆکەکە ئەنەخشێنن.

(ویلی لۆمان) پاڵەوانی سەرەکیی شانۆییەکەیە، ئەم پاڵەوانە نموونەیەکی قوربانییەکانی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری، چەوساندنەوە و بەکارهێنانی خەڵکی و شێواندنی ڕاستییەکانە. ویلی لۆمان، لەنێو ئەم گێژاوەدا هەست بە راستی باری ژیانی و سەرلێشێوان و ونبوونی خۆی دەکات. بەڵام ناتوانێت ڕووبەڕووی ئەو هێزانە بێتەوە و بەسەریاندا زاڵ بێت کە ژیانی بەو شێوەیە ئاراستە دەکات. ئەم هەستکردنەش ویلی لۆمان دەخاتە بەردەم دووڕیانێکی پڕ لە ژان و ژیانێکی چەرمەسەرییەوە، ئەمەش کرۆکی تراژیدیاکەیە. ویلی لۆمان بە پاڵەوانێکی مۆدێرن و نوێی تراژیدیای ئەم سەردەمە ئاڵۆزە



دادەنرێت. نموونەیەکی هاوچەرخی داستانە گریکییەکانە، کارەکتەری ویلی لۆمان لە تەمەنی ٦٠ساڵیدا، دوای سی و پێنج ساڵ کارکردن لە یەکێک لە کۆمپانیاکاندا، زۆر بە ساکاری دەردەکرێ. ئەم دەرکردنەش کارێکی زۆر خراپی تێدەکا و بە تەواوی هەست و نەستی دەورووژێنێ.

ئارسەر میللەر لە بونیادی ئەم هاوکێشەیەوە گەرەکیەتی وێنەیەکی چڕ و ڕوونی ڕژێمێک دیاری بکا کە لەسەر خوێنمژینی خەڵکی و چەوساندنەوەی هەژار و بێهێز و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بونیادنراوە. بەرئەنجامیش ویلی لۆمان دوای گەشتێکی دوورودرێژی ٣٥ ساڵیی کۆتایی بە بوونی خۆی دەهێنێ. مردنی ویلی لۆمان ئاماژەیە بۆ ئەو ژیانە تەنیایی و هەستکردنە بەهێزە بە نامۆیی ژیان و دابڕان لە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی. (ویلی لۆمان لە تەمەنی شەست ساڵییدا بە هۆی ڕووخان و بێ مانایی ژیانی، تووشی سەرلێشێوان و پەشێویی دەبێ. ویلی لۆمان بەهۆی خەونە درۆکانییەوە دەربارەی خێزان و پیشەکەی، دەستی بە ڕووی ڕاستییەوە ناوە. گەرچی خۆی فریوداوە، هێشتا هەر ئازایانە ڕوو دەکاتە مەرگ. ئەو گێژەن و سەرلێشێوانەی کە ویلی لۆمان تێیدایە مۆرک و وێنەی پاڵەوانێتییە لە تراژیدیای ئەمڕۆدا)[11]. بەو شێوەیە ئارسەر میللەر و لە شانۆنامەی مردنی دێوەرەیەکدا، بەرجەستەی تراژیدیای مرۆڤ و خێزانێکی مۆدێرنمان بۆ دەکات و لە هەمان کاتدا دراما و شانۆی هاوچەرخی جیهانیی دەبەستێتەوە بە دراما و شانۆی گریکییەوە. مردنی دێوەرەیەک بەردەوامییەکی بەرزی تراژیدیای خێزانە لە دوای تراژیدیا کۆنە گریکییەکانەوە تا ئەمڕۆ.

## دیدی ڕێژیسۆر لە بەرجەستەکردنی مردنی دێوەرەیەکدا

سینۆگرافیا، زەوییەکە، دیوار و پەردەکان، کەلوپەل، لم، تۆپ، سەراپای شانۆکە ڕەنگی سپیی لەخۆگرتبوو.

سیمایەکی ترسناک یان دەروازەی یەکێک لە نەخۆشخانەکان، کۆشکی سپی ئەمریکا. ریژیسۆر ڕەنگی سپیی کردبووە زەمینەی ڕاڤە و بەرجەستەکردنی دیدی خۆی. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد ڕووداوەکانی دەقە شانۆییەکە لەسەر دوو ئاستی جیاواز، ڕابردوو و ئێستا، لە پڕوسەیەکی چڕی پێکداچوودا خراوەتە ڕوو. ریژیسۆر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوەی دابوو ئەو بارە جیاوازانە بە شێوەیەکی کردەیی پراکتیزە بکا. نەک هەرئەوە بەڵکە ڕابردووی کردبووە دەروازەیەکی سیمبۆڵی بۆ ڕووداوەکانی ئێستا. لەگەڵ هاتنە

ژوورەوەی بینەران کیژۆڵەیەکی منداڵ بەجلوبەرگێکی سپییەوە لەنێو لمێکی ڕەنگ سپیدا، هێدی هێدی، گەمەی سەر کەنارەکانی ڕووبارێکی دەکرد. بەهەمان شێوە پەردەیەکی سپیی زۆر گەورە هەموو ڕووکاری شانۆکەی داپۆشیبوو. ئەو کیژۆڵە منداڵە وەک ڕابردوو، بەشێوازێکی جوان ویلی لۆمان ئەهێنێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان. دوای ئەو سەرەتایە پێکەوە و هەر یەکە لەلایەکی شانۆکەوە پەردە گەورەکەیان لادا و شانۆکەیان بە تەواوەتی بۆ بینەران و ڕووداوەکان کردەوە.

لەلایەکی دیکەوە سینۆگرافیایەکی گەورە لەشێوەی چەندین ئاستی جیاواز لە دوو لاوە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەرز ببووەوە و ئەکتەرەکانی تر وەک بینەر لەسەر ئەو ئاستە جیاوازنە و بەرامبەر بە بینەران دانیشتبوون.

لە نێوەندی بەردەمی پێشەوەی شانۆکەشدا بەهێڵێکی ڕەش بازنەیەک دروست کرابوو. نێوەند و چەقی ئەو بازنە ڕەشەش، ببووە شانۆیەکی بچووک و تێکڕای ڕووداوەکانی ماڵی ویلی لۆمان.

بیف و هەپی، هەردوو کوڕەکەی ویلی لۆمان، بەشێکی گرنگی ڕووداوەکانی ڕابردووی شانۆیییەکە پێکدەهێنن. ڕیژیسۆر (تۆشتن فلینک) بە گەمەیەکی هونەری ئەو ڕابردووەی کردبووە واقیعێکی بینراو. بیف و هەپی، وەک دوو مێردمنداڵ، لە سینۆگرافیاکەوە هاتنە خوارەوە و چوونە ناو لمە سپییەکەوە. گەمەیان بە تۆپ و ئۆتۆمۆبیلی منداڵان دەکرد . دیالۆگەکانیان دووبارە دەکردەوە و بە وردی بارە دەروونییەکانی ژیانی خۆیان لە منداڵییەوە دەستنیشان دەکرد. لەلایەکی دیکەوە ویلی لۆمان لەنێوەندی بازنەکەدا بووە بینەر و ئەیرۆانییە گەمەی کوڕەکانی. هەروەها ڕیژیسۆر هەموو پەیوەندییەکانی ویلی لۆمانی بە کوڕەکانییەوە و بەشێوەیەکی زۆر ناڕاستەوخۆ بەستبووەوە بە ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستاوە. ئەم ناڕاستەوخۆییەش پانتایی هەموو بەشی یەکەمی نمایشەکەی گرتبووەوە. بەکارهێنانی ئەو کیژە منداڵەی کە لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، لەلای ڕیژیسۆر ببووە سمبۆلێک و زۆرجار دووبارە دەبووەوە و دەهاتەوە سەر شانۆ. ئەم کیژە هەندێ جار کۆتایی بە هەندێ لە ڕووداوەکان دەهێنا، لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە ویلی لۆمانەوە هەبوو. ڕێژیسۆر سەرەتای بەشی دووەمی کردبووە جەنگەڵستانێکی ترسناک لە مێشک و دەروونی ویلی لۆماندا. ئەم بارەشی بەشێوازێکی پراکتیکی وێنەئامێز کردبووە واقیعێکی بینراو. لەکاتێکدا ویلی لۆمان



دانیشتووە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، تێکڕای کارەکتەرەکانی تر بە جلوبەرگی ئاهەنگئامێزەوە لەپشت چەندین دیواری شووشەوە لەسەر چۆک دانیشتبوون. دەموچاویان شێوازێکی پێکەنیناوی لەخۆگرتبوو، بەدەنگێکی ناساز پێدەکەنین، وەک بووکەشووشە دەجووڵانەوە، سەمای مەرگیان دەکرد، یان پەیکەرئاسا جووڵەیان لەخۆیان دەبڕی.

ڕیژیسۆر وەک هاوکێشەیەکی هونەری و بەدیهێنانی زەمەنە جیاوازەکان کیژێکی لاویشی بەهەمان شێوە و جلوبەرگی سپییەوە بەکارهێنابوو. کیژە منداڵەکە لەنێوەندی بەردەمی شانۆکە، لە لمەکەدا یاریی دەکرد. لە قووڵایی چەپی شانۆکەش کیژە لاوەکە پشت لە بینەران دانیشتووە. ڕیژیسۆر لە دیدی تایبەتی خۆیەوە مەبەستی بووە دوو بەوەی جیاواز لە ڕوانگەی ژیان و ڕابردوو و ئێستای کارەکتەری ویلی لۆمان و کوڕەکانییەوە دیار بکات.

ڕێژیسۆری نەمایشەکە لە ڕوانگەی دارشتەی هێڵ و پانتایی دیمەن و بۆچوونەکانییەوە زیاتر زەمینەی خۆش دەکرد بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی ویلی لۆمان. لەو دەروازەیەوە سینۆگرافیاکە لە دوو ئاڕاستەی جیاوازەوە کرایەوە، بووە یەک بارستایی گەورە و دوو جەمسەری. ویلی لۆمان  لەلایەکیانەوە و یەکێک لە کوڕەکانی لەلایەکی تریەوە وەک دوو نەوە بەرەنگاری یەکتر بوونەوە.

ڕێژیسۆر بە وێنەیەکی فیکریی کۆتایی بە ژیانی ویلی لۆمان هێنا. ویلی لۆمان زۆر بەتەنیایی هێدی هێدی جلەکانی دادەکەنێ، بەهەمان شێوە دەستێ جلی سپیی تری لە لمە سپییەکە دەرهێنا و لەبەری کرد و بێ جووڵە، بەرامبەر بە بینەران وەستا. کوتوپڕ وەک بارێکی چاوەڕواننەکراو بە بارستایی گۆڕێک نێوەندی بەردەمی شانۆکە  گۆڕئاسا کرایەوە و جلوبەرگە کۆنەکانی کەوتنە خوارەوە بۆ نێو چاڵەکە.

(لیندا)ی خێزانی و کوڕەکانی لە دوو لاوە بە جلوبەرگی ڕەشەوە هاتنە ژوورەوە. چاکەتێکی سپییان لە لمەکە دەرهێنا و کردیانە بەر ویلی لۆمان. کیژە لاوەکە لە سەرەوە هاتە خوارەوە، ویلی لۆمانیش بەرەو ڕووی ئەو سەرکەوت. دوو نەوەی جیاواز لە دووڕێیانێکدا ڕووبەڕوی یەکتر دەبنەوە. ویلی لۆمان لە سەرەوە بە بێدەنگیی ژمارەیەکی دەرهێنا و کردی بە پەنجەی قاچییەوە و بۆ دواجار پاڵ کەوت. لە خواریشەوە کارەکتەرەکانی تر بە جلوبەرگی ڕەشەوە لە هەموو لایەکەوە هاتنە سەر شانۆ و چاودێریی دواماڵئاوایی مەرگی ویلی لۆمانیان کرد.

## پاریا

شانۆنامەی: پاریا Paria

نووسینی: ستریندبێری Strindberg

نواندن و ریژی: تۆشتن فلینک Thorsten Flinck

شانۆی: پلازا Teater Plaza

## پاریا و ستریندبێری

پاریا شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی نووسەری ناسراوی سوێدی ئاوکوست ستریندبێری ١٨٤٩-١٩١٢یە و بە دەستکارییەوە چیرۆکێکی (ۆوولا هانسۆن)ەوە وەری گرتووە. ئەم شانۆنامە یەک پەردەییە دوو کارەکتەری هەیە، میستەر X" ئێکس": ئارکیۆلۆگ، میستەر Y "وای": ڕێبوارێکە لە ئەمریکاوە هاتووە، هەردووکیشیان چوونەتە ساڵەوە. هونەرمەند تۆشتن فلینک ئەم شانۆییەی وەک یەکێک لە چالاکییە گرنگەکانی حەوتەم ڤیستیڤاڵی ستریندبێری لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کردووە. هەروەها هاوکات هاوڕێی بەرێز فەرهاد شاکەلی ئەو پیەسەی لە سوێدییەوە کردووە بە کوردی و پێشەکییەکیشی بۆ نووسیوە و لە چاپێکی مامناوەندی و جواندا بڵاوی کردۆتەوە.

لە سەرەتای پیەسەکەوە و هەردوو کارەکتەرەکە بە هێمنیی و لەسەرخۆ دەکەونە گفتوگۆ. بەڵام هێدی هێدی ریتمی ئەو گفتوگۆیە بەرەو هەڵچوون و گرژییەکی تەواوەتی دەچێت.

کارەکتەری X (ئێکس) بە مەبەستی پارە قەرزکردن لە بانکێک ئیمزایەکی ساختەی کردووە و لە ئەنجامی ئەو کارە ساختەیەیدا ڕادەکات بۆ ئەمریکا، کارەکتەریY (وای) یش لە تەمەنی لاوێتیدا پیاوێکی کوشتووە. کارەکتەری X ئێستە هەڕەشە لە Y دەکات بەوەی پەردە لە ڕووی تاوانەکەی هەڵماڵێ، بەڵام ئەو خۆشی تاوانبارە. لەنێوان دیالۆگ و گفتوگۆی ئەم دوو کارەکتەرەدا گەلێ بیرۆکەی گرنگ سەبارەت بە چەمکەکانی تاوان، ئاکار و بەهای مرۆڤایەتی دەخرێتە ڕوو.

ستریندبێری بە تەواوەتی لەم پیەسەیدا کاریگەری فەلسەفە و بۆچوونەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی (فریدیریک نیچە) ١٨٤٤-١٩٠٠ و بیرۆکەی مرۆڤی سۆپڕمانی پێوە دیارە. گفتوگۆی ئەو دوو مرۆڤ دەبێتە کێشەیەکی ئاشکرای دوو تاوانبار، لە هەمان کاتدا تاوانبارکردن، سووکایەتیکردن بە یەکتری و دۆزینەوەی ئاڵتون و زۆرشتی تر. پیەسەکە



خوێندنەوەیەکی گرنگی ستریندبێرییە بۆ دەستەبەر کردنی بیرۆکەی تاوان، پسیکیاتری، یاساکانی پزیشکی دادپەروەریی لەلایەک و بیرۆکەی هاوکێشەی مرۆڤە بەهێزەکان بەرامبەر بێهێزەکان لەلایەکی دیکەوە . مەسەلەی هێز دەبێتە پڕۆسەیەکی گرنگی کێشە سەرەکییەکان. هەردوو کارەکتەرەکەش دەبنە ئامرازێکی گرنگی دووفاقی ئەو کێشە گرنگە، کێشەی هێز و دەسەڵات.

دەسەڵات وەک ئامرازێکی گرنگی هێز دەبێتە سمبولێکی دیاریکراو. ستریندبێری ئەو پڕۆسەیە، پڕۆسەی (پاریا) زۆر زیرەکانە لە دووتوێی بۆچوون، شیکردنەوە و دەروازەیەکی قووڵی سایکۆلۆژییەوە ئامادە دەکات. ستریندبێری لەنێوان کۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی ١٨٨٨ و سەرەتای ساڵی ١٨٨٩دا دەستی کردووە بە نووسینی ئەم پیەسە و لە نامەیەکی ٣ی مانگی یەکدا ئاگاداری (ئوولا هانسۆن)ی چیرۆکنووسی کردۆتەوە ئاگادار دەکاتەوە و پێی دەڵێت: (پاریامم تەواو کرد).

ستریندبێری لە نووسینی ئەو پیەسە کورتەدا، وەک هەندێ لە پیەسە یەک پەردەییەکانی تری، مەبەستی ئەوە بووە پیەسێکی یەک پەردەیی کە کارەکتەری کەم لە خۆ بگرێت بۆ گرۆیەکی شانۆیی بچووک بنووسێت.

ستریندبێری لەو ڕۆژگارانەدا شانۆیەکی بچووکی سکەنداڤی ئەزموونگەری لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک دامەزراندبوو. شتێکی ئاشکرایە ئەو پیەسە کورتانە چاوگێکی گرنگی ئەو شانۆ سکەندناڤییە کەم دەرامەتە بچووکە بووە. ئەمە جگە لەوەی ستریندبێری گەرەکی بووە ئەو شانۆنامە کورتە یەک پەردەییانەشی، وەک لایەنێکی پراکتیکی، ببەستێتەوە بەو لێکۆڵینەوە شانۆییەوە کە هەر خۆی لەو ماوەیەدا بەناوی (سەبارەت بە دراما و شانۆیەکی نوێخواز) نووسی بووی.

(پاریا) بۆ یەکەمجار لە ٩ی مانگی سێی ساڵی ١٨٨٩دا دانیمارک نەمایش دەکرێت. نەمایشەکە بۆ شانۆ ئەزموونگەرییەکەی ستریندبێری لە کۆپنهاگن سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنێ.

پاریا لە سوێد بۆ یەکەمجار لە ١١ی مانگی دووی ساڵی ١٩٠٨دا لە شانۆی ئینتیم (شانۆ تایبەتییەکەی ستریندبێری لە ستۆکهۆڵم) نەمایش دەکرێت. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و دواتر (٣٥) جار پێشکەش دەکرێتەوە. ساڵی ١٨٩٠ خاتوو( سیری ڤۆن ئێسن) ژنی یەکەمی ستریندبێری، پاریا وەردەگێڕێتەوە سەر

زمانی فەرەنسی، بەو نیازەی هونەرمەند (ئەندریە ئەنتوان) لە شانۆی سەربەست لە پاریس پێشکەشی بکات. بەڵام پاریا هەرگیز لەو شانۆیەدا پێشکەش ناکرێت.

## نەمایشەکە

ئەمڕۆ (تۆشتن فلینک)دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین ڕیژیسۆرە ئەزموونگەر و بەتواناکانی ستۆکهۆڵم. ئەم هونەرمەندە خاوەنی دید و هرزێکی قووڵ و وێنەیی هەمەلایەنە بۆ هونەری شانۆ. هەمیشە نەمایشەکانی دەبێتە جێگای سەرنج و وەک ڕووداوێکی هونەری و ڕۆشنبیری گرنگی شاری ستۆکهۆڵم بانگەشەی بۆ دەکرێت. ئەم ڕێژیسۆرە هەر خۆی بە تەنها (پاریا) دەکاتە پرۆسەیەکی گرنگی هونەری، لەو پرۆسەیەدا هەم ڕیژیسۆرە و هەم ئەکتەرە و ڕۆڵی هەردوو کارەکتەرەکەش یاری دەکات.

(تۆشتن فلینک) لەم پرۆسەیەدا پیەس و نەمایشەکەی دەخاتە ژێر باری سەرنجێکی گرنگەوە. لەو ڕووەوەی ئایا (بەهێزەکان) ئەو مافەیان هەیە (بێ هێزەکان) بچەوسێننەوە؟

سەرەتا تۆشتن فلینک وەک ڕیژیسۆر و کارەکتەری سەرەکی نەمایشەکە لە سووچێکی شانۆکەدا بەرامبەر ئاوێنەیەکی تایبەتمەندی ئارایشتنی شانۆیی دانیشتووە و بە ئامادەبوونی بینەران ئارایشتی کارەکتەرەکانی دەکات. X دەکاتە شێوە شەیتانێکی دەسەڵاتدار، Yیش دەبێتە کارەکتەرێکی کۆمیدی کاریکاتێر ئاسا. دوو پیاوی جیاواز لە ڕووی ڕەوشت، توانا، ئیرادە، هزرەوە. ئەم دوو کارەکتەرە پێکدا دەچن و گەمەیەکی فیکری و لە هەمان کاتدا پڕ لە هەست و هۆش دەخولقێنن. فلینک لەنێوان ئەو دوو کارەکتەرەدا زۆر زیرەکانە گەمە دەکات. بەرجەستەی هەست، بیروبۆچوون، شێوەی دەموچاو، چۆنیەتی گفتوگۆ، بەکارهێنانی کەلوپەل و پانتایی شانۆکە دەکات. نەمایشەکە سیمایەکی تایبەتمەند، سیمایەکی تایبەت بەخۆی (فلینکی) لە خۆ دەگرێت. دیمەنەکان پێکدادەچن، ئاوێتەی یەکتری دەبن، کارەکتەرەکان لەو پێکداچوونەدا، لەو گەمە سایکۆلۆژییەدا، لەو شانۆ ناتورالیزمییەدا دەبنە وێنەیەکی بزواوی پڕ لە ژیان، خەندە و مەرگەسات. فلینک بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو کارەکتەرە جلەکانی لە ناوەڕاستدا کردووە بە دوو کەرتەوە، لایەکیان سپی و ئەویتریان ڕەش. بەهەمان شێوە دەموچاوی لایەکی بە تەواوەتی سپی و ئەویتریان ئاسایی.

هونەری ڕاگوزاری و بنەماکانی کۆمیدیای دیلارتی دەبێتە بنەمایەکی گرنگی



نەمایشەکە. هەموو چرکەساتێک، ئاماژەیەک دەبێتە سیمایەکی گرنگی بەرەوپێشەوەچوونی نەمایشەکە. دراماکەش دەبێتە ناوەندێکی هونەری ڕاگوزاریی بۆ پتەوکردنی، بەوێنە کردنی ڕووداوەکان و جیاکردنەوەی کارەکتەرەکان. نەمایشەکە لە یەک کاتدا دەبێتە گەمەیەکی کۆمیدی، تراژیدی و (تۆشتن فلینک)یش لەو گەمەدایە ستریندبێری دەکاتە بنەمایەکی هەمەلایەنە بۆ نەمایشێکی سەرکەوتووی لێوان لێو لە هونەر و ژیان.

## وەرگێڕان

کاک (فەرهاد شاکەلی) شانۆنامەی (پاریا)ی ڕاستەوخۆ لە سوێدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. جگە لە پیەسەکە کاک فەرهاد لەگەڵ کتێبەکەیدا پێشەکییەکی تێروتەسەلی بە ناوی (ئاوگۆست ستریندبێرگ، مرۆڤێکی بێدەرەتان و هونەرمەندێکی ڕچەشکێن) نووسیوە. لەو پێشەکییەدا کاک فەرهاد هەوڵی داوە کورتەیەکی چڕ و پوختی ژیانی ستریندبێری، ڕۆمانەکانی، شێوازی نووسینی، شانۆنامەکانی، تابلۆ و یاداشتەکانی بخاتە ڕوو. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، لەو ڕووەوەی ژیانی سترێندبێری ژیانێکی چڕ و ئاڵۆز و پڕ لە ڕووداوی جۆر بەجۆرە. ڕۆمان و شانۆنامەکانیشی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو ژیانەیە، چونکە هیچ نووسەرێک هێندەی ستریندبێری لە نووسینەکانیدا نەژیاوە. بەڵام ئەو ژیانە، ئەو یاداشتانە بە شێوازێکی بەرز بۆتە شیعرێکی فەنتازی ئامێز. لەو ڕووەوە ستریندبێری جۆرێکی تایبەتی لە نووسینی یاداشتنامە لە ئەدەبی جیهانیدا داهێناوە. ئەوەی جێگای داخە کاک فەرهاد لەو پێشەکییەدا تەنها بە چەند سەرنجێکی کورت لە خودی شانۆنامەکە دواوە. بریا کاک فەرهاد ئاوڕێکی زیاتر بابەتییانەی لە ناوەڕۆک و ستركتوری (پاریا) دەدایەوە. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە و دەست خۆشییە، ئەوەیە کاک فەرهاد بە زمانێکی پاراو و بە شێوازێکی جوان پیەسەکەی کردووە بە کوردی. زمانەکەی زمانێکی ئاسانە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی ریتمی زمانەکەی ستریندبێری بپارێزێ. دەتوانم بڵێم کاک فەرهاد لە تێگەیشتنێکی قووڵەوە پیەسەکەی کردووە بە کوردی و ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لە پاراستنی ریتمە زمانەوانییەکەی پیەسەکەدا.

کاک فەرهاد شاکەلی لە وەرگێڕانەکەیدا لەبری هەردوو پیتی X (ئێکس) و Y(وای)ی ئینگلیزی کە ناوی کارەکتەرەکانە، هەردوو پیتی کوردی(میم) و (نوون)ی بەکارهێناوە.

لەم بارەیەوە وەرگێڕ دەڵێت: ( من لەم تەرجەمەیەدا کردوومن بە (میم) و (نوون)، چونکە لەسەر زمان زۆر لە ناوە سوێدییەکان سووکترن و لە ئەلفوبێی کوردییشدا هەر لە تیپەکانی دواوەن و بەدوای یەکدیدا دێن.) گومان لەوەدا نییە کە ئەو دوو پیتە کوردییە زۆر لەسەر زمان ئاسانە و بەڕای منیش ئەوە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووە. مەبەستی ستریندبێری لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەو دوو پیتەشدا لەبری ناو بۆ کارەکتەرەکانی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونە گشتگریی، نەناسراو و شاراوەکەیان، لەو ڕووەوەی ئەو هەڵوێستانە دەکرێت ببێتە ڕەوش و ئاکاری هەر کەسێک لە هەر قۆژبنێکی ئەم دنیایەدا بژی. (پاریا) ناونیشانێکی زۆر لەجێگای خۆیدایە بۆ ئەو پیەسە. وشەکە دەربڕینێکی پڕ بەپڕی ئەو دوو کارەکتەرە تاوانبارەیە، دوو تاوانبار کە گەرەکیانە لە بەرگێکی تردا خۆیان حەشار بدەن. چەمکی مانا و ئاماژەی وشەکە هەڵوێستەیەکی قێز لێکەرەوە، یان ئاستێکی زۆر نزم دەگەیەنێ. بەواتای مرۆڤێکی " کەس نەویستە". کاک فەرهاد لە پێشەکییەکەیدا بە شێوەیەکی جوان ئەو زاراوەیەی لێکداوەتەوە و دەڵێت: ( کەسێکە کە خەڵکی ڕقیان لێیەتی و لێی دوور دەکەونەوە و خۆیانی لێ لا دەدەن. وشەکە لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە دابەشبوونی چینایەتی و دینیی جارانی باشووری هندستان و بورماوە هەیە، کە بە ئەندامی چینێکی زۆر خوارەوەی کۆمەڵ وتراوە پاریا. دیارە دەکرا ناوی شانۆنامەکە بە کوردی بکەم بە "خوێڕی"، بەڵام ئەو وردی و فرە لایەنییەی لە وشەی "پاریا" دا هەیە، وشەی "خوێڕی" ناتوانێ دەری ببڕێت، بۆیە هەروەک پاریا هێشتمەوە.)

## شانۆی تریبونالّن

## تراژیدیای ئۆریستێن

– ئاگا مێمنون

– گۆڕی قوربانی

– ئێمێنێدییەکان

## ئۆرێستێن و قەیرانەکانی مرۆڤ و شارستانییەت

شانۆنامەی: ئۆرێستێن Orestien

نووسینی: ئەسخیلیۆس Aiskyols

ڕیژی: ریشارد تورپین Richard Turpin

سینۆگرافیا: گونیلا پاڵمشانە- ڤایس Gunilla Palmstierna_Weiss

شانۆی: تریبۆنالن Teater Tribunalen

شانۆی تریبۆنالن بەبۆنەی یادی دە ساڵەی دامەزراندنیانەوە سێینەی (ئۆرێستێن)یان پێشکەش کرد. ئەم سێینەیەش یەکێکە لە تراژیدیا سێ بەشە زۆر گرنگەکەی ئەسخیلیۆس بەر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لە مەوبەر نووسراوە. ئەم تراژیدیا گریکییە شانۆنامەیەکی ڕامیارییە و لە زۆر سەردەمی جیاوازدا و بەپێی بۆچوون و لە دیدی ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە نەمایش کراوە. ئەمڕۆ ئەم گرۆ شانۆییە دەگەڕێنەوە سەر ئەم تراژیدیایە و چەمک و مەودایەکی تری ڕامیاری، مۆدێرن و هۆنەری پێ دەبەخشن.

## شانۆی تریبۆناڵن

ئەم شانۆیە لە ساڵی ١٩٩٥دا و لە لایەن کۆمەڵێ هونەرمەندی تازە دەرچووی پەیمانگا هونەرییەکانی سوێدەوە دامەزراوە. ئەم هونەرمەندانە هێڵێکی فیکری، ڕامیاری چەپڕەوانە کۆی کردوونەتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە بانگەشەی شانۆیەکی ڕامیارییان کردووە[١٢].

مانیڤێست و بەیاننامەکانیشیان ئاماژەی ئەو بۆچوونە ڕامیارییەی شانۆکەیان دەکات و هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە: تریبۆناڵن شانۆیەکە ڕێچکەیەکی ڕامیاری هەیە و دەیانەوێت ڕەخنە لە دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابووری و گلۆبالیزمە بگرن. هەروەها هانی چالاکی و بەگژاچوونەوەی هەموو جۆرە سیستەم و سیاسەتێکی ناڕەوا لە سوێد و لە جیهاندا دەدەن و هەڵوێستی تایبەتمەندیان بەرامبەر بە ڕووداوەکانی جیهان هەیە. هەموو چالاکییەکانی ئەم گرۆیە زۆر بە ڕاشکاوی دژی ڕێساکانی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانە و لایەنگر و داکۆکی لە بەرژەوەندی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەگرێ.

بەرهەم و پرۆژەکانی ئەم شانۆیە لە ئاستێکی هونەری بەرزدایە و دوورە لە هەموو ستیلێکی پروپاگەندەیی و نەمایشەکانیشیان ستریندبێری، شەکسپیر، برێشت و



شانۆنامەی نوێ و گەنجەکانی سوێد و وڵاتانی تری جیهان لەخۆدەگرێت.

لە وەرزی نوێی ئەمساڵیشیاندا گەڕاونەتەوە سەر یەکێک لە دێرینترین پییەسە کلاسیکییەکانی دراما و شانۆی گریکی.


## ئۆرێستێن و سەرەتاکانی شانۆی ئەورووپی

شانۆ و درامای ئەورووپی نەژادێکی دینی و ڕیتواڵی لەخۆدەگرێت، دراما و شانۆنامە گەورەکان، ڕاستەوخۆ لە ئامێزی خواوەندەکاندا لە دایک بوون. هەر ئەو خواوەندانەش وزەیەکی گەورەیان بەخشیوە بە هەموو بنەماکانی تری ژیان، لە دایک بوون، خوڵقاندنی گەردوون و تەنانەت سوورانەوەی سیستەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانیش. سەرەتاکانی دراما و شانۆش لە کەلتووری ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٢٥٠٠ی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح. مێژووی یەکەم درامای تەواوەتی و یەکەم نەمایشی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٤٩٠ی بەر لە لەدایکبوون. هەر لەم ساڵەشدا کۆمەڵێ ڕووداوی زۆر گرنگ ڕووی داوە، ئەم ڕووداوانەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بە سەر پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونی شانۆ و درامای گریکییەوە هەبووە. بۆ نموونە لەم ساڵەدا گریکییەکان بەسەر فارسەکاندا سەردەکەون و لەشکرەکەیان تێک دەشکێنن، لە هەمان کاتدا خەڵکی ئەسینا بناخەی بنەما ڕامیاری و ئابوورییەکانی دەوڵەت و پرۆسەی بە دیموکراسی کردنی کۆمەڵگا دادەمەزرێنن.

هەر لەم ساڵەشدا ئەسخیلیۆس[١٣] یەکێک لە شانۆنامە گەورەکانی نەمایش دەکات. ئەم نووسەرە گەورەیە بەرهەمی ئێجگار زۆر بووە، هەندێ لە سەرچاوەکان ئەوە دەکەن کە زیاتر لە نەوەد شانۆنامەی نووسیوە، بەڵام تەنها حەوتیان بە تەواوەتی بە دەستمان گەیشتووە[١٤].

ئەسخیلیۆس جگە لە شانۆنامەنووسێکی دینی، کۆمەڵایەتی و بنەماکانی ئاکار، شانۆنامەنووسێکی ڕامیاریش بووە. شانۆنامەی (فارسەکان) کە لە ساڵی ٤٧٢ی پ.ز دا نووسراوە، سەرەتایەکی گرنگی شانۆی ڕامیارییە. لەم شانۆنامەیەدا ئەسخیلیۆس باسی جەنگی نێوان گریکییەکان و فارسەکان دەکات و وێنەیەکی ڕاستگۆ و ڕوونی فارسەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو[١٥].

لە سەردەمی گریکەکاندا شانۆ ناوەندێکی گرنگی درامایەکی بەرزی شانۆی گریکییە. لەم شانۆنامەیەدا پادشا ،خواوەندەکان و مرۆڤی تاک ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە،




شانۆنامەی (ئۆرێستێن) لەسەر شانۆی تریبونالّن



یاساکانی تاوان و سزا بنەما شارستانییەکانی خۆی دەست نیشان دەکات و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش یەکەم بەردی بناخەکانی پرۆسەی دیموکراسی خۆی دادەنێ تراژێدیاکە لە سێ شانۆنامەدا(سێ بەش) بەرجەستەی ئەو تاوانانە دەکات کە یەکالآ نەکراونەتەوە، ئەمەش دەبێتە هوێ سەرلەنوێ لە دایکبوونی تاوانی گەورەتر و تێوەگلانی کەسانی تر و ڕووداوی کارەساتی گەورەتر شانۆنامەی(ئۆرێستێن) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٤٥٨ی پ.ز دا و لە ئەسینا نەمایش کراوە.

## سێیینەی ئۆرێستێن

ئەم شانۆنامەیە یەکێکە لە شاکارە گەورەکانی ئەسخیلیۆس و لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم شانۆنامەی "ئاگامێمنۆن" باسی ڕووداوەکانی دوای گەڕانەوەی گەورە شای گرێک ئاگامێمنۆن دەکات لە جەنگی درێژخایەنی دژ بە (تورەیا): لەگەڵ دوورکەوتنەوەی ئاگامێمنون و هەڵگیرسانی ئەو جەنگە خوێناوییەدا، کلیتەمێستەرەی ژنی لەگەڵ ئامۆزایەکەی ئاگامێمۆندا دەست تێکەڵاو دەکات. کلیتەمێستەرە دەیەوێت تۆڵەی ئیڤگینیای کچیان بکاتەوە. ئاگامێمنۆن بە دە ساڵ و بەر لە هەڵگیرسانی ئەو جەنگە لە دژی تورەیا، کچەکەی خۆی دەکاتە قوربانی، بەمەش نەک تەنها کلیتەمێستەرەی ژنی، بەڵکو خواوەندەکانیش لە خۆی زویر دەکات. کە ئاگامێمنۆن دوای جەنگەکە بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە. ڕێک و ڕاست کلیتەمێسترە و دۆستەکەی دەیکوژن. کوشتنی ئاگامێمنون جۆرێکە لە سزای تاوانەکانی، بەڵام لە هەمان کاتدا کوشتنی ئەویش تاوانە و دەبێت تاوانبار سزای خۆی وەربگرێت. لە بەشی دووهەمیشدا" گۆڕی قوربانی" مندالەکانی ئاگامێمنۆن (ئێلێکترا و ئۆرێستێس) لە چەقی ڕووداوەکاندان. ئێلێکترا دوای دابڕانێکی درێژخایەن لەو بڕوایەدایە کە ئورێستێسی برای مردووە. بەڵام ئۆرێستێس نەمردووە و لە پڕ دەگەڕێتەوە و پێکەوە بە نهێنی دەکەونە دانانی نەخشە و پلانی تۆڵەسەندنەوەی باوکیان. ئەم بەشەش بەوە تەواو دەبێت کە ئۆرێستێس کلیتەمێسترەی دایکی و دۆستەکەی دەکوژێت. لە بەشی سێیەمیشدا "ئێمێنێدییەکان" خواوەندی تۆڵەسەندنەوە ئۆرێستێس ڕاودەنێن و دەیانەوێت تۆڵەی لێ بکەنەوە: کوشتنی دایک گوناهێکی گەورەیە و بە هیچ شێوەیەک خواوەندەکان لەو گوناهە خۆش نابن.

لە بەر ئەنجامدا ئورێستێس دان بە تاوانەکەی خۆیدا دەنێت و خەڵکی ئەسیناش بۆ یەکەمجار خواوەندەکان وەلاوە دەنێن و لە بری سزا و تۆڵە لە ئۆرێستێس خۆش دەبن. بەم

شێوەیەش ئەتێنای خواوەند و خەڵکی ئەسینا خواوەندی تۆڵەسەندنەوە دەگۆڕن بە دەسەڵاتی گەل و یاساو خواوەندی بەخشندە و میهرەبانیی[١٦].

## ماراسۆنێکی شانۆیی

ئەم سەرگوزشتە شانۆییە زۆر دوور و درێژە و چیرۆکی چەندین نەوەی جیاواز لە قوربانی، ناپاکی، دوژمنایەتی لە نێوان خێزان، خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە لەخۆدەگرێت، هەر ئەم شانۆنامەیە یەکەم تاوانەکانی شەرەف و ئابڕووشمان بۆ دەگێڕێتەوە.

شانۆی تریبۆناڵن لە ماراسۆنێکی شەش کاتژمێریدا، هەر سێ بەشەکەمان بۆ بەرجەستە دەکەن و دەچنە یەکە بەیەکەی چیرۆکەکانەوە و خواوەند و ئادەمیزادەکانیش ڕووبەڕووی یەکتری دەکەنەوە.

نەمایشی ئاوا درێژیش شتێکی نوێ نییە لە شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخی جیهانیدا. هەوڵەکانی پیتەر بروک(کۆنفرانسی باڵندەکان و ماهاباهاراتا ) لە کۆتایی شەست، حەفتا و هەشتاکاندا بەرز نرخێنراوە. ڕیژیسۆری بەناوبانگ پیتەر شتاین و نەمایشە ماراسۆنییە گەورەکانی، ئاماژەیەکی گرنگی حەفتاکانی شانۆی ئاڵمانییە. هەروەها لە نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردوودا پرۆژە ماراسۆنییەکانی ڕۆبەرت لێپاژی کەنەدی و ڕۆبەرت وێڵسنی ئەمەریکاریی ڕەنگ و مۆرکێکی جیاوازیان بەخشییە شانۆی جیهانی.

شانۆی تریبۆناڵن ئەم شاکارە کلاسیکییە ئاوێزانی قەیرانەکانی ئەمرۆ و هەڵوێستە ڕامیاری، ئابووری و ئاکارییەکان دەکات. هەر بۆ نموونە لە بەشی سێیەمی ئەم سێیینە تراژیدییەدا ئافرەتێک بە جلوبەرگی ئەمڕۆوە دێتە سەر شانۆ و ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە بینەران و باسی پاراستنی کۆمەڵگا، گوێزانەوەی دەسەڵات و یاساکان لە خواوەندەکانەوە بۆ مرۆڤ دەکات. ئەم ئافرەتە ئاماژەی ئەوەش دەکات کە دوای دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ ئەم هەڵوێستەیە بە تەواوەتی پێچەوانە بۆتەوە و ئەمڕۆ بەناوی خواوە جەنگ هەڵدەگیرسێ و خەڵک تیرۆر دەکرێت و ژن و منداڵی بێگوناە دەربەدەر دەکرێن.

## شاکارێکی کلاسیکی

هونەرمەند ریشارد ترپین لە ئاستێکی بەرزدا جووڵانەوە و پەیوەندی کارەکتەرەکان لە سەر تەختەی شانۆ بەرجەستە دەکات.

بەشی یەکەم بە شێوازە کلاسیکییەکە، یەک یەکە کایە و جووڵانەوەکانی کارەکتەرەکان



و پەیوەندییەکانیان بە یەکترییەوە دەچنێ. کۆرس لەم بەشەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و پرۆسە لیریکییەکەی گۆرانی و دیالۆژەکانیان توخمێکی گرنگی تێکستەکانە. هەروا ستایلە نوێکانی نواندن، جووڵانەوە زمانی جەستە و ئاماژە، تێکەڵاوی جۆرێک لە ستایلێکی کلاسیکی سەمائامێز دەبێت. زۆرجار زمانی جەستە گوزارشت لە ماناکانی ناوەوە و پشتەوەی تێکستەکان دەکات. کە ئێلێکترا بە دیار تەرمەکەی دایکییەوە دادەنیشێت، زۆر بە هێمنی زێڕ و زیو و ئەنگوستیلەی پەنجەکانی، کەمەری، باسک و ملی لێ دەکاتەوە و لەبری ئەوە دەیکاتە قامکی خۆی لە بەرۆکی خۆی دەدات. هەر لەم بەشەدا ئۆرێستێس و دوای ئەوەی دایکی دەکوژێت، دەبێتە پاڵەوانێکی مۆدێرن و بەڕووی دەسەڵات، یاسا و خواوەندەکانا دەچێتەوە.

ئەم ریژیسۆرە هەر سێ بەشەکە پێکەوە دەچنێ و دەروازەیەکی هونەری دەکاتە ڕاڕەوێکی کردەیی پێکەوە گرێدان و گوێزانەوەی نێوان بەشەکان. کۆرس ئەکتەرێکی گرنگ و ئامرازێکی ڕاستەوخۆی ئەو دەروازانەیە، ڕیشارد ترپین، ڕیژیسۆری تراژیدیاکە هەموو شانۆنامەکە(هەر سێ بەشەکە ) دەکاتە ئۆپێرایەکی ڤاگنەری و لەو ئۆپێرایەشدا وشە، تێکست، مۆسیقا و گۆرانی دەبنە تەواوکەری یەکتری.

بێ گومان سینۆگرافیا ڕۆڵێکی گرنگ و لەبەرچاوی گێڕاوە. هونەرمەند گۆنیلا پاڵمشانە- فایس بە شێوەیەکی زۆر ساکار ڕاڕەوێکی باریکی لە قووڵایی شانۆکەدا دروست کردووە، کۆمەڵێ فۆندی ڕەش بەرزبوونەتەوە و بەو شێوەیەش کۆمەڵێ دەرگا و شوێنی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی دروست کردووە. زۆر جار بە ئامێری وێنە گرتن ئەو فۆندانە دەبنە دەرگای گەورە، مەیدانی جەنگ، باخچە و پایە گەورە سپییەکانی کۆمەڵگا و پاشماوە دێرینەکانی وڵاتی گرێکمان بۆ بەرجەستە دەکەن.

تراژیدیای ئۆرێستێن لە شانۆی تریبونالن گەڕانەوە و هەڵوێستە وەرگرتنێکی هۆشیارە لە تەک شانۆنامەیەکی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەریدا و زیندووکردنەوەی شاکارێکی کلاسیکی گەورەشە. نەمایشەکە بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕواڵەت ئامێز بەرگی نوێ بپۆشێت، لە یەک کاتدا کلاسیک و مۆدێرنیشە.

## **شانۆی داڵە لە شاری ڤالون**

- بەختیاری لە شانۆنامەی (ڕۆژێکی بەختیار)دا

شانۆیی: ڕۆژێکی بەختیار Lyckans dar
نووسینی: سامۆێل بێکێت Samuel Beckett
وەرگێڕانی: یۆران ئۆ ئێریکسۆن Goran O Eriksson
نواندنی: ئێڤا میلبێری Eva Millberg
ڕیژی: باربرۆ ئێنباری Barbro Enberg
شانۆی داڵە لە فالۆن Dalateatern i Falun

شانۆنامەی (ڕۆژێکی بەختیار)ی نووسەری جیهانی سامۆێل بێکێت ١٩٠٦-١٩٨٩، دادەنرێت بەپیەسێکی ئەبسورد و ڕەگ و ڕیشەکەشی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تەوژم و ترادیشۆنە. بێکێت خۆشی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە دامەزراندن و بەرەو پێشەوە بردنی ئەم تەوژمە شانۆییە.

سامۆێل بێکێت ئەم شانۆنامەیەی لە ساڵی ١٩٦١دا نووسیوە و بۆ یەکەمجاریش هەر لەم ساڵەدا لە شاری نیۆیۆرک و لەندەن نەمایشکراوە. دوای ئەوە بۆ چەندین جار لە سەر ئاستی هەموو جیهان پێشکەش کراوە.

ئەمە جگە لەوەی کە سامۆێل بێکێت خۆی بۆ چەندین جار، شانۆنامەی ڕۆژێکی بەختیاری بۆ شانۆکانی پاریس و لەندەن پێشکەش کردووە[١٧].

ئێستەش (شانۆی داڵە) ڕۆژێکی بەختیار لە دووتوێی نەمایشێکی بەرز و قەشەنگدا و لە گەشتێکی هونەریدا، لە زۆربەی و شار و شارۆچکەکانی وڵاتی پێشکەش دەکات.

## ڕۆژێکی بەختیار و سامۆێل بێکێت

ئەم شانۆنامەیە دادەنرێت بە یەکەم تەقەلای بێکێت لە بواری خوڵقاندن و خستنەڕووی کارەکتەرێکی سەرەکی

ئافرەتدا. تەنها ئافرەتێک ڕۆڵی سەرەکی ئەو ڕۆژە بەختیارە بەرجەستە دەکات. کارەکتەری(وێنیی) مەنەلۆژێکی دوو کاتژمێرییە. ئەم کارەکتەرە، یان ئەم ئافرەتە تەمەن پەنجا ساڵییە بەردەوام قسە دەکات: باسی بیرەوەرییەکانی ژیانی ڕابردووی، ئێستە و ئایندەشی دەکات. شانۆنامەکە وەک بەرهەمەکانی تری بێکێت جیهانێکی ئەبسوردە، ڕووداوێکی لۆژیکی و ئاشکرا لە خۆ ناگرێت، بەڵکو لێکدانەوەیەکی قووڵی فەلسەفەی بێکێتە سەبارەت بە پانتاییە فراوانەکەی بوون، ژیان و مەرگ. هەندێ لە ڕەخنەگرە





دیمەنێک لە شانۆنامەی (ڕۆژێکی بەختیار)
وێنەی: Per Eriksson

جیهانییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە کارەکتەری (وێنیی) هاوشێوەیەکی هاوتەریبی کارەکتەری (خانمی تشاترلی)ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی (د.ه.لۆرانس)ە.

ستەرکتوری گشتی شانۆنامەی ڕۆژێکی بەختیار لە هەندێ ڕووەوە هێڵێکی هاوبەش و خوێندنەوەیەکی هاوجۆری لە گەڵ ڕۆمانی خانمی تشاترلیدا هەیە.بۆ نموونە لە هەر دوو شاکارەکەدا ڕەگەزی ئافرەت، کێشەیەکی گرنگی هەر دوو شاکارەکەیە. خۆشەویستی لە بوارێکی زۆر ناتەبا و نەگونجاوە و دوور لە تەوەری چەمکەکانی پیاوەوە، هاوکێشەی ئەم دوو پرۆسێسەیە. ڕەگەزی پیاو لە پەراوێزدایە، چ لە ڕۆمانەکەی لۆرانس و چ لە شانۆنامەکەی بێکێتدا. لە لای هەردووکیشیان ئافرەت لە چەقی تەوەرەکەدایە و هەر ئەوانیش ڕووداوەکان بەرەو ترۆپک و بەرئەنجامی کۆتایی دەبەن.

## بەختیاریی لە ڕۆژێکی بەختیاردا

کارەکتەری وێنیی ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندییە و لە سەر تەپۆڵکەیەک و لە بیابانێکدا هەتا ناوقەدی لە (لم)دا نێژراوە. جانتایەکی لە دەستیەوەیە، لە جانتاکەیدا فلچە و دەرمانی ددان، هەندێ وردەواڵە و دەمانچەیەکی تیادایە. هەروەها چەترێکیشی بە دەستەوەیە، کە تینی تیشکی خۆر بەهێز دەبێت، وەک سێبەر بە کاریدەهێنێ.وێنیی توانای هەڵسوکەوتی نییە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا باسی ڕۆژێکی بەختیار دەکات.لە بەشی دووەمی شانۆبییەکەشدا، بارستایی لمەکە تا بینەقاقای دەگرێتەوە و بە تەواوەتی هەموو لەشی لە لمەکەدا دەنێژرێت و هەر سەری بە دەرەوە دەمێنێت. لەم بەشەدا چیتر وێنیی، نە دەستی بە دەمانچەکەی و نە بە جانتا و وردەواڵەکانیدا دەگات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە بێ وچان هەر قسە دەکات و ناشتنیشی لە ناو ئەو لمەدا نابێتە هۆی بێدەنگ بوونی، بەڵکو ئەو بارە نالەبارە وای لێ دەکات زیاتر هەوڵ و تەقەلای قسەکردنی بەردەوام بێت وێنیی لەو بارەدا دەڵێت: ڕۆژێکی تری بەختیار!

بەردەوامبوونی وێنیی بەو شێوەیە، بەردەوامبوونیەتی لە ژیاندا. ئەم ئافرەتە چی هەیە لە ژیاندا تا بەختیار بێت؟ ژیان تێدەپەڕێت لە کاتێکدا ئەو لە بۆسەیەکی قووڵ و گەورەی ژیاندا چەقیوە. لەم بارەدا وێنیی هەست بە تەنهاییەکی کوشندە دەکات، هەر لە بەر ئەوەشە بەردەوام قسە دەکات و لە پەلەقاژێی پەیوەندیکردندایە. هەندێ جار وشەیەک بۆ مێردەکەی فڕێ دەدات. مێردەکەی کارەکتەری ویلی Wille لە خوارەوەی تەپۆڵکەکەدایە و لە کونجێکی سێبەردا، بە بێدەنگ دانیشتووە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە. مێردەکەشی بە چەشنی وێنیی بەندی ژیانێکی تەنهاییە، بەڵام ویلی لە پشت تەپۆڵکەکەوە هەندێک جار دەبینرێ و هەندێ جاریش نابینرێ. مێردەکەی وێنیی، بە شێوەیەک لە شێوەکان سەربەستە، وەک ئاژەڵ دێت و دەچێت، هەندێ جاریش لە کولانەکەی خۆیدا حەشار دەدات. جار ناجارێک بە دەنگی بەرز سەردێری هەواڵ و پروپاگەندەی ڕۆژنامەکەی دەستی دەخوێنێتەوە. ویلیش بە چەشنی ژنەکەی بەندی تەنهایی خۆیەتی، هیچ کامێکیشیان توانای پەیوەندی بەویترەوە نییە. شانۆنامەی (ڕۆژێکی بەختیار) تەقەلایەکە بۆ خستنە ڕووی هونەری بەرگەگرتن لە لای مرۆڤ و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە گەورەکانی ژیان.[١٨]



## دیدی بێکێت لە ڕۆژێکی بەختیاردا

لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکدا، کارەساتەکانی ژیان گرانتر و گرانتر دەبن. ڕۆژێکی بەختیاریش لە دوو ڕۆژدا، کارەکتەرەکەی لە کێشەیەکی ئەبەدیدا دەنێژێ. ڕۆژی یەکەم تا ناوقەدی، ڕۆژی دووەمیش تەنها سەری بە دەرەوە دەمێنێ. کارەکتەری وێنیی کە تا بینەقاقای لەو لمەدا نێژراوە خوێندنەوەی هاوکێشە فەلسەفییەکەی بێکێتە بۆ بارودۆخی مرۆڤایەتی. بێکێت گەرەکیەتی بە شێوازێکی چڕ و لە ئاسۆگەیەکی ئاشکراوە دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لمی ژیانی خۆماندا قەتیس و عاسی بووین. خودی بوونمان بەندی جیهانێکی ئاڵۆزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی مرۆڤ لە هەوڵێکی بێ وچانی ژیانداین. لە کۆتاییشدا کە تەنها سەری بە دەرەوە دەمێنێ، چاوەکانی بە هەر چوارلادا دەگێڕێ و بە دوای شتەکانیدا، بە چاو دەگەڕێ.

وێنیی بە دەموچاوی، وەک لێبوکێکی تراژیدی لە هەوڵی ئەوەدایە، پەیوەندی بکات بە بەشەکانی تری جەستەیەوە، بە دەوروبەرەکەی و بە جیهانەوە. کۆڵ نادات، پێدەکەنێ، سوپاسی خوا دەکات و چاوەڕوانی ڕۆژێکی تری بەختیار دەکات.

کارەکتەرەکە نوێنەری مرۆڤایەتییە، ئەو مرۆڤانەی کە بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ هەموو کارەسات و جەنگ و نەهامەتییەکدا، دەژی و بەوپەڕی کەللەڕەقییەوە ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە.

شانۆنامەی (ڕۆژێکی بەختیار) دامەزراندنی پڕۆژەیەکی درێژخایەنی خۆناسینە، چوونە ژوورەوەیەکی گەورەی بێکێتە بۆ ئەوەی هەوڵی خۆناسینی خۆمان بدەین. لەم هاوکێشە چڕوگرانە پڕ لە ژانەدا، کۆمیدی و تراژیدی تێکەڵاو دەبێت و وەک دوو هێڵی ئاسۆیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی بنەمای نمایشەکە پێکدەهێنێ. کارەکتەری وێنیی لە هەندێ ساتدا بەختیارە و لە هەندێ ساتی تردا مەترسی و دڵەڕاوکێ دایدەگرێ و زیاتر ڕۆدەچێ بە ناوەوەی خۆیدا.

### کارەکتەری وێنیی کێیە؟

کارەکتەری وێنیی یەکێکە لەو کارەکتەرە ئاڵۆزانەی دنیای شانۆ کە زۆر گرانە پێناسەیەکی ئاشکرای بۆ بکرێت. لە هیچەوە کەسایەتییەکی بە هێز گەشە دەکات و لە تێکڕای ئەدەب و شانۆی جیهاندا وێنەی نییە.

سامۆێل بێکێت خۆی سەبارەت بەو کارەکتەرە دەڵێت: (من لەو بڕوایەدا نیم کە "وێنیی" خۆی بزانێت چ جۆرە ئافرەتێکە. لە شوێنێکدا دەست پێ دەکات، دەوەستێت و لە شوێنێکی تردا سەر لە نوێ دەست پێ دەکاتەوە و بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەو هیچ شتێک تەواو ناکات.) وێنیی لەو بەرزاییەدا و لە ناو لمەکەدا بە بێ پشوو قسە دەکات. ددانەکانی بە فلّچە و دەرمانی ددان دەشوات، دەمانچەیەک و ئاوێنە و وردەواڵەکانی لە جانتا دەستییەکەی دەردەهێنێ و قسەیان لە گەڵ دەکات. نوێژی بەیانی و ئێوارە دەکات و بەردەوام باسی ڕۆژێکی بەختیار دەکات. لە بەشی یەکەمدا بە هەر چوار لای خۆیدا دەستی بە کار دەهێنێ و لە جێگای خۆیەوە هەندێ دەجووڵێ. بەڵام لە بەشی دووەمدا کە بە تەواوەتی و تا بینەقاقای لە لمەکەدا نوقووم دەبێ، ئیتر توانای بزواندن و دەست جووڵاندنیشی نامێنێ.

دەمانچە سمبۆلی خۆکوشتنە، مرۆڤ لە هەندێ ساتەوەختی گراندا، لەوانەیە پەنا بەرێتە بەر خۆ کوشتن، وێنیی دەمانچەیەکی پێیە، لە وانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە؟ لە بەشی دووەمدا نە دەستی بە دەمانچەکەیدا و نە دەستی بە ئاوێنەکەیدا دەگات. بەڵام بە بێ هیچ دوودڵییەک و بەبێ وچان هەر قسە دەکات. تاکە ڕێگا و ئەڵتەرناتیڤێک کۆڵنەدان و بەردەوامبوونە لە ژیاندا.

## نواندنی ئەم کارەکتەرە

گومان لەوەدا نییە کە نمایشکردنی ئەم شانۆییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت بە هێز و توانای ئەکتەر دەبەستێت. هەر بۆیە سەرکەوتنی ئەکتەر مانای سەرکەوتنی هەموو پڕۆژەکە دەگەینێ. هەر چەندە وێنیی بە درێژایی نەمایشەکە لە ناو لمدا نێژراوە و چاوەڕوانی هەڵسوکەوتی لێ ناکرێت، بەڵام پێویستی بە وزە و توانایەکی گەورە هەیە بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆح و جەستە هەژاوەکەی ئەم کارەکتەرە. هونەرمەند (ئێڤا میلباری)بە ڕۆحێکی نەسرەوت بەرجەستەی مرۆڤێکمان بۆ دەکات، کە بە کەلوپەلەکانی، بە وتەکانی، بە خەندە و سوپاس خوازی، هەوڵی دروستکردنی قەڵایەکی بەرگری و خۆڕزگارکردن، بە چواردەوری خۆیدا دەدا. ئەم هونەرمەندە لە سەر ئاستێکی زۆر بەرز ئەم کارەکتەرەی بەرجەستە کردبوو، توانی بە شێوەیەکی گەورە بینەران بەندی ئەو (ڕۆژە بەختیار)ەی بێکێت بکات.

## شانۆی ڤێستانۆ

سەرگوزشتەی یۆستە بێرلینگ لە نێوان ڕۆمان و شانۆدا

رۆمانی: سەرگوزەشتەی یۆستە بێرلینگ Gosta Berlings saga
نووسینی: سێلمە لاگەرلیۆڤ Selma Lagerlof
ئامادە کردنی:سۆزانا مارکۆ،لەیڤ ستینەربوم Leif Stinnerbom,Susanne Marko
ریژی و کۆریۆگرافی:لەیڤ ستینەربوم Leif Stinnerbom
سینۆگرافی: لاش یاکۆب یاکۆبسۆن Lars Jacob Jakobsson
جلو بەرگ: ئینگەر هاڵسترۆم  ستینەربوم Inger Hallstrom Stinnerbom
مۆسیقا:ماگینوس ستینەربوم Magnus Stinnerbom
گروپی: شانۆی ڤێستانۆ Vastana Teater

شانۆی ڤێستانۆ یەکێکە لە گرۆ چالاک و گرنگەکانی ئەمڕۆی ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی سوێدی.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتە و بۆچوونە هونەرییەکانی ئەم گروپە، سەمای میللی، مۆسیقای سوێدی و هەموو توخمە گرنگەکانی تری کولتووری دوێنێ و ئەمڕۆی گەلی سوێدییە. بۆ پڕاکتیزەکردن و نزیک بوونەوەیەکی زیاتری ئەو دابونەریتە سوێدییە، زۆر جار ئەم گرۆیە دەگەڕێنەوە سەر پیەسی سوێدی، یان ئامادەکردن و بەشانۆکردنی ئەدەب و فۆلکلۆری میللی  گەلی سوێد.

هونەرمەند و ریژیسۆری ئەم گرۆیە لەیڤ ستینەربوم لە چاوپێکەوتێنکی رۆژنامەگەریدا دەڵێت: ئێمە شێوازێکی جیاوازمان لە گەمەی شانۆیی خوڵقاندووە کە سەرچاوەکانی لە کولتووری گەل و مۆسیقای میللییەوە وەرگرتووە، ئێمە ئەو شێوازە بە مەبەستی گێڕانەوە بە کار دەهێنین. ئەمەش دڵنیاییەکی گەورەمان پێ دەبەخشێ و ترسمان دەڕەوێنێتەوە، بێ گومان لە هەمان کاتدا لە گفتوگۆی ئەوەشداین چۆن بتوانین لە ئایندەدا ئەم شێوازەمان بەرەو پێشەوە بەرین.

شانۆی ڤێستانۆ ئەم هاوینە پڕۆژەیەکی گەورەی سێ ساڵییان کۆتایی پێهێنا. ئەم پڕوژەیەش بریتی بوو لە ئامادەکردن و بە شانۆکردنی  ڕۆمانەکانی نووسەری گەورەی سوێدی خاتوو (سێلمە لاگەرلێوف)[٢٠].

ئەم پڕۆژەیە لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕۆمانەکانی تری سێلمە لاگەرلیۆڤ (گەشتەکەی نیلس هۆڵگێرسۆن، سێسەری پۆرتۆگالیان، پارەکانی بەڕێز ئارنە) و ئەو ساڵیش ڕۆمانی (سەرگوزەشتەی یۆستە بێرلینگ)[٢١] یان پێشکەش کرد. خودی مەڵبەندی ئەم شانۆیە و



چالاکییەکانیان لە هەرێمی (ڤێرملاند)و ناوچەی (سونە)یە. ئەم ناوچەیەش نزیک شارۆچکەی (مۆرباکە) Marbackaی ماڵ وجێنزرگەی خاتوو سێلمە لاگەرلیۆڤە. ئەم گرۆیە و لەگەڵ هەمان رێژیسۆردا، هونەرمەند لەیڤ ستینەربوم بۆ جاری دووەم ڕۆمانی (سەرگوزەشتەی یۆستە بێرلینگ) نەمایش دەکات. بۆ یەکەم جار لە ساڵی **١٩٩٢**دا لە خودی ناوچەی مۆرباکە و لە تەنیشت ماڵەکەی سێلمە لاگەر لیۆڤەوە، کە ئەمڕۆ موزەخانەیەکی گەورەی کراوەیە بۆ جەماوەر، پێشکەش کراوە. بەڵام ئەمساڵ سەرگوزەشتەی یۆستە بێرلینگ لە دەروازەیەکی سەما ئامێزی وردەوە، کرابووە شانۆیەکی فیزیکی ئاشکرا و ئەکتەرەکان باڵندەئاسا بە نێو ئەو پانتاییە بەرفراوانەی شانۆکەدا دەفڕێن. سەمایەکی میللی بەرجەستەی شانۆیەکی فیزیکی و شیعرئامێز بوو. ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی سێلمە لاگەرلێوف و دادەنرێت بە بەرهەمێکی لیریکی. لەو ئەدەبە لیریکییەدا چەندەها نهێنی خۆی حەشار داوە، لە نەمایشەکەشدا ئەو نهێنییانە بەردەوام دەبنە چرکەساتی خورپەئاسا بۆ بینەران. ئەو چرکەساتە نهێنییانە ڕیالیزمێکی ئەفسوونی بەرز لە خۆدەگرن. سێلمە لاگەرلیۆڤ ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٨٩١دا نووسیوە، ناوچەی (ئێکەبی)ش لە سونە، شوێن و شانۆی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەیە. بەڵام ئەو ناوچە جوگرافییە دیاریکراوەی ڕۆمانەکە تەنها نابێتە سروشت و باکگراوندێک، بەڵکو سروشت و جوگرافیای ئەو ناوچەیە و ڕووداوەکان دەبێتە جیهانێکی بێ سنووری پڕ لە جموجۆڵ و چالاکییەکی گشتگر و کۆ. لەو پانتاییدا مرۆڤ سروشت و هەڵوێستە جیاوازەکان لە دیدێکی فراوانی مرۆڤانەدا پێکەوە کۆدەکاتەوە.

هەر لەم بوارەوە بیرۆکەی ڕۆمانەکە ڕووبەڕووی پرسیارە بنەڕەتییەکانی ژیانمان دەکاتەوە: خۆشەویستی، بەرپرسیاری، مەرگ. لە دەروازەی ئەو مانایانەشەوە هەموو ئەو شتانەی ڕوودەدەن، مانایەکی سمبۆلی لە هەڵوێستە و خودی هەموو مرۆڤێکدا لە خۆ دەگرن. ڕۆمانەکە لەو سەردەمەدا بە شۆڕشێک دانراوە دژ بە شێوازی ئەدەبی ناتورالیزم. سێلمە لاگەرلێوف ڕۆمانی سەرگوزەشتەی یۆستە بێرلینگی بە زمانێکی ساکار و لە هەمان کاتدا میتۆلوژی و فەنتاسیایەکی دەوڵەمەند نووسیوە. یۆستە بێرلینگ پاڵەوانی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە بەسەرهاتی ژیانی ئەم مرۆڤە دەبێتە گەشتێکی قووڵی سەرگوزەشتەئاسا. یۆستە بێرلینگ قەشەی کڵێساکەی ناوچەی ئێکەبییە، لە بەر ئەوەی هەمیشە مەستە و خەریکی مەی خواردنەوەیە، ناتوانێ کاروباری دینی کڵێساکەی بەڕێوەبەرێت، تا لە ئەنجامدا لە کارەکەی وەک قەشە دەردەکرێت. ئەمەش وای لێ دەکات کە بە تەواوەتی لە کاروباری

دینیی، نوێژکردن و سەردانی کڵێسا دوور بکەوێتەوە. دوای ئەوە یۆستە بێرلینگ هێدی هێدی دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی(کەڤلێر)ەکانی[22] ئەو ناوچەیە. لێرەوە ژیانی یۆستەبێرلینگ وەک پاڵەوانێکی ڕۆمانتیکی، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت. لە قەشەیەکی سەرخۆشەوە دەبێتە عاشقێکی گەڕۆک. ژیانی دەبێتە ئاهەنگێکی بەردەوام و وەرچەرخانێکی گەورە لە بەرامبەر ژیانێکی ڕۆژانەی بێزارکەردا. دواتر یۆستە بێرلینگ دەبێتە سەرکردەی کەڤلێرەکان، ئەو "بە هێزترین و لە هەمان کاتدا بێهێزترین کەسایەتییە لە ناو هەموو مرۆڤایەتیدا". لە نێو ئەم بەسەرهاتەدا، کە پێکداچوونێکی وردی سەرگوزەشتە و واقیعە، یۆستە بێرلینگ دەبێتە سمبولی ژیانێکی جیاواز و ڕووبەڕووی مرۆڤی سەیر و سەمەرە، چیرۆکی خۆشەویستی و ژیانێکی نائارام دەبێتەوە. لێرەوە چارەنووسی یۆستە بێرلینگ تێکەڵ بە چارەنووسی کۆمەڵێ مرۆڤی تر دەبێتەوە،بە تایبەتی ئافرەتان.

نەمایشەکەش هەوڵێکە بۆ بە دراماکردنێکی واقیع و ئەفسانە. لەو بوارەشەوە هێڵە دراميیەکان بە نێو یەکتردا دەچن، تا لە ئاستێکی بەرز و تایبەتمەندی گێڕانەوەدا، داستانی ڕۆمانێکی گەورە بەرجەستە بکەن. هێزی فەنتازیا، یادەوەری مێژوو، ئەفسانە و چیرۆکێکی میتۆلۆژی تێکەڵ بە کولتوورێکی ناوخۆی هەرێمێکی دیاریکراو دەبێت. بەڵام ئایا کەسایەتی یۆستە بێرلینگ کێیە؟ بێگومان ئەم کارەکتەرە تەنها کەسایەتییەکی سەر بە ناوچەی هەرێمی (فێرملاند) نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی چڕی بێ سنوورە و کۆمەڵێ سیمای گرنگی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت.

زۆربەی ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە یۆستە بێرلینگ پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێ کارەکتەری جیاواز، لەوانە (پێرگینت)، مەبەست لە پاڵەوانی شانۆنامەکەی نووسەری نەرویژی"ئیبسن"ە، (بە هەمان ناوەوە)، یان سیمایەکی دیۆنیسیوس ئاسا لە خۆ دەگرێت، بەڵام لە ڕوانگەی پرۆسەی بە شارستانیکردن، کارەکتەری ڤاوستێک ڕاستەوخۆ خۆی بە شەیتان دەفرۆشێ. نەک هەر ئەوانە، بەڵکو یۆستە بێرلینگ ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی کەسایەتی (دۆن ژوان)یشە. سێلمەلاگەرلێوف زۆر هونەرمەندانە توانیویەتی، هۆشیارانە ئەو ئاوێتەی بەشێکی گەورە لە ئەدەبی جیهانی بکات. یان بە واتایەکی تر(یۆستە بێرلینگ) دەبێتە ئاوێنەیەک و زۆر کارەکتەر و کەسایەتی تری ئەدەبی جیهانی تیا ڕەنگ ئەداتەوە. بەمەش ڕۆمانەکە و کەسایەتی یۆستە بێرلینگ مۆرک و شێوازێکی قووڵی مرۆڤایەتی و جیهانی لەخۆ دەگرێت.



نەک هەر ئەوە بەڵکو سێلمە لاگەرلیۆڤ توانیویەتی پاڵەوانێکی جیاوازی ڕۆمانسی بنەخشێنێت. پاڵەوانێک بە ڕوح و بە جەستە لەگەڵ خوا، سروشت و کۆمەڵگادا بە شەڕ دێت تا بوونی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە. هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی سوێدی، ئاماژەی ئەوەش دەکەن کە سێلمەلاگەرلێوف لە بنەماکانی نووسینی ئەم ڕۆمانەیدا کاریگەری هەندێ لە چیرۆکەکانی ئینجیل و سەدەکانی ناوەڕاستیشی بە سەرەوەیە.

لەم دەروازەیەوە پاڵەوانەکە، واتە یۆستە بێرلینگ بە پرۆسەیەکی وەرچەرخان و گەورەبووندا تێدەپەڕێت، گەورەبوون و گەڕان بە دوای خۆدا. ئەم بەردەوامییەش دەبێتە هاوکێشەیەکی گرنگی ئەو پرۆسێسە. لەو هاوکێشەیەدا کێشەکانی خێزان، بە تایبەتیش باوک و سنوورەکانی دەسەڵاتی باوکسالاری یەکالا دەبێتەوە. یۆستە بێرلینگ وەک منداڵێکی لاسار ڕەفتار دەکات، سەرگوزەشتەکەش گێڕانەوەیەکی وردی ئەو ڕێگا دووروودرێژەی ئەو منداڵە لاسارەیە بەرەو گەورەبوون و خۆناسین. (سوزانا مارکۆ) و ڕێژیسوری نەمایشەکە (لەیڤ ستینەربوم) پێکەوە و بە هاوکاری پیەسەکان لە ڕۆمانەکەوە بۆ شانۆ ئامادەکردووە. ئەم دووانە سەبارەت بەم کارە هاوبەشەیان دەڵێن: کۆمەڵگایەکی بێ دایکی، واتە کۆمەڵگایەکی پاتریالیست (پیاوسالاری) دەبێتە هۆی تێکچوونی تەرازووی نێوان سروشت و مرۆڤ، جەستە و گیان، پیاو و ژن، هەر لەم ڕووەشەوە ڕەفتار و چۆنیەتی ناو بەرپرسیارانەی کەڤەلێرەکانیش دەبێتە هوێ ئەوەی هەموو ناوچە بەرەو کارەسات و هەڵدێر بڕوات. بەڵام وزە و توانای سروشت بەهێزترە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری و ڕووبەڕووی ئەو ڕەفتارانە دەبێتەوە. هەردوو ئامادەکارانی ڕۆمانەکە توانیویانە زۆر سەرکەوتووانە هەموو هێڵە گرنگەکانی ڕۆمانەکە لە ئامادەکردنەکەدا چڕ بکەنەوە. ڕۆمانەکە خۆی لە چەندین چیرۆک پێکهاتووە، ئەم چیرۆکانەش پێکەوە دەبنە بونیادێکی گرنگی داڕشتنەوەی پیەسەکە. لەم ڕێگایەوە توانیویانە جیهانی سێلمە لاگەرلێوف بە شێوەیەکی تازە و هاوچەرخ سەر لەنوێ دابڕێژنەوە. نەمایشەکەش لە ڕوانگەی ئامادەکردنەکەوە ڕۆحێکی تازەی بەخشیبووە ڕۆمانەکە. نەمایشەکەش بنەمایەکی گرنگی بیرۆکەی شانۆیەکی سەراپاگیرە. هونەرمەند لەیڤ ستینەربوم لەو دیدەوە لە ماوەی زیاتر لە (٢٠سالدا) خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو سامانە گەورە بەجێماوەی سێلمە لاگەرلیۆڤە، هەر لەم دەروازەیەوە توانیویەتی زمانێکی تایبەتی شانۆیی بخوڵقێنێ. ئەوەی لەم فۆرمەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، تەکنیکی هونەری گێڕانەوە، وەک شێوازێکی گشتی و گرنگی نەمایشەکە. بەمەش دەرگایەکی گرنگ والا دەکات بە ڕووی

میتۆلۆژیایەکی جیاوازتردا. لەم دیدەوە یۆستە بێرلینگ پاڵەوانێکە بە هەموو مانایەک دژی مێژوو دەوەستێتەوە، تا بتوانێت لەو گەشتەدا خۆی بدۆزێتەوە. خانووبەرەی شانۆکە پانتاییەکی ئێجگار گەورەی لە تەختە دروستکراوە. ئەم سندووقە شانۆییە لە سەرەتای نەمایشەکەدا دەبێتە سمبولی کلێسایەکی کۆنی لە دار دروستکراو. ئەم خانووبەرە گەورەیە، وەک شانۆیەکی هاوینە، لە سێ نهۆم پێکهاتووە. لە گەڵ پانتاییەکی شانۆیی ئێجگار فراوان، نەخشەی شانۆکە زۆر نزیکە لە پێکهاتەکانی نەخشە و خانووبەرەی (شانۆی ئێلیزابێسیەوە). ئەمەش بوارێکی گونجاو و زەمینەیەکی لەباری خولقاندووە بۆ پراکتیزەکردنی دیمەنەکان و کاریگەریشیان بە سەر یەکتری و بە سەر بینەرانیشەوە هەیە. هەروەها ئەو شێوازەی شانۆکە دەروازەیەکی گونجاوی بۆ پێکداچوون و گۆڕانکاری دیمەن و تابلۆکان کردۆتەوە. ریژیسۆر سەما و مۆسیقاکەشی، وەک دوو توخمی گرنگی گێڕانەوە بەکارهێناوە. مۆسیقا وزەیەکی گەورەی دابووە ئەکتەرەکان، ئەو وزەیەش ئەکتەرەکانی کردبووە کۆمەڵێ دەروێشی حاڵ لێهاتوو. مۆسیقا هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگای ئامێرە میلییەکانەوە ڕیتواڵێکی گشتی بەخشیبووە ئاهەنگی نەمایشەکە، بەمەش بینەران لە سەرەتای نەمایشەکەوە ئامادەی ڕیتواڵێکی هونەری دەکەن.

مەسەلەی مردن و تەنهایی پانتاییەکی گەورە لە ڕۆمان و نەمایشەکەدا دەگرێتەوە. یۆستە بێرلینگ لە خودی ژیانەوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. بەرامبەر یۆستە بێرلینگیش کارەکتەری ئافرەتێکی بەهێز هاوتەریب هاوکێشەی ئەو پرۆسێسە پێکدەهێنێ. (مایۆشکان) ئەم ئافرەتە تەنهایە دەسەڵاتێکی گەورەی لە ناوچەکەدا هەیە. مێردەکەی مرۆڤێکی بێدەرەتان و بێهێزە، بەڵام پایەیەکی سەربازی گەورەی هەیە. مایۆشکان وەک ئافرەتێکی بەهێز بە سەر مێردەکەیەوە حوکمڕانێتی ناوچەکە دەکات. ئەم ئافرەتە لایەنگر و هاوڕێی یۆستە بێرلینگە. تەنهایی و چەمکی مەرگ ئەم دوو پاڵەوانە پێکەوە دەبەستێتەوە. مەرگیش بۆنێکی گەورە و لە بەر چاوی هەیە، ئامادەکردنی (مەرگ)یش یەکێکە لە دیمەنە وێنەییە جوانەکانی نەمایشەکە. یۆستە بێرلینگ هەموو ڕێسا جێگیرەکانی کۆمەڵگا دەشکێنێ، بەڵام ئەو ڕۆژەی خۆی دەدۆزێتەوە، هەر ئەو ڕۆژەش خۆی لەبیر دەچێتەوە. عەشق و ڕاوی ئافرەت یەکێکە لە خاڵە گرینگەکانی هەڵکشان و گەورەبوونی یۆستە بێرلینگ. لەو پرۆسەیەدا حەزی ئافرەت دەبێتە گەشتێکی بەچێژی ئەو پاڵەوانە، لە هەمان کاتدا ئەو گەشتە دەبێتە پێناسەیەکی خودی گەشەکردنی یۆستە بێرلینگ. هەموو عەشقێکی نوێ لە لای یۆستە بێرلینگ لە بەرگی جەژنێکی



دیۆنیسیوسیدا، بە سەما و مەی خواردنەوە لە دایک دەبێت. لە بەر ئەوە نەمایشەکە بەردەوام ڕیتمێکی جادووگەرانە لە خۆ دەگرێت.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانی ئەم نمایشە دەوڵەمەندەیە، ئەو فۆرمە ساکارە، یان داهێنانی جۆرە ساکارییەکی دەوڵەمەندە لە سترکتوری نەمایشەکەدا، ئەمەش لە ڕێگای نزیکییەکی تەواوەتییەوە لە خودی شانەکانی بەسەرهات و گێڕانەوەی ڕۆمانەکەوەیە. نەمایشەکە بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە لە نێوان کۆرس، دیمەنی بەکۆ، سەما و هەندێک جاریش مۆنۆلۆگدا دەکات. ئەکتەرەکان بۆ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی نێوان ئەو هەموو دیمەن و تابلۆ چڕانەدا گەلێ تەکنیکی هونەری گرنگ بەکاردەهێنن، لەوانە چۆنیەتی بەکار هێنانی جل و بەرگە. بەکارهێنانی جلوبەرگ یەکێک لە خاڵە زۆر گرنگ و سەرکەوتووەکانی ئەم نەمایشەیە.

جل و بەرگ توانیویەتی شێوازێکی تایبەتی لە نێوان بۆچوونێکی تازە و شێوازە میللییەکاندا بخولقێنێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو جلوبەرگی ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی وەها ئامادەکرابوو، کە بەهایەکی درامی و کۆریۆگرافی لە خۆ بگرێت. ئەکتەرەکان لە کاتی پێویستدا، بۆ نموونە دیوی دەرەوەی جلەکانیان، کراسەکانیان بەرز دەکەنەوە و بە شێوەیەکی کەوانەیی، چارۆکە ئاسا هەندێ جار ئافرەتەکان بە سەر شانیانەوە، هەندێ جاریش بە کەمەریانەوە قایمی دەکەن، پیاوەکانیش بە سەر شانیانەوە. بەمەش بۆ نموونە ئەکتەرەکانی لە دیمەنە گشتییەکاندا جیادەکردەوە، تا وەک کارەکتەرێکی دیاریکراو وەدەربکەوێت، یان بەو شێوەیە بۆ ئاسانکردنی هەندێ لە دیمەنە سەماییەکان و زۆر باری دەربڕین ئاسای تر.

پەراوێز:

(١)کیڤی هێلم دەڵێت: پێویستە ئەکتەر نەستی خۆی وریا بکاتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆیدا لەگەڵ پیەسە شانۆییەکاندا، گەرنا پیشەی ئەکتەر بە تەواوەتی لە هونەری ریژیدا ون دەبێ و دەتوێتەوە . ئەکتەر پێویستە مەودایەکی فراوان بۆ خودی خۆی وەک ئەکتەر وەربگرێت.

(٢)هونەرمەند (کیڤی هێلم) دوای حەوت ساڵ تێپەڕبوون بە سەر شانۆنامەی شالیر و لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا و لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بە نەخۆشی شێرپەنجە لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کرد.

(٣)ئەم پرۆژەیە لە کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆوە دەستی پێ کرد تا کاتژمێری نۆو نیوی شەو لەگەڵ دوو پشوو لە نێوانیاندا.

(٤) سانسکریتی زمانێکی هیندۆیسمە و دادەنرێت بە ناسراوترین و دێرینترین زمانەکانی هیند و

ئەورووپی. شانۆی سانسکریتی بە شێوەیەکی گشتی لە سەر توخمەکانی شیعر، مۆسیقا و سەما بونیاد دەنرێت. درامای سانسکریتی بە یەکەی کات و شوێن ناگۆڕدرێت، بەڵکو ئەکتەر دەتوانێت بە تەنها وشەیەک شوێن و کات بگۆڕێت. شیعر لە پێودانگە درامییەکاندا بەهای هونەری زۆر زیاترە لە هەر یەک لە ڕووداو و چیرۆکەکە.کەواتە شانۆییەکی سانسکریتی بە شێوەیەکی گشتی بارودوخ و ڕیتواڵ و گیانێکی شیعری بە خۆوە دەگرێت. شیعر گەورەترین کاریگەری بە سەر هونەری نواندنەوە هەیە. بە تایبەت لە ڕووی هەڵوێستە و جووڵانەوە و ئاماژەوە، چونکە شیعر دەبێتە هۆی هێدی بوونەوەی ڕووداوەکان. بەمەش ئەکتەر ناچار دەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام جێی سەرنجی بینەران بێت تا بگاتە ئاستێکی باڵا لە وریایی و نەرمی لە ماسوولکە و دەربڕینی ناوەکی و دەموچاو و هەموو توانا هونەرییەکانی تری بخاتە کار لە کاتی نواندندا. هەموو بەرەوپێشچوون و ڕووداوێک لە درامای سانسکریتیدا ناگاتە هیچ ئاکامێک گەر ئەم پێنج توخمە(سەرەتا، هەوڵدان، باوەڕ و سەرکەوتن) یەک نەگرن. ئەمەش یەکەیەکی گرنگ و گەشبینە، چونکە هیچ جۆرە ڕەشبینییەک لە شانۆی هێندیدا بەدی ناکرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هێز و ئیرادەی خواوەندەکان لەو ڕووبەرە پڕ لە ئەفسوون و نهێنییەدا کە بە ڕۆژهەلات ناسراوە. ئیرادەی ئەو خواوەندانەش هەمیشە ئیرادەی خێر بووە. بڕوانە (ئەفسانەی ئافرەتێکی شەیتان) لەم باسەدا.

(٥) کریشنە یەکێکە لە ناسراوترین و خۆشەویستترین خواوەندەکان. لە زۆربەی میتۆلۆژیا و داستانەکاندا وەک پاڵەوان، جەنگاوەر، عاشق و پادشا وەدیار کەوتووە.

(٦) لە سەردانێکی تایبەتی خۆمدا بۆ وڵاتی چین و لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە نزیکەوە لە هونەری ئۆپێرای پەکین (بینگیو) ورد بوومەتەوە و لە بنەما هونەری و فیکرییەکانیم کۆڵیوەتەوە.

(٧) ئەم بەسەرهات و ئەفسانە گەورەیە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سوێدی و لە ساڵی ١٩٩٥دا و لە پێنج بەرگی گەورە و قەشەنگدا بلاوکراوەتەوە.

(٨)جێگەی داخە لە سەرەتای ساڵەکانی دوو هەزارەوە، ئەم شانۆ گرنگە، بە هۆی باری ئابووری و هەندێ گرفتی تری کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە بە تەواوەتی دەرگەکانی دادەخرێت.

(٩) شانۆنامەی (مردنی دێوەرەیەک) بۆ یەکەم جار ڕیژیسۆری بەناوبانگی ئەمریکایی ئێلیا کازان Elia Kazan بۆ شانۆی دەرهێناوە. هەروەها ئارسەر میللەر خۆی لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە پەکین و لە ساڵی ١٩٩٢دا لە ستۆکهۆڵم، مردنی دێوەرەیەکی بۆ شانۆ دەرهێناوە.

(١٠) ئەم نووسینە لە ساڵی ١٩٩٦ دا نووسراوە، ئەم دەمە ئارسەر میللەر لە ژیاندا بوو، بەڵام لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا ئارسەر میللەر لە ژیاندا نەماوە. ئەم نووسەرە گەورەیە لە ١٠ شوباتی ساڵی ٢٠٠٥دا کۆچی دوایی کردووە.

(١١)شانۆنامەی (مردنی دێوەرەیەک)ل٨، وەرگێڕانی ئازاد حەمەد شەریف.

(١٢) ناوی گرووپەکەشیان (تریبوناڵن) مانای دادگا دەگەیەنێ. بۆ نموونە دادگا نێونەتەوەییە گەورەکەی شاری هاگ لە هۆڵەندا.



(١٣)ئەسخیلیۆس دادەنرێت بە خولقێنەری تراژیدیای گرێکی. یەکەم پیەسە شانۆییەکانی نووسیوە و هەر خۆشی نەمایشەکانی ئامادەکردووە و بەرهەمی هێناون. ئەسخیلیۆس لە ساڵی ٥٢٥پ.ز دا و لە شارۆچکەی Eleusis لە دایک بووە. ئەم نووسەرە گەورەیە لە نەژاددا گرێکی نەبووە، بەڵام هەموو توانای خۆی بەخشیوە بەم وڵاتە و لە ساڵی ٤٥٦ی پ.ز دا لە سیسیلیا کۆچی دوایی کردووە.

(١٤) ئەو شانۆنامانەی ئەسخیلیۆس کە بە دەستمان گەیشتووە بریتییە لە ئۆرێستێن (سێ بەش)، فارسەکان، حەوت دژی تێبێ، ئەوانەی بە دوای بەرگریدا دەگەڕێن، ماڵی پرۆمێت و بەستراوەکە.

(١٥) ئەسخیلیۆس خۆی بەشداری لەو جەنگانەدا کردووە و لە نزیکەوە ئاگای لە هێرش و تێکشکانی سوپای فارسەکان بووە.

(١٦) هەر چەندە شەکسپیر سوودێکی زۆری لەم سێیینە تراژیدییە خوێناوییە وەرگرتووە، بەڵام لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕانی بواری دراما و شانۆی گرێکی زیاتر دووپاتی لێکچوونێکی گەورە لە نێوان هەردوو کارەکتەری ئۆرێستێس و کارەکتەری هاملێتدا دەکەن.

(١٧) لە ساڵی ١٩٦٥ دا هونەرمەند (ژان ـ لویس بارۆ) شانۆنامەی ڕۆژێکی بەختیار لە شێوازێکی بەرزدا پێشکەش دەکات و هەر خۆشی ڕۆڵی (ویلی) دەبینێ. پیتەر بروکیش لە ساڵی ١٩٩٥دا ڕۆژێکی بەختیار لە پاریس پێشکەش دەکات. پیتەر بروک هەمیشە گەڕاوەتەوە سەر سامۆێل بێکێت و سوودی لە دراماتۆرگی و ستركتوری شانۆییەکانی وەرگرتووە. سمبولەکانی بێکێت بۆ پیتەر بروک کردنەوەی جیهانی شەکسپیر و چارەسەرە هونەرییەکانییەتی.

(١٨) زۆربەی ڕەخنەگرەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بێکێت لەم شانۆنامەیەدا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی فیلمی(سەگە ئەندەلوسییەکە) ی (سەلڤادۆر دالی) بە سەرەوەیە. ئەمەش بۆچوونێکی دوور نییە، بێکێت ئارەزوومەندێکی گەورەی هونەری سینەما بووە و بۆ ماوەیەکیش بیری لەوە کردۆتەوە کە لە بواری سینەمادا کاربکات و خولیای ئەوەی هەبووە کە ببێتە ڕیژیسۆری سینەمایی.

(١٩) شانۆی ڤێستانۆ Vastana teater: ئەم گروپە لە ئامێزی شانۆیەکی منداڵانەوە گەشە دەکات کە لە ١٩٧٢ دا لە شاری کارڵستاد دامەزرێنراوە. لە ساڵی ١٩٧٩ەوە دەگوێزنەوە بۆ هەرێمی ڤێرملاند لە دەرەوەی ناوچەی ڕانسێتەر Ransater. لە ساڵی ١٩٨٥ دا گروپەکە ناوی شانۆکەیان دەگۆڕن بە شانۆی ڤێستانۆ لە ساڵی١٩٩٠ەوە هونەرمەند لەیڤ ستینەربوم دەبێتە ڕیژیسۆر و بەرپرسیاری یەکەمی گروپەکە. ئەم ڕیژیسۆرە لە ڕوانگەی پرۆسەیەکی درێژی کارکردنەوە شێوازێکی تایبەتمەند بە گرۆکە و هونەری شانۆ بەرەو پێشەوە دەبات. توخمە سەرەکییەکانی ئەو تەکنیک و شێوازە تایبەتییەش مۆسیقا و کولتووری میللییە. لە ساڵی ١٩٩٩ەوە ئەم گرۆیە شانۆیەکی هاوینەی تایبەت بە خۆیان (شانۆی گێڕانەوە) لە ناوچەی ڕۆتنێرۆس، لە ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی سونە دەکەنەوە. هەروەها لە شەش مانگی یەکەمی زستاندا ئەم گرۆیە بە چەندین جۆری جیاوازی نەمایشە شانۆییەکانیان گەشتی هونەری دەکەن بە ناوچە و شار و شارۆچکەکانی هەموو وڵاتی سوێددا.

(٢٠) سێلمە لاگەرلێوف ١٨٥٨- ١٩٤٠ یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی سوێد، لە شارۆچکەی

(مۆرباکە) کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی (سونە) لە هەرێمی فێرملاند لە دایک بووە. لە ساڵی ١٨٨٩دا، لە دوای مردنی باوکییەوە، کە کابرایەکی هەمیشە سەرخۆش بووە، ناچار دەبن ماڵ و حاڵ و ڕەز و زارەکانیان بفرۆشن، تا لە ژێر باری قەرزەکانی باوکی بێنە دەرەوە. سێلمە لاگەرلێوف ئامۆژگاری مامۆستایان لە شاری ستۆکهۆڵم تەواو دەکات و لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٥-١٨٩٥ دا وەک مامۆستا کاری کردووە. سێلمە لاگەرلیۆڤ بە شەلی لە دایک دەبێت، ئەمەش کاریگەرییەکی دەروونی گەورەی تێ دەکات و بەو هۆیەوە زۆر گۆشەگیر بووە. ئەو بارە نالەبارە دەروونی و هەست بەکەم کردنە پاڵ بە سێلمە لاگەرلیۆڤەوە دەنێت ئاڵوودەی نووسین و خوێندنەوە بێت. لە ساڵی ١٨٩١دا کە ڕۆمانی (سەرگوزەشتەی یۆستە بێۆلینگ) دەنووسێت. وەک نووسەرێکی گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە ساڵی ١٩٠١دا سێلمە لاگەرلێوف گەشتێک دەکات بۆ فەلەستین، کە دەگەڕێتەوە و لە نێوان ساڵانی ١٩٠١-١٩٠٢ دا هەردوو بەشی ڕۆمانی (یورشەلیم) بڵاودەکاتەوە.
لە نێوان ساڵانی ١٩٠٦-١٩٠٧ دا ڕۆمانە بەنێوبانگەکەی (گەشتە قەشەنگەکەی نیلس هۆلگێرسۆن بە ناو سوێددا) بڵاودەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٠٧دا بڕوانامەیەکی دکتۆرای فەخری لە فەلسەفە و لە ساڵی ١٩٠٩شدا پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت، سێلمە لاگەرلیۆڤ بە هۆی دارایی و دەسکەوتی ئەو پاداشتە ئەدەبییە گەورەیەوە دەتوانێت سەرلەنوێ ماڵ و ڕەز و باخاتەکەیان لە ناوچەی مۆرباکە بکڕێتەوە. لە ساڵی ١٩١٤دا دەبێتە ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی. سێلمە لاگەرلێوف یەکەم ئافرەتی سوێدییە کە پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت، هەروەها یەکەم ئافرەتیشە کە دەبێتە ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی.

(٢١) ڕۆمانی (سەرگوزەشتەی یۆستە بێرلینگ) تا ئێستا بۆ چەندین جار بۆ شانۆ، ئۆپێرا، فیلم و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی ئامادە و پێشکەشکراوە.

(٢٢) کەڤەلێر Kavaljer: ئەم وشەیە چەمکێکی کۆن و بەربڵاوی سەدەکانی ناوەڕاستە. زاراوەکە بە چەندین شێوە و شێوازی جیاواز و لە لای زۆر لە نووسەرە گەورەکانی جیهان و شاکارە ئەدەبییەکاندا بەکارهاتووە. چەمکی وشەکەش بە کۆمەڵێ پیاوی ئەسپ سواری بە توانا دەوترێت. چیرۆکی ئەم ئەسپ سوارانە ئاماژەی ئەوە دەکات کە چ دەستێکی باڵایان لە جەنگ و ئاشتی، ئافرەت و ئیرۆتیکدا هەبووە. خودی وشەکەش لەلای سوێدییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٧٠٠ەکان، بە تایبەتیش سوارچاکەکانی کۆشکی شاهانە. کەڤەلێرەکانی ڕۆمانی (سەرگوزەشتەی یۆستە بێرلینگ)یش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گۆستاڤی سێیەم.

# بەشی شەشەم

سەما لە سوێد

مێژووی سەما لە سوێد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی بیست و سییەکانی هەزارەی ڕابردوو، بەڵام لە شەست و حەفتاکاندا هونەری سەمای سوێدی زیاتر پەرە دەستێنێ. لە شەستەکاندا هونەرمەندی سەمازان خاتوو (بیرگیت کولباری) سەمای سوێدی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و نێونەتەوەیی. هەر ئەم خاتوونە لە ساڵی ١٩٦٧دا کۆمپانیای (کولباری بالێتن) دادەمەزرێنێ و دواتریش کوڕەکەی (ماتس ئێک) ئەم کۆمپانیایە و هونەری سەمای سوێدیش دەگەیەنێتە ئاستێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بەرز.

ئێستە لە سوێد و بە تایبەتی لە شاری ستۆکهۆڵم دوو لایەنی گرنگی سەما هەیە، یەکەمیان (ماڵی سەما) و دووەمیشیان گرۆی (سەمای شانۆی مۆدێرن). ئەم دوو دامەزراوەش گرنگییەکی گەورە دەبەخشنە هونەری سەما لە هەموو وڵاتی سوێددا و ساڵانە هەزارەها بینەرانیان لە دەور کۆدەبێتەوە.

## ماڵی سەما

ماڵی سەما لە ساڵی ١٩٩١وە دامەزراوە و دادەنرێت بە گەورەترین شانۆی سەما لە باکووری ئەورووپادا. ئەم خانووبەرە گەورەیە دوو شانۆ لە خۆ دەگرێت: شانۆیەکی گەورە و یەکێکی بچووک. شانۆ گەورەکە کۆمپانیا و دوو و گرۆ میوانە جیهانی و کۆریۆگراڤە



گەورەکان بەرهەمەکانییانی تیا پێشکەش دەکەن. ئەم شانۆیە هەشت سەد و دوو کورسی دانیشتن لە خۆ دەگرێت. شانۆ بچووکەکە: لەم شانۆیەشدا، پانتاییەکی کراوەیە بۆهەوڵە ئەزموونگەرییەکان و کۆریۆگراڤ و سەمازانی تازە پێگەیشتوو. ئەم شانۆیە سەد و چل کورسی دانیشتن لە خۆدەگرێت. ماڵی سەما گەرەکییەتی ڕەوتی هونەری سەمای سوێدی بەرەو پێشەوە بەرێت. بۆ ئەم مەبەستە سەما دەکەنە تەرازوویەکی گرنگی بەراوردکاری و ئاڵوگۆڕی هونەری لە نێوان سوێد لە لایەک، وڵاتانی باکووری ئەوروپا، ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەمەریکا، ژاپۆن و هەموو هونەرمەندە گەورەکانی تری سەما لە هەموو جیهاندا، لە لایەکی ترەوە. هەروەها ماڵی سەما کار بۆ ئەوەش دەکات کە هونەری سەما وەک زمانێکی مۆدێرنی جیهانی و چاوگەیەکی بەبەهای زانیاری و فێربوون بەکاربهێنرێت. هەر لەم ڕووەوە لە هەوڵی ئەوەدان کە هونەری سەما بکرێتە بەشێکی جیاکراوەی کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. ساڵانە لە هەموو سووچێکی دنیاوە کۆمپانیا و گرۆی سەمای جیهانی، لە پاڵ کۆمپانیا و گرۆی سەمای جیهانی، لە پاڵ کۆمپانیا و گرۆ سوێدییەکاندا، بەرهەمەکانیان لە سەر شانۆکانی ماڵی سەما پێشکەش دەکەن.

## سەمای شانۆی مۆدێرن

گرۆی (سەمای شانۆی مۆدێرن) لە ساڵی ١٩٨٦وە دامەزراوە. بەشێکی زۆری سەماسازان و کۆریۆگراڤە سویدییەکان لەم شانۆیەوە سەرەتاکانیان دەست پێ کردووە.

ئەم شانۆیە بە پێچەوانەی ماڵی سەماوە، مەیدانێکی ڕاستەوخۆ و بە بەهای نمایشی ئەزموونگەری و پرۆژەی جیاواز و تازەیە لە بواری سەمای سوێدیدا. زۆر جار هونەرمەندی مۆسیقی، سەماسازان، ئەکتەر و کۆریۆگراڤ پێکەوە پرۆژەی جیاوازی پیرفۆرمیان پێشکەش کردووە. هەروەها لە پاڵ هەوڵە سوێدییەکاندا، هەمیشە میوانداری کۆمپانیا و گرۆی سەمای جیهانیشیان کردووە.

ئەم گرۆیە یەکەم تیپی سەربەستە لە هەموو باکوری ئەوروپادا و ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە لە بەرەو پێشەوەچوونی هونەری سەمای سوێدیدا. لەم بەشەشدا هەوڵ ئەدەین چەند نموونەیەک لە پرۆژە و بەرهەمەکانی ئەم دوو کۆمپانیا گرنگەی سەمای سوێدی بهێنینەوە.

## شڵپە لە نێوان شەپۆلی دەریا و جەستەی مرۆڤدا

سەمای : شڵپە Brus

کۆریۆگراڤیای: یوهان ئێنگەر Johan Inger

گرۆی: کولباری بالێتن Cullbergbaletten

لە ماڵی سەما Dansens Hus

### سەرەتا

کۆمپانیای (کولباری بالێتن) یەکێکە لە گرنگترین گرۆکانی سەمای سوێدیی و دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین کۆمپانیاکانی سەمای جیهانیش. ساڵانە پرۆژەکانیان، جگە لە سوێد، لە زۆربەی وڵاتی جیهان پێشکەش دەکرێت. ئاستەکانی هونەری سەما و کۆریۆگرافی ئەم گرۆیە لە ترۆپکەدایە، پێناس و کارەکتەری تایبەتی خۆی هەیە و بە ئاسانی جیا دەکرێتەوە لە هەر سەمایەکی تر لە جیهاندا نەمایش بکرێت. ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٦٧دا لە ستۆکهۆڵم دامەزراوە و تا ئێستا لە زیاتر لە چل وڵاتی جیاوازی جیهاندا تابلۆ ڕازاوەکانیان پێشکەش کردووە. سوێدییەکان ئەم گرۆیە دادەنێن بە باڵیۆزێکی کولتووری سوێدیی و دەنگێکی گرنگ لە جیهاندا. گەشتەکانی ئەم کۆمپانیا سەمازانە تەنها لە شاری ستۆکهۆڵم و دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتەدا سەقامگیر نابێت. بەڵکو وەک پرۆژە و گرۆیەکی نەتەوەییش، بەرهەمە هونەرییەکانیان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی وڵاتی سوێددا پێشکەش دەکەن. ئەم کۆمپانیایە بیست سەمازانی لە چەندین وڵاتی جیاوازەوە لە خۆ کۆکردۆتەوە. لە پاڵ سەمازانە سوێدییەکاندا سەمازانی ئینگلیزی، ئیسرائیلی، نەرویژی ، ژاپۆنی و هۆڵەندی لە خۆ دەگرێت. یەکێک لە بەڕێوەبەرە هونەرییە گرنگەکانی ئەم کۆمپانیایە هونەرمەند (ماتس ئێک)Mats Ek بوو. ئەم هونەرمەندە کوڕی گەورەی دامەزرێنەری کۆمپانیاکە خاتوو (بیرگیت کولباری) Birgit Cullberg یەو لە ساڵی ١٩٤٥ لە ستۆکهۆڵم لەدایک بووە. ماتس ئێک لە سەرەتادا وەک ریژیسۆر هاتۆتە بوارە هونەرییەکەوە.لە ساڵی ١٩٧٣دا وەک سەماسازان دەبێتە ئەندامی کۆمپانیاکەی دایکی، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٦ دا وەک کۆریۆگراڤێکی بەتوانا دەکەوێتە کارکردن. لە نێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٩٣ دا دەبێتە بەرپرسیار و بەڕێوەبەری هونەری ئەم کۆمپانیایە و خێرا ناوبانگێکی جیهانی بۆ خۆی و کۆمپانیاکە بەدەست



دەهێنێ. ئەم هونەرمەندە نەفەسێکی قووڵی شانۆیی سیمای بەرهەمەکانی دەگرێتەوە و زۆر جار دەگەڕێتەوە سەر پیەسە کلاسیکییەکانی شانۆی جیهانی، لەوانە: ئۆپێرای کارمن، شانۆنامەی یەهودی ماڵتە، دکتۆر ڤاوست، ژان دارک، ئەندرۆماک، ماڵی بێرناردا، ئەمە جگە لەوەی ئەفسانە و داستانە کۆنەکانی سوێد و وڵاتانی تری دنیا دەکاتە بنەمایەکی دەوڵەمەند بۆ بەسەماکردنی پرۆژەکانی. لە ساڵی ١٩٩٣وە ماتس ئێک بە تەواوەتی دەستی لەم کۆمپانیا گرنگەی سەما کێشاوەتەوە و ئێستا وەک هونەرمەندێکی جیهانی پرۆژە ڕەنگینەکانی بۆ گرنگترین گرووپ و کۆمپانیاکانی جیهان ئامادە دەکات. هەروەها ساڵانە پرۆژەیەکی شانۆی سەمائامێزیش بۆ شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکات[1]، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٣وە هونەرمەند (یۆهان ئینگەر) لە بری ماتس ئێک بۆتە بەرپرسیار و بەڕێوەبەری هونەری ئەم کۆمپانیا سەمائامێزە.

### تەکنیکی سەما لەم کۆمپانیایەدا

لە ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵدا، بە بەردەوامی ئاگاداری بەرهەمە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم کۆمپانیایە بووم. تێڕوانینێکی گشتی و زانیارییەکی باشم سەبارەت بە تەکنیک و شێوازەکانی کار و پرۆژەکانیان کۆکردۆتەوە. هەر لەم ڕووەوە دەتوانم بڵێم کە هونەری سەما لە لای (کولباری بالێتن) جگە لە فۆڕمێکی دەوڵەمەندی دەربڕین، فەلسەفە و پەیامێکی گرنگیشی هەیە. سەما شێوەیەکە لە شێوەکانی گێڕانەوەی چیرۆکێک. بەڵام بە زمانی جەستە. لەم بوارەوە تەکنیک و هەستی مرۆڤایەتی لە هاوکێشەیەکی یەکگرتوودا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چڕ لەگەڵ بینەراندا دروست دەکات. لەم لایەنەشەوە سەمازانەکانی ئەم کۆمپانیایە ناسراون بە دەستەبەرکردنێکی باڵای تەکنیکی سەما، هەروەها ڕۆچوونە خوارەوە و بەرجەستەکردنێکی قووڵی دروستکردنی کارەکتەری هونەری. ئەم کارەکتەرانەش لە نێوەندی پرۆسە سەماییەکاندا مەودایەکی دەوڵەمەندی سایکۆلۆژی لە خۆگرتووە. ئەم مەسەلەش هەر دوو بوارەکەی سەما لەلای ئەم کۆمپانیایە دەگرێتەوە. یەکەم: کۆریۆگرافیا فۆڕمێکی گێڕانەوە لەخۆدەگرێت، بە تایبەتی ئەو نەمایشە سەمایانەی کە پشت بە داستان و ئەفسانە کۆنە سوێدی و جیهانییەکان دەبەستێ. دووەم ئەو سەمایانە کە زیاتر فۆڕم و شێوازە ئەپستراکەکان دەستەباڵان تیایدا. جووڵانەوەی جەستەش لە نێوان ئەم دوو بوارەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵێکی گەورە و پانتاییەکی قووڵ دەبەخشێتە ستركتوری سەماکان. زۆرجار تابلۆکان لە نێوان ئەم دوو بوارەدا لە

کۆمەڵێ جووڵانەوەی خێرا ئێستاتیکیدا کۆ دەبێتەوە. خودی بەسەرهاتەکەش دەبێتە پاڵپشتێکی گرنگ بۆ سەمازانەکان، تا وەک هێزێکی ناوەکی زەمینە فکرییەکە بخولقێنێ .جووڵانەوە ئەبستراکییەکانیش لەم نێوەندەدا دەبێتە فۆرمێکی ئێستاتیکی و تەواوکەری دیدی کۆریۆگراڤیاکە. ئەمە جگە لەوەی ئەو فۆرمە ئێستاتیکییە توانای دروستکردنی حاڵەتێکی پڕ لە هەست و سۆزی هەیە کە پاڵ بە سەمازانەکانەوە دەنێت بەردەوام لەو چرکەساتانەدا ببنە ئەفرێنەری جووڵانەوەکان و بونیاتنانی ئەو جووڵانەوانەش لە یەکەی سەماکەدا.

## یوهان ئینگەر

یوهان ئینگەر لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٣ەوە بە تەواوەتی بۆتە بەرپرسیاری هونەری ئەم کۆمپانیایە و یەکێک لە ئامانجەکانیشی نوێکردنەوە و بەرەوپێشەوەبردنێکی جیاوازی ئەم گرۆیەیە لە سەر ئاستی سوێد و جیهان.

ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە سەمازانێکی ئەم کۆمپانیایەیە و ناوێکی دیاریشە لە بواری سەمای هاوچەرخ و هونەری سەما و بالیەدا. سەرەتای هەوڵەکانیشی لە خودی سەماوە دەست پێ دەکات. یۆهان ئینگەر لە سوێد و لە بەشێک لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا، وەک سەمازانێکی بەتوانا ئاماژەی بۆ دەکرێت و خاوەنیڕ ڕابردوویەکی دێرین و جۆرواجۆری سەمایە. بۆ نموونە یوهان ئینگەر ماوەیەکی درێژ لە ژێردەستی هونەرمەندێکی بە سەلیقەی وەک (یری شیلیەن) دا لە گرۆی سەمای شانۆیی هۆڵەندی لە (هاگ) کاری کردووە. ئەمەش زەمینەیەکی تری جۆرواجۆر و گۆڕینەوەی بیروڕا و کاریگەری کولتووری جیاوازی بۆ خولقاندووە.


ئەم هونەرمەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە تەواوەتی لە سەماکردن دوورکەوتۆتەوە و لە بری ئەوە، بە هەمان وزە و تواناوە خەریکی کاری کۆریۆگراڤی و خولقاندنی پرۆژەی سەمایە. پرۆژەکانی یۆهان ئینگەر نەفەسێکی شانۆیی و هەستێکی قووڵی سایکۆلۆژی و تەکنیکێکی نوێی سەما لەخۆدەگرێت. یەکێک لە سیما گرنگەکانی پرۆژە سەمائامێزەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کە توانیویەتی کۆریۆگراڤیایەکی خێرا و ئاسان بکاتە سترکتوری جووڵانەوە و هەڵوێستە دراماتۆرگییەکانی سەماکە. هەر لەم دەروازەیەشەوە دەکرێت ئاماژەی یەکێک لە میتۆدە گرنگەکانی یوهان ئینگەر لەگەڵ سەمازانەکانی بدەین. ئەم هونەرمەندە ڕاستەوخۆ یارمەتی سەمازانەکانی ئەدات بۆ لەیەکتر نزیکبوونەوە،



سنگفراوانی و هاندانێکی بەردەوام. لەم پرۆسەیەدا خولقاندن و بەرهەمهێنانی جووڵانەوەیەکی بەردەوام و دروستکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕاگوزاری سەمایەکی زیاتر جەستەئامێز. هەروەها شانەکانی هونەری کۆریۆگراڤی لە لای (یوهان ئینگەر) هەست و سۆزێکی بەهێزە. ئەم هەست و سۆزەش لە کومەڵێ جووڵانەوەی شەپۆل ئاسای چڕی ئەبستراکدا بەرجەستە دەبێت و فۆرمی جیاواز لە خۆ دەگرێت.

## شلَپە و پرۆسەیەکی نوێی سەما

(پنێومە) و(لە ئێستەدا) دوو پارچە سەمای نوێی هونەرمەند یوهان ئینگەرە و هەردوو پارچەکەش لە ژێرناوی (شلَپە)دا کۆدەبێتەوە. ئەم بەرهەمانەش لە سەرەتادا و ساڵی پار یوهان ئینگەر بۆ تیپی شانۆی سەمائامێزی هۆڵەندی Nederlands Dans Theater بەرهەم هێناوە. نەمایشەکە لە هۆڵەند پێشوازییەکی گەورەی لێ دەکرێت. ئێستە دوای ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر ئەو پرۆژەیەدا، یوهان ئینگەر سەرلەنوێ هەمان نەمایش بۆ کۆمپانیای کولباری بالێتن و لەگەڵ کۆمەڵێ سەمازانی تردا بەرهەم دەهێنێتەوە. پرۆژەکە دووەم تەقەلای ئەم هونەرمەندەیە لەگەڵ کۆمپانیای کولباری و هەنگاوێکی نوێشە بۆ نوێکردنەوە و بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی هونەری سەما لە سوێد.



دیمەنێک لە سەمای (شلّپە)
مالّی سەما



## پنێومە:

ڕۆح چەمکێکی شاراوە و نادیارە و زاراوەیەکی هەمیشە ئامادەی بوون و ژیانیشە. ڕۆح ئەمجارە دەبێتە حالّەتێکی بینراو و جوولاّنەوەیەکی بەردەوامدا گەمەی بوون و نەبوون دەکات."پینۆمە" دوا بەرهەمی (یوهان ئینگەر)ە وشەکەش Pneuma وشەیەکی کۆنی گرێکییە و مانای "ڕۆح" دەگەیەنێ. سەمای پنێومە هەولّدانێکە بۆ نزیکبوونەوە و ڕۆچوونە ناو ماناکانی ڕۆح و ئەو حالّەتەی تەنهاییانەی کە لای مرۆڤ هەیە. خودی تەنهایی خۆی و ئەو کاردانەوانەی کە هەمانە لەگەلّیدا. لەم هاوکێشەیەدا مەرگیش مەسەلەیەکی سەرەکی و ئامادە و گرنگە. سەماکە لە دەوری تەوەرەکانی مەرگ و مەرجەکانی ژیاندا دەسووڕێتەوە و دوو پیاو و چوار ئافرەت سەمای ئەو ڕۆحە دەکەن. سەماکە باسی یاد و پەژارەی کۆچی کەسێکی نزیک دەکات. هەروەها چەمکەکانی (کات) لە ماناکانی مەرگ و گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییان بە سەر کەسی دووەم و دەوروبەرەکەوە. ئەم مەسەلەش خالّێکی گرنگی خۆلّقاندنی ئەم کۆریۆگرافیایەیە و بۆتە ناوەندێکی بالاّی ئەفراندن و بەرەوپێشەوەچوونی سەماکە. لە پنێومەدا جوولاّنەوەکانی جەستە جیهانێکی بێ سنوور دروست دەکات و هەندێ جار پانتاییەکانی سەماکەش تەسک دەکاتەوە. گەمە لەگەلّ کۆدەکانی ژیان و مەرگدا دەکەن. پیاو و ژنێک وەک دوو لێبوک لە دەستێک جلوبەرگی ڕەش و سپیدا دەجوولّێنەوە. ئەم دوو سەمازانە، لە دیدێکی سوریالیزمەوە دەبنە سمبولّی ڕووداو و حالّەتەکانی ڕابردوو، لە هەمان کاتدا دەبنە خاوەنی میراتییەکی بەجێماو. بە بنمیچەکەشەوە چرایەکی شێوە ئەندازەیی هەلّواسراوە، چراکە لەو فۆرمەدا دەبێتە ئامرازێکی گرنگی دەربڕینی ڕۆحێکی فڕیو و سێبەرێکی هەمیشە زیندوو. پیاو و ژنە لێبوک ئاساکە لە پانتاییەکی فراوانی شانۆکەدا دەجوولّێنەوە. لەولاشەوە و لە پانتاییەکی تەسک و دیاریکراودا کۆمەلّێ سەمازانی ژن و پیاو و لە جلوبەرگێکی پڕتەقالیدا، وەک هوروژمێکی بەهێزی ئاو لە پێکداچوونێکی چڕ و خێرادان. نەمایشەکە هەولّێکی ڕاستەوخۆی وروژاندنی بیرەوەرییەکانە، سمبولّی ئێستە و ئایندە خانەیەکی گرنگی جوولّەکانی جەستە و هەستی دەربڕینی دەموچاوە. تەختەی شانۆکە دابەش کراوە بە سەر دوو بوار و دوو ڕووبەر و دوو دنیای جیاوازدا: ڕووبەرێکی فراوان لە لایەک و پانتاییەکی تەسک و دیاریکراویش لەلایەکی ترەوە. کۆمەلّێ خەلّکی زۆر لە پانتاییە تەسکەکە و تەنها دوو کەس لە پانتاییە فراوانەکەدا بەرجەستەی ئەو دوو گەردوونە

دەکەن. ئەم دوو جیهانەش حالەتێکی ڕەها و بارێکی وەستاو و جێگیری ئەو گەردوونە پێکداچووە نییە. بەڵکو لە چاوترووکاندنێکی کوتوپڕدا گۆڕانکارییەکی خێرا ئەو دوو گەردوونە پێکەوە دەبەستێتەوە. مەرزەکانی سەما، هێڵە وەهمییەکانی جەستە و هەنگاوەکانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ دەبەزێنێ و هەردوو پانتاییەکەش (تەسکە/فراوان) دەبێتە یەکەیەکی فراوان و یەکگرتوو.هەر چاوترووکاندنێکی تری کوتوپڕدا، ئەو پانتاییە فراوانە سەرلەنوێ دابەش دەبێتەوە. ئەمجارەیان هەموو شتەکان پێچەوانە دەبنەوە. دوو سەمازانەکە (ژن/ پیاو) دەکەونە خانە تەسکەکەوە، گرۆ سەمازانەکانی تریش فڕێدەدرێنە خانە فراوانەکەی گەردوون و ژیانەوە.

گەمەی مەرگ و ژیان دەبێتە کۆمەڵێ جوولانەوەی جەستە و سەمایەکی دەربڕ لە ژیان بە هەموو ماناکانییەوە، مەرگیش بە هەموو پەژارە و مەترسیەکانییەوە. ژیان وەک ڕووبەرێکی ئاشکرا و مەرگیش وەک کێشوەرێکی نادیار و نەدۆزراوە. گرنگی سەماکەش لەوەدایە فیکرێکی ئاشکرا و چیرۆکێکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵێ کارەکتەری ئەو چیرۆکە دەستەبەری جوولانەوەکانی جەستە و ڕیتمی هەناسە و مۆسیقایەکی ئەبەدی دەبێت.

## لە ئێستەدا

ڕەنگەکان لە ئێستەدا، هەروەها لە ڕابردوو و ئایندەدا بەهاکانی بیرەوەرییەکانمان زیندوو دەکاتەوە. لە" ئێستە"دا تابلۆی دووەمی سەمای شلێپە، سەمای ڕەنگەکانە: ڕەنگی ڕەش، خۆڵەمێشی و سپی دەبێتە سمبۆڵەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و دنیابینی ئایندە. لەو پانتاییە ڕەشەدا کۆمەڵێ دیواری خۆڵەمێشی شێوە قۆقزی، وەک ئەوەی خۆیان دانەواندبێت، بە شێوازی جیاواز سنوور و دیوارێکی بەرز لەنێوان سەمازانەکاندا دروست دەکات. دیوارەکانیش هەر یەکە بە جیا دەرگایەکی ڕەشی باریکی لە ناوەڕاستدا پێوەیە. دەرگاکان بەشێوەیەکی کتوپڕی و لەکاتی پێویستدا دەکرێنەوە. بەو شێوەیەش کۆمەڵێ ژووری جیاواز لە نێو ژوورە گەورەکەدا دروست دەبێت. سەمازانەکان لەنێوان ئەو ژوورانەدا، پانتاییە ڕەشەکە و دەرگاکاندا سەما دەکەن. هەندێ جار یەکێک لە دەرگاکان بە تەنها و لە بەشی پێشەوەی لای شانۆکەوە دەکرێتەوە. تیشکێکی بەهێزی سپی دێتە دەرەوە و یەکێک لە سەمازانەکانیش پەلکێشی ئەو پانتاییە سپییە ڕەها و نادیارە دەکرێت. مەرگ و ژیان، ئامادەبوون و نائامادەیی بەختیاری و پەژارە، لە دەروازەکانی ئەو دەرگایانەوە، لە بوارەکانی ئەو دیوارە چەماوانەوە، بەردەوام جێگاکانیان دەگۆڕن.لەم دووڕێیانەدا



سەمازانەکان وێنەیەکی ڕاستەوخۆی ژان و ئازار و سیمایەکی خەمگینی ژیان دەچنن. جوولانەوە بازنەییە خێرا و بەردەوامەکانیان ریتواڵێکی هەمیشەیی بۆ سەماکە، تابلۆکان و سەمازانەکان دەخولقێنن. لەم ریتواڵەدا دۆزەخێکی گڕگرتوو دەبێتە هێز و وزەیەکی گەورە و سەمازان و بینەرانیش پێکەوە کۆ دەکاتەوە. بە شێوەیەکی گشتی هەموو دەربڕینەکانی زمانی جووڵە و جەستەی سەمازانەکان دەبێتە سمبولێکی زیندووی یادەوەرییەکانمان، نامۆبوونمان و غەریبیکردنی کەسانێکی نزیک لێمانەوە. لەم پانتاییە ڕەشەدا جوولانەوەی قۆڵ و باڵی سەمازانەکان، لە کۆمەڵێ هەڵوێستی دووبارە بووەوەدا، باوش کردنێکی پڕ لە سۆزە بە ئەبەدییەتدا، یان دەربڕینی ڕۆحێکی بێ ئارامە لە بارێکی هەڵچووی پڕ لە بزواندندا. ڕۆحێک گەرەکیەتی بفڕێت و هێزێکی ئەبەدی وەک بەردەکەی سیزیف لەگەڵ هەموو تەقەلایەکی فڕیندا، بەرەو زەوی دەکشێتەوە.

سێبەرێک دەبێتە فۆرمێکی بەرجەستەکراوی ئەو ڕۆحە بێ ئارامە و هەمیشە ئەوە دێنێتەوە یادمان : لە کاتێکدا دەمانەوێ بفڕین، دەگەڕێین بە دوای سەربەستی جیهانێکدا کە تەنها لە ناوەوەی خۆماندا بوونی هەیە. سەربەستییەکی ڕەها کە تەنها لە ناوەوەی خۆماندا بوونی هەیە. سەربەستییەکی ڕەها کە تەنها لە ڕۆحێکی برینداردا لە جوولانەوەیەکی بێ ئارامدایە. سەماکە لەم دەروازە قووڵەی ژیانەوە گەڕانێکی سۆفیزمە لە پانتاییەکی زۆر ئەبستراکدا. لەم پانتاییە ئەبستراکەشدا جیهانێکی سوریالیزم دەبێتە هاوکێشەی حاڵەتە سۆفییەکانی سەماکە و سەمازانەکان. لە نێوان دیوارە بەرز و دەرگا بچووکەکاندا ڕووبەڕووی حاڵەتێکی تۆقین، تێڕامان، گێژاو، تووڕەبوون، گەڕان بە دووی خود و ونبوونێکی تەواوەتیدا دەبینەوە. دیدی کۆریۆگراڤەکەش هەڵکۆڵینێکی بەردەوامە بە نێو خانەکانی ڕۆحدا، بە نێو ئازارەکانی دابڕان و ویژدانێکی برینداردا.لە هەمان کاتدا هەوڵێکیشە بۆ زاڵبوون بە سەر بازنە بۆشەکانی ژیاندا، بە سەر بازنە بەسوێ و ژان و ئازارەکاندا. لەم گێژاوەشدا ستركتوری سەماکە بەربڵاوە و هەموو ئەگەرەکانی وەستان و بەقاڵب بوون هەڵدەوەشێنێتەوە. بەربڵاوی و فراوانی پانتایی سەماکە و بەرزبوونی دیوارەکانیش ئاماژەیەکی ئەو جیهانە بێ سنوورەیە کە هەموو بەها و مۆرکەکانی کات و شوێن نامێنێ.

## سەمای کاش

## لە نێوان کولتوور و مۆدانیزمدا

سەمای: کاش Kash

کۆریۆگرافی: ئەکرەم خان Akram Khan

ماڵی سەما لە ستۆکهۆڵم Danses hus, Stokholm

گرۆی کۆمپانیای ئەکرەم خانAkram Khan company

### سەرەتا

لەم ڕۆژانەدا هونەرمەندێکی بە ڕەچەڵەک هیندی، نەمایشێکی سەمائامێزی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کرد. سەماش وەک چالاکییەکی هونەری، کولتوورێکی دێرینی گەلی هندستانە و هێمایەکی گرنگی دینی و مێتۆلۆژیاکانیانە. ئەم هونەرمەندەش بۆ ئەفراندنی سەماکەی گەڕاوەتەوە بۆ ئەو کولتوورە دەوڵەمەندە و سوودی لێ وەرگرتووە. ئەکرەم خان لەم ئاقارەوە زۆر بە ئاسانی لە نێوان دوو کولتووردا دەسووڕێتەوە، گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە و خوێندنەوەی کولتوور لە جەستەی وتارێکی جیاواز و نامۆدا. ئەم پرۆسەیەش دەبێتە گەڕان و هەوڵێکی دەوڵەمەند و پێگەیشتنێکی ڕاستەوخۆی دوو شارستانییەت: سەمای (کاتاک)[٢] وەک سەمایەکی کۆنی کلاسیکی هیندی لەلایەک و چەمک و شێوازەکانی هونەری سەمایەکی مۆدێرنی ڕۆژئاواییش لەلایەکی دیکەوە. ئەکرەم خان لەم پرۆسێسەدا تەنها کۆریۆگراف[٣] نییە، بەڵکو سەمازانیشە. جەستەی خۆشی لەم نەمایشەدا، لەگەڵ سەمازانەکانی تردا، دەبێتە ناوەندێکی پڕ لە جووڵە و لەنێوان جەستەی سەمازانێکی دێرینی "کاتاک" و جەستەی سەمازانێکی نوێدا دەسووڕێتەوە. ئەمڕۆ ئەکرەم خان دادەنرێت بە یەکێک لە دەنگە هەرە دیار و گرنگەکانی هونەری سەمای هاوچەرخی جیهانی. لە ئینگلیستان بە (جەستەی سەمای هاوچەرخ) ئاماژەی بۆ دەکەن. گرنگی نەخشەی سەماکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کە بە ئاسانی توانیویەتی بنەماکانی سەمایەکی کۆنی پێنج سەدساڵی لەمەوبەر، سەمایەک کە تا ئاستێکی بەرز سترکتۆرێکی دیاریکراوی بۆ فۆرمی سەما، وەک  ترادیشۆنێکی کۆنی دینی خولْقاندووە، لەگەڵ سەمایەکی مۆدێرنی ئەپستراکی دوور لە هەموو جۆرە سترکتورێکی دیاریکراوە بکاتە یەک. فۆرمی سەماکەی لە گیانی  سەمایەکی کۆنی ریتواڵ ئاسای دینییەوە لە دایک دەبێت. بەمەش توانیویەتی



گوتارێکی جیاواز و هەناسەیەکی نوێ ببەخشێتە هونەری سەمای هاوچەرخی جیهانی. ئەم ڕەنگە جیاوازە بە ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانە کلاسیکییە هەمە چەشنەکانی سەمای هیندی.

ئاوڕدانەوە و گەڕانەوەش بۆ بنەمای سەما و فۆرمە کلاسیکییەکان، سەربەستییەکی ڕەها و تەواوەتی بەم هونەرمەندە بەخشیوە. ئەو گەڕانەوەش زەمینەیەکی دەوڵەمەندی بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی قوتابخانە کلاسیکییەکان خولْقاندووە. لێکۆڵینەوەی سەمایەکی بەر لە هەزار و پێنج سەد ساڵ دەبێتە گەشتێکی بەسوود و بەدەستهێنانی سەربەستییەکی ڕەها لە جووڵانەوە و دەربڕینی تابلۆی سەمایەکی نوێدا. لەم سەربەستییەوە فۆرمێکی جیاوازی بەهێز و چڕ لەدایک بووە. سەمای (کاش) یش Kash دەبێتە هەنگاوێکی گرنگی ئەم هونەرمەندە بۆ بەستنەوەی سەمایەکی کۆنی کلاسیکی/ ڕابردوو/بە سەمایەکی هاوچەرخەوە / ئەمڕۆ /. سەمای کاش دەروازەی ئەفراندنی زمانێکی جەستەیی نوێ و زەمینە خۆشکردنی شێوازێکی تر بۆ هونەری سەما واڵا دەکاتەوە.

### گەڕانەوە بۆ نەژاد

جووڵانەوەیەکی زۆر خێرا، دوای ئەوە هێدی بوونەوە و نزیکبوونەوە لە ئاستێکی وەستاودا، دادەنرێت بە گرنگترین توخمەکانی سەمای" کاتاک" .(کاش) یش پێکداچوونێکی ئەو گەشتە تیژڕەوەیە. جووڵانەوەکانیش زیاتر بەشی سەرەوەی لەش (قۆڵ و باڵ) دەگرێتەوە.

هونەرمەند (ئەکرەم خان) لە پانتاییەکانی جووڵانەوەیەکی زۆر تیژڕەو و خێرای جەستەدا کار دەکات. لە هەمان کاتدا هەردوو باڵ و دەستیشی، بە هەمان خێرایی دەکاتە هێزێکی پتەو بۆ ڕاگرتنی ئەو جەستە بزۆزە. لەم جووڵانەوەیەدا (خولانەوە)ی جەستە، هەمیشە وەک دەریایەکی فراوان بە ڕووی ئاسمان و بینەراندا کراوەیە. سەمای (کاش) بە پێچەوانەی سەمای هاوچەرخی ڕۆژئاواییەوە کە لە پانتاییەکی فراوان و لە سەر هێڵێکی ڕاست کاردەکات، لە ڕوانگەی جووڵەیەکی تیژی بازنەییەوە و لە پانتاییەکی دیاریکراودا دەخولێتەوە. هەمیشە لەو جووڵە بازنەییەشدا بەڕووی بینەراندا دەکرێتەوە. ڕەخنەگر و پسپۆڕانی بواری سەما دێرینەکان، بنەما دینی ئەتمۆسفێرە ڕیتواڵییەکەی سەمای (کاتاک) ناکەنە تەنها خاڵێکی گرنگی ڕووبەڕوو بوونەوەی بینەرانی ئەمڕۆ، بەڵکو ڕیتمێکی چڕی سەرسوڕهێنەر ئەم دوو جەمسەرە پێکەوە دەبەستێتەوە.

## خێزانێکی پەناهەندە

(ئەکرەم خان) لە خێزانێکی دەستکورتی ئیسلام و لە گوندێکی بچووکی وڵاتی بەنگلادیش لەدایک بووە. باوک و دایکی وەک پەناهەندە لە لەندەن دەگیرسێنەوە. ژیانی تاراوگە وزەیەکی گەورە دەبەخشێتە ئەم خێزانە هەژارە لە سەرەتاوە زانکۆکانی لەندەن دەبێتە مەڵبەندێکی گرنگی ژیانیان و بڕیاری تەواوەتی ئەوەش دەدەن کە لە شاری لەندەندا بمێننەوە. (ئەکرەم) یش لە ڕێگای خێزانەکەیەوە بوارە گرنگەکانی خوێندنی بۆ واڵا دەکرێتەوە.خەمخۆری دایکی و باوکی و گەڕان بە دوای خوێندن و خۆ پەروەردەکردندا، یەکەم چەکەرەکانی حەزی هونەری لەلا دروست دەکات. هەروەها لە سەرەتاوە ڕێکەوتیش ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردەکردنی ژیانی هونەری ئەو مێرد منداڵەدا دەبینێ.

## سەرەتای ئەزموونێکی دەوڵەمەند

لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەکرەم خان تەمەنی تەنها سیانزە ساڵ دەبێت، بەڵام لەو تەمەنەدا ڕۆڵێکی گرنگی شانۆیی پێ دەسپێردرێت. ئەو ڕۆڵەش هەلومەرج و خاڵێکی گرنگی گۆڕانکاری و بنەڕەتی لە پاشەڕۆژی ژیانی هونەری ئەو مێردمنداڵەدا دەبێت. ئەکرەم خان دەبێتە یەکێک لە بەشدارانی نەمایشە یانزە کاتژمێرییەکەی ڕێژیسۆری گەورە (پیتەر بروک)و داستانی (مەهاباهاراتا). لەم نەمایشە ئەفسوونییەدا ئەکرەم خان لە چەقی ڕووداوەکاندایە: کوڕێکی گەنج لەگەڵ شێخێکی ڕدێن سپیدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، کابرای ڕدێن سپی دەیەوێت بەسەرهاتێک بگێڕێتەوە. کوڕە گەنجەکە (ئەکرەم خان) زۆر بە هێمنی لەو شێخە ڕدێن سپییە دەپرسێ: بەسەرهاتەکە باسی چی دەکات؟ مامەی ڕدێن سپیش لە وەڵامدا دەڵێت: (ئەم بەسەرهاتە باسی تۆ و باو و باپیرانی تۆ دەکات. گەر بە باشی گوێ بگریت، کە بەسەرهاتەکە تەواو بوو، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبیتە کەسێکی تر.) ئەم پرۆژەیە بەهایەکی گرنگی بۆ ئەکرەم خان دەبێت. ڕۆژانی مەشق و مامەڵەی پیتەر بروک لەگەڵ ئەکتەرەکان دەبێتە چەمکی دەنگ بنەمایەکی گرنگ بووە بۆ پێداویستییەکانی چۆنیەتی (دەنگ) و بەکارهێنانی لەگەڵ جووڵانەوە و بەکارهێنانی جەستەدا. جووڵانەوە و دەنگ پرۆسەیەکی گرنگی هاوکێشە هونەرییەکە بووە. هەروەها چارەسەرکردنە ئێستاتیکییەکان و فۆرم وانەیەکی گرنگی ئەم ڕۆژانە دەبێت بۆ لاوێکی تەمەن سیانزە ساڵان. دواتر ئەم هونەرمەندە نهێنییەکانی ئەو ڕۆژانە و کاریگەری



ئەفسوونی هونەر باس دەکات. ئاماژەی ئەوەش دەکات کە بۆ یەکەمجار لە پیتەر بروکەوە فێری ئەوە بووە کە چۆن یەک لەدوای یەک توێکڵەکان دادەماڵێت، تا لەبەرئەنجامدا دەگەیتە گرنگترین ئاستەکانی فۆرمێکی قووڵ و ساکار.

## بنەماکانی سەمایەکی هاوچەرخ

سەمای هاوچەرخ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بوارەکانی تری هونەری مۆسیقا، شانۆ، سینەما، وێنەکێشان و ... هەیە. سەما لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدایە: بۆ ناوەوە، بۆ دەرەوە و دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەراندا. هەموو بنەما سەرەتاییەکانی سەماش لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە هەمیشە لە تەقەلای گەڕان و دۆزینەوەی فۆرمی نوێدا بێت. هیچ فۆرمێک، سترکتورێک لە سەمادا شێوازێکی جێگیر و تەواوەتی لەخۆناگرێت. سەماش جەستەی سەمازان دەکاتە بنەما و هەموو گۆڕانکارییەکانیش، وەک پرۆسەیەکی بەردەوام، لەو بنەمایەوە سەرچاوە وەردەگرێت. هەندێ جار سەرگوزەشتە، داستان و میتۆلۆژیا کۆنەکان دەبنە بنەمایەکی ڕاستەوخۆی جووڵانەوە ناوەکییەکانی سەمای هاوچەرخ. جووڵانەوەیەکی ناوەکی قووڵ و نزیک بوونەوە لە پانتاییەکی بزۆزی دەرەکی، سمبول و ئاماژە میتۆلۆژییەکان بەرجەستەی چەقی ڕووداوەکان دەکات.

ئەکرەم خان لە تابلۆی (کاش)دا چیرۆک و مێژووی (شیڤا)[٤]: یەکێک لە دیارترین خواوەندەکانی هندۆنیزمەکان، بەکاردەهێنێ. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم خواوەندە، وەک میتۆلۆژیایەکی بەرجەستەکراو، لەگەڵ پانتاییەکانی ئەم ڕۆژگارەماند دەگونجێ.(شیڤا) وەک وزەیەکی دووفاق، هێزێکی گەورەی بنیاتنان و لە هەمان کاتدا ڕووخێنەریشە . گەڕانەوە بۆ شیڤاش گەڕانەوەیە بۆ گیانی سەما و بنیاتنانی شارستانییەت: (شیڤا) ئەو خواوەندەیە گەردوون لە ڕێگای سەماوە دەجووڵێنێ. شیڤا جووڵەی گەردوون و ئاماژە سیمۆلۆژییەکان، بەرجەستەی جووڵەیەکی خواوەندی دەکات. ئەکرەم خان لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا دەڵێت: (من سێ بەشم لە" شیڤا" وەرگرتووە. بەشی یەکەم باسی خوای جەنگ "شیڤا" دەکات، بەشی دووەم زیاتر لایەنە فەلسەفی و هێزەکانی رامان (مێدیتاشۆنەکان) شی دەکاتەوە، بەڵام بەشی سێیەمیان سەبارەت بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ژیانە: جیهانە خوڵقێنراوەکان ڕووخێنراوە و بەمەش ڕێگا بۆ جیهانێکی نوێ دەکرێتەوە، کە ئەمیش سەرلەنوێ دەرووخێنرێتەوە. ئەم مەسەلەیەش

دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئەو بیروڕایەی کە هەموو شتێک لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە. ئەمەش بنەمایەکی گرنگی شارستانی، دینی و کولتووری هیندە، سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە، لێرەدا مەسەلەی ڕێنکیناشون Reinkarnation "لەدایکبوونەوە"، وەک سەرچاوەیەکی گرنگ دەردەکەوێت. ئێمە دەمرین و سەرلەنوێ لە جەستەی یەکێکی تردا لەدایک دەبینەوە.

سەمای (کاتاک) وەک جووڵانەوەیەکی زۆر خێرا و تێڕامانێکی چڕ ئاستێکی دەروێش ئاسای سۆفیزم سەقامگیری جەستەی مرۆڤ دەکات. جووڵانەوەیەکی فیزیکی بازنەیی، جەستەی سەمازانەکان دەکاتە کەشتییەکی زەبەلاح و دەست و قۆڵ و باڵی سەمازانەکان تەرازووی ئەو کەشتییە زەبەلاحە ڕادەگرێت. سەمای کاتاک و شیڤای خواوەند دەروازەیەکی دەوڵەمەند بەڕووی سەمای هاوچەرخدا دەکەنەوە. فەلسەفەی خواوەند و میتۆلۆژیایەکی دینی دێرین، لەگەڵ چەمکەکانی سەمایەکی کلاسیکی هندیدا، زەمینەیەکی تر بۆ تێڕوانینی ئەکرەم خان ئامادە دەکەن. ئەکرەم خان وەک بنەما کلاسیکییە، وەک سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ سەماکەی، بەم شێوەیە باس دەکات: (سەمای "کاتاک" جیهانێکی ئاشکرا و ڕوونە لەنێوەندی هەراهورییایەکی گەورەدا، بارێکی هێمن و وەستاو جێگای سەرسوڕمانە و منیش دەمەوێت بەهەمان شێوە، ئەو بارە لە هونەری سەمای نوێ و کۆریۆگرافی مۆدێرندا بخولقێنم. لەکاتێکدا ئێمە سەیری گەشەکردنی گوڵێک دەکەین، هێندە بە هێواشی ئەو پرۆسێسە بەڕێوە دەچێت زۆر گرانە بە چاو بیبینی، هەروەک ئەوە وایە کە هیچ جووڵەیەک، گەشەکردنێک بە خۆوە نەگرێت. بەڵام گەر بێت و سەیری فیلمێکی دیکۆمێنتار بکەین سەبارەت بە گەشەکردنی درەخت، بە وردی ئەو جووڵانەوە گەشەکردووە دەبینین. لێرەوە من ئەو فیکرەم وەرگرتووە و لە جوولانەوەی جەستەدا بەکارمهێناوە.)

## سەمای "کاش" لەنێوان دیدی سەمایەکی کلاسیکی و تێڕوانینێکی مۆدێرندا

کە بینەران دێنە ژوورەوە ڕووبەڕووی تابلۆیەکی گەورە دەبنەوە کە بە قووڵایی پانتایی شانۆکەدا، بەرامبەر بە بینەران هەڵواسراوە. تابلۆکە کونێکی گەورەی ڕەشە. فۆندێکی سووریش بۆتە چوارچێوەیەکی ئەو پانتاییییە و هەموو بارستایی دیوارە گەورەکەی داپۆشیوە. ئەم دیمەنە هەر لەسەرەتاوە بارێکی نائارامی دروست دەکات و مرۆڤ هەست بە دڵنیایی ناکات.



کە بینەران دێنە ژوورەوە، یەکێک لە سەمازانەکان، لە بەردەم ئەم پانتاییییە بۆشەدا، بەبێ جووڵە وەستاوە. وێنەکە دەبێتە سمبولی حاڵەتێکی ئەبەدی. پانتاییییە گەورە ڕەشەکە و مرۆڤێکی بێ جووڵە هێڵەکانی ئەو سمبۆلە دەنەخشێنێ. کونە ڕەشەکەش وەک هێزێکی ئەزەلی نەمایشەکە ڕادەکێشێتە قووڵایی پانتاییەکانی زەوییەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەستێکی گەورەی لەدایکبوونیش دەخولقێنێ. دواتر چوار سەمازانی تر دێنە ژوورەوە، زەمەنێکی نادیار لەنێوان چاڵێکی ڕەشی گەورە و پانتاییەکی سووردا، زەنگی کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو لێدەدات. جەنگ و خوێن مۆسیقایەکی بەهێزی ئەو سەرەتا نادیارەی زەمەنی سەماکەیە.

سەمازانەکان بەبێ دەنگی، پانتاییییە بۆشەکە و زەمەنە وەستاوەکەی ئەو جیهانە نادیارە دەشکێنن. جووڵەی دەست و بازووی سەمازانەکان هێندە خێرا و بەهێزە، هەروەک ئەوە وایە کۆمەڵێ تەوەر بەهێزێکی گەورە بووەشێنرێت. سەمازانەکان هێرش دەکەنە سەر پانتاییییەکە و دەبنە کۆمەڵێ جەنگاوەری جەنگێکی خوێناوی. جووڵەی سەمازانەکان، بە تایبەتی لە سەرەتادا، لەنێوان وەستان، لەپڕ پشوو، یان جووڵەیەکی زۆر خێرای شان و قۆڵ نەخشەیەکی هارمۆنی لە هەوادا دروست دەکات. پشوو، یان وەستانێکی کتوپڕ لە ڕووی چەمکە کلاسیکی و لە هەمان کاتدا فۆرمە تازەکەشدا، دیدێکی کۆریۆگرافییانەی گران دەکاتە دەروازەی سەماکە: جووڵەیەکی زۆر خێرای تیژ/ وەستان، دەبێتە جووڵانەوەیەکی گەردوونی بۆ لەدایکبوون، ژیان و مەرگ.

ئەو جووڵە زۆر خێرایەی شان و ملی سەمازانەکان، وەک تابلۆیەکی سەمائامێزیش، وزەیەکی گەورەش دەبەخشێتە دەمارەکانی قۆڵ و بازوویان، بەم چەشنە لە هەوادا ئاماژەی جۆربەجۆری خێرا بەرجەستە دەکەن. لەم دیمەنە سەرەتاییییەدا، ریتمێکی مۆسیقی هاوکێشەی جووڵەیەکی خێرای جەستە, دەکاتە ریتوالێکی جەنگاوەرئاسا. بەم چەشنە هێدی هێدی سەمازانەکان مرۆڤە بێ جووڵەکەی بەرامبەر پانتاییییە ڕەشەکەش پەلکێشی گێژاوی سەماکە دەکەن. سەمازانەکان لە ڕوانگەی ئەو جووڵە زۆر خێرایەی جەستەیانەوە، دەبنە شەپۆلی دەریایەکی گەورە و پێکەوە، ژوورەکە دەکەنە ئۆقیانوسێکی هەڵچوو: جەستەیان هیچ کێشێکی نامێنێ، بە خێراییییەکی بەهێز دەخولێنەوە، لە چاوترووکانێکدا لە شوێنێکەوە دەفڕنە شوێنێکی تر و هەندێ جار پێکەوە، بەدەم جووڵەیەکی خێرای قووڵەوە، ئەژنۆکانیان دەنوشتێننەوە و بەم شێوەیەش سەمای (کاش) دەست پێ دەکات.

(کاش) وەک سەمایەکی نوێ لە نێوان ڕووناکی و تاریکیدا، لەنێوان خولْقاندن و تێکداندا دەجوولێتەوە و گەشە دەکات. سەمازانەکان لەم نێوەندەدا گۆڕانکارییەکی خێرایان بەسەردا دێت. بەکارهێنانی ڕەنگەکان وەک هێزێکی ئەفسوونی، بنەمای گۆڕانەکانە: سەرەتا لە ڕەنگی سوورێکی ئاگریندا دەتوێنەوە، دەبنە کلْپەی ئاگر و دواتر شینێکی ڕەشباو تێکەڵی جەستەکان دەبن. لە نێوان تاریک و ڕووندا خۆڵەمێشییەکی تۆخ و سپی و سوورێکی کاڵی کازیوەئاسا، ئاهەنگێکی میتۆلۆژی دەسازێنێ.

ڕەنگەکان بە شێوازێکی تەلیسماوی تێکەڵی جووڵە چڕ و وزە بەهێزەکەی سەمازانەکان دەبێت، لەم خوڵقاندنەدا هێماکانی لەدایکبوون سەقامگیری تابلۆ و چەمکە فەلسەفییەکانی سەماکە بەرجەستە دەکات. هەر لەم چرکەساتەدا کۆمەڵێ دەنگی بەهێز، وێنەکە دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز. دەنگێکی بەرزی مۆسیقایەکی ریتواڵی کۆنی ڕۆژهەڵاتی، تێکەڵاوی کۆمەڵێ دەنگی جیاوازی مرۆڤ دەبێت. دەنگەکان نادیارن و لە ڕوانگەی ڕیتمێکی مۆسیقییەوە هاوبەشە لە پرۆسەی خولْقاندن و لەدایکبوونەوەدا.

## پرۆسەیەکی هاوبەش

سەمای (کاش) لە سەرەتاوە وەک پرۆسەیەکی هاوبەش گەشەی کردووە، سێ هونەرمەند یەک دەگرن و پێکەوە هەنگاوەکان دەنێن. ئەم سێیینە هونەرییە: ئەکرەم خان، سەمازان و کۆریۆگراف، لەگەڵ هەردوو هونەرمەندی پەیکەرتاش (ئانیش کاپور)[٥] و کۆمپۆسیتۆر (نیتین ساوهێنی)[٦]. نەژادی ئەم سێ هونەرمەندەش دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی هندستان و کولتووری هندی، بەڵام هەرسێکیان لە ڕۆژئاوا گەورە بوون . کولتووری ڕۆژئاوا بنەمایەکی پتەوی پەروەردەکردنی دید و ئاستی تەکنیک و خوێندنی باڵای بۆ ئەم هونەرمەندانە مسۆگەر کردووە. بەڵام کولتووری ڕۆژهەڵات و بنەما گەوهەرییەکانی فەلسەفە و ئایینە هیندۆیسیەکان، پەروەردە ڕۆژئاواییەکەی ئەم هونەرمەندانەی زیاتر دەوڵەمەندتر کردووە. بۆ نموونە ئەکرەم خان هەر لە منداڵییەوە مەشقی لەسەر بنەما و تەکنیکی سەمای (کاتاک) کردووە. بەڵام ئەمڕۆ ئەو توانیویەتی ئەم سەما دێرینە میتۆلۆژییە، وەک فۆرمێکی کۆنی سەمای سەقامگیر و چەسپاو، بکاتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی خوێندن و لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بە هونەری سەمای مۆدێرن. بەمەش توانیویەتی زمانێکی ئەبستراکتی تایبەت بەخۆی، لەنێوان ئەم دوو سنوورەدا (کولتوورەدا) بدۆزێتەوە.



وشەی (کاش)یش لە زمانی هندیدا بە مانای (ئەگەر) دێت. ئەم ناونیشانەش بۆ سەماکە، خۆی لەخۆیدا بارێکی، یان چەمکێکی (درێژەیی) دەبەخشێتە بەها فەلسەفییەکان. بەڵام دەبێتە دەروازەیەکی ڕێژەییش و بەرجەستەی زاراوە و چەمکەکانی کات و شوێن دەکات. گەر لە پانتاییە ئێستاتیکییەکانیشەوە بڕوانینە وشەی (ئەگەر) بە تایبەتی لەم وتارەی ئەکرەم خاندا. ئەوا نەخشەیەکی بەرجەستەکراوی: ژوورێکی بۆش، پشووی نێوان تابلۆکان، جووڵەی جەستە و بێدەنگی فۆرم و تەکنیکێکی گرنگە. لەم هاوکێشەیەدا جووڵەی جەستە و بێدەنگی، وەک دوولایەنی ئەم پرۆسێسە، لە دیالۆگێکی گراندا بەرجەستەی ئاستە جیاوازەکانی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەکەن. پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە شوێن، یەکتری، گەردوون و سروشتەوە. بێدەنگیی هاوکێشەیەکی ئاڵۆز لەنێو چەمکەکانی زەمەندا دروست دەکات.

هەروەها سەماکە لە هەندێ چاوترووکانی تردا، وزەیەکی بەهێزی جووڵەی جەستە، دەست و بازووی سەمازانەکان گوزارشت لە دەنگێکی بەهێز و بێدەنگیش دەکات. بێدەنگییەکی سۆفیزم ئاسا لەنێوان سەما و دەنگێکی زۆر بەهێزدا، بنەما ڕیتواڵییەکان دەکاتە سەمایەکی میتۆلۆژی. لەم وێنەیەدا ئافرەتێکی سەمازان، لە جووڵەیەکی زۆر بەهێزدا، وەک ئەستێرە بەرەو زەوی دەکشێ. وێنەکە دەگاتە ئاستی ترۆپک کە ئەو جەستەیە، لە زەویدا، لەگەڵ جەستەی هونەرمەند (ئەکرەم خان) خۆیدا دەبێتە یەک: جووڵەیەکی خێرای هەر چوار پەلی ئەم دوو هونەرمەندە دەبێتە تەنها یەک جەستە، ئاستێکی بەرزی سەمای (شیڤا) سەرلەنوێ لە جەستە و گیانی سەمایەکی مۆدێرندا زیندوو دەبێتەوە. هەر چەندە سیمای گشتی کۆریۆگرافیاکە مۆرکێکی ئەبستراکت لەخۆدەگرێت، بەڵام وزەیەکی جیاواز جووڵەیەکی بازنەیی شیڤاش بەرجەستە دەکات.

لەم تابلۆیەدا (ئەکرەم خان) دەبێتە حیکایەتخوانێکی سەمای (کاتاک) و ئەفسانەیەکی دێرینمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەکرەم خان لەو گێڕانەوەیەدا لە تەقەڵای دووپاتکردنەوەی پێناسێکی تایبەت بەخۆیدایە. لەم تەقەلایەشدا توانایەکی گەورەی هەستکردن بە تەنهایی مۆرکی چەمکەکانی پێناسەکە، لەنێوان دوو کولتووردا، بەرجەستە دەکات. ئەم هەنگاوەی ئەکرەم خان نزیکمان دەخاتەوە لە ڕاڤەکردنی بنەما سەرەتاییەکانی زمان لە جەستەی سەمادا.

ئەم هونەرمەندە بۆ نەخشەی کۆریۆگرافیاکەی هەندێ جار سەمازانەکانی

بەندی/جوولّەیەکی / دووبارە بوونەوە دەکات، لەم دووبارە بوونەوەیەشدا، جەستەیان دەبێتە ئاوێنەیەک و جوولّەکانی خۆیانی تیا ڕەنگ ئەداتەوە. هەروەها لە هەندێک چرکەساتی تردا زنجیرەی سەماکە، لە هاوکێشەیەکی ئێستاتیکیدا دەپچڕێت، تا سەرلەنوێ و زۆر بەخێرایی، لە فۆرمێکی تردا و بەشێوازێکی تر دروست دەبێتەوە.

گۆڕانکاری و جۆراوجۆریەتی دیمەنەکان وزە و هێزێکی گەورە دەبەخشێتە جەستەی ئەو هونەرمەندە سەمازانانە. ئەو هێزەش وێنە و تابلۆکان لە ڕیتوالێکی ئەفسانەییدا دەبەستێتەوە بە چەمکی فۆرم و شێوازی بەرجەستەکردنی سەماکەوە.

## زەوی و پرۆژەی ئایندە

ئەم هونەرمەندە ئێستا سەرقاڵی داڕشتنی نەخشەکانی بەرهەمی داهاتوویەتی. ئاراستەکانی ئەم پرۆژەیەش بریتییە لە جووڵانەوەیەکی پێچەوانە: خێرا، وەستاو و هێمن. لەم تێڕوانینەوە بیرۆکەی "گەورەبوون" یان گەشەکردن گەوهەری بنەمایەکی ئێستاتیکی بۆ سەماکەی پێک دەهێنێت. بەڵام لە هەمان کاتدا وێنەکانی پرۆژەکە سەبارەت بە چۆنیەتی گەشەکردن و گەورەبوونی خودی (ڕەگەکان)ە، لە ژێر زەویدا، لە ڕوانگەی جووڵەیەکی زۆر هێواشەوە گەورە دەبن. پرۆسەی بەرهەمەکە لەچۆنیەتی گەورەبوون و ڕەگ داکوتانی ڕەگەکانی ژێر زەویدا دەسووڕێتەوە. ناوی پرۆژەکە (مە)" Ma"یە. ئەم وشەیەش مانای (دایک)ە، هەروەها وشەکە بەزمانی هندی مانای (زەوی)یش دەگەیەنێت.



## ئەفسوونی سەما
## لە جەستەیەکی ڕۆژهەڵاتیدا

سەما: Here to Here

سەما و کۆریۆگرافی: سابووڕۆتێشیگاوارە Saburo Teshigawara

جلوبەرگ و ڕووناکی: سابووڕۆ تێشیگاوارە

مۆسیقا: زۆڤێت فرانسێ و لویس ئاندریسێن Zoviet France, Louise Andreissen

شوێنی پێشکەشکردن: ماڵی سەما Dansens Hus

سابووڕۆ تێشیگاوارە، سەمازانێکی بلیمەت و هونەرمەندێکی فرەبەهرەی ناسراوی ژاپۆنییە. شاکارە تایبەتمەندە ئەفسووناوییەکەی، ئەفراندنێکی جیهانی سەمای هاوچەرخە. چەندە نمایشە جەستەییەکانی ئەم هونەرمەندە تابلۆیەکی بێ هاوتایە لە ئەمڕۆی نێوەندە ڕۆشنبیری و هونەرییەکەی ژاپۆندا، هێندەش دنیایەکی بێ سنوور و ئاستێکی نوێ و بەرزی سەمایە لە ڕەوتی شانۆ و هونەری سەما لە ئەوروپا و ئامریکادا. ئەمڕۆ (سەما) وەک ڕەنگێکی جیاواز و تایبەت بۆتە بەشێکی گرنگی هونەر و کلتووری جیهان ، ڕۆژ بەڕۆژ ئەو بەشە لە فراوانبوون و گەشەکردندایە. بەهەمان شێوە تیۆرێکی تایبەت بە دنیابینیی سەما و جیهانە فراوان و فەلسەفە چڕەکەی بۆتە لایەنێکی گرنگی ئەو بەشە کردەیییە فیزیکییە بەرزە. زمانی جەستە لە سەمای مۆدێرندا، ئاماژەیەکی فیکری و ئێستاتیکی قووڵ لەخۆ دەگرێت. پسپۆڕ و ناوەندە گرنگەکانی سەما لە جیهاندا لە پاڵ هەوڵە نوێیەکانی داهێنانی ئەم هونەرەدا، خەریکی پشکنین و لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی مەودا فیکری، هونەری، کولتووریی و ئێستاتیکییەکانی سەمان.

ئەمڕۆ سابووڕۆ تێشگاوارە و گرۆکەی بوونەتە ئاماژەیەکی گرنگی سەمای مۆدێرن. تێشیگاوارە گرۆی (کاراس) Karasی بە هاوکاری (کەی مییاتە) Kei Miyataی لە شاری تۆکیۆ و لە ساڵی ١٩٨٥ دا دامەزراندووە. بەو هیوایەی گرووپەکە، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە ببێتە تاقیگەیەکی هونەری بۆ گەڕان بەدوای شێوە و شێوازێکی نوێی سەمادا. زەمینەی کار و نەمایشکردنی ئەم سەما میتۆلۆژییە هاوچەرخە، تەنیا ژاپۆن و شاری تۆکیۆ نییە، بەڵکو سابووڕۆ تێشیگاوارە لە گەشتێکی بەردەوامدایە لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ناساندن و بە جیهانیکردنی سەما ئەفسووناوییەکەیان.

له ناوەڕاستی مانگی یەکی ئەمساڵدا، بۆ یەکەمجار، سابوورۆ تێشیگاوارە و هاوەڵەکانی بە گەشتێک هاتنە سوێد و سەمای Here to Here یان لە ستۆکهۆڵم پێشکەش کرد. پاڵەوانی ئەم سەما ڕۆحییە فیزیکییە، تێشیگاوارە خۆیەتی. ئەم پڕۆژەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٥ دا لە فرانکفۆرت پێشکەش کراوە. ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسە ئەڵمانییەکان، وەک ئەفسوونێکی بێ هاوتای جیهانێکی سەرسوڕهێنەر، ئاماژەیان بۆ کردووە. هەندێ لە ڕەخنەگرە ئەڵمانییەکان ئاماژەی ئەوەشیان کردووە، کە سەمای Here to Here سەرەتایەکی گرنگی سەمای مۆدێرنی جیهانییە.

سابوورۆ تێشیگاوارە لە ڕووی توانا و هەمەلایەنی و فرە بەهرە جۆربەجۆرەکانی لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە لە ڕووی فراوانی سنووری پڕۆژە و داهێنان و پێشکەشکردنی ئەزموونەکانییەوە، وەک کۆریۆگرافێکی نێونەتەوەیی ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ئەم هونەرمەندە بڕوای وایە کە دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە هونەری سەما زۆر زیاتر کراوە بێت، ئامادەی کاریگەریی وەرگرتن و گۆڕانکاری بەردەوامی هەبێت. بەتایبەتی لە ڕوانگەی شێوازەکانی سەما و پەیوەندی و بەستنەوەی بە جیهانی هونەرەکانی ترەوە، تا بە شێوەیەکی گشتی بەرجەستەیەکی گشتگر و سەراپاگیر لە خۆ بگرێت بۆ هەنگاوی گەورەی داهێنان و بەرەو پێشچوون.

یەکێک لە توخمە گرنگ و سەرەکییەکانی کاری ئەم هونەرمەندە بەکارهێنانێکی جیاوازی هونەری ڕووناکییە. ڕووناکی بە شێوازێکی کاریگەر و زۆر نائاسایی و بەرز لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە خولْقاندنی جۆرێک لە (سێبەر) لە ڕوانگەی چاوگەکانی ڕووناکییەوە بەهایەکی گەورەی هەیە.

ڕووناکی و دروستکردنی سێبەر بەشێوەیەکی تایبەتی، دەچنە دووتوێی دید و ڕوانگە جیاوازە هونەرییەکەی ئەم هونەرمەندەوە. ئەم بەکارهێنانە نائاساییەی ڕووناکی و سێبەر، نەریتێکی کۆنی کلتووری ژاپۆنە و لەلای ئەم هونەرمەندە دەبێتە دەروازەیەکی ئێستاتیکی و ئاستێکی بەرزی ڕۆح.

سابوورۆ تێشیکاوارە لە ساڵی ١٩٥٣دا لە تۆکیۆ لەدایک بووە. سەرەتا خوێندنی بەرزی هونەری پەیکەرتاشی و دواجار بە شێوەیەکی تایبەت سەمای کلاسیکی خوێندووە. ئەمە جگە لەوەی لەبواری سینەماشدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە.



## کێشەی خود و چەمکی سەما

ململانێ لەگەڵ خود و دەوروبەرێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و شێواو و نائارامدا، بابەتێکی زۆر گرنگی ئەم هونەرمەندەیە. کێشە ئاڵۆزەکانی (خود) بنەما و چەمکێکی فەلسەفی خولْقاندووە بۆ پراکتیزەکردنی شێوازێکی نوێ لە سەما. خود وەک کێشەیەکی ئێکسیستیالیزم بنەمایەکی گرنگی لە سەما نمایشئامێزەکانیدا هەیە و لە چەقی داڕشتە ئێستاتیکییە چڕە گرانەکەی تێشیگاوارەدایە.

خود لە نێوەندی شوێن و کاتدا دەبێتە یەکەیەکی ئاڵۆز و جیاواز. بەهەمان شێوەش شوێن و کات، لە نێوەندی چرکەساتێکی تردا، لەیەکەو گەردوونێکی میتۆلۆژیائاسای سەرسوڕهێنەردا لە دایک دەبنەوە. ئەم مەسەلەیە، وەک چەمکێکی قووڵی فەلسەفی، لە تێکڕای پڕۆژە خەونئامێزەکانیدا دەگەڕێتەوە سەری. گومان لەوەدا نییە، کە فەلسەفەی کۆنی ڕۆژهەڵات، چاوگێکی گرنگی ئەم ئەفراندانە نوێیەیە.

پیاوێکی سەرتاپا ڕەشپۆش، لەنێوەندی گەردوونێکی بێ سنووری سپیدا وەستاوە. لەو نێوەندە سپییەدا کات، ژوور و جەستە بەرەو نەمان دەچن. وەک وێنەیەکی شیعری، زەمەن سنوورە تەقلیدییە ماتماتیکییەکەی خۆی دەبەزێنێت. زەمەن، زەمەنی جەستە و ئاماژەیە.

زمانی جووڵە و جەستەی لەلای ئەم سەمازانە، وەک ئەڵتەرناتیڤێکی پڕ لە ئاماژە، دنیایەکی دژبەیەک و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خورپەئاسا دەخولْقێنێ، بەهەمان شێوە وێنەکان، جووڵە و جەستەی سەمازانەکەش، بێبەش نین لە هەست و سۆزێکی قووڵ. دیدی سەماکە تەنها جووڵانەوە و جیهانێکی ئەپستراکی ڕووت نییە. هەندێ جار نەرم و ئاسان، پڕ لە سۆزێکی گریاناوی، شل وەک ئاو، هەندێک جاریش ڕەق، توند و تیژ وەک شێوازێکی بەرەنگاربوونەوەن. شالاوی جووڵەی ئەو سەمازانە، جەستە دەخاتە بارێکی هەڵچوو، خورپەئامێز و سەرسوڕمانەوە.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە ئەو سەمازانە بە بەردەوامی و بەبێ پشوو، نەسرەوتانە، سەمادەکات. زمانی جەستە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، نەخشەی ژاپۆن و کولتووری ڕۆژهەڵات بە جەستەی خۆی بەرجەستە دەکات.

## سینۆگرافیا

سینۆگرافیا ، لەم ئەزموونەدا، پرۆسەیەکی جیانەکراوەیە لە تێکڕای شانەکانی نمایشە هونەرییەکەدا و خاڵێکی گرنگیشە لە دامەزراندنی پرۆژەکەدا. دامەزراندن، خاڵی خولقاندنی کۆریۆگرافیایەکی جیاوازترە، کە تێکڕای پێودانگە هونەرییەکان دەکاتە توخمێکی وزەهێنەر و کاریگەر. لە ژوور و پانتاییەکی سپی لەو گەردوونە فراوانەدا، لە خاڵێکی ڕەش بەولاوە هیچی تر نابینرێت. لەگەڵ ڕیتم و مۆسیقایەکی تایبەتمەند، ئەو خاڵە ڕەشە دەبێتە سەمازانێکی بێ وێنە. پانتاییە سپییەکە، داهێنانێکی جیاوازە بۆ بە سیمبۆلکردنی گەردوون. سەمازانەکە هەموو پانتاییە فراوانە بێ سنوورەکەی ئەو گەردوونە سپییە دەگرێتە بەر و بە جووڵەی جەستە پڕی دەکاتەوە.

لە دوو حاڵەتی جیاوازدا، کاتێک سەما دەگاتە ترۆپکی دەربڕینێکی چڕی بارە دژوارەکان (سەقفی) ئەو گەردوونە نوێیە، وەک هێزێکی سروشتی گەورە، هێزێکی یەزدانی، دێتە خوارەوە. ئەو هێزە زەبەلاحە کە لە هاتنەخوارەوەی ئەو سەقفەدا شێوە وەردەگرێت، کاریگەرییەکی دەروونی و فیزیکی گەورەی بۆ بینەران و بۆ سەمازانەکەش هەیە. سەقفەکە، چەندە لە سەمازانەکە نزیک دەبووەوە، هێندەش ململانێکە زیاتر هەڵدەچوو. بە هاتنەخوارەوەی تەواوەتی ئەو سەقفە، سەما و حاڵەتەکەش دەگاتە ترۆپک. لە ئاکامدا، ئەو هێزە زەبەلاحە، بە تەواوەتی، بە ڕووبەری تەختەی شانۆکەوە دەنووسێت و سەمازانەکەش وەک بوونەوەرێکی دەستەوسان لەژێر ئەو هێزە کاریگەرەدا بەرەو نەمان دەچێت. ئەنجامیش جەستەی سەمازانەکە، پەیکەرئاسا ، لەژێر بارستایی سەقفەکەدا شێوازێکی پلاستیکی لەخۆدەگرێت. هونەری پەیکەرتاشی لەم دیمەنەدا (بە جەستە) ڕەنگ دەداتەوە. جەستە دەبێتە پەیکەر و لەژێر ئەو هێزەدا پێشانگەیەکی هەست و سۆز وروووژێن پێشکەش دەکات.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ کێشە و بەردەوامیی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی و بەردەوامیی ئەو کێشەیەش پەیوەندی بە بەردەوامیی مرۆڤ و کێشە فەلسەفی، دەروونی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتییە گەورەکانیەوە.

وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کولتوور و فەلسەفە و شانۆی کۆنی ژاپۆنی بە قووڵی و لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی هاوچەرخدا، لە ستەرکتوری پرۆژەکەدا ڕەنگی دابووەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کاریگەریی ئەو ڕابردووە دەوڵەمەند و بەپێزەی شانۆی



کۆنی ژاپۆنی لە فۆرمێکی ئێستاتیکی مۆدێرندا، بارێکی پڕ لە فانتازیای خولقاندبوو.

لەو فۆرمە نوێیەدا، بارە دژ و جیاوازەکان دەبوونە پردی لێک تێگەیشتن. شوێن و کات دەبوونە یەکەیەکی فیزیکی و لە جەستەی سەمازانەکە خۆیدا بەرجەستە دەبوو.

## گەڕان بەدوای فۆرمێکی نوێدا

ڕوانگەی بۆچوونەکانی ئەم سەمازانە لە دووتوێی بنەما سەرەکییەکانی هونەری سەمادا، گەڕانێکی دەروێشانەی بێ سنوورە بەدوای شانەکانی سەمایەکی نوێدا: سەمایەکی سەربەست، کە دوور بێت لە هەموو جۆرە بەربەستێکی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، دینیی، دەروونی و بنەما دروستکراوەکانی تردا.

سەما لە فەرهەنگی ئەم هونەرمەندەدا زاراوەیەکی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێت، تا بتوانێت وەک هونەرمەندێکی سەربەخۆ، بەجەستە و توانای فیزیکیی ڕووبەڕووی پرسیارە گرنگەکان ببێتەوە.

هونەری سەما، چارەنووسێکی نادیارە و لە پراکتیزەکردنێکی بێ وچاندایە بۆ بەدیهێنانی فۆرم و فەلسەفەیەکی نوێی دوور لە هەموو جۆرە قاڵبکارییەک. لەهەمان کاتدا هەموو جووڵە و ئاماژەیەکی جەستەیی دەبێتە دەربڕینێکی ئێستاتیکی بۆ گەردوون و گیان و مرۆڤ و شارستانییەت.

ئەم چەمکە جۆربەجۆرانە لەدوا پرۆژەی ئەم سەمازانەدا بووبوونە ڕووداو و ڕەنگێکی شیعری بەجەستە نووسراو. شیعرێک کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆی وەک پاڵەپەستۆیەکی چاوەڕواننەکراوی سروشتی دەخستە سەر گیان و دەروونی بینەران.

## مۆسیقا

لە پرۆژەکانی سابووروۆ تێشیگاوارەدا بۆچوون و بەکارهێنانە جۆربەجۆرەکانی پێکهاتنی سەما لە یەکەیەکی گشتگردا، کۆدەبنەوە. ژوور، دەنگ، سەما و جووڵە. لەش، ڕیتم، مۆسیقا و ڕووناکی. ئەمانە هەموویان بەهایەکی گرنگی هاوجۆریان هەیە. ئەو ئامرازانە پێکەوە تەواوکەری یەکن و لە تابلۆیەکی سەراپاگردا ڕەنگ دەدەنەوە. لەبەر ئەوە زۆر گرانە ئەم یەکانە لە پێکهاتەکانی ئەو پرۆژەیەدا لە یەکتر جیابکرێنەوە.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، مۆسیقا ، وەک یەکەیەکی سەربەخۆ، پێکهاتەیەکی گرنگ و

توخمێکی  کاریگەری ئەو پرۆژەیە بوو. هێزێکی ئەفسووناویی وابەستەی تۆن و دەنگ و ئاستە جیاوازەکانی پێکهاتەی مۆسیقاکەیە.

سەمازانەکە، وەک پاڵەوانی داستانە میتۆلۆژییەکان،  لە ململانێیەکی بەهێزدا بوو لەگەڵ سروشت و هێز و وزەی مۆسیقای سەماکەدا، بەدرێژایی نمایشەکە، مۆسیقا بووبووە هێزێکی گەردوونی. دەنگی مۆسیقاکە لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز، وەک تۆن و ئاوازێکی نائاسایی، هێزی خۆی دەسەپاند.

لەرینەوەی تۆن و گرمە و ئاستە بەرزەکەی مۆسیقا، گوزارشتی لە گرێژنەچوونی گەردوون و وردوخاش بوونی چیاکان دەکرد. ئەو دەنگ و مۆسیقا بەهێزە بینەرانی لە حاڵەتی رووخان و خورپە و قوتاربوون نزیک دەکردەوە.

دەنگ و ریتمی مۆسیقاکە، هەندێ جار، وەک وردوخاشبوونی گۆی زەوی هەستی پێ دەکرا. مۆسیقا و جەستەی سەمازانەکە داستانێکی پڕ لە ژانیان دەخوڵقاند. مۆسیقا وەک هونەر و توخمێکی سەربەخۆ، بەدوو شێوازی وێکنەچوو، هەندێ جار ئاستێکی زۆر بەرز و هەندێ جاریش تۆنێکی نزمی زۆر قووڵ و ترسناک Baston وردوخاشبوونی گۆی زەوییان ڕادەگەیاند.



## سەمای بۆتۆ و گرۆی سانکای یکیو

سەمای: هیێومێکی Hiyomeki

گرۆی: سانکای یکیو Sankai Juku

ریژی: ئیشێو ئاماگاتسیۆ  Ushio Amagasu

سەما زمانێکی دیار و کولتوورێکی دەوڵەمەندی ژاپۆنییەکانە. سەما هێما و ئاماژەیە، جەستەیەکی پڕ لە دەربڕین و بێ ئارامە لە کولتووری ژاپۆندا و خاوەنی چەندین ڕێبازە و مێژوویەکی لەبەرچاوی درێژیشی هەیە.

ئەمڕۆ ئەو سەما ڕۆحییە لە گەشتێکی بەردەوامدایە، ژاپۆنییەکان دەیانەوێت ئەو شێوازە قووڵە، ئەو سەما پڕ لە ڕەهەندە بە جیهان بناسێنن.

ئەم گرۆی (سانکای یوکیو) بۆ دووەم جار گەشتی سوێدیان کرد. لەم گەشتەیاندا سەمای (بۆتۆ) Buto یان کردە وێستگەیەکی نوێ، تا نەخشەی ئەو شێوە جیاواز و بەرفراوانەی سەمای ژاپۆنی پیشان بدەن.

### سەمای بۆتۆ

سەمای (بۆتۆ) ئاوێزانبوونێکە لە دەنگەکانی ژیان و مەرگ. لە هەمان کاتیشدا یەکەی پێکەوە گرێدان و پیشاندانی مانا و پانتاییەکانی ئەو ئاوێزانبوونەیە. هەنگاوێکە بۆ زیاتر بەرجەستەکردن و بەژیانکردن و دیاریکردنی ئەو بوارەی لەنێوان مرۆڤ و هەموو شتە نادیار و شاراوەکاندایە، هەروەها دواتر بەستنەوەشیان بە شتە نادیارەکانی ژیانەوە. لەلایەکی دیکەشەوە (بۆتۆ) تەقەلایەکە بۆ پێناسەکردنی ئەو جەنگە بەردەوامەی کە لەنێوان مرۆڤ و جیهانە مادییەکاندا بەرپادەبێت.

جەستەی سەمازانێکی (بۆتۆ) لە دەفرێکی پڕ لە دەلالات دەچێ، بە شێوەیەک کە جێگای تەنها دڵۆپێکی تری تیا نابێتەوە.

ڕەگ و نەژادی سەمای (بۆتۆ) دەگەڕێتەوە بۆ ژاپۆنی دوای جەنگ، بەتایبەتیش لە شەستەکانەوە وەک کاردانەوەیەکی گرنگ دژی هەموو داب و نەریتێکی کۆنی ژاپۆنی لەلایەک، هونەری هاوچەرخی ڕۆژئاواش لەلایەکی دیکەوە پەرەی سەندووە.

گرۆی (سانکای یوکیو) لەو نێوەندەدا هەنگاوی زۆر گرنگی ناوەو چەندین نەمایشی

سەمائامێزی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پێشکەش کردووە. ئەم گروپە لە ساڵی ١٩٧٥دا دامەزراوە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٣دا سەردانی سوێدیان کردووە.

## کورتە مێژوویەکی سەمای بۆتۆ

هونەرمەندی سەمازان (تەتسیومی های ییاکاتە) ١٩٢٨-١٩٨٦ لە سەرەتای شەستەکاندا سەمای (بۆتۆ)ی دامەزراندووە.

لە ساڵی ١٩٥٢دا (تەتسیومی های ییاکاتە) لە فیستیڤاڵی سەمای هاوچەرخدا نمایشی (ڕەنگە یاساغکراوەکان) پێشکەش دەکات، سەماکە لە ڕۆمانێکی نووسەری گەورەی ژاپۆنی (یۆکیۆ میشیما) وە وەرگیراوە. ئەو نمایشە زیاتر شانۆییەکی سەمائامێز بووە کە بەشێوازیکی گرۆتێسک چەندین وێنەی مەرگ، کاولکاری و شێواندن دەگرێتەخۆ.

ئەو شێواز و ناوەرۆکە تووڕەیە و لە هەمان کاتدا پڕ لە ئێروتیکەی (ڕەنگە یاساغکراوەکان) دەبێتە جێگای ناڕەزایی دەزگا هونەری و دامودەزگاکانی تری سەر بە دەوڵەت. بەڵام ئەو سەمایە یەکەم نمایشی سەمای (بۆتۆ) بووە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژاپۆن پێشکەش کرابێ.

(تەتسیومی های ییاکاتە) هەرچەندە پاڵپشتێکی ئەوتۆی لەلایەن دەزگا کولتوورییەکانی ژاپۆنەوە نەبووە، بەتایبەتی لەدوای نمایشکردنی ڕەنگە یاساغکراوەکانەوە، بەڵام ئارەزووی بەردەوامی و دامەزراندنی داڕشتەیەکی پڕ لە جەستە و ڕۆح هەمیشە خولیایەکی بەردەوامی ئەو بووە.

لە ساڵی ١٩٦١دا (تەتسیومی های ییاکاتە) لە نمایشێکی تردا بەردەوامی دەبەخشێ بەو نەخشە و بیرۆکەیە، بەمەش دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بۆ دۆزینەوە و چەسپاندنی ڕێباز و فۆرمی سەماکەی. دوای ئەوە دامەزراندنی سەمای ( ئانکۆکیو بۆتۆها ) وەک سەمایەکی ڕەش ئەو جیهانە جۆراوجۆرە دەخولقێنێ.

(ئەتسیومی های ییاکاتە) لە بنەمایەکی بیری و دیدێکی قووڵەوە ئەو ناوە دەکاتە ڕیشەی بەرەوپێشەوەبردنی سەماکەی، ئانکۆکیو مانای (ئەو کەسەی کە لە دارستاندایە) دەگەیەنێنت، بۆتۆهاش وشەیەکی زۆر کۆنی ژاپۆنییە و بە مانای سەما دێت. کە پێکرا ناوەکە دەبێتە (ئەو کەسەی لەدارستاندا سەما دەکات). بەم شێوەیە ئەم هونەرمەندە ئەو وشە زۆر کۆنەی لە دامەزراندنی نمایشێکی نوێیدا بەکارهێناوەتەوە.



(شەو) پانتاییەکی زۆر گرنگە لەسەرەتای پرۆژەکانی های ییاکاتدا، تاریکی شەو، توندوتیژی و ئێرۆتێک لایەنێکی بە بەهای ئەو هاوکێشە ئەفسانەییە بووە. لە پرۆژەکانی (ئەتسیومی های ییاکاتە) دا تەنها سەمازانی پیاو بەشدارییان کردووە. (های ییاکاتە) تەنها سەمازان و لێپرسیارێکی هونەری ئەو گرۆیە نەبووە، بەڵکو وەک مامۆستایەکی شارەزا مەشقی بە ئەندامەکانی کردووە. لەبەرئەوە زۆر لە سەمازانە هاوکارەکانی، دواتر گرۆی سەمای تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە.

یەکێک لەو سەمازانانەی کە لە شەستەکاندا لەگەڵ (ئەتسیومی های ییاگاتە)دا کاری کردووە (ئاکایی مارۆ) Akaji Maro بووە،کە گرۆی (دایرارە- گیو- دا- کانی) دامەزراندووە. دواتر لە ڕوانگەی ئەو گرۆیەوە گرنگترین و ناسراوترین گرۆی سەمای (بۆتۆ)ی ژاپۆنی دامەزراندووە. ئەمڕۆ گرۆی (سانکای یوکیو) بە گرنگترین و بەناوبانگترین گرۆ سەمازانەکانی (بۆتۆ) ژاپۆنی دادەنرێت.

## ئیشیۆ ئاماگاتسیۆ و گرۆی سانکای یکیو

ئەم هونەرمەندە دیارترین ڕیژیسۆر و کۆریۆگرافی دوا نەوەی سەمای (بۆتۆ)یە. خاوەنی بیرێکی قووڵی مرۆڤانەیە، سنوورەکان لەلای ئەم هونەرمەندە بوونیان نامێنێ و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی جیهانی سەیر دەکرێ.

هەروەها زۆر بەڕوونی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە بنەما سەرەکییەکانی ڕۆح و هەست و سۆز لەلای مرۆڤایەتی یەکێکە، بەهانەی کولتووری جیاواز و وڵاتی جۆرواجۆر ئەو بۆچوونە بە (ئاماگاتسیۆ) لەق ناکات. لەلای ئەو سنوورەکان دروست کراون و ڕۆحی مرۆڤ سەرچاوە و بنەما سەرەکییەکانی جیهانێکی یەکگرتوو و گشتگرە.

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەگەرییەکانیدا لە ستۆکهۆڵم بەشانازییەوە دەڵێت: بەڵێ ئێمە ژاپۆنین، بەڵام بەرلەوەی ژاپۆنین مرۆڤین و ئێمەش بەشێکین لەم گەردوونە.

سەماکانی ئەم هونەرمەندە داڕشتەیەکی پڕ لە سەرمۆنی، یاخود بنەمایەکی سرووت ئامیز (ڕیتواڵی) یەکەیەکی بەهێزی ئەو دیدە دەروێش ئاسایە پێکدەهێنێ، بەڵام ئاماژەی ئەوەش دەکات کە ئەو ڕیتواڵە بۆ خۆی دواتر ئامێزانی ئێستاتیکای ئەم سەمایە دەبێت. ئەم سەما ڕیتوالییە هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە نییە، ئەوەی لە سەر شانۆ ڕوودەدات لە چیاکان و کەناری لماوی ڕووبارەکانەوە چاوگە دەگرێت.

روخسار و جەستەی ڕووتی سەمازانەکان سپیی دەنوێنن، مەبەستی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کە بینەران لە بۆچوونێکی ترەوە مرۆڤ ببینن، مرۆڤێک دوور لە ڕەگەز و پێناسێکی دیاریکراو. ئەو جەستە و سیما سپییەش شێوازێکی نوێ نییە لە کولتووری ژاپۆنیدا، بەڵکو بەر لە ٥٠٠-٦٠٠ ساڵێک وەک داب و نەریتێک لەنێو شانۆی (نو و کابوکیدا) بەکارهێنراوە. ئەمە جگە لەوەی لە ڕیتواڵ و کولتووری کۆن و سەرەتایی زۆر هۆز و میللەتدا دەبینرێت. لەم ڕووەوە (ئاماگاتسێو) دەڵێت: " من دەمەوێت بەمە، جۆرە بێلایەنییەک بەدەست بهێنم، بەڵام بینەران سەربەستن ئەو کارەکتەرانە بە چ شێوەیەک و بە چ ڕەگەزێک دەچوێنن. هەروەها ئەم هونەرمەندە دەیەوێت بینەران بگەڕێنەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکان لەناخی خۆیاندا. لەم ڕووەوە (ئاماگاتسێو) دەڵێت: "من بەشوێن ئەو بنەما چۆنیەک و سەرەتاییانەی مرۆڤایەتیدا دەگەڕێم. زمانی جەستە، لەش و زاکیرەیەکی هاوبەش جۆرە دیالۆگێک لەگەڵ سەرچاوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و گێتی (زەوی، ئاو و خۆر) دروست دەکەن.

هەموو پرۆژە سەماکانی ئەم هونەرمەندە پێناسی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام ئەم پرۆژانە لە ڕوانگەیەکی لۆژیکییەوە تەواوکەری یەکترین.

هەمیشە نەمایشەکان لە حەوت تابلۆ پێک دێت، هەر تابلۆیەکیش لە دە تا بیست وشە پێکهاتووە. (ئاماگاتسێو) دەڵێت: من هەوڵ ئەدەم ئەو وشانە وەک ئاو لەناو جەستەی سەمازانەکاندا هاتوچۆ بکات، تا ئەو تابلۆیە لەڕێی دەربڕینەوە پیشان بدات.

## بوتۆ و بوودیزم

سەمای (بوتۆ) و جیهانی (ئیشێو ئاماگاتسێو) وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە سنوورێکی بەرزی ڕیتواڵ ئاسای پڕ لە ئەفسووندا بەرجەستە دەبێت. سەمازانەکان لە ڕوانگەی هەستێکی بەرزی ڕۆحییەوە هەناسە دەدەن و جەستە و شوێن دەبێتە یەکەیەکی میتۆلۆژی.

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم گرۆیەوە ڕەخنەگرەکان ئاماژەی جۆرە پەیوەندییەکی هاوبەش لەنێوان سەمای (بوتۆ) و ریتواڵی بوودیزمەکاندا دەبینن.

ئاشکرایە بوودیزم و ڕێبازی (زن) پانتاییەکی بەرین و ئاستێکی قووڵی دینی و کولتووری گەلی ژاپۆنە. ڕێبازی (زن) یش وەک لایەنێکی گرنگی بوودیزم هەر لە ژاپۆن



لەسەردەمی خێزانی (تانگ) ٦١٨-٩٠٦ سەری هەڵداوە و و زیاتر لەنێوان ساڵانی ١٣٦٨-١٦٤٤ دا بڵاوبۆتەوە.

(قوتاربوون) یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگە فەلسەفییەکانی (زن) و بەبڕوای ئەوان هەموو خودێک دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی لە ناوەوەی خۆیدا بدۆزێتەوە. سیمای بوودیزم یەکێکە لە گەوهەرە گرنگەکانی سەمازانەکانی (بوتۆ). لە بێدەنگییەکی قووڵدا لەسەر زەوی، لە بارێکی زۆر ناتەبادا دادەنیشن. هێدی هێدی دەبزوێن، بینەران تەنها گوێیان لە هەناسە هەڵمژینێکی قووڵ و هەناسەدانەوەیەکی درێژ دەبێت. یان لە گەمەیەکی ریتواڵ ئاسادا، هەندێ جار بە ڕووتیی و هەندێ جار بە تەنها بەرکۆشێکەوە دێنە ژوورەوە. لە پانتاییەکانی ئەو داستانە ڕۆحییەدا نووزەی مۆسیقایەکی زۆر تایبەتی تێکەڵ بە هەناسەی سەمازانەکان دەبێت.

ئەو هەناسە قووڵە لەگەڵ هێزی ئەو نووزە مۆسیقییەدا هەموو پانتایی ژوورەکە داگیردەکات. تا بەمە ڕیتواڵێکی قووڵی تێڕامانی ڕۆحی شوێن، سەمازانەکان و بینەران، پێکەوە گرێ دەدات. لەو هاوکێشەیەدا جەستە، زەمەن و شوێن دەبێتە پانتاییەکی گشتی، یەکەیەکە هوروژمی ڕووبار ئاساییە و هەناسەیەکی قوولی (بوودی)یانەوە دەبنە پانتاییەکی بەتاڵ.

لە فەلسەفەی ئەم گرۆیەدا، هەموو سەمایەک ژیان لە دوو بۆچوونەوە دەبینێت: بۆچوونێکیان ئەو گەشتە پڕ لە سەمەرەیەی مرۆڤە لە لەدایکبوونەوە تا مردن، دواتر بۆچوونەکەی تریان ئەو بەرەوپێشەوەچوونە ئەبەدییەی زەمەنە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر درێژ دەبێتەوە.

(ئاما گاتسێو) لە نەوەی دووەمی سەمای (بوتۆ)یە، لە شاکارەکانی ئەمدا ئەو گرۆتێسکە توندوتیژە نابینرێت کە لەلای سەمازانەکانی (بوتۆ)ی یەکەمی دوای جەنگدا دەبینرێ. گرنگی پرۆژەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کە لەو نێوەندە ریتواڵییە ئەفسوونییەدا شێوازێکی هونەری و ئێستاتیکی ئازادی هەیە.

شوێن بە مانا دیاریکراوەکەی بوونی نییە. شوێن، زەمەن و مێژوو و کولتوری جیاواز لەخۆدەگرێت و لە هاوکێشەیەکی پێکداچوودا کۆیان دەکاتەوە. ئەو هاوکێشە پێکداچووەش ستروکتوری داڕشتەیەکی میتۆلۆژی پێکدێنێ. لەو داڕشتەیەدا هەناسەی بوودیزم وەک خەونێکی ئەبەدی و ڕۆحێکی ڕزگاربوو هەست پێ دەکرێت.

## جووڵەیەکی ئەبەدی

ژیان و واقیع، فەلسەفە و کولتوورێکی دێرین و دەوڵەمەندی سەمای (بوتۆ) لە ڕەهەندێکی ئەفسوونییەوە بینەران پەلکێشی گەردوونێکی پڕ لە جووڵەی ئەبەدی دەکات. پێکگەیشتنێکی خەونئامێز و جیهانێکی میتۆلۆژیایە، زمانێکی مەجازی داستان ئامێز یەکەیەکەی دەمار و جەستە و جووڵەی سەمازانەکان بەئامادەبوونی ڕۆح و جەستەوە پیشان دەدرێ.

لەوێدا ئەو جەستانە لەسەرو هەموو پانتاییە بینراوەکانەوە. واقیعێکی تری دابونەریتێکی کۆنی ژاپۆنیی دەکەنە زەمینەی ئەو ڕیتواڵە ئەفسوونییە. هەستان و سەرلەنوێ کەوتنەوەیەک دەبێتە فڕینی باڵندەیەکی بێ ئارام. یان جەستەی بوونەوەرێکی زیندوو، دوور لە دیاریکردنی هیچ جۆرە ڕەگەزێک، کە خەون و ئەندێشە دەکاتە واقیعێکی تەلیسماوی. (ئاماگاتسێو) جۆرە دیالۆگێک لەنێوان مرۆڤ و بارستەدا بەرجەستە دەکات، لەکاتێکدا سەمازانێک لەبارێکی ڕاکشاوەوە بەرزدەبێتەوە، گۆڕانکارییەک تێکڕای سترکتورە ئێستاتیکی و بیرەکە دەگرێتەوە. پەیوەندییەکان لەبارێکی گەورە و سەراپاگیرییەوە دەگوێزرێنەوە بۆ جۆرە پەیوەندییەکی زۆر بچووک بە زەوییەوە.

زۆر کتوپڕانە ئەو جەستە پڕ لە وزە ڕۆحییە بەپێوە دەوەستێت و ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوە. بارێکی زۆر چڕی پڕ لە چاودێری، پڕ لە چاوەڕوانی لە دەربڕینێکی بەرزدا پانتایی نمایشەکە دەتەنێت.

گرنگی ئەم پڕۆژە سەمائامێزانە لەوەدایە کە گەردوونێکی تایبەت بەخۆیان بەرجەستە دەکەن، لەو گەردوونەدا بوونەوەرە زیندووەکان چەمکێکی فەلسەفین، بوونێکی گشتگر و ئامادەبوون، ئامادەبوونیش لەو گەردوونەدا ڕەهەندێکی تەلیسماوییە.

نەخشەی گەشتی لەدایکبوونە تا مردن، لەو گەشتەدا جەستە لە نێوان هیوا، دەسەڵات و هێزە سروشتییەکاندا لەکێشەیەکی گراندایە. هێزی دەسەڵاتێکی نادیار ئامادەبوونێکی مەزنی هەیە، ئەو دەسەڵاتە لە تەقەلایەکی بەردەوامدایە تا جەستەکان شۆڕبکاتەوە بۆ ناخی زەوی. دەنگ تاریکییە لە ڕووناکیدا و مرۆڤیش ڕووناکییە لە تاریکیدا. (ئاماگاتسێو) بەم شێوەیە لەدوا شاکاری خۆی هییێبومێکی Hiyomeki دەدوێت.



## شیعر لەنێوان جەستە و وشەدا

سەمای: بنوو، ئەو ئافرەتە بیر دەکاتەوە Sov ,tanker hon
کۆریۆگرافی: گونیلا ڤایت Gunilla Witt
شانۆی: سەمای شانۆی هاوچەرخ Moderna Danstearern

(ئافرەتەکە بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا گەشتێک بۆ ناوچەی ڤاربێری دەکات. شەوێ لە چێشتخانەیەکدا لەگەڵ ئەو پیاوەی ویستوویەتی پەیوەندی پێوە بکات دانیشتووە و نان دەخوات. ئەو پیاوەکە ناناسێتەوە. بە کەوچکەکەی دەستی یاری بە خواردنەکەی بەردەمی دەکات: تێدەگەیت؟ تێدەگەیت مەبەستم چی بوو؟ ئەو ئاواتەخوازی تەنهایی ژووری میوانخانەکەیەتی، بیر لەوە دەکاتەوە پێڵاوەکانی داکەنێ، قۆپچەکانی بکاتەوە و جگەرەیەک دابگیرسێنێت.

ڕۆژی دوایی هەردووکیان لە گوێ ڕووبارەکە پیاسە دەکەن. ئێستە بەردەوام هەر زستانە و هەوایەکی ساردی هەیە. تەنوورەکەی تا خوار ئەژنۆی هاتووە. پیاوەکە هەموو کاتێ زۆر خێراتر ڕێ دەکات لە ئافرەتەکە. لە بەردەم خانوویەکی هاوینەی چۆڵدا دەوەستن. دەرگای سەر هەیوانەکەش کەمێک کراوەتەوە.)

ئەم تێسکتە بنەما و سەرەتایەکی سەمای (بنوو، ئەو ئافرەتە بیر دەکاتەوە)یە. تێسکتەکە لە یەکەم ڕووپەڕی پڕۆگرامەکەشدا نووسراوە.

(گونیلا ڤایت) شاعیر و کۆریۆگراف لەم پڕۆژە تازەیەیدا وشە و جەستە دەکاتە پڕۆسەیەکی تر. پڕۆسەی بوونی ئافرەت، ئافرەت وەک مرۆڤ، ئافرەت و پەیوەندییەکانی بە جیهانی پیاو و مەسەلەی یەکسانی.

نمایشەکەش بەشی یەکەمە لە پڕۆژەی سێینەیەکی سەمائامێز. لەم بەشەدا ئافرەتێک لەگەڵ جەستەی پیاوێکی بێ جووڵە و نوستوودا لە سەمادایە. ئەم پڕۆژە سێینەیەش باس لە سێ پەیوەندی گرنگ لە ژیانی ئافرەتدا دەکات. وا نیازە بەشی دووەمی سەبارەت بە دایکێکی پیر و کچەکەی بێت. پەیوەندی ئەو دایک و کچەش هێندەی پەیوەندییەکانی ئافرەتێک و پیاوێکی نەناسراو نزیکە. بەشی سێیەمیش لە ڕوانگەی کار، بەرئەنجام و پڕۆسەی مەشق و بەرهەمهێنانی بەشی دووەمدا لەدایک دەبێت.

(بنوو، ئەو ئافرەتە بیردەکاتەوە) بۆ یەکەمجار لە شاری یۆتۆبۆری و لەسەر شانۆی -Al

alante نەمایش کراوە. هەروەها لە گەشتێکی هونەریدا و لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتاندا لە شانۆی (وێستگەی سەما ) لە شاری مالمیۆ و دواجاریش لە سەمای شانۆی هاوچەرخ لە ستۆکهۆلم پێشکەش کراوەتەوە.

بۆ هەر نەمایشێکیش تەنها ٤٠ کەس جێگای دانیشتنی دەبێتەوە. سەماکە لە پانتاییەکی تەسکی نزیک لە بینەرانەوە دەبێتە ئاهەنگێکی بێدەنگ. لەو ئاهەنگە بێدەنگەدا جەستەی ئافرەت، بوونی ئافرەت، حەزی ئافرەت و هیواکانی ئافرەت دەبێتە سەما.

## گونیلا ڤایت

ئەم هونەرمەندە کۆریۆگراف و شاعیرە، شیعر لەلای ئەم خانمە دەبێتە کۆمەڵێ جوولەی جەستە. لەنێو ئەو جوولانەدا کێشە و بوونی ئافرەت تەوەرەی هەموو ڕووداوەکانە. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە ئەم خانمە هونەرمەندە کۆریۆگرافە لە تەقەلایەکی بەردەوامدایە، جەستە و بوونی ئافرەت لە جیهاندا بنەمایەکی گرنگی ئەو تەقەلا و لێکۆڵینەوە بەردەوامەدایە. ئافرەت لە نێوان زمان، شیعر و شوێنی لەم جیهانەدا، دەبێتە سەما و دەربڕین بۆ ئەو بوونە و هیواکانیان. نەمایشی پێشووی The madwoman in the attic تەنها ئافرەتێکی سەمازان کارەکتەر و بیرۆکەی نەمایشەکەی بووە. بەڵام پرۆژەی ئەمجارەیان هەمان ئافرەت و سەمازان پیاوێکی نووستووی لەگەڵە. لە پرۆژەی یەکەمیدا سەما و شیعری تێکەڵاو کردووە. بەڵام پرۆژەی ئەمجارەی خودی شیعر دەبێتە سەما، سەمای جەستەی ئافرەتێکی تەنها. هەندێ جار ئەم خانمە هونەرمەندە کار لەگەڵ وشە و جوولەی جەستە پێکەوە دەکات. بەوەش وێنەکان دەبنە کۆمەڵێ تابلۆی شیعری.

گونیلا ڤایت لە ساڵی ١٩٩٧دا یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی (ئەوەی ئەو ئافرەتە داوای دەکات) بڵاوکردۆتەوە.

گونیلا ڤایت دوای هەموو نەمایشێک و لەژێر ناوی (چاوترووکانی کێ، وشەی کێ، جەستەی کێ؟ ) ڕاستەوخۆ دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ بینەراندا دەکاتەوە. هەموو گفتوگۆیەکیش دەرگاکردنەوەیەکە بۆ لێک نزیک بوونەوە، بۆ لەیەکتر حاڵی بوون و بۆ یەکسانی نێوان پیاو و ژن.(ئافرەتێک بۆ یەکەمجار لەژیانیدا گەشت دەکات بۆ ناوچەی ڤاربێری. ئێستە ئەو لەسەر زەوی و لە ژوورێکی چۆڵدا و لە خانوویەکی هاوینەیدا دانیشتووە و جگەرە دەکێشێ. بە تەنیشتییەوە پیاوێکی نوستوو کەوتووە).





سەمای بنوو، ئەو ئافرەتە بیر دەکاتەوە.
وێنەی: kari jantzen

(بنوو، ئەو ئافرەتە بیر دەکاتەوە) گەمەیە لەنێوان وزە و چالاکی ئافرەت لەلایەک و پیاوێکی نوستووی لە کەنار کەوتوو لەلایەکی دیکەوە. گەمەی پرۆژەکە شیعرێکی تری (گونیلا ڤایت)ە و بەرجەستەیەکی دەربڕین ئاسا، سەمائامێزی بوون و نەبوونی ئافرەتە. گەشتی ئەو ئافرەتەش گەشتێکی درێژە، گەشتی گەڕانە بە دووی خود و شوناسنامەدا. ئەوەی کە گرنگە هەموو هزر و بیر و هۆشی ئەو ئافرەتەیە کە دەبێتە ئامرازێکی ئاشکرای دەربڕین، گەشتێکی پڕ لە دەربڕین لەگەڵ جەستەیەکی نووستوودا، جەستەی پیاوێکی بێ گیان.

## شیعر لەنێوان جەستە و وشەدا

## پرۆسەی: بنوو، ئەو ئافرەتە بیر دەکاتەوە

ژوورێکی بچووکی چوارگۆشەئاسای نزیک لە بینەرانە. دیوارەکانی بە لایلۆنێکی ئاوی لە دوو لاوە هەڵچنراوە. لە هەمان کاتدا ئەو دیوارە لایلۆنییە وێنەی دەریاچەیەکی گەورەی خولّقاندووە. هەستێکی تەنیایی بۆتە سیمایەکی ئاشکرای وێنەکە. پیاوێک و ژنێک لە ناوەڕاستی ئەو ژوورە ڕەق و تەقەدا نوستوون.جلەکانی ئافرەتەکە ئاماژەیەکە بۆ قۆناغی شەستەکانی ڕابردوو. وێنەکە سیمایەکی سەرنجڕاکێش، حەزێکی بێ سنوور، سەربەستییەکی ڕەها و بەرفراوانی جەستە و بزاوتن دەنەخشێنێ. لەو داڕشتەیەدا، لە خەونەکانماندا، لە تروسکە خێراکانی مەرگدا دەجووڵێنەوە. جووڵانەوەکانیش هەناسەیەکی سەربەستی، حەز و ئارەزووەکانمان بەرجەستە دەکات. نەمایشەکە سەمای جەستەی ئافرەتە، جەستەی ئافرەت چیرۆکێکی گران و تەنهاییەکی کوشندە دەگێڕێتەوە. ئەمە دووەم جارە (گونیلا ڤایت)ی شاعیر، شیعرەکانی بە جەستە، ترپەی دڵ، ئارەقەی لەش، هەناسە، جووڵانەوەی لەش و سەما دەنووسێت. سەمای ئەمجارە چیرۆکی ژیانی ئافرەت و پەیوەندییەکانی دەگێڕێتەوە. ئافرەت وەک بوونەوەرێکی زیندوو، لەم سەما شیعرییەدا دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و گۆرانییەکی خەمگینی بێدەنگ دەچڕێت.

پیاویش لە چەقەوە دەچێتە پەراوێزەوە، بەپەراوێزبوونی پیاو تەقەلایەکە بۆ پارسەنگی تەرازووی نەژادی مرۆڤایەتی. لەو تەقەلایەدا تەنها جەستەی ئافرەت دەبێتە سەما، سەماش شیعرێکی خەمگین و هاوارێکی تاساوە و گەرەکیەتی چەقی پانتاییەکان فراوانتر بکات. بینەران بەرلەوەی بێنە هۆڵەکەوە، لە دەرەوە و لە ڕاڕەوێکی باریکدا هەندێ تێکست دەخوێننەوە کە بە شێوازێکی جوان بە چیخێکدا هەڵواسراوە: (ئافرەتێک بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا گەشت دەکات  بۆ ڤاربێری، لەم گەشتەیەدا گەرەکیەتی ئەو پیاوە ببینێت کە نایناسێتەوە. ئەو ئافرەتە خولیای تەنهاییە، پیاوەکە لە گوێ دەریاچەیەکدا زۆر خێراتر لە ئافرەتەکە ڕێ دەکات. هەردووکیان لە نزیک خانوویەکی چۆڵی هاوینەوە دەوەستن....)

هێدی هێدی جەستەی ئافرەتەکە لەسەر زەوییەکە دەکەوێتە جووڵە. جووڵەکان هەر لە سەرەتاوە بوونێکی بەهێز دەبەخشنە جەستەی ئافرەتەکە. بینەران وەک کامێرایەکی سینەمایی لەو ژوورە تەسکە چوارگۆشەئاسایەدا شوێنپێی هەموو جووڵەیەکی دەست،



جەستە، قاچ، یان هەناسە و ئاڕاستەکانی تێڕوانینە خێراکانی ئەو سەمازانە دەکەون. سەماکە دەبێتە هەڵکۆڵینێکی بەردەوام، دۆزینەوە و پەردە هەڵماڵینێکی نوێی نهێنییەکان، سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە و دۆزینەوەی جەستەیەکی تر و هەستکردن بە بوونێکی تر و ئاشکرا. سەما و جەستەی ئەو ئافرەتە دەبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو. هەردووکیان دەبنە هاوکێشەیەکی تەواوکەری یەکتری، بەبێ وەستان و هەر لەو بارە گینگل خواردووەدا، بە پاڵکەوتوویی گەشە دەکات.

بە هەمان شێوەش جەستەی پیاوەکە لەلایەوە، بە بێ جووڵە، بە بێ فزە، وەک چیایەکی بەرز، بێ گیان نوستووە. ئافرەتەکە گەرەکیەتی بە زمانی جەستەی، بە سەمایەکی ئەبەدی، بە حەزێکی پڕ لە خۆشەویستی، ئەو جەستە بێ گیانە، ئەو چیا بەرزە، ئەو پیاوە نوستووە بجووڵێنێ، بەئاگای بێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئافرەتەکە لە جووڵەیەکی ئێجگار خێرای بەردەوامدایە. بە جەستەی پیاوە نووستووەکەدا هەڵدەگەڕێ، دەچێتە ناوییەوە، دەیخاتە باوشییەوە، سەمای لەگەڵ دەکات و هەندێ جار تەنانەت لە سەریشی پاڵ دەکەوێت. بەڵام پیاوەکە وەک چیایەکی بەردین، بێ گیان، هەروەک جەستەیەکی مردوو، بووکەشووشە ئاسا، دەبێتە گەمەیەکی دەستی ئەو ئافرەتە سەمازانە.

سەماکە وێنەیەکی ئەبسورد بەرجەستە دەکات. دابەشکردنێکی سەیری ئەو کارەکتەرانەیە. ئافرەتەکە لە چەقدایە، بزوێنەر و سەرکردەی ئەو جەنگ و گەمە پڕ لە ئازار و خەندەیەیە. بەڵام پیاوەکە لە پەراوێزدایە و هیچ جووڵە و کاردانەوەیەکیان نییە، بەڵکو تەنها جەستەیەکی  مردوو و بێ گیانە. لە چرکەساتێکدا، ئەو جەستە مردووە، لەپڕ دەبێتە پڵنگێکی تووڕە، لە جووڵەیەکی زۆر خێرادا، هەر بە نووستوویی، ئافرەتەکە دەگرێتە قەڵاندۆشکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک جەستەیەکی مردووی بێ گیان لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە. دیمەنەکە لە چاوتروکاندنەدا دەبێتە خورپەیەکی چاوەڕواننەکراو، چ بۆ سەمازانەکە، چ بۆ بینەرانیش. هەر لەم چرکەساتەشدا ئافرەتەکە دەبێتە باڵندەیەکی گەورە بەسەر شانی پیاوەکە، سەما دەکات، گۆرانی بە جەستەیەکی ماندوو و تەنها دەچڕێت. تا سەرلەنوێ چۆک بەو چیایە، بەو جەستە بێ گیانە، بەو پیاوە نوستووە دادەدات.

لە سووچێکی هۆڵەکەدا، لەناو بینەرانەوە، هونەرمەندێکی تر وەستاوە، بەردەوام ئامێری گیتار دەژەنێ و زۆر بەهێمنی جار ناجارێک گۆرانی دەڵێت. جەستە و سەمای ئافرەتە سەمازانەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تۆن، ئاواز و وشەکانی گۆرانییەکەدا دەخوڵقێنێ. مۆسیقاکە ڕیتمێکی تایبەتمەند دەبەخشێتە ژوورەکە، بەهەمان شێوەش

ژوورێکی تر، پانتاییەکی تر و جیهانێکی تر لە شنەی شەماڵ، لە شەپۆلی دەریا و لە تەنیایی بەرجەستە دەبێت. مۆسیقا و سەماکە دەبنە پڕۆسەیەکی هاوبەش، هاوکێشەیەکی دراماییی و پێناسەیەکی هونەری. بەر لە دوا دیمەن و دوا چرکەکانی سەمایە، وێنەی ڕۆخی ڕووبار و دەریاچەیەکی گەورە، بە سلاید دەخرێتەوە سەر دیوارە لایلۆنییە سپییەکانی ژوورەکە. ئافرەتەکەش، لەو تەنهاییەدا، هێدی هێدی نزیک دەبێتەوە، دەچێتە وێنەکەوە، لەگەڵ شەپۆلەکانی دەریاچەکەدا لە چاو ون دەبێت. لەدوای خۆی جووتێ پێڵاو، جانتایەکی دەستی و جەستەی پیاوێکی نوستوو بەجێ دەهێڵێ. (ئافرەتەکە بۆ یەکەمجار گەشتێک دەکات بۆ ڤاربێری، تا ئەو پیاوە ببینێ کە ژوانی لەگەڵ ڕێکخستووە. ڕۆژی دوایی هەردووکیان لەگوێ ڕووبارەکە پیاسە دەکەن. ئێستە بەردەوام هەر زستانە و هەوایەکی ساردی هەیە. تەنوورەکەی تا خوار ئەژنۆی هاتووە. پیاوەکە هەموو کاتێ زۆر خێراتر لە ئافرەتەکە ڕێ دەکات. ئەوان لەبەردەم خانوویەکی هاوینەی چۆڵدا دەوەستن. دەرگای سەر هەیوانەکەش کەمێک کراوەتەوە.)

پەراوێز:

(١) بڕوانە بەشی دووەمی ئەم کتێبە، لەو بەشەدا باسی شانۆنامەی (بازرگانی ڤینیسیا)مان کردووە، کە ماتس ئێک بە شێوازێکی بەرزی سەمائامێز لە سەر شانۆی پادشایەتیی پێشکەشی کردووە.

(٢) کاتاک Kathak سەمایەکی درامائامێزی دێرینی پێنج سەد ساڵ لەمەوبەرە و مانای سەرگوزەشتە یان حیکایەتخوان دەگەینێت. چیرۆکەکانی ئەم سەرگوزەشتانەش بریتییە لە گۆرانی و شیعر و لە ڕوانگەی کۆمەڵێ ئاماژەی ئەندامەکانی لەش و جەستەوە بەرجەستە دەکرێت. بێگومان زمانی جەستە و سەما گرنگترین پێکهێنەرەکانی ئەم بەسەرهاتانەیە.

(٣) کۆریۆگراف Koreograf لە بواری سەمادا لە بری وشەی ڕیژیسۆر (دەرهێنەر) بەکاردەهێنرێت، واتە ئەوکەسەی خودی سەماکە دادەهێنێ و مەشق بە سەمازانەکان دەکات.

(٤) شیڤا (Shiva) یەکێکە لە دیارترین خواوەندەکانی هندۆیسم. ئەم خواوەندە زیاتر بە (چاوی سێیەمی)و جۆری بەستنی قژی لە ناوەڕاستی تەوقی سەریدا تۆپەڵی کردووە، دەناسرێتەوە. یەکێک لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان بەم شێوەیە مێژووی شیڤا دەگێڕێتەوە: لەکاتێکدا شیڤا نیوەی چاوەکانی داخستووە و خەریکی ڕامان (مێدیتاشون)ە، پارڤاتی ژنی بە تەواوەتی چاوەکانی دادەخا، بەم شێوەش هەموو جیهان تاریک دەبێت. لەم کاتەدا شیڤا بەگوێی پارڤاتی ژنیدا دەچرپێنێت و دەڵێت: چاوەکانم ڕووناکی دەبەخشێت بە ژیان. بۆ ئەوەی گۆی زەویش وێران نەبێت، شیڤا چاوی سێیەمی دەکاتەوە و بەم شێوەیەش سەرلەنوێ ڕووناکی دەبەخشێتەوە بە گەردوون.

(٥) ئانیش کاپور (Anish Kapoor) یەکێکە لە گرنگترین ناوە دیارەکانی بواری پەیکەرتاشی و هونەری شێوەکاری. بەرهەمەکانی لە مۆزەخانە و هۆڵە دیارەکانی جیهان لە پاریس، لەندەن و



ستۆکهۆڵم پیشان دەدرێت. پڕۆژەکانی ئەم هونەرمەندە پێناسێکی گرنگی هونەری هاوچەرخە، بەڵام زۆربەی بەرهەم و پڕۆژەکانی لە ڕوانگەی کولتوورێکی دەوڵەمەند و دێرینی هندەوە سەرچاوە دەگرێت. نەژادی ئەم هونەرمەندە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی هندستان، بەڵام لە ئەورووپای ڕۆژئاوا گەورە بووە و هەر لە ڕۆژئاواش بڕوانامەی هونەری باڵای وەرگرتووە.

(٦) نیتین ساوهێنی (Nitin Sawhene) نەژادی ئەم هونەرمەندە هەروەک ئانیش کاپور دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی هندستان. بەڵام ئەم هونەرمەندە هەر لە سەرەتاوە کوولتوری هندی کردۆتە دەروازەیەکی گرنگی پڕۆژەکانی. بەشێوەیەکی هاوشان لەگەڵ مۆسیقای ڕۆژئاوا و مۆسیقای هندی کاری کردووە. دوای بڵاوکردنەوەی چەندین ئەلبومی مۆسیقا، شێوازی کارکردن و تەرازوو ڕاگرتنی نێوان ئەم دوو کولتوورە زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت. ساوهێنی ئەمڕۆ دادەنرێت بە یەکێک لە هونەرمەندە مۆسیقییە گەورەکان. ئەم هونەرمەندە جگە لە پڕۆژەکانی خۆی، مۆسیقا بۆ زۆر بەرهەمی تری وەک سەما، تەلەفیزیۆن و فیلم دادەنێت.

# بەشی حەوتەم

## ڤیستیڤاڵە شانۆییەکان لە سوێد

ساڵانە لە وڵاتی سوید و لە شارەکانی ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری و مالمێو ڤیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆیی و سەما سازدەکرێت. ڤیستیڤاڵەکان جۆرواجۆرن و ئاستی جیاوازیشیان هەیە. هەروەها ڤیستیڤاڵی شانۆیی سوێدیش سازدەکرێت. بۆ نموونە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی ستریندبێری (ستریندبێری لە ستۆکهۆڵم).

لەم بەشەی کتێبەکەشماندا، وەک دوا بەش، هەوڵ ئەدەین باسی هەندێ لەو ڤیستیڤاڵە شانۆییانە بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش ڤیستیڤاڵێکی جیهانیی شانۆی بووکەشووشە و ڤیستیڤاڵێکی سوێدیم بە نموونە هێناوەتەوە.

## دووەم فیستیڤاڵی شانۆی بووکەشووشە

شانۆی بووکەشووشە جۆرێکە، فۆرمێکە تایبەت بە شانۆی منداڵان و لە زۆر وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت و ڕێپۆرتواری خۆی هەیە. ئەم ساڵ لە ستۆکهۆڵم دووەم ڤیستیڤاڵی جیهانی بۆ شانۆی بووکەشووشە، بەڵام تایبەت بە بینەری گەورە دەستی پێکرد. نمایشەکانی ئەم ڤیستیڤاڵە وەک ڤیستیڤاڵی یەکەم کە لە ساڵی **١٩٨٨** پێشکەش کرا، بە هەموو شێوەیەک بۆ منداڵان قەدەغە بوو.[1]

Non stop puppets ناو و دروشمی ئەم ڤیستیڤاڵە گرنگە پڕ لە ڕەنگی جیاواز و



فانتازیایە. فانتازیا لایەنێکی بەبەها و دەوڵەمەندی ئەم جیهانە بووکەشووشەییە ترسناکەیە. ئەم جۆرەی شانۆی بووکەشووشە کە تایبەتە بە (بینەری گەورە) لەم دە ساڵەی دواییدا، وەک شێوازێکی نوێی شانۆیی گەشەی کردووە. جیاوازیش لەنێوان شانۆی بووکەشووشەی منداڵان و گەورە، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکان، سیمای بووکەشووشەکان و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئەو نمایشە بووکەشووشەییانە. بۆ نموونە ئەو گرفت و کێشە سەرەکییانەی لە نەمایشەکانی ئەم ڤیستیڤاڵەدا خراونەتە ڕوو ترسناک، فەلسەفی،چارەنووسساز بوون کە جیهانی ئاڵۆز و پڕ لە خەون، تاوان و ئەندێشەکانی مرۆڤی گەورە دەگرێتەوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نەمایشەکان، لە ڕووی فۆرم، دید، جۆرەکانی بووکەشووشە، بەکارهێنانی پانتایی، بەشداریکردنی هەندێ ئەکتەری ڕاستەقینە، یان بە واتایەکی تر چۆنیەتی هەڵسووڕان و بەکارهێنانی بووکەشووشەکان زۆر جیاوازن لە یەکترییەوە.

## گرووپە بەشدارەکانی ڤیستیڤاڵەکە

ئەم ساڵ کۆمەڵێ گرۆی گرنگی شانۆکانی بووکەشووشە بەشداری ئەم ڤیستیڤاڵەیان کرد بوو. ڤیستیڤاڵەکە، وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، بە هەموو شێوەیەک بۆ منداڵان قەدەغە بوو. گرۆ بەشدارەکان بریتی بوون لە فەرەنسا بەدوو پرۆژە، ئینگلیستان و هۆڵاند، نەمایشەکان لەسەر شانۆی Sodra teatern و شانۆی لووتی درێژ Langa Nasan کە تایبەتە بە شانۆی بووکەشووشە وەک لقێکی شانۆی شار لەستۆکهۆڵم، پێشکەش کران.

## گرووپی TAX12M لە فەرەنساوە

## شانۆیی (بەو شێوەیەی ئێوە دەتانەوێت)

ئەم شانۆییە یەکێکە لە کۆمیدیا کلاسیکییەکانی ولیەم شەکسپیر و هونەرمەندی ئەمەریکایی (ڕۆمان پاسکا) Roman Paska ئامادەی کردووە و هەر خۆیشی بەکاری ڕیژی و لایەنە هونەرییەکانی تری هەڵساوە. ڕۆمان پاسکا[2] ئەم بەرهەمە کلاسیکییەی شەکسپیری بەشێوازێکی نوێ و سەربەستانە خستۆتە ڕوو. نەمایشەکە لەلایەن سێ ئەکتەرەوە، لە کالایەکی وێنەیی ڕەنگین و بەهۆی بەکارهێنانی چەندین بووکەشووشەی گەورە و بچووکەوە، ئەو جیهانە داستانییەی شەکسپیر نیشان دەدات.

هونەرمەند ڕۆمان پاسکا بە نەژاد خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بنکە و دامودەزگا هونەرییەکانی لە شاری نیویۆرکە. بەڵام لە گەشتی هونەری بەردەوامدایە بە هەموو جیهاندا. لە گەشتەکانیدا کاری ڕیژی، سیمینار و مەشقی تایبەت بە هونەری بووکەشووشە پێشکەش دەکات. لە ساڵی ڕابردووەوە بۆتە بەڕێوەبەر و بەرپرسیاری یەکەمی دەزگای Charleville-Mezieres. ئەمەش دەزگایەکی گرنگی نێونەتەوەیی شانۆی بووکەشووشەیە لە باکووری وڵاتی فەڕەنسا. وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، پڕۆژەکەی ڕۆمان پاسکا خوێندنەوەیەکی زۆر سەربەستی شانۆنامەی (بەو شێوەیەی ئێوە دەتانەوێت)ی شەکسپیرە. ئەم ناونیشانە، واتە (بەو شێوەیەی ئێوە دەتانەوێت) لە نەمایشەکەدا، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لەبری ئەمە بۆتە (ئاردن/ئاردێنە). ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕووداوەکانی کۆمیدیاکی شەکسپیر لەدارستانە چڕەکانی (ئاردێنە)ی وڵاتی فەڕەنسادا ڕوودەدات. لەو دارستانەدا دەرەبەگێکی هەڵهاتوو کۆشکێکی شاهانەی کاتی بۆ خۆی بنیات دەنێت. کچی ئەم دەرەبەگە (ڕۆسەلیندا) و ئامۆزاکەی (گێلیا) دوای گێرمە و کێشەیەکی زۆر و بە هەڵە لەیەکتر حاڵیبوون زەماوەند لەگەڵ هەردوو برا (ئۆرلاندۆ) و (ئۆلیفەر) دەکەن.

دەستنیشانکردنی ئەو ناونیشانە نوێیەش، ئاردن/ئاردێنە، دووپاتکردنەوەیەکی ئەو خوێندنەوە سەربەستەی پیەسەکەیە. ڕۆمان پاسکا دەیەوێت بەم ناونیشانە نوێیە زیاتر شانۆییەکە ببەستێتەوە بەو پانتاییە جوگرافیاوە کە دارستانی ئاردێنەیە لە وڵاتی فەرەنسا.

هەروەها ئێستە ئەو دەزگا گرنگە نێونەتەوەیییەی شانۆی بووکەشووشە کە مەڵبەندەکەی فەڕەنسایە و هەر ڕۆمان پاسکا بەرپرسیار و بەڕێوەبەری یەکەمیەتی، دەکەوێتە نزیک دارستانی ئاردێنە کە ڕاستەوخۆ ڕووداوەکانی شانۆنامەکەی تیا ڕوودەدات. هەموو ئەو ئەکتەرە زۆر وریا و بەتوانایانەشی کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ ئەو بووکەشووشەن.[٣]

ڕۆمانپاسکا دەڵێت:( لەپڕ خۆمم لەنێو دارستانەکەی شەکسپیردا دیبەوە.ئەمەش وای لێ کردم سەرلەنۆی ئەو شانۆییە بەچاوێکی تر، هزر و دیدێکی ترەوە بخوێنمەوە . دیدی شەکسپیر بۆ شانۆ و سترکتوری ئەو کۆمیدیایە، وەک ئاوێنە و بەکارهێنانی دوو کارەکتەر، زەمینەیەکی گەلێ لەباریان پێ بەخشیم تا بەشێوەیەکی قووڵ لەو دیدە بکۆڵمەوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵم داوە پانتاییەکی فراوانتر ببەخشمە پیەسەکە و زیاتر بیانگونجێنم و ئاوێتەی شێوازە تایبەتەکەی ئەو فۆرمەی شانۆی بووکەشووشەی بکەم کە خۆم کاری پێ دەکەم. بیرۆکەی من لەوەدا دەسووڕایەوە، بە چ شێوەیەک شانۆی بووکەشووشەی لە ڕوانگە و دیدی ئەو پیەسەدا بەرەو پێشەوە بەرم.) ئەم هونەرمەندە لە تەمەنێکی زۆر مێردمنداڵیدا تێکەڵی کاری شانۆیی بووە. ئەوکاتە لەشاری نیویۆرکی ئەمەریکی وەک لاوێکی تازە پێگەیشتوو سەرەتای کارەکانی دەست پێ دەکات. یەکێک لە میتۆدە سەرەتاییەکانی ئەوە لاوە بەکارهێنانی (دەمامک و بووکەشووشە) بووە. گرنگی پێدانی ئەو جۆرە فۆرم و میتۆدانەش بەڕای پاسکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستروکتورە وێنەیی و لایەنە پێرفۆرمیەی Performing arts لە دەمامک و چەمکی شانۆی بووکەشووشەدا بەدی دەکرێت. ڕۆمان پاسکا سەبارەت بەم هاوکێشەیە دەڵێت: (بەکارهێنانی بووکەشووشە بەئاسانی دەتوانێ ببێتە دەربڕی هزر و دیدی هونەری، هەروەها لە هەمان کاتدا کەسایەتی و کارەکتەری جۆرواجۆریش بەرجەستە بکات. بەتایبەتی ئەو وێنە و کارەکتەرانەی کەمتر دەکرێت لە ڕوانگەی ئەکتەرێکی ڕاستەقینەوە بەرجەستە بکرێت.) زۆرجار ئەکتەر و بووکەشووشە بەجۆرێک لە جۆرەکان یەکتری تەواو دەکەن و کاریگەرییان بەسەر یەکتری و بینەرانیشەوە هەیە. ڕیژیسۆر و هونەرمەندی ئینگلیزی (گۆردن گریک) لە سەدەی ڕابردوودا و لە یەکێک لە قۆناغە گرینگەکانی کار و پڕۆژکانیدا گەرەکی بوو بەتەواوەتی ئەکتەر وەلاوەنێت و تەنها بە بووکەشووشەی جۆرواجۆر کار بکات. ڕۆمان پاسکا لە ڕووی خوێندنەوەی پیەسەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو پیەسەکەی شەکسپیری نەخوێندۆتەوە، یان بەواتایەکی تر خودی ئەو کومیدیایەی نەخستۆتە سەر شانۆ. بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر سەربەستانە نزیک بۆتەوە لە گەوهەری کۆمیدیاکەوە. نەمایشەکە هەر زۆر کەم تێکست و دیالۆگ لەخۆ دەگرێت. زمانی وێنە و فۆرمی شانۆی بووکەشووشە (بەتایبەتیش شێوازە ئەفسوونییەکەی پاسکا) و جیهانێکی ئەبسورد و فەنتازیایەکی باڵا نەمایشەکەی پێک هێناوە.

ڕۆمان پاسکا لەم نەمایشەدا زۆر بەچڕی جەختی لەسەر مەسەلەی تاراوگە کردۆتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕۆمان پاسکا خۆی، پاسکا ئێستە لە تاراوگەدا دەژی. ساڵێکە بە تەواوەتی نیویۆرکی بەجێ هێشتووە و لە ئاردێنەرنە Ardennerna لە فەرەنسا جێگیر بووە. هەرچەندە ئەو هونەرمەندە وەک میوانێکی ڕێزلێگیراو لە فەرەنسا دەژی، بەڵام ڕاستەوخۆ ئاماژەی ئەوە دەکات کە ژیان لە (تاراوگە) دەباتە سەر.

## گرۆی Green Ginger لە ئینگلستانەوە

ئەو گرۆیە یەکێکە لە گرنگترین گرۆ شانۆیییەکانی شانۆی بووکەشووشە لە ئینگلستان و بە زۆری وەک پرنسیپێکی هەمیشەیی شاکارە کلاسیکییەکان نمایش دەکەن. لەم ڕووەوە ئەم هونەرمەندانە ناوبانگیان بەوە دەرکردووە کە ئەو شاکارە کلاسیکییانە لە بۆچوونێکی زۆر تازە و جیاوازەوە پێشکەش دەکەن. بەرهەمە کلاسیکییەکان لە پرۆسەی پرۆژە هونەرییەکانیاندا هیچ ڕێز و بەهایەکی مێژووییان بۆ دانانرێت. هەموو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێک لە دووتوێی دیدو ئارەزووە هونەرییەکانیاندا سەقامگیر دەبێت.

Green Ginger لە نەژادەوە لە هەرێمی Walesەوە هاتووە و زیاتر وەک ئەکتەرێکی شانۆی سەرشەقام و کۆڵانەکان لەلایەک و خولّقاندنی شانۆیییەکی وێنەیی و ڕیتواڵی لەلایەکی ترەوە، ناسراوە. ئەم هونەرمەندە لە ڕوانگەی کۆمیدیایەکی پڕ لە خەندە، قسەی هەلەق و مەلەق، هەندێ جار دیمەنی توندوتیژ و ڕەق، گۆڕینی

هەڵوێستەکان بۆ وێنەی بزاوت، بووکەشووشەی گرۆتێسک و ئەکتەری ڕاستەقینەی دەمامک پۆش، شێوازێکی زۆرتایبەتی لە ڕەوتی شانۆیەکی هاوچەرخی بووکەشووشەی (گەورەکان) خوڵقاندووە. ئەمە دووەم جارە ئەم گرۆیە سەردانی وڵاتی سوێد دەکەن. ساڵی ١٩٨٨ بۆ یەکەم جار لە چالاکییەکانی (ستۆکهۆڵم پایەتەختی کولتووری ئەورووپا) یەکێک لە گرنگترین پرۆژەکانیان لە شاری ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکەن. بەشداری ئەمجارەیان باسی چیرۆکێکی ئازاراوی، گرۆتێسک و تراژیدی ـ کۆمیدی (بەمبی)یە و سەرنجی تێکڕای بینەران و ڕەخنەگرەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

## شانۆیی (بەمبی)[٤]

بەمبی Bambi کارەکتەری کۆمەڵێ سەرگوزەشتەی کلاسیکییە و لای ئەورووپییەکان بابەتێکی ئاشکرایە. لەم چیرۆکەدا بەمبی بە چاوە پڕ لە ئاوتێزاوەکانیەوە لەگەڵ براکەی (گۆبۆ) Gobo و دایکە تەنهاکەیان، خۆیان لەناو زێراب و سەردابە تاریکە پڕ لە توندوتیژەکان، تاوان و خەڵکانی تاوانباردا لەنێوەڕاستی شارە گەورەکاندا دەبیننەوە. ئەم گروپە شانۆییە بەهۆی بەکارهێنانی ئەکتەری دەمامک پۆش، بووکەشووشەی گرۆتێسک و وێنەی بزاوتی سینەمایی شێوازێکی نوێ دەبەخشنە کارەکتەری بەمبی و ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە کلاسیکییە پڕ لە ئازار و ژانە. لەم جیهانەدا یاساکانی جەنگەڵ پەیڕەوی دەکرێت



و یەکێک لە گرنگترین ئەو یاسایانەش ئەوەیە: بەهیچ شێوەیەک دزی لە هاوڕێکەی خۆت مەکە، زۆرجار ئەو یاسایانە چارەنووسی کارەکتەرەکان بەرەو هەڵوێستە دژوار و جیاوازەکان دەبات.

بەرێکەوت ئەم دوو برایە خۆیان لە ناوەڕاستی ئەو دۆزەخەی شاردا دەبیننەوە. بەمبی دوای کۆمەڵێ پێکدادانی توندوتیژ و کارەساتی یەک لە دوای یەک، دایکی و گۆبۆی برای لەدەست دەدات. دوای ئەوە بەمبی لەو جیهانە تەنهایەدا ناچار دەبێت بگەڕێت بەدوای باوکیدا، ئەو باوکەی هەرگیز بوونی بۆ نەبووە. گەڕانی بەمبی بەدوای باوکیدا گەڕانێکە بەدوای خودی خۆیدا، گەڕانی دۆزینەوەی ناسنامە و بڕوایە. بەمبی گەرەکیەتی باوکی ژیانی منداڵیی بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەو ژیانەی کە بە تەواوەتی بێ بەش بووە لە هەموو جۆرە هەست و سۆزێکی باوکایەتی. Green Ginger هونەرمەندێکی بەسەلیقە و پسپۆڕە لە بوارەکەی خۆیدا. بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پرۆژەیەی کۆمەڵێ وێنەی ڤیدیۆ، تەکنیکێکی باڵای بەکارهێنانی دەنگێکی بەهێز، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی نابەجێی بۆ بینەران هەبێت توانیویەتی جیهانێکی بچووکی تەلیسماوی بخولّقێنێت. کەرەسە سەرەکییەکانی ئەم جیهانە ئەپسوردە، بەکارهێنانی کۆمەڵێ بووکەشووشەی گرۆتێسک و کۆمیدییە. ئەم بووکەشووشانە دەبنە کارەکتەرێکی ڕاستەوخۆ بۆ بەرجەستەکردنی پاڵەوانەکانی ئەو چیرۆکە کلاسیکییە. ئەمە جگە لەو وزە و توانا بەهێزەی ئەو ئەکتەرە بەتوانایانەی زۆر بەهێمنی و بلیمەتانە خۆیان لە پشت بووکەشووشەکانەوە مەڵاس داوە، بەبێ ئەوەی بینەران هەستیان پێ بکات. ئەو ئەکتەرانە بوو بوونە کۆمەڵێ سێبەری بەهێز، تارمایی ئاسا بووکەشووشەکانیان دەجووڵاند. ئەو ئەکتەرانە هێندە بە سەلیقە ئەو کارەیان بە ئەنجام دەگەیاند، بووبوونە بەشێک لەو هاوکێشە توندوتیژە. ئەم چیرۆکە ڕەشەی بەمبی دۆزەخێکی ئاشکرایە، مرۆڤەکان قوربانییەکی ڕاستەوخۆی ئەو کارەسات و ژیانە دۆزەخ ئاسایەن. بووکەشووشەکان هێندە نزیک دەبنەوە لە بینەرانەوە، هێندە بە سەلیقە هەڵدەسوورێنرێن، هەروەک ئەوەی کۆمەڵێ ئەکتەری ڕاستەقینە، ڕاستەوخۆ ئەو کارەکتەرانە نەمایش بکەن. لەنێو ئەو جیهانە ئەبسورد و مەرگەساتەدا، ئاوازێکی خەمگین، هێڵێکی لێواولێو لە ژان و ئازار دەبینین. دیمەنی ناشتنی براکەی بەمبی (گۆبۆ) یەکێکە لە دیمەنە پڕ لە هەست و وێنە بەرزەکانی نەمایشەکە. ئەم دیمەنە لە ڕوانگە و دیدێکی هێندە ڕەش و لێوڕێژ لە ئازاردا بەرجەستە دەبێت، وا دەزانیت سەیری یەکێک لە دیمەنە ئەبسوردە فەلسەفییەکانی (بێکێت) دەکەیت.

## گرۆی Stuffed Pappet Theatre لە هۆڵەنداوە

## شانۆنامەی RE: Frankeinstein

ئەم نمایشە جیهانێکی سەرسوڕهێنەرە، بەشێوازێکی قووڵ، وێنەیی و فانتازیا باس لەدەستدانی پاکیزەیی دەکات. چیرۆکی ئەو خۆشەویستە دەگێڕێتەوە کە لە ئەنجامدا دەبێتە رق و قین. باسی ڕاوی ئەندێشە و خەیاڵ دەکات. زۆر بە وریایی ئەو نموونانە دەخاتە ڕوو کە لە ناوەوەی خودی خۆماندایە.کار و پرۆژە هونەرییەکانی ئەم گروپە نامۆ نییە بە ڕخنەگر و بینەرانی شانۆی سوێدی. هونەرمەند Neville Treter بۆ پێنجەم جارە سەردانی وڵاتی سوێد دەکات.

ئەم هونەرمەندە بە تەنها لەسەر شانۆ لەگەڵ هەموو بووکەشووشەکاندا، یان بە واتایەکی ڕاستتر کارەکتەرەکاندا گەمە دەکات. بووکەشووشە دەبنە مرۆڤی ڕاستەقینە، گەمە دەکەن، دەپەیڤن، پێدەکەنن و دەگرین.

Neville Tranter بە نەژاد ئوسترالییە. لە ساڵی ١٩٧٨ەوە بنکە هونەرییەکەی گوێزاوەتەوە بۆ شاری ئەمستردامی پایتەختی وڵاتی هۆڵاند و لەوێوە گەشتە هونەرییەکانی بە جیهاندا دەکات. شێوازی ئەم هونەرمەندە زۆر تایبەتە، فۆرمێکە لە شانۆی بووکەشووشە کە خۆی پەرەی پێداوە. گەشەکردنی ئەم فۆرمە، ئەم ئەزموونە، بۆتە سیمایەکی تایبەتی شانۆی بووکەشووشەی گەورەکان. ئەم هونەرمەندە لە ڕوانگەی بەکارهێنانێکی زۆر ڕەنگینی ژیانێکی ڕۆژانەی پڕ لە خەندە لەلایەک و بارێکی گرانی کوشندەئاساش لەلایەکی دیکەوە، دنیایەک لە وێنەی سەرسوڕهێنەر و جیاواز دەخوڵقێنێ. وێنە و جەستەی بووکەشووشەکان دەبنە جۆرە پەیکەرێکی داتاشراوی بزۆز لەنێو دەزوولەکانی چاودا. بووکەشووشەی گەورە و جەستەی هۆشمەند و وریای ئەو هونەرمەندە خۆی هارمۆنیایەکی گونجاو دەستەبەر دەکەن. ئەفراندن بە هەموو ماناکانی ئەم وشەیە، سیمایەکی گەورەی ئەو هارمۆنییە گونجاو و بەرزەیە.

بابەت و سیماکانی ژیان: قین، شانازی و هەستکردن بە گوناە، گیان دەکات بە بەری ئەو بووکەشووشانەدا و ژیانێکی گەورەیان پێ دەبەخشێ. ئەم هونەرمەندە هەر خۆی بووکەشووشەکانی دروست دەکات، لەم ڕووەوە دەڵێت: (من ڕووبەڕووی پیشەیەک بوومەتەوە پێویستی بە سەلیقەیەکی زۆرە لە ئیشی دەستدا، لە هەردوو بارەکەدا، لە کاتێکدا بووکەشووشەکان دروست دەکەم و لەو کاتانەشدا کە لەسەر شانۆ لەگەڵیان دەژیم



و گەمەیان لەگەڵ دەکەم. لەو پرۆسەیەدا ڕووبەڕووی ڕەنگەکان، جووڵانەوە، شانۆ و موسیقا دەبمەوە.)

ئەم هونەرمەندە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە دەیەوێت مرۆڤ ڕووبەڕووی خەون، خۆزگە، پێداویستی و هەست و سۆزەکانی خۆی ببێتەوە. هەروەها دووپاتی ئەو پرۆسێسەش دەکاتەوە کە ئەزموونەکەی پیا تێپەڕیوە. ئەزموونێکی سەخت و گران. ئەزموونێک کە کاتی زۆری ویستووە تا ئەم فۆرم و بەرئەنجامەی وەرگرتووە. لەو هاوکێشەیەدا زۆر گرانە کارەکتەری خۆت بدۆزیتەوە و لەهەمان کاتدا بەرەو پێشەوەشی بەریت، هاوتەریب لەگەڵ کارەکتەری بووکەشووشەکاندا.بووکەشووشەکان کارەکتەری زۆر بەهێزن وبوونێکی شکۆدار و بە بەهایان لەسەر شانۆ هەیە. ئەم هونەرمەندە گەورەیە بە ژمارەی بووکەشووشەکانی لەسەر شانۆ، هێندە جار جۆری تۆنەکانی دەنگ، جووڵەی جەستە، سیمای دەم و چاو و کارەکتەری جیاواز دەگۆڕێ و پێشکەش دەکات. . خۆی دەبێتە یەکێک لەو کارەکتەرە بووکەشووشەییانە، بووکەشووشەکانیش بە مرۆڤ و کارەکتەری ڕاستەقینە.

## گرۆی Eclats Etats لە فەڕەنساوە

## شانۆنامەی (یاداشتە زۆر تایبەت و نزیکەکانی مێشێک)

کێ لە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیویستووە، یان بیری نەکردۆتەوە ببێتە تەنها مێشێکی بچووک، بۆ ئەوەی بەنهێنی چاودێری هەڵوێستە نزیک و هاودەمەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بکات؟ ئەگەری ئەو پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە. گەر مرۆڤ بۆ تەنها ڕۆژێک و بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات ببێتە مێشێک؟ بیر لەوە بکەرەوە مێشێک گیزەگیزی دێت بەلای سەرمانەوە و لە تواناشیدایە جاسوسی بەسەر ژیانی ناوەوەمان، خەونەکانمان و هەموو هەست و سۆزێکیشمانەوە بکات. ستركتوری ئەم نمایشە لەسەر کۆمەڵێ پارچەی زۆر بچووک پێک هاتووە. نەمایشەکە جۆرێکە لە performance و لە نواندن و ڕیژی کیژە هونەرمەندێکی گریکی دانیشتووی فەڕەنسا ، Katerini Antonakaki یە.

ئەم هونەرمەندە لە ڕوانگەی کۆمەڵێ بووکەشووشە و فۆرمی جۆراوجۆری زۆر بچووکەوە کە درێژاییان تەنها ٢٥ سم دەبێت و لە پانتاییەکی تەسک و بچکۆلەی بە تیشک دیاریکراودا بەرجەستەی کۆمەڵێ فۆرم، وێنە و جووڵانەوەی سەرسوڕهێنەر دەکات. نەمایشەکە وەک شیعری لێ دێت و لێوانلێو دەبێت لە وێنە و فانتازیا، فانتازیا دەبێتە وێنە و وێنەش دەبێتە هەستێکی بەهێزی دەربڕینی شیعری. ئەو کیژە هونەرمەندە لە

پانتاییبیەکی وردی جووڵەئامێز و ریتواڵێکی هونەریدا پڕۆژەکەی پێشکەش دەکات. ئاوی باران کۆدەکاتەوە بۆ هێنانەدی خەونەکانی، خەونەکانیشی دەبێتە گەمەیەکی ساکاری پڕ لە هەست و دەربڕین. جانتاکەی شانیشی جامێ ئاوی باران و کۆمەڵێ بووکەشووشەی وردی تیا هەڵگرتووە.

## شانۆی ئینتیم لە حەوتەم ڤیستیڤاڵی ستریندبێریدا لە ستۆکهۆڵم

ئەم ساڵ شانۆی (ئینتیم) بووە ناوەندێکی گرنگی چالاکییەکانی حەوتەم ڤیستیڤاڵی نووسەری گەورەی سوێدی ئاگۆست ستریندبێری. ڤیستیڤاڵەکە لە سەر شانۆی ئینتیم پێشکەش کرا. شانۆی (ئینتیم)یش یەکێکە لە شانۆ دێرینەکانی سوێد و ستریندبێری خۆی لە ساڵی ١٩٠٧دا لە ستۆکهۆڵم دایمەزراندووە. چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵەکەی ئەم ساڵ چەندین سیمینار، خوێندنەوەی شیعر و بەرهەمەکانی ستریندبێری، کۆنسارت و ئاهەنگی گۆرانی، پیشاندانی فیلم و شانۆنامەکانی ستریندبێری لەخۆگرت.

گرنگترین سیمینارەکان: بێنگت لاگەرکڤیست سەبارەت ستریندبێری وێنەکێش دەدوێت، ئینگمار باریمان و سۆناتای تارمایی لەلایەن پرۆڤیسۆر ئێگیل تۆنگڤیست، ریژیسۆر و ئەکتەری ناسراو کێڤی هێلم دەربارەی مامەڵەی خۆی لە تەک ستریندبێریدا دەدەوێت، پانێلێکی گفتوگۆ لەلایەن پسپۆڕ و ڕەخنەگرانی سینەما و شانۆوە سەبارەت بە ئینگمار باریمان ـ ستریندبێری، ستریندبێری فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریک نیچە- خوێندنەوەی گۆڵبژێرێک لە نامە بڵاونەکراوەکانی نێوان ئەو دوو بلیمەتە گەورەیە، هونەرمەندی سینۆگراف سۆرین بریۆنێس وتووێژێکی فەلسەفی سەبارەت بەو وتەیی ستریندبێری کە دەڵێت: (دەکرێت دیمەنێک لە تاریکیدا پێشکەش بکرێت و چێژیشی لێ وەربگیرێت، تەنها گەر باش بخوێندرێتەوە.) پێشکەش کرد و دواجاریش سیمینارێک سەبارەت بە شانۆی ئینیتیم لە دوێنێ و ئەمڕۆدا.

چالاکییە شانۆییەکانی ڤیستیڤاڵی ئەم ساڵ زۆر دیاریکراو بوون و گرنگترینیان شانۆنامەی (باوک و پاریا) لە ریژی هونەرمەند تۆشتن ڤلینک، خاتوو ژۆلیا وەک سەمایەکی ڤلامینکۆ، پرۆسەی زەماوەند و نەمایشێکی سەمائامێز. وەک لەوەبەر ئاماژەم بۆ کرد شانۆی ئینیتم بووبووە ناوەند و چەقی چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵەکە. لەبەر گرنگی و بەهای ئەو شانۆیە هەوڵ ئەدەم لێرەدا بە کورتی باسی مێژوو، چۆنیەتی سەرهەڵدان و ڕەوتی شانۆی (ئینتیم) لە ستۆکهۆڵم بکەم.



## شانۆی ئینتیم

ئاگۆست ڤالک August Falk یەکێک بووە لە ریژیسۆرە گەنجەکانی سەردەمی ستریندبێری. ئەم گەنجە لە خێزانێکی هونەرپەروەر و شانۆییدا گەورە بووە. باوکی لە شانۆی پادشایەتی کاری کردووە. ڤالک ساڵی ١٩٠١ لە یەکێک لە دیارترین قوتابخانە شانۆیییەکانی ئەوکاتەی ستۆکهۆڵمدا بەناوی (شانۆیەکی نوێ)ەوە خوێندوویەتی. دواجار لە شانۆی سوێدی لە هێلسینڤۆشی پایتەختی فینلاند بۆ کارکردن دەگیرسێتەوە. ئەم گەنجە زۆر هەڵپەی کارکردنی داوە و بە چاوێکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستیشەوە مامەڵەی لە تەک پیەسەکانی ستریندبێری کردووە. یەکەم پرۆژەی سەرکەوتووی ڤالک شانۆیی (خاتوو ژۆلیا) دەبێت. سەرەتا لە ڕوانگەی گەشتێکی هونەرییەوە لە زۆربەی شارەکانی سوێد شانۆنامەی خاتوو ژۆلیا نەمایش دەکات. دواجار گەشتی ئەو سەرکەوتنە هونەریە لە ١٣ی مانگی دێسێمبەری ساڵی ١٩٠٦دا و لە (شانۆی گەل) لە ستۆکهۆڵم کۆتایی دێت. ئەم سەرکەوتنەی ڤالک و شانۆیی خاتوو ژۆلیا، سەرلەنوێ بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت لەلای ستریندبێری دەورووژێنێت.[٦] ستریندبێری بۆ ئەو مەبەستە (ئاگۆست ڤالک) وەک ریژیسۆرێکی گەنج بە بەرپۆەبەرێکی شیاوی ئەو پرۆژەیە دەبینێت.

ئاگۆست ڤالک و هاوڕێ ئەکتەرەکانی زۆر بەپەرۆشەوە بەپیر بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆکەی ستریندبێریەوە دەچن. ستریندبێری پیەسە شانۆییە نوێیەکانی خۆی کە بەتایبەتی بۆ ئەو شانۆ نوێیە دەنووسێت ناو دەنێت (گەمەی ژوور)Kammarspel.

پایزی ساڵی ١٩٠٧ شانۆ ژوورەکەی ستریندبێری و ڤالک لە شەقامی (نۆرە بانتۆرییەت) لە ستۆکهۆڵم بە شانۆیی (سەقاقوش) دەکرێتەوە. بەها و گرنگی مێژوویی ئەم شانۆیە لەوەدایە کە ستریندبێری کۆمەڵێک پیەسی گرنگ بەناوی (گەمەی ژوور)ەوە ڕاستەوخۆ بۆ ئەم شانۆیە دەنووسێت. ئەو پیەسانەش لەنێوان مانگی یەک تا مانگی شەشی ساڵی ١٩٠٧دا نووسیوتی بریتین لە: (زریان، زەوی سوتاو، تارمایی سۆناتا و سەقاقوش.) بەڵام پێنجەم شانۆیی گەمەی ژوور (دەسکێشی ڕەش)ە، ستریندبێری ئەم پیەسەیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٨دا تەواو دەکات. ستریندبێری ئەم پیەسانە لە شێوازی کۆمەڵێ جووڵەی مۆسیقییەوە پێکەوە پارچە مۆسیقایەکی پێنج بەشی پێک دەهێنێ. هەروەها ئامانجی دامەزراندنی ئەم شانۆ تایبەتی ستریندبێری، جگە لە پیەسەکانی (گەمەی ژوور) نەمایشکردنی ئەم پیەسانەی تریشی بووە کە تا ئەو کاتە لە سوێد

پێشکەش نەکرابوون. دواجار ئەو شانۆیە لە ستۆکهۆڵم ناودەنرێت بە شانۆی (ئینتیم) -In tima Teatern و وشەکەش زۆر نامۆ نەبووە بە نێوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەوکاتەی ستۆکهۆڵم. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٥دا و لە گۆڤاری (وشە و وێنە)دا بابەتێکی ئامادەکراو بەناوی (شانۆی ئینتیم)ەوە کە لە گۆڤارێکی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە سەبارەت بەو شێوازە نوێیەی شانۆ بڵاوکراوەتەوە.

زاراوەی (ئینتیم) یش مانای هاودەم و نزیک دەگەیەنێت، لەو ڕووەوەی شانۆکە، شانۆیەکی بچووکی ژوورئاسایە و ژمارەی کورسییەکانی دیاری کراوە. بەم شێوەیەش تەختەی شانۆ و بینەران زۆر نزیک دەبێتەوە لە یەکەوە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی گەرموگوڕ، لەنێوان ئەکتەرەکان و بینەراندا دروست دەکات. شانۆی ئینتیم لە ستۆکهۆڵم لەکاتی کردنەوەیدا تەنها ١٦١ کورسی دانیشتنی لەخۆگرتووە. تەختەی شانۆکەش شەش مەتر درێژ و چوار مەتر قووڵ بووە. ئەمەش پێویستی بە بارودۆخێکی جیاواز و خوڵقاندنی فۆرمێکی تازە بووە بۆ نووسینی شانۆنامەکان و پێشکەشکردنیان.

دامەزراندنی شانۆیەکی لەو چەشنەش بەرجەستەکردنێکی خەون و بۆچوونە دێرینەکانی ستریندبێری بووە بۆ خوڵقاندنی شانۆیەکی ڕاستەقینە. ستریندبێری لە پێشەکییە گرنگەکەی شانۆنامەی خاتو ژولیا دا دەڵێت: (سەرەتا و کۆتایی تەختەیەکی بچووکی شانۆیی و هۆڵێکی نزیک و بچکۆلە پێویستە.)

هەروەها ستریندبێری لە یەکێک لە نامەکانیدا بەم شێوەیە باسی شانۆی ئینتیم دەکات: (گەر ئێستە لە من بپرسن شانۆیەکی ئینتیم چی دەوێت، مەبەست لە بیرۆکەی گەمەی ژوور چییە، دوتوانم بەم شێوەیە وەڵام بدەمەوە : لە دراماکە ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارە پڕ مانا و بەهێزەکان دەدەین، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار و دیاریکراو .لە چارەسەرکردنەکاندا وەلاوەنانی هەموو جۆرە زەخرەفەکاریی، کاریگەری چاوەڕوانکراو، چەپڵەڕێزان، ڕۆڵی بریقەدار و سەرەکی دەدەین. نابێت هیچ جۆرە فۆرمێکی دیاریکراو نووسەر ببەستێتەوە، لەبەرئەوەی هۆکارەکە خۆی مەرج بۆ فۆرم دادەنێت. بە مانایەکی تر سەربەستی لە چارەسەرکردنەکاندا، تەنها پابەندی یەکەی پرۆژە و شێواز و هێڵە هەستییەکە دەبن.)[٧] شانۆنامە و نەمایشی (سەڤاقوش) کە شانۆکەی پێ دەکرێتەوە، وەک زۆربەی شانۆییەکانی تری ستریندبێری کە لە شانۆی (ئینتیم) نەمایش دەکرێت، وەک دیاردەیەکی نوێ بۆ ئەوکاتەی شانۆی سوێدی، بەر شاڵاوێکی توندی ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرە شانۆییەکان دەکەوێت. ئەمەش حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بووە بۆ کەسێکی وەک



ستریندبێری کە بە ماوەیەکی درێژ پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو. ئەو شاڵاوە ڕەخنەییانەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو شانۆییانە جەماوەرێکی زۆری لێ کۆنەبێتەوە و دوای چەند هەفتەیەک نەمایشەکە ڕابگیرێت.

هۆکاری ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی ئەکتەرەکانی ئەو شانۆ نوێیە ئەکتەری لاو و تازە پێگەیشتوو بوون و توانای هونەرییان لە ئاستێکی بەرزدا نەبووە. ئەمە جگە لەوەی (ئاگۆست ڤاڵک) یش ئەو ریژیسۆرە بلیمەتە نەبووە، بتوانێت نەمایشەکان بگەیەنێتە ئاستێکی هونەری بەرز و نهێنی پەیامەکان بدۆزێتەوە.

ستریندبێریش ناچار دەبێت خۆی یارمەتی و هاریکاری ئەکتەرەکانی بکات، بۆ ئەو مەبەستەش هەر خۆی کاری ریزی هەندێ لە نمایشەکان دەکات و چەندین وتاری گرنگیش سەبارەت بە هونەری نواندن و ریژی دەنووسێت. ئەو وتارانەی لە ڕێگای (نامەی کراوە)وە ئاراستەی شانۆی ئینتیم و ئەندامەکانی کردووە.[٨]

ئێستە ئەو نامانە لەگەڵ هەزارەها نامەی تری ستریندبێری دادەنرێت بە کولتوورێکی گرنگی ئەدەبی هاوچەرخی سوێدی و لە چەندەها بەرگدا و بۆ چەندین جار چاپ و بڵاوکراونەتەوە.[٩] (شانۆی ئینتیم) تەنها چوار ساڵ بەردەوام دەبێت و لە ئەنجامدا بەهۆی بارێکی زۆر گرانی داراییەوە ناچار دەبێت و لە ساڵی ١٩١٠ دا دابخرێت.[١٠]

شانۆی ئینتیم لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا توانیویەتی بیست و چوار شانۆیی جۆراوجۆری ستریندبێری پێشکەش بکات. هەروەها تێکڕا ١٠٢٥ جار ئەو نمایشانە پێشکەش کراون. ئاگۆست ڤاڵک لە ساڵی ١٩٣٥دا کۆی ئەو ئەزموونە گرنگەی ڕەوتی شانۆی سوێدی لە کتێبێکدا بەناوی (پێنج ساڵ لەگەڵ ستریندبێریدا) بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکە باس لە ئەزموونی خۆی (ئاگوست ڤاڵک) لەگەڵ ستریندبێری و شانۆی ئینتیمدا دەکات. هەروەها ئەو کتێبە ڕێپێرتوار و پرۆگرامی شانۆییە نەمایشکراوەکانی ئەو چەند ساڵەی شانۆی ئینتیم کتێبەکەیدا کە لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە دەڵێت: (گەر ئێمە خاوەنی ئیمکانیاتێکی زیاتر بووینایە، بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم هەموو ئەو بیر و دیدانەی ستریندبێری هەیبوو، کە زۆربەی شەوان بەوپەڕی هێمنییەوە گفتوگۆمان لەسەر دەکرد و لەسەر ڕووپەل ئامادەمان دەکرد، دەبووە شۆڕشێک لە بواری شانۆدا. چونکە خەونەکانی شانۆی ئینتیم زۆر گەورە بوون.)[١٢] پەیامەکانی (گەمەی ژوور) کاریگەرییەکی لەبەرچاو بەسەر شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە هەیە. ئەو کاریگەرییە بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا، بە ڕوونی لەلای (بێکێت و یۆنسکۆ) دەبینرێت.

## سەرچاوەکان:


1. Strindberg, August.Kommarspel , Strindbergs samlade verk,nr 58. Texten redigerad och kommenterad av gunnar Ollen, 1991.
2. Strindberg, August. Teater och Intima teater, Strindbergs samlade verk, nr 64.Textens redigerad och kommenterad av Per Stam,1999.
3. Strindberg,August, Forord och memorandum, Teater 1, Polemik, Teorier, Manifest, en antologi av Ingvar Holm,1970.
4.Festivalen Strindberg i Stockholm, 2000.


## پەراوێز:

(١) شانۆی بووکەشووشە وەک فۆرمێکی شانۆیی بۆتە چەمکێکی تایبەت بە شانۆ و جیهانی منداڵان و لە نەستی خەڵکی و جیهانی شانۆدا بۆتە ئامرازێکی دەربڕینی جیهانە ڕەنگاوڕەنگەکەی منداڵان .گومان لەوەدا نییە کە ئەو فۆرمە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی منداڵان. هەروەها بەهەمان شێوەش بۆ خەڵکی گەورەش بۆتە سیمایەکی تایبەت و ڕاستەوخۆی ئەو جیهانەی کە منداڵان تیایدا دەژین. کە دەوترێت شانۆی بووکەشووشە، واتا شانۆیەکی تایبەت بە منداڵان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری شانۆی ئەورووپی. گەر ئاوڕێکی خێرا بەسەر ئەو کولتوورەدا بدەینەوە دەبینین تا ئێستا شانۆ و درامای ئەورووپی بووکەشووشەی تیا بەکارنەهاتووە. ئەو شێوازە نەبۆتە ئامرازێکی دەربڕینی ئەو سترکتورە درامییە. بەڵکو دواتر ئەو هونەرە وەک شانۆیەکی تایبەت بە منداڵ دەرکەوتووە و گەشەی کردووە. بەڵام ئەم بارە لە کولتوور و شانۆیی ڕۆژهەڵات و ئافریقادا بە تەواوەتی جیاواز و پێچەوانەیە. فۆرمەکانی شانۆی ڕۆژهەڵات، بۆ نموونە ئۆپێرای پەکین، فۆرم و شێوازە سەمائامێزەکانی شانۆی بالی لە ئەندۆنیسیا و شانۆی نۆیی ژاپۆنی بەکارهێنانی بووکەشووشە لایەنێکی گرنگی ئەو کولتوور و سترکتورە زۆر دێرینەیە.

(٢) ئەم هونەرمەندە بەر لە چەند ساڵێک لەمەوبەر وەک یەکێک لە باشترین ڕیژیسۆرەکانی ئەمریکا ئاماژەی بۆ کراوە. لەم چەند مانگەی ڕابردوودا پرۆژەیەکی ئۆپێرالی بە هاوکاری کۆمپۆسیتۆر Steve Reich بەرهەم هێناوە.

ڕەخنەگرەکان وەک پرۆژەیەکی زۆر جیاواز و تازەی بواری هونەری ئۆپێرا ئاماژەیان بۆ کردووە. ئەم هونەرمەندە هەتا ئێستا چەند جارێک سەردانی سوێدی کردووە. یەکێک لەو پرۆژانەی سوێدی کە ڕەخنەگران لە ئاستێکی زۆر بەرزدا هەڵیان سەنگاندووە، خوێندنەوە تایبەتە بووکەشووشەییەکەیەتی بۆ شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) نووسەری سوێدی ستریندبێری. ئەم نمایشەی ڕاستەوخۆ بۆ شانۆی بووکەشووشەی ستۆکهۆڵم بەرهەم هێناوە.

ڕۆمان پاسکا لە شاری Newport لە وڵاتی ئیسلاند Island لەدایک بووە و هەر لە تەمەنێکی



زووەوە لە نیویۆرک خۆی تەرخانی شانۆی بووکەشووشە کردووە.

(٣) ئەو دەزگا نێودەوڵەتییەی شانۆی بووکەشووشە Charleville-Mezieres یەکێکە لە ناوەندە دەگمەنەکانی ئەمڕۆی جیهان. دەزگایەکی ئەرشیفی گەورە و گرنگ لەخۆدەگرێت و مەڵبەندێکی گرنگی لێکۆڵینەوە و سیمینار و دروستکرنی بووکەشووشەیە. ئەمە جگە لەوەی پەیمانگایەکی بەرزی هونەری بووکەشووشەش لەخۆدەگرێت و خوێندکاران لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێدەکەن.

(٤) (بەمبی) جۆرە ئاژەڵێکی ڕۆح سووک و خۆشەویستە و لەناو کێڵگە و باخ و بێستانەکاندا دەژی. بەڵام لەلای ئەم گرۆیە ئەم ئاژەڵە بۆتە سمبولی کەسایەتییەکی نوێ. ئەو کەسایەتییە نوێیانەی شەو لە مەیخانە، باوەشی سۆزانییەکان، گەراجە کۆن و کۆڵانە تاریکەکانی ناو شارە گەورەکانی ئەمڕۆی ئەورووپادا بەسەر دەبەن.

(٥) ئەم هونەرمەندە لە تەمەنێکی گەورەدا دەستی کردووە بە شانۆی بووکەشووشە. سەرەتا لە زانکۆی Colleget Toowoomba لە ئۆستراليا ئامۆژگای مامۆستایانی خوێندووە، تا ببێتە مامۆستا. هەر لەم زانکۆیەدا بۆ یەکەمجار پەیوەندی کردووە بە بەشی درامەوە. لەوێوە حەز و ئارەزووی بۆ شانۆ دەستی پێ کردووە. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا دەبێتە قوتابی ڕیژیسۆر و پێداگۆگی ئەمریکی Robert Gist. هەر لەو کاتەدا لەگەڵ گرۆی شانۆیی Billbar Puppet Theatre دەست بەکار دەکات. دوای ئەوە خۆی گرۆی Stuffed Puppet Theatre دادەمەزرێنێت. گرۆکەی بۆ یەکەمجار لە ئەورووپا و لە فیستیڤاڵێکی شانۆییدا Festival of Fools لە ئەمستردام بەشداری دەکات. بەشدارییەکەی دەبێتە ڕووداوێکی گرنگ و سەرکەوتنێکی گەورەی هونەری بەدەست دەهێنێ. دوای ئەوە خۆی دەپێچێتەوە و بە تەواوەتی ئۆستراليا بەجێ دەهێڵێ و لە شاری ئەمستردامی پایتەختی هۆڵاند نیشتەجێ دەبێت.

(٦) دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی خەونێکی دێرینی ستریندبێری بووە. بۆ هێنانەدی ئەو خەونەش چەندین تەقەلای داوە. پایزی ساڵی ١٨٧٦ بۆ یەکەم جار لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ (سیری ڤۆن ئێسن) ی یەکەم خێزانی، باس لە گرنگی شانۆیەکی تایبەتی بە خودی خۆی دەکات. هاوینی ساڵی ١٨٨٠ستریندبێری خەونی بەوەوە دیوە شانۆی Ladugardsland بەکرێ بگرێت بۆ دامەزراندنی بیرۆکەی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی. ساڵی ١٨٨١ ستریندبێری بۆ هێنانەدی ئەو خەونە هەوڵی داوە Hjalmar Hirscg هان بدات کە وەک ئەکتەر و ڕیژیسۆر هاریکاری بکات. پایزی ساڵی ١٨٨٧ زۆر بە پەرۆشەوە ویستوویەتی شانۆیەکی (گەڕۆک) لەگەڵ ئاگۆست لیندباری August Lind-berg دابمەزرێنێت. ئاگوست لیندباری ئەکتەرێکی ناسراوی ئەوکاتەی شانۆی سوێدیی بووە. مەبەستی ستریندبێری لە دامەزراندنی ئەو شانۆ گەڕۆکە ئەوە بووە کە بە نمایشی شانۆیی گەشتی هونەری بکەن بە شارەکانی سوێددا. لەو ڕووەوە ستریندبێری لە یەکێک لە نامەکانیدا کە بۆ ئاگۆست لیندباری ١٩١٦-١٨٤٦ نووسیوە، دەڵێت: "سەرلەنوێ بوونیادنانەوەی، یان گۆڕانکاری لە شانۆدا خەون و مەبەستی من نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە کارێکی گران و نەکراوە. مەبەست تەنها تەقەلایەکە بۆ نوێکردنەوە." ئەم تەقەلایەی ستریندبێری لەو ڕۆژگارەدا تەنها لەبواری پێشنیارەکەدا دەمێنێتەوە و

سەرناگرێت.بەڵام ستریندبێری کۆڵ نادات. پایزی ساڵی ١٨٨٨ لە ستۆکهۆڵم ویستوویەتی شێوە (شانۆیەکی سەربەست) ی بچووک دابمەزرێنێت. پێشنیاری ستریندبێری بۆ ئەو شانۆ (سەربەست)ە بچووکە ئەوە بووە کە تەنها هەشت ئەکتەر لە هۆڵێکی بچوکی چوار سەد کورسیدا لەخۆ بگرێت. لە ساڵی ١٨٨٨دا، دوای ئەوەی هیچ کام لە تەقەلاکانی بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی لە سوێد سەرناگرێت، لە شۆپنهامنی پایتەختی دانمارک لەگەڵ (سیری ڤۆن ئێسن) شانۆیەکی ئەزموونگەری ئەسکەندناڤی دامەزراندووە. لە سەرەتادا مەبەستی ئەوە بووە کۆمەڵێ شانۆیی لە شۆپنهامن پێشکەش بکات. دواجار ئەو نمایشانە لە ڕوانگەی گەشتی هونەرییەوە لە هەموو وڵاتانی ئەسکەندەناڤی پێشکەش بکرێتەوە. بەڵام ئەو تەقەلا ئەزموونگەرییەش تەمەنی درێژ نابێت و تەنها دوای سێ نمایش لە شۆپنهامن و یەکێکیش لە شاری( مالمیۆی) سوێد دادەخرێت. وەرزی شانۆیی ساڵانی ١٨٩١-١٨٩٢ پلانی دامەزراندنی شانۆیەکی - ستریندبێری لە ناوچەی یۆشهۆڵم Djur-sholm دەدرێت. ئەو تەقەلایەش وەک خەون و پڕۆژەیەکی کاتی دەمێنێتەوە. هاوینی ساڵی ١٨٩٣ ستریندبێری ڕوو لە ئەڵمانیا دەکات. لە ئەڵمانیا لەگەڵ (ئادۆڵف پاوڵ) دەیانەوێت شانۆیەکی ستریندبێری لە بەرلین دابمەزرێنن. ئەو پڕۆژەیە دەبێتە خەونێکی گرنگ و بەرین، ستریندبێری دەیەوێت (فریدە ئول) ی خێزانی دووەمی هاریکاری بکات تا شانۆیەکی لەو چەشنە لە (لەندەن)یش دابمەزرێنێ . ستریندبێری دوای گەڕانەوەی بۆ ستۆکهۆڵم دەیەوێت لە ساڵی ١٩٠٢دا شانۆیەک لەگەڵ ئێمیل هێلباری دابمەزرێنێت.

لە مانگی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٠٥دا سەرلەنوێ ستریندبێری خەون بە شانۆیەکی بچووکی گەڕۆکەوە دەبینێت. شانۆیەکی بچووک کە تەنها سێ ئەندامی هەبێت. ژنە بچووکەکەشی (هارییەت بۆسی) ببێتە ئەستێرە و ئەکتەری یەکەمی ئەو شانۆ گەڕۆکە. بەڵام دوای ئەوەی لە پایزی ساڵی ١٩٠٦دا ئاگۆست ڤاڵک دەبینێ، خەونی دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی زیاتر فۆرمێکی ئاشکرا لە خۆدەگرێت و بەمەش شانۆی (ئینتیم) لەدایک دەبێت.

(٧) هەروەها ستریندبێری لە نامەیەکی تریدا بۆ ئادۆڵف پاول لە ٦ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٧دا سەبارەت بە شانۆ و گەمەی ژوور دەڵێت:" بابەتێکی بچووک، گشتگر و قووڵ و چارەسەرکراو، کەسایەتی و ئەکتەری کەم، دیدێکی گەورە و فراوان، فەنتازیایەکی سەربەست، بەڵام زۆر بەوردی داڕێژراو، پڕ لە ئەزموون، ساکار، بەڵام زۆر ساکار نا، دوور لە هەموو جۆرە ماشینە کۆن و گەورەکان، هیچ یاسایەکی داڕێژراوی پێنج پەردەیی، ڕۆڵی بچووک و لاوەکی و شەوگاری درێژ لەخۆ نەگرێت."ستریندبێری لە گەلێ نامەی تایبەتی و بابەتی تری تیۆریدا دید و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە چەمکی (گەمەی ژوور) نووسیوە.

(٨) ستریندبێری کۆمەڵێ دید و سەرنجی تیۆری گرنگی سەبارەت بە هونەری نواندن نووسیوە. لە ڕوانگەیەکی زۆر تایبەتمەندەوە وەک (نووسەرێکی شانۆیی) بەسەلیقە و داهێنەر، هونەری نواندن و ئەکتەریی ڕاڤە کردووە، بۆ نموونە هونەری نواندن هونەرێکی سەربەخۆ نییە و پاشکۆیەکی ڕاستەوخۆی نووسەرە، ئەمە جگە لەوەی (ئەکتەر) لەلای ئەم نووسەرە بلیمەتە، وەک پیشە و



هونەرمەندێکی داهێنەری سەربەخۆ ئاماژەی بۆ ناکرێت. دەکرێت لەبوارێکی تری سەربەخۆدا بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی تیۆری نواندن و هونەری شانۆ لەلای ستریندبێری.

(٩) ساڵی ١٩٩٩ بەهۆی تێپەڕبوونی ١٥٠ ساڵ بەسەر لەدایک بوونی ستریندبێریدا، هەڵبژاردەیەک لە نامەکانی سەرلەنوێ لە دوو بەرگی جیاواز و لە ڕوانگەی دوو دەزگای گرنگی چاپەمەنی جیاوازەوە بڵاوکراونەتەوە.

هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٠٧-١٩١٠دا کە ستریندبێری شانۆ تایبەتەکەی خۆی (شانۆی ئینتیم)ی لەگەڵ ئاگۆست ڤاڵک دەبرد بەڕێوە، پێنج بابەتی گرنگی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: کۆکراوەی دید و بۆچوونی ریژیسۆرێک بۆ ئەندامانی شانۆی ئینتیم ١٩٠٨، هاملێت، بیرەوەرییەک بۆ ٢٦ی نۆڤێمبەری ١٩٠٨، سیزەر، دراما مێژووییەکانی شەکسپیر، هەندێ تێبینی و هەڵوێستە سەبارەت بە ڕەخنە و هونەری نواندن، پاشکۆیەک سەبارەت بە قەیرانی شانۆ و هەرای شانۆ ١٩٠٨. هەروەها خوێندنەوەیەکی ماکبێس، ئۆتێللۆ، ڕۆمیۆ و یولی، زریان، شالیر، هێنریکی هەشتەم، خەونی نیوەشەوێکی هاوینی شەکسپیر ١٩٠٩، بێگومان نامە کراوەکانیشی بۆ شانۆی قەشەنگی زنجیرەی بەرهەمە کۆکراوەکانی ستریندبێریدا (چاپە نەتەوەییەکەی) و بەرگی ژمارە (٦٤) و لەژێر ناوی (شانۆ و شانۆی ئینتیم) دا بڵاوکراونەتەوە. ئەو ناونیشانەش پێشنیارێکی کۆنی ستریندبێری خۆی بووە بۆ ئەو بابەتە کۆکراوانە.

لەم بەرگەدا ستریندبێری جگە لە دید و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە هونەری نواندن، چالاکییەکانی شانۆی ئینتیم هەڵدەسەنگێنێ، لە نزیکەوە شەکسپیر دەخوێنێتەوە و ئاوڕێکی بابەتییانەش لە پیەسەکانی ڕابردووی خۆی دەداتەوە. ئەمە جگە لەوەی لەم بەرگەدا کۆمەڵێک بابەتی تری ستریندبێری کە بەتایبەتی بۆ ئەندامان و ئەکتەرەکانی شانۆی ئینتیم و (ئاگۆست ڤاڵک)ی نووسیوە بڵاوکرانەتەوە، کتێبی (شانۆ و شانۆی ئینتیم) بنەمایەکی گرنگی لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی مێژووی ئەو شانۆیەیە.

(١٠) ستریندبێری لە یەکێک لە مانیڤێستەکانیدا بەم شێوەیە ئاماژەی بەباری نالەباری دارایی شانۆی ئینتیم دەکات: دارایی شانۆی ئینتیم ڕۆژبەڕۆژ بەرەو هەڵدێر دەچێت. بەڵام بە پێچەوانەوە بەهای بیر، ئێستاتیکا و دیدی هونەری لە بەرزبوونەوەدایە. بینەران دوای هەموو نەمایشێک کاتێکی باشیان بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن سەبارەت بەوەی دیویانە و گوێیان لێ بووە.

(١١) شانۆی ئینتیم گرنگییەکی مێژوویی و هونەری لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپیدا هەیە. جێگای خۆیەتی لە بوارێکی تردا، بە تایبەتی بگەڕێمەوە سەری و لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لەسەر بنووسم.

(١٢) شانۆی ئینتیم و دوای هەوڵێکی زۆری دامودەزگا هونەری، هەندێ لە هونەرمەندان و سیاسەتمەدارانی شاری ستۆکهۆڵم سەرلەنوێ و بە هەمان ناوەوە ئاوەدان کراوەتەوە. ئێستا ئەو شانۆیە و لە پاڵ شانۆ گرنگەکانی تری شاری ستۆکهۆڵمدا ساڵانە چالاکییەکانی خۆی پێشکەش دەکات.

# ناوەڕۆک

پێشـەکی ..... 5

**بەشی یەکەم**

ڕەوتی شانۆی سوێدی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ..... 7
ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی ..... 10
گۆستاڤی سێیەم و شانۆیەکی پادشایەتی ..... 11
بەرەو شانۆیەکی هونەری ..... 12
گڕی من مەزنترین ئاگرە لە سوێددا ..... 13
شانۆی ئینتیم ..... 15
شانۆیەکی نەتەوایەتی گەڕۆک ..... 15
شانۆی پادشایەتی ..... 16
ڕێژیسۆرەکانی شانۆی پادشایەتی "دراماتن" ..... 18
گرۆ سەربەستەکان ..... 21
شانۆی شار ..... 22
کاریگەرییەکان و شانۆی ڕامیاری ..... 23
قۆناغی هەشتاکان و بەردەوامییەکی کاریگەر ..... 26
شانۆی برونسگاتانی چوار ..... 28
قەیرانی ئابووریی و نوشوستیی شانۆ ..... 29
شانۆی منداڵان ..... 30
شانۆی بووکە شووشە ..... 31
پیەس و درامای سوێدی ..... 32

**بەشی دووەم**

شانۆیەکی پادشایەتی ..... 35
بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە ..... 38
بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە باسی چی دەکات؟ ..... 41
بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە..! نەمایشێکی سەما ئامێز ..... 42



شوێن/ سینۆگرافیا ..... 43
خەون بەپایزەوە – ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان لە ڕوانگەی مەرگەو..... 45
سـەرەتا ..... 46
چەردەیەکی کورت لە ژیانی یۆن فۆسێ ..... 46
لە گومانەوە بۆ باوەڕ ..... 47
چەمکەکانی شانۆی یۆن فۆسێ ..... 48
مەرگ و تەنهایی ..... 50
تەکنیکی نووسینی شانۆیی لەلای یۆن فۆسێ ..... 53
خەون بەپایزەوە ..... 56
خەون بەپایزەوە باسی چی دەکات؟ ..... 57
مەرگ و ژیان لە خەون بەپایزەوە ..... 57
خەون بەپایزەوە لە نێوان پیەس و نەمایشدا ..... 63
چەمکی شوێن لەنێوان بوون و نەبووندا ..... 64
سینۆگرافیا ..... 64
مەرگ و زەمەنێکی جیوەیی ..... 65
گەمەیەکی شانۆیی ..... 66
خێزان لە دەنگە نوێیەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا ..... 69
دەنگی گەنجێکی جیاواز ..... 69
خێزان چەقی ڕووداوەکانە ..... 70
سیمای ئاگرین ..... 71
منداڵە سارد و سڕەکە ..... 73
گەمەیەکی توندوتیژ ..... 75
چیرۆکی جوولەکەیەکی چاو چنۆک ..... 77
ناوەڕۆکی شانۆنامەکە ..... 77
کێشەی دژایەتی کردنی جوولەکە ..... 80
بازرگانی ڤێنیسیا و جوولەکە ..... 81
ماتس ئێک و شانۆی کلاسیکی ..... 82
وەرگێڕانێکی نوێ ..... 83
شایلۆکێکی ئافرەت ..... 83
ماتس ئێک و بازرگانی ڤینیسیا ..... 84
سینۆگرافیا ..... 87

پلاتۆنۆڤ و سەرەتاکانی شانۆی چێخەف ... 88
چیرۆکی پلاتۆنۆڤ ... 89
ئامادەکردنی پلاتۆنۆڤ ... 90
ئاهەنگی خۆشاردنەوە ... 91
لیبۆک لە حەوتەم ڤیستیڤاڵی شانۆی ئەوروپادا ... 91
ئیتالیا و کۆمیدیای دیلارتی ... 92
ئارلیکینو ... 94
هاوکێشەی ئەکتەر لەو پرۆسەیەدا ... 95
ئۆپێرایەکی پادشایەتی ... 97
ئۆپێرای لۆهێنگرین لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا ... 97
سەرەتایەک ... 97
ریشارد ڤاگنەر و ئۆپێرای لۆهێنگرین ... 100
ڕووداوەکانی ئۆپێرای لۆهێنگرین ... 102
نەمایشەکە ... 103
ئۆپێرای یۆلیوس سێسەر لەسەر شانۆی درۆتنینگهۆڵم ... 105
ڕووداوەکانی ئۆپێرای یۆلیوس سێسەر ... 107
شێوازەکانی بەرجەستە لە سەردەمی هێندلدا ... 109
یۆلیوس سێسەر لە لای هێندل ... 111
ئۆپێرا لە نێوان سەما و شانۆدا ... 112
ئەزموونکاری لە ئۆپێرادا ... 115
چاوەڕوانکاران، ئۆپێرایەکی یەک پەردەیی بچووکە ... 115
ئەزموون و ئۆپێرا ... 115
چاوەڕوانکاران ... 116

**بەشی سێیەم**

شانۆی شار ... 127
(دایکە ئازاکە و منداڵەکانی)ی و جەنگێکی خوێناوی ... 130
باخچەکەی چێخەف و شانۆیەکی سەما ئامێز ... 135
باخچەی چێخەف ... 136
سەرەتا و تاقیگەیەکی هونەری ... 137
منەکان و ئاراستەیەکی جیاواز ... 139
ئەکتەر یان سەمازان ... 140



ریالیزم و شانۆیەکی فیزیکی ... 141
ڕیژی یان کۆریۆگرافی ... 141
سینۆگرافیا و مۆسیقا ... 142
چێخەف سەد ساڵ لە مەوبەر ... 143
ئالا ڕەشەکان ... 144
چەردەیەکی کورت سەبارەت بەژیانی ستریندبێری ... 144
شانۆی ستریند بێری ... 145
ئالا ڕەشەکان ... 147
ئالا ڕەشەکان وەکو شانۆ ... 147
فرانک کاستۆرف ... 148
ژوور/ جێگا ... 148
نواندن ... 150
پاسەوان و وەرزێکی شانۆی ئینگلیزی لە ستۆکهۆڵم ... 151
پاسەوان/ نەمایش و بەرجەستەکردن ... 155
ئوبوی پادشا لە ستۆکهۆڵم ... 158
چەردەیەک لە ژیانی ئەلفرێد گاری ... 159
ئوبوی پادشا و بنەماکانی شانۆی ئەپسورد ... 161
ئوبوی پادشا و هونەری شانۆ ... 163
بینای درامی لە شانۆنامەی ئوبوی پادشادا ... 166
ئوبو کێیە؟ ... 166
ئوبوی پادشا لە ستۆکهۆڵم ... 168
هاملێت لە نێوان تەمەنی هەرزەکاریی و گەورەبووندا ... 170
هاملێتێکی هەرزەکار ... 170
زەمەنی نەمایشەکە ... 172
سینۆگرافیا و دیدی ڕیژی ... 172
شانۆی ناو شانۆ و زەمەنێکی جیوەیی ... 173
ئۆڤیلیا و لایەنێکی گرنگی گەمەکە ... 174
مەرگی هاملێت و کۆتایی گەمەکە ... 174
سەرەتا و کۆتایی ... 175
شەقامی تیمساحەکان ... 176
کورتە سەرنجێکی مێژوویی ... 177

سەردانەکانی ئەم گرۆیە بۆ سوید ........ 178
زەمەنی دەربڕین ........ 179
بریۆنۆ شولڵز کێیە ؟ ........ 180
شەقامی تیمساحەکان ........ 182
مێتودی کارکردن ........ 183
ماڵی کولتوور و لێپێچانەوەی بینەران یاخود گەشتی خود ........ 184
لێپێچانەوەی بینەران یاخود گەشتی خود ........ 186


## بەشی چوارەم


ریکس تیاتر (شانۆی دەوڵەت) ........ 191
هەندێ لە ساتەوەختەکانی واقیع یان شانۆ وەک ژیان،
ژیان وەک شانۆ و خوێندنەوەیەکی جیاوازی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە) ........ 194
باڵندەی دەریا و مەشقی پڕۆژەیەک بۆ ژیان ........ 207
کێشەی شانۆ ........ 208
ئەزموونێکی نوێ ........ 210
مەشقی نەمایشێک ........ 211
ململانێی نەوەکان ........ 212
چێخەف، لاش نۆرێن و پڕۆسەیەکی هاوبەش ........ 213


## بەشی پێنجەم


شانۆیەکی سەربەست ........ 217
شانۆی ئۆریۆن ........ 219
ئاوازی شالیر لە ئۆرکسترای(ئۆریۆن)دا ........ 219
سەرەتایەکی کتوپڕ ........ 221
دابەشکردنی دەوڵەت ........ 222
سینۆگرافیا و پانتاییەکی بۆش ........ 224
هێزی سروشت و توانای مرۆڤ ........ 224
لێبووک و شالیر ........ 225
ڕۆژهەڵاتی خۆر، ڕۆژئاوای مانگ ........ 227
پڕۆژەیەکی جیهانیی بۆ شانۆ ........ 227
شانۆی ڕۆژهەڵات ........ 227
تەقەلایەکی سوێدی ........ 228





ستروکتورێکی هاوبەش ........ 229
مۆزەنبیک و سەمایەکی ڕەش ........ 230
شانۆیەکی خواوەندی ........ 232
ئەفسانەی ئافرەتێکی شەیتان ........ 232
ئوپێرای پەکین ........ 233
عەشقێکی غەدرلێکراو ........ 234
دیالۆگی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاوادا ........ 235
ڕۆژهەڵات هی ڕۆژە و ڕۆژئاواش هی مانگ ........ 235
شانۆی پلازا، گرۆی ٩٨ ........ 237
مردنی دێوەرەیەک ........ 239
تراژیدیای مرۆڤی ئەم سەردەمە ........ 239
شانۆی پلازا ........ 239
ئارسەر میللەر ........ 240
مردنی دێوەرەیەک ........ 241
دیدی ڕێژیسۆر لە بەرجەستەکردنی مردنی دێوەرەیەکدا ........ 242
پاریا ........ 245
پاریا و ستریندبێری ........ 245
نەمایشەکە ........ 247
وەرگێڕان ........ 248
شانۆی تریبونالن ........ 251
تراژیدیای ئۆدیستێن ........ 251
ئۆرێستێن و قەیرانەکانی مرۆڤ و شارستانیەت ........ 253
شانۆی تریبونالن ........ 253
ئۆرێستێن و سەرەتاکانی شانۆی ئەورووپی ........ 254
سێینەی ئۆرێستێن ........ 255
ماراسۆنێکی شانۆیی ........ 257
شاکارێکی کلاسیکی ........ 257
شانۆی داڵە لە شاری فالون ........ 259
ڕۆژێکی بەختیار و سامۆێل بێکێت ........ 261
بەختیاریی لە ڕۆژێکی بەختیاردا ........ 263
دیدی بێکێت لە ڕۆژێکی بەختیاردا ........ 264

کارەکتەری وێنیی کێیە؟ ..... 264
نواندنی ئەم کارەکتەرە ..... 265
شانۆی ڤێستانۆ ..... 267
سەرگوزشتەی یۆستە بێرلینگ لە نێوان ڕۆمان و شانۆدا ..... 267

**بەشی شەشەم**

سەما لە سوێد ..... 279
ماڵی سەما ..... 281
سەمای شانۆی مۆدێرن ..... 282
شڵپە لە نێوان شەپۆلی دەریا و جەستەی مرۆڤدا ..... 283
سەرەتا ..... 283
تەکنیکی سەما لەم کۆپانیایەدا ..... 284
یوهان ئینگەر ..... 285
شڵپە و پرۆسەیەکی نوێی سەما ..... 286
پنێومە ..... 288
لە ئێستەدا ..... 289
سەمای کاش ..... 291
لە نێوان کولتوور و مۆدانیزمدا ..... 291
سەرەتا ..... 291
گەڕانەوە بۆ نەژاد ..... 292
خێزانێکی پەناهەندە ..... 293
سەرەتای ئەزموونێکی دەوڵەمەند ..... 293
بنەماکانی سەمایەکی هاوچەرخ ..... 294
سەما "کاش" لە نێوان دیدی سەمایەکی کلاسیکی و تێڕوانینێکی مۆدێرندا ..... 295
پرۆسەیەکی هاوبەش ..... 297
زەوی و پرۆژەی ئایندە ..... 299
ئەفسوونی سەما لە جەستەیەکی ڕۆژهەڵاتیدا ..... 300
کیشەی خود و چەمکی سەما ..... 302
سینۆگرافیا ..... 303
گەڕان بەدوای فۆرمێکی نوێدا ..... 304
مۆسیقا ..... 304
سەمای بۆتۆ و گرۆی سانکای یکیو ..... 306



سەمای بۆتۆ ..... 306
کورتە مێژوویەکی سەمای بۆت ..... 307
ئیشێو ئاماگاتسێو و گرۆی سانکای یکیو ..... 308
بوتۆ و بوودیزم ..... 309
جووڵەیەکی ئەبەدی ..... 311
شیعر لە نێوان جەستە و وشەدا ..... 312
گونیلا ڤایت ..... 313
شیعر لە نێوان جەستە و وشەدا ..... 315
پرۆسەی: بنو، ئەو ئافرەتە بیر دەکاتەوە ..... 315

**بەشی حەوتەم**

ڤیستیڤاڵە شانۆییەکان لە سوێد ..... 319
دووەم ڤیستیڤاڵی شانۆی بووکە شووشە ..... 321
گروپە بەشدارەکانی ڤیستیڤاڵەکە ..... 322
گروپی TAX12M لە فەرەنساوە ..... 322
شانۆیی (بەو شێوەیەی ئێوە دەتانەوێت) ..... 322
گرۆی Green Ginger لە ئینگلستانەوە ..... 325
شانۆیی(بەمبی) ..... 325
گرۆی Stuffed Pappet Theatre لە هۆڵەنداوە ..... 327
شانۆنامەی RE: Frankeinstein ..... 327
گرۆیEclats d Etats لە فەڕەنساوە ..... 328
شانۆی (یاداشتە زۆر تایبەت و نزیکەکانی مێشێک) ..... 328
شانۆی ئینتیم لە حەوتەم ڤیستیڤاڵی ستریندبێری دا لە ستۆکهۆڵم ..... 329
شانۆی ئینتیم ..... 330